# کورتە مێژوویەکی ڕۆمانی تورکی
# ١٨٧٢-١٩٨٩


**نووسینی: کەمال کارا عەلی ئۆغڵو**

**وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف**

ناوی کتێب: کورتە مێژوویەکی ڕۆمانی تورکی

بابەت:مێژووی ئەدەبی

نووسینی: کەمال کارا عەلی ئۆغلۆ

وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف

بابەت: مێژوی ئەدەبی

پیتچنین: رزگار حەساری

هەڵەچن:سەرگوڵ محەمەد ئەمین

چاپخانەی: شڤان

دیزاینی ناوەڕۆك: زانا کەمال

چاپی یەکەم

ژمارەی سپاردن: (١٦٨٣) ساڵی ٢٠١٣ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێ دراوە.

## پێڕست


١- چەند پەیڤێك
٢- پێشەکی
٣- پێشەکییەك دەربارەی ڕۆمانی تورکی
٤- ڕۆمان
٥- ڕۆماننووس
٦- نووسینی ڕۆمان
٧- نەخشەو سکێچی ڕۆمان
٨- ڕەخنەو شیکردنەوەی ڕۆمان
٩- ڕۆمانی تورکی
١٠- ڕۆمانی مودرینی تورکی
١١- شەمسەدین سامی:
چیرۆکی ئەڤینداری تەلعەت و فیتنە
١٢- ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی:
ئەفلاتون بێگ و ڕاقم ئەفەندی
١٣- نامیق کەمال:
بێداری
جەزمی
١٤- سامی پاشازادە سزایی:
سەرگورشتە
١٥- نابی زادە نازم:
کارابیبیك
زەهرا
١٦- محەمەد مراد:
تورفاندا یا تورفا
١٧- فاتمە عالیە خانم:
محازەرات
١٨- رەجایی زادە مەحموود ئەکرەم:
سەودای ئوتۆمبیل
١٩- حوسێن رەحمی گورپینار:
خانمی پەروەردەکار
ئاشق

ئەستێرەی هالی (کلکدار)

٢٠- خالید زییا ئوشاکلی گیل:

شین و ڕەش

٢١- محەمەد رەوف:

سێپتامبەر

٢٢- سەففەت نەزیهی:

نەجدەتی بێچارە

٢٣- ئەبوبەکر حەزیم تەپیران:

پاشای بچووك

٢٤- ساففەتی زیا:

لە گۆشەو کەناری سالۆناندا

٢٥- عیزەت مەلیح دووریم:

سەرمەد

٢٦- رەشاد نوری گونتکین:

سینەسوور

٢٧- ئاکا گوندوز:

ئەستێرەی دیکمەن

٢٨- پەیام سەفا:

بەشی نۆیەمی نەشتەرگەری

٢٩- مەحموود یەساری:

کۆتایی زریان

٣٠- مەمدوح ئیسندال:

ئایاشلی و کرێچییەکانی

٣١- خالیدە ئەدیب:

بەقاڵی مەگسی

٣٢- رەفیق خالید کارای:

تاراوگە

٣٣- یەعقووب قەدری کارا عوسمان ئۆغڵو:

بێگانە

٣٤- عوسمان جەمال کایگیلی:

کێولییەکان

٣٥- عەبدولحەق شناسی حەسار:

فەهیم بێگ و مە

٣٦- ماهیگیری هالی کارناس:

ئاگانتا، بورینا، بوریناتا

٣٧- ئەحمەد حەمدی تانپینار:

حوزوور

٣٨- ئۆرهان کەمال:

ولاتی پڕ بەرەکەت

٣٩- عەزیز نەسین:

زەبۆك

٤٠- سەمیم کوجاگز:

قالپاقچییەکان

٤١- تاریق بوغرا:

سەرۆکی بچووك لە ئەنکەرە

٤٢- نەجاتی جومالی:

زەمانی تووتن

٤٣- ئاتیلا ئیلهان:

سفرەی گورگان

٤٤- یەشار کەمال:

حەمەدۆك

٤٥- ئۆرهان پامۆك:

جەودەت بێگ و کوڕەکانی

٤٦- پێڕستی رۆمانی تورکی(١٨٧٢-١٩٨٩)

٤٧- فەرهەنگۆك...

٤٨- ژینامەی وەرگێڕ

# چەند پەیڤێك

ن: داوود وەفایی

ڕۆمان بە مانای مۆدرێن و تازەی ڕۆمان، لە سەدەی نۆزدەدا لە ئەوروپا لە دایك بووەو، ئەدیبانی وڵاتانی دیکە، لەوانە تورکیا بەرە بەرە ئاشنایەتیان دەگەڵ ڕۆماندا پەیدا کردوو خولیای ئەوەیان کەوتە سەر کە سوود لەو ئەزموونە وەربگرن. یەکەمین تەماسی ڕۆشنبیران و نووسەرانی تورك دەگەڵ قوتابخانە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوادا،لە ڕێگای ئەدەبی فەرەنسییەوەو بە هۆی ئاگاداربوونیان لە گۆڕانکارییەکانی ئەدەبی فەرەنسی دەستیپێکرد.ڕۆمانانی وەکو: "بێنەوایان(١) و تیلماك(٢) لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا پاچڤەی تورکی کران و هەر لەو سەروبەندەدا ئەدەبیاتی تورکی دابەش بوو بەسەر"کلاسیك" و "ڕۆمانتیك"دا.

ئیبراهیم شناسی(٣) کە لە نووسەرە ناسراوەکانی تورکیایە، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (تەرجومانی ئەحوال)(٤)وە مەشخەڵی بزاڤی ئەدەبی هاوچەرخی وڵاتی داگیرساند، یانی بزاڤی ئەدەبی هاوچەرخی تورکیا لە ڕۆژنامەی ناڤبرییەوە دەستی پێکرد. ئەدیبانی ناسیونالیست و نەتەوەیی میناکی زیبا پاشا(٥) و نامیق کەمال(٦) شان بە شانی شناسی کەوتنە بانگەشە بۆ ئەو بیرەی کە پێتڤییە هەموو چالاکی و چەلەنگییەکانی بە قازانجی نەتەوەو نیشتمان بن.

ئەم سەرقافڵەو پێشەنگانە کۆمەڵە نووسەرێکی تورك بوون کە بە "نووسەرانی قۆناغی تەنزیمات" ناسرا بوون و ناویان دەرکردبوو.

تەنزیمات،قۆناغێکی هەستیارو لە ڕاستیدا خاڵێکی وەرچەرخانە لە ژیانی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی تورکیا. تورکیای عوسمانی لە پاش قۆناغی تەنزیمات، ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکی ریشەیی و بنچینەیی ئەوتۆ بووەوە کە کاریگەرییەکەی تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە. نووسەران و شاعیرانی قۆناغی ناڤبری بە پێچەوانەی قوتابخانە ئەدەبییە کلاسیکەکانی تورکیا، لایەنگرییان لە بەکارهێنانی زمانێك دەکرد کە وشەو پەیڤێن بیانی (بە تایبەتی فارسی و عەرەبی) لێ بژارو تەتەڵە بکرێت و جەماوەری خەڵك بە ئاسانی تێبیگەن.

ئەو بزاڤە ئەدەبیەی کە لە قۆناغی تەنزیماتدا هاتە ئاراوە، پاش ڕۆژنامەڤانی،زیاتر مەیدانانی شانۆو ڕۆماننووسی گرتەوە.

ئەحمەد مەدحە ت ئەفەندی* یەکێك بوو لەو ئەدیبانەی کە لە ساڵانی هەوەڵی قۆناغ و سەردەمی تەنزیماتدا، گشت هەوڵێکی خۆی بۆ ڕۆماننووسین تەرخان کرد. زۆربەی نووسەرانی ئەم قۆناغە لە هەوڵی روخاندن و سڕینەوەی کۆڵەکەو پایەکانی ئەدەبیاتی کۆنی تورکدا بوون کە بە سەرچاوەو فاکتەری سەرەکی پاشکەوتوویی ڕۆشنبیریی و شارستانیەتی کۆمەڵگەیان دەزانی. بۆ نموونە نامیق کەماڵ کە لە نووسەرانی قۆناغی تەنزیمات بوو، زۆر بە توندی هێرشی دەکردە سەر ئەدەبیاتی کۆنی تورك و ناوی نابوو ئەدەبیاتی مردوو. بە قەناعەتی ئەو و هاوبیرانی، ئەدەبیاتی کۆنی تورك، بە شێوەیەکی کوێرانە لاسایی ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی دەکردەوە.

ئەم جۆرە نووسەرانە پێیان وابوو کە تورکان تەنیا دەبێ لاسایی ئەدەبیاتی ئەوروپا بکەنەوەو ئەدەبیاتی ئەوروپا بکەن بەسەر مەشقی خۆیان. ئەحمەد مەدحەت ئەو بیروبۆچوونەی هەبوو و دەیگوت تورکان دەبێ لەم مەیدانەدا بە تەواوەتی چاو لە ڕۆژئاوا بکەن. بەبۆچوونی پەیڕەوکارانی ئەحمەد مەدحەت، وەکو چۆن منداڵ بە لاسایی کردنەوەی کەسێك کە توانای قسەکردنی هەبێت، فێری قسەکردن دەبێ، تورکانیش، دەبێ لاسایی ئەوروپا بکەنەوە کە دەزانن چۆن قسە بکەن‌و چۆن بنووسن. هەڵبەتە ڕۆمانووسانی وەکو ڕەجایی زادە*، لە هەمان قۆناغ‌و سەردەمدا، ڕەخنەیان لەم جۆرە بۆچوون‌و بیرکردنەوەیە دەگرت‌و پێیان وابوو ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ئاسیو بە ئەدەبیاتی تورکیا دەگەیەنێ.

ئەحمەد مەدحەتش پاش ماوەیەك کەمێك بایدایەوەو دەیگوت: "ئێمە، ئەوە لە ڕۆمانی ئەوروپی وەردەگرین کە دەگەڵ کەلتوورو ڕۆشنبیری خۆماندا بگونجێت"و دەیگوت: ***"ئەدیبێکی تورك چەند شارەزایی لە ئەدەبی ئەوروپادا پەیدا دەکات‌و خووی دەداتێ، دەبێ ئەوەندەش ئاگادارو شارەزای کەلتووری نەتەوەیی خۆی بێت"*** .

نووسەرانی قۆناغی تەنزیمات سەرباری هەوڵ‌و کۆششیان بۆ ئاسان کردنی زمانی ترکی‌و پاك کردنەوەو بژارکردنی لە پەیڤێن بێگانە، لە هەوڵ‌و خەمی جۆشدانی گیانی وڵاتپارێزی‌و نیشتمانپەوەری وهەست‌و سۆزی ناسیونالیستیشدا بوون لە نێو کۆمەڵگەی خۆیاندا. دەیانگوت ئێمە گەرەکمانە تورکیا لە نوێ دروست بکەینەوە، چونکە دەسەڵاتڕانی پاشایانی عوسمانی جگە لە گەندەڵی و ماڵوێرانی هیچی تری لێنەکەوتەوە.

پەرەسەندنی پەیوەندی‌و هاتوچۆی عوسمانی دەگەڵ وڵاتانی دیکەدا لە سەدەی نۆزدەیەمدا، ئاشنایی زیاتری ئەدیبانی تورکی،بە ئەدەبی بڵاوکراوەی ڕۆژاوا، لێکەوتەوە.

شەپۆل‌و ڕێبازی ڕۆمانیتزم*و نووسەرانی مینا ڤیکتۆر هۆگۆ*و ئەلکساندەر دوما*و ئیمیل زولا* کارێکی یەجگار زۆریان لە نووسەرانی قۆناغی تەنزیمات کردووە. لەم قۆناغەدا بوو کە ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی ڕۆمانی (چنگی) بە چاولێکەری ڕۆمانی دۆنکیشۆتی* سیرڤانتس* نووسی.

نامیق کەماڵ لە نووسەرە دیارەکانی قۆناغی تەنزیمات بوو، کە ئاشق‌و شەیدای ڤیکتۆر هۆگۆ بوو،دەیگوت:"خەیاڵپەروەری‌و بەرزەخەیاڵی لە تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەی ئەدەبی ڕۆمانتیزمەو سیماو ناوی وەکو شەکسپیر*وسێر والتەرسکات* لە پێشەنگانی ئەم قوتابخانەیەن. بە بۆچوونی ئەو و هاورێکانی، هەر چیرۆکێك بەباڵی خەون‌و خەیاڵ بفڕێ‌و تەژی هەستێن پڕ ئازار یان خۆشی‌و لەزەت بێ، بە کارێکی ڕۆمانتیك دێتە ژماردن. ئەمانە باوەڕیان وایە کە نووسەر دەبێ چوار چێوەو قاڵبی ڕێساو یاساو شێوازە کۆنەکان ببەزێنێ‌و لەو قاڵبەدا نەمێنێتەوە.

هەڵبەتە پاشان نووسەرانی وەکو ئەحمەد حەمدی تانپینار* هاتنە مەیدانی ئەدەبیاتی تورکییەوە. تانپینار باوەڕی وابوو کە ڕۆمانی تورکی هەر لە سەرەتاوە بە نوقستانی لە دایکبووە، هەروەها کەسانی وەکو بەشیر فوئاد گەییشتنە ئەم ئەنجامەی کە پێویستە هەر واز لە

قوتابخانانی ئەدەبی رۆمانتیزم یان کلاسیزم بهێنریٚو روو بکرێتە ریالیزم. ئەم قۆناغە رێکەوتی سەردەمی سەرهەڵدانی نووسەرانی وەکو ئەستاندال* و بالزاکە* لە ئەوروپا. ریالیزمی ئەدەبی لە رۆژاوادا لەسەر دەستی ئیمیل زولا گەیی بووە لوتکەی خۆیو ریالیزمی ئەدەبی رۆژاوا، رێبازانی وەك خەیاڵپەروەرانو حەقیقەتپەروەرانی لە تورکیادا هێنابووە ئاراوە.

یەکەم رۆمانی تورکی لەلایەن کێوە نووسراوە؟ دیارە رای جیاواز لەمەڕ ئەمە هەیە، بەڵام بۆچوونی هەرە زاڵو باو ئەمەیە کە یەکەمین ڕۆمانی پاچڤە کراو، تیلماك بوو کە لەلایەن یوسف کامیل پاشاوە لە ساڵی ١٨٥٩دا بڵاوکرایەوەو، یەکەمین ڕۆمانی خۆماڵیش رۆمانێکە لە ژێر سەرناڤی "چیرۆکی ئەڤینداری تەلعەتو فیتنە" کە لە ساڵی ١٨٧٢دا، لەلایەن (شەمسەدین سامی*)یەوە نووسراوە.

ئەم کتێبە، لێکۆڵینەوەیەکی شایستەیە کە لەلایەن توێژەرو نووسەری تورك جەنابی (سەید کەماڵ قەرە عەلی ئوغلو)وە نووسراوە. توێژەری ناڤبری جگە لە لێکۆڵینەوەی مێژووی رۆماننووسی لە تورکیا، بە شێوەیەکی سخوچڕیش نووسەرانی ئەو بوارەی ناساندووەو نموونەی لە بەرهەمەکانیان پێشکەش کردووە.

وا دیارە ئەگەر رۆمان بە قاڵبێك بۆ دەربڕینو نیشاندانی لایەنە ئاشکراو پەنهانەکانی هەر کۆمەڵگەیەك بزانین، ئەوا زانینی کاروانی رۆماننووسی لە تورکیادا بۆ شارەزابوون لە تایبەتمەندییە کەلتووریو ئەدەبییەکانی ئەم وڵاتە بایەخێکی یەجگار گرینگی هەیە.

نووسەر، بێ گوێدان بە بۆچوونی سیاسی یان ئایدیولۆژی رۆماننووسەکان، بێ لایەنانە کەوتووەتە ناساندنو هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان. بێگومان زۆربەی رۆماننووسانی تورك بە گوێرەی بیروبۆچوونو جیهانبینی خۆیان مامەڵەیان دەگەڵ رۆمانو داهێنانی رۆمانە ئەدەبییەکانیاندا کردووە.

ئەم کتێبە ماوەیەك لەلایەن وەرگێڕەوە، لە بەشی زمانو ئەدەبیاتی تورکی زانستگەی عەلامە بە دەرس گوتراوەتەوە. لەو رۆژگارەدا جێی چۆڵی دەقی فارسی ئەم بەرهەمە لە سەرچاوەکانی بەردەستدا بە تەواوەتی دیار بوو. جا ئێستا پاش تەواو بوونی کاری پاچڤە، وەرگێڕ هیوادارە بەم کارە هەنگاوێکی لە مەیانی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییو کیماسیەدا نابێتو بووبێتە مایەی ئەوە کە هەوادارانو پسپۆران شارەزاییەکی زیاتریان لەمەڕ ئەدەبیاتی هاوچەرخی تورکیدا پەیدا کردبێت.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم: جەنابی وەحدەتی رهروان، بەڕێوەبەری وەشانخانەی میترا کە دڵسۆزانەو بە ئەشقەوە دەرفەتی چاپی ئەم بەرهەمەی رەخساند، هەروەها خانمی مینا وەفایی کە زەحمەتی دوا هەڵەبڕیو ئامادەکردنی دەقەکەی لە ئەستۆ گرت، هەروەها سوپاسی دۆستی ئازیز جەنابی دوگان ئوزلوك دەکەم کە هەندێ لاپەڕەی کتێبەکەی لە تورکیاوە بۆ ناردم. سوپاس بۆ هەموویان.

**داوود وەفایی**

**پاییزی ٢٠٠٨**

پەراوێز:

١-بێنەوایان: رۆمانێکی بەنێوبانگی نووسەری نێوداری فەرەنسی ڤیکتۆر هۆگۆیە.

٢-تیلماك:رۆمانێکی مەنشووری فنلونی(١٦٥١- ١٧١٥) زانای ئیلاهیاتناسی، فەرەنسییە.

٣-ئیبراهیم شناسی (١٨٢٦- ١٨٧١) شاعیرو نووسەرو رۆژنامەوانێکی تورك بوو کە لاسایی کردنەوەی کەلتوورو ئەدەبیاتی رۆژاوای بە تاقە رێگای پێشکەوتنی تورکیا دەزانی.

٤-(تەرجومانی ئەحوال) یەکەمین رۆژنامەی غەیرە حکوومەتی بوو کە لەلایەن شناسییەوە بڵاودەکرایەوە. یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە ١٨٦٠/١٠/٢١دا بڵاوبووەوەو دوای ٧٩٢ ژمارە، لە ١٨٦٦/٣/١١دا وەستا.

٥-زییا پاشا (١٨٢٥- ١٨٨٠) یەکێك بوو لە شاعیران و نووسەرانی سەردەم و قۆناغی تەنزیمات.

٦-نامیق کەماڵ (١٨٤٠- ١٨٨٨) یەکێك بوو لە ئەدیبە هەرە چالاکەکانی قۆناغی تەنزیمات. ناوی راستەقینەی خۆی محەمەد کەماڵە بەهۆی شیعرە پڕجۆش و خرۆشەکانییەوە بە (شاعیری نیشتمان) ناوی دەرکرد.

٧-ئەحمەدمەدحەت ئەفەندی (١٨٤٤- ١٩١٢) نووسەرو رۆژنامەنووس و شانۆنامەنووسێکی تورك بوو.

٨-رەجایی زادە، محمود اکرم (١٨٤٧- ١٩١٤) شاعیرو چیرۆکنووس بوو.

٩-بزاڤی رۆمانتیزم زادەی پەرەسەندنی پیشەسازی و پێشکەوتنی چینی بورژوای ئەورووپا بوو لە سەدەی نۆزدەدا. ئەم بزووتنەوەیە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە سەری هەڵداو بە درێژایی سەدەی هەژدەو گشت سەدەی نۆزدە، جیهانی هونەرو ئەدەب و فیکری کۆنترۆڵ کردبوو خەیاڵپەروەرانی سەدەی نۆزدە هیچ کاتێك جەماوەری خۆیان وەکو چۆن هەبوون، لە بەرهەمەکانی خۆدا وێنە نە دەکێشا، بەڵکو واقیعیان بە گوێرەی حەزو دیتنی خۆیان بەرجەستە دەکرد، جا لەم رووەوە قوتابخانەی ڕۆمانتیزم دەقاو دەق هەڤدژی قوتابخانەی ریالیزمە.

١٠-فیکتور ماری هوگۆ (١٨٠٢- ١٨٨٥) رۆماننووس، شاعیرو هونەرمەندێکی فەرەنسییە. یەکێکە لە نووسەرە رۆمانتیکە هەرە نێودارەکانی فەرەنسا. بێنەوایان و نۆتەردامی قەموور لە بەرهەمە هەرە دیارەکانیەتی.

١١-ئەلکساندەر دۆما (باوك) (١٨٠٢- ١٨٧٠) یەکێکە لە رۆماننووس و شانۆنامەنووسەکانی فەرەنسا.

١٢-ئیمیل زولا (١٨٤٠- ١٩٠٢) دیارترین ئەدیبی سەر بە رێبازی ناتورالیزمەو یەکێك بوو لە کەسایەتیە گرینگەکانی ئازادیخوازی سیاسی فەرەنسا.

١٣- دۆنکیشۆت: رۆمانێکی نووسەری ئەسپانی سیرڤانتسە. ئەم بەرهەمە کۆنترین رۆمانی هاوچەرخی ئەورووپایە.

١٤-سیرڤانتس (١٥٤٧- ١٦١٦) نووسەرێکی بەنێوبانگی ئەسپانییە.

١٥-ویلیام شەکسپیر (١٥٦٤- ١٦١٦) شاعیرو شانۆنامەنووسێکی ئینگلیزە.

١٦-سێروالتەر سكات (١٧٧١- ١٨٣٢) شاعیرو رۆماننووسێكی ئینگلیزە.
١٧-ئەحمەد حەمدی تانپینار (١٩٠١- ١٩٦٢) یەكێك بوو لە ئەدیبە ناودارەكانی تورك.
١٨-ئەستاندالّ (١٧٨٣- ١٨٤٢) ناوی خوازراوی ماری هانری بیلە كە رۆماننووس‌و وتارنووسێكی فەرەنسیە.
١٩-ئونورە دوبالزاك (١٧٩٩- ١٨٥٠) نووسەرێكی هەرە ناوداری فەرەنسییە كە بە پێشڕەوی قوتابخانەی ریالیزمی كۆمەڵایەتی لە ئەدەبیاتدا دادەنرێت.
٢٠-شەمسەدین سامی (١٨٥٠- ١٩٠٤) یەكێكە لە ئەدیبە ناسراوەكانی سەردەمی تەنزیمات، زیاتر لە زمانەوانیەكانی زمانی توركی دا كاری كردووەو بەناوبانگ بووە.

سەرچاوە:
سەید كەمال كاراعلی اوغلو
صد سال رمان نویسی در تركیه
برگردان: داوود وفایی
نشر میترا /تهران ١٣٨٧

# پێشەکی

***ڕۆمان شتێك نییە کە گۆڕانی بەسەردا نەیەت. مەسەلە سایکۆلۆژییەکان لە ڕۆمانە سەرەتاییەکانی تورکیادا، یەجگار کەمەو مامەڵەیەکی زۆر سەرڤە سەرڤەیان دەگەڵ کراوە. لەم رۆمانانەدا، نموونەی تایبەتی، کاراکتەرێن چالاك، قارەمانسازی پەیوەست بە ژیانی رۆژانەی مرۆڤەوە، یەجگار کزو لاوازە، رووداوو لەو رۆمانانەدا زۆر بێ گیانو سستو نیمچە مردووە. رۆمانانی قۆناغی ناڤبری نەیان توانیوە تایبەتمەندییە سایکۆلۆژی، فەلسەفیو سوسیولوجیەکانی خەڵکی تورك بەرجەستە بکەن.***

ئەو رووداو و بویەرانەی کە لە ژیانی شەخسی ڕۆمانووسدا روودەدەن، لە بەرهەمەکەیدا رەنگ دەداتەوە. لە کاری چیرۆکڤانیدا بویەرو رووداوان لە قۆناغێکی زەمەنی تیژتێپەڕی تایبەتیدا روو دەدەن، بەلاّم ئەو لایەنە مرۆڤانیانەی کە بە زەقیو لە ڕواڵەتدا نابینرێن، بە شێوەیەکی تێرو تەسەل دێتە دەربڕینو نیشاندان. ئێمە رواڵەتو دیوی دەرەوەی ئەو خەڵکانەی کە لە دەوروبەرمان دەژین، دەبینین، بەلاّم لە ڕۆماندا دیمەنو نمای ناوەوەو ناخی مرۆڤان گرینگو بایەخدارە. رۆماننووس کە لە روانگەیەکی هونەرییەوە بەرهەمەکەی خۆی دەخولّقێنیّ، بەدەم ئەو کارە فلیڤانیەوە هەندیّ لە رووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆیشی نیشان دەدات.

ڕۆمان لە رۆژئاواوە هاتووەتە ناو ئەدەبیاتی تورکییەوەو جۆرە هزرو ئەندێشەو تەکنیکێکی تازەشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ڕۆمان وەکو ژانرێکی هونەری لە رۆژئاوادا سەری هەڵداوەو گەشەی کردووەو رەنگی لە هزرو حەقیقەتاندا بووە. لە کاتێکا نووسەرانی رۆژهەلاّتی خەریکی ئەفسانەبێژی بوون، نووسەرانی رۆژاوا لە هەوڵی ئەوەدا بوون، هونەرییانە مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکەنو بابەتەکانیان لە واقیعەوە هەڵێنجنو هونەریەتی پیّ ببەخشن. ئەمە یەکێکە لە فاکتەرو هۆکارە سەرەکیەکانی پاشکەوتەیی ڕۆمان لە دەف تورکان. هەڵبەتە لەو سالاّنەی دواییەدا، لە تورکیادا ڕۆمان پێشوازییەکی گەرمو جدی بە خۆیەوە بینی. لە پالّ شیعردا کە دیارترین ژانری ئەدەبیاتی تورکییە، شانۆنامەو ڕۆمانیش پێشکەوتنێکی فرەی بەخۆوە بینیوە، لە شیعردا شاعیر زیاتر بایەخ بە هەستو سۆزو گودازی شەخسی دەدات، بەلاّم لە شانۆنامەدا زیاتر رووداو ودیکۆر بایەخ پەیدا دەکەن و، لە رۆماندا، زیاتر پیّ دەنەینە دیوی ناوەوەی ژیان، ئاسۆی دیدمان لە ڕۆماندا بە تەواوەتی فراوان دەبێت.

ئەوەی لە ڕۆماندا گرینگە چۆنیەتی دەربڕینو گوێزانەوەی بابەتە لەلایەن نووسەرەوە. بەلاّم لە شانۆو شانۆنامەدا جۆری دەنگو ئەدای ئەکتەر بایەخ پەیدا دەکاتو گرینگە. رۆماننووس لە کاتی پێویستدا تەنانەت پەردە لەسەر هەندیّ بابەتو مەبەست لادەدات کە قارەمانانی چیرۆکەکە لێی بێئاگان. بۆنیادو پێکهاتەی ڕۆمانی تورکی لەپاش قۆناغی تەنزیمات* ئالۆزتر دەبێت. لەمپەرەکانی بەردەم پەیوەندی ژنو پیاو لادەبرێتو ڕاپەڕینو چالاکی رۆژهەلاّتو رۆژئاوا جێگەی شارستانیەتی هەزار ساڵەی ئیسلامی دەگرێتەوە. تورکان لە سەرەتای ئەم هەولّو

کۆشش‌و چالاکییه مەزنەوه تاکو ئەمڕۆ گۆڕانێکی زۆرو هەمه جۆریان بەخۆوه دیتووه. ئەو ڕۆمانانەی که حەقیقەتەکانیان تاوتوێ دەکرد له قۆناغی پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیاوه تەواو گەشەیان کردووه. له ساڵەکانی هەوەڵی پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیاوه، شان بەشانی نوڕینه ڕەخنەییەکان دەربارەی داب‌و نەریت‌و دیارده شارستانیه کۆنەکانی تورک، له ڕێگەی کەشفی دووبارەی ئەنادوڵەوه، قۆناغێکی تازه له هونەری ڕۆماننووسی دەست پێدەکات. لەم قۆناغەدا که شێوەو نێوڕۆك له ڕۆماندا، پەیوەندییەکی له جیابوونەوه نەهاتوو پەیدا دەکات‌و قارەمانانێك پەیدا دەبن‌و دەردەکەون، پشوو درێژ، خەباتگێڕ، وره بەرز، چالاك‌و چەلەنگ و، سەرڕێژ له ڤیان‌و ئەشق.

خوێنەری بەرێز دەتوانێ له ڕێگەی ئەم کتێبەوه که پوختەیەکه دەربارەی ڕۆمانی تورکی، شارەزایی‌و ئاگادارییەك لەمەڕ سەرەتاو سەرهەڵدان‌و کاروانی ڕۆمان له تورکیادا بەدەست بێنێ. ئومێدەوارم کتێبانی پوختەتر لەم بارەیەوه بڵاوبکەمەوه.

***سەید کەمال قەرەعەلی ئۆغلۆ***

***: مەبەست له تەنزیمات ئەو ریفۆرمانەیه که له ساڵی ۱۸۳۹دا له سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدا، به فەرمانێك له ژێر سەرناڤی " خەتی هەمایونی گوڵخانە" دا ڕاگەیاندراو له مێژووی تورکیادا به خاڵێکی وەرچەرخان دەژمێردرێت.***

## پێشەکییەك دەربارەی ڕۆمانی توركی

***ڕۆمان جۆرە لێكۆڵینەوەیەكە، شێوەیەكی تایبەتی گوزارشت ودەربڕینە، لە ڕاستیدا جۆرە تاقیگەیەكە، نەك تەنیا خوڵقاندن و داهێنان بەڵكو خوێندنەوەو موتاڵاشی وەكو خەونێك وایە كە لە بێداریدا بەرۆكی بنیادەم دەگرێت. بەم پێودانگە دەشێت ڕۆمان لە پێناسەیەكی دەڵبدا بە جۆرە شیكارێكی دەروونی بزانرێت. هەندێ ڕۆمانێن سادەو سایكولۆژی هەن كە ماندوویە تی دەحەسێننەوە، خوێنەر سەرگەرم دەكەن و دەبنە مایەی وەختكوژی. هەموو بەرهەمێكی گەورەش لەجدیترین و كارامەترینیانەوە بیگرە تا دەگاتە سادەترینیان كەم و زۆر سەروكاریان دەگەڵ ئەو جۆرە دانوستان ومامەڵە وسەودایەدا هەیە. بەڵام بەرهەمێن مەزن كاریگەرییەكی تەواو جیاوازییان هەیە: جۆری نۆڕین و شێوەی بەیان و گوزارشتمان دەگۆڕن و لە دوا ئەنجامدا جیهان دەگۆڕن. ئەفراندنی بویەرێن خەیاڵی خۆی لە خۆیدا زادەی جۆرە زەرورەت و پێویستییەكەو لە ڕاستیدا بەجێ هێنانی ئەركە. كاراكتەرانی خەیاڵی شوێنی چۆڵی حەقیقەت و ڕاستی پڕ دەكەنەوەو دەبنە مایەی ئاگایی زیاتر دەربارەیان.***

**میشیل بوتور**

<u>*- ڕۆمان</u>

***ڕۆمان ئاوێنەیەكە كە دەشێت هەموو ژیان و سروشتی تیادا ببینی.***

***هیپولیت تاینە***

ڕۆمان بە بەرهەمێكی ئەدەبی دەگوترێ كە بویەرەكانی ڕابردووی ژیانی مرۆڤان یان ئەو بویەرانەی كە لەگینە ڕوویدەن وێنە دەگرێت و بەرجەستە دەكات و، هەندێ تایبەتمەندی وەكو درێژی و دیاریكردنی شوێنكاتی خۆی هەیە. لە ڕۆماندا ئەو بویەرانەی كە ڕوویانداوە یان ئەوانەی كە خراونەتە ڕوو بە شێوەیەكی بەردەوام و تێروتەسەل بەدەوری یەك بیرۆكەی دیاریكراودا دەسوڕێنەوەو بەرجەستەی دەكەن. بە گوتەو دەربڕینێكی دیكە ڕۆمان چیرۆكێكی درێژە كە سەروكاری دەگەڵ نیشاندانی ڕێڕەوی ئاسایی بویەرەكاندا هەیەو دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ بەرەو روناكی بەرێت. ئێمە كە ڕۆمان دەخوێنینەوە، دەچینە هاماج و فەزاو ئۆتمۆسفێرێكی تازەوە، ڕووبەڕووی كاراكتەرانی جیاواز دەبینەوەو بەمجۆرە لە خۆمان دووردەكەوینەوە، و سوودێكی فرەو فراوان لە ئەزموونی كاراكتەرانی چیرۆكەكە دەبینین.

ڕۆژ بە ڕۆژ پتر ئەوە ساغ دەبێتەوە كە ڕۆمان یاساو ڕێساو قاڵبێكی دیاریكراوی نییە. ڕۆمان لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو قاڵب و چوارچێوانە لا بدات و بشكێنێ كە ڕەخنەگرانی ئەدەبی دایان ناوە. واتە پابەند نەبوون بە ڕێسایەكی تایبەتییەوە لە ڕۆماندا بەرە بەرە ئاشكراتر دەبێت. ڕۆمان ژانرێك لە ژانرە ئەدەبییەكان نییە. هەر ژانرێكی ئەدەبی بگری ڕووی دەمی لە جەماوەری

خەڵكییە، خەڵكانێك دەدوێنێ و لە دوا ئەنجامدا كۆمەڵە ڕێسایەكی هەیە، بەڵام ڕۆمان سەرو سەختی دەگەڵ تاكدایەو هیچ پابەندییەكی بەیاساو ڕێسایانەوە نییەو بۆیە بە ژانرێكی ئەدەبی نایەتە ژماردن: ئاندرێ جید. قارەمانانی ڕۆمان بە ڕادەو ئەندازەی زندوو بوون و زندوویەتی خۆیان لە نووسەر دوور دەكەونەوە: مایوریاك. ئەگەر دەتانەوێ كاراكتەرانی چیرۆكەكانتان زندوو بن، ئازادیی تەواویان بدەنێ: سارتەر. قارەمانانی شەڕو ئاشتی و برایانی كارامازوف ئەوەندە حەقیقین كە زەحمەتە دڵنیا بیت خەڵكانی ئاسایی و گووراو خەڵقەندەی بە گۆشت و ئێسقان نین:فرانچوییس مایوریاك. ڕۆمان،یانی ڕۆمانی ڕاستی سەروسەختی دەگەڵ هەڵسوكەوتی مرۆڤان و پەیوەندییە مرۆڤانیەكان هەیە. بە گوتەیەكی دی ڕۆمان جۆرە نووسینێكە كە ئاوێتەی بەها مرۆڤانیەكانە: ئیریس ماردوچ. ڕۆمان بۆ سەلماندنی شتێك نانووسرێت، ڕۆمان ئاوێنەی ژیانە. ئاراستەی ڕۆمان دەقاو دەق بەو سەمتەدایە كە دڵ و ژیانی ئێوە رووی لێیەتی. ئەو سەمتەی كە ئێوە بە گوێرەی حەزی خۆتان شێوەو قاڵبی دەدەنێ و دەی نوێننەوە: یەعقووب قەدری كارا عوسمان ئوغڵۆ.

زانست و زانیاری، دیتن و هەست و سۆزێن هونەرمەند، كاریگەرییەكی قووڵی بەسەر تایبەتمەندی ئەو ڕۆمانەوە هەیە كە دەینووسێت. ڕۆمان شێوازو ستایلێكی ئەدەبیە كە بە شێوەیەكی چیرۆكڤانی و بە دوورو درێژی ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە كە ڕێڕەوی ژیان دەگۆڕن. لە ڕاستیدا ڕۆمان ژیانێكە كە بە زەبری خەیاڵ و هونەرو زانستی نووسەر دەخوڵقێنرێ. ڕۆمان رووبەرو پانتاییەكی ئەوەندە بەرینی هەیە جێگەی سەربهوردی مرۆڤان، داب و نەریتان، كاراكتەرو كەسایەتیان، ڕووداوێن مەزنی مێژوویی،و هەر شتێك پەیوەندی بە مرۆڤ و تیرە بەشەرەوە هەبێ، تیا دەبێتەوە. مرۆڤ، جیهان و گشت بوون دەشێت بكرێن بە بابەت و نێوەڕۆكی ڕۆمان.

ئەگەر بە وردی سەرنجی جۆرە جیاوازەكانی ڕۆمانی تازە بدەین و بۆ حەقیقەت بگەڕێین دەبینین سێ لایەنی لە خۆ گرتووە: كە بریتییە لە ئاشكرا سازی، هەڵسەنگاندن،و هەماهەنگ سازی، هەر ڕۆماننووسێك ئەو كارە نەكات، داب و نەریتان و قاڵبە باوەكان ناشكێنێ، بە هیچ جۆرێك خوێنەر ناوروژێنێ و ئەزیەتی نادات، خوێنەر ناچار ناكات بیربكاتەوەو لە خەمی ئەوەدا نابێت وەزع و حاڵە ریشەدارەكانی ڕابردوو بپشكنێ و كەشفی بكاتەوە، بێگومان لەم حاڵەدا ئاسانتر سەركەوتن بەدەست دێنێ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانێت لە مەیدانی خەباتا دژی ئەوشەوە تاریك و گوشارانەی كە دەكەونە سەر ڕۆمان، یەكێكە لە تاوانبارەكان.ڕۆماننووس دەبێ بتوانێت بەو شتەی كە دەینووسێت حەقیقەت بخوڵقێنێت. جا بەم پێودانگە مەیدانی ڕۆمان، مەیدانێكی فینومونۆلۆژی تەواوە. مەیدانێكە كە ئێمە حەقیقەتی، وەكو چۆن هەیە، یان دەبێ چۆن هەبێ بەو ئاوایە تیا دەبینین. جا بەم پێودانگە ڕۆمان تاقیگەی گوزارشت و دەربڕینە. جیاوازی ئەو ڕووداوانەی كە لە ڕۆماندا ڕوودەدەن لەگەڵ ئەوانەدا كە لە مەیدانی ژیاندا دەیبینن تەنیا ئەمە نییە كە دەتوانین دروستی یان نادروستی یەكێكیان هەڵسەنگێنین و دەربارەی ئەوەی تریان چونكە پەخشانە ئەو جۆرە ئیمكانە نییە. ئەوەی لە ڕۆماندا بە وەرگرو دوێنراو دەگوترێ هەمیشە جوانترو سەرنج

راکێشترە:مایکل بوتر. سینەما تا ئێستا نەیتوانیوە چیرۆکانی تایبەتی بۆ ئامادە کردنی فیلم بخولقێنێ، ئەم ئەرکە هێشتا لە ئەستۆی رۆماندایە: ئەرسکین کالدویل. رۆمان شانبەشانی تاکگەرایی گەشە دەکات. داهێنەرانی ڕۆمان و ئەو میللەتانەی کە زۆریان حەز لە ڕۆمانە، زیاتر ئەوانەن کە زۆرترین بایەخ بە تاك دەدەن. لەبەر ئەمەیە کە ڕۆمان لە بەریتانیادا لە دایك بوو هەر لەوێش گەشە کردنێکی زۆری بە خۆوە بینی: ئاندریەجید. هەستی ژیان لە ڕۆماندا قسە دەکات، لەم ژیانەدا هەموو شتێك ویستراوە: داب و نەریت، خووخدە، هەڵەو خەتایان و تەنانەت نەگبەتی و بەدبەختیش. بۆیە رۆمانی راستەقینە، هەر شتێك مایەی بەخشش، هیواو ئومێدو هەستی ڤیان و دۆستایەتی بێت، دەبەزێنێ و دەکەوێتە سەرووی ئەوانەوە: ئالن.. چونکە ڕۆمان نایابترین هونەری سەردەم و رۆژگاری ئێمەیە بۆیە سەرنجدانی وردتری کاروانی گۆڕانکاریی ڕۆمان، کارێکی بە سوودو پێویستە: ئا. ل. مورتون.

لەو ژانرە ئەدەبیانەی کە خوێنەر لەزەت لە خوێندنەوەیان دەبینێ، رۆمان لە هەموویان بەلەزەت ترە. ڕۆمان، لەو ساتەوە مرۆڤ هەستی بە زەرورەتی دەرککردنی رووداوەکان و گێڕانەوەی رووداوەکان بۆ خەڵکانی دی کردووە، پەیدا بووە. واتە ژیان و رووداو و بویەرە سەرەکیەکانی ژیان، بابەتی سەرەکی و بنەڕەتی ڕۆمان پێکدێنێ، یانی رەگی رۆمان لە ژیان و رووداوە سەرەکییەکانی ناو ژیاندایە. تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی ڕۆمان بریتییە لە: درێژی، ژمارەی کاراکتەرو قارەمانەکانی، دەربڕینی وردو تێرو تەسەلی واریقاتەکانی ژیان. جیاوازی سەرەکی ڕۆمان دەگەڵ چیرۆکدا ئەمەیە کە ژمارەی کاراکتەرو قارەمان لە ڕۆماندا زۆرە، سەربهوردو بەسەرهاتەکانیان بە تێرو تەسەلی دێتە دەربڕین. بە هەرحاڵ رەگەزە سەرەکیەکانی چیرۆك یان رۆمان بریتییە لە: ڕووداو، کاراکتەر، ئایدیاو هزران و ژینگەو دەوروبەر.

هونەری ڕۆمان زادەی کاریگەرییەکی قووڵی جیهانبینییەکی رۆحانییە. رۆمان، مرۆڤو مەتەڵی ناسینی مرۆڤ نەك بە نوڕینێکی ئەقڵانی بەڵکو بە میتۆدێکی باڵاتر لە ئەقڵ تاوتوێ دەکات: جیمز جۆیس. چیرۆکێك کە لە زمانی یەکەم کەسەوە بێتە دەربڕین و گێڕانەوە دەتوانێ هەستی کونجکاوی خوێنەر دابمرکێنێتەوەو وەهەم و خەیاڵەکانی نووسەر پەردە پۆش بکات. ئەم جۆرە چیرۆکە هەم رێزی خوێنەر دەگرێت و هەم دڕدۆنگی و گومانی خوێنەر دەڕەوێنێتەوە، جا بۆ ئەم مەبەستە ئەزموون و تەجرووبەی نووسەرو بەسەرهاتەکانی پێویست و زەروورییە: ناتالی ساروت. ڕۆمانی ڕاستەقینە لە تایبەتمەندییانی وەکو بەخشین، ئومێد پێدان و جۆشدانی هەستی مەحەبەت و دۆستایەتی هێوەتر دەڕوات و دەکەوێتە ئەو دیوی یادو بیرەوەرییەکانەوە... رۆمان پشت بە گەواهی و گەواهان نابەستێ، لە خەمی لایەنداری و لایەنگریشدا نییە، بە پێچەوانەی رێبازانی مێژوویی، لە رەفتاراندا منەی واقیعگەرایی دەکات و بە گوتەیەکی دی واقیعیەت و بابەتگەرایی بە کارو کردەوەی مرۆڤان دەدات: ئالن. دەشێت لە رێگەی هەڤپەیڤین، گوتارو لێکۆڵینەوەوە ئاشنای وڵاتێك ببی، وڵاتێك بناسیت، بەڵام لە رێگەی ڕۆمانەوە زندوو بوونی خەڵکی ئەو وڵاتەمان بۆ دەردەکەوێ: موزەفەر بویروکچو. ڕۆمان سەربەخۆترین ژانری ئەدەبییەو هەندێجار لە بەرگ و قاڵبێکی ناباو وجیاوازدا دەردەکەوێ و خۆی دەنوێنێ: کلبرهدنس. ڕۆمانان،

به گوێرەی تایبیعەتی نووسەرەکانیان ناگۆڕێن، ڕۆمان هەر ڕۆمانە، ڕۆمان لە هەموو شوێنێ هەر ڕۆمانەو لە رۆژاوا سەری هەڵداوە. رۆماننوسێکی ژاپۆنی دەکارێت سوود لە سەرچاوە ئەدەبییە میللیی و فۆلکلۆریەکانی ولاتی خۆی وەربگرێت و رۆماننووسێکی تورکیش دەتوانێ بە هەمان شێوە سوود لە ئەولیا چەلەبی و نەعیمی خۆی وەربگرێت، ئەمە گرینگ نییە، گرینگ ئەمەیە کە ئەوەی دەینووسێت ڕۆمان بێت. بۆ نموونە هاوولاتییەکی رووس زۆر جیاوازە لە هاوولاتییەکی فەرەنسی، بەلام ئێمە هەم بە نووسینەکانی فلوبیرو هەم بە کارەکانی دۆستۆیفسکی–ش دەڵێین رۆمان: مرادبلگە.

ئەگەر ڕۆمانێك سۆزو گودازو خەیاڵ تیایدا بەسەر ئەزموون و لێکدانەوەدا زاڵ بێ پێی دەڵێن رۆمانتیك، بە پێچەوانەوە ئەگەر لێکدانەوەو ئەزموون بەسەر سۆزو خەیاڵدا زاڵتر بێ ئەوا پێی دەڵێن ڕۆمانی ریالیستی یان واقیعی. بە شێوەی پێشکەوتووی رۆمانی ریالیستی دەگوترێ رۆمانی ناتورالیستی. هەڵبەتە ڕۆمان جۆرو شێوەی جیاوازی دیکەشی هەن کە هەندێکیان ئەمانەن: رۆمانێن پەروەردەیی، رۆمانێن ناوچەیی، رۆمانێن پیکارسك، رۆمانێن نامەیی، رۆمانێن گوندیی، ڕۆمانێن شوانکارەیی، رۆمانێن بیوگرافیایی، رۆمانێن پۆلیسی، رۆمانێن میللی.... هتد.

رۆمان،نۆزاوێکە درەنگ هاتە دنیاوە، بەلام ئەمڕۆکە بایەخێکی زۆری دەدرێتێ: ئاندریەجید، ئامانجی بنەڕەتی رۆمان سەرگەرمییە بەلام لە هەمان کاتیشدا لە خەمی ئەوەدایە رەوش و بارودۆخەکان بە شێوەیەکی وردتر لەوەی لە واقیعدا هەیە، پیشان بدات و بەرجەستە بکات: هرمان ملفیل. هیچ شتێك نیە لە ژیاندا هەبێ و لە رۆماندا نەبێ یان جێی نەبێتەوە. ڕۆمان سنوورو کەوشەنی نییە. تیمەو رەگەزەکانی ناو واقیع وەردەگرێت و بە زەبری خەیاڵ و هێزی زەین شێوەیەکی تازەی پێدەبەخشێت و وەکو واقیعێك خۆی دەنوێنێ: سوئاد کەمال یەتکین.

رۆمان بەر لە هەر شتێك چیرۆکە. رۆماننووسی راستی کەسێکە کە حیکایەتبێژێکی چاك بێ، جۆری دەربڕین و گێڕانەوە دەتوانێ بە دۆزینەوەی رووداوێن جوان، پڕ هەڵچوون و دراماتێك بۆ بەرهەمێك کە لە خەمی بەرجەستە کردن و نووسینی خۆشبەختیدایە، کارێکی وابکات کە چیرۆکەکە پەسندو دڵگیر بکات: ئالن روب گریە. رۆمان هونەرێکی بە شێوازێکی تایبەتی دەربڕین و گێڕانەوە، دەربڕینێکی تەژی حەقیقەت و ژیان رازێنراوەتەوە: گرین.

رۆمان ڕەوت و رەوەندێکە خۆی خۆی دەپاڵێوێ: تیبودە. ڕۆمان ئاوێنەیەکە کە لە بەردەم رێیەکی گەورەدا دانراوە: ستنادال. رۆمان، چەند خۆی بەسەر نووسەردا سەپاندبێت، لەلای خوێنەریش بە هەمان ئەندازە زندوو وگەش دەنوێنێ: روجیە کایوا.

<u>*- رۆماننووس</u>

رۆماننووس ئازادە لەوەی چی دەنووسێت. بەلام وێڕای ئەوەش دەزانین کە هیچ رۆماننوسێکی گەورە لە کاریگەریی رووداوو دیاردەکانی ژینگەو دەوروبەری خۆی بەدەر نەبووە. رۆماننووسی ئەمڕۆ دەکارێت هەر هەموو بیر، ئارەزوو، دیتن و دیدوبۆچوونەکانی خۆی بێئەوەی هیچ

گۆڕانکارییەکیان تێدا بکات‌و، بێئەوەی فۆرم‌و شێوەی چیرۆکڤانیان پێ ببەخشێت لە کارە رۆمانەوانیەکەی خۆیدا جێگە بکاتەوە. یەکەمین ئەرکی رۆماننووس ئەمەیە کە قارەمانانی چیرۆکەکەی ون نەکات‌و ئاگای لە سنوورو کەوشەنەکان بێت. ئیدی سەرچاوەی نووسەران خۆیان‌و مەسەلەی قالبڕێژی کارەکەیان لە ئەستۆی خۆیانەو هەر خۆیان سوود لە قالبی ناڤبری دەبینن. بۆیە رۆماننووس دەبێ رێچکەو رێبازێ هەڵبژێرێ کە بتوانێ باشتر خۆی بناسێنێ‌و خۆی پێوە بنوێنێ. دیارە پەیوەندییەکی یەجگار نزیك لە نێوان ئەو شتە تازەیەدا کە نووسەر نیشانی دەدات‌و لە نێوان تایبەتمەنییە رۆشنبیرییەکانی نووسەردا هەیە. هەڵبەتە رەوش‌و رێبازێك کە لە هی خەڵکانی دی بچێت، کارێکی باش و لە بار نابێت،و کارەکە نەفەسی تایبەتی خودی نووسەرەکە وەرناگرێت.

باشترین مامۆستاو ئامۆژگاری رۆماننووس، تەبیعەتی مرۆڤە. کاتێ کە نووسەر دیاردە جۆراوجۆرەکانی تەبیعەتی مرۆڤ دەکات بە کەرەستەو بابەتی کارەکەی خۆی، پێویستە ئەوەی لە بیر بێت کە خوێنەر حەزدەکات رووداوەکان بە شێوەیەکی هونەرمەندانەو ئەدیبانە بەرجەستە بکرێن‌و پیشان بدرێن:ئانتونی ترولوپ. رۆماننووس رەفتاری واقیعی بە جۆرێ دەگێڕێتەوە وەکو چۆن خۆی دیتویەتی، واتە بە گوێرەی دیتنی خۆی دەیگێڕێتەوە، بۆیە رۆماننووس هیچ کاتێ ناتوانێ ببێت بە مێژوونووس: ئالن ..نووسەر چەند قارەمانانی چیرۆکەکەی باوەڕکەردەنی‌و زندووبن‌و چەند لە ناوجەرگەی رۆمانەکەدا بوونیان هەبێ‌و بەشداربن ئەوەندە سەرکەوتن بە دەست دێنێ: ناتالی ساروت. وەکو چۆن هەر کەسێك بە جۆرێ ماست دەخوات، هەر رۆماننووسەش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. هەڵبەتە هەر هونەرمەندێکی داهێنەر بگری ʺشێوازێکی تازەی بۆ نووسینی خۆی کەشف کردووەو شێوازێکی تایبەتی بەکار دێنێ. لە سەرانسەری دنیای ئەدەبیاتدا ناتوانێ دوو نووسەر بدۆزیتەوە کە بە تەواوەتی لە یەکدی بچن، یان دوو رۆمانی دەقاو دەق چوونیەك بدۆزیتەوە:عەبدولحەق شناسی حەسار. کاتێ یەکێك لە قارەمانانی چیرۆکێکم، کرو کپ‌و گوێڕایەڵ بە هەمان ئاراستەدا دەڕوات کە من بۆم داناوەو بێ چەندو چوون رێگەی خۆی دەبڕێ‌و لە ئەنجامدا هەر هەموو ئەو کارانە ئەنجام دەدات کە من داوام لێکردووە، قەڵس‌و ناڕەحەت دەبم. کە بێ چەندو چوون، گوێڕایەڵانە مل بۆ هەموو نەخشەکانی من دەدات، ئەوە دەسەلمێنێ‌و نیشان دەدات کە لە ژیانی تایبەتی خۆی بێ بەشە، ژیانی تایبەتی خۆی نییە، هێشتا لە من جیا نەبووەتەوەو هێشتا سیمایەکی خەیاڵییە. بەڵام کاتێ قارەمانی چیرۆکەکەم دژم دەوەستێتەوە، بە گوێم ناکات‌و بە گوێرەی داواکارییەکانی من ناجوڵێتەوە خۆشحاڵ دەبم: فرانسوا مورياك. رۆمانی باشمان هەیەو رۆمانی خراپ، رۆمانی خراپ ئەو رۆمانەیە کە هەوڵدەدات بە مەتح‌و ستایشی نابەجێ رەزامەندی خوێنەر بە دەست بێنێ. بەڵام رۆمانی باش ئەو رۆمانەیە کە سەروکاری دەگەڵ باوەڕدا هەیەو خوێنەر بە ئاسانی قەبووڵی دەکات. ئەگەر بکرابا من رێگای ئازادی لە نوێ بنووسمەوە هەوڵم دەدا بێ هیچ رونکردنەوەیەك، بەدەر لە هەر سۆزو گودازێکی شەخسی قارەمانانی چیرۆکەکە بخوڵقێنم: سارتەر.

## *- نووسینی رۆمان

له نووسینی رۆماندا، ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە کاراکتەرو قارەمانەکانەوە هەیە لە سەرەتادا زۆر روونو ئاشکرا نین، بەرە بەرەو دەگەڵ پێشڤەچوونی بابەتەکەدا، قارەمانە نەناسراوەکان، گەشە دەکەنو بایەخ پەیدا دەکەن.

دەتوانرێ بگوترێ لە راستیا ئەمە خودی نووسەرە کە لە قاڵبو هەلومەرجی جیاوازدا، سیمای گووراوێکی تری وەرگرتووە، چووەتە پێستی کەسایەتیەکی ترەوە، رۆماننووس کەسێکە کە دەتوانێ بچێتە هەر کلێشەو قاڵبێکەوە. ئەگەر نووسەرێك تەنیا یەك خووی تایبەتیو یەك هەستو سۆزی هەبێو تەنانەت لە دنیای خەیاڵیشدا نەتوانێت دەگەڵ خووخدە، هەستو سۆزو باوەڕێن پێچەوانەدا هەڵبکاتو بسازێت ناشێت بە رۆماننووسێکی راستیو واقیعی دابنرێت. نووسەرێك کە مرۆڤ بەسەر دوو بەشدا پۆلین بکات: باشو خراپ یان ستەمکارو ستەم لێکراوو بە ئاشکرا لایەنداری بکات، واتە ئەو خەڵکانەی هاوباوەڕی خوێن بە باش بزانێو ئەوانەی کە هاوباوەڕی ئەو نەبن بە خراپ بزانێ و بە خراپ نیشانیان بداتو بەرجەستەیان بکات، ناتوانێ بەرهەمی باش دابهێنێ.

بە بۆچوونی نورولّلا ئاتاچ: "رۆماننووس یان چیرۆکنووس، هونەرمەندێکە کە ناچارە زەینی کۆمەڵگە بداتو سەروساختی دەگەڵ خەڵکیدا هەبێت. ئەرکی نووسەر ئەوەیە کۆمەڵگەمان پێ بناسێنێ، بۆیە لەسەرێتی خەڵکی و هەستو سۆزو هزرو بیری خەڵکیمان تێبگەیەنێ". بە گوێرەی هەندێ بۆچوونی دیکە: رۆماننووس، ئەو رووداوانەمان بۆ دەگێڕنەوە کە لە بویەرو رۆژانە رووداوەکان دەچن. ئیدی هەوڵدەدات بە گوێرەی توانا رووداوانی ناڤبری بە شێوەیەکی واقیعی باوەڕکەردەنی پیشانی ئێمە بدات. جا ئەم کارە تا سنووری پەرجووش دەڕوات: دیفو. رۆماننووس دەبێ باوەڕی بە مرۆڤ بێت. چونکە ژیان لەم باوەڕەوە دروست دەبێت. لە هەر شوێنێ ژیان هەبێت جمو جوڵو چالاکیش دەبێت کە هەراو هەنگامەی رەنگو رۆشنایی ئیمانو باوەڕە: تانپینار. رۆمان بە گوێرەی چۆنیەتی چارەنووسی رۆماننووس دەگۆڕێت. لەم حاڵەتەدا نووسەر لە ژیانی شەخسی خۆی جیا نابێتەوە: ئیلیسا تریولە. هەر ئەمە بەس نییە کە بزانین رۆماننووس چ دیدو بۆچونێکی پوختەو جوانی دەربارەی ژیانی مرۆڤ هەیەو لە رێگەی خوێندنەوەی بەرهەمەکەیەوە بتوانین لە دیدو بۆچوونەکانی ئاگادار ببین. کاتێ کە دەمانەوێ حوکم لەسەر نووسەرێك بدەین، دەبێ ئەوە رەچاو بکەین کە چۆن لە کارە هونەرییەکەیدا، هونەریانە بۆچوونەکانی خۆی بەرجەستە کردووە: ئایریس موردااك. ئەرکی رۆماننووس ئەوەیە کە هاوئاهەنگیەك بە مۆتەکەکانی ژیان ببەخشێتو رێکیان بخات: فرانسوا موریاك. ئەرکی سەرەکی رۆماننووس بریتییە لە خوڵقاندنی کەسایەتی راستەقینەی مرۆڤ. نموونەی باشو پەسند لە رۆماندا ئەوانەن کە لادانو کەچرەوییەکانی کاروانی ژیانی مرۆڤانی نیشان دەدەنو بەرجەستە دەکەن: حیلمی یاوز.

بە باوەڕو بۆچوونی گوستاف فلوبیر، رۆماننووس لەسەرێتی بە کۆمەك و پاڵپشتی ئەو حەقیقەتانەی کە لە ئەنجامی دیتن و دۆزینەوەو لێکدانەوەوە لەلای کۆدەبنەوە، نموونەیەکی چکۆلەی ژیان نیشان بدات. یەعقوب قەدری–ش باوەڕی وایە کە: هەرچەندە نووسەر کەرەستە خاوەکانی کاراکتەرانی رۆمان لە ژینگەوە هەڵدەهێنجی و وەردەگرێت، بەڵام دەبێ لێهاتووانە هەموو ئەو کەرەستەخاوانە بخاتە ژێر وردەبینی شیکردنەوەو وردکردنەوەو باشترین گەوهەریان لێ دەربێنێ. جیمز فاریل دەڵێت: سادەترین نمرە دانان بۆ رۆماننووسێك ئەمەیە کە بزانین ئایا ئەو کاراکتەرانەی دروستی کردوون زندوون یا مردوون.

ئینسان ناتوانێ لە هەموو تەمەنێکدا ببێ بە رۆماننووس، رۆماننووسین تەمەنێکی دەوێ. نووسەرانی گەنج تەنیا دەتوانن بیرەوەری و یادگارییەکانی قۆناغی منداڵی و جەوانی خۆیان سەرکەوتووانە لە قاڵب و شێوەی ڕۆماندا دابڕێژن. رۆماننووسین تەمەنێکی دەوێ. گۆڕینی مرۆڤی واقیعی بۆ ڕەمزێکی حەقیقی و ڕاستەقینە، دەکاتە هونەری رۆماننووسی.

بۆ ئەوەی ببی بە رۆماننووسێکی باش پێویستت بە ٩٨٪ بەهرەو توانایە، لە ٩٨٪ بەرنامەداری و ٩٨٪ هەوڵ و تێکۆشانە:ویلیام فۆکنەر. نووسەر کاتێ کە نموونە جۆراو جۆرەکانی تەبیعەتی مرۆڤ دەکات بە تیمەو بابەتی کارەکانی خۆی دەبێ ئەوە رەچاو بکات کە خوێنەر خوازیاری ئۆتموسفیرو هاماجی هونەری و ئەدەبیشە: ئانتونی ترولوپ.

رۆماننووسیش وەکو شاعیر بەشێکە لەو زەمان و رۆژگارەی تیایدا دەژی. بۆیە ئەگەر خوازیاری ئەمە بێ کە کۆمەڵگە پێشوازی لە بۆچوونەکانی بکات و دان بە هونەرمەندایەتی ئەودا بنێت، ئەوا لەسەرێتی داب و نەریت و بیروباوەڕێن سەردەمی خۆی بهونەرێنێ و ئاوێنەی مەسەلەو پرس و دۆزەکانی رۆژگاری خۆی بێت: ئۆرهان عەزیز ئوغلو. هەرنووسەرێکی راستەقینە شێوازو ستایلی تایبەتی خۆی هەیە، جگە لە خۆی بە کەڵکی هیچکەسێکی تر نایەت: فرانسوا موریاك. گەورە رۆماننووس و چیرۆکنووسان هیچ کاتێك لە خەمی ئەوەدا نین کە شتێك بسەلمێنن. تەنیا لە خەمی ئەوەدان ئەوەی دەیڵێین باشی بڵێن: سەعید فایەق. بۆ نووسینی رۆمان، پێش هەموو شتێك وردبینی و سەرنج تیژی پێویستە. دەبێ بە وردی زەینی مرۆڤ و تەبیعەتی بدەیت: مەحموود یەساری. رۆمان لە یەکانگیری بیرەوەری و حاڵەتەکان پێکدێت: جین لوییس کورتیس. چیرۆك و رۆمان هیچ پەیوەندی و هەڤبەندییەکی راستەوخۆیان نیە. هۆی ئەوەی کە خەڵکانێك وا دەزانن پەیوەندییەك لە نێوان ئەم دوو ژانرەدا هەیە ئەمەیە کە هەندێ لە نووسەران بە نەفەسی رۆمانەوە مامەڵە لە تەك بابەتێن چیرۆکڤانی دەکەن. رۆماننووس لە گۆشەنیگاو روانگەی رۆمانەوە مامەڵە دەگەڵ مرۆڤ و دنیای دەرەوەدا دەکەن و چیرۆکنووسان ئەم کارە لە گۆشەنیگاو روانگەی چیرۆکەوە دەکەن: کەماڵ تاهیر. رۆمان و شانۆ، ئەمڕۆکە دەشوبهێتە تەلارکاری. سوودمەندی بینایانی ئەمڕۆ، ناشیرینیەکانیان دەشارێتەوە. ئەوەی بینا دەکرێ ئەگەر خانووی ئاسایی بێ، دەبێ بە شێوەیەکی گشتی تیایدا ئاسوودەبین، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی بابەتەکە بە تەواوەتی نا پەسندە، چونکە هەرکەسێك بە دەر لەوەی کێیە دەبێ بتوانێ لەوێدا ئاکنجی ببێت و بحەوێتەوە. بەڵام سەبارەت بە رۆژنامە دەبێ ئەوەی بگوترێ کە وەکو یەکێك لە

ژوورەکانی ئوتیل وایە: ئاندریە جید. هەر بیرێك کە زیاتر بایەخ بە ڕێگەی ڕزگاری بدات تا بە ئینسان، لەوانەیە بۆ شانۆنامە دەست بداتو لە قاڵبی شانۆنامەدا جێی ببێتەوە، بەڵام هەرگیز بۆ ڕۆمان نابێت. ڕۆماننووس هەقی بەسەر ئەوەوە نیە کە دەبێ چ بکەین یان چۆن بیربکەینەوە، بەڵکو تەنیا چاودێری کاروکردەوەکانی ئێمەیە: ئایریس مورداك. ڕۆماننووس لە هەر ئینسانێك پتر دەشوبهێتە سەر خودا. لاسایی خودا دەکاتەوە. مەخلووقاتی زندوو دەئافەرێنێ، چارەنووسو قەدەر ئیجاد دەکاتو قەدەر ئاوێتەی بویەرو ڕووداوو بەڵاو نسیبەتان دەکات. ئەو شتانە ڕووبەڕووی یەکتر دادەنێو دەیانگەیەنێ بە ئامانجی خۆیان: فرانسوا موریاك.

ئامانجی نووسینی ڕۆمان دەبێ فێرکردنی حەقیقەت بێ. ڕۆمانێك کە هەوێنو ئامیانەکەی حەقیقەت نەبێ، دەکاتە کۆمەڵێك قسەی بێهودە. ڕۆمان دەبێ ژیان بکات بە بابەتی خۆی، دەبێ هیچ لایەنێکی مرۆڤو ئادەمیزاد فەرامۆش نەکات. گەورەترین ڕۆمان ئەو ڕۆمانانەن کە بەجوانترین شێوە ڕازە پەنهانەکانی ڕۆحی مرۆڤیان ئاشکرا کردووە، یانی بەم پێودانگە ئامانجی ڕۆمان دەبێ کەشف، نیشاندانو ناساندنی ئەو کەسە بێت کە لە ناخی دڵو دەروونی مرۆڤدا پەنهانە.

شێوازی ڕۆمان دەبێ زیاتر ڕاستیو دروستی مەبەست بێ تا کاریگەری. ئەمە بەردی بناغەو یەکەمین ڕێسایە. شێواز لە ڕۆماندا دەبێ هەمیشە نەرمو ناسك بێتو دەقو مەتن دەبێ شوێن ریتمو ئاهەنگی ڕووداوەکان، ئۆتموسفیری پێویستی کارە ئەدەبیەکە بکەوێ. لەگەڵ سەرەتاو دەستپێکی چاکدا ئیدی نووسەر پەیوەندی دەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دەبڕێتو دەچێتە قەپێلكو قاوغی خۆیەوە. لە ناوەوە بابەتەکەی گەڵاڵە دەکاتو لەگەڵ نەشونماو گەشەکردنی زیاتری قارەمانانی چیرۆکەکەدا دەبێت بە شایەدو گەواهی پەیدا بوونی دنیایەکی تازە: جاك دلاکروتە. نووسەر ئەگەر بیەوێ ڕۆمانێکی باش بنووسێت، پێویستە ئاگای لەوە بێ کە ئامادە بوونو حوزووری لە دەقەکەدا زەق نەبێ، هەستی پێنەکرێ: جان پول سارتەر. ڕۆماننووسانی ڕۆژگاری ئێستا بابەتەکانیان لە ناوجەرگەی کۆمەڵگەوە وەردەگرنو قارەمانانی ڕۆمانەکانیان وەکو خەڵکانی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگە بەرجەستە دەکەن و نیشان دەدەن و لە قۆناغێکی زەمانی دیاریکراودا، لە شوێنێکی مەعلومو دیاردا بە خوێنەران دەناسێنن. نووسەر، قارەمانانی ڕۆمان، لە هەلومەرجی ژینگەیی، بارودۆخی خانەوادەیی، چۆنیەتی ژیان، ڕەفتارو، هەڵسو کەوت،و بەسەرهاتو تایبەتمەندییەکانیانەوە دەخاتە بەرچاوی خوێنەر. کە ئەو جۆرە ڕۆمانانە دەخوێنینەوە هەست دەکەین پێشتر قارەمانانی ئەو چیرۆکەمان دیتوونو ناسیومانن. لە ڕاستیدا خۆمان لە ڕۆمانەکەدا دەبینینەوە. خوێنەر چاوەڕوانی ئەوەیە لە نووسەر کە حەقیقەتەکان وەکو خۆیان، وەکو چۆن هەن بەرجەستە بکات نەك شتی نا ئاسایی پێشکەش بکات: ئاگاسری لووند. ڕێگەی نووسەرایەتی یەك ڕێگە نییە، بەڵکو هەزاران ڕێگەی هەیە. زۆر ڕێگای هەیە ئێمە هێشتا نایزانین: کلبەر هدنز.

مەبەستی زۆربەی ڕۆمانان، دەربڕینو نیشاندانی ژیانێکە یان هەندێ بەشی هەرە گرینگی ئەو ژیانەیە نەك گێڕانەوەی ڕووداوێك. هەر بۆیە نموونەو قارەمانان لە ڕۆماندا یەجگار زۆرو هەمە

جۆرە. لە ڕۆماندا دەکرێت بە دوورو درێژیو بە تێرو تەسەلی مامەڵە دەگەڵ کاراکتەرانو حاڵەتە روحییەکاندا بکرێت. ڕۆمان دەبێت ئەم تایبەتمەندیو خەسڵەتە سەرەکیانەی خوارەوەی تیا بێت.

*ئا:* ڕووداوەکان دەبێ دەگەڵ واقیعدا تێکبکەنەوەو واقیعی بن. وێنەگرتنو دەربڕینو گێڕانەوەی حاڵەتە روحیو دەروونییەکان دەبێ سنوورو کەوشەنی دیاریکراویان هەبێو نەبنە کۆسپ لە بەردەم ڕەوتی ڕووداوەکان.

*ب:* ڕۆمان، وەکو یەکەیەکی یەکپارچە پێویستە زندوویەتیو جوڵەی تیا بێت، پەڕینەوە لە ڕووداوێك بۆ سەر ڕووداوێکی تر دەبێ زۆر بە ئاسانی روو بدات.

*ج:* ڕۆماننووس دەبێ لە سەرانسەری ڕۆمانەکەیدا هەوڵبدات لە ڕێگەی هەمە جۆری، سادەیی، ڕەوانیو روونی زمانەوە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت. یانی ڕۆماننووس لەسەرێتی شێوازی تایبەتی خۆی پەیدا بکاتو بدۆزێتەوە.

ڕۆماننووسین، ڕێك لەوە دەچێت بە پێیان بە بیابانێکی قاقڕی کاکی بە کاکی بەریندا تێ بپەڕیت. جا تۆ بۆ بڕینی دەیان فەرسەخو کیلۆمەتران لە ساراو بیاباندا پێویستت بە سەبرو حەوسەڵە، هیواو ئومێدەواری، ورەو زانستو شارەزایی هەیە: گیورکی کاراسلاوف. ڕۆمان دەبێ یەکەم ناونیشانێکی جوانو سەرنج ڕاکێشی هەبێت. دووەم دەبێ بابەتەکە بە جۆرێ بهونەرێنریو بەکار ببرێت کە خوێنەر باوەڕی پێبکات. خوێنەر نابێت وا هەست بکات کە ڕووداوەکان نا واقیعیو باوەڕنەکردەنییەو تەنیا لەبەر خاتری درێژ کردنەوەی بابەتەکە شاخو باڵی دەستکردو نا واقیعی لێنراوە. ڕووداوەکان دەبێ پێش بابەتەکە بکەون و یارمەتی دەوڵەمەند بوونو گەشەسەندنی بابەتەکە بدەن. و سێیەم دەبێ هەر قارەمانێکی ڕۆمان، کەسایەتی تایبەتی خۆیان هەبێت: سومرست موام. هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی ناتوانێت ئەوەندەی ڕۆمانێکی فەلسەفی ،کە ئەگەر باش نووسرابێو باش بخوێنرێتەوە، روناکی بە ژیان ببەخشێت. ڕۆمانی میتافیزیکی باڵاترینو جوانترین جۆری ڕۆمانە. چونکە ئەمجۆرە ڕۆمانە لە خەمی کەشفکردنی پەیوەندنییەکانی مرۆڤ یان ڕووداوە مرۆڤانییەکاندایە، بە جیهانەوە. ئەوەی کە خودی فەلسەفەو ئەدەبیات لە ئاستیا دەستەوەستانو پێیان ناکرێت، ڕۆمان دەرەقەتی دێتو دەیکات. لەوە دەچێ زۆربەی خەڵکیش بە تەمای ئەمە بن لە ڕۆمان: سیمون دوبوڤوار. هونەری ڕۆمان نووسین پێش هەموو شتێك توانای داهێنانە، داهێنانی شتێك ڕاستی تر لەو شتانەی دەی بینین، داهێنانی نموونەیەکی زندووتر لە ئاشناکانمان: یەعقوب قەدری کارا عوسمان ئوغلۆ.

## *- نەخشەو سکێچی ڕۆمان

لە نووسینی ڕۆماندا، دەبێ بایەخ بە زمان بدرێت کە سەرەکیترین ڕەگەزی هونەری نووسینە. ڕۆماننووس دەبێ ئەوە نیشان بدات کە لە هەڵبژاردنی پەیڤێن بەجێ، دروست، جوانو بێ هەڵەدا لێزانو بەهرەمەندە. ڕۆماننووسی ڕاستەقینە، کاتێ دەست دەداتە نووسین کە سرووشو سەرۆ (ئیلهام) دەرۆنیەکان کە ڕەگیان لە ناخی ناخدایە، بەڕۆکی دەگرن.

تایبەتمەندیو خەسڵەتەکانی نەخشەو سکێچی ڕۆمان کە بە زۆری لە فۆرمو شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕۆماندا بەکار دەبرێ، بە کورتی بەمجۆرەیە:

١- وەسف: لەم بەشەدا رووداو، هۆیەکانی روودانی رووداو وقارەمانو کاراکتەرەکانی پێناسە دەکرێن.

٢- گەشەکردن یان گۆنگکاری(ابهام): لەم بەشەدا تایبەتمەندی قارەمانەکان، رەوتی رووداوەکان، شوێنی رووداوەکان، شوێنکات روون دەکرێتەوە. لێرەدا بۆ راکێشانی خوێنەر پەنا وەبەر رێبازو رێچکەی هەمە جۆرو جیاواز دەبرێ.

٣- ئەنجام: لەم بەشەدا رووداوەکان لە خاڵێکدا کۆدەبنەوەو گرێ دەخۆنو لە کۆتاییدا گرێیەکە لە ناکاودا ڤەدەبێتو چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی.

ڕۆمان خەزنەی رووداوێن بچووکە، بەڵام نووسەر هەوڵدەدات لە رێگەی هەستو سۆزەوە، لە رێگەی دابو نەریتانەوە، لە رێگەی ئەندێشەو خەیاڵو پێشداوەرییانەوە، بکەوێتە گێڕانەوەو دەربڕینی ژیانی نەسلو نەوەی پێشینەوە: پیرگاکسوت. رۆمانی سەرکەوتوو هونەریترین ژانری ئەدەبیە، چونکە پەیوەندییە ئەستاتیکییەکان لە ڕۆماندا زۆر دەرونییەو پابەندو وابەستەی هیچ رێسایەکی وشكو دیاریکراو نییە: رامون فرناندز. من تا ئەوزارو ئامێرو کەرەسەکانم تاقی نەکەمەوە دەست بەکار ناکەم، ئەقڵیشم تا گشت زاراوەو رێسا پەسندو باوەکان هەرس نەکات، قەبووڵیان ناکات. هونەر زادەی گوشارە، ئەگەر پێمان وابێ کە هونەر بە گوێرەی ئازاد بوون تەرەقی دەکات وەکو ئەوە وایە کە بڵێین تەناف (پەت) رێگرە لەبەردەم هاتنە سەرێی بیر(چاڵ): ئاندرێ جید. تاقە رێگەی گەییشتن بە عالەمییەت رێگەی تایبەتی و فەردییە: یونسکۆ. هەر جۆرە گۆڕینێك یان توێژینەوەیەکی بەسوود لە فۆرمو شێوەی ڕۆماندا بکرێت دەبێ هەمیشە گۆڕانێکی ناچاریو هێمنی بەگەڵ بکەوێ کە ببێتە مایەی هاتنە دی چەمکێکی نوێ لەمەڕ شیعری داستانی، پەروەردەیی لە قاڵبی رۆماندا. بەمجۆرە رۆمان لە قاڵبی کاڵایەکی ئامادەو سەرگەرمکەر دەردەچێتو وەکو ئەزموونێکی کارێن کۆمەڵایەتی لە دەقی ئەدەبیاتدا جێی خۆی دەکاتەوە. رۆمان شێوەیەکی تایبەتی دەربڕینو گێڕانەوەیە. دەربڕینو بەیان، دیاردەیەکە لەسەرانسەری مەیدانی ئەدەبیاتدا دێو دەچێت. لە راستیدا دەربڕینو گێڕانەوە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دەرکی حەقیقەت لە نێو مرۆڤاندا. لە خوێندنەوەو سەرنجدانی بچووکترین رووداوی رۆمانێکدا هەمیشە رووبە ڕووی سێ کەس دەبینەوە: نووسەر، خوێنەر، قارەمانی چیرۆك. قارەمانی چیرۆك کە زیاتر لە شێوەو قاڵبی سێیەم کەسدا دەردەکەوێت، ئەو کەسەیە کە باس دەکرێتو بەسەرهاتو حیکایەتەکەی دەگێڕنەوە. رۆمان تاقیگەی گێڕانەوەیە. کارکردن لەسەر فۆرمی ڕۆمان بایەخێکی تایبەتی هەیە. رووداوێن واقیعی بە حوکمی گشتایەتیو مێژوویی بوونی خۆیان بە ئارامی لەسەر بناغەی هەندێ رێساو دەستوران دەگیرسێنەوەو جێگیر دەبن،و بە نەزمو تەرتیب ئاشکرا دەبن: میشیل بوتور. ئەو گفتوگۆو گەنگەشانەی کە لە سەدەی نۆزدەدا دەربارەی هونەری رۆمان هاتنە ئاراوە ئەگەرچی هەندێ مەرجی ڕواڵەتیان لە سنوورێکی تەنگ یان فراواندا بەسەر رۆماننووساندا سەپاند، بەڵام

نەیانتوانی لەم زەمینەیەدا یاساو دەستوورێك دابنەن، بنەماو بناغەی یاساو دەستوورێك دابڕێژن. ڕۆمان بە دەوری بابەتێکی پێشوەختە ئامادەکراودا دەسوڕێتەوە: جان رمینیا. ئێمە لە ڕێگەی فۆرمە جۆراو جۆرەکانی رۆمانەوە دەتوانین بزانین کە کام فۆرمو شێوەی باو وەکو خۆیو بەبێ گۆڕان ماوەتەوە. قاڵبێن تازە، پەردە لە رووی فۆرمە کۆنەکانی رۆمان لا دەبەنو لە داوی یادەوەرییان رزگارمان دەکەنو دەبنە مایەی کەشف بوونی نهێنی ئەو تیمەو نێوەڕۆکانەی کە لە قاڵبێکی جێگیردا هاتوونەتە نیشاندانو دەربڕین. دەربڕینێکی حەقیقی ئەوتۆ کە سەرانسەری ژیانمان لە خۆ گرتووە: میشیل بوتور.

***- رەخنەو شیکردنەوەی رۆمان**

لە رەخنەو توێژینەوەی رۆماندا نابێ پەنا وەبەر پێوەرو پێوانەی ئامادەو دیاریکراو ببرێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێ ئەم خاڵو لایەنانە رەچاو بکرێت:

١- پاژ، بونیاتو چنینی رۆمان:

ناوی رۆمانەکە، ناوی نووسەرەکەی، ناوی وەشانکارەکەی، مێژووی نووسینی رۆمانەکە، مێژووی بڵاوبوونەوەی، چەندەمین رۆمانی نووسەرە؟ ئەم رۆمانە لە نێو بەرهەمەکانی دیکەی نووسەردا چ پێگەو پایەیەکی هەیە؟

٢- جۆری ڕۆمانەکە:

٣- بۆچوونی نووسەر دەربارەی رۆمانەکەی خۆی یان بۆچوونی نووسەر دەربارەی رۆمان بە گشتی.

٤- بیرۆکەی سەرەکیو بنەڕەتی ر ۆمانەکە: بیرۆکەی سەرەکی لەیەك رستەدا دێتە دەربڕین.

٥- کورتەیەکی بابەتەکەو وێنەیەك لەمەڕ ئەو نموونانەی نیشان دراون بە چەند وشەیەکی کلیلیو ژمارەی ئەو لاپەرانەی کە پەیوەستن بە بابەتەکەوە.

٦- هەڵسەنگاندنێکی ئەلاحەدەی قارەمانەکانو داوەرییەکی گشتی.

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ کە قارەمانەکان چ تایبەتمەندیو خەسڵەتێکیان هەیە. ئایا بەڕاستی قارەمانن یان بۆ نموونە خەڵکانی شەیدای پارەو پولن. دەبێ لەوە بکۆڵرێتەوە کە نووسەر لە ژێر کاریگەریی چ شتگەلێکدا ئەم کاراکتەرانەی خوڵقاندووە.

٧- دەبێ لایەنی سایکۆلۆژیی نووسەر بخرێتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە. حاڵەتی روحیو دەروونی قارەمانانی چیرۆکەکە دیاری بکرێتو جەخت لەسەر خاڵە گرینگەکان بکرێتەوە. لێرەدا ئەو ڕستانە وەکو نموونە دەهێنرێتەوە کە رۆڵی سەرەکیان هەیە.

٨- ژینگەو شوێن: کاراکتەرانی رۆمان لە ژینگەو شوێنێکی تایبەتیدا دەژین. دەبێ بزانرێ کە نووسەر چۆن ئەو ژینگەو شوێنەی بەکار بردووە.

٩- ئەو هزرو جیهانبینییەی کە نووسەر لە رۆمانەکەدا نیشانی داوەو خستوویەتیە روو.

١٠-ئامانجی نووسەر لە نووسینی رۆمانەکەو رادەی نزیکبوونەوەی لە ئامانجی ناڤبری، باندۆر وکاریگەریی ڕابردوو، کەسایەتی، جیهانبینی و شێوازی نووسەر لە وەدیهێنانی ئامانجی ناڤبری.

١١-رۆمان دوو شێوازو ستایلی هەیە: ئا: شێوازی نووسەر، ب: شێوازی قارەمانەکان. دەبێ ئەو دوو شێوازە لە یەکدی جیابکرێنەوە. هەڵبەتە لێرەدا دەبێ رەوشی شیکردنەوەو وردکردنەوەی دەقەکەش بخرێتە کار. بۆ راگەیاندنی بۆچوونی خۆت دەربارەی شێوازی نووسەرو قارەمانانی چیرۆکەکە پێویستە هەندێ بەشی رۆمانەکە، لەو بەشانەی کە دەشێت لە پۆلدا بخوێنرێتەوە بە نموونە بێتە هەڵبژاردن.

١٢-لە کۆتاییدا دەبێ ئەنجامی شیکردنەوەکە بەکورتی بهێنرێتەوەو دوابۆچوونی رەخنەگرەکە ئاشکرا بکرێت. هەروەها دەبێ لەم بەشەدا چەند نموونەیەك لە دەقی رۆمانەکە، بەمەبەستی پشتیوانی بۆچوونی رەخنەگرەکە بهێنرێتەوە.

هەر ڕۆمانێك بگری لە ناوەوە جۆرە یەکێتیی‌و یەکپارچەییەکی خۆی هەیە. دنیای رۆمان سەرباری ئەوەی کۆمەڵێك لێکچوونی دەگەڵ دنیای واقیعیدا هەیە، بەڵام لە دنیای واقیع جیاوازە. رەگەزە سەرەکیەکانی رۆمان بریتین لە: (١) زمان، (٢) هەست، (٣) کات، (٤) شوێن، (٥)کاراکتەر، (٦) گۆشەنیگا، (٧) شێواز، (٨) هزر، (٩) قۆناغی مێژوویی، (١٠) تێپەڕاندن لە خۆ.

١- زمان: بەردی بناغەی ئەدەبیاتە.

٢- هەست: مەبەست لە هەست ئەو شتانەیە کە بە هەر پێنج ئەندامە هەستەوەرەکانی خۆمان هەستی پێدەکەین. بەرهەمی هونەری هەستەکان دەدوێنێ. ئەو رەگەزانەی لە پێنج هەستەکەوە پەلوپۆ دەهاون، دەبنە مایەی وەدیهاتنی رۆمان. واتە رۆماننووس بە کۆمەکی ئەم هەستانە بەرهەمەکەی خۆی دەخوڵقێنێ.

٣- کات: ژیان لە زەماندا دەگوزەرێ. یانی ژیان رەوتی بەردەوامی کاتە. کات لە رۆماندا رەگەزێکی گرینگە. هەندێ لە رەخنەگران پێیان وایە نووسەر چەند بە دروستی لە زەمان بگات‌و چەند دەرکی لەمەڕ زەمان دورست بێ، ئەوەندە لە کارەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت.

٤- شوێن: بەشەرو تیرەی بەشەر هەمیشە لەناو شوێندان. یانی پەیوەندییەکی توند لە نێوان بەشەرو شوێندا هەیە.

٥- کاراکتەرو قارەمانان.

٦- گۆشەنیگا: لە هەر رۆمانێکدا یەك یا دوو جۆرە نۆڕین‌و گۆشەنیگا هەیە. پرسپکتیڤ، کە لەم گۆشەنیگادا لە خاڵێکی دیاریکراوەوە تەماشای دیمەنێك دەکرێت. هەندێ نووسەر بە خۆیان رووداوەکان نیشان دەدەن‌و دەگێڕنەوە. ریالیستەکان بە گشتی لە هەنبەر پێشهات‌و بویەرەکاندا تەماشاڤانن. جێ پێی نووسەر لە هەر دێڕێکی رۆمانەکەدا دەبینرێ. ئەمجۆرە نووسەرانە زیاتر لە زمانی سێیەم کەسەوە قسە دەکەن. هەندێ نووسەریش بیرەوەری‌و یادگارییەکانی خۆیان دەگێڕنەوە. دەشێت ئەو جۆرە رۆمانە ناو بنرێ (رۆمانی من). لە رۆمانی ئەمڕۆدا وێنەکان دەروونییە و نووسەر لە ئارادا نامێنێ. لەو رۆمانانەدا کە بەشێوەی نامە دەنووسرێن جۆری دووەمی گۆشەنیگا بەکار دەبرێ.

٧- شێواز: واتە لێکچوون، شێوەی رستەکان،و نیشانەکان.

٨- هزرو بیر (ئایدیۆلۆژی): تورك گەرایی، تۆران چیەتی، كۆمەڵایەتی و....

٩- قۆناغی مێژوویی: هەر رۆمانێك بگریت سەر بەو سەردەمو قۆناغەیە كە تیایدا دەنووسرێت. بۆ نموونە رۆمانی سەردەمی تەنزیمات سەر بە هەمان قۆناغو كەلتوورو شارستانیەتی ئەو قۆناغە. رۆمانی قۆناغی سەروەتی فنون(١)و رۆمانی قۆناغی جەمهوریەت(٢) هی ئەو دوو سەردەمنو سەر بەو دوو قۆناغو سەردەمەن.

١٠-تێپەڕاندن لە خۆ: گەلێك رەگەزی جۆراو جۆر هەن كە لە ڕۆماندا دەبنە مایەی تێپەڕین لە خۆ. بۆ نموونە مزگەوت تەنیا شوێنەوارێكی تەلارەوانی نییە. ئەم بینایە بە چەمكو مانایەكی زۆر گەورەتر لە خۆی بارگاویەو نەك هەر خۆی تێدەپەڕێنی بەڵكو ئاسمانانیش تێدەپەڕێنیٚ. هەندیٚ بەرهەمی هونەری ئەم تایبەتمدییەیان تێدا نییە.

## *- رۆمانێن توركی

لە نێو توركاندا كۆمەڵێك مەسنەوی شیعری هەن كە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمو قۆناغی ئەدەبیاتی دیوانی كە دەشێت بۆ سەردەمی خۆیان بە هاوواتای ڕۆمان دابنرێن. مەسنەویانی وەك: یوسفو زولەیخا، لەیلاو مەجنون، خوسرەو شیرین، وامیقو عەزرا، گوڵو بولبول، چاكی وڤیان، چاكی و دڵو... ئەم جۆرە بەرهەمانە بەزمانی توركی نووسراون، زمانێك كە تێكەڵەیەك بوو لە توركی، عەرەبی،و فارسی. بۆیە ئەوانەی كە خوێنەواریی باشیان نەبێت ناتوانن سوودیان لێوەربگرن.

هەندیٚ لەو بەرهەمە كلاسیكییە توركیانەی كە بە درێژایی سەدانساڵ بە زمانێكی رەوانو مەفهووم نووسران بریتین لە: توتی نامە، سەیفول مولك، خەیالاتی عەزیزەفەندی، نوكتەنامە، كەرەمو ئەسلی، تاهیرو زەهراو ئارەزوو قەنبەر، شا ئیسماعیلو گوڵعوزارخانم، مەولود نامان، ئەحمەدیانو محەمەدیان، و بەرهەمێن دیكەی مینا (وەك) قەڵای خەیبەر، قەڵای خوێنو بەتاڵ غازی كە دەرباری حەزرەتی عەلی سەلامی خوای لیٚ بیٚ نووسراون.

لە ئەدەبیاتی كۆنی توركاندا بە چیرۆك دەگوترا (حیكایەت). (چیرۆك)یش هەمان ماناو چەمكی دەدا. لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەمەوە وشەی ڕۆمان كەوتە سەر زارانو بە مانای "حیكایەت" بەكار براو ڕەواجی پەیدا كرد. لەگەڵ هاتنی وشەی ڕۆماندا بۆ ناو زمانی توركی، وشەێن میناكی (وەكو) چیرۆك، چیرۆكی كورتو چیرۆكی درێژیش كەوتنە سەرزارو باویان پەیدا كرد. ئەوەی لەلایەن شایەرانو ئاشقانەوەو بەدەم سازلێدانەوە بە گۆرانیو ئاواز دەگوترا (حیكایەتو بەیتی میللییان) پێدەگوترا. بابەتی سەرەكی ئەمجۆرە حیكایەتانە كە نووسەرەكانیانیش دیار نین وەكو بەیتی كەرەمو ئەسلی، تاهیرو زەهراو ئاشقی غەریب، ئەشقو ڤیانە. بەیتی داستانی وەكو كوێر ئۆغلۆش هەن. بەشە پەخشانییەكانی حیكایەتو بەیتی فولكلۆری بە حەرەكەی سەرو دەستو ئەداو ئەتواری جۆراو جۆر ئەدا دەكرێتو بەشە شیعریو هۆنراوەییەكانی حیكایەتو بەیتی فولكلۆریش بەدەم سازلێدانەوە ئەدا دەكرێت. لە بەیتو حیكایەتێن فولكلۆریدا بایەخێكی زۆر بە رووداوو واریقاتی نا ئاسایی دەدریٚ. لەگەڵ بەسەرچوونی سەردەمێن داستانی (مەلحەمی)و

کۆتایی هاتنی ئەو سەردەمەدا، ئیدی حیکایەتێن میللیو فولکلۆری جێگەی داستانی کۆنی گرتەوە.

بابەتی مەسنەوی کە لە نێو تورکاندا دەوری ڕۆمانی دیتوە، کۆمەڵێك مەسەلەی واقیعیو کۆمەڵایەتی بووە. لە مەسنەویانی تورکیدا بابەتێن وەکو ئاین، سۆفیگەریی، ئاکارو ئەخلاق، جوامێریو پیاوەتیو دلاواییو ڤیانو خۆشەویستی، کە لە جۆرە شیعرو هۆنراوەکانی دیکەی ئەدەبیاتی دیوانیدا نە دەبینران، شوێنێکی تایبەتیان هەیە. ئەمەش نموونەیەکە لە مەسنەوی لەیلاو مەجنوونە کەی فزولی (٤):

بینی ڕاوچیەك کە داوی ناوەتەوە
رەوە ئاسکێك بەرەو داوەکە دەچن
ئاسکێك بە داوەکەوە بوو
فرمێسکی خوێنین لە چاوەرەشو گەشەکانیا قەتیس ما
مل کەچ، و پێ لە بەندا
چاوانی رەشو درشتی بە فرمێسك، گیانی داغدار
مەجنون دڵی بە حاڵی ئەو بەستەزمانە سووتا
فرمێسکی خوێنیین لە چاوانی هاتە خوار
باری قورسی ئەم بێدادیە دای لە دڵی
روو لە یارۆی ڕاوچی بە ئارامی گوتی
ڕەحم بەم ئاسکی مسك بۆیەدا بکە
چما پیاو هەیە بەزەیی بە حاڵیا نەیەتەوە
ئەی ڕاوچی ستەم لەم داماوە مەکە
ببەخشەو ئازادی بکە
ئەی ڕاوچی ئامان کە جەفا ناپەسندە
ئایا نازانی خوێن جەوابی خوێنە
ڕاوچی، خوێنی ئەو بەمن ببەخشە
و گیانی خۆت بە ئاگری جەفا مەسووتێنە
ڕاوچی گوتی ئەمە کاری منە
ئەگەر سەرم داناوە، پێی ناکەمەوە
ئەگەر درێغی لە کوشتنەوەی ئەم حەیوانە بکەم
مەگەر خوا بزانێ وەزعی ماڵو منداڵم چ دەبێ
مەجنوون جلەکانی دا بە یارۆی ڕاوچی
و درەختی بوونی خۆی پاك کرد
ڕاوچی پێی ئاسکە جوانەکەی کردەوە

و گیانی ئازارمەندی شاد کرد
کەوتە ڕێ و بەدەم فیغانەوە
چاوی بڕییە چاوی حەیوانەکە و گریا
بە ئاسکەکەی گوت چەند ڕۆژێك لەگەڵ من بە
و لە ئینسان بوونم مەترسە
من چاوی لەیلام وەبیر هاتوونەوە
ئێستا تۆ دڵخۆشیی منی بیمار بدەوە.

*- ڕۆمانی تازەی تورکی

لە ڕۆمانی تازەدا کە پاش سەردەمی تەنزیمات لە تورکیادا سەری هەڵداو هاتە ناو ناوانەوە، واقیعگەرایی دەبێ بەخەمی سەرەکی ڕۆمان. لە مەسنەوییەکانی کۆنیشدا یەك ڕووداوو کۆمەڵێك قارەمان و کاراکتەر هەبوو. دەشێت ئەو مەسنەویانە بە ڕۆمانی شیعریی دابنرێن. بە هەرحاڵ مەسنەوی یان بەیت و حیکایەتی فولکلۆری لە واقیعەوە دووربوون. لەم جۆرە بەرهەمانەدا بواری خەیاڵ زۆر بەرینە. پێدەچێت لە ئەدەبیاتی کۆنی تورکیدا مرۆڤ و جیهان بە شێوەیەکی واقیعیانە وێنە نەگیرابن. لە ئەدەبیاتی کۆنی تورکاندا، شێواز، دنیای دەرەوە دەگۆڕێت، بەڵام لە ئەدەبیاتی مودێرندا بوونەوەران و دیاردەکان وەکو خۆیان و بە خەسڵەت و سیفەتەکانی خۆیانەوە، وەکو هەن نیشان دەدرێن و بەرجەستە دەکرێن.

ڕۆمان بە چەمك و مانا ڕۆژئاواییەکەی، لە تورکیادا بەو پاچڤانە دەست پێدەکات کە پاش سەردەمی تەنزیمات هاتنە ئاراوە. یەکەمین بەرهەمی پاچڤەکراو (تیلماك)ی نووسینی (فینلون)ە کە لە ساڵی ١٨٥٩دا لەلایەن یوسف کامیل پاشاوە پاچڤەی تورکی کراوە. پاشان بێنەوایانی ڤیکتۆر هۆگۆ، ڕۆبنسن کروزی دانیال ریڤۆ، زیندانەکانی من، ئاتالا، مونت کریستو، سەفەرەکانی گولیڤەر و پرد و فرجینی، پاچڤەی تورکی کران. یەکەمین ڕۆمانی خۆماڵی تورکی چیرۆکێکی دڵدارییە بەنێوی چیرۆکی ئەڤینداریی تەلعەت و فیتنە ،کە لەلایەن شەمسەدین سامییەوە لە ساڵی ١٨٧٢دا بڵاوبووەتەوە. پاش ئەوە دەریاوان، نووسینی ئەحمەد مەدحەت (١٨٧٤)و بێداری، نووسینی نامیق کەماڵ (١٨٧٦) چاپ و بڵاوکرانەوە.

ڕۆمانیش وەکو چیرۆك لەگەڵ سەردەمی تەنزیماتدا هاتە ناو ئەدەبیاتی تورکیەوە. یەکەمین ڕۆماننووسانی تورك بریتین لە: ئەحمەد مەدحەت، نامیق کەماڵ، ڕەجایی زادە، مەحموود ئەکرەم و سامی پاشا زادە سزایی. چنینی ڕۆمانێن باش ئەوەندە سفتە کە ناتوانرێ تاقە داوێکی لە دەقەکە دەربهێنرێ. لە هەندێ ڕۆماندا واقیع و، لە هەندێکی دیدا کاراکتەر و قارەمان گرینگە. یەکەمین نموونەی ڕۆمانی سەرکەوتوو لە تورکیادا، خالید زییا ئوشاکلی گیل، لە ژێر کاریگەریی ڕۆمانانی فەرەنسیدا نووسیویەتی. ڕۆمانەکانی ئەو بوونە مایەی گەشە کردن و پەرەسەندنی پەخشانی نوێ و ئیجادی ئوتموسفیر و هاماجێکی تازە بۆ ئەندێشە و هەستان. ڕۆمانەکانی خالید زییا زیاتر بایەخ بە ڕێنوێنی کۆمەڵگە و هوشیار کردنەوەی خوێنەر و بەرز کردنەوەی ئاستی

خوێنەر دەدەن. بابەت و گۆشەنیگاو جیهانبینی لە بەرهەمەکانی خالید زییادا لە ڕۆمانتیزمەوە تا ناتورالیزم لە خۆ دەگرن. نامیق کەماڵ، ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی و شەمسەدین سامی بە زۆری بابەتی ڕۆمانتیکیان هەڵدەبژاردو سەر بەرێبازی ڕۆمانتیك بوون و، سامی پاشازادە سزایی، ڕەجایی زادە، مەحموود ئەکرەم و محەمەد مراد، زیاتر روو لە نووسینی ڕۆمانێن ریالیستی بوون. بەرهەمەکانی (نابی زادە نازم)ش خەسڵەتی ناتورالیستیان بەسەردا زاڵە. لە پاش نووسەرانی ناڤبری ئەوسا قۆناغ و سەردەمی ڕۆماننووسی مودێرنی تورکی دەست پێدەکات.

لە ڕۆمانانی کارابیبیك، پاشای بچووك، و بێگانەدا، بایەخ بە هەژاری و بێ ئاگایی گوندییانی تورك و ئاکامەکانی ئەو دیاردانە دراوە و خەمساردی و بێ موبالاتی حوکمڕانان و ڕۆشنبیران وێنە کێشراون: گوندوز ئاکینجی. مەبەست و ئامانج لە ڕۆماننووسین بەرجەستە کردنی ڕووداوێکە کە لەگینە لە ژیانی واقیعیدا رووی نەدابێت، بەلام ئەگەری ڕوودانی هەیە. ئەم کارە هەموو لایەنەکانی وەك ئاکار، داب و نەریت، هەست و سۆز، و ئەگەرە وردو درشتەکان لە خۆ دەگرێت: نامیق کەماڵ. ئەوەی ڕۆمانی پێ دەگوترێ بریتیە لە تۆمارکردنی بەشێك یان چەند بەشێکی بارودۆخی کۆمەڵگەی مرۆڤانی: ئەحمەد مەدحەت. ڕۆمان ئاوێنەی ئەخلاقە. ئەو دیمەنانە نیشان دەدات کە شایستەی دیتنن: حسەین رەحمی. ڕۆمان سەرباری ئەوەی رەنگدانەوەی واقیع و رووداوەکانی کۆمەڵگەیە، هەندێ جاریش لە ژێر فەرمانی ئەو هزرو بیرە زاڵ و باوەدایە کە حوکمڕانی کۆمەڵگە دەکات. بەم پێودانگە دەکرێ بگوترێ کۆمەڵگە هەرچۆنێك بێ، ڕۆمانیش هەمان شێوەو فۆرم وەردەگرێت: پەیام سەفا. رۆماننووس ئەو شتەمان فێر دەکات کە لە رۆمانەکەیدا نەیگوتووە. چونکە ژیانی قارەمانانی ڕۆمان لە ڕابردووەوە تا ئایندە درێژ دەبێتەوە: ئا تاج.

<u>پەراوێز:</u>

1- *سەروەتی فنون: بلاوکراوەیەکە کە بووە مایەی هاتنە ئارای رێبازێکی ئەدەبی و کاریگەر لە مێژووی ئەدەبیاتی تورکیدا.*

2- *ڕۆمانی سەردەمی کۆماری: مەبەست لە قۆناغی پاش هەرەسی خەلافەتی عوسمانی و دامەزراندی رژێمی کۆمارییە لە تورکیادا*

3- *ئەدەبیاتی دیوانی، زاراوەوتێرم وناوێکە کە لە ئەدەبیاتی باوی دەرباری عوسمانی نراوە. لە ئەدەبیاتی دیوانی دا شیعر بە زۆری بە کێش و قافیە بوون و پڕ بوون لە پەیڤێن عەرەبی و فارسی.*

4- *فزولی شاعیرێکی موسوڵمانی شیعە مەزەب بووە، لە ساڵی ١٤٢٠ لە کەربەلا لە دایك بووەو لە ساڵی ١٥٥٦دا لە هەمان شوێن کۆچی دوایی کردووە. حدیقە السعداء یەکێکە لە بەرهەمە بەناو بانگەکانی ئەو. فزولی بە هەر سێ زمانێن فارسی، عەرەبی و، تورکی شیعری گوتووە.*

## شەمسەدین سامی

۱۸۵۰- ۱۹۰٤

***ئەگەر دەتەوێ میللەتێك پێشبكەوێ، زانستو رۆشنبیریی بدەیەو بیر لە هیچ شتێكی دی مەكەوە. كۆمەڵگەی چەكدار بە رۆشنبیریی و زانست، هەموو كارێكی لە دەست دێ، بۆ هیچ شتێك دانامێنێ... ئەگەر بینایی بە نابینا بدەیت ئیدی پێویست ناكات نیگەرانی چۆنیەتی رێكردنی ببی. زانستو رۆشنبیریی بە میللەتیی نەزان بدە، ئیدی بە خۆی رێگەو رێبازی پێشڤەچوونو پێشكەوتنی خۆی دەدۆزێتەوە.***

شەمسەدین سامی، یەكەمین ڕۆمانی توركی نووسیوەو یەكێكە لە نووسەرە چالاكەكانی بوارێن زمانەوانی و قامووس دانان. لە باژێڕۆكی فراشری یانیا(۱) لە ۱۸۵۰/٦/۱ لە دایك بووە. خالید بەگی بابی لە زەویدارانی دەڤەری ناڤبری بووە. خوێندنی سەرەتایی لە نك مامۆستای تایبەتی تەواو كردووە، قۆناغی خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی روسەكاندا بەسەر بردووەو لەوێندەر زمانێن فەرەنسایی، ئیتاڵیایی و یۆنانی كۆن فێربووە. لە قوتابخانەی ئاینیشدا عەرەبی و فارسی فێربووە. كە هاتووەتە ئەستەموول تێكەڵاوی ناوەندە رۆژنامەوانی و چاپەمەنییەكان بووە (۱۸۷۲). لە نووسینگەی چاپەمەنیدا پاچڤەی دەكردو بەدەم ئەو كارەشەوە وتاری بۆ رۆژنامانی وەكو (عیبرەت،و باخچە) دەنووسی. لەو قۆناغو سەردەمەدا هەوەڵین ڕۆمانو شانۆنامانی خۆی بڵاوكردنەوە.

نووسینەكانی حكومەتی عەبدولحەمیدی قەڵس و هەراسان كرد.بۆیە بۆ (تەرابلس)یان دوور خستەوە.دوای ساڵێك بەخشراو بە سەرنووسەری ئەنجوومەنی لێكۆڵینەوەی سوپایی لە دەربار‌دا دامەزرا (۱۸۸۰). دوا ساڵەكانی تەمەنی لە ماڵەكەی خۆیدا لە ئارنكوی، بەكاری بەردەوامی داهێنانی بەرهەمی ئەدەبیەوە بەسەر برد (لە ۱۹۰٤/۷/۱)دا كۆچی دوایی كرد.

شەمسەدین سامی گەورەترین زمانەوانی سەردەمی خۆی بوو. هەوڵێكی لەرادە بەدەری لە پێناوی دەوڵەمەندكردنو سادەكردنو ئاسانكردنی زمانو رێزمانی توركیو ئامادەكردنی واژەنامەو قامووساندا داوە. نووسینی وتارێن وەك (زمانی توركی عوسمانی،وزمانو ئەدەبیاتی ئێمە) هەروەها پاچڤەی (بەردەنووسەكانی ئورهون) بۆ سەر زمانی توركیو هەڵسەنگاندنو شیكردنەوەی كتێبی (كوتاد گوبیلیگ(۲)) كە بۆ یەكەمجار ئەنجام دراوە،لە لایەن ئەوەوە رۆڵێكی شایستەیان لە بێداركردنەوەی بزاڤی توركچیاتی لە توركیادا دیتوە. یەكێكە لەو نووسەرانەی كە بە هەوڵو كۆششی زانستیانەو میتۆدی تایبەتی خۆی بەرهەمێكی یەجگار فرەی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە.

شەمسەدین سامی لە سەرەتاوە رۆژنامانی (سەباح، ۱۸۷٦و تەرجومانی شەرق، ۱۸۷۸)ی بڵاو كردەوەو پاشان گۆڤارێن "عائیلە،و هەفتا)ی بڵاوكردەوە.

***بەرهەمە بەنێو بانگەكاغنی ئەمانەن:***

قامووسی تورکی ( فەرهەنگێکی زمانەوانی گەورەی تورکیە، ١٩٠٠) کە دەوڵەمەندی زمانی تورکیو توانای ئەو نیشان دەدات کە چەند لە خەمی تەتەڵەو بژارو دەوڵەمەندکردنی ئەم زمانەدا بووە. قامووسی جیهان، شەش بەرگە، ١٨٨٩– ١٨٩٨، یەکەمین ئینسایکلوپیدیای گەورەی تورکیە کە هەموو ناوداران و مێژوو و جوگرافیای جیهانی بە کورتیو پوختی لە خۆ گرتووە. قامووسی فەرەنسی (فەرهەنگێکی زمانەوانی گەورەیە بە فەرەنسی – تورکی، وتورکی – فەرەنسی، دوو بەرگە، ١٨٨٠).

چیرۆکی ئەڤینداری تەلعەت و فیتنە ( ڕۆمان، ١٨٧٢). سەید یەحیا (شانۆنامە، ١٨٧٤) بسا یان پیاوی بە بەڵێن (شانۆنامە،١٨٧٥)، پواز (شانۆنامە، ١٨٧٥). هەروەها پاچڤەی بێنەوایانو رۆبینسون کروزۆیشی کردووە.

کۆی بەرهەمەکانی سامی پەنجا بەرگە.

***پەراوێز:***

***١- لەوەیە لە ئالبانیا بێت کە ئەو رۆژگارە لە ژێر دەسەڵاتو حوکمی عوسمانیدا بووە.***

***٢- بە مانای زانستی بەختەوەری دێت.***

***- چیرۆکی ئەڤینداری تەلعەتو فیتنە (١٨٧٢):**

حیکایەتی ئەڤینداریی تەلعەتو فیتنە کە لە نووسینی شەمسەدین سامییە، یەکەم رۆمانی تورکیە. رۆماننووسی قۆناغی تەنزیمات لەو رووەوە کە مامەڵە لە تەك بابەتێن وەك دیاریکردنی پێگەی ژن لە کۆمەڵگە، مەسەلەی شووکردنو پەیوەندیێن خانەوادەییو گرفتو کێشەێن هاوسەرگیری نەگونجاو دەکات، شایستەی سەرنجو رامانە. رۆمانی قۆناغی ناڤبری لە رێگەی رۆمانتیزمیو ریالیستییەوە لە خەمی برەوپێدانی زمانێکە کە خەڵکی قسەی پێدەکەن، واتە بە زمانی خەڵکی دەدوێو لە رێگەی شیکردنەوەی قارەمانانی رۆمانسییەوەو بە شێوەیەکی سادەو رەوان ئەنجامو ئاکامی زەوجینی عەشایەریو ناواقیعی بەرجەستە دەکات، تەلعەت کە لە تەمەنی منداڵییەوە بابی خۆی لە دەست دەدات، لەلایەن ساڵحەخانمی دایکیەوە گەورەو بەخێو دەکرێت. موغازەیەك(دوکان) هەیە کە دەکەوێتە سەر رێگای هاتوچۆی تەلعەت بۆ سەر کارەکەی خۆی. ئەم موغازەیە (دوکان) هی حاجی مستەفا ناوێکە. حاجی مستەفا باوە پیارەی فیتنەیە. زەکیەخانمی دایکی فیتنە کاتێ کەسکی بە فیتنە پڕ بووە، لە مێردەکەی جیا دەبێتەوەو شوو بەو حاجی مستەفایە دەکاتو دوای چەند ساڵێك ئیدی دەمرێت. تەلعەت رۆژێك کە بۆ ماڵی خۆیان دەگەڕێتەوە لە باڵکۆنەکەی سەر موغازەکەدا چاوی بە فیتنە دەکەوێ بە دڵێ نا بە سەد دڵ ئاشقو شەیدای دەبێت. فیتنەش شێتو شەیدای تەلعەت دەبێ، بەڵام لە ترسی حاجی بابا (یانی باوە پیارەکەی) هەمیشە لە کونجی ماڵەوەیەو نایەتە دەرێ. تەلعەت هەڵدەستێ عەبایەك بەسەر خۆیدا دەداتو بیچمو هەیئەتی خۆی دەگۆڕێتو خۆی بە ماڵی حاجی مستەفادا دەکات. دەگەڵ فیتنەدا قسە دەکاتو سۆزو پەیمان بە یەکدی دەدەن، بەڵام دوای مودەتێك حاجی بابا،

فیتنه له کابرایەکی پارەدار مارە دەکات. فیتنه ڕێگە بەم پیاوە، کە عەلی بێگی ناوە نادات لێی نزیك بکەوێتەوەو لە ئەنجامدا ڕزگاری خۆی لە مەرگدا دەبینێتەوە. بە سووی دووری ئەو گەنجەی کە ئاشق و شەیدای ئەوە، پەنا وەبەر خۆکوژی دەبات. دوعایەکی لە ملدایە کە لە دایکییەوە بە یادگار بۆی ماوەتەوە. عەلی بێگ کە قەرار بوو ببێ بە هاوسەری فیتنە، دوعاکە دەکاتەوەو دەیخوێنێتەوەو بۆی دەردەکەوێ کە فیتنە کیژی ڕاستەقینەی خۆیەتی. شێت دەبێت و شەش مانگ دوای تەلعەت، عەلی بێگیش ماڵئاوایی لە دنیا دەکات.

ئەمەش چەند پەرەگرافێك لە سەرەتاو کۆتایی ڕۆمانەکە:

حاجی بابا یەك دوو مژی دیکەی لە سەبیلەکەی دا. هەستا توتنەکەی کێشا. تەلعەت کە چاوی بەو ناوەدا دەگێڕا لە پڕ تەمەشایەکی باڵکۆنەکەی سەر دوکانەکەی کرد. نیگای لەسەر سیمایەکی جوان کە لە پشت محەجەرەی بانیژەکەوە وەستا بوو، گیرسایەوە. فاسیلەی نێوان محەجەرەکان زۆر بوو و کیژێ بە باشی دەبینرا. چاوانی تەلعەت پرشنگیان دا. ویستی جارێکی دیکەش تەماشا بکات کە تەقوهوڕی تەرازووەکە وەئاگای هێنایەوەو تەمەشای نێو دوکانەکەی کرد. توتنەکەی وەرگرت. کە لە دوکانەکە وەدەرکەوت تەمەشایەکی تری باڵکۆنەکەی کردەوە. سیمایەکە لە جاری پێشوو جوانتر بوو. کوڕەی بەلەنگاز بە عەمراتی نە کیژی وا جوانی دیتبوو نە بەو جۆرەش شەیداو ئاشق بوو بوو. دیارە کە دڵی گەنجێکی تازە کوورەی واهی چەند زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سۆزو گودازەوە. تەلعەت بەدەم بیر کردنەوەوە بەرەو گەڕەکی بایەزید دایکێشا. دیمەنی باڵکۆنەی سەر موغازەی کابرای توتن فرۆش لە زەینیدا چەسپی بوو. بەدەم خەیاڵاتەوە ڕۆیی بۆ نووسینگەکەی، کاتێ کە لە نووسینگەکە گەڕایەوە، هەرچەند تووتنەکەی تەواو نەبوو بوو تۆزێ تووتنی دیکەشی کڕی. چاوی بڕییە بانیژەکە... دیسان هەمان دیمەنی بینی... بە دەم بیرکردنەوەوە بەرەو ماڵ ڕۆیی. لەسەر تەختەکەی ڕاکشا. خەوی لێنەکەوت، ماوەیەکی زۆر لە فکران ڕاچوو، جاری وا هەبوو ئاگای لە خۆ دەبڕاو هەندێجاریش غەم لە هەموو لایەکەوە تێی دەوڕوکا. بڕیاری خۆی دا. ئۆقرەی نەدەگرت. بەیانی لە ماڵ وەدەرکەوت. ڕۆیی بۆ موغازەکەی یارۆی توتن فرۆش. هەرچەندە توتنی مابوو، بەڵام هەمدیس بڕێك توتنی کڕی. بانیژەکە ڕێك وەکو خۆی بوو.

چەند ڕۆژێك بوری. ڕۆژێ تەلعەت بێگ وەکو جاران بۆ توتن کڕین خۆی بە دوکانەکەدا کرد. دوکاندارەکە توتنەکەی کێشا، تەلعەت بەرەو باڵکۆنەکە چاوی هەڵبڕی، لە پڕ وشك بوو. حاجی بابا توتنەکەی ئامادە کردبوو، لەبەردەم تەلعەتی داناو گوتی:– فەرموو بەڕێز

بەڵام وەکو ئەوەی هەر لەگەڵ ئەویشی نەبێت، حەواسی کوڕە لە شوێنێکی دیکە بوو. حاجی بابا گوتی: ئەی بابە، کاکۆ توتنەکەت بگرە. حەواست لە کوێیە؟ چیە لە تەواو ناچیت؟ ئەی بابە...

***

.... نها تەلعەت بە تەواوەتی هۆشی خۆی لە دەست دابوو، بێ هیچ جوڵەیەك لە جێی خۆی ڕاکشا بوو. گەنجەی بەلەنگاز هێشتا تای لێبوو. دەست و لاقی لە داری وشك دەچوون. ڕەنگ لە

رووی بڕا بوو و خوێن لە دەمارەکانیا نەمابوو. چاوەکانی بە قولا چوو بوون... بەو حاڵەشەوە هێشتا هەر قۆز بوو! بگرە لە جاران قۆزترو جوانتر بوو... کڵاوقژەکەی، پێڵاوەکانیو شتەکانی تریان داکەند بوو و بە هەمان شێوەی ئاسایی منداڵییەوە خەواندیان....

عەلی بێگش بەخۆشحاڵیو بە دەم پێکەنینەوە لە دەرگایەکەوە وەژوور دەکەوتو لە دەرگایەکی ترەوە دەردەچوو و روو لە ئامادەبووان هاواری دەکردو دەیگوت:

– بۆ دەگرین؟ بۆچی دەگرین؟ بۆ پێناکەنن؟ بۆچی هەڵناکەنە گۆرانی؟ چما نازانن شاییو زەماوەندە؟ بەڵێ،بەڵێ کیژەکەی منە. فەرموون ئەمەش نووشتەکەی زەکیەیە. بە خۆی نووسیویەتی، فیتنە کیژی منە ئاه...! من کچێکم هەیە، من فیتنەیەکم هەیە. فیتنەش یەك کەسی خۆش دەوێ.... تەلعەت.... تەلعەت.... ئەویش دەبێ بە زاوای من. دەبێ بە کوڕی من... کیژەکەمی دەدەمێ.. ئۆه... ئۆه... بابی هەردووکیانم... لەم دنیایەدا کێ لە من بەختەوەرترە؟ بابی کیژێکی ئاوهام! خەزووری گەنجێکی ئاوهام. ئۆه، ئۆه...

## ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی

( ١٨٤٤- ١٩١٢ )

***ئەو شتەی رۆمانی پێ دەگوترێ بریتییە لە تۆمارکردن و نووسینی یەك یان چەند حاڵەتێك لەو حاڵەتە جۆراوجۆرانەی کە لە کۆمەڵگەدا دەبینرێن. هەرکەسێك بگریت دەتوانێت خۆی لە جێگای یەکێك لە قارەمانانی رۆمان دابنێت. بە گوتەیەکی دی ژیانی تایبەتی هەرکەسێك بگری چەند رۆمانێکی تیا دەبێت... هیچ شتێك ناتوانێ بە ئەندازەی رۆمان خەڵکانی خوێندەوار سەرگەرم بکات و سوودیان پێبگەیەنێت. بۆیە بەم پێودانگە بۆ میللەتێك کە لە حاڵی گەشەکردن و پێشکەوتندا بێ هیچ شتێك لەوە پێویست تر نییە کە قۆڵی هیمەتی لێ هەڵماڵێت و بکەوێتە چاککردنی رۆمانەکانی.***

ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی، لەو رۆماننووس و رۆژنامەنووسانەیە کە بۆ یەکەمجار لەزەتی خوێندنەوەی رۆمانی بە خەڵکی تورك چەشت. لە ئەستەموول لە دایك بووە، کوڕی سلێمان ئاغای بزجییە. تەمەنی پێنج ساڵان بوو کە بابی مردو دووچاری گرفتی زۆر بوو، لە دوکانێکی عەتاری بازاڕی دەستی دووەم فرۆشاندا کەوتە شاگردی. خوێندنی سەرەتایی لەلای برا گەورەکەی لە ویدین تەواو کرد (١٨٥٤- ١٨٥٩)و لە ساڵی ١٨٦٣دا خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد.

لە روسچوکدا چووە نووسینگەی مکاتبات و لەوێ دامەزرا. بە دەم ئیش و کارەوە کەوتە فێر بوونی زمانی فەرەنسی. ئیدی لەو سەردەمەوە کەوتە نووسین و وتاری بۆ رۆژنامەی (دانوب) دەنووسی. لە ساڵی ١٨٦٨دا دەگەڵ مەدحەت پاشادا بۆ بەغدا رۆیی. لە بەغدا مەڵبەندێکی بڵاوکردنەوەی دامەزراندو رۆژنامەی (زەورا)ی دەرکرد. لە ساڵی ١٨٧١دا بۆ ئەستەموول گەڕایەوەو لە رۆژنامانی (جەریدەی عەسکەریەو بەسیرەت)دا دەستی بە نووسین کرد. لەوێش چاپخانەیەکی بچووکی دامەزراندو گۆڤارێن (داغارجیك- قامووس)، (فیرکانبار- چل عەمار)و رۆژنامانی (عیبرەت، دەورەو، بەدر)ی بڵاوکردنەوە. لە ساڵی ١٨٧٣دا بۆ دوڕگەی (رودوس)یان دوورخستەوە. هەوەڵین ڕۆمان و شانۆنامەکانی خۆی لەم دوڕگەیەدا نووسین. لە ساڵی ١٨٧٦دا دوا بە دوای لێخستنی سوڵتان عەبدولعەزیز بۆ ئەستەموول گەڕایەوە. لە ساڵی ١٨٧٧دا بەڕێوەبەرایەتی هەردوو بڵاوەخانەی (تقویم وقایع و چاپخانەی ئامرە)ی گرتە ئەستۆ، رۆژنامەی (تەرجومانی حەقیقەت) کە لە مێژووی رۆژنامەوانی تورکیادا پێگەیەکی گرینگی هەیە، لە ١٨٧٨/٦/٢٧دا لەلایەن ئەحمەد مەدحەتەوە دامەزرا. بەو وتارو چیرۆکانەی کە لەم رۆژنامەیەدا بڵاوی دەکردنەوە شۆرەت و نێوبانگی هێندەی دی لە نێو خەڵکیدا بڵاوبووەوە. موعەلیم ناجی، زاوای دەگەڵ ئەحمەددا راسم و حوسێن رەحمی گورپینار‌دا لەم رۆژنامەیەدا کاری دەکرد.

ئەحمەد مەدحەت سەرباری کارو چالاکی بێوچانی نووسینی کتێبان و کاری رۆژنامەوانی، بەرپرسیاریەتی مکاتەباتی قەرەنتینە(١٨٥٥)وجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی کاروباری ساغڵەمیشی لە ئەستۆ بوو (١٨٩٥). لە ساڵی ١٨٨٨دا. لە کۆنگرەی رۆژهەڵاتناساندا، کە لە

ستۆکهۆڵم سازکرا بەشداری کرد. لە زانستگەدا، دەرسی مێژووی گشتیو لە قوتابخانەی پەروەردەی مامۆستایانی کچاندا، دەرسی پەروەردەو فێرکردنی گوتووەتەوە.

ئەحمەد مەدحەت لە ٢٨//١٢/١٩١٢دا لە ئەستەموول بە هۆی سەکتەی دڵەوە، واتە بە مەرگی مفاجا کۆچی دوایی کردو لە نزیکی ئارامگای سوڵتان محەمەد فاتیحەوە بەخاك سپێردرا.

ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی ڕۆماننووسو ڕۆژنامەوانی مەزنی تورك یەکەم کەس بوو کە لە سەردەمو قۆناغی تەنزیماتدا توانی خەڵکی ڕموودەی خوێندنەوەی ڕۆمان بکاتو بە ڕۆمان چەشەیان بکات. نووسەرێکی میللی و ئینسایکلۆپیدیانووسێکی ناوداری سەردەمی خۆی بوو، تا لە ژیانا بوو خوێنەرێکی یەجگار زۆری هەبوو.

هەرچەندە دەیزانی نووسینەکانی پەیوەندییان بە هونەرەوە نییەو پایەدارو نەمر نابن. بەڵام ئەو زیاتر لە خەمو هەوڵی بێدارکردنەوەو فێرکردنی جەماوەری خەڵکیدا بوو. پڕخوێنەرترین نووسەری ڕۆژگاری خۆی بوو. شارەزاییەکی زۆر باشی لە سایکۆلۆژیەتی خەڵکیدا هەبوو و بابەتەکانی بە زمانێکی سادەو شێوازێکی روونو ڕەوان دەنووسی. وێڕای ئەوەی خەڵکانێکی یەجگار زۆری ڕمووەدەو هۆگری خوێندنەوە کرد، بەڵام ئەو کتێبانەی کە لە پاشی بەجێماون جگە لە بایەخە مێژووییەکەیان هیچ بایەخێکی تریان نییە. بە نووسینی خواجەی یەکەم (یەکەمین مامۆستا) بۆ میللەتێك کە سەراپا لە تاریکی، نەزانیو هەژاریدا نقووم بوو بوو، وەکو ئەرکێکی گەورەی سەرشانی خۆی، هەر ماڵێکی کرد بە قوتابخانەیەك، بە درێژایی ژیانی بەردەوام لە خەمو هەوڵی فێربووندا بوو، هەرچییەکی زانیبا لە ڕێگەی نووسینو پەیڤینەوە بە خەڵکی دەوتو خەڵکی فێردەکرد. بەرژەوەندییەکانی میللەت لەلای ئەو لە سەرووی هەر شتێکەوە بوو. باوەڕی وابوو کە ***"مەبەست لە خوێندنەوەی چیرۆك تەنیا ئەوە نییە کە لە ڕێگەی زانینی ئەو سەربهوردو واریقاتانەی بەسەر قارەمانانی ڕۆمانەکەدا دێت، هەندێجار شادو هەندێجار خەمین ببینو بەو جۆرە وەخت بەسەر بەرین"*** .

ئەحمەد مەدحەت لەبەرهەمەکانی خۆیدا زۆر بایەخ بە ڕێکەوتانی پێشبینی نەکراو چاوەڕوان نەکراو ونا ئاساییو ئەو کەسایەتیانەی کە لەگینە تووشیان ببین. دەدات. زۆرجار بە مەبەستی زیادکردنی زانیاری خوێنەر لە بابەتەکەی دەردەچێتو زانیاری ئینسایکلوپیدیانە بە خوێنەر دەدات کە دەبێتە هۆی پەراگەندەییو پەرتەوازەیی بابەتەکەی. لە مێژووی ئەدەبیاتی تورکیدا چالاکترین نووسەر بوو و بگرە قارەمانی قەڵەمی تورکیە. لە نێو نووسەرانی سەردەمو قۆناغی تەنزیماتدا، لە هەموو نووسەرەکانی دی باشتر سوودی لە زمانی میللی وەردەرگرتو بەکاری دەبرد. ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی لە بەرهەمەکانیا، بێ هیچ سڵکردنەوەو دوو دڵییەك زمانی باوی سەر زاری خەڵکی ئەستەمولی بە هەمان شێوەی دیالۆگی خەڵکەکە بەکار دەبرد.

ئەحمەد مەدحەت، وتار، ڕەخنە، پاچڤە، سەربورنامە، بیرەوەری، چیرۆك، شانۆنامەو ڕۆمانی یەجگار زۆرەو بەرهەمەکانی زۆر بابەتێن وەکو ئەدەبیات، مێژوو، فەلسەفە، ئاین، جوگرافیا، بایولوجی، نجومگەریی، فیزیك، ماتماتیك، ئابوری، موزیك، ئەفسانە ناسی، فیزیولوژی، بابەتێن

سوپایی،و کەڵەکچیاتیو دەستبڕی، لە خۆگرتووە. هەر دوو سەد بەرهەمەکەی خۆی بە کتێب بڵاوکردووەتەوەو پتر لە چل دانە یان ڕۆمانە. بە ناوبانگترین ڕۆمانی ئەمانەن:

حەسەنی دەریاوان (١٨٧٤). حوسێنی جووتیار (١٨٧٥)، لە دایکبوونەوە (١٨٧٥)، ئەفلاتون بێگو ڕاقم ئەفەندی (١٨٧٥)، تورکێك لە پاریسدا (١٨٧٦)، تازە پێی ناوەتە هەڤدە ساڵی (١٨٨٠)، دوڕدانەخانم (١٨٨١)، ئەحمەد مەتینوشێرزاد (١٨٨١)، پاچڤەی ئانتونی (ئەلکساندەر دۆمای کوڕ، ١٨٨٢)، پاچڤەی بەسەرهاتی گەنجێکی هەژار (ئوکتاف فویە، ١٨٨٢)، پاچڤەی بەسەرهاتی ژنێك (ئەلکساندەر دۆمای کوڕ، ١٨٨٢)، مونتاری ڕێگر (١٨٨٩)، ئاشقانی زێڕ (١٩٠٠)، ڕاوێکی سەیر (١٨٨٦)، جۆن تورك (١٩١٠)، ناسکە گێڕانەوە ( زنجیرەیەکە لە چیرۆکەکانی نووسەر، ٢٥ بەشە، ١٨٧١-١٨٩٦)، پاشان لە زنجیرەی ناوبراوەوە ئەم کتێبانە بەجیا بڵاوکرانەوە: یەنی چریها (١٩٤٢)، پەڕینەوە (١٩٤٥)، تاراوگە (ناوی ناوچەیەکەو بیرەوەرییەکانی نووسەرن لە تاراوگەی رودوسدا، ١٨٧٦) گەشتێك لە ئەوروپا (بیرەوەری سەفەرێکە بۆ سوێد، ١٨٩١).

***- ئەفلاتون بێگو ڕاقم ئەفەندی (١٨٧٥):**

ڕۆمانی ئەفلاتون بێگو ڕاقم ئەفەندی کە ئەحمەد مەدحەت لە تاراوگەی دورگەی رودوس دا نووسیویەتی، لە ئەدەبیاتی تورکیدا پایەو پێگەیەکی تایبەتی هەیە. لەم ڕۆمانەدا دوو نموونە لە هەنبەر یەکدا دەخرێنە روو. ئەفلاتون بێگ کە شەیداو دڵبەنەی کەلتوورو شارستانیەتی رۆژاوایە، لەو سۆنگەیەوە لە خەڵکی نامۆ دەبێتو دەبێتە مایەی تەوسو توانجی خەڵکەکە،و راقم ئەفەندی کە لە راستیدا نوێنەری کەسایەتی نووسەرە (ئەحمەد مەدحەت)، وەکو کەسێکی ماقول، لایەنگری نوێگەریی، کۆشیار، واقیعبینو گونجاو دەگەڵ بۆرژوازیدا بەرجەستە دەکرێتو دەنوێنرێ. ئەفلاتون بێگ کوڕی مستەفا مراکی ئەفەندییە کە پیاوێکی دەوڵەمەندو شەیداو دڵبەندی کەلتوورو شارستانیەتی رۆژاواییەو فێرکردنو پەروەردەی بەلاوە گرینگ نییە. کە مستەفا مراکی دەمرێت، سەروەتو سامانێکی فرە بۆ ئەفلاتون بێگ بەجێ دێڵێو ئیدی ئەویش بە کەیفی دڵی خۆی دەکەوێتە عەیشو نۆشو ڕابواردنو دەست بڵاوی. ئاشقی ئەکتەرێك بە نێوی پولینی دەبێتو دارو نەداری خۆی لەودا خەرج دەکاتو ئەنجام قەرزارو نابووت دەردەچێتو ناچار دەبێت ئەستەمووڵ بەجێ بێڵێ، بەڵام ڕاقم ئەفەندی لە تەمەنی یەك ساڵیدا هەتیو دەکەوێ. لە سایەی سەرپەرشتی دایکیو خاڵە عەرەبەکەیدا، فیدایی دەست بە خوێندن دەکات. زمانی فەرەنسی فێر دەبێت،و لە نووسینگەیەکی وەزارەتی دەرەوەدا دادەمەزرێو بەدەم کار کردنەوە، دەکەوێتە دەرس گوتنەوەو پاچڤە. پارەیەکی باش بە دەست دێنێو کەنیزەکێك بە نێوی جانان دەکڕێت. دەرفەتی خوێندنو فێر بوونی بۆ دەڕەخسێنێو لە ئەنجامیشدا دەیخوازێت. ئەمەش نموونەیەکە لە ڕۆمانەکە:

ئەفلاتون بێگ دەناسیت؟ ئەفلاتون بێگی ئاغازادە مستەفا مراکی.

به ئه قڵم نه‌تناسی. به‌ڵام گه‌نجێکه پێویسته بیناسیت. مسته‌فا مراکی ئه‌فه‌ندی له گه‌ڕه‌کێکی تۆپخانه له نزیکی بی ئوغلو ئاکنجییه، ناوهێنانی ته‌واوه‌تی گه‌ڕه‌که‌که‌یان جوان نییه. پێموایه به مه‌زه‌نده بۆت ده‌رکه‌وت که مه‌به‌ستم چ گه‌ڕه‌کێکه. ئه‌وه‌نده به‌سه.

پیاوێکی ناڤسالی چل‌و پێنج ساڵانه. بابی به شازده ساڵی ژنی بۆ مسته‌فا مراکی هێناوه. چونکه زوو ژنی هێناوه بۆیه له ته‌مه‌نی چل‌و پێنج ساڵیدا کوڕێکی بیست‌و حه‌وت ساڵانی هه‌یه به ناوی ئه‌فلاتون بێگ. هه‌ڵبه‌ته مسته‌فا مراکی هه‌ر ئه‌و کوڕه‌ی نییه. کیژێکیشی هه‌یه به ناوی میهره‌بان خانم. ته‌مه‌نی ئه‌م کیژه، له چل‌و پێنج ساڵی مسته‌فا مراکی ئه‌فه‌ندیدا پازده ساڵان بوو.

چه‌ند خۆشه پیاو له ته‌مه‌نی چل‌و پێنج ساڵیدا کوڕێکی بیست‌و حه‌وت ساڵ‌و کیژێکی پازده ساڵی هه‌بێت! هه‌ڵبه‌ته هه‌ر به‌ینی خۆمان بێ ئه‌م شادی‌و خۆشییه به زۆری بۆ باوکانه‌و بۆ دایکان جگه له به‌ڵاو ناخۆشی هیچی تر نییه. وه‌کو چۆن ئه‌مه به‌شی هاوسه‌ره‌که‌ی مسته‌فا مراکی ئه‌فه‌ندیش بوو. چونکه کاتێ مسته‌فا مراکی ئه‌فه‌ندی له شازده ساڵیدا بابی ژنی بۆ هێنا، هاوسه‌ره‌که‌ی کیژێکی دوازده ساڵه بوو. مه‌گه‌ر مۆدو باوی ڕۆژ ئه‌وه نییه که ده‌بێ ژن چوار پێنج ساڵێك له مێرد بچووکتر بێ!

ئیدی کیژه‌ی به‌له‌نگازو داماوی دوازده ساڵه له پازده ساڵیدا منداڵێکی بوو. به‌ڵام دایکه‌ی نه‌گبه‌ت پاش ئه‌وه‌ی چه‌ند منداڵێکی له بارچوو، له ئه‌نجامدا به‌ده‌م له دایکبوونی میهره‌بانی کیژییه‌وه، له زه‌یسانی هه‌ڵنه‌ستایه‌وه شه‌هید ئاسا دنیای فانی به‌جێهێشت.

خودا عافوی بکات! ئه‌و شتانه‌ش ده‌بێ. ده‌سه‌ڵات چیه ؟ کاتێ که مسته‌فا مراکی ئه‌فه‌ندی هاوسه‌ره‌که‌ی له ده‌ست دا کوڕێکی شازده ساڵ‌و کیژێکی ساوای له قوماتای هه‌بوو و له‌به‌ر ئه‌مه نه‌یتوانی ژنێکی دی بێنێ. پێشکه‌وتنی شارستانی‌و ژیاریی ئه‌م سه‌ده‌یه کردویه‌تیه کارێك که هه‌ر پیاوێك بتوانێ له شارێکی وه‌کو ئه‌سته‌موولدا به ڕه‌به‌نی‌و سه‌ڵتی بژی. بۆیه مسته‌فا مراکی ئه‌فه‌ندیش، پاش ئه‌وه‌ی ماوه‌یه‌ك به‌ڕه‌به‌نی ژیا، سه‌یری کرد پێویستی به ژنهێنانی تازه نییه. کاره‌که‌رێکی به ته‌مه‌نی ڕاگرت تا به کیژه ڕابگات‌و سه‌رپه‌رشتی منداڵه‌کانی بکات، پیره‌ژنێکی یۆنانی نهۆمی سه‌ره‌وه‌ی بۆ پاك‌و خاوێن ده‌کرده‌وه‌و ژنێکی ئه‌رمه‌نیش خواردن‌و چێشتی بۆ لێده‌نا.

هیچ سه‌رت له ڕه‌وشی به‌ڕێوه‌بردنی ناوخۆی ماڵه‌که‌ی مسته‌فا سوڕنه‌مێنێ. چونکه مسته‌فا مراکی ئه‌فه‌ندییه‌که‌ی له‌مه‌ڕ خۆمان که‌سێکی فه‌ڕه‌نگی ره‌فتار بوو. به چیا ده‌زانن؟ فه‌ڕه‌نگی ره‌فتارانی پازده بیست ساڵی له‌مه‌پێشی ئه‌سته‌مووڵتان له یاده؟ له‌و بابه‌تانه‌یه، وه‌زع‌و حاڵی باش بوو، زۆریش باش بوو. خه‌ڵکی ئوسکودار بوو و له‌وێنده‌ر ڤێللاو باخ‌و باخچه‌یه‌کی هه‌بوو. به‌ڵام هه‌ر بۆ ئه‌وه‌ی فه‌ڕه‌نگی ئاسا، واته ئاسووده‌ترو خۆشتر بژی‌و به‌هه‌ر نرخێ بوو موڵکه‌که‌ی فرۆشت‌و هاته تۆپخانه‌و له گه‌ڕه‌کێکی نزیکی بی ئوغلودا خانوویه‌کی تازه‌ی دروستکردو له‌وێدا ئاکنجی بوو. ڕاده‌ی دڵبه‌ندیی ئه‌وتان به فه‌ڕه‌نگ‌و هه‌نده‌رانه‌وه له‌وه‌وه بۆ ده‌رده‌که‌وێ که خانووه‌که‌ی ته‌نیا بۆ ئه‌وه‌ی شێوه‌یه‌کی ڕۆژاوایی هه‌بێ، به به‌رد دروستکرد. جا له خانوویه‌کی

وەهاداو لەگەڕەکێکی وەهادا دەشێت کەسێك کە بە تەواوەتی دڵبەندی فەرەنگیان بیّ‌و لاساییان بکاتەوە، شتی کۆن‌و تەقلیدی بەکار بێنیّ؟ بە تایبەتی کە دۆستە نوێخوازەکانی هەر ماوە نا ماوەیەك سەرێکیان دەدا، هەڵبەتە ئاشکرایە کە دەبیّ نۆکەران‌و کارەکەرانی یۆنانی‌و ئەرمەنی هەبن.

وا خەیاڵ نەکەن کە مادامێکی مەبەستی ئێمە باسی ئەفلاتون بێگ‌و بەسەرهاتەکانی ئەوە، یانی مەبەستمان ئەوەیە کە ئەفلاتون بێگ بە جەماوەری خوێنەران بناسێنین، ئیدی پێویست ناکات بەم جۆرە، بەم دوورو درێژییە بە تانی رابردوویی بابیا، واتە مستەفا مراکی ئەفەندی دا بچین. جا بۆ ناساندنی ئەفلاتون بێگ گومان لەوەدا نییە دەبیّ سەرچاوەو ئەسڵی ئەو بزانریّ. زانینی ژیان‌و رۆژگاری کەسێك کە لە سەرچاوەیەکی واوە سەری هەڵدابیّ ئاسانتر دەبیّ.

ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی دیدو بۆچوونی تایبەتی لەمەڕ رۆمان هەیە: **"رۆمان بریتی نییە لە گێڕانەوەی رووداوێکی سەیرو دڵگیر. چونکە رووداوی ناڤبری بێگومان پەیوەستە بە هونەرێك یان چەند جۆرە هونەرێك یان هەندیّ یاساو رێسای فەلسەفی یان وڵاتێکەوە یان قۆناغێکی مێژووییەوە. ئەو روونکردنەوانەی لەمەڕ هەر یەکێك لەو لایەنانە دەدرێت، بازنەی زانیاری خوێنەر بەرینترو دەوڵەمەندتر دەکات.... بە گوتەی دانیل هیوت حیکایەت‌و گێڕانەوە یان باسی ئەو شتە دەکات کە هەیە یان وێنەی شتە خەیاڵییەکان دەگرێت. گێڕانەوەی واقیع، واتە ئەو شتەی کە هەیە مێژوو بەرهەم دێنیّ‌و وێنەگرتنی بەروبوومی خەیاڵیش رۆمان یان چیرۆك بەرهەم دێنیّ.... مەبەست‌و ئامانجی رۆمان ئەوەیە کە گەشتوگوزارێکی فیکری بکەین، خوێنەر بە گۆشەو کەنارانی ئەستەموولدا بگێڕین، کەلێن‌و قوژبن‌و پەناو پاسارەکانی ژیانی میللەتەکەمانی نیشان بدەین، لە هەندەران دڵی خۆش بکەین، بە نیشاندانی ئەو رۆژە رەشانەی کە هەرگیز بەرۆکی بەشەر بەر نادات دڵان نەرم بکەین و،بە وێنەگرتنی رووداوێن زۆرو زەبەندو هەمە جۆر کە قەت بەشەر لێیان ناخەلەسێت بیانخەینە قاقای پێکەنین."**

## نامیق کەماڵ

( ١٨٤٠- ١٨٨٨ )

***مەبەست لە نووسینی ڕۆمان وێنەگرتنی تێرو تەسەلی پەیوەندییە ئەخلاقیو سۆزدارییەکانە بە شێوەیەك کە لەگینە هەر بوونی نەبێت، بەڵام ڕوودانو هەبوونیشی مەحاڵ نەبێ. لە ڕۆماندا دەرفەتی ئەوە هەیە کە سوود لە رەمزو بوونەوەرانی میتامرۆڤانی ( هەرچەندە ئەمە کەمە) وەربگیرێت. ئەرکێکی دیکەی ڕۆمان ئەوەیە کە مامەڵە لە تەك تەبیعەتی بەشەریدا بکاتو بیخاتە بەر وردەبینی شیکردنەوەوە. هەڵبەتە ئەم کارە بەوە دێتە دی کە رەوشو ڕێبازی پێشینان پشت گوێ بخرێ کە بە مەبەستو نیازی چاککردن یان سەرگەرمکردنی خوێنەران، بەبێ رەچاوکردنی هیچ گونجانو هاوئاهەنگیەکی پێویست، هەرچیەکیان بە خەیاڵدا دەهات دەیانخستە ڕوو.***

نامیق کەماڵ، رۆماننووس، رۆژنامەوان، شانۆنامەنووسو گەورەترین شاعیری میللی تورکییە . لە ١٨٤٠/١٢/٢١ لە تکرداغ لە دایك بووە. بابی، مستەفا عاسم مونەجیم باشی بوو. پاش ئەوەی لە تەمەنی دوو ساڵیدا فاتمە زەهرای دایکی کۆچی دوایی کرد، باپیرەی، یانی عەبدوللەتیف پاشا گرتیە خۆی. نامیق کەماڵ، پاش ئەوەی قۆناغێکی خوێندنی تایبەتی لە نك باپیرەی برِی بۆ قارسو سوفا ڕۆیی. کە لە ساڵی ١٨٥٧دا بۆ ئەستەمووڵ گەڕایەوە زمانی فەرەنسی فێر بوو بوو و کۆمەڵە شیعرێکیشی بە فۆرمو ستایلی ئەدەبیاتی دیوان، ئامادەکردبوو. لە تەمەنی شازدە ساڵیدا ژنی هێنا. لە ساڵی ١٨٦٣دا لە پاچڤەخانەی بابی عالی (دەرباری عوسمانی) دامەزرا. پاش ئەوەی ناسیاوی دەگەڵ ئیبراهیم شناسی دا پەیداکرد دەستی بە نووسینی وتاران لە رۆژنامەی (تصویر افکار)دا کرد. پاش ئەوەی شناسی لە ساڵی ١٨٦٥دا بۆ پاریس رۆیی، ئەرکی رۆژنامەکە کەوتە ئەستۆی ئەو و بە تاقی تەنیا درێژەی بە کارەکە دا.چونکە نووسینەکانی نامیق کەماڵ بوونە سەرچاوەی بێداری میللەتو ترسی دەوڵەتی دیکتاتۆری، بۆیە رۆژنامەی ناڤبری بە خورتی راگیراو نووسەرەکانی دوور خرانەوە. ئەویش ناچار بوو لەگەڵ زیا پاشادا بۆ پاریس هەڵێت (١٨٦٧). نامیق کەماڵ، بە مەبەستی جێگیربوونی مەشروتیەت (حوکمی پەرلەمانی) لە لەندەن (١٨٦٨) رۆژنامەی (حریەت)ی وەکو ئۆرگانی وەشانخانەی (کۆمەڵەی نوێی عوسمانیان) بلاوکردەوەو پاش ئەوەی قەراری بەخشینی گشتی بۆ مەحکومانی سیاسی دەرچوو بۆ ئەستەمووڵ گەڕایەوە (١٨٧٠) دەستی بە بلاوکردنەوەی رۆژنامەی (عیبرەت) کرد. ئەم رۆژنامەیە دوای نۆزدە ژمارە داخراو نامیق کەماڵ بە پۆستی سەرۆکی متەسریفلیکی گولی بولو ***(متەسەریفلیك ناوی تەقسیماتێکی ئیداری، ناوچەیی دەوڵەتی عوسمانی پاش قۆناغی تەنزیمات بوو)*** دامەزرا، دوای ماوەیەك لەم پۆستەش لابراو بۆ ئەستەمووڵ گەڕایەوە. بەهۆی نووسینی شانۆنامەی (سیلیسترە یان نیشتمان)ەوەو لە سۆنگەی ئەو هەراو هەنگامەو ئاشوبەی کە شانۆنامەی ناڤبری نایەوە، گیراو لە زندانی ماگوسای قوبرسدا حەپس کرا (١٨٧٣)، پاش سی و هەشت هەیڤانو دوای لابردنی سوڵتان عەزیز لە پاشایەتی، ئازاد بوو و لە ساڵی ١٨٧٦دا جارێکی دی بۆ ئەستەمووڵ گەڕایەوەو ماوەیەك لە ئەنجوومەنی یاسای بنەڕەتی (دەستوور)دا

كاری كرد. ئەمجارەیان بەر پشمو غەزەبی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم كەوتو بۆ دوڕگەی میدلی دوورخرایەوە (١٨٧٧). لەوێ پاش تێپەڕ بوونی ماوەیەك پۆستی متەسەریفیان دایە (١٨٧٩). وەزیفەكەی لە ساڵی ١٨٨٤دا بۆ دوڕگەی رودوسو لە ساڵی ١٨٨٧دا بۆ دوڕگەی ساكیز گوێزرایەوە. نامیق كەماڵ لە دوڕگەی ساكیزدا تووشی نەخۆشی سیل بوو و لە ١٨٨٨/١٢/٢دا كۆچی دوایی كردو لەسەر وەسێتی خۆی لە گۆڕستانی شازادە سلێمان پاشای فاتیحی روملی لە بولایير بەخاكیان سپارد ***(روملی، ناوێكە لە فتوحاتی عوسمانی لە بالكاندا، نرابوو،و وڵاتانی وەكو یوگسلافیاو بولگارستانی ئەمڕۆی دەگرتەوە).***

نامیق كەماڵ، هەرچەندە لە زۆر بواری ئەدەبیدا بەرهەمی هەیە بەڵام بە دلێرترین دەنگی شیعریی نەتەوەیی تورك ناسراوە، لە بەرهەمەكانیا زیاتر بایەخ بە بابەتو مەسەلە كۆمەڵایەتییەكان دەداتو لە رێگەی بەكارهێنانی وشەو زاراوەێن مینا وەتەن، میللەتو ئازادییەوە لایەنگریی خۆی لە پرەنسیپی (هونەر بۆ كۆمەڵ) نیشاندەداتو دەردەبڕێت. هەردوو فۆرمو نێوەڕۆك لە شیعرەكانی هەوەڵیدا كلاسیكو كۆنن. بەڵام پاشان رووی كردە نێوەڕۆكی تازە لە قاڵبو فۆرمی كۆندا. پاشتر لە هەردوو لایەنی فۆرمو نێوەڕۆكەوە رووی لە نوێگەریی كرد. نامیق كەماڵ لە نامەیەكیدا كە لە ماگوساوە بۆ عەبدولحەق حەمیدی نووسیوە دەڵێت: ***"من كە لە تەمەنی تۆدا بووم نەك دەقی كێشو تافیەدارم نەدەنووسی، بگرە هەوڵم دەدا قسەش نەكەم. لە تەمەنی ٢٤- ٢٥ ساڵیدا لە گۆڤاری (تصویر افكار)دا دەستم بە نووسین كرد. لەو سەروبەندەدا هەر كۆپلە شیعرێكم لە بیست بەیت كەمتر بوایە بە شیعرم نەدەزانی. رەگو ریشەی هەموو ئەمانە لە ناكارایی‌و بێ خێری میللەتدا بوو نەك لە ئێمە"***. نامیق كەماڵ لە ئەدەبیاتی توركیدا یەكەم رۆمانی لە ژێر كاریگەریی قوتابخانەو رێبازی رۆمانتیزمدا نووسیوە. نامیق كەماڵ، شیعری توركی لە گۆشەگیری دەرباز كردو جمو جوڵێكی پێ بەخشی. نامیق كەماڵ بە داهێنەری زمانێكی روونو رەوانو دوور لە هەر گەمەیەكی زمانەوانی دەژمێردرێت. بیروبۆچوونو هزری خۆی لە شیعرەكانیا زۆر بە روونی‌و سادەیی دەردەبڕی‌و كۆڵنەدەرانە دژی تێوری بێ توانایی مرۆڤ وەستایەوە كە سەدان ساڵ بوو بەردەوام بوو، نامیق كەماڵ پێی وابوو هەر مرۆڤێك دەتوانێ ببێ بە قارەمانێك. جا بۆ ئەوەی بیروباوەڕەكانی خۆی بگەیەنێتە زۆرترین ژمارەی جەماوەری خەڵكی، زمانو پەخشانێكی هەڵبژارد كە زیاتر لە زمانی گوتار دەچوو، دەیگوت: ***"بۆچی دەبێ كارێكی وەها بكرێت كە خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دوو لاپەڕە نووسین، هەشتا جار بگەڕێتەوە سەر فەرهەنگ؟ بۆچی دەبێ ئەم كارە بە هونەرو دەستڕەنگینی بزانین؟ لە دنیادا هیچ كارێك لەمە بێهودەتر نییە كە بۆ خەڵكی بژاردە كتێبان بنووسیت"***.

نامیق كەماڵ لە هەوڵی ئەمەدا بوو كە دەستووری زمانی توركی بێ هیچ ترسو دوو دڵی‌و خاترانەیەك چاك بكات، سوود لە وشە باوەكانی ناو رەشو رووتی خەڵكی بدینێ، رەگەزە پێكهێنەرەكانی زمان لە رووی فۆرمو نێوەڕۆكەوە رەنگینتر بكاتو زمان لە گوشارە هونەرییە قورسو دەستكردەكان ئازادو رزگار بكات.

نامیق کەماڵ هونەری بە ڕێگەو هۆیەك دەزانی بۆ بێدار کردنەوەی میللەت، بۆ قازانج و سوودی کۆمەڵگە، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی خۆی، بۆیە لە قاڵبی شیعردا، وتار، مێژوو، ڕەخنە، بیۆگرافی، ڕۆمان و شانۆنامەو کۆمەڵێك بەرهەمی دیکەی هێنایە ئاراوە کە وەکو ئەوزارێك بۆ بێدارکردنەوەو هوشیار کردنەوەی جەماوەری خەڵك بەکاری بردن. باوەڕی وابوو کە ***"شانۆنامە ژانرێکی ئەدەبی سەرگەرم کەرە، بەڵام بە سوودترین سەرگەرمییە"***. ئیدی بەو نەفەس و خەیاڵانەوە ئەم شانۆنامە بەنێوبانگانەی نووسیوە:

سیلیسرە یان نیشتمان (١٨٧٣) کە بە مەبەستی هاندان و بەزرکردنەوەی ورەی میللەت نووسراوە، منداڵی هەژار (١٨٧٣) کە بە مەبەستی نیشاندانی زیانەکانی زەماوەندی ناچاری نووسراوە. عاکف بێگ (١٨٧٤) بەسەرهاتی ژنێکە کە تەنانەت خیانەتی لە قارەمانترین مێردو هاوسەرش کردووە. گوڵنەمام (١٨٧٤) ڕاپەڕینی خەڵکییە لە دژی (سنجاك بێگ)ێك و ***(سنجاك یەکێك بوو لە تەقسیمبەندییە ئیدارییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و بە سەرۆکی هەر سنجاکێك دەگوترا سنجاك بێگ)*** ستەمکار، جەلالەدینی خوارزمشا (١٨٨٥). نامیق کەماڵ لە پێشەکی ئەم شانۆنامەیەدا کە ناونیشانەکەی لە مێژووی تورکانی سەردەمی خوارزمشاییەکانەوە وەرگرتووە، دیدوبۆچوونی شانۆیی خۆی نیشان دەدات. بەڵای ڕەش (١٩١٠) لەم بەرهەمەدا خوێنەر بە ڕووداوێکی سەردەمی (بابریان)ی هند ئاشنا دەبێت، ڕۆمان و بەرهەمە بەنێوبانگەکانی دیکەی نامیق کەماڵ بریتین لە: دوا پەشیمانی (١٨٧٦) ئەم ڕۆمانە ناوچەییە پاش سانسۆرکردن بە ناونیشانی بێداری چاپ و بڵاوبووەوە، بەدبەختی و ڕۆژە ڕەشی گەنجێك وێنە دەگرێت و نیشان دەدات کە کەوتووەتە داوی هەواو هەوەس و ئاین و ئوینانی ژنێکی ناڕەسەن و ناجسنەوە. جەزمی (١٨٨٠) ئەمە ڕۆمانێکی مێژووییە کە بە مەبەستی یەکێتیی ئیسلام نووسراوە. تەخریبی خەرابات (کە لە ساڵی ١٨٧٤ نووسراوەو لە ساڵی ١٨٨٥دا بڵاوبووەتەوەو ڕەخنەکانی نامیق کەماڵی لە خۆ گرتووە). تاقیب (لە ساڵی ١٨٧٥ دا نووسراوەو لە ساڵی ١٨٨٥دا بڵاوبووەتەوە. بەرەڤانی لە ژنان (وەشانکار: فوئاد کوپرولو، ١٩٦٢). سروودەکان (بریتییە لە ژیاننامەو شیعرەکانی نامیق کەماڵ، وەشانکار: سەعد نەزهەت ئەرگون، ١٩٣٣).

***- بێداری (١٨٧٦):**

نامیق کەماڵ، نوقستانی و کێماسی ئەدەبیاتی تورکی لە ڕۆماندا دەبینی. بۆیە کاتێ کە لە تاراوگەی ماگوسادا دەژیا ڕۆمانی سەربهوردی عەلی بێگ یان بێداری نووسی (١٨٧٦). نێوەڕۆك و بابەتی ڕۆمانی ناڤبری کە لە ژێر کاریگەری (خانمی خەنجەردار)ی حیکایەت و بەیتی فۆلکلۆری تورکیدا نووسراوە بریتییە لە: "عەلی بێگ تاقانەی ماڵباتێکی دەوڵەمەندە. خوێندنێکی زۆر باش دەخوێنێ و تا تەمەنی دە ساڵی فێری چەندین زمان دەبێت. بەڵام ئەو شتانەی کە دەیخوێنێ، کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر گەشەکردنی کەسایەتی ئەوەوە نابێت، لە تەمەنی بیست ساڵیدا، پاش مردنی بابی دەست دەداتە عەیش و نۆش و ڕابواردن. دوای گەشت و گەڕانێکی زۆر بە چاملیجادا ناسیاوی دەگەڵ ژنێکی جواندا پەیدا دەکات. ئەم ژنە کە عەلی بێگ

وا هەست دەکات خانمێکی پاك‌و بێگەردە، یەجگار شیك پۆش‌و مۆدپەروەر دەبێت‌و نێوی ماپەیکەرە. لە ئەنجامی کارێن ناشیرین‌و ناشایستەوە لە سوریا سەروەت‌و سامانێك پێکەوە دەنێت‌و دەگەڵ پیرەمێرێکی هەفتا ساڵەی دەموچاو کونجی ناشیریندا بە نێوی عەبدوللا ئەفەندی وەکو دۆست دەژی. دایکی عەلی بێگ زۆری لەبەر گران دەبێ کە کوڕەکەی ئاشقی ژنێکی لەو بابەتە بووە، هەڵدەستێ هەر بۆ خۆشبەختی ئەو کارەکەرێکی جوان بەنێوی دڵئاشوب بۆ خاوێنکردنەوەیماڵەکەیان ڕادەگرێت، بەڵام هەر ناتوانێ کوڕەکەی لە شەڕی ئەو ژنە دوور بخاتەوە.

عەلی بێگ رۆژێ دەڕوات بۆ ماڵە کەنارییەکەی‌و ماپەیکەر لەوێندەر نابینێ. تومەز چووە بۆ دیدەنی عەبدوڵلا ئەفەندی دۆستی. عەلی ئەو شەوە بەدەم چاوەڕوانییەوە لەوێندەر بەسەر دەبات‌و بۆ سبەینێ کە ماپەیکەر دەگەڕێتەوە، موناقەشەو گەنگەشەی دەگەڵ دەکات. لێکدی جیادەبنەوە. عەلی بێگ بەرە بەرە حەز لە دڵئاشوب دەکات. ماپەیکەر بە هاودەستی عەبدوڵلا ئەفەندی دۆستی کە چاوی لە هەموو شتێك پۆشیووە، نەخشەیەك دادەنێ. لەو ژنانەوە کە لە گەرماودا دڵئاشوبی بەلەنگازیان دیتووە هەندێ زانیاری دەربارەی خاڵەکانی لەشی بەدەست دێنێ‌و لە زمانی چەند پیاوێکەوە ئەم زانیاریانە بە گوێی عەلی بێگدا دەدات. عەلی بێگ زۆر توڕە دەبێت‌و دەکەوێتە لێدان‌و جنێودانی دڵئاشوب‌و بەخۆیشی نەخۆش دەکەوێ‌و لە جێدا دەکەوێ. کیژێ بە کابرایەکی بازرگانی کۆیلان دەفرۆشن. ماپەیکەر، دڵئاشوب دەکڕێت. ئەم ژنە هەرزەیە هەوڵێکی زۆر دەدات کە ئاکاری کیژێ خراپ بکات‌و لەڕێی دەربکات، لێ ریسەکەی دەبێتەوە بەخوری. عەلی بەگیش دەبێت بە کەسێکی خەمسارد‌و بێ موبالات، دارو نەداری خۆی لە دەست دەدات‌و دایکی لە خانوویەکی کرێدا بە کرێچیاتی‌و هەژاری‌و دەستکورتی دەمرێت. بەم حاڵەشەوە بۆلای ماپەیکەر ناگەڕێتەوە، ماپەیکەریش کە لە عەلی بێگ نا ئومێد دەبێت، بە جارێ دەهری دەبێت‌و دەکەوێتە بیری ئەوەی عەلی بێگ لە نێو بەرێت. بەهەر فێڵ‌و تەڵەکەیەك بووە کارێکی وا دەکات کە عەلی بێگ بۆ ڕابواردن دەعوەتی باخێك لە ئوسکودار بکرێت. ماپەیکەر (دڵئاشوب)ش بۆ ئەوێندەر دەبات. دڵئاشوب، لە نەخشەو پیلانەکەی ماپەیکەر ئاگادار دەبێت. دڵئاشوب، عەلی بێگ کە ئاگای لە هیچ شتێك نییە، و دەعوەتەکەی قەبووڵ کردووەو هاتووە بۆ ئاهەنگەکە، لە حاڵ‌و حیکایەتەکە ئاگادار دەکات. عەلی بێگی گەنج خۆی لە عەبایەکەوە دەپێچێ‌و لە پەنجەرەوە هەڵدێت. دەچێ مەخفەر ئاگادار دەکاتەوە. لەم کاتەدا کە دڵئاشوب پاڵتۆکەی عەلی بێگی لەبەر کردووەو لە سووچێکدا وەستاوە، بەو خەیاڵەی کە عەلی بێگە، بەر چەقۆیان دەدەن‌و دەیکوژن. عەلی بێگش کە دەگەڵ پۆلیسەکاندا بۆ ئەوێندەر دەگەڕێتەوە، لە توڕەییدا ماپەیکەر دەکوژێت. دەخرێتە زیندانەوە. بە هەژاری‌و دەستکورتی درێژە بە ژیان دەدات. داخ بۆ ساڵانی بەفیڕۆ چووی تەمەنی خۆی دەخوات. بەڵام پەشیمانی دادی نادات. مەحاڵە بگەڕێتەوە سەردەم‌و قۆناغی منداڵیەتی‌و ساڵانی پاك‌و بێگەردیی لاویەتی. ئەمەش نموونەیەکە لە خودی رۆمانەکە: ***ئایا تا نها*** لە وەرزی بەهارا، لە کەشو هەوایەکی نیمچە هەوری شنەدارا، لە ژێر پرشنگی جوانی خۆرەتاوا تەمەشای چەمەنزارتان کردووە؟ شنەی باو سێبەری هەوران، چەمەنزارەکە دەگۆڕێت

به دەشتێکی سەوزی بە شەپۆل و دەگەڵ هەر شەپۆلێکدا شێوەیەك دەنوێنێ. سەوزەزارەکە بە گوڵێن ڕەنگاو ڕەنگ و هەمە جۆر سەرانسەری دەشتەکە دەڕازێنێتەوەو گوڵەکان بەدەم سەمای شەپۆلسازی خۆیانەوە لە ژێر پرشنگی هەتاوەکەدا وێنەیەك دەنوێنن هەر دەڵێی فەرشێکە لە پەڕی تاوس و لەسەر زەوی ڕاخراوە.

پێموایە لە بابەت و مەبەستە سەرەکیەکەی خۆمان دوورکەوتینەوە، مەبەستمان وەسفی چاملیجا بوو بە وەسفی بەهار... ئەگەر ئەمە بێتاقەتی کردوون داوای بوردن دەکەم.

ئێستا دێمە سەر ئەسڵی مەسەلەکە:

ئەی جیهانگەڕی هوشیاری عالەمی میسال

ئایا نەوبەهارت لە هەیبەتی کۆشکێکی بەشکۆدا دیوە؟ ئەوانەی ئەستەموولیان دیتووە دەزانن کۆشکی چاملیجا بە یەکێك لەو عاجباتیە هەرە جوانانەی ڕۆژگار دەژمێردرێ کە لە روح پەروەردیدا هیچی لە بەرهار کەمتر نییە... هەقە چاملیجا ناو بنەین پارچەیەك لە بەهەشتی سەر رووی زەمین من گەشت و گەڕانم لە خەلیجدا، لە هەموو ڕۆژانی هەفتەدا جگە لە هەینی و یەك شەممە، ئەگەر دنیا خۆشیان بێ یان هەور بێ‌و بە تایبەتی لە چاملیجادا، لە بەهارا پێ خۆشە....

وەکو چۆن هەموو ئینسانێك حەز لە گەشت و گەڕان دەکات، عەلی بێگیش ( پاشان باسی دەکەین) بەو ئاوایە حەزی لە گەشت و گەڕان بوو.

عەلی بێگ گەنجێکی بیست و یەك بیست ودوو ساڵان، لە ماڵباتێکی دەوڵەمەندو تاقانەی داك و بابی بوو، بابی یەکێك بوو لەو کەسانەی کە قەدری منداڵیان دەزانی. بۆیە وەکو یەکێك لەو ئەشرافزادانەی کە خوێندنی باڵایان تەواو کردبێت، پەروەردەی کردبوو و نازی دابوویە. عەلی بێگ هەرچەند بە تەمەن بچووك بوو بەڵام چەند زمانێکی دەزانی و لە نێو ئەدیبانیدا بە بەهرەدارترین خوێندکار دەژمێردرا، خۆشەویستی و میهرەبانی بابی (کە نموونەیان لە نێو ئێمەدا زۆر کەمە) بە ڕادەیەك لە ئاکارو ڕەفتاریا ڕەنگی دابووەوە کە پەروەردەکارو خزمەتکارەکانی بە چاوی فریشتەوە لێیان دەڕوانی. بەڵام بابە بەلەنگازەکەی بە درێژایی ژیانی، نیگەرانییەکی گەورەی دەربارەی جگەر گۆشەکەی هەبوو. عەلی بێگ یەجگار تووڕەو ڕەنگ و رووی زەرد بوو، بەم حاڵە قانیع بوو و بە حوکمی پەروەردەو بەخێوکردنی حەکیمانەی دەیتوانی جڵەوی خۆی بگرێت و تووڕەییەکەی کە یەکێکە لە خەسڵەتە ئاسایی و سروشتییەکان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام لەبەردەم حەزو کەڵکەڵەکانی خۆیدا کە خەسڵەتێکی دیکەی مجێزو تەبیعەتی ئەو بوو، زۆر لاواز بوو، خەیاڵ و حەزی چووبایە سەر هەر شتێك بە جۆرێ خووی دەدایە کە هەموو دنیای فەرامۆش دەکرد. ئەگەر حەزی چوبایە سەر شتێك، با ئەو شتە زۆر بچووك و بێ بایەخیش بوایە،و بە ئاسانی دەستی نەکەوتبا یان کۆسپ و تەگەرەیەکی بهاتبایە ڕێگە، ئامادە بوو گەورەترین فیداکاری لە ڕای بەدەست هێنانیدا بکات. ئەگەر لە بچووکترین کاردا شکستی هێنابا بە دزییەوە دەگریاو ڕۆژەهای ڕۆژ نەخۆش دەکەوت.

بەڵام چونکە ئەم جیهانە لە گۆڕانی بەردەوامدایەو چەرخی رۆژگار بە دڵی ئەمو ئەو ناگەڕێت، کە تەمەنی گەییە بیست ساڵان، سەرچاوەی بیرو بوونی ئەو، واتە بابی سەفەری ئەو دنیای کردو ئیدی لەوە بەدواوە هەموو جۆرە بەڵاو نسیبەتێك رووی کردە عەلی بێگ.

.... ئەو زەمانو رۆژگارەش، پرهاتوچۆترین زەمانی چاملیجا بوو، لەبەر ئاپۆڕای ژنانی پەچەدار رێ بەر رێدار نەدەکەوت، ئەوەندە زۆر بوون، بڵقی سەرئاوی لافاوێکی خرۆشاویان وەبیر دێنایەوە.

پیاوانیش لە جێی خۆ ڕابوونو بەناو ژنان کەوتنو هەر کەسەو بە جۆرێ ئەشقو ڤیانی خۆی دەردەبڕی، ئیدی هەر درۆیەکیان بە خەیاڵدا هاتبا، نەیان دەگێڕایەوە، وەکو: مەحاڵە جگە لە دڵدارەکەیان کەسێکی تریان خۆش بوێ، ئامادەن لە پێناوی ماشقەکەیاندا گیانی خۆ بەخت بکەنو ئیدی هەزارو یەك درۆی ساردو بێتام بە پولێ.

ئەم دیمەنانە دەگەڵ سروشتو پەروەردەی عەلی بێگدا. بە هیچ جۆرێ تێکی نەدەکردەوە. بۆیە گەشتو گەڕانی ئەو رۆژەی لێ بوو بوو بە قوزەڵقورتو ژەهری مار. وەزعو حاڵی وڵاتو مەملەکەتی ئێمە روونە: لە نێو دۆستو ناسیاواندا نابێ حاڵەتە دەروونییەکان ئاشکرا بکرێت، چونکە ئەمە دابو نەریتی رەفاقەت و دۆستایەتیە. لە بۆنەێن وەکو گەلە سەیران کە شتێکت بە دڵ نەبوو دەبێ بە درۆوە وا بنوێنیٚ کە زۆرت بە دڵە، ئەمە بە ئەدەبو ئەتەکێت دەزانن، بۆیە عەلی بێگی بەلەنگاز هیچ چارێکی نەبوو جگە لەوەی وەکو زۆربەی خەڵکەکەی تر نیگەرانییە دەرونییەکەی خۆی بشارێتەوەو وا بنوێنێ کە زۆر خۆشی لێگوزەراوە.

ئەویش لە کاتێکا کە دەگەڵ هاوڕێکانیدا بەملاو بەولادا دەڕۆیی، بە شێوەیەك کە لە دۆستەکانییەوە فێر بوو بوو، ئامازەی بۆ ئوتۆمبیلێك کرد، بێ ئەوەی تەمەشای ناو ئوتومبیلەکە بکات، تا بوەستێ. شوفێرەکە کە هەر تەمەشاشی نەکرد. ئەویش بەو خەیاڵەی کە رێی بە کەسێکی خێزاندار گرتووە تەریق بووەوە، هەستی دەکرد خوێنی ناو دەمارەکانی هاتووەتە جۆشو خەریکە سەراپای دەتوێنێتەوە.

*- جەزمی (١٨٨٠):

جەزمی بە یەکەمین رۆمانی مێژوویی ئەدەبیاتی تورکی دێتە ژماردن. بابەتو نێوەڕۆکی ئەم رۆمانە، کە نامیق کەماڵ لە میدللی دەستی بە نووسینی کرد، لە مێژووی عوسمانییەوە وەرگیراوە، بابەتی رۆمانی بێداری هی دەورەی تەنزیماتە، بەڵام رووداوەکانی رۆمانی جەزمی لە سەدەی شازدەیەمدا روو دەدەن. جەزمی کەسێکی سوپایی عەگیدو لە هەمان کاتدا شاعیرێکی زانایە. کەسێکی قۆزە، لە ئەسپ سواریو قاشوانێدا لێهاتووە، لەوە دەچێت نامیق کەماڵ لە رۆمانی جەزمیدا باسی گەنجایەتی خۆی بکات. واریقاتو بویەرێن(رووداو) رۆمانەکە لە ئەستەمووڵ دەست پێدەکات، لە ئازەربایجانو ئێراندا بەردەوام دەبێتو لە کۆشکی تەورێزدا کۆتایی دێت. لە ئێراندا محەمەدی خودابەندە، کوڕی شا تەهماسپ پاشایە. شەهریاری هاوسەریو پەریهانی خوشکی، نابینایی شا بە هەل دەزاننو دەست دەخەنە سیاسەتو

کاروباری دەوڵەتەوە. شەڕ لە نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا هەڵدەگیرسێت. جەزمی، خۆبەخش و لەسەر خوایشتی خۆی دەڕوات بۆ شەڕو لە بەرەی شەڕدا ناسیاوی دەگەڵ عادیل گیرای دا پەیدا دەکات. سوپای ئێران شکست دێنێ و زۆر ناوچەو دەڤەران دەدۆڕێنێ و لەدەست دەدات، غازی گیرای و عادیل گیرای برای لە شەڕدا بەدیلی دەگیرێن. بە شێکی زۆری ڕۆمانەکە تەرخانە بۆ یەکتر دیتنی عادیل گیرای دەگەڵ پەریهان و شەهریار لە کۆشکی پاشای ئێراندا، ئەم دوو ژنە ئاشقی عادیل گیرای دەبن. پەریهان کە سوننە مەزەبە بە کۆمەکی عادیل گیرای و پشتیوانی سوپای عوسمانی لە هەوڵی گرتنە دەستی پاشایەتی ئێراندایە. شەهریاری هاوسەری شا بەمە دەزانێت و شەڕێکی خوێناوی لە نێوان هەردوولادا هەڵدەگیرسێت. شەهریار، عادیل گیرای و پەریهان هەر سێکیان دەکوژرێن، جەزمی لەم ڕووداوەدا زامدار دەبێت و خۆی دەگۆڕێت و جلکی دەروێشان لەبەر دەکات و بە شەڕە شەق بۆ وڵات دەزڤرێتەوە. نامیق کەماڵ بە تەما بووە ئەم ڕۆمانە لە دوو بەرگدا بنووسێت. لە بەرگی یەکەمدا باسێکی ئەوتۆی ژیانی جەزمی نەکراوە. ئەمەش نموونەیەکە لە ڕۆمانەکە:

جەزمی پێکراو بە پەریشانی کەوتە سەر زەوی، بەڵام زامەکەی کاری نەبوو. جلەکانی لە خوێنا هەڵکشان، چونکە برینەکەی پێچا بوو خوێنێکی زۆری لەبەر نەڕۆیی. ئەم پیاوە داماوە لە ئاخرو ئۆخری واریقاتەکەدا وەهۆش هاتەوە. عەباس کە دەیزانی جگە لەوان هیچ کەسێکی دی لە مەیدانەکەدا نییە پاش گەنگەشەیەکی فرە قەناعەتی بە جەزمی کرد کە پێویستە وەکو جەنازەکانی دی لە ئەرزەکەدا بێ جوڵە ڕابکێشێت، خۆی بکات بە مردوو.

کە کاتی هەڵگرتنەوەو بارکردنیی جەنازەکان هات، جەزمی خستە سەر شانی خۆی و وەکو هەر جەنازەیەکی دی خستیە نێو گالیسکەکەوەو بۆ ئەوەی لە چاوی دۆست و دژمن بە دووربێ و بیشارێتەوە، چەند جەنازەیەکی بەسەریا دا، جەزمی بە هۆی قورسی جەنازەکانەوە جارەکی دیکەش بورایەوەو لە خۆچوو. گاردو پاسەوانەکان، پاش ئەوەی هەموو جەنازەکانیان لە گالیسکەکە بارکرد، چەند مەشخەڵێکیان داگیرساندو بەرەو گۆڕستان وەڕێ کەوتن. ڕۆشنایی بە دووکەڵ ئاوێتەی ئەم مەشخەڵانە دەکەوتە سەر پەڵە خوێنی دەوری جەنازەکان و دیمەنێکی لە وەسف نەهاتووی دەنواند. حاڵ و ڕۆژی ئەم کاروانە نسیبەت زەدەیە، بڕگەیەکی قیامەت و پەسلانی لە هزرو بیرا زندوو دەکردەوە.

دوای سێ چارەکە سەعات گەیینە گۆڕستان. عەباس جەنازەکانی لە گالیسکەکە هێنانە خوارێ. ڕۆستەم خان ڕووی کردە عارەبانچی و ئەوانەی دەگەڵ جەنازەکاندا بوون و گوتی: "ئێوە لە شەوێوە تا نهو بە پێوەن. هەم ڕێیەکی زۆرتان بڕیوەو هەم کارتان کردووە. هەڕن ئیسراحەت بکەن. ئەمجا نۆرەی ئێمەیە." بەو جۆرە ئەوانی لەوێندەر دوورخستەوە. داوای لە هاوڕێکانی کرد چەند چاڵێکی گەورە هەڵکەنن. وەك بڵێی دەترسا بوونی ئەو جەنازانە وەکو تەلیسمێك ببێتە مایەی نیگەرانی و پەریشانی بەندەکانی تری خودا. پارچەی جەستەی هەر یەکێکیانی و، لە پێش هەموویانەوە هی هاوسەرەکەی شای خستە چاڵەکەوەو ئەوسا بە شێوەیەك کە ڕەجمی وە بیردێنایەوە بە بەرد چاڵەکانی پڕ کردەوە، پاشان دەستی بە ناشتنی جەنازەکانی دی کرد.

کاتێ کە لە مەیدانەکەدا جگە لە جەستەی جەزمی، عادیل گیرایو پەریهان هیچی تر نەمایەوە، دۆستەکانیشی بۆ شار ناردنەوە. تۆزێ ئاوی هێناو بەسەرو چاوی جەزمیدا پرژاند تا وەهۆش بێتەوە. زامەکەی شۆردو دەرمانی کردو پێچای. هەنگێ لە ژێر یەکێك لە مەشخەڵەکاندا رۆنیشتنو هەرچیەك رووی دابوو بۆ جەزمی گێڕایەوە.

ئەوەی لە زاری جەزمی هاتبووە دەر بریتی بوو لەمە: "شازادەکان رۆیشتن، مردن، بۆچی وازت لێنەهێنام منیش بمرم ؟" عەباس گوتی: "ئەم قسەیە چیە، یانی دەکرێت بە کوشتنی نەفەرێك، ورە بەربدەینو دەستبەرداری ئامانجی خۆ ببینو خۆزیا بەمەرگ بخوازین؟ ئەگەر بۆمان رێك بکەوێتو دەرفەت هەبێ سبەینی دەربارەی کارێك غازی گیرای دەبینین. تەنانەت ئەگەر ئەم جۆرە کارە بەبێ بوونی پەریهان مەحاڵیش بێتە بەرچاو.
دەچین بۆ ئەو بەرو لەڕای بەرزیی مەزەبەکەماندا دەخەبتین. ئەگەر قەراربێ بمرین، باشتر وایە لە شەڕێکدا بمرین کە ئومێدی سەرکەوتنی تێدایە..."
جەزمی قەناعەتی بەو قسانە نەهات بەڵام دەترسا ئەگەر نائومێدیو پەریشانی دڵی خۆی دەبڕێت لەبەرچاوی گاردە داغستانیەکەی خۆی کە لە جێگەی نۆکەرو خولامی ئەو بوو، سووك ببێت. بۆیە هیچ چارێکی نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ کەوا بنوێنێ ڕازییە.

وەکو ڕێزو حورمەت بۆ شازادەکانیان گۆڕێکی جوانیان بۆ هەڵکەندنو بۆدوا ماڵاوایی لە شەهیدان بەرێکەوتن. زامەکانیان بەسەریانەوە بوو. خوێنی زامەکانیان وەکو شەفەق بە سیمایانەوە رەنگی دابووەوە. لە سیمای عادیل گیرایەوە درزێکی وەکو ئەستێرەو بەچەناگەی پەریهانەوە زامێکی هەیڤۆك ئاسا بە هەردوو روومەتیەوە دیار بوو.

ڕوحی شاعیرانەی جەزمی بەدیتنی ئەم دیمەنە بەسەر هەر جۆرە هەستێکی خەمو ماتەمینی دا زاڵ بوو. لەلای یەکەوە دای نان. سەری پەریهانو عادل گیرای بەجۆرێ لەلای یەکەوە دانا کە بەنورانیەتی سەرو چاویان وێنەیەکی مانگو ئەستێرەیان پێکهێنا. بە کەزییە خوێناویەکانی کیژێ لاکێشەیەکی لەسەرو چاویان دروستکرد، رووی کردە عەباسو گوتی: "تەمەشا! دەڵێی ئاڵای عوسمانییەو بە پەراوێزی پڕزاڵ پرزاڵەوە کەوتووەتە شەکانەوە. خواوەند لەسەر سیمای دوو شەهیدا، کە لە ئەشقا یەکانگیر بوو بوون، ئەم نیشانە جوانو پرشنگدارەی نەخشاندووە. بەزاتی خوا من ئەمانە بەم حاڵەوە دەنێژم. با لە بەردەم فریشتەکانی خوادا، وەکو نیشانەیەکی بەرجەستەی ئامانجو ئاواتەکەیان دەربکەون!" دەگەڵ عەباس دا ڕێککەوتنو بەو دەقەوە لە گۆڕیان نان.

نامیق کەماڵ، دوو ڕۆمانی هەیە بە نێوی بێداریو جەزمی. ئەمانە لە هەوەڵین ڕۆمانانی تورکین کە لە ژێر کاریگەریی کەلتووری رۆژاواییدا نووسراونو لە مێژووی ئەدەبیاتی وڵاتدا بەنێو بانگن. شەقڵو مۆرکی رۆمانتیکی بە هەردوو رۆمانەکەوە دیارن. بوونی نموونەێن میتافیزیکی، رەفتارێن سۆزئامێز، بوونی ژیانی ناواقیعی، هەموو ئەمانە لە جاویدانی ڕۆمانەکان کەم دەکەنەوە. بێداری کە دەشێت بە ڕۆمانێکی خۆماڵی- ناوچەیی دابنرێتو نێوەرۆكو بابەتەکەی بریتییە لە پاشکەوتنی کۆمەڵایەتیو بێ سەرو بەری خانەوادەیی تورکان، و جەزمی کە نێوە

ڕۆکەکەی بابەتێکی مێژووییە، هەردووکیان لە ژێر کاریگەریی ڕێبازو قوتابخانەی رۆمانتیزمدان هەستو سۆزو خەیاڵ لە هەردوو ڕۆمانەکەدا زاڵن. هەردوو ڕۆمانەکە دوورن لە سادەیی زمان، زمانی باوی نێو خەڵکی، واقیعیەتو شێوەی ئەمڕوی کاری ڕۆماننووسی. بەڵام وێڕای ئەمەش ئەگەر بەرهەمەکانی ئەحمەد مەدحەت ئەفەندیو شەمسەدین سامی ببوێرین، ئەوا دەتوانین بڵێین نامیق کەماڵ دەورێکی گەورەو شایستەی لە پەرەسەندنی ڕۆماننووسی لە تورکیادا هەبووە.

## سامی پاشازادە سزایی

(١٨٥٨-١٩٣٥)

***سەرگورشتە، خوێندنەوەی ژیانەو لە هیچ واریقاتو رووداوێکەوە کۆپی نەکراوە... ئەوەی حەقیقییە چیرۆکێکە کە بە نێوی (پشیلەکانەوە) نووسیومە... گەشتو گوزار لە رۆژێکی بەهاریدا بە نێو ماڵە بەشکۆکانی میسریانی گەڕەکی خەلیجدا، بە باخە گەورەکاندا، و بە ئەستێڵە فێنکەکانی ژێر درەختانی زەلامی پستەو چناردا، و بیرکردنەوە لە ژیانو گوزەرانی ژنانی کۆیلە، هەموو بوون بەسەرچاوەو ئیلهامی ڕۆمانی (سەرگورشتە)ی من.***

سامی پاشازادە سزایی، کە یەکێکە لە پێشەنگانی ڕۆمانی نوێ لە تورکیا، لە ئەستەموڵ هاتووەتە دنیا. کوڕی سامی پاشایە کە لە کاروانی ئەدەبیاتی نوێی تورکیدا، هەندێ بەشداریو هەوڵی هەبووە. لە ڕێگەی خوێندنی تایبەتیەوە زمانانی عەرەبی، فارسی، فەرەنسی، ئەڵمانیو پاشان ئینگلیزی فێربووە. لە نووسینگەی دایەرەی ئەوقاف دامەزرا (١٨٨٠)و لە سالانی (١٨٨٠-١٨٨٥)دا لە لەندەن بوو بە سکرتێری دووەمی سەفارەتخانەی تورکیا، لە سالانی حوکمڕانیو دەسەلاتی دیکتاتۆری عەبدولحەمیدا بۆ پاریس هەلات (١٩٠١)و لەوێ دەستی بە نووسینی وتارو بابەتێن ئازادیخوازانە لە رۆژنامەی (ئەنجوومەنی ئومەت)ی ئۆرگانی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرقیدا، کرد. لەگەڵ ڕاگەیاندنی سیستەمی پەرلەمانیدا بۆ ئەستەموڵ گەڕایەوە.(١٩٠٨)و لە ساڵی ١٩٠٩دا بە سەفیری بۆ مەدرید ڕۆیی. نزیکەی دوانزە ساڵێك، بە پچڕ پچڕی، لەم پۆستەدا مایەوە تا لە ساڵی ١٩٢٢دا خانەنشین بوو. دوا ساڵەکانی تەمەنی لە ڤێلایەکدا کە لە (وانی کوی) هەی بوو. بەسەر بردو رۆژی ١٩٣٥/٤/٢٤ لە ئەستەموڵ دنیای فانی بەجێهێشت. گۆڕەکەی لە ناوچەی (کوچك سو) لە تەنیشتی گۆڕی دۆستە ئازیزو گیانی بە گیانییەکەی (ڕەجایی زادە ئەکرەم) وەیە.

سامی پاشازادە سزایی، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە توانی لە مەیدانی ئەدەبیاتی تورکیدا بۆ یەکەمجار کورتە چیرۆکێن سەرکەوتوو بنووسێتو سەمتی رۆماننووسی تورکی بەرەو ریالیزم ئاراستە بکات. وێڕای ئەوەی کە لە سەردەمی خۆی هێوەتر نەڕۆیی، بەلام بە نووسینی ڕۆمانی (سەرگورشتە) بوو بە یەکێك لە پێشەنگانی واقیعگەرایی مەیدانو جیهانی ڕۆمانی تورکی. لە چیرۆكو ڕۆمانەکانیدا بە ئاشکرا گوێزانەوە لە رۆمانتیزمەوە بەرەو ریالیزم بەدی دەکرێت. نووسینی کەمە، بەلام ئەو کارانەی کە ئەنجامی داون تا ئەو کاتە لە ئەدەبیاتی تورکیدا بێ پێشینەن. کورتە چیرۆکەکانی لە ڕووی تەکنیكو هونەرکارییەوە، لە ڕۆمانەکانی بەهێزترن. بابەتی ئاساییو کەم بایەخ، چکۆلەو سەرنجڕاکێش، ڕووداوو پێشهاتی رۆژانە یان ئەو ڕووداوانەی لەگینە لە ئایندەدا روو بدەن، و شیکردنەوەی دەروونی، بە زمانێکی دیالۆگی، ئاساییو رۆژانە بۆ خۆێنەر دەگوازێتەوە. لە مەیدانانی کورتە چیرۆك، ڕۆمان، گوتار، سەفەرنامە، بیرەوەری، گفتوگۆو هەڤپەیڤین، شانۆ نامەو تاڕادەیەك شیعردا قەڵەمڕانی کردووەو بەرهەمی خستووەتەوە، کە هەندێك لەوانە بریتین لە: شێر، یەکەمین شانۆنامەیەتی (١٨٨٧). سەرگورشتە، ڕۆمانێکی بەنێو بانگە کە نووسەر لەو ڕۆمانەدا داکۆکی لە مافی بەشەر دەکاتو

باسی بەسەرهاتی کیژێکی کۆیلە دەگێڕێتەوە کە لە تەمەنی منداڵیەتیدا لە قەفقاز فرێنراوە (١٨٨٩). شتانی بچووك، کۆمەڵێك کورتە چیرۆکی وەك: هیچ، زەماوەند، پشیلەکان، پانتومیم، ئەم پیاوە گەورەیە کێیە؟ ی لە خۆ گرتووە (١٨٩٠).رەمزەکانی ئەدەب، کە بیرەوەری، سەفەرنامە، گفتوگۆو چەند کورتە چیرۆکێکی لە خۆگرتووە(١٨٩٨). ئیجلال، بریتیە لە گفتوگۆو نامەکانی سەرەتای نووسەرو بایەخێکی ئەدەبی ئەوتۆیان نییە (١٩٢٣). پاچڤەی جاك، کە ڕۆمانێکی ئالفونس دودەیە (١٨٤٠-١٨٩٧).

***- *سەرگورشتە* (١٨٨٩):**

ڕۆمانی (سەرگورشتە) کە لە نووسینی سامی پاشازادەیە، بە سەرەتایەکی نوێ لە ئەدەبیاتی تورکی دەژمێردرێت. تیمەو نێوەڕۆك و کرۆکی ئەم ڕۆمانە ڕەگی لە ڕووداوە ناوچەیی و خۆماڵیەکاندایەو بەرەو مەسەلە جیهانیەکان لق و پۆپ دەهاوێ. نووسەر لە ڕوانگەو گۆشەنیگایەکی کۆمەڵایەتیەوە، هەموو تاڵاوێکی کۆیلایەتی هاوڕێ دەگەڵ دلبەری قارەمانی ڕۆمانەکەدا، بە ئێمەش دەچێژێت. دلبەر کیژە چەرکەسیەکی جوان و خشکۆکە، کە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا لە قەفقازەوە ڕفاندوویانەو بۆ ئەستەموڵیان هێناوە. حاجی عومەر کە کاری کڕین و فرۆشتنی کۆیلان دەکات، دلبەر بە موتەسەڕیفێکی ***(پۆستێکی ئیداری سەردەمی عوسمانی بووە)*** خانەنشین دەفرۆشێت. هاوسەری ئەم خێزانە ژنێکی دڵڕەقی بێ بەزەیی دەبێت و کیژێ زۆر ئەزیەت دەدات. دلبەر لە توانای خۆی پتر کار دەکات، بەڵام هەرچی دەکات، ناتوانێ ڕەزامەندی خاتوونی ماڵێ بە دەست بێنێ و بە ناچاری هەڵدێت. پیرەژنێك لە شەقامدا بە بێهۆشی دەیدۆزێتەوەو دەیداتەوە بە خاوەنەکەی. دلبەر بە کۆیلە فرۆشێکی دی، دەفرۆشرێت. کۆیلە فرۆشەکە کە چاوی بە جوانیەکەی دلبەر دەکەوێ، خاوە خاو لە فرۆشتنی دەکات. فێری سازڤانی و گۆرانی چڕینی دەکات. خانمێکی سەنگین و بەویقار، دلبەری پازدە ساڵان بۆ کوڕەکەی دەکڕێت. جەلال، کوڕی خانمی ناڤبری کە لە ئاکادیمیای هونەرە جوانەکانی پاریس دا، لەلای نیگارکێش و شێوەکاری بەنێو بانگ چرومیون خوێندنی تەواو کردووە، حەز لە دلبەر دەکات و وێنەی دلبەر بەشێوەی جۆراو جۆر دەکێشێت. هەست دەکات کە کیژێی خۆش دەوێ و دلبەریش حەزی لەوە. لێدەبڕی دلبەر بخوازێت. دایکی قایل نابێت و دەڵێت کە دلبەر هاوکوفی ئەو نییە، ئەو دەوڵەمەندەو دلبەر کۆیلەیەکی هەژارو نەدارە. دایکی جەلال، بە دزییەوە دلبەر لە ڕێگەی یەکێك لە مامەڵە چیانی کڕین و فرۆشتنی کۆیلانەوە دەفرۆشێت. جەلال لە داخا نەخۆش دەکەوێ و تووشی شێتی دەبێت. دایکەکە پەی بە هەڵەکەی خۆی دەبات، لێ تازە کار لە کار ترازاوەو دلبەر بە بازرگانێکی دیکە فرۆشراوەو گەیەنراوەتە میسر. بازرگانەکە بۆ قەسری سوور، حەرمسەرایەکی دامەزراندووە کە دلبەر دەگەڵ کیژانی دیدا لەوێندەر دەژی. بەڵام حاڵ و ڕۆژی خەمناکی دلبەر دڵی پیاو دەکات بە ئاو. جەوهەر، خاتوونی بەرپرسی حەرامسەراکە ماوەیەك چاودێری کردبوو، سەرەنجام پەی بە نهێنییەکەی دەبات. ئەویش دڵبەندی دلبەرە. بڕیار دەدات بۆ ئەستەمووڵ بنێرێ. پاش تێپەڕ بوونی ماوەیەك، نەخشەکەی جێبەجێ دەکات. بلیتی کەشتی

دەكرێت‌و لە شەوێكی تاریكدا پەیژەیەك دێنێ‌و دەینات بە دیواری دەرێی حەرەمسەراكەوە، دەكەوێتە بیری ڕفاندنی دلبەرەوە. بەڵام بەهۆی پیری‌و شپرزەیی‌و هەڵچوونەوە لە پەیژەكەوە دەكەوێتە خواری‌و دەمرێت. بەمجۆرە دلبەر دوا پشت‌و پشتیوانی خۆی لە دەست دەدات‌و دەستی لە هەموو لایەك بەر دەبێ، ئەنجام لەوپەڕی ناچاریدا، خۆی دەخاتە روباری نیلەوەو كۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ...ئەمەش بەشێكە لە ڕۆمانەكە:

**دوا شەو لە ماڵی خاوەنەكەی:**

ئەو شەوەش درەنگانێ بە سینییەك خواردنەوە بە پلیكانەكاندا سەردەكەوت تا خواردن بۆ خانمی ماڵێ بەرێت. لەبەر دەرگاكەدا كە بە تریفەی كزی مانگەشەوەكە، بەشێوەیەكی خەمناك روناك بوو بووەوە، تەمەشایەكی كرد، گوێی لە دەنگی بایەقوشێك بوو. كە گوێی لەو دەنگە بەسامە بوو كە لەو دیوی كەلاوەكان‌و بەو شەوە كڕو كپە دەهات، هەستی كرد سەراپای وشك بوو. پاش هەڵوەستەیەكی كەم پێی هەڵگرت‌و خۆی بە ژوورەكەدا كرد. خانمی ماڵێ كە بەو حاڵەوەی بینی گوتی: "كیژێ ئەوە چیت لێقەوماوە؟ بۆچی ڕەنگت بەرووەوە نەماوە؟"

– خانم، باڵندەیەك لەوێندەر دەناڵێنێ...

– گەوجە، باڵندەیەك ئەو هەموو ترسەی دەوێ؟ تۆ لە جیاتی ئەوەی بەم ترس‌و نیگەرانییە رۆژ بە رۆژ ناشیرینتر ببیت، بۆ خۆت پیاسە بكە، بگەڕێ، ڕابكە، شادی بكە، با كەمێ جوان ببیت‌و بچیتە دڵەوە. بەڵكو شوێنێكی باش بتكڕن تا هەم تۆ ئاسوودە ببیت‌و هەم منیش پارەیەكی باشم دەست بكەوێ.

كاتێ كە زانی لە یەكێك لە ژوورە ساردو سڕو ترسناك‌و گۆڕ ئاساكانی ئەم ماڵە خەمناكەدا بە تاقی تەنیایە، بەدەم موچوڕكێكی ترسناكەوە ڕۆیی بۆ ژووری نووستن. دوای چەند دەقیقەیەك سەرە چكۆلەكەی لەسەر بالیفەكەی هەڵبڕی كە هیچ جمو جوڵێكی لە دەوروبەری خۆی نەبینی‌و گوێی لە هیچ دەنگێك نەبوو، توند خۆی لە لێفەكەیەوە پێچا. هەستاو لەسەر جێگەكەی دانیشت. لەو بەرەوە، لە خەرابەكانەوە، پاشماوەی ئەو خەرابانەی كە دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی بیزانس، دەنگێكی زۆر ترسناك‌و ناخۆش كە لە قاقا دەچوو دەهات. وەكو كلاونەیەكی بریندار دەست‌و لاقی كوتا تاهەستێت‌و بە پێوە بوەستێ. بایەقوش دەیخوێند. وای لە دەست ئەم دەنگە... روناكی كزی فانۆسەكە تەنیا لایەكی ژوورەكەی رۆشن دەكردەوەو ئیدی ئەم رووناكییە كزە بە ئاستەم دەیدا لە دیوارەكەی ئەوبەری ژوورەكەو وێنەیەكی كاڵ كاڵی دووكەڵی فانۆسەكەی لەسەر دیوارەكە دەنواند. ئەم وێنەیەی كە سات بە سات گەورەتر دەبوو، هەندێجار لە شێوەی خەڵقەندەیەكی سەیردا، كە كلاوێكی رەشی لەسەرو جلێكی سەراپا سپی لەبەردا بوو، دەبینی، هەندێجاریش لە شێوەیەكی خەیاڵی ناسكدا كە مەشخەڵێكی بەدەستەوە بوو وبەرەو ئەو دەهات، دەبینی. سەری نایەوە سەر بالیفەكەو لێفەكەی بەخۆیدا دا.

بایەقوشەکە هەر دەیخوێند، لەو ساوە کە هاتبووە ئەم ماڵە هەستی دەکرد هەمیشە لە زندانێکی نادیارەوە، کە لە تاریکی شەوو دنیای بە تەمتوماندا نقوم بوو بوو، دەنگی پێیەك کە سات بە سات نزیکتر دەبووەوە، دێتە گوێی، ترس سەراپای داگرتبوو.

بایەقوشەکە هەر دەیخوێند. لە پڕ هات بە خەیاڵیدا کە دەرگا بکاتەوەو تا هێز لەلاقیایە بەرەو ژوورەکەی خاتوونی ماڵێ ڕابکات. بەڵام هەستی کرد تازە درەنگە، فریا ناکەوێ، چونکە تارمایی و تاپۆیەکان بەر دەرگاکەیان لێگرتووە. بۆ ئەوەی لە پەنجەرەکەوە، کە زۆر بەرز نەبوو، خۆی هەڵداتە باخەکەوە، تەمەشایەکی پەنجەرەکەی کرد.

بایەقوشەکە هەر دەیخوێند، سەری خۆی داپۆشیو هەوڵیدا بخەوێ. قامکەکانی لە گوێی خۆی نا تا گوێی لە هیچ نەبێ. فایدەی نەبوو.... قاقای تاپۆکانی شەو لە پەنجەرەکەوەو، ورتە ورتیان لە پشت دەرگاکەوە دەهاتە گوێ. بە ترس و لەرزو تورەییەوە سەری لەسەر بالیفەکە هەڵبڕی و بە وردی گوێی بۆ هەموو دەنگەکان هەڵخست. ئەمجارەیان دنیا بوو بە ئاشی ئاولێکەوتوو، هیچ دەنگێك نەدەهات.

بەیان لە ئەنگاوتندا بوو. دڵەی بێ ئۆقرەی لە نێو ئەو تیشکی روناکیانەوە کە دەتگوت لە ئاسمانەوە بۆ پاسەوانی و پاراستنی ئەو هاتوونەتە خوارێ و لە پەنجەرەکەوە دێنە ژوورەوە، ئۆقرەی گرت و خەو بردییەوە.

بەیانی سەعات.... خاتوونی ماڵێ هاتە خوارێ و لە دەرگا داخراوەکەی دلبەری دا. هیچ وەڵامێك نەبوو. دووبارە لە تەقەی دەرگای داو بانگی کرد: دلبەر، دلبەر... دیسان هیچ وەڵامێك نەبوو. دلبەر چونکە شەوێ خەوی زڕا بوو و زۆر ترسا بوو، لە غوڕابی خەودا بوو. خاتوون کە بۆ جاری سێیەم لە دەرگای داو هیچ وەڵامێك نەبوو، بە نیگەرانی چووە سەر چوار پایەیەك و دەستی بردو سورگیەکەی سەرەوەی دەرگاکەی کردەوە، ئەوسا لەسەر چوارپایەکە هاتە خوارێ و سورگییەکەی خوارەوەی دەرگاکەشی کردەوە. دەرگا کرایەوەو دلبەر لە تەقوهۆڕی دەرگاکە خەبەری بووەوە. خاتوون لێی پرسی: "دلبەر چیتە؟ بۆچی تا ئێستا خەوتوویت؟"و دلبەر بەرسڤی دایەوە: "دوێ شەو زۆر ترسام، خەوم زڕا بوو، ئەم ژووره ترسناکە."

خاتوون، لە دڵی خۆیدا دەترسا دلبەر نەخۆش بکەوێ و زەرەرێکی زۆریش لەو بکەوێ، بە نیگەرانییەوە گوتی: "نا، کیژم لە چی دەترسیت. ئەگەر بمزانیبا ئەوەندە ترسنۆکی، بە تەنیا لەم ژوورەم دا نەدەنایت. لە ئێستا بەدواوە شەوان لە لای خۆم بخەوە." ئەوسا چاوانی کیژێی ماچ کردو بەدەم نەوازشتەوە گوتی: "پەلەکە کیژم، کڕیارێکی باشت بۆ هاتووە، شڵپێ ئاو بەسەرو چاوتا بدە،و دەستێك بەخۆتا بێنە".

کاتێ دلبەر لە نهۆمی سەرێ ڕا، وەکو رەسمی ڕێزو حورمەت دەستی ژنێکی بێگانەی ماچ دەکرد، خاتوون بەدەم ستایشەوە دەیگوت کە: "ئەم کیژە عودژەنێکی باشە، خوێندن و نووسین دەزانێ، بەڵام چەند رۆژێکە سەرمای بووەو لەبەر ئەوە رەنگی کەمێك هەڵبزڕکاوە. بۆیەش لەڕو لاوازە چونکە بە دەرس و دەورو خوێندنەوە خۆی زۆر ماندوو دەکات." خاتوون بەردەوام بوو: "تا یەك هەفتەی دیکەش ئەگەر هەر عەیبێکی ترت لێی بینی دەتوانی بیهێنیتەوە". بەمجۆرە

دلبەری بە سەدو پەنجا لیرە فرۆشت. لە کۆتاییدا ئەوەشی گوت: "ئەگەر ناشیرین نەبوایە لە دوو سەد لیرە کەمترم نە دەدا".

پیاو راست بڵێ دلبەر ناشیرین بوو بوو. بە هۆی رەنج و ماندووبوونی زۆرەوە، وەکو گوڵێك بەر لە وەختی خۆی پشکوتوو بێت، چرچ و لۆچ کەوتبووە چرو چارەی و گۆناکانی داکەوتبوون.

دوای یەك هەفتە خاتوون، پسوولەی وەرگرتنی نرخی دلبەری ڕادەستی کڕیارە تازەکە کرد.

سامی پاشا زادە سزایی، بە رۆمانی سەرگورشتەو چیرۆکە کورتەکانی لە ژێر سەرناڤی (شتانی بچووك) لە مێژووی ئەدەبیاتی تورکیدا جێگەو پایەیەکی ئەوتۆی وەرگرت کە مەحاڵە فەرامۆش بکرێت. چونکە لە رێگەی (سەرگورشتە)ـەوە لە جەزمییەوە دەپەڕینەوە بۆ شین و رەش، لە رێگەی (شتانی بچووك)ـەوە، لە وتارەکانی گۆڤاری (تصویر افکار)ەوە دەپەڕینەوە بۆ پەخشانە شیعر. جووتە بەرهەمی ناڤبری قۆناغێکی کورتی نێوان دوو سەردەم پێکدێنن. بابەتی (سەرگورشتە) سادەو خەمناکە. مەگەر هەر خوا بزانێ ئەم حیکایەت و سەربهوردەی کە لەو ساوەی بۆ یەکەمجار لە قاڵبی رۆماندا، لە ئەدەبیاتی تورکیدا بڵاو بووەتەوە تا ئێستا چەند خوێنەری ژنی هێناوەتە گریان. وەکو مراد بێگی مێژوونووسی رەحمەتی دەڵێت: "نووسەر لەم چیرۆکەدا هەقی هەمووانی داوە." یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی (سەرگورشتە) ئەمەیە کە هەر هەمووی بە کەڕەتێك و بەیەك نەفەس نووسراوە. نووسەر بە خۆی لەمبارەیەوە گوتوویەتی کە شانازی بەم تایبەتمەندییەوە دەکەم. هەر هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانی سزایی بریتیین لەم چوار کتێبە: سەرگورشتە، شتانی بچووك، رەمزەکانی ئەدەب، ئیجلال، ئێمە هیچ کاتێك چەندایەتی بەرهەمی ئەدەبیمان بەلاوە گرینگ نییەو نەمان کردووە بە پێوەرو پێوانە، بەڵام کە دێینە سەر هەڵسەنگاندنی چلۆنایەتی ئەم کتێبانە رووبەڕووی دوو دیاردە دەبینەوە: یەکەمیان رۆژهەڵاتگەراییە کە سێبەری نامیق کەماڵی بە سەرەوەیە و دووەمیان کاریگەریی ریالیزم و ناتورالیزمی فەرەنسیە.

دەربارەی دیاردەی یەکەم دەبێ بگوترێ کە نە هونەر بایەخی هەیەو نە مێژوو،و بابەتی دووەمیش لە نرخ و بایەخی خۆیدا قەرزارباری مێژووە: ئیسماعیل حەبیب سووك.

## نابی زادە نازم
(١٨٦٢- ١٨٩٣)

***ئەو هەست، زمانو بیرو خەیاڵانەی کە لە (کارابیبیك)دا خراونەتە ڕوو لە بنچو بناواندا هی هەمان ئەو ناوچەیەن کە چیرۆکەکەی تیا روو دەداتو هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نییە. من تەنیا نووسیومنەتەوە، تەنیا خستوومنەتە سەر باڵی وشە... یەکێك لە مەسئولیەتە سەرەکییەکانی رۆماننوسی راستی ئەمەیە کە هەستو بیرو خەیاڵی خۆی. تێکەڵ بە واریقاتو بویەرەکانی چیرۆکەکە نەکات، یانی بێ لایەنی رۆماننووس مەرجو پرەنسیپێکی گرینگی رۆماننووسیە. من هەمیشە پابەندی ئەم پرەنسیپە بووم.***

نابی زادە نازم، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە رۆمانانی گوندیاتی بە دیدو گۆشەنیگاێن ریالیستیو ناتورالیستی هێنایە ناو ئەدەبیاتی تورکییەوە. نابی زادە لە ئەستەموولّ لە دایك بووە. پاش تەواو کردنی خوێندن لە ئامادەیی سوپایی بە شیکتاش، ئیدی بە پلەی مولازمی ئەندازیاری لە ئەکادیمیای جەنگ دەرچوو (١٨٨٥). ماوەیەك دەرسی سوپایی گوتەوە. گەییە پلەی کول ئاغاسی"١٨٨٧" ***(پلەیەکی سوپایی سەردەمی عوسمانییە لە نێوان سەروانو سەرگوردایە)،*** لەلایەن فەرماندەیەیی هاوبەشی سوپاوە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەرپرسیاریەتی سوریای پێ سپێردرا. پاشان بۆ ئەستەموولّ گەڕایەوەو لە نەخۆشخانەی سوپایی حەیدەر پاشادا، بە نەخۆشی وەرەمی ئێسقان لە هەڕەتی لاویدا، لە ١٨٩٣/٨/٦دا کۆچی دوایی کرد.

نابی زادە نازم، تواناو سەرکەوتنی سەرەکی خۆی لە نووسینی چیرۆكو رۆماناندا سەلماند. هەر بەوەوە نەوەستا کە بزوتنەوەی چیرۆکڤانی تورکی بەرەو ریالیزم ببات، بەڵکو یەکەمین رۆمانی گوندیاتیشی هێنایە ناو ئەدەبیاتی تورکیەوە. نابی زادە دەربارەی کارابیبیك کە باشترین بەرهەمی ریالیستی، ناتورالیستی سەردەمو رۆژگاری قۆناغی تەنزیماتە، دەڵێت: ***"دەربارەی ئەمەی کە بۆچی ناوی یەکێك لە گوندەکانی دەڤەری ئەنەدۆڵم وەکو سەرناوی شوێنی بویەرو رووداوانی چیرۆکەکە هەڵبژاردووە، دەبێ ئەوە بڵێم بۆیە ئەم کارەم کردووە چونکە ئێوە زۆر لە گوندو کێڵگان دوور کەوتوونەتەوەو منیش بەم کارە پەنجەرەیەکم بە رووتاندا کردووتەوە تا جارەکی دی بتوانن ئەو جۆرە ناوچانە بدینن. لەو ناوچەیەدا کە چیرۆکەکەی تیا روو دەدات کۆمەڵێك شت دەربارەی ژیانو کارو گوزەرانی خەڵکی دەبینو زمانەکەشیانتان بەلاوە نامۆو بێگانە نابێت."*** قارەمانانی چیرۆکەکانی بە زمانێکی سادەو، زندوو دێنێتە دووان، بە زمانێك لەگەڵ واقیعی خۆیاندا بگونجێت. نووسەر خاوەنی سەرنجێکی تیژەو لە وەسفی رووداوو واریقاتەکاندا، لە باسی ژینگەدا زۆر وەستایانە خودی خۆی دوور دەخاتەوە.

نابی زادە نازم، لە زۆر مەیدانی وەکو شیعر، بیرەوەریو بابەتێن زانستیدا قەڵەمڕانی کردووە. نابی لە هەوەڵین نووسەرانی گۆڤاری سەروەتی فنون بوو،و لە ماوەی دە ساڵدا، چواردە بەرهەمی ئەدەبی داهێناوە، بەناوبانگترین کارێن وی بریتین لە : حەزم کرد (شیعرو سروود ١٨٨٥)، کارابیبیك، کە بە یەکەمین رۆمانی گوندیاتی تورکی دەژمێردرێتو نووسەر بابەتو نێوەڕۆکەکەی لە گوندەکانی ئانتالیاوە وەرگرتووە (رۆمان، ١٨٩٠، دوا چاپ ١٩٤٤). گوناحی گەشبینی

(چیرۆك، ١٨٩٢). زەهرا، رۆمانێکە باسی حەسوودیی کیژە بازرگانێك بە نێوی زەهرا دەکات. بارودۆخی تەماشاخانەکانی گەڕەکی شەهزادە باشیو ئەو قاوەخانانەی کە پاتوقی شەقاوەکانی گەڕەك بوونو قەرقەشەو شەڕی ژنانە لەم چیرۆکەدا بە زمانێکی ریالیستی هاتووەتە وێنەگرتن (رۆمان، ١٨٩٦، دوا چاپ ١٩٥٤)

*- **کارابیبیك** (١٨٩٠):

کارابیبیك یەکەمین چیرۆکی درێژی ریالیستییە لە ئەدەبیاتی تورکیدا. ئەم بەرهەمە لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە تەواو لە چیرۆکی مودێرنو تازە نزیك دەبێتەوە. کارابیبیك سەرناوی یەکەمین چیرۆکی زانستانەیە لە ئەدەبیاتی تورکیدا کە لەسەر بنەمای دیتن، بابەتێن وەکو مەسەلەی زەوی، گیروگرفتی ژیان، هەوڵو خەباتی مرۆڤو دیمەنەکانی ئەنادوڵی هونەراندووە. کارابیبیك کەسێکە کە لە گوندی (بی مەلەك)ی سەر بە شاری (کاش) لە دەڤەری ئانتالیا دەژی، ناچارە لە مەزرا هەشت دۆنومیەکەی خۆیدا ***(هەر دۆنمێك بەرانبەر بە هەزار مەتری چواری گۆشە بووە)*** کارو کۆشش بکات. بۆ ئەوەی زەوییەکەی بکێڵێ گایەکانی کۆجە ئیمام بە کرێ دەگرێت. ئەگەر بتوانێ حوریەی کیژی بدات بە ساری ئیسماعیلی ژن برای کۆجە ئیمام، ئیدی لەوە رزگاری دەبێت گاجووتان بەکرێ بگرێ. لێ ساری ئیسماعیل کیژێکی دیکە دەخوازێتو ئاواتەکەی کارابیبیك نایەتە دی. هەڵدەستێ بە قازانجێکی زۆر پارەیەك لە سووخۆرێکی رۆمی قەرز دەکاتو جووتێ گاجووت دەکڕێت. لەدڵی خۆیدا بیر لەوە دەکاتەوە مادامێکی بووە بە خاوەنی گاجووتو مەزرای خۆی، بێگومان شوویەکی لەبار بە قسمەتی کیژەکەی دەبێت. هەرواش دەردەچێت. حسەینی برازای یوستور ئوغلۆی زەویداو کە کارابیبیك هیچ میانەیەکی دەگەڵی نییە، حەز لە حوریە دەکاتو داوای دەکاتو (کارابیبیك)ش بە خۆشحاڵییەوە رازی دەبێو دەیداتێ. ئەمەش بەشێکە لە رۆمانەکە:

... جووتێ کڵاشی لپر، قورسو پینە پیناوی لەپێ کرد بوو و بە دژواری بە عاردیدا بکێشی دەکرد. پانتۆڵەکەی یەکپارچە پینەی رەنگاو رەنگ بوو. لە درزی پانتۆڵە دڕاوەکەیەوە دەرپێ قاوەییەکەی ژێرەوەی دیار بوو. کۆنە چاکەتێکی، مەگەر هەر خوا بزانێ چەند ساڵ لەوەپێش، دەستفرۆشێك بە دیاری دابوویە، دابوو بە شانیدا. پیرە چاکەت شوێنی ساغی پێوە نەمابوو، بە دروستی بەدەنی نەدەپۆشی. لە ژێر چاکەتەکەوە کراسێکی چڵکنی یەخە دادڕاوی لەبەر بوو، هەموو پەراسووەکانیو سینەی سیاهی بە دەرەوە بوو.

تاك تەرا موی ماشو برنج بە چەناگەیەوە دەبینرا، ئەم مووانە دەگەڵ سمێڵە تەنكو سوژن ئاساکەیدا تێکەڵ بوو بوونو بە جۆرێ دەموچاوە خڕو ئەسمەرەکەیو چاوە چکۆلەکانی بەرجەستە کردبوو کە پیاو لێی دەسڵەمیەوە. سەرو سەکوتی نائاسایی، ترسێکی سەیری دەخستە دڵی پیاوەوە. مەزراکەی پڕ بوو لە گیا. کارابیبیك ئەم کێڵگەیەی لە کۆجە عوسمانی بابیەوە بە میرات بۆ مابووەوە. کێڵگەکە ئەوسا دوانزە دۆنم بوو، بەڵام پاشان چوار دۆنمی لێ فرۆشتبوو بە کارا دورموشو پارەکەی نەخت وەرگرتبوو. جا ئێستا یوستور ئوغلو کە

هاوکەوشەنی مەزراکەی ئەوبوو، چاوی تەماحی بڕی بووە ئەم مەزرا هەشت دۆنمییەی ئەو، بۆیە جار جار قەرقەشەو شەڕو دەعوایان دەبوو. باشە بە ڕەئی ئێوە ئەمە کارێکی نابەجێ نییە کە بابایەکی خودان زەویەکی سی و دوو دۆنمی چاو ببڕێتە زەوی و مەزرایەك کە هەر بە ئەندازەی ناو لە پێك بێ؟ ئاخر کارابیبیك ئەم زەویە نەبوایە لە برسا دەمرد، ئێستا بە بەروبوومی ئەم بستە زەویە، مەڕ و مەمر دەژیا. یانی دەبوایە ئەو تۆزەش لە دەست بدات تا بمرێ؟ گیا لەسەر بنچی خۆی دەڕوێ، مەگەر بابی (یوستور ئوغلو)ش بە تەماعی زەوی و زارانەوە سەری نەنابووەوە؟ ئەویش لەو زەمانەدا، دەقاو دەق وەکو ئێستای کوڕەکەی چاوی بڕی بووە زەوی و زاری خەڵکی و ئەو خەڵکەی لە زەواق نابوو.

کارابیبیك، باوەشێك نەونەمانی گەڵا وەریوی هەڵگرت و تەورێکی بە دەستی راستەوە بوو، بەرەو سەمتی هاو سنووری زەویەکەی خۆی و زەویەکەی یوستور ئوغلو چوو. کۆمەڵێك بیرەوەری لەمەڕ ئەوێندەر هەبوو. هەتاو لە ئاسۆی دوورە دەستی ڕۆژهەڵاتەوە، دەتگوت تازە لەسەر پانتایی بەستەڵەك و بێ جوڵەی دەریای ناڤینەوە ڕادەبێت، دەشتی تەمرە هێشتا ڕچیوی سەرمای دوێ شەو بوو و هێدی هێدی لەبەر تیشکی بێ تینی هەتاودا گەرم دا دەهات.

کارابیبیك ماندوو بوو بوو. قوتووە تووتنەکەی لە باخەڵیا دەرهێنا، سیغارێکی دوڵمە ئاسا پێچایەوە. ئاگری پێ نەبوو. رووی کردە عەلی دێوانە و هاواری کرد:

– ئەهای! عەلی دێوانە... چەرخت پێیە؟

عەلی سەری هەڵبڕی و گوتی: نە ....

– لە مستەفا بپرسە، با بزانین ئەو پێی نییە!

عەلی روو لە چەتچی ئۆغڵو مستەفا هاواری کرد: – ئاگرت...

مستەفا، نووکی گاسنەکەی بە توندی لە عاردی چەقاند، مژانەکەی ناوەڕاستی نایە سەر تەختەی نیری سەر ملی گایەکان. بە دژواری بە نێو ئەو شۆوەدا، کە تازە کێڵا بووی، بەرەو ئەوان رۆیی، هەر سێ جووتیار بە سێ قۆڵی لە دەوری یەکتر رۆنیشتن و سیغارێکیان پێکرد. باڵندان پۆل پۆل لەسەر شۆوەکەی مستەفا دەنیشتنەوەو بە دووی دەنکە دانەوێڵەیەکدا دەگەڕان کە بیخۆن. هەتاو تەواوێك بەرز بوو بووەوەو دنیا گەرم بوو بوو. بەڵام لەبەر تەنگەکەی لای گوندەوە شنەبایەکی فێنك دەهات.

دێوانە عەلی دەیگوت:

– تەمەشای هەتاو... ئەگەر وا بڕوات شەویش ناتوانین بڕۆینەوە کارابیبیك، دەستی نایە کەلەکەی چەپی و بە ناڕەحەتی گوتی:

– کافر! ئەوەندە ئیسراحەت دەکات...

مستەفاو دێوانە عەلی، نیگایەکی دۆستانەی یەکتریان کرد.

مستەفا گوتی:

– پێش شۆو بڕین تۆی دەدەی؟

کارابیبیك ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– کۆجە ئیمام قەرارە سبەینێ گایەکانیم بداتێ. ئەمڕۆ نەیدامێ کە گوایە....

عەلی دێوانە، وەکو ئەوەی شتێکی بیرکەوتبێتەوە بە پڕکێشییەوە گوتی:

– راوەستن! باشە ئاگاتان لێیە کە کۆجە ئیمام بە تەمایە ژن بۆ ژن برایەکەی بێنێ یان نا؟

ئەو جووتە بە سەرسامی گوتیان:

– بۆ ساری ئیسماعیل؟

دێوانە عەلی، کە بینی هەواڵێکی گەرماو گەرمی داونەتێ‌و ئەوان لێی بێ ئاگان، هەستی بە غروور کرد، وەکو کەسێك کە ئاگای لە گشت شتێك هەبێ، لە سەری رۆیی:

– بە تەمان، زڕ کچەکەی یوسفی خاکوشکری بێنن.

کارابیبیك ئەم هەواڵەی پێ خۆش نەبوو. چونکە ئەو لە دڵی خۆیدا حیساب‌و کیتابێکی تری گرتبووەوە. حەزی دەکرد حوریەی کیژی بدات بە ساری ئیسماعیل. بە خەیاڵی خۆی ئەگەر ئەم زەماوەندە سەر بگرێت، دەتوانێ بەخۆڕایی گاجووتەکانی کۆجە ئیمام بە کار بێنێ. ئەگەر ساری ئیسماعیلی لە دەست چووبا، ئەم گاجووتانە دەبوون بە هی کەسێکی تر، ئەگەر واش نەبوایە، دەبوایە بە کرێیان بگرێ‌و پارە بدات.

دێوانە عەلی لەسەر هەواڵەکەی خۆی رۆیی. گوتی: "ساری ئیسماعیل دەمێکە حەزی لەو کیژە کردووە. لە دەشت، لەسەر کانی، و لە کێڵگەو مەزرایاندا بە دزییەوە رازو نیازیان دەکرد. ئیدی ڤیان‌و دڵدارییە...." گوتی: "تەنانەت رۆژێك بە خۆم کاتێ کە لە گەڕەکی کۆشکرییەکانەوە بەرەو ماڵی گیزیل حسەین دەڕۆییشتم، رێك لەوێدا، لەسەر پێچی مەزراکەی ئۆزون مەمەدا، لە خوار پێچەکەوە، دیتمن کە پێکەوە قسەیان دەکرد". لەسەری رۆیی: "بە لێ برادەرینە ئیدی ئەمە ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن گەنجێتی! منیش لە گەنجێتیدا لە گۆشەو کەناری مەزرایاندا، لە پەناو پەسێری باغاندا، لە ژێر دارو درەختاندا تاقیبی زەینەبم دەکرد." و لەسەری رۆیی: "ئێستاش کە ریشم سپی بووە، دڵم هەر تەڕە. کە کیژانی گەنجی گوند دەبینم بۆ سەر کانی دەڕۆن تا کولێ بکەن، دڵم دادەخورپێ."

چەتجی ئوغڵو پێدەکەنی. بەڵام کارابیبیك بیری لە گاجووتەکانی کۆجە ئیمام دەکردەوە. هەتاو لە ناوەندی ئاسماندا بوو،و دەشت‌و دەر گەرم بوو بوو. بۆنی خاکی تازە کێڵراو سەعاتەڕێیەك دەڕۆیی‌و تەنکە هەڵمێك لە شۆوەکەوە هەڵدەستا.

...هەر کەسەو چووەوە بۆ سەر کارەکەی خۆی. کارابیبیك سەرگەرمی پاککردنەوەو رێکخستنی زەویەکەی خۆی بوو. بەڵام هەرچی دەکرد نەیدەتوانی گاجووتەکان لە بیری خۆی بەرێتەوە. بیری لەمە دەکردەوە کە ئەگەر بیتوانیبا جووتێ گاجووتی وەکو ئەوەکانی کۆجە ئیمامی، کە ڕۆژی بە نیو پەیمانە ئازووقە بە کرێی دەگرتن، هەبووایە چەند بەختەوەر دەبوو. ئای بۆ جووتێ گاجووت... تەنیا یەك جووت! جا بزانە هەنگێ چەندی ئەو حەیوانانە خۆش دەویست‌و هاوینان کە بۆ سەر مەزراکەی دەڕۆیی، وەکو جاران بەسەڵتی نەدەڕۆیی، گاجووتەکانی وەپێش خۆی دەداو بە نێو خەڵکی گوندا تێدەپەڕی‌و لە خۆشیاندا گۆرانی دەگوت. بەدەم ئەم بیرانەوە مەکینە ئاسا کاری دەکرد. هەورێکی تاریك ئاسۆی خەیاڵاتی گرت. پارە...! بۆ ئەم کارە پێویستی بە

بیست سکەی مەجیدی هەبوو. ***(مەجیدی دراوێکی زیوی باوی سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجید بوو کە دەیکردە بیست قرۆش)*** ئاخر ئەم پارەیەی لە کوێ بوو، لە کوێی پەیدا بکات؟ قەرزێکی زۆری (ئاندریا)شی لەسەرە. دوێنێ بوو کە لیستێکی تازەی قەرزی بۆ ناردبوو. حیسابەکەی خەریك بوو زیادی دەکرد. لێ هیچ چارەیەك نەبوو، دەبوایە ئەم داوایەش جێ بەجێ بکات، باسەکە باسی رۆژی نیو پەیمانە بوو!...

... کارابیبیك ئیدی دەستی لەوە شۆردبوو کە حوریە بەساری ئیسماعیل بدات. هەڵبەتە ئیدی هیچ پێویست بەو جۆرە بیرانەش نەبوو، چونکە ئەویش بوو بوو بە خاوەنی جووتێك گاجووت.

ئێستا ئیدی کیژەکەی بە کەسێك دەدا کە لە بەری بپارێتەوە... ئەدی حوسێنی برازای یوستور ئوغلو دڵی بە حوریەوە نەبوو؟

چما کارابیبیك ئەوەندە کەودەن‌و گەوج بوو کە نەزانێت بۆچی حسەین هەمیشە بە دەوری ماڵەکەیاندا دەسوڕێتەوە؟ بەڵێ ئازیزەکەی دڵم، ئەمە ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن گەنجیەتی... بە خۆیشی زەمانێ کە گەنج بوو، کە مووی لێنەهاتبوو، هەمان وەزع‌و حاڵی هەبوو. عەجایەب! ئینسان چەند زوو پیر دەبێت! ئەو کاتانە، سەردەمی لاوی، سەدیقەی دایکی حوریەش هەمان وەزع‌و حاڵی هەبوو، یانی دوای دەکەوت‌و... سەدیقەی خواست. سەدیقە خۆی بەدەستەوە نەدەدا، لێی هەڵدەهات، دەرەڤی. بەڵام جارێ لەو جارانەی قەت لە بیرناچێتەوە. لە رێگای گوندی کارابوجاك، رێك لە پاڵ تەماشاخانەکەدا تووشی یەکتر بوو بوون. کارابیبیك یەکراست بەرەو رووی چوو بوو وکیژێ هاواری کردبوو "وایی دایکە"و وەکو واشە بەدەم هاوارەوە پێی وەغارێوە نابوو. بابە گیان ئەمە ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن ناز... خانمان بەم جۆرە ناز بە سەر پیاواندا دەکەن.

*- زەهرا (١٨٩٦):

نابی زادە نازم، چیرۆکی زەهرا بە شەش ساڵ دوای چیرۆکی کارابیبیك بڵاو دەکاتەوە. بەم کارە ئەدەبیەی هێندەی دیکە رێبازی واقیعگەرایی رۆماننووسانی سەردەم‌و قۆناغی تەنزیمات دەچەسپێنێ‌و قووڵ دەکاتەوە. هەوڵدەدات بزوتنەوەی زانستانەی ڕیالیزم–ناتورالیزم بەهێز بکات. کاروانی دوورکەوتنەوە لە رۆمانتیزم کە لەلایەن نامیق کەماڵەوە دەستی پێکردبوو، لەلایەن نابی زادەوە سەرکەوتوانە درێژەی پێدرا. ئێمە لە چیرۆکی زەهرادا هاوڕێ دەگەڵ سوبحی قارەمانی چیرۆکەکەدا رەوشی ژیانی رۆژانەو خانەوادەیی تورکان لە سەردەمی تەنزیماتەوە تا قۆناغ‌و سەردەمی سەروەتی فنون بە ئاشکرا دەبینین‌و وەزع‌و حاڵی گەڕەکی بی ئوغڵوی ئەستەمووڵ‌و مەسەلە دەرونییەکانی ئەو خەڵکانە دەبینین کە رۆژ بە رۆژ هەژارترو نەدارتر دەبن: زەهرا، کیژی پیاوێکی بازرگانی دەوڵەمەندە. بەبێ دایك گەورە بووەو کەسێکی بە گومان‌و حەسوودە. شوو بە سوبحیی کاتبی باوکی کردووە، لە کاتێکا کە تەنانەت گومانی لە نیگا کردنی مێردەکەشی هەیە، بە ئاشقێنی مێردەکەی دەگەڵ کارەکەری ماڵەکەیاندا، کە نێوی حوسنی جەماڵە، دەزانێ‌و بە جارێ نیگەران‌و ناڕەحەت دەبێ‌و کاسەی سەبری پڕدەبێت.

کارەکەرەکە دەردەکات. سوبحی کە تورەیی‌و خانەگومانی زەهرا تەنگی پێ هەڵچنیوە، وێڕای ئەوەی زۆری خۆش دەوێ، کاتێ بەخۆی دەزانێ بە تەواوەتی دڵبەستەو شەیدای حوسنی جەماڵ بووە. بە هەرحاڵ لە زەهرا جیا دەبێتەوەو کارەکەرەکەیان دەخوازێت‌و ماڵ بۆ گەڕەکی (یەشیل کۆی) دەگوازێتەوە. زەهرا بە تاقی تەنیا بە جێدێڵێ. زەهراش بۆ تۆڵە سەندنەوە لە حوسنی جەمال، بە دوی نەخشەیەکدا دەگەڕێ کە لەبەر چاوی سوبحی بخات. ژنێکی یونانی هەرزەو زۆر جوان بە نێوی ئۆرانی لە رێگەی ژنێکی ترەوە بە سوبحی دەناسێنێ، ئورانی بە نازو عیشوە سوبحی دڵبەندو شەیدای خۆی دەکات‌و دەکەوێتە چاوبڕکێ دەگەڵ پیاواندا و بەمە رق‌و غیرەتی سوبحی هەڵدەستێنێ‌و دەجوڵێنێ. شێتی دەکات. ئێستا سوبحی لە هەردوو دینان بووە نە سەری حوسنی جەمال دەدات‌و نە دەچێت بۆ ئەو بازرگانخانەیەی کە لە بابی زەهرا بە جێماوە. حوسنی جەمال منداڵ لەبار خۆی دەبات‌و خۆکوژی دەکات. لەولاشەوە زەهرا شوو بە موحسینی کاتبی سوبحی کردووەو بازرگانخانەکە بەڕێوە دەبات. سوبحی بەرە بەرە دوچاری هەژاری‌و دەسکورتی دەبێ. ئورانی دەی بوغزێنێ‌و ئەنجام رۆژێك بە بیانووی ئەوەی کە بە کەڵکی هیچ نایەت‌و هیچی پێ نەماوە، تڕۆی دەکات. سوبحی دەستکورت‌و تەنیا ئاوارەو سەرگەردانی شەقامان دەبێ و لە دەزگایەکی ئاگرکوژێنەوەدا دادەمەزرێ‌و خەریکی کارکردن دەبێت. رۆژێ کە مەستی مەست بووە، ئۆرانی دەگەڵ یەکێك لە دۆستە تازەکانیا دەبینێ‌و هەردووکیان دەکوژێت. دادگا کە بەڵگەی تەواوەتی دەست ناکەوێت، قەراری بێ تاوانی سوبحی دەدات، بەڵام بە هەنجەتی ئەوەی کە بنیادەمێکی واهی نابێت لە ئەستەمووڵدا ئاکنجی بێت، بۆ تەرابلسی دوور دەخەنەوە. موحسینی هاوسەری دووەمی زەهرا دەمرێت. زەهرا هێشتا سوبحی خۆش دەوێ‌و بە هۆی ئەو هەموو بەڵایەوە کە زەهراو خانەگومانی زەهرا، بەسەری هێنا بوو، زەهرا دووچاری غەزابی ویژدان دەبێت. کاتێ کە جەنازەکەی دایکە تەنیاو بێکەسەکەی سوبحی لەسەر جادەدا دەبینێ، بە هۆی عەزابی ویژدانەوە نەخۆش دەکەوێ‌و لە جێگەدا دەکەوێ و ئیدی هەرگیز هەڵناسێتەوە.بەو جۆرە ئەویش دەمرێت.

**<u>ئەمەش بەشێکە لە رۆمانەکە:</u>**

دنیا فێنك دەبوو، بەڵام ئۆرانی شێت ئاسا دەستبەرداری سەوزەزارو دەریا نەدەبوو و نەدەبوو. هەرچەندە ئەگەری سەرما بوونیان زۆر بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش، دەستبەرداری حەزی خۆی نەبوو و سواری بەلەمێکی بایەوانی(چارۆکەدار) بوون. بەوپەڕی توندی تا فانۆسی دەریایی رۆملی رۆییشتن. پاش ئەوەی کە لە مەیخانەیەکدا تێروپڕیان خواردو خواردەوە هەوڵیان دا سواری هەمان بەلەم ببنەوە. بەیانیەکەی دنیا زۆر خۆش‌و هەتاو بوو. بەڵام بەر لە دوو سەعاتێك گەواڵە هەوری چڕ لە سەمتی رۆژهەڵاتەوە دەستی بە جوڵان کرد بوو. گەواڵە هەورەکان تا دەهات گەورەو گەورەتر دەبوون، نزیك دەبوونەوەو بەرەبەرە رەشترو چڕتر دەبوون. لەو رۆژەدا کە زۆر بە ئارامی دەستی پێکردبوو، با بەرە بەرە لق‌و پۆپی درەختەکانی پێکدا دەداو دوای ماوەیەك لە تۆ وایە درەختەکان کەوتنە ناڵە ناڵ. دەریای ناڤین تاریك و نوتەك، یەکپارچە کەف بوو، بڵقی سەر ئاوەکە بەرە بەرە زیاتر و شەپۆلانی دەریاکە زیادیان دەکردو پتر دەخرۆشان.

بەلەمەوان‌و قەیاغچییەکان گوتیان، بەلەم سواری لەم کەش‌و هەوایەدا ترسناکە. مەستییەکە سوبحی بەردا. لێ ئۆرانی فوول سەرخۆش بوو وحەزی دەکرد تاکو بەیانی لەو شوێنەدا وەمێنێ. دیمەنی خرۆشاوی دەریاکەی پێخۆش بوو. دەیگوت قەت تەسەوری شتی وای نەدەکرد. شەپۆلەکان زۆر بە توندی خۆیان بە بەردەکانی ژێرەوەی ساختمانەکەدا دەکێشاو بە شلْپ‌و هۆڕ پەرش‌و بلاو دەبوونەوە، ئۆرانی بە دیتنی ئەم دیمەنە لە کەیفان هاواری دەکرد.

دنیا درەنگ بوو بوو و هیچ ئومێدێکی گەڕانەوەیان نەبوو. (سوبحی)ش لە ناچاریدا هەوڵی دەدا خۆی خۆشحاڵ و شادمان بنوێنێ. لێبڕان کە شەوێ لە ماڵی خاوەن مەیخانەکەدا وەمێنن. بۆ شەوێ ڕاکی عال‌و نایابی جیبرە، شەراب‌و ماسی سوورەوە کراویان ئامادە کردو مەنجەڵێکی جوانیان نایە سەر ئاگر. تا سەعات سێ‌و چوار کەیف‌و سەفایان کردو پاشان خەوتن. تۆفانەکە کە بە درێژایی شەو بەردەوام بوو بوو زەرەرو زیانێکی زۆری دابوو.

شەوێ، کە بایەکە دەیلوراندو شەپۆلە هاڕوژاوەکان خۆیان بە پایەکانی ساختمانەکەدا دەکێشا، ئۆرانی زۆری پێ خۆش بوو. بەتایبەتی دیمەنی رووناکی فانۆسی دەریایی لە نیوە شەودا کە بە هەموو لایەکدا دەسووڕایەوە، ئۆرانی زۆر خۆشحاڵ دەکرد.

بەیانی زوو ڕابوون، لەسەر سەوزەزارە پڕ ئاونگەکە، کەوتنە غاردان‌و یاری کردن. تۆفان‌و لافاوەکە نیشتبووەوەو دنیا وەکو دوێنێ بەیانی ئارام‌و خۆش بوو. دوای سووکە قاوەڵتییەك کەوتنە گەشتوگوزار بە دەوری فانۆسە دەریاییەکەدا. هەموو ئەم دیمەنانە لەبەر چاوی ئۆرانی تازە بوون، لە کەیف و خۆشی‌و شادیدا هەر هەڵبەزو دابەزی بوو. شووشەی فانۆسە دەریاییەکە، پڵیتە تێك ئالاوەکانی کە بە سێ لادا دەسووڕانەوە، دەزگای سوڕاندنەوەی فانۆسەکە بەلای ئۆرانییەوە سەیر بوو وبەسەرسامی تەمەشای دەکرد. کاتێ کە بە پلە ئاسنین‌و باریك‌و بازنەیەکاندا دەهاتنە خوارەوە ناشیانە هەنگاوی دەناو قاقا بەخۆی پێدەکەنی.

سواری بەلەم بوون‌و بە سەلامەتی‌و بێ هیچ پێشهاتێك گەیینە ئەو دۆڵە گەورەیەی کە مەبەستیان بوو. تا چەند رۆژێك هەموو باسێکیان هەر باسی ئەم سەرکێشییە شێتانەیە بوو.

..................

..................

چوو بۆ لای ئینجە حەسەن رەیس. ئەو تەختە خەوەی کە لە کاروانسەرای ئەلبانی دا هەی بوو، هەر لەوێندەر بە کەسێکی دی فرۆشتبوو. یانی ئێستا کە تەختی نەبوو ئیدی نەیدەتوانی بەبێ کەفالەت ببێ بە شەریك‌و بە هاوسفرەی هیچ کەسێك. سێ کەس لە دۆستەکانی شایەتیان دا کە وازی لە کاری قۆڕو بەرەڵلایی هێناوەو ئیدی کارێن نابەجێ ناکات. بەمجۆرە شوێنی نووستنیان بە سوبحی داو دەستێك جلکی نوێی مامورانی ئاگر کوژێنەوەیان دایە. جا بۆ ئەوەی پارەیەکی دەست بکەوێ بە رۆژەوە لە چاخانەدا کاری دەکرد. ئەمەش جۆرە دڵنیایی‌و ئاسوودەییەکی پێ دەبەخشی کە ئەگەر نەخۆش بکەوتایە یان بە رێکەوت بکەوتایەتە زندان، دەیتوانی لە کاری ئاگر کوژێنەوەکەدا خەرجییەکی هەبێ‌و بەبێ خەم سیغاری خۆی بکێشێت.

رەیس، سوبحی بە عەقەبدار دامەزراند بوو، بەڵام لە یەکەم ئەزموونی پراکتیکیدا زانی کە دەرەقەتی ئەم کارە نایەت. سوبحی لە جڵەوداریشدا سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا. ئینجە حەسەن زۆری لەبەر گران بوو.

سوبحی زۆر لەڕو لاواز بوو، بۆیە نەدەیتوانی مەسئولیەتی پێشەنگایەتی هەڵبگرێتو نە مەسئولیەتی پاشینەیەتی. رەیس ناچار مەسئولیەتی پاشینەیەتی دا بە تورسونو وەزیفەکەی ئەوی کە گیرەداری بوو دا بە سوبحی.

ئێستا وەزیفەکەی سوبحی ئاسانترە، بەڵام ترسناکتر بوو بوو. چونکە دەبوایە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە سۆندەی ئاوەکەیان بە دەستەوە بوو بچوایەتە سەربانانو ئیدی لە هەرکەسێکی دی پتر لە ئاگرەکە نزیك دەبووەوە.

شەوێك هەمووان لە خەوتنگەکەدا، لە ژێر تیشکی کزی چرایەکدا خەوتبوون لە پڕ ئێشکچی هاواری کردو هەموویانی بێدار کردەوە و گوتی کە لە تاتاولا ئاگر کەوتووەتەوە.

سوبحی بەدەم چاو هەڵگلۆفتنەوە هەستا. هەستی دەکرد سەری قورس بووە، هاوکارەکانی بەدەم خۆ گۆڕینەوە. بەلەز ئەم لاو ئەولایان دەکرد. (سوبحی)ش ناچار دەستی بە خۆ گۆڕین کرد. لە کاتێکا کە پانتۆڵەکەی لەپێ دەکرد یاریدەدەری رەییس پێی گوت: دەی گیرەدار... پەلە بکە... بە جەنابی رەییس بڵێ تا تەنکی ئاوەکە ببەین.

سوبحی، بەدەم خوتەوە بۆڵەوە پاژنەی گیوەکانی هەڵکێشاو بەلەز هەستا. دنیا زۆر سارد بوو. بایەکی توندی دەهات. شەقامەکان تاریك بوون. بە گێژە گێژو چاوانی خەواڵووەوە بە زەحمەت ماڵی رەییسی دۆزییەوەو ئاگاداری کردەوە کە ئاگر کەوتووەتەوەو گەڕایەوە.

تەنگی ئاوەکە کە لە بەرانبەر خەوتنگەکەدا بوو، ئامادە بوو، بەرپرسی سۆندەکە بەڕێ کەوتبوو، چرادار، چراکەی هەڵکردبوو، گروپەکە کۆبووبوونەوە،و یەکێکیان بە دووی بەڕێوەبەردا نارد بوو. سوبحی حەبلی گیرەکەی نایە سەرشانی، ئینجە حەسەن هاتو گوتی:

– دلاوەران ئامادە!

هەنگێ هاواری کرد: دەستەی دلاوەران...

ئەوسا دەستووری دا هەموویان بێنە نزیکترەوە. دەستەکە بە ئامادەباشی ریز بوون. هاواری کرد: ئاگادارین هەندێ لە دەندەکان سواون...

دەستەکە جولان، پاش ئەوە دەستووری دا کە جڵەوداران و پاشداران بە خێرایی تەنکییەکە بخەنە سەر شانیان. چرادارەکە کەوتە پێشەوە. سوبحی لە نێو هاوکارەکانیا رێی دەکرد. تەنکییە ئاوەکەیان بە ئارامی دەبردە پێشێو خەڵکانێکیش خۆبەخش لەملاو لەولاوە دەهاتنە یارمەتیدانو هاوکاریان. چرادارەکە هاواری دەکرد: "ئاگادارین هەندێ لە دەندەکان سواوە....!" دەستەکە بەو وریایی و کاوەخۆ درێژەیان بە رێگەی خۆ دەدا. هەورازەکەی بوزخانەیان بەو شێوەیە بڕی. سوبحی غاری دەداو بەدەم غاردانەوە بیری لە ئۆرانی دەکردەوە. ئەو رۆژانەی، کە لە تەنگە، لە گەڕەکی بی ئۆغلوی گوزەراند بوو، دەگەڵ ئەم رۆژانەدا کە لێرە، لەگەڵ تەنکییە

ئاوەکەدا دەگوزەرا، بەراورد دەکرد. شەرمی لە جلو بەرگو قەدو قەڵافەتی خۆی دەکردو داخی بۆ رۆژانی ڕابردوو دەخوارد.

لە مەیدانی تەقسیم دا، گروپەکەیان گۆڕی. لە دواوە، لەشەقامی بی ئۆغلۆدا، تەنکییەکی دی دەرکەوت. هەموو نەفەرەکان هەوڵیان دەدا. رەییس مەسافەی نێوانیانی زیاتر کرد. تەنکی ئاوەکە بەسەر شانی نەفەرەکانەوە دەچووە پێشێ. ساڵح کە لە ردێن سپیو مەشەدییەکانی گروپەکە بوو هاواری کردو گوتی: "فەیروز ئاغای بی ئۆغلۆیی! خەوت بینی، خەوەکەت خێر بیٚ!".

سوبحی فێری ئەم وەزعو حاڵە نەبوو. هێز لە لاقیا نەمابوو. هانکە هانکی پێکەوتبوو و لە دوای ئەوانی ترەوە لاکەی سەری دەهات. تەنکی ئاوی گروپی دووەم بە خێرایی دەهاتە پێشێ. دڵی بە توندی لێی دەدا. خەتەر نزیک بوو بووەوە. تەسەوری ئەمەی کە تەنکییەکەی فەیروز ئاغا لەوەیە کارەکەیان لە دەست دەربێنێ، هەموویانی دەترساند.

سوبحی هێزو شنگی لەبەر بڕا بوو. بەڵام تەنکی گروپەکەی فەیروز ئاغا بەڕێوەبوو و چاوەڕوان بوو بە زوویی بگاتە جێ. جڵەوداری (پێشڕەو) گروپی دووەم رەییسی تووڕە دەکرد. کەوتە بیری گۆڕینی دووبارەی ئەندامانی گروپەکە، بەڵام ئەم کارەش لە مەترسی بەدەر نەبوو. بەدەم قامچی بادانەوە جنێوی دەدا. هەر هەموویان لەسەر پێ بوون بۆ شەڕ. ساڵحی ردێن سپی گروپەکە بە سوبحی گوتی:

– لەزێکە هاوڕێ...! تەنکی ئاوەکە بڕفێنە!

بە هەمان خێرایی تا بەردەم گۆڕستانی مەتروکەی مشاتلیك هاتبوون. تەنکییە ئاوەکەی گروپەکەی فەیروز ئاغا کە لە دواوە دەهات، هەر دیار نەبوو و ئەمە بە مانای خەتەری زیاتر بوو بۆ ئەوان. چونکە لەوە بوو رێیان لێگۆڕا بیٚو بە کۆڵانی پشتەوەدا هاتبن‌و لەوە بوو لە پڕ لە بەرانبەر ئەوانەوە دەربکەون. ئەمەش بۆ ئەوان جۆرە سووکایەتیەك بوو و بێگومان دەبوایە شەڕو پێکادانێکیان ببێت.

ئینجە حەسەن پشوویەکی داو بەلەز چەند ئەندامێکی گروپەکەی گۆڕی.

سوبحی وایدەزانی دەبێ خۆی گورج بکاتەوەو لەوێ وەمێنێ. لە کاتێکا دەستبەردار بوونی تەنکییەکە مەحاڵ بوو. هەرچەندە تاوەکو پانگالتی هاتبوون، بەڵام هێشتا هیچ هەواڵێك لە تەنکییەکەی ترەوە نەبوو. پێدەچوو لە خەتەرو مەترسی رزگار بووبن‌و ئیدی دەیانتوانی هێدی تربن. سوبحی هەناسە بڕکێی پێ کەوتبوو.

شوێنی ئاگر کەوتنەوەکە ماڵێکی تەختە بوو و لە کۆڵانێکی باریکدا بوو.

ئاگرەکە، لە قاتی خوارەوە دەستی پێکرد بوو وتاکو سەربان هاتبوو و لە حاڵی سیرایەتدا بوو بۆ گوێسەبانەی خانووەکانی دەوروبەری. کۆڵان لە خەڵکیدا جمەی دەهات، لە هەموو لایەکەوە دەنگی هاوارو فیغان دەهات. تەنکی ئاوی تاتاولا دەستی بە کار کردبوو. ئاو هێنەران لەلایەکەوە ئاویان دەهێناو خەڵکی لەلایەکی ترەوە کەرەستەو تفاقەکانیان دەگواستەوە. تەنکییە ئاوەکەیان لە خوارەوە دانا. سۆندەیان لێ بەست، بەرپرسی سۆندەکە لە ماڵێکی ترەوە چووە سەربان.

سوبحی حەبلی گیرەکەی کردەوەو سەرێکی بەگیرەکەوە بەست. پاش ئەوەی گرێیەکی لەحەبلەکەدا، بۆ بەرپرسی سۆندەکەی هەڵدایە سەرێ و بەخۆیشی بە هەشتاو چووە سەربان. بە دوو قۆڵی حەبلەکەیان گرت و سەری سۆندەو بۆرییەکەیان راکێشایە سەرێ. سوبحی گیرەکەی بە دەستەوە بوو و خەریکی کۆنترۆڵ کردنی سۆندەو بۆریەکە بوو و عەلی بە هەردوو دەست سۆندەکەی نوشتاندبووەو سەری قامکی شادەی خستبووە سەر دەمی سۆندەکەو نەیدەهێشت ئاوی لێ بڕوات.

لە خوارەوە، تەنکییەکە پڕ بوو لە ئاوو حازرو ئامادە بوو. عەلی کە هەستی بە گوشاری ئاوەکە کرد، قامکی لەسەر دەمی سۆندەکە لابرد، ئاوێک بەئەستوراییی قامکێك فیچقەی کردو بە توندی هاتە دەرێ، ئاوەکەی بەسەر بڵێسەی ئاگرەکەدا دەکرد، بەڵام یەکسەر دەبوو بە هەڵم و هیچ کارێکی لە ئاگرەکە نەدەکرد.

سوبحی بە عەمراتی شتی وای نەبینی بوو. ئاگرەکە لە دووری ٥-٦ مەترەوە بڵێسەی دەسەندو بەرەو ئاسمان هەڵدەکشاو لە سەرووی بڵێسەکەوە لوولە دووکەڵێکی رەش دەچوو بە ئاسماندا. دنیا ئەوەندە گەرم بوو بوو لەوەبوو پیاو ببورێتەوە. بەرپرسی سۆندەکەو سوبحی شوڕشوڕ ئارەقیان لێدەچۆڕا. هەستیان بە بڵێسەو زمانەی ئاگرەکە دەکرد. بایەکەی خستبوو، لەوە دەچوو بە کۆمەکی ئەو خەڵکە زۆرەی لە گەڕەکە جیاوازەکانەوە هاتبوون، کوژاندنەوەی ئاگرەکە لەگێن بێت. لەسەربانەکانی دەرودراوسێشەوە خەڵکی دیکە ئاویان بەئاگرەکەدا دەکردو بەشداریان لە کوژاندنەوەی ئاگرەکە دەکرد. سوبحی چاوی لە گڕو بڵێسەی ئاگرەکە نەدەگواستەوە. پزیسکە ئاگرێکی زۆر لە نێو دوکەڵەکەوە بە ئاسماندا دەچوون و بەسەر ئەواندا دەهاتنە خوارێ. بەمجۆرە ئاگرەکە زیاتر تەنییەوە، عەلی زیاتر لە هەوڵی ئەوەدا بوو رێ لە ئاگرەکە بگرێ و نەیەڵێ تەشەنە بکات. لە هەر لایەکەوە شولەیەکی تازەی دیبا رووی ئاوەکەی تێدەکرد.

سوبحی، بە هۆی گەرمی ئاگرەکەوە دڵی تێك هەڵدەهات، سەرو چاوی زۆر دەسوتایەوە. جار جار بەو پرژە ئاوەی کە لە درزی سۆندەکەوە دەهاتە دەرێ سەروچاوی خۆی تەڕ دەکرد.

ئاگرەکە بەرە بەرە دەتەنییەوەو بەرەو ئەوان دەڕۆیی. ئینجە حەسەن هاواری لێکردن کە دابەزنە خوارەوە. خاوەنی خانووەیەکی گەورەی بەرانبەریان داوای دەکرد تەنکییە ئاوەکەی فەیروز ئاغا بۆ ماڵەکەی ئەو ببەن. ئینجە حەسەن لە دڵی خۆیدا بە تەمای ئەوە بوو لەم ماڵە دە پازدە مەجیدی بەنسیب ببێت.

عەلی، سۆندەکەی دەرهێنا بوو و سوبحی پاش ئەوەی حەبلەکەی لە گیرەکە بەست هێدی هێدی دەستی بە شۆڕکردنەوەی سۆندەکە کرد.

بەرپرسی سۆندەکە چووبووە خوارەوە و سوبحی بە تاقی تەنیا لە سەربان مابووەوە. سۆندەکەشیان ناردبووە خوارەوەو سوبحی هیچ کارێکی تری نەبوو. کەس ئاگای لەوە نەبوو کە دەمێ بوو گوێسەبانەی ئەم خانووە گڕی گرتبوو و دەسووتا.

سوبحی، بە بازێك خۆی گەیاندە هەواکێشێکی سەربانەکە. بەڵام ئاگرەکە بۆ سەرانسەری سەربانەکە سیرایەتی کردبوو و ئیدی ناچار بوو بە نێو گڕو بڵێسەی ئاگراندا رەت بێ. لەسەر

بانەکە، لە نێو دووکەڵو ئاگردا گیری خوارد بوو، نەیدەزانی چی بکات، هاتوهاوارو بانگو گازی فایدەی نەبوو، چونکە لە خوارەوە هەراو هەنگامەیەکی وەها بوو کە کەس گوێی لە دەنگی ئەو نەدەبوو.

نابی زادە نازم بۆ نووسینی کارابیبیک، بە گوتەی ئالانگو "ماوەیەکی زۆر لە دێهاتەکانی ئانتالیادا گەڕاوەو لێکۆڵینەوەی کردووە....

نابی بە زەبری سادەیی گوزارشت و دەربڕین، ناساندنی ناتورالیستیانەی وردی قارەمانەکانی، وێنەگرتنو نیشاندانی لێهاتوانەی ژینگەی سروشتی رووداوەکانو زەبەردەستیو وەستایی لە بونیادنانی پێکهاتەی چیرۆکەکەدا، زۆر پێش دۆستەکانی خۆی، واتە رەجایی زادە ئەکرەمو سامی پاشازادە سزایی کەوتووە کە هەردووکیان لە پێشڕەوانی هەمان رێبازی ئەدەبی بوون. ئەو شێوەیەی کە ئەو لە چیرۆکی کارابیبیکدا، لە ئیملای وشەێن تورکیدا بەکاری بردووە، تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی هەبوو کە کردیان بە یەکێك لە پێشەنگە شارەزاکانی چیرۆکنووسی واقیعگەرایانەی ئەنادۆڵی.... نابی زادە نازم، توانی لە روانگەو گۆشەنیگای ناتورالیستەکانەوە،و لە سایەی کاریگەریی تەبیعەتو بونیادی مەتریالی ئینسانەوە، ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە رەفتارو باری دەروونی ئینسانندا چێدەبن، لە میانەی جماعەتێکی نەخوێنەوارو سەرەتاییەوە زۆر بە وردی وێنە بگرێت....."

**محەمەد مراد**

**( ؟ -١٩١٧ )**

***کاتێ کە عیسا چەلەبی، بورساو سەرانسەری کەنارەکانی دەریای مەڕمەڕەی داگیرکرد بوو، محەمەد چەلەبی دەگەڵیا کەوتە گفتوگۆو پێشنیازی کرد کە دەشتی ساکاریا بکەن بە مەرزو کەوشەنی خۆیان، ئەنادۆڵ لە بەینی خۆیاندا دابەش بکەن‌و بەدوو قۆڵی هێرش بکەنە سەر دەڤەری روملی...***

محەمەد مراد یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی کە ئەزموونی دیتنەکانی خۆی کردووە بە هەوێن‌و ئامیانی چیرۆکەکانی. ئەم پیاوە لە تەفلیس لە دایك بووەو لە ئەستەموولْ ماڵاوایی لە ژیان کردووە. لە خانەی مامۆستایان‌و مەکتەبی مولکیە دەرسی مێژووی گوتووەتەوەو پاشان بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی دەوڵەت. هەروەها ڕۆژنامەیەکی بەناوی (میزان) دەردەکرد.

ئەو بابەتە رەخنەییانەی کە محەمەد مراد لە ساڵی ١٨٨٨دا بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی میزان دا، لە ژێر سەرناڤی گشتی "هەندی نموونە لە ئەدەبیاتی مە"دا بڵاوی کردنەوە،بایەخەکەیان لەوەدایە کە بۆ یەکەمجار ئەو جۆرە رەخنەیە لە ئەدەبیاتی تورکیدا بە شێوەو شێوازی ڕۆژاوایی دەهاتنە نووسین. محەمەد مراد، لەم وتارانەدا شانۆنامەکانی رەجایی زادە مەحمود ئەکرەم بە ناونیشانی (وەسڵەت)و ڕۆمانی (سەرگورشتە)ی سامی پاشا زادە سزایی،خستووەتە بەر وردەبینی رەخنەوە.

بەرهەمەکانی محەمەد مراد بریتیین لە: مێژووی گشتی (شەش بەرگ، ١٨٨٩). تورفاندا یان تورفا؟ (ڕۆمان ١٨٩١). مێژووی ئەبول فاروق (مێژووی عوسمانی، حەوت بەرگ، ١٩٠٩– ١٩١٤)

**تورفاندا یا تورفا؟ (١٨٩١):**

محەمەد مراد لەم ڕۆمانەدا تەنیا بەوەوە نەوەستاوە کە رەوش‌و وەزع‌و حاڵی کۆمەڵگەی خۆی بەرجەستە بکات‌و نیشان بدات. بەڵکو زۆر باری سەرنجی هونەریانەی خۆی لەمەڕ ئەزموون‌و ئەو رووداو دیاردانەی کە ڕۆژانە بە بەرچاوەوەن، بە روونی‌و رەوانی دەردەبڕێت. بە زمانێکی رەوان‌و سواری دوور لە هەر ئارایشتێك، کاری خۆی بە مەبەستی نووسینی "ڕۆمانی میللی" ئەنجام دەدات. زەهراو مەنسوور خوشك‌و برایەکن لە دایك‌و باوکەوە جیان. مەنسوور کە لە فەرەنسادا نۆژداری خوێندووە پاش ئەوەی بۆ ئەستەموولْ دەگەڕێتەوە، لە ماڵە بە شکۆو رازاوەکەی مامیدا زەهرا دەبینێ. زەهرا بووە بە کیژە خانێکی عازەبی سەلارو سەنگین. حەز لە یەکدی دەکەن، شێخ ساڵحە فەندی مامیان بەمە دەزانێ‌و دەیەوێ لە یەکتریان مارە بکات‌و بیانکات بە میراتگری خۆی، ساڵحە فەندی دوو ژنی هەیە، یەکێك لە ژن برایەکانی بە نێوی رەشید کەسێکی خیانەتکارو ناپاکە. رەشید بۆ ئەوەی کارێکی وەها بکات کە خوشکەزاکەی خۆی ببێت بە تاقە میراتگری شێخ ساڵحە فەندی هەڵدەستێ سیناریۆیەکی تراجیدی سیاقەت رێك دەخات‌و کوڕی هاوسەری دووەمی شێخ لە نێو دەبات‌و دایکیشی بە بیانووی منداڵ لە بارچوونەوە دەکوژێت.

ئەم پیاوە ناپاکە لە کاتێکدا کە لە هەوڵی سووتاندی ماڵەکەو کوشتنی میراتگرەکانی تری شێخ دا دەبێت، لەلایەن مەنسوورەوە رادەستی دادڤانی دەکرێت. زەهرا شوو بە مەنسوور دەکات، مەنسوور بە خوایشتی خۆی بۆ جەنگی رووسیا دەڕوات کە لەو سەردەمەدا تازە دەستی پێکردبوو. لە کۆتایی شەڕەکەدا بۆ سوریای دەنێرن. لەوێندەر نەخۆش دەکەویٚو ئەنجام لە تەرابلس گیان دەسپێرێت. مەنسوور گەنجێکی نیشتمانپەروەرو نیازپاکە. بەو سەروەتو سامانەی کە لە رێگەی نۆژدارییەوە بە دەستی دێنێ چەند قوتابخانەیەك بۆ قوتابیو خوێندکارانی هەژارو نەدار دەکاتەوە،و دژی بەرژەوەندی ئیستعماران لە تورکیادا دەخەبتێ.

ئەمەش بەشێکە لە رۆمانەکە، کە باسی خوێندنی زەهراو مەنسوور لە ماڵەوە دەکات:

ماميان بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ئەوانیش لەگەڵ سێ منداڵەکەی خۆیدا فەرقیان نییەو بەمە خۆشحاڵە، هەستی کرد بۆ پەروەردەو فێرکردنی شایستەی برازایەکانی مەنسوورو زەهرا ،جگە لە مامۆستای عەرەبی پێویستە مادموزێلێکیانیش بۆ ڕابگرێت. بەمجۆرە لە گۆشەیەکی ئەم خانووە گەورەیەدا، شوێنێکیان وەکو قوتابخانە بۆ خوێندن تەرخان کرد.

ئەو زەمانە مەنسوور حەوت ساڵانو زەهرا شەش ساڵان بوو. کوڕە نۆ ساڵ و کیژە شەش حەوت ساڵەکانی مامیشیان منداڵی جوانکیلەو نازداربوون. جا بە حوکمی نازدارىو ئەشرافزادەییان دەبوایە نازیان هەڵبگیرێتو لاسارىو هاروهاجیان تەحەموول بکرێ (ماد موزیل)ش کە هەمیشە دەگەڵیاندا بوو، ئەوەندە بە ئاوەزو دڵسۆز بوو کە ئەم لایەنە رەچاو بکاتو تێبگات.

***

زەهرای بەلەنگاز ڕوو بەڕووی هەموو ئەو ئەزیەتو ئازارو تەوسو توانجانە دەبووەوە کە لە هەر کۆڕو مەجلیسێکی منداڵانەدا هەیە. لە سەرەتاوە دەیانویست سەر بخەنە سەر مەنسوور، کەسی لەو لە بارتریان دەست نەدەکەوت. کوڕێکی هێدیو هێمنو لەسەر خۆ بوو. منداڵەکان ئەمەیان بە هەل دەزانی. بەڵام یەك دوو بەرپەرچدانەوەی توندی مەنسوور بەتەواوەتی ڕەواندنییەوەو ئەو کەڵکەڵەیەیان لەلا نەما.

باشە زەهرا بەڕاستی شایستە تەوسو توانجان بوو؟ لەوەیە، چونکە توڕەو لاسار بوو، لە ماوەی کەمتر لە دوو سەعات، سەرو چاوی خۆی پیس دەکرد. لە پۆلدا دادەنیشت بەڵام بیری لەلای مریشكو پەزەکان بوو.

***

کە دەرس تەواو دەبوو مەنسوورو زەهرا بۆیان هەبوو بڕۆن ئیسراحەتێ بکەن، مەنسوور هەندێجار ئەم ئیسراحەتو پشووەی دەقۆستەوەو دەچوو بۆ لای دایکیو باوەشی بە دایکیدا دەکردو ماچی دەکردو هەندێجاریش بەتەنێ گەشتێکی بەژوورو هۆڵەکاندا دەکرد. زەهراش بەپەلە دەچوو بۆ لای کولانە مریشكو ئاغەڵی حەیوانە ئازیزەکانیو لە گەڕانەوەدا چونکە فریا

نەدەکەوت دەستو جلەکانی لە شوێنەواری کولانەو ئاغەڵان پاك بکاتەوە، منداڵەکان گاڵتەیان پێدەکردو ئەویش بەدەم ڕوندك ڕشتنەوە ڕوو بە روویان دەبووەوەو دەیگوت: "هەرچەندە من دوای دەرسو لە پشوودا دەچم ئالیك بە پەزەکانو دان بە مریشکەکانم دەدەم، لە دەرسەکاندا لە ئێوە زیرەکترو لە پێشترم. باشە دەکرێت ئەو حەیوانە بەستەزمانانە لە برسا بکوژی؟

زەهرا کە لە دەرسەکانیا زیرەك بوو، ئەمەی کردبووە چەكو قەڵغانی دەستیو لە هەنبەر تەوسو توانجی منداڵەکاندا، خۆی پێ دەپاراست. تا ڕۆژێ بە نوێنەرو زیرەکی پۆل هەڵبـژێردرا. زەهرا هەستی کرد، مەنسوور ئەمەی زۆر لەبەر گرانە. مەنسوور گوتبووی: "خوا ئەو خوایەیە ئەم کیژە بێ تەربیێتە پەزەوانە، هەڤرکی من بکاتو بیەوێ لە دەرسەکاندا پێشی من بداتەوە..."

مانگی یەکەم، ئەو ماوەیەی کە زەهرا نوێنەری پۆل بوو. مەنسوور تەنانەت نەیتوانی تاقە شەوێکیش بە ئاسوودەیی بنوێت. مانگی دواتریش بە هۆی یەکسانی نمرەکانیانەوە، زەهرا هەمدیس وەکو نوێنەری پۆل مابووەوە. مەنسوور، بۆ ئەوەی ببێ بە نوێنەری پۆل خۆی دەخواردەوە. وای لێهات ئەم ڕکابەرییەیان هەر لە دڵی خۆیاندا نەمایەوە، بەڵکو بەرە بەرە زەق بووەوەو دەرکەوت. لە پۆلدا، مەنسوورو زەهرا لەلای یەکەوە دادەنیشت. زەهرا ڕۆژێك دەستی بۆ ئەو کتێبە برد بوو کە لەسەر مێزەکەی مەنسوور دانرابوو. مەنسووریش وەکو ئەوەی بیەوێ بە دەستیا بکێشێت، بەلەز کتێبەکەی لەبەر دەستی ڕاکێشا بووە ئەم لاوە، زەهرا گوتبووی: "ترسایت کتێبەکەت بخۆم؟"

– من نازانم تۆ کتێب دەخۆیت یان نا. حەز ناکەم کتێبەکەم بە دەستت پیس بکەیت.

هاورێکانیان پێکەنی بوونو زەهرا هیچ قسەیەکی نەکردبوو. دوای چەند ڕۆژێکی دی مەنسوور، زەهرای، کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو دەڵەك دابوو، وگوتی: تۆزێ برۆ ئەو لاوە. زەهرا بەرسڤی دابووەوە: خۆ ناپلیشێیتەوە!

– نا پلیشێمەوە، بەڵام تەنورەکەت، کە هەر پشقلو ریخە، لە جلەکانم دەکەوێ.

– تەنورەکەم بە ریخو پشقلان نییە. جلەکانم نفتو نوێن. ئەمڕۆ بە تازەیی لەبەرم کردوون. فەرموو ئەوە دەسڕەکەمو ریپۆقی چاوەکانتی پێ بسرە.

– دەسڕی خۆت بۆ خۆت. بێزم نایەت دەستی لێبدەم، دڵم لێی تێك هەڵدێ.

– کەیفی خۆتە. بابێ بەگەبچاڕی خەڵکی.

– جلەکانت پاکن، پاکن، ئەدی سەرو قژە ڕشکەنەکەت؟ پێم گوتی برۆ ئەولا ترەوە، دەنا...

– ئێ، دەنا چی...!

بەر لەوەی دەست بدەنە یەخەی یەکدی، قاقای پێکەنینی منداڵەکان، کۆتایی بەمشتو مڕەکەیان هێنا. زەهرا لە توڕەییدا سوور هەڵگەڕابوو. چاوە درشتە ڕەشە مەیلەو شینەکانی پرشنگیان داو ڕوندکیان تێزایی. دایکیشی لەسەر سەرو قژی گلەیی لێدەکرد، سەرکۆنەی دەکرد. زەهرا زۆری ڕق لە پرچ هۆنینەوەو قژ شانەکردن بوو. بەڵام لە کاتی پێویستدا سەرو قژیان دەشۆردو شانە دەکرد. مەنسوور بوختانی بۆ کردبوو. کەزیو قژی زەهرا درێژ بووو

هەمیشە شۆڕ بوو بووەوە. هەندێجار کە دادەنەوییەوە تا جوجەڵەکان نەوازشت بکات، پوش‌و شتان بە قژییەوە دەلکا.

لەوە بەداوە زەهرا هەمیشە پرچی دەهۆنییەوە. سەرباری ئەوەی کە قژەکەیان بە جوانی بۆ دەهۆنییەوەو ئەوسا بۆ قوتابخانەیان دەنارد، هێشتاش هاوڕێکانی گاڵتەیان بە قژەکەی دەکرد.

زەهرا زۆری لەبەر گران بوو، بە تەواوەتی هەراسان بوو. سەرەتا بەدایکی‌و پاشان بە مامی گوت کە ناتوانێ لەوەی پتر درێژە بەخوێندن بدات. نەتکاو ڕجاو نە هەڕەشەو گوڕەشە دادیان نەدا. بەمجۆرە ئەو منداڵانەی کە پێکەوە دەیان خوێند لێکدی جیابوونەوە. مەنسووریش کە لەم کارەی خۆی ژێوان بووو هەستی بە پەشیمانی دەکرد، چەند مانگێك دوای ئەوەی زەهرا مەکتەبی تەرك کرد، بە ڕەزامەندی مامی، بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن بۆ فەرەنسا ڕۆیی.

مەنسوور پاش ماوەیەکی زۆر، کە بیری لە بچووکترین بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیەتی کردبووەوەو زەهرای بیر کەوتبووەوە پرسیاری کردبوو کە "ئایا زەهرا هێشتا لە ئەستەموڵە."و نامەیەکیان بۆ ناردبوو وگوتبوویان کە "زەهرا هەر لە ئەستەموڵە"و ئەویش لە وەڵامنامەیەکدا پرسی بووی: "ئایا هێشتا هەر توڕەو توندە مێجزو تەبیعەتە؟"و لە سەری رۆیی بوو: "چونکە بە ئەقڵیەتی منداڵی بووەتە مایەی ئەوەی کە زەهرا مەکتەب تەرك بکات، زۆر نیگەرانەو ناتوانێ خۆی ببەخشێت..."

***

مەنسوور. بۆ ئەوەی فرمێسکەکانی بسڕێت. لەو شوێنەدا کە خەوتبوو بۆ دەسرەکەی گەڕا. تاریك بوو. دەسرەکەی بۆ نەدۆزرایەوە. لەسەر تەختەکەی هەستاو مۆمێکی داگیرساند. ئیدی خەوی لێنەکەوتەوە. بەدەم بیرکردنەوەوە لە ژیان‌و بەسەرهاتی خۆی بەژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ.

دوای مردنی دایکی ئیدی نەیدەتوانی لە ماڵی مامی بژی. سەرزەنشتی مامی کارێکی قووڵی لە هەستی کرد بووو نەیتوانی بوو بە هیچ جۆرێ باسی ئەستەمووڵ بکات. وای بیر کردبووەوە کە بەبیانووی چوونە فەرەنسا لە هەوەڵین دەرفەتدا پەنا بەرێتە بەر ئەستەموڵ. بەو مەبەستە، بۆ چوونە قوتابخانەی فەرەنسییەکان لە ڕێگەی سەروانەوە داوای مۆڵەتی لە مامی کردبوو. مامیشی بەو حیسابەی کە حەز ناکات منداڵەکانی لە خوێندن دوا بکەون، قاییل بوو بوو.

مەنسوور، بێئەوەی کە لە قوتابخانەی فەرەنسییەکاندا ناوی خۆی قەید بکات، بەراسپێری سەروان لە مارسیل داخیلی پانسیونێکی تایبەتی‌و بە نێو بانگ بوو. مەنسوور لەوێندەر دەگەڵ بیست‌و پێنج نەفەری دیکەی هاو تەمەنی خۆیدا دەرسگەلێکی خوێند کە دەیانخستە ڕیزەی پیاو ماقولانەوە.

مەنسوور کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەرفەتێك بوو کە بۆ ئەستەموڵ بڕوات، کە لە خوێندنەکەیدا هەندێ پێشکەوت، پەی بە گرینگی خوێندن‌و زانست بردو لێبڕا درێژە بە هەمان ڕێرەو بدات.

مەنسوور زۆری کۆشش دەکرد. هەڵبەتە ڕۆژی تەنیا دوو دانە سەعاتی بۆ دەرس خوێندن کە ئەرکی سەرەکی ئەو بوو، تەرخان دەکرد. کە تۆزێ گەورەتر بوو لە ڕادەبەدەر متووی کتێب خوێندنەوە بوو. هەڵبەتە خەرجی ڕۆژانەشی لەسەر ئەو مانگانەیە بوو کە بە پانسیونەکە دەدرا. بۆیە ئەو دە ناپلیونییەی، کە مانگانە لە مامی وەردەگرت، بۆ کڕینی کتێبان تەرخان دەکرد.

هیچ زیادە مەسرەف و ئەم لاو ئەولایەکی تری نەبوو. زۆری حەز لە ڕۆژنامەخوانی هەبوو، بەڵام چونکە ڕێگە نەدەدرا هیچ ڕۆژنامەیەك بۆ پانسیونەکە ببرێتە ژوورەوە، دەرفەتی ڕۆژنامەخوانی دەست نەدەکەت.

ڕۆژانی یەك شەممە، شەش سەعاتێك پشووی هەبوو، ئەو کاتەی لە کتێبخانەدا بە ڕۆژنامەخوانی دەبردە سەر. بەر پرسی کتێبخانەکە مەنسووری ناسی بوو، بە بێ ئەوەی مەنسوور هیچ شتێك بڵێ، هەموو ژمارەکانی هەفتەی رابردووی بڵاڤۆکی "ئەدەبیات"و "ئیندیپێندنس"ی دەخستە بەردەمی. تەنانەت ڕۆژنامەی "جەریدەی ڕووداوان" یان ماوەیەك بە ئابونمان بۆ مەنسوور دادەنا.

## فاتمه عالیه خانم

(١٨٦٢-١٩٣٦)

***له ناخی دڵەوە ناوی خودام لێهێناو دەستم بە نووسین کرد. ڕەنگە بپرسیت چیم نووسی؟ هەرچیەکم بە زەین و مێشکدا هات. پێدەچێ هەموو نووسینێکی باش بەو شێوەیە بنووسرێت... لەسەر وەختێکدا کە زۆر گورج و گۆڵ و سەلامەت بووم، (ئیرادە)ی جورج ئوهنت-م خوێندەوەو زۆرم بە دڵ بوو.کەسایەتی (ئیمیلی)م خۆش ویست و حەزم چووە سەر ئەوەی چیرۆکەکە پاچڤە بکەم.***

فاتمه عالیه خانم یەکەمین ژنی ڕۆماننووسی تورکە. لە ١٨٦٢/١٠/٢٩ لە ئەستەموول لە دایکبووە. کیژی ئەحمەد جەودەت پاشای دیرۆکنووسە. فەرەنسی، فەلسەفە، ماتماتیك و مافناسی لە مامۆستایانی ناوداری ڕۆژگارو سەردەمی خۆیەوە فێربووەو لە ڕێگەی خوێندنی تایبەتیەوە خۆی پێگەیاندووە.

فاتمه عالیه خانم، یەکەمین ژنی نووسەرە کە لە تورکیادا کەوتووەتە نووسین و پاچڤەی ڕۆمان، بابەتێن فەلسەفی، مێژوویی و بیوگرافی. فاتمه بە پاچڤەو بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (ولونتە)ی (جورج ئوهنت)ەوەو بە ئیمزاو ناوی (ژنێك)و لە ژێر سەرناڤی (ئیرادە) دەستی بە نووسین کرد.

بەرهەمە گرینگەکانی بریتین لە: ژنانی ئیسلام (١٨٩٢). محازەرات (ڕۆمان، ١٨٩٢). ڕەفعت (ڕۆمان، ١٨٩٨)، عودی (ڕۆمان، ١٨٩٩)، ژیاننامەی فەیلەسوفان (١٩٠٠)، ئەحمەد جەودەت پاشاو سەردەمی وی (١٩١٦).

### *- محازەرات (١٨٩٢):

محازەرات، بە نێوبانگترین ڕۆمانی فاتمه عالیه خانمە. لێکچوونێکی زۆرو دیار لە نێوان ئەم ڕۆمانەو چیرۆکی (ڤیانی قەدەغە)ی خالید زییائوشاکلی گیل دا هەیە کە هەشت ساڵ دواتر بڵاوی کردەوە. تەکنیکی ئەم ڕۆمانە،شێوازی دەربڕین وجۆری کاراکتەرەکانی جیاوازترن لە تەکنیك و گێڕانەوەو کاراکتەرسازی چیرۆکی (ڤیانی قەدەغە). بەمجۆرە بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێ (محازەرات) بە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ڕۆماننووسی سەردەمی تەنزیمات بژمێرێن، ڕۆمانەکە، باسی زوڵمی باوەژنێك دەرهەق بە هەنەزاکانی دەگێڕێتەوە کە چۆن بووەتە مایەی بەدبەختیان. ساعی ئەفەندی کە تەمەنی ٣٥- ٣٦ ساڵە پاش مەرگی ژنەکەی بۆ جاری دووەم ژن دێنێتەوە. هاوسەرە تازەکەی، جالیبە، هەڤدە ساڵ لەو بچووکترەو بە تەماحی سەروەت و سامانەکەی شووی پێکردووە. ئیدی دەبێ بەخانمی خانەوادەی ئەشراف و ئەرستۆکراتی ساعی ئەفەندی، بەڵام هەر زوو حەز لە پسمامەکەی (ئامۆزا)، سوها، کە خوێندکاری بەشی پزیشکگەرییە، دەکات. ئەم ڤیان و دڵدارییە پەنهان و نهێنییە، دەبێتە مایەی هەرەس و داوەشینیماڵباتەکەی ساعی ئەفەندی. ئەمەش نموونەیەکە لە ڕۆمانی محازەرات:

جالیبە، زۆر بە چاکی دەورەکانی خۆی دەگێڕا. وێڕای ئەوەی کە هیچ دڵی بە ساعی ئەفەندییەوە نەبوو،و تەنیا بە تەماحی موڵكو ماڵەکەی شووی پێکردبوو، بەڵام بە جۆرێ بە رووی کابرای بەلەنگازو داماوەوە پێدەکەنیو ئاشقانە رەفتاری دەگەڵ دەکرد کە ساعی ئەفەندی ئەگەر کەمێکیش نەساغو بێتاقەت بووایە بۆ ئەوەی (جالیبە) ناڕەحەت و نیگەران نەبێ، بەسەر خۆی نەدەبرد. ئەگەر ژنە پەی بە نەساغی و بێتاقەتی ئەو ببردایە، ساعی ئەفەندی بۆ ئەوەی ژنە نیگەران نەبێت، بەپێ داگرتنەوە دەیگوت کە هیچ نییەو خەمی نەبێتو، بەمجۆرە بە دڵدانەوەی هاوسەرە ئازیزەکەی نە ساغیو بێتاقەتییەکەی خۆی لە بیر دەکرد.

جالیبە بۆ بەستنەوەی مێردەکەی زۆر لێزانانە رەفتاری دەکرد. چ لە وەرزی گەرماداو چ لە وەرزی سەرمادا بایەخی زۆری بە جلو بەرگو ئەم جۆرە مەسەلە رواڵەتیانەی ساعی ئەفەندی دەدا. پیاوەی نەگبەتیش شانازی بە ڤیانو مدارای ژنەکەیەوە دەکرد.

جالیبە، لە غیابی ساعی ئەفەندی دا کاتێ کە دەگەڵ سوهادا بەتەنیا دەبوو، دەیبینی کە خەمو پەژارە لە سەراپای دەنیشێتو ناتوانێ هیچ بەو بڵێت. تەنانەت بۆ ئەوەی ئەو گەنجەی لێ نەڕەنجێو نەتۆرێ هەوڵی دەدا بە ئاشکرا مەیلو ڤیانی خۆی بۆ سوها دەربڕێت، بەڵام لەم رووەشەوە هیچ سەرکەوتنێکی بە دەست نەدەهێنا.

ئەو کەسانەی کە کێشەو گرفتی ئەخلاقیان هەیە بەبێ رەفتاری نابەجێ هەڵناکەن. جالیبەش لەزەتی لە کارە نائەخلاقیەکانی خۆی دەبینیو هێندەی دی خۆی لە سوها هەڵدەسوو و دەبردە پێشەوە. بۆیە پاش ئەوەی دەستی لە سەروەتو سامانی دڵخوازی خۆی گیر بوو، چاوی بڕییە سوها. ئەو کەسانەی کە گیرۆدەی کەچڕەوی و لادانن، تەنانەت ئەگەر نقومی جەواهێراتی دنیاش بن دەست لە کاری خۆیان هەڵناگرنو دەستبەردار نابن. ئەوانە هەر چۆنێ بووە بیانوویەك هەر دەدۆزنەوە تاگلەیی لە حاڵو رۆژی خۆیان بکەن، ئەوانە گلەییو بیانوویان نابڕێتەوە. ئەو شتانەی کە کەسانی دروستکار بە مایەی گلەیی نازانن، کەسانی لادەر لەلای خۆیان گەورەی دەکەنەوەو دەیکەن بە بیانوو بۆ نیگەرانیو ناڕەحەتی خۆیان. ئاسوودەییو دڵنیایی، مایەی نیگەرانیو ناڕەحەتی ئەم جۆرە کەسانەیە.

بە هەرحاڵ جالیبەش بنیادەمێك بوو گیرۆدەی ئەخلاقو ئاکاری نابەجێ. هەموو هۆشو بیری لەلای سوها بوو کە چۆن ئەو بەلەنگازە لە رێ دەربکات. هەموو هەوڵو کۆششێکی خۆی لەو بارەیەوە خستەکار. خەڵوەتی جالیبە دەگەڵ سوهادا کە وای بڵاوکردبووەوە برای شیریەتی نەدەبووە مایەی خانەگومانی هیچکەسێك، جالیبە ئەنجام بۆی دەرکەوت کە بە رەمزو ئاماژان هیچ بە هیچ ناکات. ئەوە بوو کە ئەنجام مەسەلەکەی ئاشکرا کرد. کاتێ کە سوها پێی گوت من بەو خەیاڵەی کە خوشکی شیریمی هاتوچۆی ماڵەکەم دەکردیت، جالیبە بەرسڤی دایەوە: "من ئەگەر خوشکی شیریت بوایەم، ماقوولە بابم کاتی خۆی ویستبای من بە تۆ بدات؟" سوها پرسی: "ئەدی ئەوسا ئەقڵت لە کوێ بوو ؟" جالیبە گوتی: "ئەوسا بیرم لەلای پارەو پول بوو، ئێستا کە بەو ئاواتە گەییووم رووم کردووەتە تۆ". جالیبە، کاتێ گوتی: پێویستە رابردوو فەرامۆش

بکرێت‌و بیر لە ئیستە بکرێتەوەو لەزەت لەم وەزعە وەربگیرێت، سوها لە توڕەییدا رەنگی رەش دەگەڕاو هاواری بەسەر جالیبەدا کرد: "هەی ناڕەسەن!"

جالیبە، کە چاوەنۆڕی ئەم مامەڵەیە نەبوو، زۆر توڕە بوو، بەدەم نیمچە هەڕەشەو هەستایە سەر پێیان. چاوانی تەواو ئەبڵەق بوون، پەڕەی کەپووی دەکرایەوەو دادەخراو لێوی کەوتبوونە لەرزین. بەو حاڵەشەوە جوانییەکی سەیری هەبوو. هێندە جوان بوو کە سوها ترسی لێنیشت. هەستی دەکرد لە بەردەم گیانەوەرێکی جوانی کەزی درەخشاندایە. بەدەم ترسەوە خێرا لە ماڵەکە وەدەرکەوت.

سوها، ئەو رۆژە پاش شێو گەڕایەوەو بەم بیانووەی کە کاری نووسینی هەیە، زۆر زوو بۆ ژوورەکەی خۆی چوو.

شەوێ پاش ئەوەی هەموو خەوتن جالیبە لە کونی کلیلی دەرگاکەی سوهاوە دەستی بە تەمەشا کرد. شتومەکەکانی سوها لە ژوورەوە کۆکرابوونەوە. سوهای گەنج شتومەکەکانی لە سەندوقێکی چکۆلە نابوو و لە هەنبەریا دانیشتبوو. ئەو رووناکی‌و پرشنگەی بە سیمایەوە دەبینرا، نیشانەی شانازییەك بوو کە لە ناخدا هەستی پێدەکرد.

دڵی جالیبە بە توندی لێی دەدا. دەیزانی کە سوها لێبڕاوە سبەی بەیانی ماڵە بە شکۆو گەورەکەی ئەوان بە جێ بێڵێ. جالیبە بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوەو چووە جێگاوە. چاوانی نوقاندن، بەڵام خەو نەچووە چاوانی.

بایەخدانی فاتمە عالیە خانم بەکارێن ئەدەبی لە قۆناغ‌و سەردەمێکدا کە خوێندنەوەی رۆمان‌و چیرۆك، تەنانەت لەلایەن پیاوانیشەوە، بە کارێن بەجێ‌و پەسند نەدەژمێردرا، دیاردەیەکە مایەی سەرنج‌و ڕامان: نیهاد سامی بانارلی . منملی زادە تاهیرو فاتمە عالیەخانم، دەشێت بە پردی نێوان قۆناغی تەنزیمات‌و ئەدەبیاتی تازە دابنرێن. بۆیە پێگەی ئەم دوو نووسەرە لە مێژووی ئەدەبیاتی تورکیدا بە تەواوەتی دیار نییە. دەتوانرێت لە ئەدەبیاتی تازە یان سەروەتی فنونیشدا بۆ پایەو پێگەیان بگەڕێی: ملاحەت توگار.

## ڕەجایی زادە مەحمود ئەکرەم

**( ١٨٤٧- ١٩١٤ )**

***یەکێك لە قارەمانە دیارو سەرنجڕاکێشەکانی ڕۆمانی (سەودای ئۆتومبیل) پەریوەشە کە بەهرۆز حەز لێکردەیەتی. نووسەر لە نیشاندان و وێنەگرتنی ئەوانەی دەوروبەری پەریوەش، ئەزموونانی سایکۆلۆژی، دیالۆگان و، وەسفی مەڵبەندەکانی گەشت و گەڕاندا، زۆر سەرکەوتووە. وەکو لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا هاتووە، هەر چیرۆك و ڕۆمانێك لە نۆڕینی ڕەجایی زادە مەحموود ئەکرەمەوە وەکو ئاوێنەیەك وایە کە مرۆڤ دەتوانێ پەندو عیبرەتی لێوەربگرن. ئەگەر بە چاوی عیبرەت و پەندەوە لە ژیان و بەسەرهاتی بەشەران بڕوانرێ، دەشێت دەرس و پەندی گەورەی لێوەربگیرێت.***

ڕەجایی زادە مەحمووود ئەکرەم، بە نووسینی ڕۆمانی ( سەودای ئۆتومبیل) بزوتنەوەی ئەدەبی تورکیای لە ڕۆمانتیزمەوە بەرەو ریالیزم گواستەوە. ڕەجایی زادە لە ١٨٤٧/٣/١دا، لە ئەستەموولٚ هاتووەتە دنیا. کوڕی ڕەجایی ئەفەندی وەزیری تەقویمخانەیە. خوێندنی سەرەتایی لەلای بابی، کە لە مامۆستایانی زەبەردەستی زانست و هونەری ڕۆژگاری خۆی بوو، تەواو کردووە، لە ناوەندی بایەزیدو ئامادەیی سوپاییدا درێژەی بە خوێندن داوە. وەکو فەرمانبەر لە نووسینگەی مکاتەباتی وەزارەتی دەرەوە دامەزراوە (١٨٦٢)و فەرەنسییەکی باشی دەزانی. ناسیاوی دەگەڵ نامیق کەماڵدا پەیدا کردووە،و پشتی کردە شیعری کۆن و رووی لە ئەدەبیاتی ڕۆژاواکرد. یەکەمجار لە ڕۆژنامەی (تصویر افکار)دا کەوتە نووسین و بابەت بڵاوکردنەوە. کە نامیق کەماڵ ناچاربوو بۆ ئەورووپا هەڵێت، بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکەیان بەو سپارد (١٨٦٧). لە ساڵی ١٨٧٧ بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی شورای دەوڵەت. لە ساڵانی ١٨٨٠- ١٨٨٧دا لە قوتابخانەی مەلەکیەو قوتابخانەی سوڵتانیدا دەرسی ئەدەبیاتی دەگوتەوە. لە ساڵی ١٩٠٨دا لە وەزارەتی پەروەردە کەوتە خزمەتکردن،بە ماوەیەك پاش ئەوەی بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەنا هەڵبژێردرا، لە ١٩١٤/١/٣١ کۆچی دوایی کرد. لەسەر وەسێتی خۆی لە کوچوك سو، لەلای کوڕەکەیەوە، نەجات، بە خاکیان سپارد.

ڕەجایی زادە مەحمووود ئەکرەم، توفیق فیکرەت دەکات بە سەرنووسەری گۆڤاری سەروەتی فنون و بەم کارەش ڕێبازو بزووتنەوەی (ئەدەبیاتی نوێ) دادەمەزرێنێ. هەوڵێکی زۆری لە رای ناساندنی بایەخی ئەدەبیاتی ڕۆژاواو ئەدەبیاتی قۆناغی تەنزیماتدا دەدا. هەر بەوەوە نەدەوەستا بابەت و یاساو ڕێساو ڕێبازی ئەدەبیاتی تازە بێنێتە ناو ئەدەبیاتی تورکیەوە ،بەڵکو هەوڵیشی دەدا بزووتنەوەی ئەورووپاخوازی و نوێخوازی لە تورکیادا، لە قاڵب و فۆرمی ئەدەبی تازەدا، فێری نەوەی نوێ بکات. بە ڕۆمانی (سەودای ئۆتومبیل) ڕێبازی ریالیزمی لە جیهانی ڕۆماننووسی تورکاندا، چەسپاندو کرد بەباو. هەر زوو پشت دەکاتە تیۆری "هونەر بۆ کۆمەڵ"و تیۆری "قافیە بۆ گوێ"و لە جیاتی ئەوانە بەرگری و داکۆکی لە تیۆری "هونەر بۆ هونەر"و تیۆری "قافیە بۆ چاو" دەکات. بەلایەنگری لە پرەنسیپ و ڕێسای "هەر شتێکی جوان شیعرە" قەڵەمڕەوی بابەتی شیعری تورك فراوان و دەوڵەمەند دەکات. مردنی هەر سێ جگەرگۆشەکەی: پیرایە، ئەمجەد و،

نـەجات، دەبێتـە سەرچاوەو ئیلهامی شـیعرە خەمناکـەکانی. هـەر بۆیـەش زۆر بایـەخ بـە بابـەتی مـەرگ‌و مـردن دەدات. لـە شـیعردا زیـاتر عـەودالّی جـوانیی فیکـری،و خەیاڵییـە. ڕەجـایی زادە لـە بواری ڕۆمان‌و تەنزو تیوری پەروەریدا زۆر باڵا دەست ترە وەك لە شیعر. ڕەجایی زادە قەناعەت‌و باوەڕی بەوەیە کە: ***"ئەدەبیات، یانی ئەدەبیاتی ڕاستی‌و ڕەسەن، پەیوەندییەکی زۆر نزیکـی بـە ئەزموونێن ژیان‌و تەبع‌و تەبیعەتی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە پێویستە ئـەدەبیات سـەروکاری دەگـەڵ شیکردنەوەی مرۆڤ و تەبیعەتی مرۆڤدا هەبێ.... ئەو چیرۆك‌و ڕۆمانانەی کە بابەت‌و نێوەڕۆکیان لە ژیانی واقیعی یان ژیانی خـەیاڵی زۆر نزیك لـە واقیعـەوە هـەڵێنجا بـێ، وەکـو ئاوێنـەی پەنـدو عیبرەتن کە ڕاستگۆیانە ڕووداوە مرۆڤانیەکان دەنوێنن"*** .

ڕەجایی زادە مەحموود ئەکرەم، لە بوارێن شیعر، ڕەخنە، پاچڤە، لێکۆڵینەوە، چیرۆك، ڕۆمان‌و شانۆنامەدا پتر لە بیست‌و پێنج بەرهەمی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە. بە نێوبانگترین بەرهەمی بریتیین لە: فریشتەی پاك (شانۆنامە، ١٨٧٠). یادگاری لاوان (بیرەوەرییێن قۆناغی لاوی، سروودان، ١٨٧٢)، ئاتیلا (پاچڤە، ڕۆمان ١٨٧٢)، وەسڵەت یان تاسەی بەردەوام (شانۆنامە، ١٨٩٣)، شەمسا (کورتە چیرۆك، ١٨٩٣)، سەودای ئوتومبیل (ڕۆمان، ١٨٩٦)، بەهای ئاوازان (ڕەخنە، ١٨٦٦)، موحسین بێگ (چیرۆك، ١٨٩٠)، ژاکاو (شیعر، ١٨٩٣)، نەجات ئەکرەم (پەخشانە شیعرو شیعری قافیەدار، بیرەوەری، ١٩١١)، کەسێك کە زۆر بزانێ، زۆر هەڵە دەکات (شانۆنامە، ١٩٦٤).

## *- سەودای ئوتومبیل ( ١٨٩٦ ):

سەودای ئوتومبیل، لە دوای (بێداری)ی نامیق کەماڵ‌و (ئەفلاتون بێگ‌و ڕاقم ئەفەندی)ی ئەحمەد مەدحەت، سێیەمین ڕۆمانی قۆناغی تەنزیماتە کە پێویستە حیسابی زۆری بۆ بکرێت‌و بایەخی پێ بدرێت. ڕەجایی زادە ئەم ڕۆمانەی لە تەمەنی سی ساڵیدا نووسیوەو لە تەمەنی چل‌و نۆ ساڵیدا بڵاوی کردووەتەوە. نووسەر لەم ڕۆمانەدا هەوڵدەدات لایەن‌و دیمەنە جۆراو جۆرەکانی ئەستەموول، ئاهەنگ‌و شادیان، مەڵبەندێن گەشت‌و گوزاران نوێخوازانی فەرەنگی ڕەفتار، نەجیمزادانی سەردەمی عەبدولحەمیدو تایبەتمەندییەکانی سەرگەرمییەکانی ئەو قۆناغ‌و ڕۆژگارە بە شێوەیەکی واقیعبینانە وێنە بگرێت. پێدەچێت ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە ئەزموونانی ژیانی نووسەرەوە هەڵێنجرا بن.

ڕەجـایی زادە دوای هـەردوو چیرۆکی درێـژی شەمسـا وموحسـین بـێگ، بـەم ڕۆمانـە (سـەودای ئوتومبیـل) زەبەردەسـتی خـۆی لـە ڕۆماننووسـیدا، بەرجەسـتە کـردو نوانـد. ڕۆمـانی سـەودای ئوتومبیل، بـە یەکـەمین پـردی گواسـتنەوەی ئـەدەبیاتی تـورکی لـە قوتابخانـەی ڕۆمانتیزمـەوە بـۆ قوتابخانــەو ڕێبــازی ریــالیزم دێتــە ژمــاردن. دیــارە هــەموو لایەنــە ناوچــەیی،و کەلــەپوری‌و نەتەوەییەکانی ڕۆمانی ناڤبری مایەی سـەرنجن‌و شایستەی ئەوەن هەڵوەسـتەیان لەسـەر بکرێت. بەهرۆزی قارەمانی ڕۆمانەکە، کە گەنجێکی نزیکەی بیست‌و چوار ساڵانە ،کوڕێکی نـازدارو بـەناز پەروەردەی خێزانێکی زەنگینە. لە ماڵەوەو لەلای مامۆستایانی تایبـەتی خوێنـدنێکی نیـوە چڵـی

کردووەو لە هەڵس و کەوت و ڕەفتاردا لاسایی فەڕەنگیان دەکاتەوە. کە بابی مرد سەروەت و سامانێکی زۆری بۆ بە جێهێشت.

ئیدی خەمساردو بێ موبالات، خوو دەداتە سەرسەریاتی و ڕابواردن،و هەر ڕۆژەی جلێك لەبەر دەکات، ناز بەسەر دارو بەردا دەکات، زۆر بە فەرەنسییە سەرو گوێ شکاوەکەیەوە دەفشێت، ئەگەر دەرفەتی ببێ جارجار سەرێکی شوێنی کارەکەی دەدات. زۆری حەز بەوەیە کە بە ئوتومبیلە جوان و دوا مۆدیلەکەیەوە، لە سەیرانگاو دەڤەرە گەشتیاریی و قەرەباڵغەکاندا بسوڕێتەوە. ڕۆژێك لە بەرزاییەکانی چاملیچادا، کیژێکی زەری جوان لە ئوتومبیلێکی جواندا دەبینێ. یەکسەر حەزی لێدەکات و بە دزییەوە نامەیەکی دڵداری بۆ دەخاتە ئەو ئوتومبیلە کرێیەوە کە بە سەهو وای زانی بوو هی کیژەکەیە. ئەو کیژەی کە بە خەیاڵی خاوی ئەم لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتە، کیژێکی هەرزەی بەرەڵلایە. ئیدی بۆ ئەم ئافرەتە هەرزەیە، کە پەریوەشی ناوە، دەبێ بە شاعیر و شیعری بۆ دەنووسێت و ئیدی بەردەوام لە ڕێیا دەوەستێ بەڵام هەرچی دەکات ناتوانێ دڵی نەرم بکات و بیهێنێتە ڕەدا. لە کاتێکا چاوەڕوانی بەرسڤی نامەکەیەتی، لەلایەن کەشفی بێگی برادەرییەوە، کە سەری لە درۆیان دەخوریێ و ئەهلی ڕابواردنە، ئاگادار دەکرێتەوە کە پەریوەش مردووە. جارێك کە بەوپەڕی پەریشانی و نیگەرانی لە گۆڕەکەی پەریوەش دەگەڕێ، لە شەهزادە باشی، تووشی ئەو کیژە دەبێ کە خۆشی دەویست و بەڵام وا گومان دەکات کە خوشکی خۆشەویستەکەیەتی. ئیدی پرسیاری شوێنی گۆڕەکەی پەریوەشی لێدەپرسێت و کاتێ کە ڕووبەڕووی قاقای تەوسامێزی کیژێ دەبێتەوە هەنگێ پەی بەوە دەبات کە ئەو کیژەی خۆشی ویستووە ژنێکی سووك و هەرچی و پەرچییە... ئەمەش نموونەیە لە دەقی ڕۆمانەکە:

جەنابی بەهرۆز بێگی کوڕی.... پاشا لە....

بەهرۆز بێگ، بە هۆی ماموریەت و ئەرکی فەرمانبەریی بەردەوامی بابی، کە لە سەردەمی منداڵیەتی ئەودا، لەم شارەوە بۆ ئەو شار دەگوازرایەوە، پانزە دانە ساڵی خشت نەی توانی بوو پێ بنێتە شاری ئەستەموولەوە، بۆیە تا شازدە ساڵی نەیتوانی بوو وەکو پێویست و وەکو هەر منداڵێکی دی خوێندنی پێویست بکات. لە ئەنجامدا کاتێ کە بابی بۆ ماوەیەك لە خزمەتی فەرمی دابڕاو هاتەوە ئەستەموول، هیمەتێکیان کرد تا ئاغازادە لە قوتابخانەیەکی ناوەندی ناونونووس بکەن. شەش مانگی بەسەرا تێنەپەڕی کە... پاشا دیسانەوە بە ماموری بۆ شارێکی دی ڕەوانەکرا. ناچار بوو ئەستەمول بەجێ بێڵێ. بەڵام ئەمجارەیان بۆ ئەوەی بەهرۆز بێگ لە خوێندن دوا نەکەوێ، ئەویان دەگەڵ دایکیا لە ئەستەمول هێشتەوە.

دوای دوو ساڵ کە پاشا دیسان لە کار لابراو بۆ ئەستەمول گەڕایەوەو سەیری کرد ئاستی کوڕەکەی لە نووسین و خوێندنەوەدا خراپ نییە، ئیدی بە پێویستی نەزانی بە مەبەستی وەرگرتنی شادەتنامە درێژە بە خوێندن بدات. ئیدی بە مێجزی خۆی لە یەکێك لە نووسینگەکانی بابی عالی دا (دەرباری عوسمان) داینا. ئەوسا بۆ ئەوەی کە بەهرۆز بێگ بە دەرەجەی یەکەم

فەرەنسی، کە خوێندنی بۆ ئەو واجب بووو بەدەرەجەی دووەم عەرەبی‌و فارسی فێر ببێ، چەند مامۆستایەکی تایبەتی بۆ گرت.

بەهرۆز بێگ بۆ ٥-٦ مانگێك زۆر بەجددی کاروباری نووسینگەی ئەنجام دەداو هێشتا نەیدەتوانی تاقە یەك ڕستەی فەرەنسی بە دروستی بخوێنێتەوە، وەکو چۆن لاسایی ڕواڵەت‌و هەڵسوکەوتی لاوانی غەربزەدەی دەکردەوە، بەو ئاوایە زاراوەو دەستەواژەی شکاوی فەرەنسی بەکار دێناو خۆنوێنی دەکرد.

بەهرۆز بێگ، تاقانەی داك‌و بابی بوو. بۆیە بە نازداری گەورە بوو بوو. بابی دەوڵەمەند بوو، هەر شتێکی ویستبا بۆی فەراهەم دەکرا. داك‌و بابی، زۆریان ناز دەدایەو هیچ ناڕەزاییەکیان لە هەنبەر مەیل‌و ئارەزووە گەنجانەکانیدا دەر نەدەبڕی. بۆیە بەهرۆز دوای ماوەیەك، لە کار ساردبووەوەو کەمترین دەوامی لە نووسینگەکەی دەربار دەکرد.

ئەو رۆژانەی کە بۆ نووسینگە نەدەچوو، ئیدی یان دەچوو بۆلای دەلاك سەرو قژی چاك بکات یان دەچوو جلی لەنك خەیات‌و بەرگدروان بەڕادان دەدا یان ئەندازەی پێی دەدایە پێلاو دروو، ئیدی بەهەر شێوەیەك بوایە لەم لاو لەولای گەڕەکی بی ئوغلودا کاتی بەسەر دەبرد. رۆژانی هەینی‌و یەك شەممەش بەیانیان نیو سەعاتێك لەلای مامۆستاکانی دەرسی دەخوێندو هەنگێ لە ماڵ وەدەردەکەوت‌و تاکو خۆراوا لە سەیرانگاکاندا دەسوڕایەوە.

کاتێ کە لەگەڵ دایك‌و بابیدا لە شارە جیاوازەکاندا بوو، زیاتر حەزی لەوە بوو کە بەجلی ئالاو والاوە سواری ئەسپ ببێ‌و نۆکەرو خولامان دوای بکەن‌و بە کوچەو کۆڵانانـدا بسوڕێتەوەو پیاسە بکات. بەلام پاش ئەوەی هاتنەوە بۆ ئەستەموڵ، سێ هیوایەتی لا پەیدا بوو. یەکەم، ڕانین‌و ئاژۆتن، دووەم شیکتربوون لە هەر کەسێکی فەڕەنگی رەفتار، وسێیەم بە فەڕەنسی قسەکردن دەگەڵ بەربەران، قۆندەر دروان، و خەیات‌و بەرگدروان‌و شاگردانی کازینۆیان.

ئاغا زادەکەی لەمەڕ خۆمان زستانان لە ماڵە گەورەو بەشکۆکەی خۆیان لە سلیمانیەو هاوینان لە کۆشکی چاملیجادا دادەنیشت. هیچ سەیرانگەیەك نەبوو کە کوڕە دەوڵەمەندانی وەکو ئەو بۆی بچن،ئەو بە جوانترین جلی مۆدی رۆژو بە گالیسکەی چوار چەرخەو بە جووتێ ئەسپی شێ‌و کورسی رازاوەوە دەگەڵ عارەبانچی تایبەتیدا لەوێندەر حازر نەبێ.

***

خانمان کە لە ماڵ دەرکەوتن لێبڕان تا ساماتیا بەپێیان بڕۆن‌و لەوێندەرەوە بە قیتار بۆ ماکری کوی و ئەوسا بۆ سەیرانگەی ساکیز ئاغاجی بڕۆن. بەدەم ڕێوە ئەم تەگبیرانەیان دەکرد کە پەریوەش خانم هەڵیدایەو گوتی:

– زۆر وەسفی پارکی (باخ) چامیلیجا دەکەن... چۆنە ئەمڕۆ بۆ ئەوێندەر بڕۆین؟

چەنگی خانم پێشنیازەکەی پەسند کرد، بۆیە لە جیاتی ئەوەی بۆ ساکیز ئاغاجی بچن، لێبڕان بۆ پارکی گشتی بڕۆن. ئیدی ژنان بە هەشتاو کەوتنە ڕێ‌و خۆیان گەیاندە وێستگەی ترامواى ئاك سارای‌و بەلەز سواری ئەو ترامواىە بوون کە چیوای نەمابوو بکەوێتە ڕێ. دوای سێ چارەکە

سەعاتێك لەسەر پردەكە لە تراموایەكە دابەزین‌و بەپێیان لە پردەكە پەڕینەوە، سواری كەشتی ئوسكودار بوون. دوای نیو سەعاتێك گەیینە لەنگەرگای كەشتیانی ئوسكودارو بەرەو عەماری ئەربابی كەوتنە ڕێ.

هیچ هەواڵێك لەو شوفێرانەی ڕۆژانەوە نەبوو كە بەدەم بانگ‌و هاواری: "ئوتومبیلی خسوسی..."، "ئوتومبیلت دەوێ؟" "بەم گالیسكە جوانە بتان گەیەنم؟" پێشوازی ڕێبوارانیان دەكرد. وا دیار بوو ژمارەی گەشتیارانی ئەو ڕۆژە زۆر بوون‌و بۆیە تاقەیەك تاكسی‌و ئوتومبیلی كرێ لە لەنگەرگاكەدا نەمابوو.

چەنگی خانم، بە كابرایەكی بێكاری، كە لەو ناوە وەستابوو، گوت: "كاكۆ... ئەرێ ئوتومبیلی كرێ لە كوێ پەیدا دەبێ؟"و پاش ئەوەی كە كابرا وەڵامی دایەوە: "خانمی بەڕێز بە خۆڕایی مەگەڕێ. ئوتومبیل دەست ناكەوێ" هەر دووكیان پێكەوە گوتیان: "ئەو ڕێگا دوورەمان بە خۆڕایی بڕی..." ئەوسا بەرەو مەیدانی سەرچاوە كە لەو بەرەوە بوو ڕۆییشتن‌و لە چەند نەفەرێكی ئەو ناوەیان پرسی: "ئەرێ لەم ناوە ئوتومبیل دەست ناكەوێ"

یەكێك لە پاسە تەختەكانی هێڵی گەڕەكی بی ئوغلو كە ئەو بەیانیە نەخۆشێكی بۆ (كاری كوی) برد بوو، ئێستا لە مەیدانی سەرچاوەدا بۆ گەڕانەوە بۆ ئوسكودار چاوەڕوانی كەشتی بوو. شوفێری پاسەكە كە بینی ئەو ژنانە عەوداڵی ئوتومبیل بوون، لە دڵی خۆیدا گوتی: "لە جیاتی ئەوەی كە دوو دانە سەعات بە خوت‌و خۆڕایی چاوەڕوانی كەشتی بكەم، باشتر نییە ئەم ژنانە بگەیەنمە شوێنی مەبەست؟" ئەوسا بەرەو ژنەكان ڕۆیی‌و ڕوو لە چەنگی خانم گوتی: "خانمی بەڕێز بۆ كوێ دەڕۆن؟ ئەگەر دەتانەوێ بەم پاسە دەتان گەیەنم..." هەردوو ژنەكە یەكسەر بەرەو ئوتومبیلەكە گەڕانەوە‌و سەیرێكی ئوتومبیلەكەیان كرد‌و زۆر مەمنوونی بەختی خۆیان بوون كە لەو تەنگانەیەدا، ئەو دەرفەت‌و ڕێكەوتە باشەیان بۆ ڕەخسابوو. چەنگی خانم، مەنزڵ‌و مەبەستی خۆیانی پێ گوت‌و دەستی بە سەوداو مامەڵە كرد.

ئەو بەلەمەوان‌و باربەرو گالیسكە چیانەی كە لەوێندەر بوون، دەوری پەریوەش خانمیان داو، بە تەوس‌و توانجان بە تەواوەتی نارەحەتیان كرد. ئیدی تیشكی گەرمی هەتاوی حوزەیران كردیە كارێك كە لە گەرماناو لە شەرمانا دەست دەست ئارەق بكاتەوە. پەریوەش خانم كە هەستی كرد پێویستە بە زووترین كات خۆی لەو وەزع‌و حاڵە دەربازبكات، ئاماژەی بۆ شوفێرەكە كرد تا دەرگای ئوتومبیلەكەی بۆ بكاتەوە. هەنگێ بە هەشتاو خۆی بە ئوتومبیلەكەدا كردو چەنگی خانمیش دوا بە دوای ئەو خۆی بە ئوتومبیلەكەدا كرد.

***

... دوای پێنج دەقیقەیەك بەهرۆز هەركە ئوتومبیلەكە پێچی كردەوە‌و گەییە ئەو شوێنەی كە لێی وەستابوو، نامە دڵدارییەكەی لە گیرفانی چاكەتەكەی دەرهێنا. لە هەنبەر پەریوەش خانم دا، كە بزەیەكی پڕ غروور نیشتبووە سەر لێوی، سەری دانەواند، سڵاوی كرد‌و بە فەرەنسی گوتی:

– مۆدموزێل...! ڕێگەم بدە ئەم نامەیە کە وێنەیەکی زندووو ڕاستەقینەی دڵی پەریشانی منە، بە جەنابتان پێشکەش بکەم...

بەهرۆز لە کاتێکا کە شان بەشانی ئوتومبیلەکە، کە وردە وردە دەڕۆیی، نامەکەی پێشکەش کرد.

دوو کەس لە خانمە گەنجەکان کە ئەم دیمەنەیان بینی دەستیان بە پێکەنین کرد. چەنگی خانم کە لە بەرانبەر ئەواندا ڕۆنیشتبوو گوتی: "باشە، باش... لاکەوە کوڕەکە گیان... شەرمە..." بەڵام چاوە لێڵەکانی بەهرۆز هیچ شتێکیان نەدەبینی‌و، گوێچکەکانیشی کە گیرۆدەی حاڵەتێکی توڕەیی سەیر بوو بوون هیچیان نەدەژنەوت. بەهرۆز بەو دەقەوە کە نامەکەی بە دەستەوە بوو، دوای ئوتومبیلەکە دەکەوت. لە ئەنجامدا گوڵشەکر خانم، نەك لەبەر ئەوەی کە دڵی بە حاڵی ئەو گەنجە سوتابێ، بەڵکو بۆ ئەوەی لە کۆڵیان ببێتەوە، دەستی درێژ کردو نامەکەی وەرگرت‌و بەهرۆزش وازی لە دووکەوتنیان هێنا.

بەهرۆز لەم کاتەدا دەتگوت ئەقڵی لە دەست دابوو. کە ئوتومبیلەکە ڕۆیی، گەڕایەوە بۆ هەمان شوێنی یەکەمجاری خۆی‌و لەوێندەر وەستا. دەستەسڕە مارکەکەی دەرهێناو دەستی بە سڕینی ئارەقەکەی سەر تەوێڵ‌و لاجانگەکانی کرد. ئەوانەی کە دیتبوویان خۆی بە ئوتومبیلەکەوە هەڵواسی بوو، ئێستا ئەویان بە یەکدی نیشان دەداو پێدەکەنین. لێ چاوانی بەهرۆز هێشتا هەر تەماوی‌و لێل بوون‌و هیچی نەدەبینی. پاش ئەوەی سووکە پشوویەکی دا، حەواسی هاتەوە جێ. ڕەنگی شادی سەرکەوتن لە سیمایدا ڕەنگی دایەوەو گوڕێکی وەبەر هاتەوە. جارێکی دی خۆی بە پارکەکەدا (باخ) کرد. شادو بەکەیف بەرەو خوار نشێو دەبووەوەو بەدەم ڕێوە سڵاوی لەو ژن‌و پیاوانە دەکرد کە کەمێکی دەناسین‌و خەریکی پشوودان بوون. بەڵام تەوقەی دەگەڵ ئەوانەدا، کە زیاتری دەناسین، دەکردو بە فەرەنسی دەیگوت: Koman Sava? (چۆنن؟ باشن؟) دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی شادمانی لە ڕادەبەدەری ئەو بوو. بەمجۆرە دوو سێ جاری دیکە بە نێو پارکەکەدا کەوتە هاتووچۆ.

***

– دەمەوێ جێی ئارامگای خوشکەکەتان بزانم.

– ئارامگای خوشکی من؟

– بەڵێ! ببورە، لێم مەگرە... چی بکەم، بە زاتی خوا دڵنیات دەکەم کە...

– تۆ خوشکی منت لەکوێ دیتووە؟

– لە پارکی چاملیچا. بەڵام دڵنیات دەکەم کە.... ئاه! خوشکەکەت فریشتەیەك بوو بۆ خۆی.

– یانی تۆ ئەوت دەبینی‌و قسەت دەگەڵ دەکرد؟

– بەڵێ! لێ باوەڕ بکە قسەکانمان لە سنووری حەیاو حورمەت دەرنەدەچوون، خانم Ah! Kom Se trist! Mil Pardon! (بە داخەوەم! زۆر ببورە خانم)نازانم چی دەڵێم‌و دەبێ چ بڵێم... بەڵێ! تەنیا یەك جار قسەمان پێکەوە کرد.

– له پاركدا قسەتان كرد. وایە؟

– بەڵێ! خانم له پارك دا ئاه!

– بێگومان له قەراغ ئەستێڵەكە...

– بەڵێ! بەڵێ! ئاه! تۆ چوزانی؟

– پێموایە، چڵە گوڵێگت دایە...

– ئاه! بەڵێ! یەك چڵە گوڵ ma povr flor!

– ئەویش سوپاسی كردیت، گوڵەكەی له بەرۆكی دا... وایە؟

– ئاه! وایە.

– تۆزێ لاكەوە با ئەم خەڵكانە ڕەت بن.

– بەسەرچاو خانم.

– ئێ پاشان...؟ جارێكی تر نامەیەكیشت دایە؟

– ئاه! ببورە خانم، نامەكە شتێكی تایبەتی نەبوو. تەنیا پێشنیازێك بوو بۆ زەماوەند كردنمان.

– ئێ خوشكەكەمت بەگەن كرد؟ حەزت لێكرد؟

– ئاه! تۆ نازانی، ناتوانی تەسەور بكەی كە چەندم خۆش دەویست. دوو مانگ... دوو مانگی خشت گەڕام، تاقیبم كرد. له هیچ شوێنێ نەمدۆزییەوە ، نەمدەزانی بۆچی له ناكاو دیار نەما. دەترسام، نەمدەتوانی له هیچ كەسێك پرسیار بكەم. ئەنجام ئەو هەواڵە ناخۆشەم زانی Ah! Komje suffer (چەند دژوارە!)

– زۆر چاك دیارە، بەمەراقی ئەشقی له ڕادەبەدەر كوشتووتە.

– ئاه! من ئەوم كوشتووە؟ من ئامادەبووم هەموو كاتێ له پێناوی ئەودا بكوژرێم. كاشكێ من له جیاتی ئەو دەمرم. ژیانم لێ حەرام بووە، چاوم بە دنیادا هەڵنایەت، دنیارم لێ تاریك بووە. Poranj! (فریشتە چكۆلەكەم!)

– ئەگەر هەنوكە خوشكەكەم ببینی دەیناسیت. وایە؟

– ئەو قسەیە چییە خانم؟ چما دەشێت نەیناسم؟

– تۆ باش زەینی دەموچاوی من بدە. نەكا ئەو كەسەی كەپێت وایە خوشكی من بووە، خۆم بم؟

– ئاه! چەند لێكدی دەچن...!

– جەناب! من تاقانەی دایكمم، نە خوشكم هەیە نە برا.

– ئاه! بە راستتە؟ مەحاڵە...!

– ئایا ئەو خانمەش كە له پاركەدا دەگەڵ خوشكەكەمدا، دیتبووت ئەم خانمە نییە كە لەگەڵ مندا وەستاوە!

چەنگی خانم كە له پێش پەریوەشەوە ڕێی دەكرد ئاوڕێكی پاشەوەی دایەوەو بە ژارخەنێكەوە گوتی: "ئەم ئاغا چكۆلەیە وادیارە پێش ئەوەی پیر ببێ وەكو من خڵەفاوە!"

بەهرۆز بێگ دەنگی چەنگی خانمی ناسییەوە، هەمان ئەو دەنگە بوو كە ڕۆژە هەرە خۆشەكەی ژیانی له پاركەكەدا، له گوێیا زرنگایەوەو له زەینیا چەسپی بوو. جا بۆ ئەوەی پاكانە بۆ خۆی

بکات‌و لەوەی پتر شەرمەزاری خانمەکان نەبێت کەوتە جۆرە عوزرخواییەک‌و دووبارە دەستی بە قسان کردەوە:

Ah! Pardon! Milpardon!. "ببورن، بمبورن!" خەتای من نییە، کەشفی بێگ ئەو خەبەرەی دامێ، ئەو فریوی دام.

– قەیدی نییە! بەڵام بەلای کەمەوە لەمەودوا ئەو کەسانەی کە خۆشت دەوێن، وا زوو رەوانەی گۆڕستان مەکە.

– Ah! Pardon باشە بۆ بە ئوتومبیل لاندوییەکەت ناگەڕێیت‌و پیادەیت؟

– لاندوی چی؟

– مەبەستم ئەوەیە کە یەکەمجار لەم پارکەدا بینیمیت، بە ئۆتومبیلە جوانەکەتان پیاسەتان نەدەکرد؟

– ئەها! ئەو ئۆتومبیلەمان بەکرێ گرتبوو، هی ئێمە نەبوو.

– عەجایەب!

– باشە! گالیسکە زەردەکەی تۆ چی لێهات؟

– خاوەن قەرزێک بردی، یانی هین...، دام بە مسیوکوندراکی....

– مخابن...!

***

بەهرۆزبەگ، لە ناکاودا، لە بەهارستانی دنیای بەرزی خەیاڵەوە، کە ماوەیەک نقومی لەزەتە خەمناکەکانی بوو،کەوتە سەر زەوی وشک‌و برینگی حەقیقەت. بەیانیانی خەمناک، ئێوارانی رەنگاو رەنگ، ئاسمانانی بەشکۆ، و سەوزەزارانی پڕ خونچەو شکۆفەو گولیلکان کە تا تۆزێ لەمەپێش چاوانیان پڕ کردبوو، ئێستا لە چاوتروکانێکدا وێران‌و نوغرۆ بوو.

بۆ ساتێک بیری لە شێوەی ناپەسندی ئەو حەقیقەتە کردەوە کە خۆ بەخۆ کەوتبووە عەودالی، لەدڵی خۆیدا هەستی بە نەفرەت‌و بێزارییەکی گەورە کرد. بەڵام توانای ئەوەی نەبوو لەو هەتاوە درەخشانە دوور بکەوێتەوە. قسە پڕ تەوس‌و توانجەکانی چەنگی خانمی نە دەژنەوت کە لە پێشەوە دەڕۆیی‌و دەیگوت: "دە باشە دەی، دوای ئێمە مەکەوە! یاڵلا بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە کوڕم..." بەڵام بە دەستی خۆی نەبوو نەیدەتوانی لە دووی ژنەکان بیێتەوە. تۆزێ لە پێشترەوە، لە پێچی شەقامەکەدا، لاندۆیەکی کرێ بەلەز بەرەو ئەوان دەهات‌و بەهرۆز بێگی لەو رەوشە دژوارو نالەبارە رزگار کرد. بەهرۆز، حەواسی جەموجۆر کردەوەو روو لە هەتاوە درەخشانەکەی گوتی:

– ئاگادار بن! وا لاندۆیەک دێت، ببورن!

هەنگێ بەرەو هەمان شوێن، کە لێوەی هاتبوو، گەڕایەوەو دەستی بە غاردان کرد، پەریوەش خانم‌و چەنگی دەربارەی رەفتارە سەیرەکانی بەهرۆز قسەیان دەکردو لە حاڵێکا کە بەدەنگی بەرز قاقایان لێدەدا، سەنگین‌و رەنگین درێژەیان بەرێی خۆیان دا...!

ڕۆمـانی (سـەودای ئوتومبیـل)ی رەجـایی زادە ئـەکرەم، راسـتە بـە شێوەیەکی تـەواو ریالیسـتی نەنووسراوەو لاڤ ئەوەش لێنادات کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ریالیزمـەوە هەیـە، بـەڵام لـە رووی بونیـاد، بابـەت، قارەمـان، وێنـەو شیکردنەوەی دەروونناسـییەوە، دەکرێ بە نموونەیـەکی گەشی رۆمـانێن ریالیستی تـورکی بێتـە ژمـاردن: گـزین دینـو. گرینگترین بەرهـەمی رەجـایی زادە ئەکرەم لە مەیدانی رۆمان دا، سەودای ئوتۆمبیلـە. ئەگـەر چـی لـەو سـەردەمانەدا کـە نووسـەر ئـەم چـیرۆکەی نووسـیوە، کـاری رۆماننووسـی تـورکی پێشـکەوتنێکی بەرچـاوو دیـاری بـەخۆوە دیتبـوو... بـەڵام ئـەم رۆمانـە دژی ئـەو زەینیـەت و ئەقڵیەتـە نووسـراوە کـە بـە هەڵـە لـە ئـەوروپایی بـوون حـاڵی بـووەو سـەروەت و سـامانی خانـەوادەیی لـە پێنـاوی ئـەم ئەقڵیـەت و تێگەییشـتنە هەڵەیـەدا بـە فیڕۆ دەدات. گومـان لـەوەدا نییـە کـە رۆمانەکـە لـە رووی شێوازو تەکنیکـەوە لاوازە. بەڵام لە بەرانبەردا خاڵی بەهێزیشی تێدایە کە یەکێك لەوانە ئەوەیـە ژیـانی خـەڵکی ئەسـتەموولی سـەردەمی عەبدولحەمیـدی زۆر جـوان وێنەکێشـاوەو ئاوێنەیـەکی باڵانمـای نموونـەێن ئاغـازادەو ئەرسـتۆکراتە نەزانـەکانی ئـەو قۆناغەیـە. هـەروەها سـەیرانگەو شـوێنە گەشـتیاری و زەوق و سەلیقەی خەڵکی ئەو رۆژگارە لەم بەرهەمەدا بە باشی وێنەکێشراوە، ئەم ڕۆمانـە هەنگاوێکـە لـە کاروانی بەهێزکردنی بزووتنەوەی ریالیستی و لە مێژووی ئەدەبیاتی تورکیدا پێگەیەکی تایبـەتی هەیە: حیفـزی توفیـق گوننسـای. توانـای رەجـایی زادە لـە نووسـینی رۆمـانێکی وەکـو (سـەودای ئوتومبیل)دا کە کۆمەڵێك لایەن و مەودای ریالیستی لە خۆگرتووەو رەگ و ریشـەی لـە دیتنـەکانی ئەودایـە، لـەو رازو نهێنی و مەتەڵانەدایـە لـە هەمیشـە پێویسـتمان بـە هـەڵهێنان و دۆزینەوەیانـە، رەوتی رووداوەکان، دەگەڕێتەوە بۆ سەر دەمی لاوێنی نووسەر، ئەمەش ئەو ئەگـەرە لـەلای وەرگـر دروسـت دەکـات کـە رەنگـە رەجـایی زادە لـە رۆمـانی (سـەودای ئوتومبیـل)دا هـەوڵی دابێـت، بیرەوەری و باری سەرنج و تێبینی و دیتنەکانی سـەردەمی لاوێنی خـۆی بژێنێتـەوە: مسـتەفا نهاد ئوزئـون. رەجـایی زادە، دەردو گرفتــە کۆمەڵایەتیــەکانی ســەردەمی خــۆی، وەکــو مەســەلە پەروەردەییـەکان، دەرس گوتنـەوەی تایبـەتی بێگانـان و هـەوڵی غەربچیاتی و لاسایی کردنـەوەی رۆژئاوایی، لە چیرۆکێکی دڵداری گەنجێکی نەزان و زۆر پارەدارا، کۆکردووەتەوە. هەڵبەتـە یـەکێك لە کیماسیەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە نووسەر خۆی لە بابەتێن وەك تەنزو رەخنـە داوە کـە کـاری ئـەو نییـە، بۆیـە شێوازی نووسـین دەگـەڵ بابـەتی رۆمانەکـەدا تێك ناکاتـەوەو رۆمانەکـە زۆر زوو گەرم و گوڕی خۆی لەدەست دەدات و لانسی دەمرێت: ئەحمەد حەمدی تانپینار.

## حوسێن ڕەحمی گورپینار

(١٨٦٤- ١٩٤٤)

***ئامانجی ئەدەبیات‌و هونەر دەبێ خزمەتی کۆمەڵ بێ. دەبێ خەتاو هەڵەکانی ئادەمیان بە ئاشکرا بێتە دەربڕین‌و نیشاندان تاکو دووبارەی نەکەنەوە... من لە هەموو بەرهەمەکانمدا هەوڵم داوە خوێنەر لە ئاستی شۆخی عامیانەوە بەرەو فەلسەفەی بەرز، ڕێنوێنی بکەم.***

گورپینار لە ڕۆماننووسە مەزنەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرنی تورکیایە. لە ١٨٦٤/٨/١٧دا لە ئەستەمووڵ هاتووەتە دنیا، سەعید پاشای بابی لە کارگوزارانی پاشا بوو. لە تەمەنی ٣-٤ ساڵیدا دایکی مرد. بابی زۆربەی کات بە ماموری وئەرکی فەرمی دەوڵەتی بۆ ناوچە دوورە دەستەکان دەڕۆیی‌و ئەو لەلای داپیرەی کە ئاکنجی ئاك سارای بوو، پەروەردە بوو. منداڵیەتی‌و گەنجی لە نك داپیرەی وپوری لە ماڵە گەورەکەی ئەوانا بەسەر برد. دوای تەواوکردنی قوتابخانەی مەحموودیە، لە ساڵی ١٨٧٨دا لە بەشی زانستە سیاسیەکاندا دەستی بە خوێندن کرد. فەرەنسی لەسەر دەستی مامۆستایانی تایبەتی خوێندو فێر بوو. بە هۆی نەخۆشییەوە، وازی لە خوێندن هێنا (١٨٨٠). ماوەیەك لە بەشی کاروباری جەزایی دادڤانی، دادگای بازرگانی‌و، لە بەشی پاچڤەی وەزارەتی ئاوەدانی خزمەتی کردو پاش مەشروتیەتی ١٩٠٨ لە ئەرك‌و فەرمانی دەوڵەتی دووركەوتەوەو خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد. ئەوە بوو ڕۆمانی (شیك)ی بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "تەرجومانی حەقیقەت" بڵاوکردەوەو ناوو شۆرەتێکی پەیدا کردو، پاش ئەوە بلاڤۆکی کۆمیکی "گەرووی بەتاڵ"ی دەرکرد (١٩٠٨). لە ڕۆژنامانی وەکو "سەباح"و "واکیت"دا بەشداری کرد. لە ساڵی ١٩٢٤دا ڕۆمانی (ئایا من شێتم)ی بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "سون پوستا"دا بڵاوکردەوەو ئەم ڕۆمانە بەوە تاوانبار کرا کە پێچەوانەو دژی ئەدەب‌و ئەخلاقەو لەسەر ئەم ڕۆمانە درایە دادگا، بەڵام لە ئەنجامدا بێتاوان دەرچوو. لە ساڵانی (١٩٣٦- ١٩٤٣) وەکو نوێنەری خەڵکی کوتاهیا بوو بە ئەندامی ئەنجوومەن. ژنی نەهێناو هەر بە سەڵتی ژیا. ڤیلایەکی لە دوڕگەی هیبلی دا هەبوو و پتر لە سی ساڵی تەمەنی لە وێندەر بەسەر بردو لە هەمان دوڕگە، لە ١٩٤٤/٣/٨دا کۆچی دوایی کرد. لە گۆڕستانی عەباس پاشا، لە هەمان دوڕگە بە خاکیان سپارد.

حوسێن ڕەحمی گورپینار، لەبواری تەنزدا بەهرەمەندو بە توانا بوو، بۆیە بە زمانی تەنزو پڕ توانج ژیانی ڕۆژانەو ڕەوشی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئەستەمووڵ، کێشەی خانەوادەیی، بیروباوەڕێن پوچ‌و ئەو ئاستەنگ‌و قەیرانانەی لەو زەمان‌و ڕۆژگارەدا یەخانگیری تورکان بوو، دەگێڕایەوە. گورپینار، هاوتەمەن‌و هاوساڵی ئەوانە بوو کەلە (سەروەتی فنون)دا کاریان دەکرد، بەڵام دیدو بۆچوونی هونەریی لەوان جیاواز بوو.

زۆربەی قارەمانانی ڕۆمانەکانی لە ئەستەمووڵی ئاخرو ئۆخری سەدەی پانزەیەمدا دەژین کە دیمەنەکانی ژانی ئەوسای ئەستەمووڵ جۆراوجۆرو پڕ چالاکی بووە، لە بەرهەمەکانی گورپیناردا هیچ خەبەرێك لەمەڕ ئەنادۆڵ (ڕۆژهەڵاتی تورکیا) نییە، تەنزەکانی چەند کۆمیدین ئەوەندەش

لایەنە کۆمیدیەکانی کۆمەڵگەی خستووەتە بەر وردەبینی رەخنەوە. لێهاتووانە قارەمانەکانی هەڵدەبژێرێتو و بەگوێرەی ئاستی شەخسی خۆیان دەیان هێنێتە ئاخافتنو دیاردەو رووداو و بویەرەکان بە هەردوولایەنی کۆمیدی و تراجیدیانەوە دەگێڕێتەوە، کەسێکی زۆر بە سەرنجو وردبینە، بە دیدو نۆرینێکی ریالیستی، ناتورالیستییەوە پەیگیری تیۆری "هونەر بۆ کۆمەڵ" دەکات. بە بیروبۆچوونی ئەو ***"هونەرمەند،تا بەڕاستیو دروستی تەبیعەت بکات بەسەر مەشقی خۆی، زیاتر دەتوانێ روح بە بەر بەرهەمەکەی خۆیدا بکاتو زندوویەتی پێ ببەخشێت. هیچ وێنەیەکی خەیاڵئەنگێز ناتوانێ لە خەیاڵدانی هونەرمەندا بەئەندازەی تەبیعەتو سروشت دەوڵەمەندو جۆراو جۆر بێت"***. گورپینار درێژەی بە رێگەو رێبازی ئەحمەد مەدحەت دا. لە رۆمانەکانیدا هەندێجار بە رادەیەك نقوومی بۆچوونانو جیهانبینی فەلسەفی دەبێت کە لە رەوتی رووداوەکان بەجێ دەمێنێ. هەروەها هەندێجار بە رادەیەك خۆی بە وردە شتەکانەوە خەریك دەکات، کە یەکێتیو یەکپارچەییو هاوئاهەنگی بابەتێن رۆمانەکانی دەسڕێتەوە.

گورپینار بەچاولێکەری حیکایەتی کاراگز ***(کارگز، نمایشێکی ساتیرییە کە سوود لە شێوەو سێبەر وەردەگرێت)***، ئورتائویونو ***(جۆرە نمایشێکی میللییە کە بێ روونکاکیو دیکۆر لە نێو جەماوەری خەڵکدا ئەنجام دەدرێت)***،وچیرۆکێن مەداح ***(مەدداح:هونەرێکە لەبابەتی حیکایەتخوانیو نەقڵ بێژی کە شایەر بە لاسایی کردنەوەی دەنگانو دەربڕینی حیکایەتێن دڵگیر خەڵکی سەرگەرم دەکات) قارەمانەکانی بەشێوەی خۆیان*** دێنێتە ئاخافتنو بۆ ئەوەی کە جەماوەری بەرینی خەڵك لە حیکایەتو چیرۆکەکانی بگەن، بەرهەمەکانی خۆی بە زمانی دیالۆگ، بێ گرێو گۆڵ و بە شێوازێکی سادە دەنووسێت. باوەڕی وایە: "هەر کاتێ بە باشی لە بایەخی سادەیی زمانەکەمان بگەین، ئەوسا ئەدەبیات دەست پێ دەکات". دەڵێت: ***"زمان وەکو روبارێکە کە وەستانی بۆ نییە....و ئێمەش وەکو ئاوماڵکەین لە بەردەم ئەم روبارەدا. خەنی لەوانەی کە خۆیان بەو روبارە دەسپێرنو تاکو سەرچاوە لەگەڵی دەڕۆن.... واوەیلا بە حاڵی ئەو کەسانەی کە لە گۆشەو کەناران دەمێننەوە وناتوانن ئەم رێڕەوە تەی بکەن... زمان وەکو قیتاری تیژڕۆیە"***.

حوسێن رەحمی گورپینار پتر لە هەفتا بەرهەمی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە. نیوەی ئەمە ژمارەیە رۆمانەو ئەویتری رەخنە، وتار، بەیتی ساتیری، چیرۆكو شانۆنامەیە. بە نێوبانگترین رۆمانی بریتیین لە: ئاوێنە یان شیك، کە بەسەرهاتی گەنجێکی مۆد پەروەرە (١٨٨٨) .عیفەت (پاکی) کە چیرۆکێکی واقیعی بەشێوەی ڕۆمانتیك دەردەبڕێ (١٨٩٦). خانمی پەروەردەکار، کە باسی لایەنێن نەرێنی ڕاگرتنی ژنانی فەرەنگیە لە ماڵەوە (١٨٩٧). تەلاقدراو، کە چیرۆكو حیکایەتی شەڕی نێوان بووكو خەسوویەکە (١٨٩٧). ماشقە، کە سەر سەریاتی کوڕانی ماڵباتە دەوڵەمەندو پارەدارەکان نیشان دەدات (١٩٠٠). قەدرزان، بریتییە لە چیرۆكو حیکایەتی عەشقێکی قووڵو سەبرێکی خەمین (١٩٠٢). ئاشق، بەسەرهاتی ئەو خانەوادە رەسەنانەیە کە منداڵەکانیان بە هۆی ئاشقێنییەوە دوچاری بەد بەختی دەبن (١٩٠٩). ئەستێرەی هالیو زەماوەندێك، چیرۆكو بەسەرهاتی ئاشقێنییەکە لەبەر رۆشنایی ئەو گفتوگۆیانەی کە دەربارەی کەوتن یان نەکەوتنی ئەستێرەی کلکدار، (هالی) بەگۆی زەویدا، دەکران (١٩١٠). گوڵی کێوی،

چیرۆکێکه له ژێر کاریگەریی ڕێنمایی و ئاموچیارییەکانی ئامادەکردنی ڕۆح و بویەرێن پۆلیسیدا نووسراوه (١٩١٢). پەنامان برده بەرهەق، چیرۆکێکه دەربارەی کاریگەریی جەنگ بەسەر ژیانی خەڵکی ئەستەموڵەوه (١٩١٩). چەند لاپەڕەیەك لە ژیان، نووسەر لەم چیرۆکەدا باسی گۆرستانەکانی ئەدرنەکاپی دەکات. ئەم کتێبه به هۆی سانسۆرەوه به ناتەواوی مایەوه (١٩١٩). دوایەمین ئارەزوو، دەربارەی وەزع و حاڵی گەڕەکەکانی ئەستەموڵە، بەتایبەتی شازادە باشی له مانگی رەمەزاندا (١٩٢٣). جگە لەوانه ئەم کتێبانەشی هەن: بابی ئەفسونکراو (١٩٢٤). ژیان له مەیخانەدا (١٩٢٥). چۆن داکی مێردەکەم شێت بوو (١٩٢٧). شەهیدێك که له گۆڕ هەستایەوه (١٩٢٨). ئایا من شێتم؟ (١٩٢٩). ئەو سەرانەی پێکا دەدەن (شانۆ نامە، ١٩٣٣). دوو دڵۆپه ئاو (شانۆ نامە، ١٩٣٣)، یەکەمین دەرچوون له تونێڵ (١٩٣٤). لای ڕێگران (١٩٣٣). تیجارەتی دڵ (١٩٣٩). هونەرو ئەدەبیات (١٩٧٢) بازاڕی گیان (ڕۆمان، ١٩٧٤).

**<u>*- خانمی پەروەردەکار (١٨٩٧):</u>**

حوسێن رەحمی گورپینار، لەم ڕۆمانەدا، زیرەکانه سوودی له خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕۆماننووسی ناتورالیستی وەرگرتووه. لەم بەرهەمەدا تێبینی و سەرنج و خوێندنەوەی خۆی دەربارەی ئەو ئەگەره نالەبارانە دەردەبڕێ کە لەوەیە خانمانی پەروەردەکارێن بیانی له فێرکردن و پەروەردەی منداڵەکاندا دروستی بکەن. دەهری ئەفەندی پیرەمێرێکی زەنگینە، ڤێلایەکی لەسەر دەریا هەیەو دەگەڵ شەمعی کوڕی، مەلاحەتی کیژی، و سەدری زاوایدا لەوێندەر دەژی. ئانجیلی، کە ژنێکی پەروەردەکاری بیانیە، بۆ فێرکردنی نەباهات و واهب، کە لە ژنە نافەرمییەکەین، ڕاگرتووه. مادموزیل ئانجیل .خەڵکی پاریسەو وەکو ماشقەو قەپاتمەی بازرگانێك بۆ ئەستەمولٚ هاتووەو لەوێندەر ئاکنجی بووه. ژنێکی جانانەیە. له ماوەیەکی کەمدا هەر هەموو ئەو پیاوانەی کە لە ڤێلاکەدا دەژین، لە ڕێ دەردەکات. هەوەڵجار شەمعی، ئەوسا سەدری و پاشان برایەکەی دەهری ئەفەندی دەخاتە داوی خۆیەوه. ئەدا، کارەکەری ماڵەکه گومان لە وەزع و حاڵەکه دەکات. کوژانەوەی ناوەختی گڵۆپانی هەیوانەکە بووەتە مایەی گومانی ئەو. شەوێك دوای کپ بوونی دنیا هاپۆ قوزی لە ژوورەکەی ئانجیل دا دەبینێ. گومانەکەی زۆرتر دەبێ. (شەمعی)ش بە تەواوەتی شەیداو دڵبەستەی ئانجیلە. غیرەو حەسادەت دەبێتە مایەی ئەوە کە لە باخەکەدا دەگەڵ هاپۆو مێردی خوشکەکەیدا دەست بنەنە یەخەی یەکترو کار بگاتە کوتەککاری. توسونی ئاشپەزیش لەو کەسانەیە کە هاتووچۆی ژوورەکەی ئانجیل دەکات. ئانجیل لە ڕۆژانی گەرمیش دا، لە باخ و دارستانەکەدا، ئاشق و دۆستەکانی دەبینێ. شەمعی کە بە مەسەلەکە دەزانێ شێت و هاڕ دەبێ. نیوەشەوێك خەنجەرێك هەڵدەگرێ و دەڕوات. دڵنیایە کە سەدری لە ژوورەکەی ئانجیل دا دەبینێ. بە هەموو هێزو توانایەکییەوە دەرگاکە دەخاتە سەر پشت. دەرگاکە دەکەوێتە سەر پشت. هەموو شوێنێك دەگەڕێ. کە دەرگای کۆمەدییەکە دەکاتەوه، بەوپەڕی سەرسامی بابە ردێن چەرمووکەی خۆی، دەهری ئەفەندی لەوێندەردا دەبینێ.

خانمی پەروەردەکار، لە دیمەنا زۆر ناسکە، بەڵام لە جەوهەردا وەکو گوڵێکە کە بۆنەکەی پیاو کاس دەکات. سەر دێنێتە ژان. خانم لە هەرەتی گەنجی و ناسکی ژنانەی خۆیدایە، یانی لە تەمەنی بیست ساڵیدایە. دەستەباڵاو باریکەلەو زراڤە. بەڵام گەردن و گۆنا پڕو دەستە خڕپنەکانی لەگەڵ لەش و لاری باریکیدا تێك ناکاتەوەو هەڤدژیەکی جوانی پێ دەبەخشێت. ئەگەر کەسێك تەمەشای کەمەری بکات بە لاوازی دەزانێ، بەڵام سەروچاوی قەڵەو دەنوێنێ. ئەو کەسانەی کە بە گوێرەی زەوقی خۆیان حەز لە لەش و لاری قەڵەو یان زراڤ دەکەن، پەسندی دەکەن. رەنگە بە هۆی ئەم لاش و لارە خۆش هەیکەلەیەوە بێ کە هاپۆ لە خەونەکانی خۆیدا هەمیشە بەرەو خەیاڵی زراڤ هێرش دەبات و ئاغای سەر ئاشپەزیش دەگەڵ ژنێکی خڕپن و قەڵەودا سەرقاڵە.

رەنگی چارەی ئانجیل سوورو سپییە. لای خوارووی برۆ خورماییەکانی کەمێك نزمەو، دەمی نەختێك گەورەیە. بەڵام دوو ریزە ددانە مرواری ئاساکەی، کە دەڵێی بە تەناف ئاوریشم رێك خراوە، کە لە کاتی قسە کردنا، یان لە کاتی پێکەنیندا، لە نێو لێوە تەنك و ئاڵەکانییەوە دەردەکەوێ، گەورەیی دەمی دەشارنەوە. ئەگەر لە بەرجەستەترین خاڵی گۆنا پڕەکەیەوە کە دەڵێی هەڵوچەی نەگەییوە تا ناوەندی چاڵی چەناگە جوانەکەی هێڵێکی خەیاڵی بکێشرێت، سێ گۆشەیەکی لایەکسان پێك دێت کە نیگا تیایدا وێڵ و سەرگەردان دەبێ و قیامەتێك ڕادەبێ هەر مەپرسە. تەحا لەو چاوانە... وای لەو چاوانە. چاوەکانی قاوەییەکی کاڵە، ریزێك برژانگی درێژ دەوریان داوە، هەر کاتێ بیەوێ وایان خومار دەکات مەحاڵە ئەگەر ئەهلی دڵێك بیاندینێ، لەخۆ نەچێت.

جل و بەرگێکی زۆر سادە لەبەر دەکات. قژە خورماییەکەی بە هەمان وەستایی ژنە پاریسیان لەسەر سەری کۆدەکردەوە. هاوینان کراسێکی کەتانی سپی یان خەت خەت و تەنورەیەکی رەشی لەبەر دەکردو پشتێنێکی لە پشت دەکرد. سەرو روخساری خانمی پەروەردەکار لە ماڵەوە بەم شێوەیە بوو کە باسمان کرد.

شەمعی، لە یەکێك لە پشووەکاندا کە لە قوتابخانەوە هاتەوەو چوو بۆ ڤێلاکە، هەرکە چاوی بە خانمی پەروەردەکار کەوت دڵی داخورپا. لە یەکەم نیگاوە ئەم ئافرەتەی چووە دڵەوەو یەکسەر بیری لەوە کردەوە بڕوات بۆ لای بابی بەڕێزی و دەستەکانی ماچ بکات و پێی بڵێ: "چ پێویست بە چوونە قوتابخانە دەکات؟ خۆ مادمۆزیلە پاریسییەکە لە مامۆستاکانی خۆمان خوێنەوارترە. ئەو شتانەی کە لەوەوە فێری دەبم، لە زاناترین زانایانی خۆمانەوە فێری نابم". حەزی دەکرد کە بڵێت حەز دەکات دەگەڵ خوشك و براکانیا، نەباهات و واهب دا لە بەردەم خانمی پەروەردەکاردا چۆك دابدات و دەرس بخوێنێ. چەند سەعاتێکی بەم خەیاڵ پڵاوانەوە بردە سەر. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "دەچم بۆ لای بابی ئازیزم، بەڵام چی پێ بڵێم؟" دوو سێ جۆرە قسەی، کە بەم رستەیە دەستی پێکرد، تاقی کردەوە: "باوکە گیان کوڕەکەی تۆ لە قوتابخانەدا شتی وا دەخوێنێ کە لایەق..." مخابن نەیدەتوانی بەشەکانی دواتری قسەکەی و بە هەمان رەوانی بەشی یەکەم رێك بخات. لە پڕ سیمای پڕ سام و هەیبەت و چاوانی ترسناکی بابی هێنایە بەرچاوی خۆی. لەرزی. هەستی کرد بابی دەڵێت: "ئاغا شەعبان، ئەدا خانم وەرن بۆ ئێرە! بزانن ئەم کوڕە بێ چاوو

رووه، دەڵێت ئەم گەرەکە بچمە قوتابخانە. فەلاقە بێنن. ئەم کەرە پاڵخەن". بەدەم لەرزینەوە هەستی کرد بابی فەرمانێکی واهی دەدات. سەیری کرد ئەم چەند قسەیەی بابی، سەد هێندەی ئەو قسانەی کە ئامادەی دەکردن تا بیانڵێ، کاریگەرترە.

چاوانی خوماری ئانجیل، ئارامی لەبەر ئەم گەنجە داماوە بڕی بوو و هانی دەدا مل بە هەر مەترسییەکەوە بنێت. لە خەیاڵی خۆیدا، خەونی شاعیرانەو رۆمانتیکی بە دیدارو لەزەتی دیداری خانم ئانجیلەوە دەبینی. هەستی کرد لەزەتی دڵداری، هەموو دەردو ئازارێکی فەلاقەو شەلاخی لە بیر دەباتەوە. کە زانی ناتوانێ بابی قاییل بکاتو ئەمیش لەگەڵ خوشكو براکەی دیکەدا لەنك خانمی پەروەردەکار بخوینێ، ئیدی ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکی خۆی دەرکرد. لە کاتێکا خۆی ئامادە دەکرد بۆ قوتابخانە بڕوات. بیری لەوە دەکردەوە لە رێگای ترەوە بە ئامانجەکەی خۆی بگات،و عەوداڵی چارەیەك بوو تا بەلای کەمەوە هەفتەی جارێك ئانجیل ببینێ. شێتانە ئانجیلی خۆشدەویست، لێ با بزانین (ئانجیل)ش ئەوی خۆشدەویست یان نا؟

عەشقو ڤیان ئەوەیە کە لە هەوەڵەوە ئاشق لە ناکاودا گیرۆدە بکاتو پاشان ماشوق.

تەمەشای مۆم بکە کە تا خۆی نەسوتێ پەروانە ناسوتێنێ.

ئەو شیعرەی سەرێ. قسەی پێشینانە کە ناشیانە هۆنراوەتەوە، بە هەرحاڵ بە کەڵکی ئاشقانی تازەکارو ناشی دێتو پەندو فەلسەفەیەکی سوکنایی بەخشی تێدایە. شەمعی بەو ئومێدەی کە ئەگەر پێی بڵێ شەیداو ئاشقی ئەو بووە، ئەویش بەزەیی پێیدا دێتەوەو دەست بە روویەوە نانێت، هێندەی دی ئاگری ئەشقی دەروونی خۆی خۆشتر دەکردو بازنەی خەیاڵاتی گەنجی بەرینتر دەکرد. گەنجی بێچارە نەیدەزانی نیگا دڵڕفێنەکانی خانمی مامۆستا بۆ راوی دڵی ئەوە،و لەوە نەدەگەیی کە لێزانی خانمی مامۆستا بەو خێراییە خستویەتیە ئەو ئاگرەوە.

شەمعی ئامادە بوو، خۆی بەئاوو ئاگرا بدات، مل بە هەر مەترسییەکەوە بنێ. ماوەیەکی زۆر بیری لەوە کردەوە کە چۆن بتوانێ شەیدایی‌و دڵبەستەیی خۆی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە دەربڕێو بە ئاواتی خۆی بگات. "ئایا کاتێ کە لەسەر سفرەی نانخواردن هەستام دەستی بگوشم؟ یان لە کاتی پیاسەی ناو باخەکەدا دەستەودامێنی بکەوم؟" هەزارویەك بیرو خەیاڵی منداڵانە بە مێشکیدا هات.

شەمعی کەللەپوچ کە هیچ کاتێك وەکو پێویستو بە باشی لە دەرسەکانی تێنەدەگەیی، وەکو ئاشقێکی پڕ ئەزموونی کۆنەکار جەوێکی وەهای رەخساند کە (نباهات)ی خوشکی چاوگی خۆشویستنی بۆ سێیەم کەسی تاك بۆ گەردان بکاتو بەمجۆرە ئەنجام رێگەی ئاشکرا کردنی مەیلی دڵی بۆ خانمی پەروەردەکار دۆزییەوە.

ژنەی فێڵباز، شەوێ، لە کاتی شێودا چاوێکی لە شەمعی داگرت. ناو بە ناو لە رووی میهرو لوتفەوە نیگایەکی دەکرد. بەڵام ئەمجارەیان، نیگاکردنەکەی وەکو جاری یەکەم دلبەرانە نەبوو و تورە دەهاتە بەرچاو. شەمعی کە لە هەنبەر ئانجیل دا دانیشتبوو. دەقاودەق کەوتبووە بەر سێرەی نیگا تورەکانی دلبەر، جارێ رەنگی سوور هەڵدەگەڕاو جارێ زەرد. چاوانی بڕییە دوڕ چاوانی ژنەی تاینو هەوڵی دا بە نیگایەکی نائومێدانە پێی بڵێ کە: "ئەگەر هەڵەیەك لە رەفتارم

دا هەبووە بمبوورە. چ بکەم نەمتوانی دەرەقەتی دڵ بێم". ئەوشەوە دەربڕینی هەست کە لە ڕێگەی نیگاوە دەستی پێکرد، لە ڕاستیدا دەستپێکی جۆرە ئاشقێنییەك بوو. بەڵام شەمعی لەم شتە غافڵ بوو، هەمیشە لە بیروخەمی ئەوەدا بوو ناکا خانمی پەروەردەکاری ناڕەحەت کردبێت.

شەمعی ئەو شەوە بە ئەندازەیەك بێ حەواس و پەست و غەمگین بوو کە خەو نەچووە چاوانی. بۆ سبەینێ چوو بۆ قوتابخانە. ئەو دەرسانەی کە جاران لێیان نەدەگەیی و کوێرانە لەبەری دەکردن، ئەمجارەیان بۆشی لەبەر نەکرا. بە ڕۆژەوە هەموو هۆش و گۆشی بە ژنەی تاینەوە مژول بوو، شەوانیش بە دەم خەوی پچڕ پچڕەوە جگە لەو بیری لە هیچ شتێکی دی نەدەکردەوە.

هەفتەی دواتر کە بۆ ڤێلاکە گەڕایەوە، ئەگەر کەسێك بە وردی زەینی دەموچاوی بدایە، بە ئاسانی هەستی دەکرد کە زۆر لاواز بووە. جگە لە ئانجیل هیچ کەسێکی دی پەی بە وە نەبرد. خانمی پەروەردەکار، پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەی لە خۆی کرد.

کوڕە چوو بۆ لای بابی بەڕێزو ئازیزی. بابی یەکسەرو لە جێوە کەوتە پرسیارو تاقیکردنەوەی. لەهەنبەر پرسیاری یەکەمیدا بێدەنگ بوو. کە گوێی لە پرسیاری دووەم بوو، زمانی چووە کلیلە. لە پرسیاری سێیەمدا فەرمان درا کە فەلاقەکە بێنن. ئەو ڕۆژە دوازدە شەلاقیان لە ژێر پێیە رووتەکانی دا، بە درێژایی ئەو هەفتەیە بە دەم ئازارەوە ژیا. بەڵام نیگا پڕ سۆزەکانی ئانجیل کردیە کارێك کە ئازاری فەلاقەکە بە تەواوەتی فەرامۆش بکات.

### *- ئاشق (١٩٠٩):

حوسێن رەحمی گورپینار، لەم رۆمانەدا رەخنە لەو کەسانە دەگرێت کە کوێرانە دڵبەندی رۆژهەلات یان رۆژئاوا دەبن. ناوی ئەسڵی رۆمانەکە (فەرەنگی رەفتار)ە. بەهۆی سانسۆری باوی ئەو سەردەم و رۆژگارەی ئەستەموولەوە ناونیشانی رۆمانەکە گۆڕاو بە زنجیرەو بە نیوەچڵی لە رۆژنامەی (ئیقدام)دا بڵاوبووەوە. دەقی تەواوی ئەم رۆمانە پاش مەشروتیەت لە رۆژنامەی (سەباح) بڵاوبووەوە. مەفتون بێگ کە خەریکی خوێندنە لە پاریس، کەسایەتییەکی بێ سەروبەرو نوێخوازێکی نەزانە. کە بۆ ئەستەموول دەگەڕێتەوە، لە خانوویەکی گەورەو رازاوەدا، لە (ئارن کوی) کە لە بابییەوە بە میرات بۆی بە جێماوە، ئاکنجی دەبێت. هەوڵدەدات درێژە بە هەمان شێوەی ژیانی پاریس بدات و لە نێو کەسوکارو خەڵکی ماڵەکەدا بانگەشە بۆ فەرەنگی رەفتاری دەکات. جا بۆ ئەوەی ژیانی ئەرستۆکراتیانەی خۆی دەوڵەمەندتر بکات بڕیار دەدات خوازبێنێ ئەدیبەخانم بکات. ئەدیبە خانم، کیژی قاسمەفەندی کوێخای قاشوڤچیەکانە کە دراوسێی خۆیانن، قاسمەفەندیش بنیادەمێکی یەجگار دەمارگیر، رژدو پیسکەو، لایەنگری داب و نەریتی تورکی بوو. ماهیری کوڕی ئەویش حەزی لە لەبیبەی خوشکی مەفتون بێگ کردووە. ئەوان زەماوەند دەکەن. مەفتون بێگیش وای بڵاودەکاتەوە کە لە تیروپشکی یانەسیب دا خەڵاتێکی گەورەی بۆ دەرچووەو بەمە زەمینە بۆ خواستنی ئەدیبە خانم خۆش دەکات.

پیرەمێردی پیسکە، هەر بەوەوە ناوەستێ کە خەرجی ژیانی کیژو کوڕەکەی بخاتە سەر شانی مەفتون بێگ، بەڵکو کوڕەکەشی لە بەشە میرات بێ بەش دەکات و کیژەکەی ناچار دەکات لە

مەفتون بێگ جیا ببێتەوە. لە ئەنجامدا مەفتون بۆ پاریس هەڵدێت. ماهیر بە دەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی دێنێت. ئەدیبە دەکەوێتە هاتووچۆی پیاوانی بێگانەو قاسمەفەندی کە بەمە دەزانێ شەپڵە لێی دەداو ئیفلیج دەبێت. لەبیبەش بە خۆو منداڵێکەوە کە لە ماهیرە، وێڵ و سەرگەردان دەبێت. ئەمەش بەشێکە لە رۆمانەکە، کە رووداوەکانی پاش بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی کە مەفتون بیتاقەی یانەسیبی بۆ دەرچووە، دەگێڕێتەوە:

پاش بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی کە مەفتون بیتاقەی یانەسیبی بۆ دەرچووە، قاسم دووچاری دوو دڵی بوو. تا ئەو کاتە بە هەرزەو خوێڕیو سووکو ئاکار ناشیرین ناوی دەبردو قەت دانی خێری پێیدا نەدەنا، بەڵام ئێستا بە ئاغای دراوسێ ناوی دەبرد.

مەفتون، دوای تێپەڕبوونی چەند رۆژێك، نامەیەکی بەم دەقە نارد: "ماهیر بێگ لەبیبەی خەڵەتاندووەو ڕەدووی خستووەو بەبێ رەزامەندی دایكو باوکی لە گەڕەکێکی دوورە دەستدا زەماوەندی دەگەڵ کردووە. دەگەڵ ڕەڤینی کچەدا، کۆمەڵێك شتی گرانبەهای ماڵەکەش دیارە نەماوە".

مەفتون لە نامەکەی خۆیدا هۆی سکاڵا تۆمار نەکردنی خۆیانی بۆ ئەوە گێڕابووەوە کە بە بۆنەی دەرچوونی یانەسیبەکەیەوە، خەریکی کاروباری بانق بووە.

قاسمەفەندی لە هەنبەر پارەدا یەجگار لاواز بوو، هێزو قوەتێکی سەیری لە پارەدا دەبینی، ئەو هێزو قوەتەی لە پارەدا دەی بینی لە هیچ کەسو شتێکی تردا نەیدەبینی. ئیدی بایەخو قەدرو حورمەتی هەر کەسێکی لە بڕی پارەکەیدا دەبینی. ئێستا مەفتون کە پازدە هەزار لیرەی زێڕی بۆ دەرچوو بوو، بە ئەندازەی ئەو پارەیە قەدرو حورمەتو پایەی کۆمەڵایەتی لە لای قاسمەفەندی زیادی کردبوو. پارەدارتر بوو بوو. ئیدی دەیزانی کە قسەی ئەو جۆرە کەسانە سەنگی خۆی هەیەو دەبێ گوێی لێبگیرێتو بایەخی پێبدرێت. ئەم کارەی بە واجب دەزانی. ئێستا ئامادە بوو کە ئەگەر مەفتون بێگ خوازبێنی ئەدیبەی کچی بکات بێ چەندو چوون قاییل ببێت. بەڵام لەوە دەترسا کە لە خوازبێنییەکەی پێشوودا بە یەکجارەکی رەنجابێو جارێکی دی نەیەتەوە خوازبێنی.

ئیدی نقومی بیرو خەیاڵاتی وەکو ئەمە بوو کە ئەگەر مەفتون ببێنێو دیدار دەگەڵ کەسێکی وادا بکات کە بەخت رووی تێکردووە رەنگە بۆ گۆڕینی چارەنووسی خۆیشی باش بێت. رۆژێك دوای وەرگرتنی نامەکە، شەعبان ئاغا، لە تەقەی دەرگای ناوەڕاستی داو گوتی: "میوانێکی پیر هاتووەو لە ژووری میواندا چاوەڕوانی مەفتون بێگە". ئەم میوانە پیرە دراوسێ بەڕێزەکەیان، قاسمەفەندی بوو. ژووری میوان بە تابلۆیانی ژنانی ماکسی پۆش، پۆستکارتی هەندێ کەسێن مەنشورو پەیکەری چەند ئینسانو چەند حەیوانێك رازا بووەوە. شتانێك بوون کە بە شێوەیەکی گشتی نەدەبووا دەگەڵ تەبیعەتو مجێزی ئەم میوانە پیرو ئەهلی دیانەتەدا، بگونجێن. کەچی زۆر بە دڵبەندیو جدیو سەرسامیو بەدەم بزەوە دەیڕوانییە تابلۆو وێنەکان. ئەگەر قاسمەفەندی دەیزانی کە ئەم شتانە چەندیان پارە تێچووە، بێگومان بزەکە بەسەر لێویەوە دەتاسا. بە مەزەندەی ئەو کام شتەیان زۆر گران بوو ئەوپەڕی بایی چواریەکی سکەیەکی دوو مەجیدی بوو.

باوەڕی نەدەکرد نرخی زۆربەیان دەگەڵ نرخی ئەو مژمژانەدا کە شیرینی فرۆشانی گەڕۆڵ، لە شێوەی دەروێشانی حاڵگرتوودا، دروستیان دەکردو بە رەنگی زەردو سوور دەیان رەنگاندو دەیانفرۆشت.

قاسمەفەندی بە دوو دڵییەکی زۆرەوە وەژوورکەوت، نەیدەزانی چۆن هەنگاو بنێ، بە دوو دڵییەوە بە ژووری میواندا کەوتە رێ‌و عەودالی شوێنێ بوو کە لێی دانیشێت. بەڵام هیچ شوێنێکی بەدی نەکرد کە چوار مشقی‌و وەکو هەمیشە لێی دانیشێت. تەمەشایەکی راست‌و چەپی کرد. خەمی ئەوەی بوو شتێك نەخات. بە وردی‌و وریاییەکی زۆرەوە چەند هەنگاوێکی دی نا. ئەنجام لەسەر مافورێك، کە لە بەردەم قەنەفەیەکدا رایان خستبوو، چۆکی داداو لە عاردی دانیشت. دەستەکانیشی وەکو لە حاڵەتی نوێژدا بێ لەسەر ئەژنۆکانی دانا. مێزەرێکی بەستبوو و سەری بەملاو بەولادا وەردەسوڕاند. لە ژێر عەینەکەکەیەوە کەوتە تەمەشا کردنی ئەو وێنەو پەیکەرو مۆمیایانەی کە لە ژوورەکەدا بوون. روانییە دەوروبەرو لە بن لێوانەوە گوتی: "ئێرە ژوور نییە، هەڕاجە بازاڕو شوێنی فرۆتنی شمەکی نیوداشتە". لە سوچی سەمتی راستی دەرگاکەوە. چاوی بە وێنەی پەرییەکی رووت کەوت کە لە روبارێکدا خۆی دەشت. پەرییەکە بە شێوەیەکی زۆر بەرچاوی بەسەر ئاوەکەدا دانەوی بووەوە، پرچە پرپێچ‌و خەمەکانی بەرەو خوارەوە شۆڕ بوو بووەوەو هێڵی کەمەری بۆ ناوەوە پێچی دەکردەوە. دیمەنێك بوو کە پیرەمێردی حەپەساندو بزەیەکی کاڵی کەوتە سەر لێوان. لە بن لێوانەوە گوتی: "ئامان لە دەست ئەم فەرەنگیانە... ئامان لە دەست ئەم فەرەنگیانە... هەر شتێکیان بوێ بوهەمان شێوەی جوانی خۆی دروستی دەکەن، تەنیا ناتوانن گیانی وەبەر بخەن.... هەر دەڵێی کیژێکی جوانیان رووت کردووەتەوەو وەکو هەڵوچە لە نێو ئەم قاپەیان داناوە. هیچ جیاوازییەکی دەگەڵ بنیادەمی راستەقینەدا نییە، وات بە بیردا دێت هاکا لێوانی ببزون‌و دەست بە قسە بکات. لەو دنیا بە نیگارکێشی ئەم شتانە دەڵێن: "دەی ئێستا گیان بخە بەر ئەو وێنەیەی دروستت کردووە. نازانم هەنگێ چ دەکەن....".

پاشان چاوانی پیرەمێرد، کەوتە پشکنینی سەراپای وێنەکەی ئەم کیژە رووتەو بۆ خاڵێکی نادیار دەگەڕا. هەوڵی دا نیگای سووچێکی کەمێ چاڵی تابلۆکە بکات کە کەوتبووە سێبەرێکەوە. ئەو چاڵیەی ئەو عەودالی بوو، نیگارکێشەکە بە گوڵی نیلوفەر دای پۆشی بوو. پیرەمێرد کە پەی بە جورئەتی نیگارکێشەکە بردبوو. دیسان بە دەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "ئەگەر ئەو گوڵەی لەوێندەر دانەنابا. خوایە لێم نەگری، پیاو دەستنوێژی دەشکا .چونکە ئەم کافرانە هەر کارێك دەکەن دەقاودەق وەکو خۆی دەری دێنن". مەفتون لە ناکاو وەژوورکەوت‌و سەیری کرد پیرەمێرد بە چاوانی نەوسنەوە عەودالی ئەو خاڵە پەنهانەیە کە لە تابلۆکەدا (پەری ئاوی) بەگوڵی نیلوفەر داپۆشراوە، سەرسام بوو. دەمی داچەقی بوو و دەتگوت لە خۆ چوو بوو.

خانەخوێ بە ڕوویەکی گەشەوە بەرەو پیری میوانە بەڕێزەکەی چوو، پاش گوتنی ئێوارەباش جەنابی ئاغای.... دەستی گرت. قاسمەفەندی بەو خەیاڵەی کە مەفتون گەرەکیەتی دەستی رامووسێت، دەستی بەرەو دەم‌و پلی بەرزکردەوە. بەڵام مەفتون بە دەستوورو شێوازی

فەڕەنگیان، وەکو نیشانەی دۆستایەتی، چەند جارێك دەستی گوشیو ئەوجا دەستی بەردا، لە کاتی تەوقە کردندا سەراپای پیرەمێرد وەکو دارتووپەکی پیر دەجوولا، قاسمەفەندی کە گوێی لە وشەی ئێوارە باش بوو، چارەی گرژ بوو، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ناڕازی بوونی بوو. لەوە دەچوو مەفتون لە خۆشیدا نەزانێ دەبێ چ بڵێ، مەفتون وشەی ئێوارە باشی هەروەکو دەستپێکی قسان بەکار برد، بۆیە دوای ئەو وشەیە گوتی:

– بە تەواوەتی چوو بوویتە ناو تابلۆکەوە باوکە گیان. پێموایە هونەرناسێکی گەورەیت.

قاسمەفەندی بە سەرسامیەوە بەرسڤی دایەوە:

– ببورە کوڕم. ئاگام لێ نەبوو. فەرمووت چی؟

– گوتم پێدەچێت هونەرناسێکی تەواو عەیار بی.

– جا چ شتێك لەم تابلۆیەدا هەیە کە تێگەیشتنی زەحمەت بێ؟ خۆ ئەگەر یارۆی نیگارکێش وێنەی گوڵە نیلوفەری لەوێندەر دانەنابا هەموو شتێك بەخۆی هاواری دەکرد. بینەر نە سەبرو تەحەمولی دەماو نە دەستنوێژی.... داپۆشینی عەورەت بە گوڵ... ئەمەش جۆرە ناسککارییەکی تایبەتی فەڕەنگیەکانە... جورئەتو ئازایەتییەکی جوانە... هێشتاش ئافەرینی دەوێ... نیگارکێشێکی بە تەربیەت بووە، ئاخر خەڵکی بە ئەدەب لە نێو ئەواندا کەمە. ئەدەب، نازانم چیت عەرز بکەم...

– ئەو وێنەیەی کە بەسەرسامی تەمەشات دەکرد، تابلۆیەکی ڕەمزی میللیەتی هونەرمەندێکی بەناوبانگە. جا با ئەوەشت پێ بڵێم کە تابلۆکە ئەسڵ نییەو کۆپییە. فەرموو زەینی بدەیە، تەمەشای هەڤدژی ڕووناکیو سێبەر لە گەردنی بە خوارەوە، بکە. بزانە لەم بەشەدا چ گەمەیەکی بە ڕوناکی کردووە. قامکی پڕ هەستو هەستیاری هونەرمەند ڕووناکیو سێبەری لێکداوەو بەکارکردن لەسەر ئێرەو ئەوێ لە هیچ واقیعی دروستکردووە... بە کارامەیی هونەرمەندانەی خۆی، قورسترینو گەورەترین شتانی بە جۆرێ هونەراندووە کە مەحاڵە پیاو سەرسام نەکات.

– ئایا دوای تەواوکردنی هەموو بەشەکانی ئەم وێنەیە، ئەوجا گوڵە نیلوڤەرەکەی لەوێندەر داناوە؟ بەلامەوە جوانە... دەمەوێ بزانم ئەگەر ئەو گوڵە هەڵگیرێ، ئەندامی مێوینەی ئەم پەرییە دەردەکەوێ؟

### *- ئەستێرەی هالی (۱۹۱۰):

حوسێن ڕەحمی گورپینار، کە جۆری ژیانی کۆمەڵایەتیو باوی تورکان، ناکۆکیو ناتەبایی خانەوادەییو باوەڕی پوچی تورکان بە زمانێکی ساتیرئامێز دەردەبڕێو بەرجەستە دەکات، بەرهەمەکانی خۆی بە زمانێکی دیالۆگی، بێ ڕتوشو سادە دەنووسێت. لە ساڵی ۱۹۱۰دا ئەگەری کەوتنە خوارەوەی ئەستێرەی کلکداری هالی ترسو گفتوگۆیەکی زۆری ئیجاد کردبوو. جا حوسێن ڕەحمی گورپینار، ڕۆمانێکی لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕووداوەدا بەناونیشانی (زەماوەند لە ژێر ئەستێرەی هالی)دا نووسیوە کە ئەمە بەشێکە لە ڕۆمانی ناڤبری:

ئیمتی خانم: ... ئازای بەدەنم دێشێت... بۆ شێو هیچ گەنوگویەك نەماوە بیخۆم....

خەيريە خانم: واى ئەم قسەيە چيە دايكە... لە خواردن و خواردنەوەمان كەم نييە... چى زۆرە خواردن زۆرە... چەند هێلكەيەك سوور دەكەينەوەو دەيخۆين... لە خانەى لوكسفرۆشان شتى سەيريان دەربارەى ئەستێرەى هالى دەگوت... چ بكەين؟ ئيمتى خانم بانگى هاوسێكەيانى كرد:

– هۆ بەدريە خانم هۆو!

– بەڵێ ئيمتى خانم. خێرە؟

– خەيريە خانم كيژەكەم باسى ئەستێرەى كلكدار دەكات... وەزع خراپە... زۆر خراپە... كە باسى كرد، چاوانى لە نيگەرانيدا پڕ بوون لە فرمێسك....

بەدريە خانم: بيستوومە دەڵێن خەريكە دێت... لە عەرزى دەدات.

مەبرورە، كە لێوەكانى لە ترسا شين هەڵگەڕابوو، بە هەڵچوون و ترسەوە گوتى:

– پورەخانم كەى...؟ چ كاتىَ؟ واى من دەترسم...

– وەرە! خۆت گوىَ بگرە...! (هاوسێكەى تريان بانگ دەكات) ئيمتى خانم، خەيريە خانم قسە بكەن... زۆر نيگەرانين... چيتان بيستووە؟

– دەنگوباسى هالى (ئەستێرەى كلكدار) هەموو دنياى پڕكردووە... دەڵێن لەم مانگى پێنجەدا لە عاردى دەدات... لە ئێستاوە دەستيان بە ئامادەكارى كردووە.

بەدريە خانم: ئامادەكارى چى؟

خەيريە خانم: قەرارە لە مەيدانانى سوڵتان ئەحمەدو بايەزيدا، كورسى بۆ تەمەشاڤانان دابنەن... هەر كەسێك چل پارە (كەمترين پارەى توركانە) بدات دەتوانىَ بچێت و تەمەشا بكات...

بەدريە خانم: چما ئاهەنگ و سەرگەرمييە؟

خەيريە خانم: نەك هەر ئاهەنگ و سەرگەرمى... بەڵكو بڕيارە فيشەكە شێتەو ئەو شتانەش بەسەر سەرمانەوە بتەقێنن.... وەكو شايى و ئاهەنگ هەڵپەركێى لێدێت....

مەبرورە كە تا ڕادەيەك ترسى رەوى بووەوە گوتى:

– دايكە ئێمەش دەچين، وانا؟

ئامينەخانم:

– جارىَ بێدەنگ بە هاوار مەكە... كوڕەكە نووستووە....: هەرا هەرا مەكە...

ئيمتى خانم:– نۆبەتى ئەو قەوانەيە؟ ئيشيان بۆ ژنان دۆزييەوە، بۆ پياوانيش پول خەرجكردن... مەگەر خوا بزانىَ ژنان بۆ ئەم ئاهەنگ و هەڵپەركێيە، چ چارشێويەلێكى رەنگاو رەنگاو گرانبەها ئامادە دەكەن....

بەدريە خانم:– ئەدى نەيان دەگوت ئەگەر هالى بەر زەوى بكەوىَ كەس نامێنىَ. ئەمە بەدبەختيە يان ئاهەنگ و شايى؟ بەڕاستى من سەر لەمە دەرناكەم....

خەيريە خانم:– هەر كەسەو شتىَ دەڵىَ... هەندێك دەڵێن رەنگە بەر فەڕەنگستان بكەوىَ و ئێمە هيچمان لێنايەت. ئاگرە سوورە لە خۆم بە دوورە....

ئيمتى خانم:– ئۆه، زۆر شوكر خودايە....

بەدریە خانم:- هەندێکی دی دەڵێن ناگاتە عاردیو بەر زەوی ناکەوێ تەنیا کلکی لە زەوی گیر دەکات...

مەبرورە:- ئێمەش نەوزاشتی کلکی دەکەینو هیچمان لێنایەت....

خەیریە خانم:- چۆن هیچمان لێنایەت با دەڵێن کلکی ژەهراویە....

بەدریە خانم:- درۆ نییە؟

خەیریە خانم:- نا، ژەهراوییە... بەر هەر کەسێك بکەوێ وەکو بای سەمود لە ناوی دەبات. دەوڵەمەندەکان بە تەمان خۆ بە پەناگاێن دەرگا ئاسنیندا بکەن... دەڵێن خەریکن دەرگاکانی بەینی بیردیرك لە گەڕەکی فەزلی پاشا دادەخەنو هەر کەسێك بیەوێ وەژوور بکەوێ دەبێ لیرەیەك بدات....

ئیمتی خانم:- دەی خودایا! کێ خەمی هەژاران دەخوات...! ئێمەش هەقە ژێر زەمینەکەمان ئامادە بکەین... ئەگەر کونو کەلەبەرەکانی بگرین وەکو پەناگای لێدێت.

***

بەدریە خانم:- عیرفان بێگ دەڵێت لە کتێباندا هەر یەك کلکدار نییە، ئاسمان پڕە لە کلکداران... هەریەکەیان زەمانی خۆی هەیە، هەر بیست ساڵ، سی ساڵ، چل ساڵ، پەنجا ساڵ، شەست ساڵ، سەد ساڵ، جارێك دێتو بەلای دنیای ئێمەدا تێدەپەڕێ... .

ئیمتی خانم چەند جارێك قرقێنەی دایەوەو بە کەسەرەوە گوتی:

- با تێپەڕێ. بێ ئەوەی ئاسیو بە هیچ کەسێك بگەیەنێ تێپەڕێتو بڕوات. هەر لە ئێمە نزیك نەبێتەوە، ئیدی کەیفی خۆیەتی چ دەکات با بیکات.

مەبرورە رووی کردە ئامینەخانم و گوتی:

- دایکە با ئێمەش بڕۆینو تەمەشای وێنەی کلکدار بکەین. با بزانین بەڕاستی وەکو کلکی پشیلەیە؟

ئیمتی خانم:- جارێ لە کوێتە، با شەوێك گرم گرم خۆی بە سەربانەکانماندا کێشاو ماڵوێرانی کردین هەنگێ دەزانی وەکو کلکی پشیلەیە یان نا، ئامان لە دەست ئەم کیژە گەنجانە...

بەدریە خانم:- عیرفان بێگ قامکی نایە سەر یەکێك لەو کلکدارانەی کە رەسمیان لە کتێبەکەدا هەیەو گوتی ئەمە ئەو شەیتانەیە کە دەترسین بێتو خۆی بە ئێمەدا بکێشێت.

رۆمانەکانی حوسێن رەحمی بە (رۆمانی میللی وجەماوەری) دێنە ژماردن. لە نووسینەکانی رەحمی دا هەموو جۆرە خەڵکێکی دەوڵەمەندو هەژار دەبینرێ. رۆمانەکانی پڕن لە توێژو چینی جیاوازی وەك پاشا، ئەفەندی، ژنان، ئەرستۆکرات زادە، بووك، خەسوو، خانمی پەروەردەکار، ماشوقە، گەجەرو گوجەر، شێت، دکتۆر، حاجی، پیاوانی ئاینی، خانەنشین، فەرمانبەری بچووك، ئاشپەز، کارەکەر، فەرزەند، فاڵچی، سیحرباز،و هەژار کە لە ئەستەموولی کۆندا، لە ژینگەێن کۆمەڵایەتی خۆیاندا، بە رەوشی تایبەتی خۆیان، بە گوێرەی دابو نەریتی باو، بیروباوەڕو زمانو هەر تایبەتمەندییەکی دیکەی خۆیان دەژین. دیمەنی تایبەتی نزیکەی هەفتا ساڵ لەوە

پێشی ئەستەمولّ بە هەموو وردەکاریەکییەوە لەبەرهەمەکانیا بەدی دەکرێ کە دەکرێت وەکو نموونە ئاماژە بۆ هەندێکیان بکرێ: تراموای ئەسپی ئەستەمولّ، ئاشق، گەشتوگوزاری شەوانەی شەهزادەباشی لە رۆژانی مانگی رەمەزاندا. دوایەمین ئارەزوو، رێورەسمی ناشتنی مردووان، جۆری ئاخاوتنی ژنانی قەراخ شارو... هتد: جەودەت قودرەت. حوسێن رەحمی گورپینار لە دنیای رۆماننوسی تورکیدا، بۆ خۆیو بە تەنیا قۆناغێکە. ئەو رۆمانو چیرۆکانەی کە بە درێژایی ژیانی نووسیونی هەر یەکەیان نمایشێکی زندووی قۆناغێك لەو قۆناغە جۆراو جۆرانەن کە ئەستەموولّ لەوەتای سەد ساڵەوە تانهو پێیدا تێپەڕیوە. هەرچەندە تیمەو نێوەرۆکی رۆمانەکانی لە کۆمەڵگەوە وەردەگرت، بەڵام وەکو خۆیو بە هەمان دەقی واقیعییەوە وێنەی نەدەگرتو لە هەنبەر رەفتاری قارەمانەکانیدا بێ موبالاتو بێ لایەن نەدەوەستا. هەندێجار هانی دەدانو هەندێجار سەرکۆنەی دەکردنو جاری واش هەبوو بیروبۆچوونی خۆی بەسەر بابەتەکەدا دەسەپاند. نەدەچوو رێگە بە خوێنەر بدات کە دوا حوکمی خۆی بدات، بەڵکو بە خۆی ئەم کارەی دەکردو بەمەش لە پرەنسیپەکانی ریالیزم دووردەکەوتەوە. رۆمانەکانی حوسێن رەحمی زۆر خەسڵەتو تایبەتمەندی رێبازی رۆمانتکیشیان تێدایە. لە بەرهەمەکانیدا سوودی لە هەموو شێوازە ئەدەبیەکان وەرگرتووە.

لەلایەکی تریشەوە دەشێت رۆمانەکانی حوسێن رەحمی بە (رۆمانین ئەخلاقی) بژمێردرێن، چونکە هەموو کەلەپوورو دابو نەریتێکی رابردووی، بە گشت تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە، پاراستووە: ئاگاه سری لوند، جگە لە ژیان بە هەموو بەرینییەکی خۆیەوە، جگە لە گروپە کۆمەڵایەتییەکانو رووداوە جۆراو جۆرەکان کە لە رۆمانەکانی حوسێن رەحمی دا دەبینرێن، ئەوەی مایەی سەرنجە ئەمەیە کە ئەم نووسەرە مەزنە هیچ کاتێك لە بازنە ئەستەمولّ دەرناچێت. هێوەتر لە ئوسکۆدار، واتا دەرێی سنووری ئەستەمولّ، بۆ ئەوو بەلای ئەوەوە هەمیشە دنیایەکی تاریکە. نووسەر تەنیا کاتێ کە ناچاردەبێت، نیگایەکی ناوچەکانی دیکەی وڵات دەکات، هەڵبەتە ئەویش بە شێوەیەکی لامسەرلایی و نیمچە ساتیر. هەڵبەتە لەم جۆرە حاڵەتانەشدا شتێك نابینی کە شایانی هەڵبژاردن بێ، مامەڵەیەکی هونەریانەی دەگەڵ بکرێو شایستەی ئەوە بێت پێشکەش بە خوێنەر بکرێت. ئومێدەوارم ئەگەر بڵێم حوسێن رەحمی لە کاراگز دەچێت ***(کاراگز: کاراکتەرێکی کۆمێدی شانۆنامەیەکە بە هەمان ناونیشان. لە شانۆنامەی ناڤبریدا سوود لە تەکنیکی گەمە بە سێبەر وەردەگرێت).*** مەگەر زەرورەتێك ناچاری بکات لە پایتەخت وەدەر بکەوێ، هەڵبەتە بە هیچ جۆری مەبەستم ئەوە نییە سووکایەتی بەم نووسەرە مەزنە بکەم. بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەمەوێ بڵێم بایەخی بەو شتانە نەداوە کە سەرنجیان رانەکێشاوەو هەمیشە ویستوویەتی خۆی لەو جۆرە تیمەو ناوەڕۆکانە بپارێزێت: ئالهان تانروس. سوڵتان سلێمانی قانوونی قسەیەکی هەبوو دەیگوت: ***"ئێمە پێویستمان بە هونەرمەندی میللی و جەماوەری هەیە. دەنا هەزار یەکی کۆمەڵگەش ئاوڕ لە هونەری نا جەماوەری ناداتەوە"*** . بۆیە حوسێن رەحمی گورپینار، لەم پێودانگەوە خۆی لە ئەدەبیاتی مودێرنی نوخبەوی ودەستەبژێران دوور گرتووەو بایەخی بە هونەری میللیو جەماوەری داوە، هەر هونەرێك رەگی لە ناو جەماوەری خەڵکدا بێ،

پەسند، ڕەسەنو زندووە. سەرچاوەی هونەر خەڵکیە، دەبێ نووسین بۆ جەماوەری خەڵکی بێو جەماوەری ڕەشو رووت بدوێنێ. هەر ئەمەش خاڵی قوەتی حوسێن ڕەحمی گورپینارە. جەماوەری خەڵکی کردووە بە تەوەری کارەکانی خۆی. خۆی بۆ ناسینو ناساندنی جەماوەری خەڵك تەرخان کردووەو بە دڵ حوباندوونی. قارەمانەکانیشی لە نێو جەماوەری خەڵکییەوە هەڵبژاردووە. کەم کەس هەیە کە ئەستەموڵو خەڵکی ئەستەموڵی وەکو ئەو بە وردی ناسیبێت. لە بەرهەمەکانی خۆیدا ئەستەموڵ بە گشت کوچەو کۆڵانو گەڕەكو بانەکانیو، بە خەڵکە هەژارو دەستکورتەکەیەوە بەرجەستە دەکات. حوسێن ڕەحمی گورپینار هونەرمەندێکە زۆر پابەندو دڵبەندی ژیانو حەقیقەتەکانی ژیانە، بۆیە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕەمەکی مەردمی زۆر بە وردیو ناسکی خستووەتە بەر وردەبینی لێکدانەوەی هونەرییەوە. ژیانو مەردمی خۆش دەویستو زۆر لە چینی چەوساوەو هەژارەوە کە بناغەو بنەمای کۆمەڵگەنو بە کەرەستەی خاوی هەر کۆمەڵگەیەك دەژمێردرێن، نزیك بووە.

پەروەردەکارو مامۆستای ئەخلاق بوو، ڕەخنەی لە سەلبیاتی کۆمەڵو خەڵکی دەگرت: فروزان خوسرەو توکین.

## خالید زیا ئوشاکلی گیل

(١٨٦٦- ١٩٤٥)

***خالید زییا ئوشاکلی گیل، لە مەیدانی ڕۆماننووسی تورکیدا، بە تەنیاو بۆ خۆی بە یەکێك لە قۆناغە گرینگەکان دێتە ژماردن. خالید زییا بەتواناترین ڕۆماننووسی تورکی پێش قۆناغی کۆمارییە. ڕۆمانەکانی ئەوەمان پێ دەڵێن کە شارەزاییەکی باش و جیهانبینییەکی پتەو و وردی لە بوارێن شێواز، جۆری گوزارشت، هەڵبژاردنی قارەمان و شیکردنەوەی هەست و بیریاندا هەبووە. لە روانگەیەکی رۆژاواییەوە مامەڵەی لە تەك پرەنسیپە بنەڕەتیەکانی ڕۆماننووسیی مۆدێرینی تورکیدا کردووەو هاماج و ئوتموسفێری قۆناغ و ڕۆژگاری خۆی لێهاتووانەتر لە ڕۆماننووسانی پێشووتری تورکی، بەرجەستە کردووە.***

ئوشاکلی گیل، لە دامەزرێنەرانی ڕۆماننووسیی تورکییەو یەکێکە لە ڕۆماننووس و چیرۆکنووسە مەزنەکانی وڵاتی تورکیا، لە گەڕەکی ئەیوب، لە ئەستەموول هاتووەتە دنیا. کوڕی حاجی خەلیل ئەفەندی مافورفرۆش بوو. پاش ئەوەی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی مەرجان و ناوەندیی عەسکەریەی فاتیحی تەواو کرد، ناردیان بۆ ئەزمیر بۆ لای باپیری (١٨٧٨)، لەوێندەر چووە قوتابخانەی "مکیتاریستان"ی فەرەنسیەکان. لە قۆناغی خوێندکاریدا، لە ڕێگەی ئەو پاچڤانەوە کە دەیکردن خووی دایە ئەدەبیات و چووە مەیدانی ئەدەبیات. دەگەڵ دوان لە هاوڕێکانیا گۆڤاری (نەورۆز)یان لە ساڵی ١٨٨٤ و ڕۆژنامەی (خزمەت)یان لە ساڵی ١٨٨٦دا بڵاوکردەوە. هەر لەو سەروبەندەدا لە بانکی عوسمانیدا دامەزراو لە قوتابخانەی فەرەنسی ئەزمیر دەستی بە دەرس گوتنەوەی زمانی فەرەنسی کرد. لە ساڵی ١٨٩٥دا دووبارە بۆ ئەستەموڵ گەڕایەوەو پەیوەندی بە ئەنجوومەن و کۆڕی (سەروەتی فنون)ەوە کرد. بوو بە فەرمانبەری کۆمپانیای رزی، بوو بە بەڕێوەبەرو سکرتێری بەشی پەیوەندییەکانی دەربارو، لە دارول فنون دەرسی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوای دەگوتەوە. لەساڵی ١٩١٣دا لەلایەن دەوڵەتەوە بە مامووری بۆ فەرەنسا ڕۆیی و لە ساڵی ١٩١٥شدا بە ماموری بۆ ئەڵمانیا ڕۆیی. ساڵانی دواتر هەموو وەختی خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد تا لە ١٩٤٥/٣/٢٧دا لە ماڵەکەی خۆیدا، لە یشیل کوی کۆچی دوایی کرد، گۆڕەکەی لە (باکرکوی)یە.

ئەگەر توفیق فیکرەت بە مەزنترین شاعیری قۆناغی سەروەتی فنون بزانین، ئەوا مامۆستای پەخشانی ئەو قۆناغەش خالید زییایە. خاوەنی شێوازێکی هونەری و تواناو بەهرەیەکی سەیرە لە سەرنج و تێبینییە دەروونی و بێرونیەکانیا. دەتوانرێ بە "باوکی ڕۆمانی تورکی" ناو ببرێ. هەرچەندە لە زۆربەی بوارە ئەدەبیەکاندا بەرهەمی هەیە، بەڵام کەسایەتی سەرەکی خۆی زیاتر لە ڕۆمان و چیرۆکەکانیدا نواندووە. سوودێکی یەجگار زۆری لەو ڕووداو ودیاردەو کەسایەتیانە دەبینی کە لە دەوری خۆیدا دەیدیتن و بایەخێکی فرەی بە ڕەوش و باری دەروونی خەڵکی دەدا. لە ریزی پێشەوەی ئەو نووسەرانەدایە کە کاریگەری و باندۆری برایانی کۆنگور، ستانداڵ، فلوبیر، بالزاك، دودە، زولاو، دیکنزیان بەسەرەوە بووە. لایەنگری لە ریالیزم و ناتورالیزم دەکرد.

راستە لە ئەدەبیاتی تورکیدا ڕێگەی ڕۆمانێن سایکۆلۆژی کردەوە، بەڵام نەیتوانی لە ڕۆمانتیزم ڕزگار ببێ. هەرچەندە بابەتی ڕۆمانەکانی بە زۆری لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکەوە هەڵدەبژێری، بەڵام لە چیرۆکە کورتەکانیا هەوڵیداوە بچێتە قوڵایی ژیانی جەماوەری خەڵکو ڕەمەکی مەردمەوە. هەر بۆیەش چیرۆکەکانی میللی تر، خۆماڵی ترو لە ڕاستیدا تورکی ترە. لە رووی تەکنیکی چیرۆکو ڕۆمانەوە تەواو باڵا دەستو زاڵە. قارەمانانی چیرۆکەکانی بە هەموو تایبەتمەندییەکیانەوە بەرجەستە دەکاتو بابەتەکانی بە جوانترین شێوە دەر دەبڕێت، زیاتر رووی ڕەخنە لە زمانەکەیەتی تا لە لایەنەکانی تری بەرهەمەکانی، ڕەخنەکەش پتر لەبەر ئەوەیە پەیڤو زاراوەێن بیانی زۆر بە کاردێنێ. ڕستەکانی لە هەستێن هونەری باردەکاتو هەندێجار بە هۆی نیشاندانی وێنەێن شاعیرانەو ڕۆمانتیکییەوە لە بابەتەکەی دەردەچێ. زمانی لە ڕۆمانو پەخشانە شیعرەکانیا قورسو زەحمەتە، بەڵام لەبەرهەمەکانی تریدا، ئەو زمانە قورسە جێگە بۆ زمانێکی سادەو ئاسایی چۆڵ دەکات. خالید زییا بە داهێنەری پەخشانی سەروەتی فنونو دامەزرێنەرو بناغەدانەری (پەخشانی هونەری) تورکی دێتە ژماردن. ڕێك بە پێچەوانەی یاساو ڕێساو پرەنسیپانی باوی ئەو ڕۆژگارەوە، شێوازێکی تایبەتی لە نووسیندا هەڵبژاردو ڕستەسازی فەرەنساوی وەکو خۆیو سەرکەوتووانە لە زمانی تورکیدا بەکار هێنا. لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیدا پەی بە نا دروستی هەڵوێستەکانی خۆی، سەبارەت بە بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری پەیڤو زاراوەێن بیانی بردو بەرهەمەکانی پێشووی خۆی بە زمانو شێوەیەکی سادە سەر لە نوێ بڵاوکردەوە.

خالید زییا ئوشاکلی گیل، ڕۆشنبیرترین نووسەری بزووتنەوەی ئەدەبیی سەروەتی فنون بوو. زمانانی فەرەنسی، ئینگلیزی، ئالمانی، ئیتاڵیایی، عەرەبیو فارسی دەزانی. نزیکەی شەست ساڵ بەردەوام خەریکی نووسینی جۆراوجۆرو پاچڤە بووە. هەندێ لە بەرهەمەکانی بریتین لە: پەخشانە شیعر، کە یەکەمین نموونەێن پەخشانە شیعری تورکی لە خۆگرتووە (١٨٩١). ڕۆمانەکانی: نەمیدە(ناوی کچە)، کە لە کارەکانی سەردەمی ئەزمیری خالید زیایەو کە بە خۆی بە کاری سەردەمو قۆناغی منداڵیەتی هونەری نووسەرایەتی خۆیی دادەنێت (١٨٨٩). دەفتەری مردوویەك (١٨٨٩). مێژووی ئاشقێنی زەوجینێك (١٨٩٠). دوا بەرپەڕێن یادەوەرییەك (١٨٩٠) فەریدوشەریکەکانی (١٨٩٤). ژمارەیەك لەو ڕۆمانانەی نووسەر کە لە قۆناغی دووەمی پێشکەوتنی نووسەردا لە گۆڤاری (سەروەتی فنون) بڵاوبوونەوە: شینو ڕەش (١٨٩٧). ڤیانی قەدەغە (١٩٠٠). ژیانە داڕوخاوەکان (١٩٠١- ١٩٢٤).

گرینگترین کۆ چیرۆکی بریتین لە: مێژووی هاوینێك (١٩٠٠). چەپکێ گوڵی ژاکاو (١٩٠١). حیکایەتی ئارەزوویەك (١٩٢٢). لە چاوەڕوانی ئەودا (١٩٣٥). لە تویی مەسەلە دڵدارییەکاندا (١٩٣٦)، شانۆنامەی فروزانو گەمەی مشکان کە لە دەقی فەرەنسییەوە وەری گرتووە. شانۆنامەیەکی خۆیشی هەیە لە ژێر سەرناڤی مۆتەکە (١٩١٨). لە بواری نووسینی بیرەوەرییانیشدا هەر پێشڕەو بووەو یەکەمین بەرهەمی شایستە لەو بوارەدا هی ئەو بووە، لەوانە: چل ساڵ (کە بریتییە لە نۆ کتێب لە پێنج بەرگدا، کە بیرەوەرییەکانی خۆی دەربارەی خانەوادەو

چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی لە ئەستەموولٚو ئەزمیردا تا تەمەنی چل ساڵی لە خۆ دەگرێت، ١٩٣٦). کۆشكو ئەودیوی کۆشك (یادگارییەکانی ئەو ڕۆژانەیە کە لە دەربار بووە. سێ بەرگە، ١٩٤٢)، حیکایەتێکی ناخۆش (بیرەوەرییە تایبەتیو هەستو سۆزەکانیەتی دەربارەی مردنی کوڕەکەی، خەلیلو دات، ١٩٤٢). گرینگترین وتارو نووسینی خۆی دەربارەی هونەرو ئەدەبیات لە کتێبێکی دوو بەرگیدا لە ژێر سەرناڤی دەربارەی هونەر، کۆکردووەتەوەو بە چاپی گەیاندووە (١٩٣٨- ١٩٣٩). هەروەها زۆر بەرهەمی تریشی دەربارەی مێژووی ئەدەبیات، مەسەلەێن زانستیو لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر هەیە.

***- شینو ڕەش ( ١٨٩٧ ):**

خالید زییا ئوشاکلی گیل، بە ڕۆمانی شینو ڕەش، ئایدیای شاعیرانەی ئەدەبیاتی تازەو ڕەوشی هونەرو بارودۆخی بڵاوکردنەوەی ڕۆژگاری خۆی بەرجەستە دەکاتو دەنوێنێ. خوێنەر دەگەڵ (ئەحمەد جەمیل)ی قارەمانی ڕۆمانەکەدا دەچێتە ناو دنیای ئەدەبیاتی ئەو قۆناغەوەو ئاژاوەو ئاشوبێن کۆنەپەرستی، کێشماکێش دەگەڵ دەستڕۆیانو کەسایەتێن دیار، ژیانی ڕۆژانەی خەیاڵ ئەنگێزو، شیکردنەوەی دەروونی ڕەشبینانە لە ژینگەی ئەفسوناوی گوزارشتی هونەرمەندانە بە چاوی خۆی دەبینێو دەجەڕبێنێ. ئەحمەد جەمیل لە کاتێکا کە لە دوا ساڵی خوێندنی قوتابخانەی بەرزی زانستێن سیاسیدایە بابی دەمرێت. ئەحمەد جەمیل ئاشقی شیعرەو فەرەنسییەکی باش دەزانێت، ئیدی ناچار دەبێ بۆ دابینکردنی ژیانو بژێوی دایکیو خوشکەکەی شان بداتە بەر کارکردن، هەموو ئاواتو ئارەزوویەکی ئەو ئەمەیە کە بتوانێ تینو تاوێکی تازە بە ئەدەبیاتی میللەتی خۆی ببەخشێت. شەوێك لەگەڵ دۆستە ئەدیبەکانیا. لە پارکی تەپەباشی دادەنیشێتو کە دەڕوانێتە ستێرانی ئاسمان، بە خەیاڵ شەستە بارانێکی ئەلماسی شین دێنێتە بەرچاوی خۆیو وەهای دێتە خەیاڵ کە لە ئایندەدا دەبێ بەشاعیرێکی مەزنو دەگەڵ لامیعەی خوشکی حوسێن نەزمیدا کە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندن، زەماوەند دەکات، لە مێژە لامیعەی خۆش دەوێ، لێ ناتوانێ باسی بکات. بە هەموو دەستکورتیو هەژارییەك خوێندن تەواودەکات. ئیدی دەکەوێتە وانە گوتنەوەی تایبەتی لە ماڵان، بەڵام تەحەمولی ئەو منداڵانە ناکات کە بۆ دەرس گوتنەوە دەچێتەماڵیان. ئەو کتێبفرۆشیانەی کە کتێبێن پۆلیسی بڵاودەکەنەوە، زۆری ئیستغلال دەکەن.و فێڵی لێدەکەن. لە ڕۆژنامەی "مرآة الشؤون"دادەمەزرێو ژیانی کەمێك باش دەبێت. وەهبی ئەحمەدی کوڕی خودان ڕۆژنامەکە ئیقبالی خوشکی ئەحمەد جەمیل دەخوازێ. وەهبی ئەحمەد گەنجێکی مەیخۆری، گۆساخی خوێڕییە. لە کاتی سك ڕپیی ژنەکەیدا دەگەڵ کارەکەرەکاندا ڕادەبوێرێت. شەوێك بێئەوەی گوێ بە وەزعو حاڵی هاوسەرەکەی بدات ڕپ جنێوی دەکاتو زۆری لێدەداتو منداڵەکەی لە بار دەچێت، ئەحمەد جەمیل موستیلەو گوارەکانی دایکی دەخاتە بارمتەوەو، بەڵام بەوەش ناتوانێ خوشکەکەی ڕزگار بکات.

حوسێن نەزمی لە وەزارەتی دەرەوەدا پۆستێك وەردەگرێت. ئەحمەد جەمیل ڕۆژێك كە چوو بووە دیدەنی وی، بۆی دەركەوتبوو كە قەرارە لامیعە شوو بە كەسێكی تر بكات. لێدەبڕێت بڵێت كە لامیعەی خۆش دەوێ، لێ لەبەر هەژاریو دەستكورتیو بێكاریو داماوی هیچ ناڵێتو دوای ماوەیەك هەموو ئەو شیعرانە دەسووتێنێ كە تا ئەو كاتە نووسیبوونی. لێدەبڕێ ئەستەموولّ بە جێ بێڵێ، موراجەعەتی وەزارەتی كار دەكات. بە فەرمانداری شارێكی دوورە دەست دادەمەزرێنن. دەگەڵ دایكیدا سواری كەشتی دەبێت كە بڕوات بۆ شاری ناڤبری. هەوڵدەدات لە تاریكی شەودا بۆ دوا جار تەمەشای ئەستەموولّو پاركی تەپەباشی بكات كە دنیایەك یادگارو بیرەوەری شینی لەوێندەر بە جێهێشتبوو، دنیا بەلای ئەوەوە ڕەشی ڕەش بوو. ئەمەش نموونەیەكە لە هەوەڵێن بەشی ڕۆمانەكە:

هەوت نەفەر لە دەوری سفرەكە بوون.

ڕۆژێ حوسێن بەها ئەفەندی خودانی ڕۆژنامەی (مراة الشؤون) بە ڕوو خۆشییەوە خۆی بە چاپخانەكەدا كرد بوو، ڕوو لە عەلی شەكیبی سەرنووسەری ڕۆژنامەكە كە مژولی كاركرن لەسەر دوا پەیڤێن چوارەمین بەشی وتاری "هونەرێن ناوخۆ" بوو، گوتبووی:

– سبەی نا دوو سبەری (مراة الشؤون) سێ سەدو پێنجەمین ڕۆژی دەیەمین ساڵی خۆی تەواو دەكات. بۆ ڕۆژی چوار شەممە....

عەلی شەكیب یەكسەر بەرسڤی دابووەوە:

– هیچ نانووسم. ئەگەر دەعوەتمان بۆ ساز نەكرێت، بە تەمای یەك دێڕیش مەبە.

وئەمشەو لە پاركی تەپەباشیدا دەعوەت وزیافەتێك بۆ دەستەی نووسەران سازكرا بوو. دەعوەتكراوان هەموویان لە نووسەرانی ڕۆژنامەی (مراه الشؤون) بوون، هەموو ئەم گەنجانە چواردانە سەعاتی خشت خوارد بوویانەوەو سەعاتێكیش هەر خواردبوویان. جگە لە عەلی شەكیب كە دوای تێر خواردن، هەر بۆ بێتاقەتیو خۆ مژول كردن خەریكی ئەوە بوو سێوێكی بە دیقەت پاك دەكردو دەیویست هەموو توێكڵەكەی بە كەڕەتێ لێبكاتەوە، ئەوانی دی زۆربەیان لەسەر مێزی خواردنەكە هەستا بوون. ئیدی سەر مێزو خوانەكە هەمان بێ سەروبەری كۆتایی هەر دەعوەتو زیافەتێكی بەزەقی پێوە دیار بوو. پێشدەسیەكان پڕ بوون لە توێكڵی سێوو پرتەقاڵو تا هاتنی قاوەش هێشتا هەڵنەگیرابوون، پاشماوەی شەرابی ئاڵ لە بنی پێكەكاندا مابووەوەو ئەویش دیمەنێكی تری سەر مێزەكە بوو. چەڕە دووكەڵی جگەرەی ئەو خەڵكەی دەوری مێزەكە، دوای ئەوەی چەند جارێك شەپۆلی دەداو فەزایەكی تەماوی لە دەوری چراكە دروست دەكرد، ئیدی دەڕەوییەوەو نەدەما. قاپی بەرزی وشكەبار، سوراحی، پەرداخ، و فێسێك كە لەسەر مێزەكە بوو و یەكپارچە پەڵەی شەراب بوو،و لەبەر تیشكی لەرزۆكی چراكەو لەسەر پەردە سپییەكەی سەر مێزەكەوە جارێ بچووكو جارێ گەورە دەینواند... لەملاوە خوێدانێك كەوتبوو و لەولاوە یەكێك بە زەحمەت سێ چنگاڵی كردبوو بە سێ پایە... ئیدی هەر خاولی بوو لێرەو لەوێ، لە پاڵ قاپو بوتڵەكاندا كەوتبوو... پەرداخێك كەوتبوو و دیار بوو كە كەس تاقەتی هەڵگرتنەوەی نەبووە... ئیدی بێ سەروبەری بە سەرانسەری خوانەكەوە هاواری دەكرد... یانی

سفرەو خوانێك بوو بە یەك دنیا شوێنەواری خەمناك‌و پاشماوەی هێرشی حەوت چەنەبازی بەهێز....

هەر یەكێك لەوانە وەزعی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەحمەد جەمیل كوڕێكی گەنجی ناسك رەفتاری قژ درێژی قژ زەرد بوو كە قژی لەپشتەوە تا سەر شانی هاتبوو، دەستی لە گیرفانی نابوو، لاقی راكێشا بوو و بە چاوانی خومارەوە دەیڕوانییە دوكەڵی جگەرە لەرزۆكەكەی سەر لێوی. سەعیدو راجی لە بەرانبەر ئەودا بوون. دوو شاعیری لاو بوون كە هاوڕێكانیان بۆ شۆخی‌و سوعبەت ناویان نابوون شاعیرەین (جووتە شاعیر). پەتێكیان بە لاقی یەكێكیانەوە بەستبوو و رایان دەكێشا. یەكێك لەو جووتە كە كورتە باڵایەكی لاوازی ڕیوەڵە بوو ودەتگوت لە شوێنێكی بێ ئاوو لەوەڕ گەورە بوو بوو، بەلای كورسیەكەی تەنیشت خۆیەوە دانەوییەوە، گوێیەكانی قولاغ كردن‌و كەوتە گوێگرتن لە دەردە دڵەكانی ئەحمەد شەوقی كارمەندی ئۆفیسەكەی حوسێن بەهای خودان رۆژنامەكە، كە دوو كورسی لەولای ئەوەوە بوو. هەموو ئەم خەڵكانە كە دووكەڵ‌و تەم سەر سەری گرتبوون، بەدەم چاوەڕوانی قاوەوە لە دەوری خوانە جەنجاڵ‌و بێ سەروبەرەكە رۆنیشتبوون،‌و هەوڵیان دەدا قسە نیوەچڵەكانیان تەواوبكەن، هەموو قسەیان دەكردو كەس گوێی نەدەگرت. رێك لەو سازڤانانە دەچوون كە هەر كەسەو بۆ خۆی شتێك لێدەدات. گفتوگۆیێن بێ سەروبن... قسەو هزرێن بێ مانای هەڕەتی سەرخۆشی....

عەلی شەكیب لە پاككردنی سێوەكە بوو بووەوە. ئەو توێكڵەی، كە بە جوانی‌و بێئەوەی بێڵێ بپچڕێ، بۆ جووتە شاعیر هەڵداو بە راجی گوت:

– راجی! بە راستی پەستت كردم.

ئەوان قسەی خۆیان نەبڕی. راجی بەدەم قسەوە خەریك بوو دەیگوت:

– سەبركە با قسەكانم تەواو بكەم، با مەبەستی خۆمت پێ بڵێم. ئەو تەنیا یەك شت دەڵێت. دەڵێت تەنیا من بنووسم. جگە لە من كەسی دی نە نووسێت.

– كەواتە باشتر وایە بڵێین ئەدەبیاتی تایبەتی خودان ئیمتیاز:حوسێن نەزمی...

راجی بزەیەكی بۆ كردو بێدەنگ بوو. هاوڕێكەی كە كوڕێكی گەنجی چاو رەشی چاو گەشی ردێن تاشراو بوو، بەسەر ئاماژەی بۆ لای عەلی شەكیب كردو پرسی:

– تۆزێ لەمە پێش چی گوت؟

هیچیان گوێیان لە شۆخی وسوعبەتەكەی نەبوو بوو. سائیب، كە گەنجێكی كورتە باڵای رەنگ‌و روو سیسەڵەو چرچەڵە بوو و لە دوورەوە چاودێری رەفتارو گوفتارەكانی دەكرد، هەستاو چووە لایانەوە، توێكڵە سێوەكەی، كە لە عاردی كەوتبوو، هەڵگرت‌و نیشانی دان‌و مەسەلەكەی بۆ روونكردنەوە: "بە باوەڕی ئەو ئەگەر توێكڵی میوە بەم جۆرەو بە ساغی پاك بكرێت، دەبێتە مایەی تووڕە بوون، خەفەت خواردن‌و پەست بوونی شەیتان".

بەبۆچوونی سائیب، سوعبەتەكەی عەلی شەكیب زۆر خۆش‌و جوان بوو، بۆیە بە دەم قاقایەكی پچڕ پچڕو ناخۆشەوە پێدەكەنی. بەڵام ئەم سوعبەتە بەلای جووتە شاعیرەكەوە زۆر بێ تام‌و تامسار بوو. راجی گوتی:

– پیف... بیٚ خویٚ... زۆر بیٚتام بوو... ئەگەر ئەم شتە بەبیٚ ناو لە لاپەڕەیەکی (مراة الشؤون) بلاو بکەنەوە هەموو سویٚند دەخۆن کە هی عەلی شەکیبە.

سەرنووسەر گویٚی لیٚ نەبوو. لە بن لیٚوانەوە خۆی دەدواند دەبیٚ ئیٚستا ئەو پەست بکەم....

هەمان کارمەندی ئیداری کە کابرایەکی کورتە بالآی قەلەو بوو، سمیٚلیٚکی تەنکی هەبوو، کە دیقەتت دەدا وات تەسەور دەکرد کە بە ئانقەست سمیٚلیان دەسکەنە کردووە. گۆناکانی سوور بوون. بینەر وای ویٚنا دەکرد کە بەربەر بۆ ئەوەی هیچ شویٚنەواریٚکی ڕدیٚنی نەمیٚنیٚ، بە پیٚستەکەیەوە هەلی کەندووە، پیاو نەیدەتوانی بزانیٚت تەمەنی چەندە. کە ریٚی دەکرد لە تۆ وایە غل دەبیٚتەوەو کە ڕۆدەنیشت دیار نەدەبوو، لە تۆ وایە نیٚژراوە. رووی کردە کۆڕی شاعیرەکانو بەو خەیالو گومانەی کە سەریان کردووەتە سەری گوتی:

– نابیٚ حوزوری ئەحمەد شەوقی ئەفەندی لیٚرە فەرامۆش بکریٚ.

شاعیرەکان کە گوییان لەو قسەیە بوو پیٚکەنین. هەرجاریٚ کە کارمەندی ئیداری، کارمەندی ئۆفیسەکە، بە ئەحمەد شەوقی ئەفەندی ناوی خۆی دەبرد، هەمووان دلخۆشو کەیف خۆش دەبوون.

ئەحمەد جەمیل کە دەستی لە گیرفانی نابوو و لە فکران ڕاچوو بوو، سەری وەرگیٚڕاو لە بن لیٚوانەوە قسەیەکی کرد. بەلام کەس گویٚی لە هیچ نەبوو.

لەم ماوەیەدا گەنجە کورتە بالآ لاوازە ڕەنگو روو سیسەلەو چرچەلەکە لە جووتە شاعیرەکە دوور کەوتەوە. کەوتە بیرکردنەوە لە ڕەفتاری بە تەمتومانی خاوەن ئیمتیاز. حوسیٚن بەها ئەفەندی لەم کاتەدا سەرقالی قسەکردن بوو دەربارەی بەریٚوەبردنی کاروباری چاپخانەکەو لە بەرسڤی پرسیاری یەکیٚك لەوانەی دەوری خۆیدا گوتی:

– چی....؟ تەواوی، ها....؟ ئەی خۆش خەیال. فەقیر، ئەگەر دەستت بدەی بە بیٚ قامکان وەری دەگریتەوە.

عەلی شەکیب هاواری کرد:

– قاوە.... ئەدی قەرار نییە قاوە بخۆینەوە...؟ قاوە....

لەو ساتەدا هەموو بیریان کەوتەوە کە لە شتیٚکیان کەمەو چاوەڕوانی ئەو شتەن. هەر حەوت نەفەرەکە زمانیان گرت: قاوە.... قاوە.....

حوسین بەها ئەفەندی خاوەن ئیمتیاز کە لە جیاتی ناوی خۆی زیاتر بە نازناوی خاوەن ئیمتیاز ناویان دەبرد، خزمەتچییەکی نیشاندان کە لە دوورەوە قاوە بەدەست بەرەو رووی ئەوان دەهات، هەر هەموو ئەم گەنجە مەستو بیٚ حالە کە پیٚیان بە عاردیدا دەدا، دیسان کەوتنە هاوار: قاوە... قاوە...

ئەمانە کە خوا خوای بیانوویەکیان بوو، بۆ ڕابواردن، پیٚکەنینو هاوارکردن، تیٚکڕا کەوتنە چەپلە لیٚدانو هاوارکردن. لە تۆ وایە خۆشحالیو کەیفو شادمانی ئەمشەویان وەستاوەتە سەر خواردنەوەی ئەم فینجانە قاوەیەو بەمە دەبڕیٚتەوە.

بە پەلەپەل فینجانەکانیان هەڵگرت، یەکێك بەپێوە، یەکێکی دی پشتی دابوو بە کورسیەکەوە،و هەریەکەیان بە جۆرێ دەستیان بە قاوە خواردنەوە کرد. فینجانێ قاوەی زیادە لە سەر سینییەکە مابوو. خزمەتچیەکە، بە دوو دڵی ڕوانیە دەورو بەر، لە ناکاو ئەحمەد جەمیلی لەو بەرەوە بینی کە هێشتا لە فکران ڕاچوو بوو. لێی چووە پێشێ و گوتی: "ئەم قاوەیە هی تۆیە؟"

ئەحمەد جەمیل بەبێ تاقەتی بەرسڤی دایەوە: "پێموایە."

ئەوسا لە ناکاو هەستایە سەر پێیان‌و ڕاوەستا. دەستی بۆ فینجانەکە بردو رووی کردە ڕاجی کە هێشتا هەر خەریکی ئەوە بوو ناکۆکی بخاتە نێوان حوسێن نەزمی‌و سەعیدی دۆستی، بە دەنگێکی گیراو گوتی: "ئەرێ تۆزێ لەمەپێش شتێکت دەربارەی حوسێن نەزمی دەگوت. من نازانم ئەگەر لێرە بوایە چ وەڵامێکی دەدایەوە، بەڵام پێموایە بزەیەکی دەکردو بێدەنگ دەبوو".

ئەحمەد جەمیل ئەم قسەیەی یەکجار،و بێ هیچ گومان‌و دوو دڵییەك کردبوو. ڕاجی لە سەرەتاوە سەری لەوە سوڕما کە بەو شێوەیە قسەی لەگەڵدا کرابوو، لێ دوای ئەوە بەرسڤی دایەوە:

– پێویست بەوە ناکات هەموو کەس وەکو تۆو بە ئەندازەی تۆ بەشان‌و باڵی سەرنووسەری گەنجینەی ئەدەب دا–ئەم قسەیەی بە تەوس‌و توانجەوە گوت–هەڵبڵێ‌و ستایشی بکات.. ئێوە لە نووسینی یەکدی سەر دەردەکەن‌و بە بۆچوونی من پێویست بەوە ناکات خەڵکانی دیکەش وەکو تۆ بن.

هەموو بێدەنگ بوون وەك ئەوەی خۆیان بۆ ئەوە حازر بکەن کە ئەم هەورە تریشقەیە تۆفان‌و لافاوێکی پێ بێ.

سەعید فینجانەکەی لەسەر مێزەکە دانا. عەلی شەکیب کە خەریکی ئەوەبوو هەشتەمین سێو پاك بکات‌و نەیەڵێ توێکڵەکەی بپچڕێ، وازی لەو کارە هێنا. حوسێن بەها ئەفەندی بۆ ئەوەی باشتر گوێی لە قسان بێت، چاویلکەکەی کە بەردەوام لەسەر کەپویی دادەنا، بەرز کردەوە. گەنجە کورتە باڵا سیسەڵەو چرچەڵەکە هاتە پێشترەوە. هەموو چاوەڕوان بوون ئەحمەد جەمیل دووبارە دەست بە قسان بکاتەوە. هەموویان ئەم گەنجە باڵا بەرزە موو زەردەیان بە داهێنەر دەزانی‌و هەر کاتێ دەستی بە قسان دەکرد بە ڕێزو حورمەتەوە گوێیان لێدەگرت. بەڵام خەیاڵ پڵاوەکەیان کە ڕووی هەڵێنا. ئەو تۆفان‌و لافاوەی چاوەڕوانی بوون رووی نەدا. ئەحمەد جەمیل، بەکاوەخۆ، بە شێوەیەکی هێدی‌و هێمن گوتی:

– من نازانم ئەم هەڵویست‌و ڕەفتارە دادگایی ئاسایە دروستە یان نا؟ منیش وەکو هەر کەسێکی دی ئاگام لە بۆچوونە ئەدەبیەکانی تۆ هەیە. (ئەحمەد جەمیل بەدەم سووکە لێو گەستنێکی ناسکەوە، بە جۆرێ ئەو ڕستەیەی درکاند کە بە ئاشکرا تەوس‌و توانجی پێوە دیار بوو). سەرباری ئەوەی کە ئەمە شتێکی سەیرەو با جارێ واز لەمە بێنین، من ئەگەر شتێك ببینم کە دەلالەت لە پێچەوانەی ئەوشتە بکات دڵنیابن کە هیچ باوەڕێکم پێی نابێت. دڵنیابن من خزمەتی بیرێك ناکەم کە ببێتە مایەی نیگەرانی‌و ناڕەحەتی ئێوەو لە دڵی خۆشمدا کەمترین خۆزگەتان پێناخوازم‌و کەم‌و زۆر ئارەزووی ئەوەشم نییە کە هەمان کاری ئێوەم هەبێت.. چ دەبێ لە نێو ئەو

هەموو دۆستو برادەرەدا کە ئێمە بە شایستەی ئاوڕلێدانەوە نازانن، ئیعتراف بە ئێمە ناکەن، یەکێکیانش ڕاجی شاعیر بێت... دەڵێن بە هۆی حوسێن نەزمییەوە کە ئەمڕۆکە "گەنجینەی ئەدەب" دوو هەزار دانەی لێدەفرۆشرێت.

کەس ڕاجی خۆش نەدەویست! زەردەخەنەیەکی کاڵو سارد کەوتە سەر لێوی ئامادەبووانو بووە مایەی ئەوەی هەرکەسەو لەلای خۆیەوە بەژنەوتنی ئەم قسانە خۆشحاڵ ببێو لەزەت لەم قسانە ببینێت. ڕاجی هەوڵی دەدا بە نیگایەکی حەقارەت ئامێز بەرسڤ بداتەوە.

ئەحمەد جەمیل، وەکو وتاربێژێك کە لە میهرو مەحەبەتی گوێگران دڵنیا بێت، لێوە بەخەندەکانی لە فینجانەکە نزیك کردنەوەو پاش خۆماتەڵکردنێکی بە ئانقەست، فرێکی لە قاوەکە داو گوتی:

– من لەو خەڵکانە تێناگەم کە بە خراپە باسی حسێن نەزمی دەکەن، بە حەقارەتەوە ناوی دەبەن. مەگەر یەکێك کوێر بێ ئەو ئەفراندنانە نەبینێ کە وەکو پایەو کۆڵەکەی بینای ئەدەبیاتمان ڕۆژانە پێشکەشمانی دەکات، مەگەر یەکێك کەڕ بێت کە ئەو هاوارو گازیی سەرکەوتنە نەژنەوێ کە لە نووکی قەڵەمەکەیەوە بەرز دەبێتەوە. ئێوە گەرەکتانە بە نوکتەو نوکتەبازی رایگرن بەڵام ناتواننو ئەمەتان بۆ ناچێتە سەر، مەگەر نابینن کە سەرچاوەی بەهرەو تواناکانی، ئەمڕۆکە وەکو روبارێکی خرۆشاو کەوتووەتە حەرەکەت، حەرەکەت... حەرەکەت بۆ پێشەوە... هەمیشە بۆ پێشەوە... دەتوانن بەر بە شەپۆلە خرۆشاوەکانی بگرن؟ چما نازانن ئەمە کارێکی مەحاڵە. شتی وا نەبووەو نابێ. لە زوڵاڵترین سەرچاوەوە هەڵقوڵاوە، بە دڵگیرترین دۆڵو نشێواندا گەڕاوە، بە پاکترین تاوێراندا تێپەڕیوەو بەرە بەرە خەملیوەو هەڵکشاوە. دژمنەکانی هەرکە زار هەڵێنن، خەفە دەبن...

سائیب، گەنجە کورتەباڵا لاوازەکە، لە خۆشیاندا کەوتە هەڵگلۆفتنی دەستانی خۆی و ،سەعید بە خۆی نەوەستاو لە ڕاجی دۆستی دوورکەوتەوە.

گوتی: بەڵێ.

عەلی شەکیب بە دزییەوە ئاماژەی بۆ راجی کرد. راجی خەریك بوو لە توڕەییو پەستیو حەسوودیدا شەقی دەبرد.

ئەحمەد جەمیل بە قامکە ناسکەکانی دەستێکی بە قژە خاوەکەی خۆیدا هێنا. بە چاوانی نیمچە خەواڵۆ و بە سیمای درەخشانەوە کە لە ژێر تیشکی چراکەدا وەکو تابلۆیەکی تاریكو روون دەینواند، لە بەردەم ئەو دۆستانەیدا کە گوێیان لە قسەکانی دەگرتو بە چاویاندا دیار بوو کە پشتیوانی لێدەکەن، لایەکی بەلای راجی دا کردەوەو وەکو ئەوەی رووی دەمی لەوبێ، لەسەر قسەکەی خۆی رۆیی:

– ئێوە حەزدەکەن شیعرمان وەکو هی ئەوانەی پێش خۆمان بمێنێ. ناتانەوێ دان بەوەدا بنەن کە ئەمە مەحاڵە.

بزەیەکی تەوسامێز بەسەر لێوانی راجییەوە وشك بوو بوو، نە زیادی دەکردو نە ئاوا دەبوو.

رەنگی ئەحمەد جەمیل سوور هەڵگەڕاو جوڵەیەك كەوتە سەر لێوانی. بەڵام دەنگی كە روون‌و رەوان‌و لە گوێدا خۆش بوو، و گەرمی بە روحی بەرانبەرەكەی دەبەخشی، وەكو چۆن پەرەسێلكەیەك بە دەم فڕینەوە بەرز دەبێتەوەو لەنگەر دەگرێ، بەرە بەرە پتەوتر دەبوو.

– ئێوە نازانن كە شیعر عەودالّی چییە. بەڵای وەكو "هونەر"و "رازانەوە"لەو زمانە روون‌و رەوانەی كە ئاوێنەی شیعری دڵگیرو راستگۆیانەی فزوڵییە، باركراوە. وەكو ئەوەی شیعر تەنیا زمان‌و ئەم دوو رەگەزە بێت. شتی وایان هۆنیوەتەوە هەقە بە خاوەنەكانیان بگوترێ زێڕنگەر نەك شاعیر. ئەگەر سەرێكی ئەو جۆرە شیعرانە بگریت‌و بیتەكێنی، بەردی لێدەڕژێ نەك شتی دی.... زمانیان كردووە بە بەردێكی بێ گیان‌و ئەوجا پێیان سەیرە كە خەڵكانێك بتوانن هیچ شتێك لەم بەردە رەقە هەڵكڕێنن، دەربێنن. هاتوون روحی شیعرێكی لاوازی ژاكاومان لە ژێر پەردەی زمانێكی دژوارو دەستكردو پڕگرێ‌و گۆڵ‌و ناڕەواندا حەشارداوەو ئەو زمانە جوانەیان كردووە بە زمانی مەتەڵ‌و لەگەزان. هەڵبەتە نابێ نكۆڵی لەوە بكرێت.... ئەو شتە پووچ‌و پوك‌و بێهودانەی كە لە زمانێكی چوار سەد ساڵەیان باركردبوو، ئەوەتا دەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگاردا لادەكەون‌و نامێنن.

ئەحمەد جەمیل، ئێستا خۆی فەرامۆش كردبوو و سینگی دەرپەڕاند بوو. گوڕی بەستبووەوەو بێئەوەی تەمەشای هیچ كەسێك بكات‌و تەنانەت بێئەوەی ئاگای لە قسەكانی خۆی بێ، لەسەری دەڕۆیی. هەموو ئامادەبوان بە هۆی كاریگەری قسەكانی ئەم وتاربێژە گەنجەوە، كڕوكپ وەك ئەوەی لە جێیەكی ئەودیوی تەبیعەتدا بن‌و لە بەرانبەر واعیزێكی جەزمەگرتوودا كە خەریكی فەتحی دەروونیانە، بە واقی وڕەوە وشك بوو بوون.

– ئەگەر دەتانەوێ بزانن شیعر پێویستی بە چ زمانێكە.... ئەگەر دەتانەوێ.... شیعر پێویستی بە زمانێكە كە .... نازانم بە چی بشوبهێنم... زمانێك بە بەلاغەتی روح... زمانێك كە بتوانێ تەرجومانی غەم‌و شادی‌و هزرو بیرەكانمان بێت. زمانێك كە دەنگدانەوەی هەزاران ئازاری دەرونمان، قوڵایی ئەندێشەكانمان، هەڵچوون‌و سۆزو گودازو ریسك و پڕكێشییەكانمان بێت. زمانێ كە ببێ بە هاوڕێی گیانی بە گیانیمان‌و لە زەردەپەڕی خەمناكی ئێوارەدا نوقمی ببێت‌و بكەوێتە بیركردنەوەو لەفكران ڕابچێ. زمانێك كە بەگەڵ روحمان بكەوێ‌و لە پرسەی كارەسات‌و بەڵایەكدا بگری. زمانێك كە هاوشانی سۆزو گودازو هەڵچوونە دەرونیەكانمان دەست‌و پەل بكوتێ... هەندێ ئاواز هەن لە تار و ژێی سازاندا حەپس ناكرێ، لە قاڵب نادرێن... ئەو ئاهەنگ‌و ئاوازانەی كە روح دێننە لەرزە... تەم‌و مژی پێش كازیوەتان دیتووە كە مەحاڵە دەگەڵ رەنگاندا لێكبدرێ‌و ئاوێتە بكرێت. كۆمەڵێك وێنەی نادیار چێدەبن، وێنەیەلێك كە چاوان ماچ دەكەن... هەندێ چاوتان دیتووە كە ئەوەندە قووڵن لە تۆ وایە بەرەو ئاسۆیەكی تەژی لە تاریكییەكی بێ كۆتایی دەكرێنەوە. هیچ پێوەرو پێوانەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی نیگاو روانینی ئەم چاوانە نییە. ئەم چاوانە هێندە قووڵن كە هەرگیز پەی بەو سەریان نابرێ. هەست قووت دەدەن... هەڵی دەلوشن... ئێمە پێویستمان بە زمانێكە كە هەمان ئاوازو ئاهەنگ، هەمان رەنگ‌و، هەمان قووڵییان هەبێت، دەگەڵ هاڕەو هاژەی بۆران‌و لافاودا بگرمێنێ، دەگەڵ پێڵ‌و شەپۆلاندا بەرەو

قولایی بڕوات، دەگەڵ بادا بێتە سەماو لەرزینو هەنگێ بە دیار کیژێکی سیلاوی لە جێدا کەوتوو روندك بڕێژێ، بەسەر بێشکەی ساوایەکدا دابنەوێتەوە، پێبکەنێو لە نیگای پڕ هیواو ئومێدی گەنجێکدا پەنا بگرێت... زمانێك... ئا زمانێك کە....! وا نەزانن وڕاوە دەکەم، زمانێك کە بۆ خۆیو لە خۆیدا ئینسانێکە.

ئەو ئاوازە دڵگیرەی کە لە دەنگی پڕ لەرزەی ئەحمەد جەمیلەوە بەرزدەبووەوە، ئەستێرەی ئیلهامو سەرۆیەك بوو کە بە رووپەوە دەدرەوشایەوە — روویەك کە دەتگوت دارعاسای ئەفسوون ئەنگێزی پێدا دراوە— سێبەرەکەی کە لەبەر روناکی کزی چراکەو شەپۆلی لەرزۆکی دووکەڵو بوخاردا بەرز دەبووەوەو، قسەکانی کە لە شێوەی شیعرێکی دڵگیردا لە لێوە لەرزانەکانیەوە دەهاتە دەرێ، ئامادەبووانی سەرسام کردبوو.

ساڵێك بوو کە ئەحمەد جەمیلیان دەناسی. لە پارەوە کە خوێندنی قوتابخانەی باڵای زانستێن سیاسی تەواو کردبوو و هاتبووە دنیای رۆژنامەوانیو چاپو بڵاوکردنەوەوە... هەر کەسێك تاقە جارێکی دیبا دڵبەندی دەبوو. هەمووان خۆشیان دەویست. راستت گەرەکە رێزو حورمەتیان دەگرت.

ئەحمەد جەمیل، پاش دوا رستە، بەشێوەیەك کە نیشانەی ماندووبوونی پێوە دیار بوو لەسەر کورسیەکەی دانیشت، رەفتاری بە جۆرێ بوو کە دەتگوت هیچ قسەیەکی نەکردووەو بە هەمان شێوەی پێشوو هێدیو هێمنو، کڕوکپ لەفکران ڕاچوو.

راجی کە دەموچاوی سوور هەڵگەڕا بوو، لێی نزیك بووەوە. دەستەکانی نایە سەر مێزەکەو بە شێوەیەکی نیمچە تەوس —ونیمچە هەڕەشە گوتی: — ئەم قسانە، هەرچەندە جوانن، بەڵام ئەوەندە بۆشو بەتاڵن مەحاڵە پیاو هیچیان لێ هەڵکڕێنێ، یان هیچیان تیا بدۆزێتەوە.

ئەحمەد جەمیل، مەیلی وەڵامدانەوەی نەبوو. چونکە شتەکە شتێکی گشتی بوو نەك شەخسی. لێ بە هەرحاڵ رووبەڕووبوونەوەکەی ڕاجی بووە مایەی مشتو مڕ. ئێستا گروپی مۆسیقای پارکەکە خۆیان سازدەدا کە دەست بە بەرنامەی شەوانەی خۆ بکەن. کەمانچەکانیان کۆك دەکرد. دەنگی پچڕ پچڕی مۆزیك دەهاتە گوێ. یەکێك لە خزمەتگوزارانی پارکەکە بە خۆو مەشخەڵێکەوە بە ناو پارکەکەدا دەگەڕا، چراکانی بەسەر دەکردەوە، دای دەگیرساندن تا خەڵکەکە دووبارە خڕببنەوە. ئەوانیش هەستان، پاش پیاسەیەکی کەم بۆیان دەرکەوت کە ئەگەر لە شوێنێکی ئەو ناوەڕاستەدا دابنیشن لەوە باشترە لە گۆشەو کەنارێن پارکەکەدا باوێشك بدەن... تەنانەت عەلی شەکیب—ش لە ئاخرو ئۆخری دەعوەتەکەدا بە ئاماژە خودان ئیمتیازی تێگەیاند بوو کە داوای نێرگەلەیەك دەکات.

ئەحمەد جەمیل، داوای کرد کە رێی بدەن لە هەمان شوێن وەمێنێ. ئەو شوێنە خەڵوەتو نیمچە تاریکەی بەسەر شوێنی قەرەباڵغو جەنجاڵو رووناکدا پەسند دەدا. حەزی دەکرد لە ژێر ئاسمانی پڕ ئەستێرەدا، لە بەرانبەر دیمەنە پوستکارتیەکانی ئەستەمووڵو ئەو کەنداوەی کە لە خواریانەوە بوو، دانیشێتو بیر بکاتەوە.

له دوورەوە دەنگی موزیك دەهات، جا بۆ ئەوەی کەمێك خۆی ئاسوودە بكات، گوێ بە گوێی ئاوازو ریتمی دەنگی موزیکەکە کەوتە فیکە لێدان. ئیدی هیچ شوێنەوارێکی عەلی شەکیب، راجی، سەعید، سائیب‌و ئەوانی دی لە زەین‌و خەیاڵدا نەما بوو. ئاوازو دەنگەکەی لە لا غەریب نەبوو. ناوی ئەم پارچە موزیکە چی بوو؟ ئەو پارچەیەی وەبیر هێنایەوە کە هەر جارێ دەهات بۆ ئەم پارکە گوێی لێدەبوو. هەمیشە بە بیستنی والسی والتیوفە خەیاڵی باڵی دەگرت‌و دەفڕی. ناوی ئەم پارچە مۆزیکەی بەدڵی خۆی پاچڤە کردبوو، ناوی نابوو: بارانی ئەڵماس. چ ناوێکی جوان‌و قەشەنگە، چەند ناسك‌و خەون ئاساو خەیاڵییە....

لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئایا هەر هەموو ئەو شتانەی کە لە دەوروبەری خۆیدا دەیان بینیٚ‌و ئەو هەموو ستێرانەی کە لە قوڵایی ئاسمانی شیندا، بەسەر سەرییەوە وەکو شەوانی دیکەی گەرمی هاوین کە دەڵێی بە پەردەیەك لە تەم داپۆشراوە، دەدرەوشێنەوەو شەپۆل دەدەن، بارانێك نییە لە ئەڵماس؟

سەرمەست بوو وچاوانی بڕی بوونە ئاسمان. وای خەیاڵ دەکرد پانتایی ئاسمانی شین، یەکپارچە پولەکەی زەردەو ئاسمان دەلەرزێ.... کاتێکت زانی بەسەر بناری خەواڵوی بەرزایی‌و گردەکانی بەردەمیا داباری، یان ئەو دیمەنە گۆنگەی بەرانبەر دەریا، هێدی هێدی بەرز دەبێتەوەو ئەرزو ئاسمان، لەم کەش‌و هەوا ئاشقانەیەی شەودا، بەدەم ماچێکی بە شکۆو درێژەوە کە بوونی ماشووق‌و دلبەر دەسوتێنێ‌و دەتوێنێتەوە، دەگەنە یەك‌و یەك جەستەو پەیکەر پێکدێنن.

تەحا لەم بارانی ئەڵماسە....! شنەیەکی ئاشقانەیە، هەناسەیەکی گەرم‌و بەلەزەتە کە فەزای بەستەڵەکی پارکەکە دەگۆڕێ‌و ئێژی لە بەرزاییە هەرە دوورەکانی ئاسمانەوە دادەبارێ.... هەندێجار هێندە دەروونی‌و ئارام دێتە بەرچاو لە تۆ وایە رەگ‌و ریشەی لە قوڵایی دڵماندایەو هەندێجاریش وەکو فوارەی خەم‌و پەژارە، یەکپارچە هاوارو ناڵینە. جارێ ناڵەیەکی سکاڵا ئامێزە، جارێ هاواری ژانە سەرە....

ئەحمەد جەمیل، لە حاڵێکا بوو کە هەستی دەکرد زەوی لە ژێر پێیدا دەڕوات‌و ئاسمان بەسەر سەرییەوە دەفڕێت. هەستی دەکرد بوونی لە بۆشاییەکدا لوول دەبێت.

بارانی ئەڵماس.

هەستی دەکرد، ئەو نورو روناکییەی لە ئاسمانەوە دادەکشیٚ‌و لە داوێنی شیوەکەی بەردەمیا دەدرەوشێتەوەو لە تاریکستانی دەریادا، لێرەو لەوێ دەبینرێ‌و جەزمە گرتوویەتی‌و لە حاڵی رەقسین دایە، وەکو بارانی شەست‌و رەهێڵە دەبارێ. ئەم نورو روناکیانەش بارانی ئەڵماسن بەڵام وەکو نیگای چاوانی مەفتون‌و شەیدا، لە خوارەوە بۆ سەرێ دەبارن. بەرەو ئاسمان،تا رووناکی درەخشانی ئاسمان‌و، تا ئاسمانی شینباوی بەپێل‌و شەپۆل...

یان خەونی دەبینی یان لە هەنبەر دنیایەکی سیحرئامێزدا وەستا بوو. ناڵەی لەرزۆکی کەمانچەکان‌و قاقای خەڵکی دەتگوت بەم ئەوزارە ژێدارو مسین‌و دارینە، بەم نەفەسە، جادوییە گیانیان وەبەر دەکەوێ. پارچە کورتە موزیکەکان باڵیان گرتبوو و بەرەو یەکتر دەفڕین. یەکێکیان

ناڵەی جودایی لێ بەرز دەبووەوەو یەکێکی تریان دەی ناڵاند ئەمما ناڵین، نەوای حەسرەت‌و بێ مرادی لێ هەڵدەستاو یەکێکی ترت دەبینی کە گەنجینەی ئومێدو هیوای سەرڕێژە. وەکو پەپولەێن شین‌و ڕەش دەفڕین، لێویان دەخستە سەر لێوی یەکدی، دەگەیینە یەك‌و هەنگێ لە یەکدی دوور دەکەوتنەوە، بەرز دەبوونەوە، دەچوون بە ئاسماندا، پاشان لە قوڵایی ئاسمانی شین‌و شوێنە هەرە دوورەکانی ئەم دەریای تاریکییەدا لێکدی جودا دەبوونەوە. نورو روناکیانی رەنگ زەرد کە هەندێجار دەهاتنە خواری‌و هەندێجار بەرز دەبوونەوە ئاوێتەی تاریکی دەبوون. بارانی ئەڵماس...

هاورێ دەگەڵ دوا پارچەدا، بڕیارێکی کوتوپڕ کۆتایی بە تێکڕای ئەم خەیاڵاتانە هێنا. ئەحمەد جەمیل، وەك ئەوەی لە خەو هەستا بێ، تەمەشایەکی دەوروبەری کرد. هەنوکە هەموو شتێك رەنگی راستەقینەی خۆی وەرگرتبووەوە. سەری وەرگێڕا، بیری لەوە کردەوە بۆچی لەوێیە... بیری کەوتەوە دەبێ دۆستەکانی کەمێ لەولاترەوە لەو شوێنە قەرەباڵغەدا بن کە دیتبووی. چ پێویست بوو بۆ نك وان بڕوات؟ چما هیچ پەیوەندییەکی دەگەڵ ئەو خەڵکەدا هەبوو کە دەستە دەستە لەم سەیرانگایەدا، لە ژێر دارو درەختەکاندا دانیشتبوون، تا بچێ بۆ لایان؟ چما ئەو لەم دنیایەدا لە بنیادەمان دوورو لە هەموو کەس نامۆ نەبوو؟

کەمێك خۆی کۆکردەوە. فێنکییەکی خۆش بەلا جانگەکانیدا هات. هەستی کرد ئەو تەمەی بەسەر زەینییەوە وەستا بوو بەرە بەرە دەڕەوێتەوە.

دنیای ئەو بریتی بوو لە ئاسمانێکی شین کە نها هێدی هێدی لە زەینیدا دەمەیی‌و قاڵبی دەگرت، بریتی بوو لەو ئەستێرە ئومێدبەخشانەی کە لە ئاسمانی دەروونیدا پێدەکەنین.دیسان بیری لە بارانی ئەڵماس کردەوە. ئیستا کە چاوانی دەنوقاندن دەیبینی، لەژێر ئاسمانی شیندا، دەشتێکی بەرینی دەبینی پڕ لە خەم‌و شادی بەیانی، لە نورو تاریکی، لە بێدەنگی‌و دەنگ، لە سێبەرو خەیاڵ، لەو شتە هەڤدژانەی کە پێکەوە بوون‌و لە هەمان کاتدا پێکەوە نەبوون. دەشتێك، کە هێشتا چاوانی خەواڵوی نەکردبووەوەو تا ئەو ئاسۆ دورانەی کە لەودیو فەزایەکی تەماوییەوە لە حاڵی مت بووندا بوو، درێژ دەبووەوە، ئاسمانێکی شینباوی بەسەر سەری خۆیەوە دەبینی کە تێکەڵەیەك بوو لە دوا تاریکی شەوو هەوەڵین پرتەوی نورانی رۆژ. زەهرە بە قوڵایی ئاسمانەوە، لەسەر حەریری شینباودا، هێشتا بەزاری پڕ خەندەو چاوانی درەخشان‌و راستگۆییەکی زوڵاڵەوە دەیڕوانی.

لەوە دەچوو لە سوچێکی ئەو پانتاییە شینباوەوە هێشتا نور وەشانی بەردەوام بێت. هەستت دەکرد کەش‌و هەوایەکی خۆش ئەرزو ئاسمانی لە هەمێز گرتووە، کەش‌و هەوایەك وەك بڵێی، زادەی باڵ لێکدانی فریشتان بێت. هەموو شتێك لە باوەشی ئاوازێکی سەیردا، ئاوازێك لە خوڕەی قەڵبەزەیەکی رۆحانی دەچوو، هاتبووە سەما. هەموو دیمەنەکان، لە باوەشی کازێوەدا، وەکو سێبەرێکی تێکەڵ لە واقیع‌و خەیاڵ دەیان نواند. بەڵام ناو بە ناو تاڤگەیەك لە شکۆو مەزناتی دادەباری‌و ئەو ئاسمانەی تاتوزێ لەمە پێش مەندو مەنگ‌و بێ جوڵە بوو، نوقمی درەوشانەوە دەبوو. هەتاو، لە سووچێکی ئاسۆوە، لافاوێکی نورو رووناکی بەرەو دەشت رەوانە

دەکردو دەشت لە ژێر ئاسمانی بەشکۆو پڕ ڕووناکی و نوردا، لە هەراو هەنگامە دەخەلەسی و خووی بە ژیانێکی تازەوە دەگرت.

ئەحمەد جەمیل، کە گیانی وەبەر خەیاڵاتەکانی دەبەخشی لە بن لێوانەوە گوتی: "ئاه... ئەی هەتاوی هومێدبەخش...." ساڵانێکی زۆر چاوەڕوانی کردبوو.

تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو. خەیاڵی پڕ داهێنانی وی، لەم تەمەنەداو لەم قۆناغە هەستیارەی گەنجێتیدا، لە جیهانی نورانی خەیاڵ و لە ژێر بارانی ئەڵماس دا دەژیا و هێشتا وەکو باڵندەیەکی باڵ شکاو لە عاردی نەکەوتبوو. چاوانی تەژی دیمەنێن خەیاڵ ئەنگێزو روناک بوون و هێشتا تاریکییەکانی پشت پەردەکانی پێ دیاری نەدەکرا. ئیدی بۆ خۆی غەرقی خەون و خەیاڵێن نورانی و شادی بەخشی کازێوە بوو بوو و ئاگای لەو پەڵە هەورە دوورە دەستانە نەبوو کە بەڕێوە بوون تا چارەی هومێد بەخشی هەتاو داپۆشن. هێشتا تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو و هەموو ئومێدێکی ئەوە بوو کە لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە، کە ئەوەندە لە خەمیا بوو،و پێوەی دەتلایەوە، نێوبانگ دەربکات و بە ئاواتەکانی بگات... ئیدی گیرۆدەی بەرزەفڕییەکی بێ سنوور بوو بوو، هەندێجار شەرمی لەم بەرزە فڕییەی خۆی دەکرد. چما هەموو هۆش و گۆشی، هەموو خەون و خەیاڵێکی لەم ساڵانەی دواییدا ئەوە نەبوو ببێ بە ئەدیب و شۆرەت و ناوبانگ دەربکات؟.

مەگەر لە کاتی خوێندکاریدا، لە کاتێکا سەری بەسەر کتێبی کیمیادا دادەگرت، یان کاتێ کە چاوی دەبڕییە تەختە ڕەشەکەی بەردەمی، یا ئەو کاتانەی کە بیری نقومی حەلکردنی هاوکێشەیەکی جەبر دەبوو، دەگەڵ شنەیەکی خەیاڵ ئەنگێزا لە هاماجێکی نادیاری ئارەزوو ئاواتاندا لە شەقەی باڵی نەدەداو شۆرەت و نێوبانگ پەیدا کردن نەدەبوو بەو حەزو ئاواتەی کە لە هەموو بوونی دەنیشت؟

ئەحمەد جەمیل وەکو هەمیشە خێرا دەڕۆیی و وەکو یەکێك غار بدات بە شەقامی بابی عالی دا تێدەپەڕی، لە دڵی خۆیدا بیری دەکردەوە هەموو ئەم کتێبفرۆشیانە، گشت ئەو موراجیعانەی لە پشت جامخانەکانەوە دەبینرێن، هەموو ئەم چاپخانانەو، سەرانسەری ئەم شەقامە کە مەڵبەندی بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەری کۆمەڵگەیە، ڕۆژێك دێ هەر هەموویان دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەوەوە. ئەو گەنجەی کە ئەمڕۆ تەنیا لەلایەن نزیکەی دە نووسەرێکی هاوپۆل و هاودەورەی جارانی خۆیەوە ناسراوەو یەك دوو کتێبی وەبن باخەڵی ناوەو وەکو سێبەرو تاپۆیەك بەم شەقامەدا تێدەپەڕی، ڕۆژێ دێ کاتێ کە بە ڕێکەوت تەمەشای جامخانەی موغازەیەك، دەکات، دەبینێ کە لاوانی ئەهلی ئەدەب بە یەکتری نیشان دەدەن...

ڕۆمانی شین و ڕەش، تێکەڵەیەکە لە ڕیالیزم و ڕۆمانتیزم. ئەگەر بڕوانینە قارەمانی چیرۆکەکە دەبینی شاعیرێکە لەسەرووی هەورانەوە، لە مۆلەق وەستاوەو پێی لە عاردی نییە. ئەگەر تەمەشای کاراکتەرەکانی دیکە بکەین دەبینین خەڵکانێکی زندوون و بە شەقامی بابی عالی دا دێن و دەچن. خەڵکانی زەمینی لەم چیرۆکەدا گفتوگۆ دەگەڵ کەسێکدا دەکەن کە لە سەر هەورانە، لە ئاسمانە. ئەمە دیمەن و نمای سەرەکی و بنەڕەتی شین و ڕەشە: ئیسماعیل حەبیب سووك. شین و ڕەش هاماج و ئوتموسفیرێك بەرجەستە دەکات، ئوتموسفیرێك کە لە نێوان قوتابخانە،

چاپخانە، موغازەو دوكانی كتێب فرۆشیو شەقامی بابی عالی دا. من پێموایە ڕۆمانی شینو ڕەش، مامەڵە دەگەڵ یەكێك لە مەسەلە سەرەكییەكانی ئێمەدا دەكات. سەرەكی ترین عەیبو كەموكوڕی ئەم ڕۆمانە ئەمەیە كە ئاواتو ئارەزوویەكی ئایدیالی لە چوار چێوەیەكی تەنگدا دەخاتە روو وئەمەش بووەتە هۆی ئەوە لە باری هونەرییەوە هەندێ سەرڤە سەرڤە بنوێنێو نەتوانێ بۆ قوڵایی مەسەلەكە شۆڕبێتەوە: ئەحمەد حەمدی تانپینار. من (خالید زییا)م پێشتر دەناسی. نەك بەو وێنانەی كە لە گۆڤاری سەروەتی فنون دا بڵاو دەبوونەوە، بەڵكو بەو بارانی ئەڵماسو مرواریییەی كە لە ڕۆمانی شینو ڕەشدا بەسەر گەڕەكی تەپە باشیدا دەباری... با دەربڕینو دەستەواژەكانی مامۆستا خۆی بەكاربێنمەوە: "بارانی دوڕو ئەڵماس"، ئەو ڕستەو دەستەواژانەی ئەو لە وشەێن فارسیو عەرەبی دروستی دەكردن، وەكو جەواهێراتی دەگمەنو كەم وێنەی دەستی وەستایانی كارامەو زەبەردەست، لەسەر لاپەڕەی یادگەی خۆمان نەخشاند ومانە. خالیدزییا، لە كۆمەڵگەی ئێمەدا لە كۆنەوەو تاكو ئێستاش پێشەنگی چیرۆكو ڕۆمانی رۆژئاواییانە بوو. پتر لە نیو سەدەیە كە توركیا نموونەی وەكو ئەوی بەخۆوە نەدیتووە. لە ژیانی كۆمەڵایەتی توركانیشدا قۆناغێكی تازەی كردەوەو لە ریگەی كاراكتەرانی ڕۆمانی ( ڤیانی قەدەغە)وە، بووە مایەی ئەوە كە ژن لە كۆمەڵگەی بێ ژنی ئێمەدا لە دایك ببێت: یوسف زییا ئورتاج. ئەگەر سەرنجی ئەو بنبەستە خەمناكەی كە زمانو ئەدەبیاتی توركی تێ كەوتبوو بدەین، ئەوا بایەخو گرینگی ئەو پەخشانە جوانەی كە خالید زیا ئوشاكلی گیل ڕەنگی ڕشتو بناغەكەی دانا لە ئێستا دا باشتر دەردەكەوێو پەی پێ دەبرێ. زمانی توركی لە سایەی ئەو بایەخو گرینگییەدا كە ئەو بە ڕستەو رستەسازی دا، نەك هەر كلیلی رۆمانی مودرینی وەدەست هێنا، بەڵكو پەخشانو بە گوتەیەكی دی فیكریشی هێنایە ناو ئەدەبیاتی توركییەوە. رۆڵی خالید زییا لە بیرو هزرینی توركاندا بەبارتەقای پێگەو سەنگی ئەو لە ئەدەبیاتی توركیدا سەنگو بایەخی هەیە... خالید زییا، هونەرمەندێكە كە تا ئەوپەڕی توانا، تواناكانی زمانی توركی جەڕباندووە: حامید تانیول. یەك خالید زییا ئوشاكلی گیل هەیە، كە بۆچوونی ئێمە دەربارەی وی جیاوازە، چیرۆكە كورتەكانی پڕن لە ناسككاری لیریكی. ئەوەندەی من دەیزانم، لە هەوەڵەوە تاكو ئێستا كاراكتەرانی نەگۆڕ لە بەرهەمەكانیا بەرجەستە دەكات. هەڵبەتە دەبێ ئەوە بزانین كە شیكردنەوە مرۆڤانیەكان لە سەرووی ئەم شتەوەیە. ئەوەی لە خوێندنەوەی بەرهەمەكانی ئەوەوە هەڵدەهێنجرێ ئەمەیە كە خالید لە هونەردا نووسەرێكی تاكگەرایە: ئورهان كەمال. لەلای خالید زییا ئوشاكلی گیل، حەقیقەت پایەیەكی بەرزتری هەیە لە مەسەلە رۆمانتیكییەكان. یانی حەقیقەتی لە مەسەلە رۆمانتیكییەكان پێ گرینگترە، لەو بارەیەوە دەڵێت: ***"بەبۆچوونی ئێمە تاڵترین حەقیقەت لە جوانترین خەیاڵ باشترو پەسندترە. كە خوێنەران لە حەقیقەتگەرایان بێزار دەبن، لەبەر ئەوەیە كە حەقیقەتگەرایان مرۆڤ وەكو چۆن هەیە، بەو ئاوایە پێشكەشی دەكەن، رۆمانتیكەكانیش، ئەو بنیادەمانەی كە دەیان خوڵقێنن كە بە گوێرەی حەزو ئارەزووی خۆیان، چاك یان خراپ دەنوێنن، ئەوانە لە راستیدا كۆمەڵە فێڵبازێكن كە خەڵكانی بێزەوەر، لە شوێنی خەڵكانی بژاردەی كۆمەڵگە دادەنەن.... هەموو شتەكان لەنك واقیعگەرایان جدییە، راستەقینەیە،***

*لێ لە نك رۆمانتیكەكان هەموو شتێك خەیاڵی و دەستكردە. واقیعگەرایان خەڵكانێكی زۆر چ باش چ خراپ دێننە مەیدانی رووداو، كە هاتنە مەیدانی رووداوەكە ئیدی ئەوان دەجوڵێن، نووسەر كەسێكە دوورو نزیك بە بێ دەنگی تەماشایان دەكات. لایەنگری لە هیچ كەسێك ناكات. قارەمانان وەكو كۆستێران لە مەداری خۆدا دەسوڕێنەوە ، بە دەوری تەوەری رووداوەكەدا دەسوڕێنەوەو لە مەداری خۆ دەرناچن. نووسەر نایەت بڵێ ئەم مرۆڤەتان قەبوڵ بێ یان ئەو مرۆڤە قەبوڵ مەكەن. ئەو واقیع بەرجەستە دەكات، ئەوەی داوەری دەكات ئەو نییە، ئێمەین. لێ رۆمانتیكەكان وانین، دەوری پارێزەر دەبینن، بەرگری لە خەڵكانێك دەكەنو كەسانێك تاوانبار دەكەن." .*

## محەمەد رەوف

(١٨٧٥- ١٩٣١)

***ئەشق زاڵترین مەیل و ئارەزوو نییە لە ژیاندا. بەڵکو بە پێچەوانەوە، مەحکومترین دیاردەی گشت ئارەزوو و غەریزەکانە. رەشبینی و نا ئومێدی و بێ مورادییەك هەیە،کە ئێمە لە ئەدەبیاتماندا تەنیا ئەنجامەکانیان دەبینین. ئایا هیچ زەمینیەکی لەمە باشتر هەیە کە بڵێین هۆکارو فاکتەرەکانی ئەم رەشبینییە بکەین بە کەرەستەی نووسینی ڕۆمان؟***

محەمەد رەوف، یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی بواری شانۆنامە و رۆمانی تورکی و سەر بە بزاڤی (سەروەتی فنون)ـە. لە ئەستەموولْ هاتووەتە دنیا. لە قوتابخانەی سوپایی سوگوك چەشمەو ئامادەیی زانستێن دەریایی خوێندوویەتی (١٨٨٤- ١٨٩٣). لە قۆناغی ئامادەییدا کەڵکەڵەی ئەدەبیاتی کەوتە سەر. لە سەرەتاوە چیرۆکەکانی لە گۆڤاری "سەروەتی فنون" بڵاو دەکردەوە. کە بووش بە ئەفسەر دەستبەرداری نووسین نەبوو. لە ساڵی ١٩٠٨دا وازی لە هێزی دەریایی هێناو ژیانی خۆی بۆ نووسین، رۆژنامەوانی و بازرگانی تەرخان کرد. دوا رۆژگاری ژیانی بە هەژاری و دەستکورتی ڕابواردو لە رۆژی ١٩٣١/١٢/٢٣ کۆچی دوایی کرد.

محەمەد رەوف، کە لە قوتابخانەی زانستێن دەریایی دەیخوێند زمانانی ئینگلیزی و فەرەنسیش فێر بوو، ریالیستان و ناتورالیستانی فەرەنسی ناسین. کاریگەریی خالید زییا ئوشاکلی گیل بەسەر رۆمانەکانییەوە یەجگار زۆر بووە. (سێپتامبەر) بە گرینگترین بەرهەمی هونەری محەمەد رەوف دەژمێردرێت، ئەم کارە بە یەکەمین رۆمانی گەورەی سایکۆلۆجی تورکیا دادەنرێ. زمان و رستەسازی لە نووسینەکانی ئەودا لە چاو زمانی پەخشان نووسانی ئەو قۆناغ و سەروبەندەدا زۆر سادەترە. یەکێکە لەو نووسەرانەی کە بە زەقی کەسایەتی خۆی لە چیرۆکەکانیا، لە پەخشانە شیعرەکانیا، لە رۆمان و شانۆنامەکانیدا بەرجەستە دەکات و هەست و سۆزو هەژرو هزرینی خۆیشی لە قارەمانەکانیا دەنوێنێ.

پتر لە سی بەرهەمی هەیە. بە نێوبانگترین بەرهەمی بریتین لە: مرواریێن رەش (پەخشانە شیعر، ١٩٠١). سێپتامبەر (رۆمان، ١٩٠١)، ئاسایش (کۆ چیرۆك، ١٩٠٩). پەنجە (شانۆنامە، ١٩٠٩). ئەڤینداری (کۆ چیرۆك، ١٩١٠). مێژووی دڵدارییەك (کۆ چیرۆك، ١٩١١). دوا ئارەزوو (کۆ چیرۆك، ١٩١٣)، سبەینێی دڵداری (١٩١٣). راسو (شانۆنامە، ١٩٢٠). ئەگەر داوای ژن بکات (کۆ چیرۆك، ١٩٢٣). یەکەمین تەماس، یەکەمین لەزەت (کۆ چیرۆك، ١٩٢٣). مێخەك ویاسەمین (رۆمان، ١٩٢٤)، دڵی کیژی گەنج (رۆمان، ١٩٢٥). توترك (رۆمان، ١٩٢٦). دوا ئەستێرە (رۆمان، ١٩٢٧). ئازاد (رۆمان، ١٩٢٩). زام (رۆمان، ١٩٣٥).

### *- سێپتامبەر (١٩٠١):

گرینگی رۆمانی سێپتامبەر لەمەدایە کە لە مێژووی ئەدەبیاتی تورکیدا بە یەکەمین ڕۆمانی سایکۆلۆژی شۆڕەتی دەرکردووە. چیرۆکەکە بە دەوری بابەتێکی سادەدا دەسوڕێتەوە سورەیا

(ناوی پیاوە)و سوعاد حەز لێکدی دەکەن‌و زەماوەند دەکەن. نەجیب، یەکێکە لە دۆستانی خانەوادەیی ئەوان‌و بەختەوەری ئەم ژن‌و مێردەی پێخۆشە، دۆستایەتی نەجیب‌و سوعاد بەتێپەڕبوونی رۆژگار شەقڵی ئەڤینداری وەردەگرێت. سورەیا هەموو رۆژێك بۆ راوەماسی دەڕوات‌و نەجیب‌و سوعاد زۆرجار بە دوو قۆڵی لە ڤێلاکەی سەر دەریایاندا، دەمێننەوە. پەیوەندییان لە سنووری دۆستایەتی دەرناچێت. تەنیا تەمەشای یەکتر دەکەن‌و هیچی تر. سوعاد پیانۆ دەژەنیٚ‌و نەجیب گویٚ رادەدێریٚ‌و پێکەوە قسان دەکەن. بەلاٚم هەندیٚ قسەو قسەلۆکیان دوو دەخرێت. نەجیب لێدەبڕێت کەمتر بۆ ڤێلاکە بڕوات. پاش ماوەیەك بە هۆی نەخۆشی تیفوئیدەوە لە جێگەدا دەکەویٚ. جارێك بە دەم وڕینەو بزڕکانەوە دەڵێت کیژێکی خۆش دەویٚ‌و تاکێك لە دەستکێشەکانی ئەوی وەکو یادگاری لای خۆی هەڵگرتووە. سوعاد کە گوێی لەو قسەیە دەبێت، تاکەکەی دیکەشی دەداتیٚ‌و بەمجۆرە چیرۆکی ڤیانە پەنهانەکەیان ئاشکرا دەبێت. زستان دەگوازنەوە بۆ تەلارێکی دیکە. ماڵەکەیان ئاگری تیٚ بەر دەبیٚ، سوعاد لە ئاگرەکەدا گیر دەخوات‌و دەرچوونی مەحاڵە. نەجیب بۆ رزگارکردنی ئەو خۆی دەخاتە تالوکەوەو هەردووکیان لە ئاگرەکەدا دەسووتێن. ئەمەش مشتێکە لە خەرواری رۆمانەکە:

نەجیب نەیدەتوانی هیچ بڵیٚ. کەوتبوو بەسەر خۆشی خۆیداو تەنیا بەڵیٚ‌و گوێڕایەڵی لەسەر بوو. دەتگوت خەونێکی ئەفسووناوی دەبینی. خۆی دابووە دەستی ئەو خەونەو بڕۆ بۆ پێشەوە. سوعادیش بە هەمان حاڵەتی بیٚ حاڵی ئەوەوە، جار جار نیگایەکی دەکرد کە بۆ نەجیب ژیان بەخش بوو. لە کاتی قسەکردن‌و گفتوگۆدا، لە کاتی گەشت‌و گوزارو گەڕاندا، لە دەمی هاتووچۆدا، بەو نیگایانە، کە هیندەی دی تامەزرۆی ژیانیان دەکرد، بە ژیانیانەوە دەبەست، سەرمەست دەبوو. جازیبەیەکی هەبوو کە باوەڕکردنی بۆ خەڵکانی دی ئەستەم بوو. فەنایەك لە کارا بوو کە دەبووە مایەی ئەوەی هەموو ساتێك وا بزانی لە حاڵەتی خەوو بێداریدای. هەندێجار هەڵچوون‌و سۆزو گودازێکی پڕ ئومێد و ئارەزوو دەگۆڕا بە هەڵچوون و سۆزوگودازی تەسلیم بوون لەهەنبەر دوو دڵیدا. بەلاٚم هەرزوو بزەیەکی دڵگیرو رەفتارێکی شیرین، سەری قووت دەکردەوەو هەموو نائومێدییەکی دەسڕییەوەو ئومێدی مژدەی ویساڵی دەدایە. سووکە بزەیەکی کورت‌و رەنگە بیٚ مانا، کە هەموو شتێکی دەسڕییەوەو بە خۆی جێی هەموو ئەو خەیاڵاتانەی دەگرتەوە.

تەحا لەو نیگایە، مەگەر هەر خوا بزانیٚ بە چ مانایەلێك، بە چ ناسکی‌و بە چ رەنگێك بارگاوی بوو. شیعریٚ بوو نە لە دەربڕین دەهات‌و نە لە گێڕانەوە. شیعریەتێکی ئەوتۆی تیا بوو کە مرۆڤی لە چاو تروکانێکدا دەگەیاندە کەشکەلاٚنی ئاسمانی بەختەوەری. هەندێجار ئەم چاوە قووڵ، رەش، بەویقارو مەنگانە بێدەنگ دەبوون،و دوای کەمێك پرشنگێکی لەرزۆك دەی هێنانە جوڵەو بە شێوەیەکی بەزەیی وروژێن بە پەریشانی تەمەشایان دەکرد. هەندێجار ئامیرانە دەسەلاٚتدارانە نیگایان دەکردو هەندێجار دەتبینی کە دۆستانە، رازی، ناسك‌و، پڕمژدە تەمەشات دەکەن‌و دەڵێن: "بەڵیٚ، زۆرباشە". هەندێجار وا دەهاتنە بەرچاو کە دەڵێن: "حەز دەکەم‌و پێم خۆشە"و هەندێجار بە ئارامیەکی پڕ دوو دڵی و، ژنانەی مەخمورو مەستەوە سوپاسیان دەکردیت.

تەحا کە ئەم نیگایانە چ جوانییەکیان پێدەدا. شادیو بەختەوەرییەکی تازە چرۆ کردوو وەکو خونچەی ئارەزوو. خونچەیەك کە هێشتا نەپشکوتووەو لە مودەتی تەمەنی خۆی بێ ئاگایە....

سەرنجی دەدا کە سوعاد لە جاران پتر بایەخ بە ژنایەتیو مێیاتی خۆی دەداتو بە خۆی ڕادەگات. کاتێ کە بیری دەکردەوە لەوەیە بۆ ئەو خۆی جوان بکات، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد مەجنون ئاسا هاوار بکات: "هەر هەموو ئەمانە بۆ من دەکات. ئاه، منی خۆش دەوێ، خودایا. چەندی من خۆش دەوێ، چەند...." کەسایەتی خۆی لە بەرانبەر مێیاتیو ژنایەتی ئەودا لە دەست دابوو و ئەفسوونی ئەو بوو بوو....

لە فکران ڕاچوو: "بەڵێ، هەموو شتێك دەپوکێتەوە، دەژاکێ، ئێمەش دەژاکێین، دەفەوتێین".و هەستی کرد ڕۆژێ دێ کە دەگاتە کۆتایی هێڵەکەو دەبڕێتەوە. زۆری لەبەر گران بوو کە بێ هیچ کەیفو خۆشییەك، بەدەم چاوەڕوانییەوە، بە تایبەتی کە ئەو ساڵانەی دەهاتنەوە بەرچاو کە بەبێ هودە بەرێی کردبوونو ئێستاش کە هیچ کارێکی لە دەست نەدەهات، بەخوتو خۆڕایی ببڕێنەوەو بگەنە کۆتایی.

ئەمە لە کاتێکا بوو کە ئەو زۆری دڵ بە ژیان خۆش بوو، حەزی نەدەکرد، لە کەیفو شادیان بێبەش بێت، ئامادە بوو لە ڕای ژیاندا، بە هەموو شێوەیەك بخەبتێ. دیسان لە فکران ڕاچوو، چما هەموو شتێك هەر بێهودە نییە؟ یانی ئێمە هەرچییەك بکەین یان نەکەین زستان هەر نایەت؟ ڕاستە تا زستان دێ....ئەدی هیچ کارێك ناکرێ؟ یانی جگە لەوەی بە ڕۆژی روناك دوورە پەرێزی لە ژیانو شادیو بەختەوەری بجەڕبێنین، هیچ چارەیەکی دیکە نییە؟

محەمەد رەوف لە ڕۆمانەکانیا زیاتر سەرو ساختی دەگەڵ مەسەلە دەروونیەکانی ژیانی تاك دایە. هەر لەبەر ئەم تایبەتمەندیەشە کە کارەکانی وی دەگەڵ رەوتی گشتی بزووتنەوەی ئەدەبی "سەروەتی فنون"دا زیاتر تێکدەکەنەوە. جا ئەم جۆرە ڕۆمانانە لە ڕاستیدا، بە گشتی مامەڵە دەگەڵ هەستو سۆز، خەونو خەیاڵ،و دڵداریو ئەڤینداری ڕۆمانتیکیدا دەکەن: کەنعان ئاك یوز. محەمەد رەوف لە کەسایەتی قارەمانەکانی خۆیدا رەنگ دەداتەوە. هەستو سۆز، رەفتارو هزری قارەمانەکانی بە جۆرێ بەرجەستە دەکاتو دەنوێنێتەوە کە ئەگەر خۆی لە هەمان مەوقیعیەتی ئەواندا بوایە، بێگومان هەر وا خۆی دەنواند. ئەشق تانوپۆی ژیانی دڵخوازی ئەوە، ئەشقی خودی نووسەر: خالید زییا ئوشاکلی گیل.

## سەففەت نەزیهی

## (١٨٧١- ١٩٣٩)

***پێشهات و رێکەوتێك منی خستە سەر باڵی ڤیان و بەرەڵلای کردم و کردیە کارێك بە حەوت تەبەقەی ئاسمانی ئەشق و ڤیاندا بکەومە گەشت و گەڕان. من کە لە نێوان ئەرزو ئاسماندا و بەدەم کێشماکێشەوە بەرەڵلا بوو بووم، لەوێندەرەوە بەرەو هەڵدێری هەزار بە هەزاری قووڵ و ترسناکی شەرم کەوتمە خوارەوە.***

**لە ئەستەموولْ هاتووەتە دنیایێ. ناوی ئەسڵی خۆی عومەر لوتفییە. خوێندنی ئامادەیی لە ئامادەیی گالاتاسارای تەواوکردووە. وتارو چیرۆك و ڕۆمانەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارێن مینا "ئیقدام، سەروەتی فنون، مەعلومات و، کتێبی وێنەدار" بڵاوکراونەتەوە. چونکە ئەهلی کەیف و رابواردن بوو، ژیانێکی پەریشان و نا ئارامی هەبوو، ڕۆژی ١٩٣٩/١١/٣ لە نەخۆشخانەی دەروونی (باکرکوی) کۆچی دوایی کردووە. ئەمەش مشتێکە لەخەرواری ڕۆمانی (نەجدەتی بەلەنگاز)، کە لە ڕۆمانە بە نێوبانگەکانی سەففەت نەزیهییەو دەشێت لە میانەی ئەم پەرەگرافەوە پەی بە شێوازی نووسینی وی ببرێت:**

**ڕۆژێك بەیانی زوو لە خەو ڕابووم، هەتاو تازە لەکەل سەری دەرهێنا بوو. پەنجەرەکەی لا تەنیشتم کردەوەو کەوتمە تەماشا کردنی کۆشکە پەمەییەکەو ئەو ژوورەی کە لاولاو سەراپای گرتبوو، دیوارو پەنجەرەکان بەرچاویان نەدەگرتم، دەمتوانی ببینم. وێنەی جوان و شەنگوڵی مەلیحەم لە زەینی خۆدا بەرجەستە کرد. تەختە خەوەکەیم بە تۆڕەکانی دەوروبەریەوە دێنایە بەر چاوی خۆم. قژە زەردەکەی بەسەر جلێکی سپیدا ڕژابوو، لێوە چکۆلە پەمەییەکانی بە ئاستەمێك کرا بوونەوەو دەتگوت بەدەم فریشتانەوە پێدەکەنیّ، چاوە شینە ئاسمانییەکانی نابوونە سەر یەك، بژۆلە درێژو چڕەکانی ناسکییەکی تری بەو ڕوو و ڕوخسارە دەبەخشی...**

**سەففەت نەزیهی، بە نەفەسێکی ڕۆمانتیکییەوە مامەڵەی دەگەڵ ڤیاندا دەکردو بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر رابکێشێت و رمووده ومتووی خوێندنەوەی بکات، خۆی بە ناوجەرگەی لایەنگرانی ئەدەبیاتی مودێرندا کرد. (نەجدەتی بەلەنگاز) یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە لەلایەن خەڵکییەوە پێشوازییەکی فرە لێکرا. بەرهەمە گرینگەکانی بریتیین لە: نەجدەتی بەلەنگاز (ڕۆمان، ١٩٠٢). دڵی ژن (ڕۆمان، ١٩٠٣). بەڵای قومار (پاچڤە لە فەرەنسیەوە، ١٩٠٤). سەبەبکار (ڕۆمان، ١٩١١). ئیزاح و ئستیزاح (شانۆنامە، ١٩١١).**

### *- نەجدەتی بەلەنگاز (١٩٠٢):

**هەرچەندە بابەت و نێوەڕۆکی نەجدەتی بەلەنگاز، ڕۆمانانی ئەڤینی قەدەغەو سێپتامبەر وەیاد دێنێتەوە، لێ لە ڕووی هونەرییەوە ناگاتە ئاستی ئەوان. بە ڕواڵەت ڕۆمانەکە لەسەر بناغەی ئەم رستەیە رۆنراوە کە: "ئەشق، ترسنۆك وەدەر دەنیّ". نەجدەت کە مەلیحەی دراوسێیانی شیتانە خۆش دەویّ، لە پێناوی ئەم ئەشقەدا خۆکوژی دەکات. ئیدی لە لای مەزهەری برازایەوە، کە**

نەخۆشی دڵی هەبووە و ئەویش ژێراو ژێر ئاشقی مەلیحە بووە، دەینێژن. مەلیحەش پاش ئەوەی سکی پڕ دەبێت، بەسەر منداڵەوە دەچێت و دەمرێت. ئەویش لەلای نەجدەتەوە دەنێژن. ئەمەش نموونەیەکە لە دوا بەشی رۆمانەکە:

– مەلیحە خانم! بەڕاستی من ئیحراج دەکەی. مەگەر نازانی من گەنجێکی ڕەبەنم و تۆ ژنی کەسێکی تری، هیچ شتێك ئێمە پێکەوە نابەستێتەوە.

– عەجایەب! وا بیر دەکەیەوە؟ زۆر چاکە. کە من هیچ پەیوەندییەکم بەتۆوە نییە، مانای وایە تۆ بە مەبەستی لەزەتخوازی منت وەکو گوڵێك بەسینگی خۆتەوە گوشی و بۆنت کردم و پاشان بەشاپێك لە خۆتت دوور خستمەوە....

مەلیحە بەدەم ئەم قسانەوە، ئەو گوڵە زەردەی کە لە مەزهەری وەرگرتبوو و لە سینەی خۆی دابوو، بە توڕەیی دا بە عاردیداو پاش کەمێك بێدەنگی، نیگایەکی توڕەی کردم و هەنگیٚ بە توڕەیی بە پیلاوە پاژنە بەرزەکانی پلیشاندییەوە. بە هەڕەشەوە دەستە لەرزۆکەکانی بەرەو رووم راوەشاندو لە سەری رۆیی:

– بەڵێ، توڕت دام و ویستت بەم شێوەیە پان و پلیشم بکەیتەوە. وایە؟ پێتوایە من ئەم رەفتارەت لیٚ قەبووڵ دەکەم. دڵنیابە سەرچیخ چوویت. فەرمووت: "هیچ شتێك ئێمە پێکەوە نا بەستێتەوە، هیچ پەیوەندییەکمان لە نێواندا نییە؟" بەڵام من پێموایە، پەیوەندیمان هەیە، پەیوەندییەکی زندووش.

دوو هەنگاو لێم نزیکتر بووەوە. بەتوڕەیی دەستی گرتم و خستیە سەر سکی خۆی.

– ئا لێرەدا هەست بە هیچ جوڵەیەك ناکەیت؟ ئەریٚ، دروستە. ئەمە ئەنجامی پەیوەندی نێوان ئێمەیە.

هاوارێکی پڕ ئازارم کردو گوتم:

– مەلیحە قسەی وا نەکەی. بۆ خاتری خوا ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ ئاخر من چۆن باوەڕ بەمە بکەم؟

تەواو بیٚ تاقەت بووم، ئەوم کە بەرەو من دەهات لەخۆ دوور خستەوەو گوتم:

– تۆ ئەمشەو شێت بوویت.

بەرسڤی دایەوەو گوتی:

– نا، هێشتا شێت نەبووم. تۆ شێتم دەکەی. نەجدەت ئاغا باش بیر لەم مەسەلەیە بکەوە.

***

کە لە ئیبراهیم شەمسی جیا بوومەوە، گازییەك کە لە ناخی دەروونەوە، نەفرەتی لە ژنان دەکرد، گەیبە گوێم. لە دڵی خۆدا گوتم: – ئاخ لە دەستی ژنان!

پاش ئەوەی کە لە موغازەکە (دوکان) هاتمە دەریٚ بە هەنگاوی سست،و بەدەم بیرو خەیاڵانەوە تاکو تەپەباشی نەوەستامەوە. خۆم بە پارکەکەدا کرد. لە بن دارێکدا رۆنیشتم. کەس لەو ناوە نەبوو. بە تەنیا بووم. پاییز بوو.... گەڵا دەڕژان و شوێنەواری زندوویەتی درەختان بارگەی تێك

دەنا، دەبێ لەو وەزعو حاڵەدا چ کەسێك کاری بەوێندەر هەبێت؟ لەوپەڕی تەنیاییدا لە فکران ڕاچووم. بەخۆم دەگوت:

– ئەی نەجدەتی بەلەنگاز، ژارۆ! ئەی ڕەمزو نیشانەی نەگبەتی... دڵم قەبووڵی نەدەکرد لە نێو ئەم چارە ڕەشانەدا، لە نێو ئەم قەرەبەختانەدا ناوێکی مەلیحەش بەرم... بەڵام ئەو یەکێك بوو لەوانە، تا سەر مۆخ و ئێسقان، تا ئەبەد یەکێك بوو لەوان. ئاه. ئەم جەستە ئازیزانە هەنووکە...

گوتم: فەرموون ئەمەش ژیان. لەزەتەکەیم پێ نیشان بدەن. خۆشیو شادییەکەی لە کوێیە؟

گەڵایەکی وشکەوە بوو بە ڕووما کەوتو لە دنیای خەیاڵ وەدەری هێنام.

گەڵاکە، لەبەر بایەکەدا، بێ هیچ بەرگرییەك لە عاردی کەوتبوو. کەوتنی گەڵایەکی وەریوی بێ گیان حەقیقەتی ژیانی بە من نیشان دەدا، حەقیقەتی ژیانێ...

## ئەبوبەكر حەزیم تەپیران
## (١٨٦٤- ١٩٤٧)

***ئەگەر قەرار بێ باسی گشت رووداوە تاڵەكانی سەرانسەری ئەنادۆڵ بكەین، بە دەیان كتێبانی دەوێ، نووسەران و خوێنەران تاقەتیان دەچێت، ماندوو دەبن و ئەو رووداوانە هەر تەواو نابن... ئێمە نابێ خۆ لە دیتنی واقیع و حەقیقەتان بدزینەوە. ئەگەر گوێ لە راستیەكان بخەوێنین، پێش هەركەسێك خۆمان فریو داوە، ئەگەر جێگەی زام بزانین دەرمانكردنی، تیماركردنی ئاسانتر دەبێ.***

ئەبوبەكر حەزیم تەپیران، نووسەرێكی بەتوانابوو، توانی لە رێگەی رۆمانی (پاشای بچووك)ـەوە جۆر رۆمانێكی دێهاتی – كۆمەڵایەتی و ریالیستی لە توركیادا دابهێنێ. لە شاری نیقدە هاتووەتە دنیا. خوێندنی ناوەندی لە ئامادەیی نیقدە تەواوكردووە. فەرەنسی وعەرەبی فێر بووە. مودەتێك لە ستانداری و وەزارەتی ناوخۆدا خزمەتی كردووە. لە خەباتێن نەتەوەییدا بەشداری كردووەو لە سۆنگەی ئەوەوە سەرەتاحوكمی ئیعدامی بۆ بڕاوەتەوەو پاشان سزاكەیان بۆ كەم كردەوەو كرا بەوەی لە كەشتیاندا سەوڵان لێبدات. پاش ئەوەی ئازاد كرا بۆ ئەنقەرە هەڵات، و دوای سەركەوتن بوو بە ستاندارو نوێنەری ئەنجوومەن (١٩٣٩- ١٩٤٦). رۆژی ١٩٤٧/٦/٥ لە ئەستەموول كۆچی دوایی كرد.

ئەبوبەكرد حەزیم تەپیران، یەكێكە لەو نووسەرانەی كە پاش رۆمانی (كارابیبیك)ی نابی زادە نازم، رۆمانی (پاشای بچووك)ی، نووسی كە بە دووەمین رۆمانی دێهاتی دێتە ژماردن، پاشای بچووك رۆمانێكی ریالیستیە كە گیروگرفت و كێشەكانی ژیانی گوندییان بە زمانی خۆیان دەگێڕێتەوەو بەرجەستە دەكات. لە پێشەكی كتێبەكەی خۆیدا دەڵێت: ***"ئەم رۆمانە گشت كێشەو گرفتەكانی ئەنادۆڵ لەخۆ نەگرتووە، بەڵكو هەندێك لە گرنگترین ئەوكێشانە دەگێڕێتەوە.... هەوڵدراوە بە پێی توانا دیالۆگی گوندییان بە زمانی خۆیان و بە گوێرەی مزرین و باوەڕێن خۆیان بخرێتە روو".***

گرینگترین بەرهەمێن وی بریتیین لە: شتە كۆنەكان ( كۆ چیرۆك، ١٩١٠)، پاشای بچووك (كە لە ریزی پێشەوەی رۆمانی گوندیاتی توركی دایە، ١٩١٠). حوكمێكی زاڵمانەی ئیعدام (ئوتوبیوگرافی خۆیەتی، ١٩٤٦). رۆژانی زندوو (بیرەوەری، ١٩٤٧).

### *- پاشای بچووك (١٩١٠):

ئەبوبەكر حەزیم تەپیران، بەنووسینی رۆمانی پاشای بچووك، جۆرە رۆمانێكی پێشكەوتووی دێهاتی لە توركیادا، بە دیدێكی ریالیستی و كۆمەڵایەتی دادەهێنێ. نەسلی پاش ئەبوبەكر حەزیم تەپیران، هەمیشە ئەویان بەسەركەوتووترین نموونەێن پێشەنگی نووسەرانی رۆمانی دێهاتی لە توركیادا داناوە. ئەم نووسەرە خەڵكی نیقدەدە بوو، هەر بۆیەش لە نزیكەوە ئاگاداری كێشەو گرفتە ناوچەییەكانی ئەو دەڤەرە بووە. بویەرو رووداوانی چیرۆكەكە لە ئەستەموڵ و

گوندێکی ئەنادۆڵدا، لە ساڵانی ١٨٨٧- ١٨٩٦دا روو دەدەن‌و کورتەی نێوەڕۆک‌و بابەتەکەی بەمجۆرەیە: حەلیمە کە وەکو دایەن‌و دایکی شیری بۆ ماڵی پاشایەکیان هێناوە لە ئەستەموڵ، کوڕێکی هەیە بە نێوی ساڵح کە لە هەمان ماڵدا دەژی. پاشا ساڵحی خۆش دەوێ‌و رموودەی دەبێ‌و ناوی پاشای بچووکی لێدەنێ. داک‌و بابی ساڵح بۆ گوندەکەی خۆیان دەزڤڕنەوە، لێ ساڵح وەکو کوڕی مەعنەوی پاشا لە هەمان شوێن دەمێنێتەوە. ئەم رۆژە خۆشانە زۆر ناخایەنێ. بابی ساڵح لەسەر بوختانێکی ناهەق دایکی تەڵاق دەدات‌و ژنێکی دیکە دێنێ. دایکیشی لە گوندێکی نزیکی گوندەکەی خۆیان شوو بە پیاوێکی تر دەکات. کە پاشا دەمرێت، ئیدی جی بە ساڵح لەق دەبێ‌و لە ماڵی بابە مەعنەوییەکەیدا جێی نامێنێ. پاشای بچووک بۆ گوندەکەی خۆیان دەگەڕێتەوە، ئیدی نەک هەر گیرۆدەی هەژاری‌و دەستکورتی دەبێت، بەڵکو روو بەرووی بوغزو ئازاری زڕدایکەکەشی دەبێتەوە. باوە پیارەکەشی قاییل نابێت کە دەگەڵ واندا بژی. بابەکەی خۆیشی لە نوێ بۆ خزمەتی سوپایی داوا دەکرێت‌و بۆ یەمەن دەڕوات. ئیدی ساڵح هێندەی دی سەرگەردان دەبێت‌و لە جاران پتر دەگەڵی خراپ دەبن. نەخۆش دەکەوێت. شەوێ کە کۆکەکەی زیاد بوو بوو، زڕدایکەکەی لە ماڵ وەدەری دەنێت. نازانێ کێوە بچێت. لە ئەستەمولیش نەعیمە خانم، هاوسەری پاشا، دوای مردنی شووەکەی خۆی، شوو بە پیاوێکی گەنج دەکاتەوە‌و یەکەم منداڵی لەبار دەچێت. کە بە منداڵی دووەم سکی دەبێ، شەوێک ساڵح لە خەویا دەبینێ کە لە مەیدانی سەرەکی گوندا گیرۆدەی کۆمەڵێک حەیواناتی دڕندە بووە. یەکسەر داوا دەکات پاشای بچووک بۆ ئەستەموڵ بێنن. بەڵام بەر لەوەی خەبەر بە گوند بگات، نەعیمە تەندروستی تێکدەچێت‌و منداڵی دووەمیشی لەبار دەچێ. نەعیمە خانم تووشی حاڵەتێکی دەروونی دژوار دەبێت. هەر لەو ماوەیەدا، بروسکەیەکی پێدەگات‌و ئاگادار دەبێتەوە کە سێ رۆژ لەوە پێش، لە مەیدانی گوندا، گورگ کوڕەکەیان، پاشای بچووکیان خواردووە. ڕۆمانی پاشای بچووک لە دە فەسڵ پێکهاتووە. ئەم دەقەی خواردەوە فەسڵی یەکەم‌و دووەمیەتی:

**گوندێک لە دۆڵی ئەنادۆڵ...**

یەکێک بوو لەو گوندانەی کە تا ساڵ‌و نیوێک لەوەپێش هەر کاتێ دەوڵەتی ستەمکاری بکەوتبایە بیری سەربازگیری‌و باجگیری یەکسەر ئەو گوندەی وەبیر دەهاتەوە.

ئەو کەسانەی کە ئاگایان لە بارودۆخی ئەنادۆڵ نییە‌و لە هەراو هەنگامەو ژاوە ژاوی گەورە شاران بێزارو بێتاقەت بوون، بەغیلی بە ژیان‌و گوزەرانی بەڕواڵەت ئارام‌و ئاسوودەی خەڵکی ئەم گوندە دەبەن. لە کاتێکا هەرکەسێکی خەڵکی ئەم گوندە بگری لەو پەڕی هەژاری‌و دەستکورتیدا دەژی،‌و ئەم گوندە مەگەر تەنیا لەو رووەوە مایەی دڵخۆشییان بێت کە ببێ بە بابەتی شیعری شاعیرێک یان تابلۆی هونەرمەندێکی شێوەکارو نیگارکێش.

چوار دەوری ئەم گوندە شاخی بەرزو نزمی بە زۆری رووتەنە. کەوتووەتە دەشتێکی تەختانییەوە، وا بەناوبانگە کە خاکەکەی بەپیت وبڕشتە، ئەم سەرو ئەوسەری ئاقاری گوندی

دوو سەعاتە ڕێیەك دەبێت، دەشتێك كە وەكو تەلی پێچ خواردووی كەمانجەیەك تا دوو زنجیرە چیا لە باكوری ڕۆژئاواوە درێژ دەبێتەوە.

لە بنارێن ئەم دوو زنجیرە چیایەدا كە یەك دانە سەعات شان بەشانی یەكدی دەڕۆن، لەم دیوو لەو دیوی ئەو تاوێرانەوە كە هیچ كەسێك بیری لێناكاتەوەو باوەڕناكات، ئاوێكی زولاڵو خۆش دێتە دەرێو بەرە بەرە زیادو زیادتر دەبێت،و سەر بە كەڤرو تاوێراندا دەكێشێتو دەبێت بە روبارێكی بەهارەو هاژەو كەفچڕێن. ئاوەكە لە شوێنە نشێوو چاڵو سەوزەزارەكاندا خاو دەبێتەوەو ڕەنگدانەوەی هەورە جوانەكان دەگرێتە باوەش،و لە تۆ وایە پارچەیەك لە ئاسمان كەوتووەتە سەر زەوی، وەك بڵێی لە نێروی ژیانبەخشی خۆی ئاگادار بێت، بەپێچو دەورەو بە كەشو فشو لە خۆبایی بوونەوە سڵاو لە هەردوو ڕەخی خۆی دەكات. هەندێجار بە ڕازو نیازی بلورینو هەندێجار بەشڵپو هوڕی شەپۆلو پێلانو پاش قەدەرێ ڕۆییشتن لەسەر تاوێرێكی بڵندەوە لە شێوەی قەڵبەزەو تاڤگەیەكی روون وەكو ئاوێنە دادەرێژێ. ئێرە بە یەكێك لە دیمەنە جوانەكانی دەوروبەری گوند دەژمێردرێ.

لەسەر خاكە سووركەكەی بناری كێوێكی دەستە چەپی روبارەكەدا، كە بەرە بەرە بەرزتر دەبێتەوە، كۆمەڵە تاوێرێكی گەورە دەبینرێ كە هەندێكیان زۆر لە مێژە بەرەو گوندەكە خل بوونە تەوەو مەگەر هەر خوا بزانێ ئەم تاوێرانە بە چ گرمو هۆڕو ڕمبە ڕمبێكی ترسناكەوە خل بووبنەوە، تاوێرانێك كە بۆ خستنو پان كردنەوەو لە نێو بردنی ئادەمیانو ئاژەڵان چاوەڕوانی بارانێكی توند یان سووكە بومەلەرزەیەك بوون. خەڵكی گوند ماڵەكانیان لە پەنای ئەم تاوێرانەدا دروستكردووە. بە ئاسانی پەی بەوە نەدەبرا كە چ مەترسییەك لەڕێی خەڵكی گوندایە. خانووە فەقیرانەكانی ئەم گوندە كە هەر چل خانوویەك دەبوو، نە بە كەڵكی ژیان دەهاتنو نە تەنانەت بۆ گۆڕستانی مردوانیش دەشیان. كە ئەو خەڵكە دەبینی لەم كوختانەدا درێژە بە ژیانو تەمەنی پڕ عەزابی خۆ دەدەن، یەكسەر بۆت دەردەكەوێ كە لە ترسی سەرمای دوورو درێژو كوشندەی زستانەكە پەنایان وەژێر ئەم هەڵدێرە ترسناكە بردووە.

بە شوێن پێی خاوسی مرۆڤاندا كە زستانان لەسەر بەفری بەرماڵەكانو هاوینان لەسەر سیانو گوڤەكاندا بەدی دەكرێ، بۆت دەردەكەوێ كە ئێرە پەناگای كۆمەڵە مرۆڤێكە. باج سەندن لە ماڵانێك كە بە بەردو گڵو هەژگان دروست كراوە، دیتنی ئەو جۆرە دیمەنانەو هەنگاونەنان بۆ چاككردنی، تاوانێكە مێژوو لێی خۆش نابێ ئەگەر سەد ساڵیشی بەسەردا تێپەڕێت.

لێرەدا خەڵكانێكیش هەن كە تاوێرێن گەورە هەرەس دێننو خل دەبنەوە، زەحمەتی ئەوە وەبەرخۆ نادەن كە بیان شكێننو دیواریان پێ دروست بكەن، ئیدی دێن ئەم لاو ئەو لاو پێشەكەی دەكەن بە دیوارو سەرەكەی دەگرنو خانوو هەی خانوو! جا ئەو خانووانەی بەمجۆرە دروست دەكرێن مكومترنو خەڵكەكە بێ خەمتر لەم جۆرە خانووانەدا دەژین. كە خەڵكی ئەم گوندە لە دۆڵی ئەنادۆڵدا شوێنێكی لە باریان نەدۆزیوەتەوەو لە بناری ئەم هەڵدێرە ترسناكەدا گیرساونەتەوەو ئاكنجی بوون، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە كە ئەو خەڵكە زۆر زوو

دەگەڵ هەر ڕەوش و بارودۆخێکدا ڕادێن و تەنانەت دکارن دەگەڵ ترسناکترین مەترسی و هەڕەشەدا برایانەو پێکڤە بژین.

رۆژ، رۆژێکی ئاخرو ئۆخری شوباتی ١٨٩٦بوو. زستانێکی زۆر سەخت بوو. لێ ئەو رۆژە تەبیعەت لوتف و کەرەمێکی ریزپەڕی کردبوو، و کەش و هەوا بۆ چەند سەعاتێك، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو خۆش بوو بووو هەتاو هەڵاتبوو. گشت ژنان و پیاوان و ئەو حەیواناتەی کە لە ناو ژووره تاریك و ئاغەڵەکاندا لەو زستانە دوورو درێژەدا بێتاقەت بوو بوون، هاتبوونە بەر دەرگا. هەورێن سپی بەسەر لوتکەی کێوە سپی پۆشەکانی ئەم لاو ئەو لاو بەرانبەریانەوە لەنگەری گرتبوو. چەند دار سەروویەکی کێوی و چەند دار بەڕوویەك بە شێوەیەکی موجیزە ئاسا لە نێو کێوە رووتەن و ساف و لووسەکاندا رووا بوون و چونکە شوێنەکەیان سەخت و ئاسێ بوو، بۆ خۆ لە شەڕی تەوری بەشەران خەلەسی بوون. کە سەیری ئەم چەند درەختەت دەکرد لە تۆ وایە تۆڕێکی سپیان بەسەرا درابوو، ئەو توێژاڵە تەنکە شەختەیەی کە بەسەر زەوی و گۆڤەکەکانەوە بەستبووی هێدی هێدی لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەتوایەوەو جێ پێی حەیواناتی سەر شەختەکە دەسڕدرایەوە. بەفری سەربانەکانیان ماڵی بوو و بەملاو بەولادا فڕێیان دابووە خوارەوە. تەم و بوخارێك لەسەر بانە ماڵراوو تەڕەکان و مەیدانەکەی بەرانبەر مزگەوتەکەوە هەڵدەستاو بۆنی بەهاری بڵاودەکردەوە.

گشت مریشك و قاز و سۆنەکانی گوندو، چۆلەکەش لەگەڵیاندا، لێرەو لەوێ، لەسەر شوێنە تارادەیەك نەرم و گەرمەکانی ئەو پەین و سەرانگوێلکانەی کە شەختەکانیان توابووەوە خڕ بووبوونەوەو بە دەم چینەوە دەچوونە سەرو کۆڵی یەکتر. لە تۆ وایە پەلەیانە بە گوێرەی توانا سوود لەو زیافەتە یەك دوو سەعاتییەی سروشت ببینن، دوو گامێش کە کۆڵکەکەیان وەری بوو و هەندێ شوێنی پێستەکەیان وەکو چەرمی چەور دەبریسکایەوە، لەبەر هەتاوەکەدا پاڵکەوتبوون و گەوجانەو، لەوە ناچوو بیر لە هیچ شتێك بکەنەوە، دیان روانییە دەوروبەر. مانگا و گاجووتێن یەختە لە دەوروبەری کانییەکەدا، کوڵکەکانی ژێر سکیان، کە دیار بوو بە هۆی ئەوەی کە لە عاردی و بەسەریا خەوتبوون، پیس بوو بوو وچوو بوون بە یەکا، دەلستەوە تا پاکی بکەنەوەو رێکی بخەنەوە. گوێرەکەێن زێڕین کە قورئان گوتەنی بینەریان دێنایە سەر زەوق، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە لە نەسلی چێڵانن، بەدەم کلك بەرزکردنەوەوە غاریان دەدا. گوێدرێژێن لەڕی شینکی. رەش و کەوەیی، بە گوێچکانی شۆڕەوە کلکیان با دەداو، دەم و قەپۆزیان بەرز دەکردەوەو بۆنی پەین و زبڵی بەستوویان دەکرد. ژنان بەسەر پۆش و روو بەندێن نارنجی و سوورو رەش، لەبەر ماڵەکانیان دانیشتبوون و بە بەنی وەنەوشەیی، شینی ئاسمانی و رەش، لە حاڵێکا کە جگە لە چاوو کەپوویان هیچ شوێنێکی تریان بە دەرەوە نەبوو، یان گۆرەوی خورییان دەچنی یان بە تەشی و شتی دی خورییان دەڕست. کە بەلایاندا رەت دەبوویت بۆنی ماسی برژاو، رەشە رێحانە،و کل و سورمەو هەندێجار بۆن و عەتری دیکەت بەسەردا دەهات. منداڵانی شڕ پۆش، ورگن و رەنگ و روو سیسەڵەو چرچەڵە خەریکی گەمەو ماڵەباجێنە بوون، چەند

گەنجێکیش بە دوو دەستی کەڤری یەك هۆقەیی یان دوو هۆقەییان هەڵدەداو پێشبڕکێ هێزو قوەتیان دەکرد یان بۆ خۆ پیاسەیان دەکرد.

دەوروبەری مزگەوتەکە ، یان بە وتەیەکی دی ئەو شوێنەی کە گوندییەکان هاوینان تیایدا دەنووستن یان بە کۆمەڵ لەوێ دەکەوتنە قسەو باسان، بە چەند تاوێرە بەردێك دەورە دراوەو لە حەوشەکەیدا چەن سپیدارو دار بییەکیان رواندووە. لە پاڵ بەردی میحرابەکەدا دوو پیاو خەریکی گفتوگۆ بوون، هەمیشە کاتێ چەند مرۆڤێك یان چەند حەیوانێك لە شوێنێك خڕدەبنەوە، خێرا سەگو کسۆکانی برسیو رەنگاو رەنگ بە کلكو گوێی بڕاوەوە یان هەر بە کلکی کراوەوە دێنە پێشێو دەکەونە ملۆو موش. کابرایەکیش هەبوو کە حەزی نەدەکرد تێکەڵی ئەو جۆرە مەجلیسو کۆڕانە ببێت. سەرو سیمایەکی سەیری هەبوو، جلەکانی ژێرەوەو سەرەوەی لێکدی جیاواز بوو، کە سەیرت دەکرد نەتدەزانی منداڵە یان کورتە باڵایەکی بەتەمەن، کیژە یان کوڕ؟ چاکەتێکی کۆنی لەبەر بوو، قۆڵێکی بە نەوارو نیشاناتی جوان رازا بووەوە، وات مەزەندە دەکرد لەوەیە ئەم چاکەتە کاتی خۆی هی جەنەڕاڵێك بووبێ. خۆ ئەگەر مەزەندەی ئەوەت کردبا کە ئەمە بابایەکی سوپایی خانەنشین یان ئەفسەرێکی دوور خراوەیە، نەدەچووە ئەقڵەوە کە ئەم گووراوە بەلەنگازە بەم جەستە بچووکەوە کە هەر بە ئەندازەی منداڵێکی حەوت هەشت ساڵان دەبوو و، بەم هەنگاوە چکۆلانانەوە توانیبێتی بگاتە پلەی ئەفسەری. چاکەتەکەی رێك پڕ بە بەری بوو، نە تەسك بوو نە دەڵب، ئەمەش ئەو ئەگەرەی پشتەو شار دەکردەوە کە چاکەتی بابایەکی سوپایی بێتو بۆیان بچووك کردبێتەوە. دشیا بگوترێ ئەم چاکەتە کە هەندێ لە دوگمە زەردەکانی یەخەکەیان لێکردبووەوە، تەمەنی ئازیزی لەبەری منداڵێکی چکۆلەی پیاوێکی گەورەی پایەدارا بەسەر بردووەو نها تەمەنی ئەبەدی خۆی لەبەری منداڵێکی دێهاتیدا بە کۆتا دێنێ. لێ ئەم مەتەڵە بەم بارەشدا هەڵنەدەهات.

لە ژێر چاکەتەکەوە، کراسێکی کەتانی لەبەر کردبوو، تەختەکەی سەوزێکی تۆخ بوو، گوڵێکی وەنەشەیی بە سەرەوە بوو کە ئەم لاو ئەولاکەی بە ڕەنگی زەرد پڕ کرابووەوەو بە زنجیرێك بە پانتۆڵە کورتەکەیەوە دەبەسترا. شاشکێکی پینە پیناوی لە هەمان قوماشی لەسەری خۆی بەستبوو، ئیدی پیاو نەیدەزانی کیژە یان کوڕ. جووتێ پۆتینی کۆنی لە پێدا بوو کە دیار بوو لەبەر ئەستووری گۆرەوییە پینەپیناویەکانی، پشت پێیەکەیان بڕی بوو، وەکو نەعلیان لێکردبوو. تەنانەت ئەگەر لە نزیکیشەوە سەیری ئەم دێهاتییە چکۆلەیەت کردبا کە لە ژێر جلەکانەوە دەستێکی لەسەر سکی دانا بوو، نەتدەتوانی بزانی کیژە یان کوڕ.

بە قژەکەیدا، کە تا بنا گوێی هاتبوو، و سەری داوەکانی لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکایەوەو، رەنگو شێوەی پانتۆڵەکەی کە دەرلینگەکانی وەکو دەمی تورەکە هاتبوونەوە یەك، لە کچ دەچوو، بەڵام بە چاکەتەکەی بەریدا لە کوڕ دەچوو. جگە لە ئێلەکێکی خوری سوور کە لە ژێر چاکەتەکەوە لەبەری کردبوو و قۆپچەی بچووکی زەردی پێوە بوو، ئیدی نە لە روو و سیمایداو نە لە جلەکانیا هیچ رەنگێکی گەشو زندوو نەدەبینرا. ژێر چاوە شینەکانی شین بوو بوونەوە. هەردوو لا ڕوومەتی زەرد هەڵگەڕا بوونو لە بەهێیەك دەچوون دەستی بە سیس بوون

کردبێت. سەری کەپووە چکۆلەکەی سوور بوو. جێ دومەڵێکی شینو مۆر بە چەناگەیەوە بوو، لە ناوی سووری بڵبووی پرتەقاڵێك دەچوو. یەکێك لەو دوو نەفەرەی کە لە پاڵ تاوێری میحرابی مزگەوتەکەدا گفتوگۆیان دەکرد، لە سوارانی نەزمییە بوو. پتر لە نیوەی قەیتانەکانی سەرشانی ریشاڵ ریشاڵ بوو بوو، سدارە سوورەکەی بە چرچو لۆچی تا ناوەڕاستی گوێچکەی داپۆشی بوو. پانتۆڵەکەی لە پشتێنەیەوە تاسەر ئەژنۆی یەکپارچە پینە بوو کە بە دەزووی سپی پێوەی دوورا بوو و دیار بوو کە زۆر جار پینەکراوەتەوە، بە چەکمەکانیا کە زۆر سەیر بوونو بە جلوبەرگە خورییە شینکییەکەیدا کە بەتەواوەتی کاڵ بوو بووەوەو تەنیا لە دواوە تۆزێ رەنگی پێوە مابوو و بە چاکەتەکەیداو بە تفەنگە قۆناغ خڕەکەیدا کە بەتاوێری میحرابەکەیدا هەڵپەسارد بوو، دیار بوو کە بنیادەمێکی فەقیرو زەبوون نییە.

سمێڵ ئەستوورێکی سمێڵ درێژ بوو، نووکی سمێڵی لە پشتی سەریشیەوە دیار بوو. شەکەتو ماندوو دەهاتە بەرچاو، هەرچەندە رەنگو رووی گەش بوو بەڵام تەمەنی هەبوو. دوو رۆژێك بوو، کە لە ناوەندی شارۆچکەوە کە، پێنج شەش سەعاتە رێیەك دوور بوو، کەوتبووە رێی وئەمڕۆکە بەیانی گەیی بووە ئێرەو بە تەما بوو شەویش لێرە وەمێنێ. لە ساڵێکدا ئەوپەڕی حەوت یان بە دەگمەن هەشت مانگێك مووچەی مانگانەی وەردەگرتو ئەم مووچەیە بەشی ژیانو بژێوی ژنو منداڵەکانی نەدەکرد. بۆیە هەر ماوە نا ماوەیەك دەچوو بۆ گوندە نزیکەکان تا بە وەرگرتنی خواردنو ئالیکی خۆڕایی لە گوندییان، بەلای کەمەوە ئەسپەکەی لە برسیەتی رزگار بکات. نەزمیە، لە هەر شوێنێکی ئەم دەڤەرە کاوجۆ هەرزانتر بوایە، مەفرەزەکانی بۆ ئەو شوێنانە دەنارد، ئیدی ئەسپی مامورانی نەزمیەش تێر بە سکی خۆ دەلەوەڕان. بۆیە باشتر وابوو بێ ئەوەی ئەسپەکان ماندووبکەن، بۆ لەوەڕ لابدەنە گوندەکانی دەوروبەرو ئەو مامورانەش کە حەزیان دەکرد شەوێك لە یەکێك لەو گوندانە لا بدەن، دەیانتوانی بە ئاواتی خۆ بگەن.

سوارەی پیر، هەر ماوە نا ماوەیەك کە ئەفسەرێکی زەفتیە (پۆلیسی ناو شار) لە مەرکەزی گوردانەوە بۆ ئێرە دەهات، ناچار بوو رەفتارێکی گەنجانەو گونجاو دەگەڵ رەنگی سمێڵی دا، بکات. چونکە ماوەیەك ئەوەیان دواخستبوو کە هەر میواندارى میوانانی ریشنو پۆڕ چەرموو دەکات. لەوە دەچوو زەفتیەی بەلەنگاز، لەبەر پیری، لەبەرکردنی یونیفۆرمی گوردانی مەرکەزیو هەڵگرتنی شمشێری نیزامی لەلا قورس بوو بێت، بۆیە بە خۆی داوای عینوانی غەیرەنیزامی "پاشای سەعادەتمەند"ی کردبووو بەو ئاواتەی گەییشتبوو. نها ئیدی جلکی ئاسایی لەبەر دەکردو باری سووك بوو بوو. ئیدی گرینگ نەبوو ڕەنگی ئاسایی سمێڵی بزانن. سمێڵی لەسەرەوە ڕەشو لە ژێرەوە سپی بوو. و ڕدێنیشی بەرە بەرە زۆرتر دەبوو.پیاوەکەی دیکەی لای زەفتیەکەوە، کوێخای گوندەکە بوو، چونکە شانازی ئەوەی پێ بڕا بوو کە بەو گەرمو گوڕیە قسەی دەگەڵ بکات، زۆر شادو خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو.

کڵاوێکی لبادی لەسەر بوو. شاشکێکی شینباوی لە دەوری کڵاوەکە پێچابوو. لبادەکە گوێچەکەکانی داپۆشی بوو. بە جۆرێ بەر سمێڵی کردبوو کە لێوی سەرییەوە بە ئاسانی دەبینرا. سمێڵی بەم لاو بەو لای دەمیا شۆڕ بوو بووەوەو بەلوولی لەسەر ڕدێنی مت بوو بوو.

چاوەکانی بچووك بوون، لووتی لە نێو ڕدێنەکەیدا سووری دەنواند، ڕەنگی چاوەکانی لە ژێر داوی ماشو برنجی برۆکانیەوە نەدەبینرا. بەڵام وەکو سەرچاوەیەك لە نێو گیای وشکا بێ، هەر کە روناکییەکیان بەردەکەوت دەردرەوشانەوە. جلە رەنگاو رەنگەکانی کە خەتێکی باریکی وەنەوشەییان تێدا بوو، دەگەڵ ڕدێنە چەرمووەکەیدا زۆر دەگونجا. ئێلەکێکی یەخە کراوەی شینباوی کاڵەوەبووی بەسەر جلەکانیا لەبەر کردبوو، فیشەکدانێکی چەرمی لە پشت بەستبوو، پانتوڵێکی دەڵبی رەشی لەبەردا بوو کە گۆرەویە سپیو قۆنەرە سوورەکانی دادەپۆشی، هەر هەموو ئەم دیمەنانە جوانییەکەی ڕدێنیان دەشاردەوەو سیمایەکی کۆمیدی پێدەبەخشی. کوێخا، جگە لە چەقۆیەکی دەسك سەدەفی، کە بە قەیتانێکی ڕەش بە کێلانەکەیەوە بەستبوو، هیچ چەکێکی تری پێ نەبوو، هەرچی پێویستییەکی تریشی هەبوو، وەکو دار جگەرە، قوتووی توتن، بەردەستێوچەخماخ، لە کیسەیەکی نابوون. کیفی پارەکانیشی خستبووە تویێ کڵاوەکەیەوە کە قەیتانێکی رەشی پێوە بووو لە ژێرییەوە کڵاوێکی بچووکی دیکەشی تیابوو. تەنەنات ئەسکە ناسەکانیشی، کە لە پارەوە هەڵی گرتبوونو، بە تایبەتی ئەسکە ناسێکی پێنج لیرەیی شینباو کە ڕەنگەکەی چوو بووەوەو بوو بوو بە کاغەزێکی مەیلەو چەوری قەڵبو بێ بایەخ، لەوێندەر دادەنا. ئەگەر کەسێك بیگوتایە ئەم پارانە ئیتر بەسەر چوونو جارێکی تر ناچن، بەرسڤی دەدایەوە: "گوێ مەدەیە رۆژیان دێتەوە".

کوێخا کڵاوە یەك لە ناو یەکەکانی داکەندنو لەسەر ئەژنۆی دانان. پڕ بەزار پێکەنیو دەستی بەخوڕاندنی سەری کرد. زەفتێیەکەش سەیری ئەسپەکەی دەکرد کە یەکێك لە منداڵانی گوند تاوی دەداو ئارەقەی پێ کردبووەوە. لە کاتێکا بە لێوە قڵیشاوەکانی پەڕە سیغارەکەی تەڕ دەکرد، چاوی بەو گووراوە بەلەنگازە کەوت کە چاکەتێکی سوپاییو جلێکی سەیری لەبەر بووو بەلایاندا تێدەپەڕی. لەم کاتەدا کوێخا لە پێکەنین کەوتبوو، سیمای مایەی بەزەیی بوو. زەفتێیەکە پرسی:

– ئەرێ ئەمە هەمان منداڵ نییە کە پێرار لە ئەستەموڵەوە هات؟

– بەڵێ، خۆیەتی، کوڕی عەلییە لە تایفەی کلشییەکانە..

– کە تازە لە ئەستەموڵەوە هاتبوو، دیتبووم. لە موتەسەڕیف پاشای ئێمە ڕێكو پێکتر بوو. باشە بۆ وای لێهاتووە؟ بەجۆرێ تولەك بووە، بووە بە بێچوە کوند.... رۆژگارێکی سەیرە، عەجایەب...

– وایە. ئەقڵی لە دەست داوە، خەتای خەڵکەکەشی تیایە. گەمە دەگەڵ کەس ناکات، پێناکەنێ، هەمیشە بە تەنیایە، خۆی دەدوێنێ یان وەکو جوجکە مریشکێك کە کۆلارە بەسەر سەریەوە بسوڕێتەوە، لە کەنارێکەوە بێ جوڵە ڕەق ڕادەوەستێ. کەس نازانێ چی دەخواتو چی دەخواتەوە، هەڵبەتە هیچیشی نییە بیخوات... وەکو گوڵە بەرۆژەی لێهاتووە رۆژ بەرۆژ زەردتر دەبێت. لەوە دەچێت تووشی بەدخۆراکی بووبێ... تۆ تەمەشای دەموچاوی لە گەڵا چەوەندەرێك دەچێت کە سەرما بردبێتی. تۆ تەمەشا چ چارەو روخسارێکی ڕەنگاو رەنگی... هەندێ شەو لە کوچەو کۆڵانەکانی گوندا دەسوڕێتەوە. وەکو جنۆکە بەلای بەشەردا تێدەپەڕێ.. زۆر خراپیش دەکۆکێ.

بەپێی گفتوگۆی نێوان ئەو جووتە، ئەم گووراوە بەد بەختە بە پێچەوانەی جلو بەرگە ڕەنگاو ڕەنگەکەیەوە کیژ نەبوو،و بە پێچەوانەی ئەو چاکەتە کۆنەی کە لەبەریدا بوو بنیادەمێکی شەمووڵەو کورتە باڵا نەبوو، بەڵکو تەمەنی بچووك بوو. بنیادەمێك بوو کە نەك هەر لە خەڵکی ئەم گوندە بەڵکو لە هەموو دنیا نامۆو لە خۆیشی بێزار بوو.

هەندێجار، بە جۆرێ لە شتەکانی دەورو بەری دەڕوانیو ورد دەبووەوە کە بە تەواوەتی ئاگای لە خۆ دەبڕاو، پاش ماوەیەك بەدەم هاوارێکی ترسناکەوە، کە هەترەشی گوێگری دەبرد، وەکو دڕندەیەکی پێکراو لە جێی خۆی ڕادەپەڕی، قژی خۆی دەڕنی، بە ددان بەردەبووە جلەکانی، قۆڵەکانی دەجوو، گازی لە دەستو قامکێن خۆ دەگرتو خڵتانی خوێنی دەکردن.

هەندێجار کە شێتایەتییەکە بە شێوەیەکی کاتی بەریدەداو هێور دەبووەوە.. هەر هاواری پاشای بچووکی بوو. سەرینەکانی لە باوەش دەگرت. لێفەکەی قەد دەکرد، بەدەم نەوازشتو ماچکردنییەوە، دەیگوت: "ساڵح، بچکۆلە ئازیزو خۆشەویستەکە."

***

عەسری ڕۆژی سێیەم نەعیمە دەیویست پەلاماری ئەو ژنانەی دەوروبەری بدات، تەنانەت پەلاماری ئەلکساندرینیش کە زۆری خۆش دەویست بدات. دکتۆر، ئاغای زەریفی ئاگادار کردەوە کە کاتی ئەوە هاتووە کە جلی نەخۆشانی دەروونی لەبەربکەن، لەم کاتەدا دایەنی میهرەبان بە دەستە ڕەشەکەی خۆی کە نێو لەپی لە خەنە گرتبوو بروسکەکە کە لەسەر کاغەزێکی سووربەو نووسرا بوو دەداتە دەست ئاغای زەریف. دیار بوو کە هەواڵێکی بە پەلەی ناخۆشی تیایە.

دەقی بروسکەکە کە ئیمزاو ناوی بەهجەتی پێوە بوو بەمجۆرە بوو:

"بۆ ئاگاداری، سێ ڕۆژ لەمە پێش، شەوێ گورگ پەلاماری منداڵێکیان داوە بەم نیشانانە،و خواردوویانە."

ئەم هەواڵە دڵتەزێنە ، کە بە بروسکە پێیان گەیی بوو، هەر هەموویانی تووشی شۆك کرد.

کاتێ ئاغای زەریف دەقی بروسکەکەی دەخوێندەوە، دایەنەکە لە بن لێوانەوە گوتی:

– لە ماڵێکا دەژین کە عەدالەت زۆر زوو حوکمی خۆی ئەنجام دا. لە خەونو خەیاڵێکدا دەژین کە دەبێ زۆر بە جدی بخرێتە سەر کتێبی "ئیجونو"ی نووسینی کامل فلاماریون.

پێشکارە لاوەکە گوتی:

"هیچ فەرقێك ناکات خانمو منداڵێکی دێهاتی هەردووکیان هەر بەندەی خوانو تەنیا خۆی دەزانێ کە بایەخی کامیان زیاترە". دەستی بەگریان کرد.

پاشای بچووکی بەلەنگاز وەکو نەیتوانی لە کۆشکەکەی سوعاد پاشادا شوێنێکی بە ئەندازەی کولانە سەگێکی هەبێت، لە گۆڕستانی گوندەکەشدا دوو بستە خاکی پێنەبڕا.

ڕۆمانی (پاشای بچووك)ی ئەبوبەکر حەزیم، بە گوێرەی بۆچوونی ئەمڕۆی ئێمە دەربارەی ڕۆمان ،نموونەیەکی جوانو سەرنجڕاکێشی ئەدەبیاتی ریالیستییە.

رۆمانی پاشای بچووك لە ئەدەبیاتی تورکیدا بۆ یەکەمجار مەسەلەو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خستووەتە روو و دیدگای راستەقینەی رۆماننوسیی دارشتووە. هەبوونی رۆماننووسێکی پێشکەوتووخواز لە نێوان وەچەکانی رابردوودا بایەخێکی تایبەتی بۆ ئێمە هەیە: فاخیر ئونگر. رۆمانی (پاشانی بچووك)ی ئەبوبەکر حەزیم، یەکێکە لە رۆمانە دەوڵەمەندو خەمناکەکانی ئەنادۆڵو رەنگدانەوەی باری دەروونی نووسەرە. چونکە بە خۆی خەڵکی نیقددەی ناوەندی ئەنادۆڵ بووە، بۆیە شارەزاییەکی باشی لە ئەنادۆڵ هەبووە، گفتوگۆ دەگەڵ گوندییانی ئەنادۆڵ داو بە شێوازی خۆیان بۆ یەکەمجار لەم رۆمانەدا دەبینین، هەڵبژاردنی تیمەی رۆمانەکەش بەجێو پەسندو سەرکەوتووە: ئیسماعیل حەبیب سووك. پاشای بچووك، رۆمانێکە کە بە باشترین شێوازی رۆژگاری خۆی نووسراوە، هەرچەندە شێوازی نووسینی ئەم رۆمانە هی سەروبەندو قۆناغێکی تایبەتییە، بەڵام بۆ رۆژگاری ئەمرۆش گفتوگۆو گەنگەشە هەڵدەگرێت. خوێنەر یەکسەر لە رێگەی بابەتەکەوە پەی بە دەوڵەمەندی نێوەرۆکەکەی دەبات: سەدری ئارتم. تایبەتمەندی پاشای بچووك تەنیا ئەمە نییە کە بۆ یەکەمجار مامەڵە دەگەڵ مەسەلەی ئاریشەو گرفتی ژنانی ئەنادۆڵ یان دێهاتیانی ئەم دەڤەرەدا دەکات، بەڵکو ئەم رۆمانە لە مەیدانی پێشکەوتنی رۆماننووسیی گوندیدا بە قۆناغێکی تەواو دێتە ژماردن. مەسەلەو ئاریشەێن دێهاتیانی ئەنادۆڵ تا ئەمرۆش بەردەوامە. لە فەسڵی کۆتایی ئەم رۆمانەدا کە گوندێکی هەژارنشینی ناوەندی ئەنادۆڵ وێنە دەگرێتو بەرجەستە دەکات، نەعیمە کاتێ کە هێشتا دەتوانێ قسە بکات دەڵێت: "گیانەکەم تا زووە بروسکەیەك بۆ گوندی ڤڕێ بکە تا بە زووترین کات ساڵح بۆ ئێرە بێنن." لەکاتێکا کە بەردەوام بیر لەو دەکاتەوە، بە دەم ورێنەوە دەڵێتو دەڵێتەوە: "ساڵح، پاشای بچووك، وەرە، زوو وەرە، ئەی منداڵە جوانەکەی کە وەکو منو پاشای رەحمەتیت، وەرە، وەرە". ئەبوبەکر حەزیم تەپیران، پاش دەرچوونی حوکمی ئیعدامی، لەلایەن دیوانی جەنگەوە حوکمەکەی بۆ دەکرێت بە حەپسی ئەبەدی. لە بن دێڕی کتێبی ((حوکمێکی زاڵمانەی ئیعدام))دا هەندێ لە دیتنو بیرەوەرییە تاڵەکانی خۆی دەخوێنینەوە: "باشترین خەو ئەمەیە کە بتوانی بخەوی. ئەگەر توانایی خەوتنت هەبێ ئیدی فەرق ناکات لە کۆشكو تەلاردا بیت یان لە زیندانێکی وەکو ئەمەدا بی کە منی تیام. وەکو چۆن دەشێت لە کۆشکێکی بەشکۆدا خەون بدینیو لەو خەونەدا لە زنداندا بژیت، بەو ئاوایەش دەشێت لە زیندانێکی گۆڕستان ئاسادا خەون بدینیو لەو خەونەدا لە کۆشکێکی بەهەشت ئاسادا بژیت... یەکێك لەو پرسیارانەی کە لە کتێبی دوعای سوڵتاندا نووسرا بوو ئەمە بوو کە چۆن دەتوانی ئینسانێکی باش بیت.؟و وەڵامەکەی ئەمە بوو کە ئینسانی باش کەسێکە دادپەروەر، حەلیم، دڵاوا، پاك، ساغو سەر ڕاست، بە هەڵوێست، بەردەبارو بەسەبرو دلۆڤان بێت". ئەبوبەکر حەزیم، رۆماننووسێکی خۆسازو خۆڕسکە. خەڵکی ئەنادۆڵ لە نزیکەوە دەناسێت. دیدو بۆچوونێکی واقیعیانەی لەمەڕ ژیان هەیە. لە ریزی پێشەوەی ئەو رۆشنبیرو هونەرمەندانەیە کە گوندو گوندیانی تورکیای ناسیوەو واقیعی گوندی لە قاڵبی رۆماندا بەرجەستە کردووە. تەپیران، ناوی فامیلو شۆرەتی وی، لە نێوی زاگەکەیەوە "تەپە ورن"ەوە وەرگیراوە. تەپیران، بە هەوڵو

کۆششی خۆی، فێری فەرەنسی بوو، بەرادەیەك فێری ئەم زمانە بوو کە دەیتوانی شیعری پێ بنووسێت. بە بیانوو و تۆمەتی ئەوەی کە یارمەتی "هێزە نەتەوەییەکان"ی داوە دایانە "دیوانی جەنگی کوردستان"و دیوانی ناڤبریش، حوکمی ئیعدامی بۆ بڕییەوە.

## سافڤەتی زیا
## (١٨٧٥- ١٩٢٩)

***ئەحمەد حیکمەت ڕێنوێنی کردمو گوتی: "تۆ ماوەیەکی زۆر کاربەدەست و لە سالۆنیکا بوویت، ئەگەر کتێبێك دەربارەی ئەزموونێن نەتەوەیی، هەستو سۆزو بەسەرهاتە گەورەو بچووکەکانی خۆتو تەنانەت دەربارەی ئاواتو حەزە ناکامەکانی خۆتیش بنووسیت، شتێکی زۆر باشو بە سوود دەردەچێت. تا ئێستا هیچ کتێبێك لەمبارەیەوە نە نووسراوەو ئەم کارە، کاری تۆیە" . ئیدی ئەوە بوو بە هەوێنو ئامیانی ڕۆمانەکەم (لە گۆشەو کەناری سالۆنیکا).***

سافڤەتی زیا، کە لە ڕۆماننووسو چیرۆکنووسەکانی سەر بە بزوتنەوەی "سەروەتی فنون"ـە، لە ئەستەموول هاتووەتە دنیا. پاش تەواو کردنی ئامادەیی گالاتا سارایو تەواوکردنی خوێندنی پێویست، لە وەزارەتی دەرەوەدا دامەزراوەو وەزیفەێن وەکو سەرۆكو بەڕێوەبەری گشتی تەشریفاتی لە ئەستۆ گرتووە. لە ڕۆژی ١٩٢٩/٧/٢٣دا کە سەفیری تورکیا بوو لە پراگ، لە ئەستەموول کۆچی دوایی کرد.

سافڤەتی زیا، پاش ئەوەی لە ڕێگەی کورتە چیرۆکانەوە بوو بە ناوێك لە ناو نووسەران دا، لە ڕێگەی ڕۆمانی "لەگۆشەو کەناری سالۆنیکا" کە بریتییە لە سەرنجو دیتنەکانی خۆی، ناوبانگی پەیدا کرد.

بەرهەمە سەرەکیەکانی بریتیین لە: لە گۆشەو کەناری سالۆنیکا (ڕۆمان، ١٩١٠). نامەکانی خانم (کۆچیرۆك، ١٩١١). هارالامبوس تانکیا دیس (شانۆنامەیەکی سێ پەردەییە، ١٩١١). پەڕەی دڵ (کۆ چیرۆك، ١٩١٢). روحی ژن (کۆ چیرۆك، ١٩١٢). سیما پاکەوە بووەکان، سیما پرشنگدارەکان (کۆچیرۆك، ١٩٢٤).

### لە گۆشەو کەناری سالۆنیکا (١٩١٠):

ئەم ڕۆمانە لە قۆناغی ئەدەبیاتی مۆدێرندا، لە گۆڤاری "سەروەتی فنون"دا بە زنجیرە بڵاودەبووەوە،و بە نۆرە لەلایەن هەر یەکە لە فیکرەت، خالید زییا، جەناب شەهابەدینو محەمەد ڕەوفەوە سەرپەرشتیو هەڵەچنو دەسکاری دەکرا. هەندێجار بە ڕادەیەك دەسکاریان دەکردو چاکیان دەکردەوە وەك ئەوەی نووسینی خۆیان بێت....! بۆیە ڕۆژێ سافڤەتی زیا لە دانیشتنێکی ئەدەبیدا دەربارەی ڕۆمانی "لە گۆشەو کەناری سالۆنیکا" کە لە ڕاستیدا کارێکی هاوبەشی جماعەتی (سەروەتی فنون) بوو، بەکەشو فشەوە دەکەوێتە خۆ هەڵکێشانو من منو بەرهەمەکەی من شانی واو باڵی وا. فیکرەت کە لەوێندەر دەبێو، ئەو بە خۆ فشینەی سافڤەتی پێ قووت ناچێت، لێی دێتە دەنگو پێی دەڵێت: ***"بەرهەمی تۆ؟.... نا، نا، قسەی وا مەکە، ئەگەر بڵێی بەرهەمەکەی ئێمە ڕاستترە! هەقە بڵێی بەرهەمەکەی ئێمە نەك بەرهەمەکەی من!"*** ئەم ڕۆمانە لە ڕووی بابەتەوە لە ژێر باندۆرو کاریگەریی چیرۆکێن "بەهێز وەکو مەرگ"ی موپاسانو "باباگوریو"ی بالزاك دایە. بابەتەکە بریتییە لەوەی کە نووسەر لە ئاهەنگێکی بالیەی پڕاپلاسی

ئەستەمووڵدا ئاشنایەتی دەگەڵ شەکیب‌و لیدادا کە کیـژێکی ئینگلیـزە پەیدا دەکات. چیرۆکەکە بـە نـەفرەت‌و کـەرب‌و کینـەو گیـانی تۆڵـە ئەسـتێنی دەسـت پێـدەکات، بـە ئەشـق‌و مامەڵـەی سۆزدارییەوە بەردەوام دەبێت‌و ئەنجام بە گەڕانەوەی لیدا بۆ ئینگلیستان کۆتایی دێت. ئەمەش مشتێکە لە خەرواری ڕۆمانەکە:

لـە بەرانبـەر دەروازەی چوونە ژوورەوەی هۆڵەکەدا، کیژۆڵەیـەکی لێو بەخەندە چەپکە گوڵێکی دامێ‌و گوتی: "بۆ هەژاران". سینییەك لەسـەر مێزێکی چکۆلە دانرا بوو، بڕێ پارەی باشم تـێ خست. بزەیـەکم کردو گوتم: "گوڵم هەیە، ڕێم بدە با ئەم چەپکە گوڵە بۆ هـەژارەکانتان لێرەدا دابنەم...."و تێپەڕیم.

هـەردوو هۆڵـە گەورەکـەی پڕاپـالاس بـە پەچکە گوڵ‌و مـافورێن گرانبـەها ڕازا بـووەوە. دەنگـی ناسـکی ڤالس دەهاتـە گـوێ‌و کیـژێکی گـەنجی خشـکۆك‌و لـەبار بـە نێـو تـۆڕو حـەریران‌و بـۆن‌و بەرامانـدا دەسـوڕایەوە. بەرەو دەرگا چـووم، یـەکێکی لێبـوو کـە ئەنـدامی لیژنـەی بالیەکـە بـوو، دەمناسی داوای بلیتم کرد. پرسیم: "چ ئاهەنگانێك لێدراوە؟" گوتی: "دێر کـەوتووی گیانـە دوو ڤاڵسـت لـە دەسـت چـووە". ئەوسا بـە پێکـەنینێکی مانـادارەوە لەسـەری ڕۆیـی: "بـەڵام ئەگـەر گەرەکت بێت خۆشیان بوێی‌و دووت بکەون...." گوتم: "ئینسانێکی سـەیری!"و بە پێکەنینـەوە بەجێم هێشت.

یـەك دوو خانـەوادە کە دەمناسین، لەوسـەری هۆڵەکە لـە دەوری یـەك خڕ بوو بوونـەوەو لـە ژێر پانکەکاندا سەرگەرمی گفتوگۆ بوون، بە دەم ڕستەێن وەك "ببوورن"، "یارمـەتیم دەدەن؟"، "تکا دەکەم" سوڕامەوەو بەهەشتاو بەرەو ئەوسەر ڕۆییشتم. لە نێو ئـەو خانمە گەنج‌و مادموزێلانەی کـە دانەویمـەوە دەسـتم ماچـکردن‌و، تەوقـەم دەگـەڵ کـردن، دوو خـانمی دیکـە هـەبوون کـە نەمدەناسین. پاش ئەوەی لە بەردەم ئەواندا سەری ڕێزم دانەواند، چوومە پشت کورسییەکانەوەو ڕاوەستام.

ئەوانـەی کـە چـیرۆکان زۆر دەخوێننـەوەو لـە جیهـانی واقیعیشـدا هـەر عـەودالی بابـەتێن چـیرۆکڤانین، زۆر چاك دەتـوانن شـپرزەیی ئـەو دەمـەی مـن وێنـا بکـەن. بەوپـەڕی شـپرزەیی‌و حەپەساوی لەو دوو ژنە ڕاما بووم. ئەوەندە لێکدی دەچوون لە تۆ وایە دایك‌و کچ یان خوشکن، یەکسەر ئانی‌و ئانت، دۆکژن‌و کریمەی چیرۆکی (فورت کو مەلا مورت)ی موباسانم وەبیر هاتەوە. نەمدەتوانی چاویان لـێ بگوازمـەوە. خودایا چەند لێکدی دەچوون.... جۆری وەستانەکەیان، نیگاو ڕوانینیان، دەنگیان‌و سەرو سیمایان... یەکەمین بەرپەڕێن کتێبی (کارەساتی ڤیـانم) وەبیر هاتەوە کە چەندین جارم خوێندبووەوەو بەدیارییەوە گریا بووم. هەستم کرد چیرۆکی ناڤبری وەکوخۆی‌و دەقاو دەق لەبەر چاوم بەرجەستە بووەوە.

لە ناخا هەستم بە ترسێکی زۆر کرد... ترسێکی بێ ماناو نافەفهووم. هەستم کرد ئەگەر دەگەڵ ئەم ژنانەدا، بە تایبەتی دەگەڵ کیژە گەنجەکەدا ئاشنایەتی پەیدا بکەم‌و دەگەڵی بکەومە قسان بێگومـان بەدبـەخت دەبم. حـەزم دەکـرد لەوێنـدەر دوور بکەومـەوە، پـێش ئـەوەی بیـان ناسـم‌و تەمەشایان بکەم لەوێندەر بڕەڤم.

لەو دەمەدا مەدام جکسون رووی دەمی لە من کردو گوتی: "شەکیب بێگ، بە یارمەتیت دەگەڵ خاتوو لیدادا یەك بناسن. دەتوانن پێکڤە بڕەقسن. چەند کەسێکم بۆ پێشنیاز کرد، قەبوڵی نەکرد. دەڵێت لە ئەستەمووڵدا کەس سەما نازانیٚ، کەس بە دروستی ناڕەقسیٚ... تۆ وەکو تورکێك بۆی بسەلمێنە کە وانییە، دەبیٚ بۆی بسەلمێنی کە چتۆ سەماکارێکی.... ئیدی ئەمە پەیوەندی بەمنەوە نییە، وەستاوەتە سەر تۆ". ئەوسا بە زەردەخەنەیەکی جدی بە یەکتری ناساندین: "شەکیب بێگ، لە سەماکارە هەرە باشەکانمانە، مەدام سان شاین، مادموزیل لیداشاین شاین... باشترین‌و درژپەسندترین سەماکاری ئەمساڵ" سەری رێزم بۆ دانەواندن‌و سڵاوم لێکردن. هەردووکیان بە هەمان حەرەکەت دەستە ناسکەکانیان کە لە دەستکێشدا بوون بۆ درێژ کردم و بە حەرەکەتێکی چوون یەك سەریان دانەواندو بەدەم زەردەخەنەوە گوتیان: "سەربەرزین". مادموزیل لیدا بە دەستی راستی، کە بازنێکی زێڕی جوانی بە نقێمی لەدەست دا بوو، عەینەکەکەی کە زنجیرێکی زیوی ناسکی پێوە بوو، لە چاو کرد. چاوەکانی نوقاندن‌و روو لە من گوتی: "چاوم ئەوەندە کزن کە تەنانەت نەمتوانی تۆ بە جوانی بدینم. بە یارمەتیتان با باش تەمەشاتان بکەم. چونکە هیوایەتمە سەماکارانی باش بناسم". هەنگیٚ رووی کردە مەدام جکسون‌و گوتی: "مەدام تۆ منت ترساند، زات ناکەم دەگەڵ ئەم ئاغایەدا بڕەقسم". جارێکی دی سەرم لەبەری دانەواندو گوتم: "مادموزیل، ئەگەر داواکەم قەبووڵ نەکەی، دڵم دەڕەنجیٚ". گوتی: "ئۆوو، مسیۆ..."و لە جێی خۆی هەستا. بە دەستی چەپ تەنورەکەی رێکخست. دەستی راستی بە ئەسپایی هەڵبڕیو زنجیرە ناسکەکەی عەینەکەی جوڵاند، پاش ئەوەی عەینەکەکەی دەستکێشەکانی داکەند گوتی: "دەست پێبکەین؟".

## عیزەت مەلیح دوریم
## (١٨٨٧- ١٩٦٦)

***عیزەت مەلیح دوریم، ڕۆمانی "سەرمەد"ی لە تەمەنی سیساڵی بەبانەوەو پاش ڕۆمانی "ناکۆکی" کە لە تەمەنی بیستو هەشت ساڵیدا نووسیویەتی، بە چاپ گەیاندووە. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا بەزەبری وێنەێن جوان، گوتاری شاعیرانەو زمانێکی سەر ڕێژ لە دەستەواژەوە گوزارشتی عوسمانیو لە ژێر باندۆرو کاریگەریی ڕۆمانتیزمی فەرەنسیدا سەربهوردی دڵدارییەکی خەمناك بەرجەستە دەکات.***

دوریم، لە نووسەرانی "فەجری ئاتی"یە. لە ١٨٨٧/٧/٦دا لە قودس هاتۆتە دنیا. خوێندنی ئامادەیی لە ئامادەی گالاتاسارای تەواو کردو پاشان لە ساڵی ١٩٠٦دا لە ئەستەموڵو پاریس دەستی بە خوێندنی بەشی مافناسی کردووە. لە ساڵانی ١٩٠٦-١٩٢٥دا لە ئیدارەی رژی وەکو کاتب، سکرتێری گشتی، نوێنەری بەڕێوەبەری گشتیو، سەرۆکی ئیدارە خزمەتی کردووە. لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٣٠دا لە بانکێن خارجی دا کاری کردووە. لە ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٠دا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری چەند کۆمپانیایەك بووە. لە ساڵی ١٩٤٠وە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ئەکادیمیای جەنگدا، دەرسی زمانی ئینگلیزی گوتووەتەوە..

پەخشانە شیعرەکانی عیزەت مەلیح، لە تەمەنی یازدە ساڵییەوە لە بڵاڤۆکانی تایبەت بە منداڵان، بڵاو بووەتەوە. تەمەنی بیستو دوو ساڵان بوو کە بە نووسینی شانۆنامە، بیرەوەری، چیرۆك، ڕۆمانو پاچڤە، هاوکاری دەگەڵ بزاڤی "فەجری ئاتی"دا دەکرد. ئەم نووسەرە لە جلو بەرگو هەڵسو کەوتو هزرو بیردا شێوازێکی رۆژاوایی هەبوو. شانۆنامەی لەیلای بە زمانی فەرەنسی نووسیوەو وەکو یەکەمین شانۆنامەی نووسەرێکی تورك لە شانۆی "سارا برنارد"ی پاریس دا نمایش کراو ئەمە زۆری هاندا. لەوە دەچێ چالاکی ئەدەبی خۆی زیاتر بە فەرەنسی نواندبێ تا بە تورکی. لە نووسینەکانی خۆیدا نەی توانیوە خۆی لە گۆنگکاری، رازانەوە کاری، و مامەڵەی شاعیرانەو فەڕەنگیانە دوور بگرێت. بەرهەمە سەرەکیەکانی بریتین لە: لەیلا (شانۆنامەیەکی یەك پەردەییە بە زمانی فەرەنسی کە لەلایەن گروپی شانۆیی بلانچ توئاتاین لە یەکەم سەفەریاندا بۆ ئەستەموڵ لە بی ئوغلو نمایش کرا، ١٩٠٩، لە ساڵی ١٩١٢ بڵاوکرایەوە.) ناکۆکی (ڕۆمان، ١٩١٥)، سەرمەد (ڕۆمان، ١٩١٨)، بە پێشەکیەکی پیرلوتی بە زمانی فەرەنسیش بڵاو بووەوە، ١٩١٩)، خەمو بزە (پەخشانە شیعر، کۆمەڵە چیرۆك، ١٩٢٢). هزی باتای (لێکۆڵینەوەیەکە بە زمانی فەرەنسی، ١٩٢٤). ئاشقی هەر جوانییەك (بیرەوەری، کۆمەڵە چیرۆك، ١٩٣٨). بە هۆی ئەو کارانەیەوە کە دەربارەی زمانی فەرەنسی کردوونی لە ساڵی ١٩٣٨دا لەلایەن کۆلیجی ئەدەبیاتی پاریسەوە عینوانی دکتۆری ئەدەبیاتی پێدرا. لە ساڵی ١٩٥٧دا بوو بە ئەندامی هەمیشەیی یەکێتیی نووسەرانی پاریس. ئەمەش ناو نیشانی چەند شانۆنامەیەکە کە لەلایەن ئەوەوە پاچڤە کراون: گەڕیدە، نووسینی (د ئامیل) مەشخەڵان، نووسینی (هنری باتای). لورانزاجیجو و فانتازیو، نووسینی (ئالفرد دموست.)

***- سەرمەد (١٩١٨):**

**عیزەت مەلیح دوریم، ڕۆمانی سەرمەردی لە تەمەنی سی ساڵی بە بانەوەو لە دوای ڕۆمانی "ناکۆکی" کە لە تەمەنی بیستو هەشت ساڵیدا نووسیویەتی، بەچاپ گەیاندووەو، ئەم ڕۆمانە کەسایەتی ئەو لە دنیای ڕۆماننووسیدا بە تەواوەتی دەنوێنێ. نووسەر لەم بەرهەمەدا بەزەبری کۆمەڵێك وێنەێن جوان، گوتاری شاعیرانەو بە زمانێکی سەر ڕێژ لە دەستەواژەو گوزارشتێن عوسمانیو لە ژێر کاریگەریی ڕۆمانتیزمی فەڕەنسیدا سەربهووردی دڵدارییەکی خەمناك بەرجەستە دەکات. چیرۆکی سەرمەدو نیرە کە لە قاڵبی بیرەوەریدا هاتووەتە نووسین، پاشان لەلایەن خودی نووسەرەوە کراوە بە فەرەنسیو لەلایەن "پیرلوتی"یەوە ستایش کراوە. شوێنی بویەرو ڕووداوێن چیرۆکەکە ئەستەموڵە. نیرە کیژە چەرکەسێکە بە ماڵباتی مارشاڵ حوسنی پاشا لە ناوچەی بەبەك دەفرۆشرێت. پاشا کیژی نییە، بۆیە دەیکات بە کیژی خۆی. هاوسەرەکەی پاشا، نیرە زۆر بەجدی وەکو کیژی ڕاستەقینەی خۆی گەورە دەکات. ڕۆژێ نیرە لەبەر پەنجەرەکەیانداو بە دەنگێکی دڵگیرو خۆش گۆرانی دەگوت کە سەرمەد بە کۆڵانەکەیاندا ڕەت دەبێو گوێی لێدەبێ، ئاشقی دەنگی دەبێت. ئەم ئەشقو ڤیانە کە بە نامەو نامەکاری دەست پێدەکات، پاش ماوەیەك دەبێت بە دیدارێن نهێنی. نیرە، حەڤدە ساڵانە. کوڕی پاشا پێش ئەوەی بۆ خوێندن بۆ بەرلین بڕوات، دڵی نیرە ڕام دەکاتو لەم سەرو بەندەدایە کە سەرمەد پەیدا دەبێو سەرو سەخت دەگەڵ کیژێدا پەیدا دەکات. کوڕی پاشا پاش مودەتێکی کورت لە بەرلین دەزڤڕێتەوە. نیرە، کوڕەی خۆشدەوێ. پەیوەندی دەگەڵ سەرمەددا دەبڕێت. سەرمەد لە باری دەروونییەوە تێك دەچێتو بۆ ئەوەی خەمو پەژارەی خۆی فەرامۆشو لە بیر بکات بۆ پاریس دەڕوات. ساڵان دێنو دەبورنو نیرە کە شووی بە کوڕی پاشا کردووە، بەختەوەری دڵخوازی خۆی بە دەست نایەنێو بە هۆی نەخۆشی دەردە باریکەوە کۆچی دوایی دەکات.. ئەمەش مشتێکە لە خەرواری ڕۆمانەکە:**

**نیرە، لە کاتێکا شپرزەیی باڵی بەسەر نیگا بێ هیواکانیا کێشا بوو گوتی: من شایستەی ڤیانو کەسایەتی باڵای تۆ نیم سەرمەد... من بەرسڤم دایەوە: نا، تۆ شایستەی هەموو شتێکی، لەوەیە من شایستەی تۆ نەبم!**

**گوتی: ئیدی ئەم جۆرە قسانە مەکە کە دەبنە مایەی سەرمەستی من. دڵم زامدار دەبێ. لە پڕ بەجدی هەستاو لەسەری ڕۆیی: نازانم بۆچی زارم هەڵنایەت. نازانم بۆچی ئەو خەبەرت لێدەشارمەوە کە هاتووم پێتی بڵێم. ( وەکو یەکێك پێشبینی هەواڵی مردنی کوتوپڕی ئازیزترین خزمی بژنەوێ، ماتو حەیرانو دڵترساو گوێم دەگرتو زاتی هیچ پرسیارێکم نەبوو. نیرە بڕیاری دابوو کۆتایی بە هەموو شتێك بێنێ.) لە سەری ڕۆیی: سەرمەد، گوێ لە من بگرە. من لە ئێستا بە دواوە ناتوانم هی تۆ بم. چونکە ئەو هاتووەتەوە. دوێنێ شەو گەڕایەوەو من لەو ساوە تا ئێستا وەکو شێتم لێهاتووە، بەگژ خۆمدا دەچم... بەڵام ئەمڕۆ ئیدی قەناعەتم بە خۆم کردووە. من ئەوم خۆشدەوێ. تا هەتا هەتایە خۆشم دەوێو جگە لەوە دڵ بە کەسی تر نادەم... (پاش**

ڕامانێکی کەم لە سەری ڕۆیی) من تۆشم خۆش دەویست، بەو پەڕی ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە خۆشم دەویستی. تێناگەم، بە ڕاستی تێناگەم.

من وەکو کەسێك بووم کە جەزرەبەیەکی نا ئاسایی بەر سەری کەوتبێ. گوێم گرت. ماوەیەك حەیران و سەرسام بووم و نەمدەتوانی هیچ وەڵامێك بدەمەوە. هەنگێ بە دەنگێکی نەرم و هێدی گوتم: نا، ئەوەی تێناگات منم. نازانم ئایا ئەم قسانە لە زاری نیرە دێنەدەر یان من خەونی ئاجڕو باجڕ دەبینم؟

نیرە گوتی: هەق بەتۆیە سەرمەد. وەزعێکی تاڵ و ناخۆشە. توڕەم و سەرم لە وەزعی عەجیب و غەریبی دڵم سوڕماوە.

من کە بەرە بەرە پەیم بە قووڵی بەد بەختییەکەی خۆم دەبرد گوتم: نا! هەموو ئەمانە قسەی رووت و بێهودەن. ڕێم بدە با مانای ڕاستەقینەی دەستەواژەێن وەکو نهێنی دڵ، یان هەستێن عەجێب و غەریبت بۆ شەرح بکەم. تۆ منت خۆش نەدەویست،هیچ کاتێك منت خۆش نەویستووە، تۆ لە غیابی ئاشقەکەت هەستت بەغەریبی و دڵتەنگی دەکرد. پێویستت بە سەرگەرمی هەبووە. ئیدی تووشی گەنجێکی مەیلەو جوان بوو بووی واتدەزانی کەسێکی باشە بۆ سەرگەرمی و، ئەلهەقی خۆتیش سەرگەرم کرد. خۆت بەو بنیادەمە بەدبەختە ساویلکەیە، کە هەمیشە بەهۆش و گۆش و زیرەکی خۆی دەنازی، بەو بنیادەمە گەوج و کەودەنە، باش سەرگەرم کرد.

نیرە: سەرمەد تکات لێدەکەم! هەرچییەك دەڵێی بیڵێ، هەقی خۆتە، بەڵام نابێ لە خۆشەویستی ڕاستەقینە لە زەرفی ئەم چوار مانگەدا سەبارەت بە تۆ، بەگومان بیت. بەدڵ خۆشم ویستی.

ئیدی لە توانامدا نەما، لە هەوڵی هەڵێنانی ئەم مەتەڵەشدا نەبووم، دەمویست سوکنایی بە دڵەی بەکوڵ و جۆشم بدەم. قسە کردن، هاوار کردن،و پێکەنینی تاڵ، دڵی ئارام دەکردم، گوتم: تۆ چۆن دەتوانی باسی ڤیان بکەی؟ شەرمە، گوناهە، ڤیان، ئەشق، دڵداری دەبێ من دەبارەی ئەو شتانە قسە بکەم. ئاە، نیرە، من بە چ سۆزو گودازێکی بەشکۆو جاویدانەوە تۆم خۆشویست... من هەموو ڕۆژو هەموو ساتێك لە پەرستگەی زەینی خۆمدا سەرقاڵی پەرستنی تۆ بووم. بیرم، خەیاڵم، هەستم سۆزم،و ئیمان و باوەڕم هەر تۆ بووی، تەنانەت چەند ڕۆژێك بوو بیرم لەوە دەکردەوە لێت بپاڕێمەوە، داوات لێبکەم هونەرمەندێکی دەربەدەری وەکو من ئامادەیە ئازادی خۆی کە بە نرخترین شتیەتی فیدای تۆ بکات و بە شێوەیەکی فەرمی دەگەڵ تۆدا بژی. دەمویست داوات لێبکەم ئیدی بێکڤە بین، تا هەتا هەتایە پێکڤە بژین! نەمدەزانی ئەو ئافرەتەی کە تا ڕادەی پەرستن خۆشم دەویست زۆر لە منەوە دوورە.

نیرە: من تادوێنێ دەگەڵ تۆدا بووم سەرمەد. ڕوحم دەگەڵ ڕوحتدا بوو. بەڵام ئەو هات و بە جەزرەبەیەکی کاری، هەموو مەسەلە ڕوحی دەروونییەکانی ژێرو ژوور کردم. سەرمەد لێم تێ بگە، حیساب بۆ بەدبەختی منیش بکە، ناهەقیم لێمەکە!

دەنگی نیرە هێندە خەمناك و پڕ پاڕانەوە بوو کە توڕەییەکەی کەمێك دامرکاندمەوە. لە تەنیشتییەوە دانیشتم، دەستەکانیم نەوازشت کردو گوتم: نیرە گیان با خۆمان لەم مۆتەکەیە

رزگار بکەین. گەڕانەوەی پیاوێك کە ئاوات و ئارەزووە شیرین و سەرەتاییەکانی کیژێکی گەنجی گرتبووە ژێر دەسەڵاتی خۆی رەنگە بۆ تۆ کاریگەرییەکی زۆری هەبێ. بەڵام تۆ سەهویت، تۆ ئیدی ئەوت خۆش ناوێت، ناتوانی خۆشت بوێ. چونکە دڵت بەمن داوە، منت خۆش دەوێ نیرە. کەمێك بیر بکەوە نیرە، ئەوساتە خواییانە بێنەوە بەرچاوت کە لێرەدا پێکڤە گوزەراندمان، ئایا ئەو نیرەیەی کە بە قسە ئاگرین و نەوازشتە بەردەوامەکانی سەرمەستی دەکردم، تۆ نەبوویت؟ هەستاو گوتی:

– رەفتارت بەدە، زۆر بەدە! پاش ئەو قسانەی کە کردمن نەدەبوو حەیاو حەیسیەت رێگەی کاری وای دابایت. لە ئێستا بە دواوە زارم لە زارت ناگەڕێ و تەواو.

بە ماچکردنی نیرە، هەموو مەیل و ئارەزووەکانم هاتبووە کوڵ و جۆش.... بە تەواوەتی هەستم دەکرد کە لە دەستدانی نیرە بۆ من هاوتای مەرگە. نها ئیدی دەپاڕامەوە:

– نیرە بەزەییت بە مندا بێتەوە، بەزەییت بە کەسێکدا بێتەوە کە ناتوانێ بەبێ تۆ بژی، بەبێ تۆ هەڵبکات. باوەڕبکە من بۆت دەبم بە یارو هاودەمێکی باش. بۆ ئەوەی لەم قەیرانە دەروونییە رزگار بیت، وەفادارانە، وەفادارتر لە سەگ، سەبرت لێدەکەم. بۆ ئەوەی زووتر لەم حاڵەتە رزگار ببیت، بەوپەڕی دڵسۆزی و خۆشەویستییەوە کۆمەکت دەکەم. تۆ تەنیا سۆزم بدەیە کە لەو پیاوە دوور بکەویتەوەو هی من بیت. تەنانەت ئەگەر بتەوێ لە ئەستەمووڵ دەڕۆین. لە دوورترین و جوانترین شوێنی جیهان دەژین. جوانییە هەمە جۆرو شکۆدارەکانی تەبیعەت چ خەم و پەژارەیەکیان نەڕەواندووەتەوە!.

نیرە گوتی: ناتوانم، ناتوانم لێی دووربکەومەوە! دەزانم کە ئەو نە خۆشی ویستووم و نەخۆشی دەوێم. دەزانم کە هیچ حیسابێکم بۆ ناکات و لەگینە پاش ماوەیەك وازم لێ بێنێ و دڵ بە کەسێکی دی بدات. دەزام کە ژیانم دووبارە دەبێت بە دۆزەخ، بەڵام هیچ چارێکم نییە. من ناتوانم لەگەڵ تۆدا بم، ناتوانم خیانەت لە ئەشق و ڤیانی خۆم بکەم، سەرمەد بمبوورە، قسەی ناخۆش دەکەم. دەزانم دەبێ راستگۆ بم. بزانە من خیانەتم کرد، ئەو ڤیانەی کە پێشکەش بە تۆم کرد، لە راستیدا لەوم، لە ڤیانی راستەقینەی خۆمم دزی.

من گوتم: ئۆه، ئەم قسانە زۆر بێ ئینسافانەن....

نیرە گوتی: قسەکانی من بێ ئینسافانە نین، بێ ئینساف ئەو هێزەیە کە منی دیل و ئەسیری خۆی کردووە. سوێندت بۆ دەخۆم کە بەوپەڕی میهرو سۆزەوە نیگەرانی تۆم. پڕ بە دڵ حەزم دەکرد، هەرچییەکم لە توانادایە بۆ لابردنی ناڕەحەتی تۆ بمکردایە.

هەستم دەکرد هاوار دەکەم:

– خراترین و ناپاکترین ژنانی دنیاش کاری وا ناکەن. ئەوەش بزانە ئەم کارە ئەوەندەش ئاسان و سادە نییە کە تۆ وێنای دەکەیت. دڵی کەسێك کۆنترۆڵ بکەیت، ژیانی داگیر بکەیت و پاشان بەرەڵلای بکەیت و بڕۆیت... وەکو ئەوەیە، لەبەر ئەشقێکی کۆن، روحێك کە تەنیا بۆ تۆ دەژی، بکوژیت... نا، نا.... تۆ ناتوانی خیانەتی واهی بکەیت، چونکە خراپ دەبێ، گوێت لێیە نیرە، خراپ دەبێ، زۆر خراپ!

لــە هەنبــەر تونــدیو زبرییەکــەی منــدا، نیشــانەێن تــورەیی لــە چــاوانی نیرەشــدا دەبینــرا. گفتوگۆیەکەمان لێرەوە وەکو جەزرەبەی لەزو بیٚ ئامانی دوو شمشێری بڕندە بوو.

نیرە گوتی: واز بێنە سەرمەد، بەرم بدە، دەستم....

گوتم: واز نایەنم. تۆ لە دەست نادەم، تۆ هی منیتو هەر دەبیٚ بۆ من بیت.

نیرە گوتی: کە من کەسێکی ترم خۆش بویٚ، چۆن دەشێت هی تۆ بم؟

بەرسڤم دایەوە: خۆشت بویٚ، کەسێکی ترت خۆش دەویٚ، خۆشت بویٚ، چەندت خۆش دەویٚ خۆشت بویٚ. لیٚ واز لە من مەیەنە. وای نیرە، دەبینی؟ هەست بە بەرینی هەستم دەکەیت؟ قەت تەسەوری ئەوەم نەدەکرد پێشنیازی واهی بکەم! قەت شتی وام لە خۆ رانەدەبینی! وا دیارە ئەشقی گەورەو، شەیدایی شێتانە هەموو کاریٚ بە مرۆڤ دەکات. وات لێبکات خەمساردو بیٚ موبالات هەموو شتێك: نەفسبەرزی، غیرەت، غروور، نامۆسو هەموو شتێك وەلاوە بنەی.

نیرە گوتی: بەسە، قسەی وامەکە سەرمەد، ئەم شتانە نە لە تۆ دەوەشێتەوەو نە لە من. لێکدی جیا دەبینەوە. بەر لەوەی یادگارەکانمان بلەوتیٚ وا چاکە لێکدی دوور بکەوینەوە.

گوتم: من سەیرترین پێشنیازی ئاشقانەی جیهانم بۆ کردیتو تۆ ئەمەت بە کارێکی دزێوو کرێت زانی. کە ژنێکی بیٚ ئینسافی، بەڕاستی تۆ زاڵمو بیٚ بەزەییت!

نیرە گوتی: سووکایەتیم پیٚ مەکە سەرمەد، کەس هەقی نییە سووکایەتی بە کەسێکی تر بکاتو، کەس ناتوانیٚ بەتۆبزی کۆنترۆڵی دڵی کەسێکی تر بکات، واز بێنە با بڕۆم، بەرم بدە، دەستم بەر بدە، دەنا هاوار دەکەم.

نیرە ئەم قسانەی بە نیگایەکی نەفرەت ئەنگێزو دەنگێکی دژمنانەی ئەوتۆوە کرد کە روحم، دەروونم پڕ بوو لە ترسی مرۆڤانی. تەزوویەکم پێدا هات. ئەم ئافرەتەم شێتانە خۆش دەویستو ئامادە بووم لە رای بچووکترین داخوازی ئەودا گیانم بەخت بکەم. زانیم کە لەگینە بتوانم بە دەستی خۆی بە کوشتی بدەم. حەپەساوو ترساو دەستەکانیم بەرداو گوتم:

– بڕۆ، خێرا بڕۆ... نەك هەر خۆت بەڵکو خەیاڵیشت لە مێشکی خۆم دەردەکەم!

کەس حاڵی بە حاڵی من نەبیٚ، مەگەر خوا بزانیٚ چ حاڵێکم هەبوو. نیرە، وێڕای ئەو هەموو سووکایەتییەی کە پێمکرد هەستی کرد پێویستم بە دڵدانەوەی پتر هەیەو دوا رستەی بەداخو کەسەرەوە دەربڕی:

– مخابن، سەرمەد. هەزار مخابن. ئێمە نەدەبوو بەم شێوەیە لێکدی جودا بینەوە!

لیٚ من نەمدەویست هیچی ترم گویٚ لێبیٚ، لە حەژمەتاندا دەستم دەلەرزینو بە تووڕەیی ئاماژەم بۆ دەرگاکە دەکرد.

عیزەت مەلیح دوریم لە پێشەکی رۆمانەکەدا دەربارەی قارەمانانی چیرۆکەکەی دەڵێت:

"لەوەیە کەمتر تووشی خەڵکانی وەکو نیرەو سەرمەد ببین. بەڵام ئاشکرایە کە ئەو چیرۆکانەی بە دەوری تەوەری دابو نەریتاندا دەسوڕێنەوە، خۆ لە قەرەی دابو نەریتان دەدەن، خەڵکانێك وەکو نموونەو نوێنەری زۆرینە هەڵدەبژێرن، کەچی لە چیرۆکێن سایکۆلۆژیدا نووسەر دەکەوێتە تاقیبو سۆراخی کەسانێك کە تایبەتمەندی خۆیان هەیەو رەنگە بە شێوەیەکی ئاوەرتە

"ریزپەڕ" لە کۆمەڵگادا هەبن. یانی ئەو کەسانە نوێنەری خۆیانن نەك زۆربە." نامەکانی ئەحمەد هاشم گرنگترین سەرچاوەن دەربارەی ناسینی کەسایەتی عیزەت مەلیح دوریم. لە نامەیەکی بەرواری ١٩٢٧/١٠/٣١دا کە لە ئوتێلی کلاریدجی پاریس نووسراوە، هەندێ رستەی وەکو بۆمبی میقاتکراو دەبینرێت: "…. وێڕای هاوڕێیەتی دێرینەو لەگەڵ رێزو حورمەتم بۆ ئەو بیرو قەڵەمەی کە ئیدیعای دەکەیت، دیارە ئەو قەول‌و قەرارەت بە منت دابوو، بە تایبەتی سەبارەت بە رۆحێکی لە حاڵی حازرا شپرزەو نیگەران، نەبردە سەر یان لە ئاستیا دەستەوستان بوویت یان بە ئانقەست فەرامۆشت کردووە. رواڵەتی جوان‌و رواڵەتبازی هیچ کاتێك نیشانەی سەنگینی‌و ویقار نییە. سەنگینی دەبێ لە بوارێن مەعنەویدا مانا پەیدا بکات‌و رەنگ بداتەوە…."

عیزەت مەلیح دوریم، لە نامەیەکدا کە لە ئوتێلی کلاریدجی پاریسەوە بۆ عەبدولحەقی شناسی حەساری، دۆستی خۆی‌و دۆستی ئەحمەد هاشمی ناردووە ،باسی توندی‌و زبری نامەکەی هاشم دەکات: "…. من لەوساوە کە خوێندنم تەواو کردووە تا نهو، جگە لە رەفتاری دۆستانە هیچ شتێکی ترم دەگەڵ هاشم دا نەبووە. تۆ بەخۆت ئەمە باش دەزانی. دواکەوتنی کارەکان بە هۆی کۆمەڵێك مەسەلەو گرفتی ناوخۆو گرینگی کۆمپانیاکەوە بووە. کاتێ کە من ئەستەموولم بەجێهێشت ئەم بابەتەم بەشێوەیەکی نا راستەوخۆ بۆ تۆ گێڕابووەوە. هەڵبەتە لەبەر هەندی هۆ نەمدەتوانی هەموو شتەکانت بۆ بگێڕمەوە. جا ناردنی نامەیەکی وا کوت‌و پڕ لەلایەن هاشمەوە، بەبی ئەوەی هیچ پرس‌و جۆیەك بکات کارێکی ناشیرین‌و چاوەڕوان نەکراوە… بە هەر حاڵ من هاشم‌و کەسایەتی هاشم باش دەناسم، بۆیە وای دادەنەم کە ئەم نامەیە لە بنی نەنووسراوە…".

## رەشاد نوری گونتکین
## (١٨٨٩- ١٩٥٦)

***ئێمەی گەنج دەبوایە لە نێوان گرووپێن سێ، چوار نەفەریدا بڵاوببینەوەو بروسکو چەخماخەیەکی وەها ئیجاد بکەین کە لە غیابو نەبوونی خۆردا درێژە بە بوونی خۆ بدەنو دەوروبەر ڕووناک بکەنەوە، ڕزگاری بۆ خەڵکانی وەکو ئێمە لەو بروسکو چەخماخانەوە دەستی پێدەکرد.***

رەشاد نوری گونتکین، لە نووسەرە بەنێوبانگەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرینی تورکییە، کە لە بوارێن کورتە چیرۆک، شانۆنامەو رۆماندا، بەرهەمی خستووەتەوە. لە ١٨٨٩/١١/٢٥دا لە گەڕەکی ئۆسکوداری ئەستەمووڵ هاتووەتە دنیایێ. کوڕی نوری بێگی پزیشکی سوپاییە. خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە چاناک قەڵا تەواو کردووە، دوای ساڵێك خوێندن لە ئامادەیی گالاتاسارای، چووە قوتابخانەی فەرەنسییەکان لە ئەزمیر، لە ساڵی ١٩١٢دا کۆلیجی ئەدەبیاتی زانستگەی ئەستەموڵی تەواو کرد. ساڵانێك لە ئامادەیی ئەدەبیاتدا مامۆستایی کردو خەریکی وانە گوتنەوە بوو (١٩١٣-١٩٣٠). لە ساڵی ١٩٣١دا بوو بە سەر پەرشتیاری وەزارەتی فێرکردنی نیشتمانیو لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٤دا لە پەرلەماندا نوێنەری خەڵکی چاناك قەڵا بوو. ساڵانی دواتر نوێنەرایەتی یونسکوی لە تورکیاو، بەرپرسیاریەتی راوێژکاری رۆشنبیریی تورکیای لە پاریس گرتە ئەستۆ. پاش خانەنشینی لە کاتێکا کە لە هەوڵی ئامادەکردنی بەرهەمە تازەکانی خۆیدا بوو، بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە لەندەن (١٩٥٦/١٢/٧) کۆچی دوایی کرد. جەنازەکەیان بەفڕۆکە بۆ تورکیا هێنایەوەو لە گۆڕستانی کاراجا ئەحمەد بەخاکیان سپارد.

رەشاد نوری، شێوەی ژیانی خەڵکی ئەنادۆڵ، گیروگرفتەکانیان، هەستو نەستیانو بیرو باوەڕیانی بێ هیچ ڕتوشو ئارایشتکردنێك بە سادەییو سواریو ڕەوانی زمانی تورکی دەربڕیوە. رەشاد نوری تازەمانی نووسینی ڕۆمانی سینەسوور، زیاتر بە کورتە چیرۆك، شانۆنامەو رەخنەی شانۆیی ناسرا بوو، بەڵام بەم ڕۆمانە، ناوو ناوبانگی بە تەواوەتی کەوتە سەرزاران. ڕۆمانی ناڤبری بۆ ئەو گروپو تاقمە گەنجە تورکانەی کە لە هەوڵی بێدارکردنەوەی خەڵکیو پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا بوون، بوو بە جۆرە ڕێنماوو نموونەو رەمزێك. ناوچەو دەڤەرە دوورە دەستەکانو شارانی مینا ئەستەموڵ لە کەسایەتیو شەخسیەتی فەریدەدا بەشێوەیەکی مەحەبەت ئامێز دەگەنە یەکدی. رەشاد نوری کەسێکی گەشبین بوو. زۆرچاك ئاگاداری تەکنیکی شانۆ بووو ئەم تەکنیەکەی بە ئایدیالیزمی رۆمانسی ئامێزو هەندێجار بە ساتیر موتوربە دەکردو بەسەربە باڵای ڕووداوەکانیا دەبڕی . بایەخی زۆری بەمرۆ ڤدۆستی دەدا. ئەو سەردەمانەی کە سەر پەرشتیار بوو، سەفەری زۆربەی ناوچەکانی ئەنادۆڵی دەکردو هەر هەموو ئەو شتانەی کە دەیدیتن، دەی بیستن، دابو نەریتانو، کولو کۆڤانو گرفتێن جڤاکی خەڵکی ئەو سەردەمەی بە شێوازێکی سادە، بەپێی خوێندنەوەی خۆی لە میانی قارەمانانی دڵخوازی خۆیەوە، وێنە کێشاوە.

رەشاد نوری بابەتێن سەردەم‌و ڕۆژگاری خۆی بە مەبەست‌و ئامانج‌و ئومێدی ڕۆژانی خۆش‌و گەشی ئایندەو پەروەردەکردنی مرۆڤێن کارامەتر، لە قاڵبی بەرهەمێن ئەدەبیدا دەربڕیوە. خۆی بەو تەلارکارە نموونەییە زانیوە کە لە خەم‌و هەوڵ‌و هۆڵی بونیادنانی سبەینێیەکی جوانتردایە. بە بۆچوون‌و باوەڕی ئەحمەد حەمدی تانپینار، ڕۆمانی سینەسوور کە ڕەشاد نوری گونتکینی گەیاندە شۆڕەت‌و نێوبانگ، قەدەرو چارەنووسێك بوو پڕ بە پێستی ناوی ئەوو نێوەڕۆکی بەرهەمەکەی... ئەو لە ڕۆمانەکانی دیکەشیدا، لێرەو لەوێ، بە شێوەی پەرەگراف‌و دەستەواژەو ڕستە درێژەی بە سینەسوور داوە. زمانی ڕۆمانەکە زەمانێکە ئاسان‌و دڵگیر، بیری ڕۆمانەکە، تەواو قەناعەت بەخشە"

رەشاد نوری پتر لە سەد بەرهەمی لە بوارێن ڕەخنەی ئەدەبی، وتارنووسی. پاچڤە، بیرەوەری، کورتە چیرۆك، ڕۆمان‌و، شانۆنامە لە پاش خۆ بەجێهێشتووە. زۆربەی بەرهەمەکانی لە گۆڤارو ڕۆژنامەندا بڵاوبوونەتەوە. خودانی نۆزدە ڕۆمان، حەوت کورتە چیرۆك‌و، پتر لە بیست دەقی شانۆیی نووسراوە، گرینگترین ڕۆمانێن وی کە ئاوێتەی توانا‌و دەسەڵاتی نووسکاری ئەون بریتین لە: سینە سوور (١٩٢٢)، مهر (١٩٢٤)، لە دەمەوە بۆ دڵ (١٩٢٥)، دژمنی ژن (١٩٢٧)، بەزەیی (١٩٢٨)، شەوی کەسك (١٩٢٨)، گەڵاڕێزان (١٩٣٠)، چڵەتووترك (١٩٣٢)، ئاسمان (١٩٣٥)، نەخۆشی بە درێژا (١٩٣٨)، شەوی ئاگر (١٩٤٢)، خانەقای هەژاران (١٩٤٦)،و شنەی سپیداران (١٩٥٠). بە نێو بانگترین بەرهەمێن شانۆیی وی بریتین لە: خەونێن دێرین (١٩٢٥)، پارچە بەردێك (١٩٢٦)، خەنجەر (١٩٢٧)، مارەبەجاش (١٩٣٥)، خەزان (١٩٤٣)، گۆرانی کۆن (١٩٣١)، میوانیی جەبەلوڵڵا (١٩٥٥)، ئەمشەو شەوێکی ترە (١٩٥٠)، میوانی یەزدان (١٩٢٧)، گوڵچنێکی ئەدەبیاتی فەرەنسا (٣ بەرگ، ١٩٣٢). لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوە: یاداشتەکانی ئەنادۆڵ (١٩٣٦)، پاچڤەی دان پێدانان (ڕۆسۆ، ١٩٥٥-١٩٦١)،و گوتارەکانی ڕەشاد نوری گونتکین دەربارەی شانۆ (کەمال یاوز١٩٧٦ ).

### *- سینە سوور (١٩٢٢ ):

رەشاد نوری گونتکین، لە ڕۆمانی سینە سوور دا باسی هەوڵ‌و کۆششی کیژێك دەگێڕێتەوە کە بە گوێرەی واقیعی ئەو زەمان‌و ڕۆژگارە، بۆ یەکەمجار بۆ ئەستەموڵ دەڕوات ، خوێندن لە وێندەر تەواو دەکات، دادەمەزرێت‌و بە وەزیفە بۆ ئەنادۆڵ دەنێردرێت. ئەم کارە لەو ڕۆژگارو سەردەمەدا بە خاڵی بەهێزی ڕۆمانەکە دێتە ژماردن، بەڵام بۆ ئێستا شتێکی ئاساییە. بە هەرحاڵ ڕۆمانی سینەسوور، بە هۆی زمانەکەیەوەو لەبەر ئەوەی بایەخێکی فرە بە هەست‌و سۆز دەدات (سۆزو گودازی شەخسی دەنوێنێ‌و دەردەبڕێت) لەلایەن ئەو کەسانەوە کە دڵبەندی ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکین، بە تاسەوە دەخوێنرێتەوە. ئەتاتورك، وێڕای خوێندنەوەی ڕۆمانێن فەرەنسی، بێگومان ڕۆمانانی بەنێو بانگی مێژووی ئەدەبیاتی تورکیاشی دەخوێندەوە. بەگوێرەی نوکتەیەك دیارە کە ئەتاتورك چیرۆکی نور بابای خوێندووەتەوە. بە گوێرەی ڕۆژانە یاداشتەکانی مەحمود

بێگی نوێنەری شاری سیرت-ش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەتاتورك ڕۆمانی (سینە سوور)ی خوێندووەتەوە. لەم یاداشتانەدا کە گۆڤارێکی مێژوویی بڵاوی کردونەتەوە هاتووە:
١٩٢٢/٨/٢١-ئاك شار
"دژمن حەساسیەتێکی تایبەتی دەنوێنێ. وا دیارە زانیویەتی کە جمو جوڵێکی نا ئاسایی لە بەرەی ئێمەدا لە ئاردایەو شتانێك هەیە... هیوادارم پەی بە ئامانجو مەرامی سەرەکی ئێمە نەبردبێ. دوو ڕۆژێکە کە پاشا (ئەتاتورك) سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆمانی سینە سوورە. ئەم کتێبەی زۆر بەدڵە... خوێندنەوەی ئەم جۆرە کتێبانە، بە تایبەتی لەکاتێکدا کە چیوای نەماوە بۆ بزووتنەوە گەورەکە، سوکنایی بەخشە".
١٩٢٢/٨/٢٢
"ئەمڕۆکەش لە ئاك شارین. پاشا لە ژوور نەهاتە دەر. تاکو عەسر کتێبی سینە سووری دەخوێندەوە. زۆر رازی بوو. ستایشی دەکرد".
بەڵام بابەتو نێوەڕۆکی چیرۆکی سینە سوور، ئەو چیرۆکەی کە بووە بایسی شۆرەتی ڕەشاد نوری گونتکین، بەم جۆرەیە:
فەریدە کە لە تەمەنی منداڵیدا، سەرەتا دایكو پاشان بابی لە دەست داوە، لەبەر زیتەڵی و بزێوی خۆی لە پۆلو قوتابخانەدا ناوی دەنەن سینە سوور. بابی ئەفسەری سوپا بووە. لە ناوچەی کوزیاتاقی ئەرنکوی دا لە سایەی پوریدا گەورە دەبێت. لە ئامادەیی کچانی فەرەنساییەکاندا دەخوێنێت. کامەرانی کوڕی پورە بەسیمە کە کوڕێکی جوانو قۆزە حەز لەم کیژە جوانە دەکاتو، بۆ دیتنی ئەو، بەردەوام بۆ قوتابخانەکەیان دەڕوات. لێبڕاوە بیخوازێت. سێ ڕۆژ بەر لە ڕێورەسمی مارەبڕین، خانمێکی گەنج دەچێت بۆ لای فەریدەو پێی ڕادەگەیەنێت کە کامەرانی کاتێ لە سویسرا بووە حەزی لە کیژێکی گەنجو نەخۆش کردووە بە نێوی منەوەرو بەڵێنی داوەتێ بیخوازێت. نامەکانیشی دەدات بە فەریدە. منەوەریش کامەرانی خۆش ویستووە. فەریدە پاش ئەوەی ئەو شتانە دەزانێ، لە ماڵ دەڕەڤێو پەنا دەباتە بەرپیرەژنێکی زەحمەتکێش. کە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکاتو کارنامەی دیپلۆم وەردەگرێت، متمانە بە خۆی پەیدا دەکاتو داوا دەکات بە مامۆستایەتی بۆ ئەنادۆڵی بنێرن. وەکو مامۆستا بۆ یەکێك لە شارە دێیەکانی ئەنادۆڵیان ڤڕێکردو لە یەکەم ڕۆژەوە دەست بە نووسینی هەموو پێشهاتو ڕووداوەکان دەکات. لەبەر ئەوەی لە شارە دێیەکەدا جێگەی خاڵی نابێت، بۆ گوندی (زینی لەر)ی دەنێرن. گوندێکی بێ ئاوو دارو درەخت، دوورە دەستو پاشکەوتوو، کە هیچ مامۆستایەك رازی نابێت بۆ ئەوێندەر بچێت. لەوێندەر چەند کەسێك لە قوتابیەکانی خۆی، لەوانە: وەهبی یە چکۆڵو بە تایبەتی مونیسە دەبنە مایەی ئاسوودەیی دەروونو ئارامی گیانی. خوویان پێوە دەگرێت. لەم گوندەدا کە نێوی کیژان بە زۆری ئایشێو زاران، فەریدە ناوی مونیسەی بەلاوە خۆش دەبێت. حەز دەکات مونیسە بکات بە کیژی خۆی. مونیسە کیژی ژنێکە کە خەڵکی گوندەکە لێی بێزارن. دایکی مونیسە حەز لە پیاوێکی دی دەکاتو، بابیشی (بابی مونیسە) ژنێکی دیکەی خەڵکی گوندی دێنێو دایکی تەڵاق دەدات. دایکە جار جارێ بە ترسو لەرزەوە

دێت و سەرێکی کیژەکەی دەدات. فەریدە، دوای چەند هەوڵێك دەتوانێ کارێ بکات کە مونیسەی وێدەن و بیکات بە بە کیژی خۆی: هەردووکیان بە خۆشی دەژین. کابرایەك کە لە دزیدا بریندار بوو بوو، بۆ تیمارخانەکەی گوند دێنن. فەریدە لەوێندەر ناسیاوی دەگەڵ پزیشکێکی بە تەمەندا پەیدا دەکات. خەیروڵلا بێگ زۆری پێ سەیر دەبێت کە لە گوندێکی وا دوورە دەستدا تووشی مامۆستایەکی وەکو فەریدە بووە، یەکسەر هەست دەکات کە ئەم ماستە موویەکی تێدایە. ئیدی دەکەوێتە هەوڵی ئەوەی فەریدە بۆ شوێنێکی باشتر بگوازێتەوە.

قوتابخانەکەی فەریدە، دوای پشکنینێك دا دەخرێت و قارەمانی چیرۆکەکە ناچار دەبێت گوندی زینیلەر بەجێ بێڵێ. لە قوتابخانەی پەروەردەی مامۆستایانی مەرکەزی شاردا، وەکو مامۆستای زمانی فەرەنسی دەست بەکار دەبێت. دەچێت بۆ هەر جێیەك، جوانییەکەی سەریەشەیەکی بۆ دروست دەکات. پاش گوێزانەوە بۆ شوێنانی جیاوازو ڕەتکردنەوەی چەندین پێشنیازی زەوجین و زەماوەند، بە مامۆستایەتی بۆ کوش ئاداسی دەنێردرێت. دکتۆر خەیروڵلاش خانەنشین بووەو لە کوش ئاداسیدا ئاکنجی بووە. دۆستە پیرەکەی فەریدە هەمیشە پارێزگاریی لێدەکات. مونیسە گەورە بووەو کیژێکە زۆری حەز لە خۆنوێنی و ئارایشتە. جارێك کە دکتۆر بۆ دەرمان و چارەسەری نەخۆشێك بۆ گوندێکی دوور ڕۆیی بوو، مونیسەش نەخۆش دەکەوێ و لە جێدا دەکەوێ. دەوروبەرەکەی وایان دەزانی سەرمای بووە، بەڵام لە ڕاستیدا تووشی وەناق بوو بوو، بە هۆی ئەو نەخۆشیەوە دەمرێت و زەبرێکی گورچوبڕ بە فەریدە دەکەوێ. وتی وتی و قسەو قسەڵۆك و گوشارێن دەوروبەر ڕوو لە زیادی دەکات و خەیروڵلا بێگ هەر بۆ ڕەواندنەوەی قسەو قسەڵۆکی خەڵکی فەریدە لە خۆی مارە دەکات و وا دەنوێنێ کە خواستوویەتی. پاش ماوەیەك خەیروڵلا بێگیش لەبەر پیری کۆچی دوایی دەکات. خەیروڵلا بەر لە مردنەکەی بەڵێن لە فەریدە وەردەگرێت کە بۆ لای کەس و کارو خانەوادەکەی بگەڕێتەوە. تومەز یاداشتەکانی فەریدەی خوێندووەتەوەو لە هۆی بەدبەختی و کێشەکانی فەریدە ئاگادارە. ئەو دەفتەرەی کە فەریدە وایدەزانی ون بووە، لە ڕاستیدا لەلایەن خەیروڵلا بێگەوە خرابووە زەرفێکی تایبەتیەوەو وەکو ئەمانەت بەوپەڕی وریاییەوە بۆ کامەران هەڵگیرا بوو. فەریدە لەسەر وەسێتی مێردە ڕەحمەتیەکەی، ئەو ئەمانەتەی کە نەیدەزانی چییەو چی تێدایە، ڕادەستی کامەران دەکات، عەزیز بێگی بابی کامەران لە هەموو کەسێك زیاتر بە گەڕانەوەی فەریدە شادمانە. نیشانەیەکی ئیجابی لەم گەڕانەوەیەدا دەیبینێ. فەریدە بە مادونییەکی چەند ڕۆژە هاتووەتەوەو حەز دەکات بۆ سەر کارەکەی خۆی بگەڕێتەوە. کامەران قسەو بەڵێنی خۆی بردبووە سەرو منەوەری خواستبوو، لێ منەوەری گەنج دوای ماوەیەکی کەم بە نەخۆشی مردبوو. کامەران، شەوێك تاکو بەیانی بێ ئەوەی چاو لێك بنێ، دەگەڵ (موژگان)ی خوشکیدا بیرەوەرییەکانی فەریدە دەخوێنیتەوەو پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر لێدەبڕێ بە گوێی خەیروڵلا بێگ بکات و نەیەڵێت جارێکی دیکە فەریدە لێیان بتۆرێ و تەوەللا ببێت. ئەو ڕۆژەی کە فەریدە لێدەبڕێ بڕوات و هەموو ئامادەکارییەك کراوە، کامەران لەو ئۆتۆمبیلەی، کە بۆ بردنی فەریدە هاتووە، دادەبەزێت، لێبڕاوە ئەمجارەیان

سینەسوور لە دەست نەدات. رازی دڵو خۆشەویستی خۆی بە فەریدە دەڵێت. وێڕای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، دەستبەرداری یەكتری نابنو زەماوەند دەكەن...

سینە سوور، یەكێكە لەو رۆمانە هەرە جوانانەی كە رەشاد نوری گونتكین پێشكەش بە ئەدەبیاتی توركی كردووە. ئەم رۆمانە لەو رۆژەوە كە بڵاوبووەتەوە تا نها لەلایەن هەموو نەسلەكانەوە خوێندراوەتەوەو پەسندكراوە. كەسایەتی خۆشەویستی فەریدەی قارەمانی رۆمانەكە، دەورێكی فرەی لە ناو دەركردنی ئەم چیرۆكەدا دیتووە. رۆمانەكە كە بە شێوەی بیرەوەری هاتووەتە نووسین، رەنگدانەوەی باری دەروونیو مەعنەوی، كەسایەتیو جۆری نۆڕینی فەریدەیە بۆ ژیان. ئەم چیرۆكە هەوەڵجار لە ژێر سەرناڤی (كیژی ئەستەمووڵ)و بەشێوەی شانۆنامەیەكی چوار پەردەیی بڵاو بووەتەوەو پاشان كراوە بە ڕۆمان. سینە سوور لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٢- ١٩٣٩دا هەشت جار چاپكراوەو لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٧- ١٩٨١دا دەگاتە بیستو چوارەمین چاپ. گەنگەشەو باسی مەسەلەو كێشەكانی ئەنادۆڵو موناقەشەی گیرو گرفتە ناوخۆكانی جەماوەری خەڵك، هەوڵدان بۆ گۆڕینی بارودۆخی كۆمەڵگە، بایەخدان بە ئازادی ئافرەتان،و كۆتاییە خۆشەكەی ئەم رۆمانە، هۆی سەرەكی پێشوازی توێژە جیاوازەكانی كۆمەڵگەیە لە رۆمانی سینە سوور. ئەمەش بەشێكە لە دەقی رۆمانەكە:

گالیسكەكە كەوتبووە سەر رێگا سەختو بەردەڵانە شاخاوییەكە.بەو گولاوە وشكانەدا كە رۆژێ لە رۆژان شوێنی كۆبوونەوەی باراناو بوو،و بە قەراخ مەزرا چۆڵەكانو باخە وێرانەكاندا رەت دەبووین. لە رێگەدا بە دەگمەن تووشی گوندییان دەبووین. هەندێ گالیسكانمان دەبینی كە گایان لێ بەستبوونو لە تۆ وایە لە ماندوویەتیدا دەناڵێنن. هەروەها ژنانێكی پێخاوسمان دەبینی كە سەرو كۆڵێ چیلكەو داریان بە كۆڵ دابوو. دوو جەندرمەی سمێڵ قەیتانیمان بینی كە بە تولەڕێی باخێكدا دەهاتن. بەلاماندا رەت بوون، سڵاویان لە عارەبانچییەكە كرد.

بەرەبەرە بێدەنگییەكی خەمناك باڵی بەسەر رێگاكەدا دەكێشا. ئەم گالیسكەچیچانیانە زەنگوڵەیان پێوە بوو، دەنگێكی ناسكو خەمناكیان لێوە دەهات... وەستای ئەم گالیسكانە باش بیریان لێكردووەتەوە! دەنگدانەوەی كزی ئەو زەنگوڵانە لە نێو چیاوكوێستانو گردۆڵكە دوورەكانو لە قوڵایی تەنیایی دەشتو بیاباناندا، بە شێوەیەكی خەمگین ئاسوودەییان بە مرۆڤ دەبەخشی. رۆژ بەرەو ئاوا بوون دەچوو، تاریكی لە كەلێنی شاخەكانەوە سەرەتاتكێی دەكرد. رێگە هەر نەدەبڕایەوە، لە ئاسۆی بەرانبەرەوە نە ئاوەدانییەكو نە درەختێك بەدی نەدەكرا...

لە ناخی خۆدا، بەرە بەرە هەستم بە ترس دەكرد. بیرم لەوە دەكردەوە ئەگەر شەومان بەسەردا بێت چارمان چیەو دەبێ چ بكەین؟

عەرەبانچییەكە جارجارێ، گالیسكەكەی رادەگرت، پشوویەكی بە ئەسپەكان دەدا. دیسان گەیشتینە ناوچەیەكی بەردەڵانی شاخاویو وەستاین، پرسیم: "زۆرمان ماوە؟"

پاش ئەوەی بە كاوەخۆ دابەزی، گوتی: " گەییشتین!"

ئەگەر پیاوێكی كامڵی بە تەمەن نەبوایە، لە دڵی خۆدا دەمگوت پێم ڕادەبەێرێ و، سەرم دەخاتە سەر. گوتم:

– چۆن، خۆ ئێرە نە ئاواییەکی لێیەو نە ئاوەدانییەك؟

یارۆی پیرەمێرد، بەدەم داگرتنی جانتاکەمەوە، بەرسڤی دایەوە:

– لێرەوە! دەبێ بەم ماڵاتە ڕێیەدا داگەڕێین. گوندی زینیلەر لێرەوە هەر پێنج دەققە ڕێیە. ڕێگەی گالیسکەی نییە.

بە ناو تاوێرانداو، بە نشێوێکی لێژدا داگەڕاین. لە خوارەوە، لەبەر تیشکی کزی زەردەپەڕی خۆرئاوادا،کاژستانێکی تاریك‌و چەند خانوویەکی دارین لە نێو باخانی بێ سەوزی‌و درەختاندا دەبینرا. زینیلەر، لە یەکەم نیگادا وا دەهاتە بەرچاو کە ئاگری تێ بەربووەو هێشتا دووکەڵی سووتانەکەی بە تەواوەتی نەڕەویوەتەوە. پێشتر کە باسی گوند دەکرا، کوختەێن جوان‌و پڕ چالاکیم لە نێوان سەوزەزاراندا، وەکو هێلانەی باڵندان لە هزرو زەیندا بەرجەستە دەکرد.

لە نزیکی کۆنە ئاشێکی وێرانەدا تووشمان بوو بە تووشی پیرەمێردێکەوە کە کەوایەکی لەبەرو شاشکێکی بە سەرەوە بوو. خەریك بوو چێڵێکی لەروو لاوازی، کە پەراسووەکانیت یەك یەك بژمارداییە، راکێش راکێش بە دووی خۆیدا رادەکێشا. کە ئێمەی بینی راوەستاو لێمان ڕاما. ئەم پیرەمێرە کوێخای زینیلەر بوو.... عەرەبانچییەکە دەیناسی. بە چەند وشەیەك منی پێی ناساند.

لە ژێر چارشێوە دەڵبەکەم‌و رووبەندە ئەستوورەکەمەوە هیچ کەسێك نەیدەتوانی پەی بە گەنجایەتیم بەرێت. بەم حاڵەشەوە دیار بوو بووبوومە مایەی سەرنجی کوێخا، چونکە بە سەرسامی نیگای دەکردم. چێڵەکەی بە منداڵێکی پێخاوس سپاردو بەخۆی پێشمان کەوت.

گەیی بووینە ناو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی گوند. ئێستا ماڵەکانم باشتر دەبینی. کۆنە ماڵەکانی خەلیجم وەبیرکەوتنەوە کە لەنگەرگایان بۆ وەستانی بەلەم‌و قەیاغان هەبوو، خانووەکانی ئەم گوندە زۆر لەو خانووانەی خەلیج دەچوون. ژێر ئەم خانووانە ئاغەڵ بوو، هەر یەکەیان چوار کۆڵەکەی بۆ داچەقێنرا بوو،وکاریتەیان بەسەرا رایەڵ کرابوو،و یەك دوو ژووریان لەسەرەوە دروست کرابوو، دەبوایە بە پەیژەیەك لە پەت‌و گوریس دروستکراو بۆ ژوورەکانی سەرەوە سەر بکەوێ... زینیلەر لە هیچ گوندێك لەو گوندانە نەدەچوو کە دیتبوومن یان بۆیان باسکردبووم.

لەبەر دەرگایەکی سووری باخچەیەکدا، کە هەر چوار دەوری تەیمان‌و پەرژین بوو، وەستاین. لەم گوندەدا، کە تا لە درەختەکانیشی نزیك دەبوویتەوە هەموو شتێك تاریك‌و رەش دەهاتە بەرچاو، ئەم دەرگا سوورە تەختەیە، یەکەم شتی رەنگین بوو کە دەمبینی.

کوێخا بە مست کەوتە لێدانی دەرگاکە. لەگەڵ هەر لێدانێکی دەرگاکەدا، واتدەزانی هاکا دەرگاکە بکەوێت. ئەوجاش دەرگا نەدەکرایەوە.

زاتم دایە بەر خۆو گوتم: "وا دیارە کەس لە ماڵ نییە".

کوێخا سەرێکی باداو گوتی:

– دیارە خەدیجە خانم خەریکی نوێژی ئێوارەیە... پێویستە کەمێك سەبر بکەین.

عەرەبانچییەکە پەلەی بوو، جانتاکەی لەبەر ماڵەکە داناو ڕۆیی. کوێخاش کەواکەی هەڵکردو لەسەر ئەرزەکە چینچکانی دایەوە. منیش لەلای جانتاکەمەوە ڕۆنیشتم‌و دەستمان بە قسان کرد...

***- شەوی کەسك ( ١٩٢٨ ):**

رەشاد نوری گونتکین دەربارەی رۆمانی شەوی کەسك دەڵێت: "نووسینی ئەم رۆمانە رێکەوتی شۆڕشەکانی ئەتاتورك‌و رێنماییە عەلمانییەکانی ئەو بوو. ئەمیش لە رووی ئەو هەراو هەنگامەیەوە کە نایەوە، شتێك بوو لە بابەتی مەسەلەی دریفوس (*ئاماژەیە بۆ ئەو رووداوەی کە لە ساڵی ١٨٩٤دا لە فەرەنسادا دژی جولەکەکان، بەرپا بوو.*) نەمدەزانی لە ژینگەیەکی پڕ لە نائومێدی‌و وابەستەگی نەزانانەدا کە هەموو شتێك وەکو رابردوو بوو، چۆن دەکرا خوێندنی زانستی‌و نا ئاینی بخرێتە ریزی پێشەوە. بیرم دەکردەوە ئەگەر ئەو دەستە پۆلاینەی کە بە گۆشت‌و ئێسقان هەستی پێدەکەین، رۆژێ لە رۆژان نەمێنێ چ دەبێ. بیرم لەو سیمایانە دەکردەوە کە ستەمدیدانە دوعایان بۆ شۆڕش دەکردو وتاریان دەداو من بە هیوای رۆژێك بووم کە دەمامکەکان لە رووی ئەو کەسانە لاببەن. ئیدی ئەو هەستە هانی دام روو بکەمە نووسینی رۆمانێن ئەدەبی، سیاسی، یان بە گوتەیەکی دروست تر تاکی تەرازووی ڕۆمان نووسینی منی بەولایەدا قورس کرد." ئەم رۆمانە کە باسی رووبەڕووبوونەوەی مامۆستایەکە بە ناوی شاهین دەگەڵ عەمامە بەسەراندا، لە راستیدا بەدرێژەی ڕۆمانی سینە سوور دێتە ژماردن، لێ لە روویەکی ترەوە. شاهین ماوەیەك لە قوتابخانە کۆنەکاندا خوێندوویەتی، بۆیە شارەزایی لە باری دەروونی کۆمەڵگەی عەمامە بەسەران هەیە، نها لەسەر داوای خۆی لە گوندێکی دوورە دەستدا خەریکی مامۆستایەتی‌و وانە گوتنەوەیە. شاهین پاشان دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە لە قوتابخانە مودێرن‌و تازەکاندا بۆ رێگەی رزگاری نیشتمان بگەڕێ.

عەلی شاهین منداڵە گوندییەکە کە بۆ خوێندن دێت بۆ ئەستەموڵ. دەچێتە قوتابخانەیەکی ئاینی، فەقێ‌و قوتابیەکی باوەڕدارو دروستکارە. هەموو خۆزی‌و ئاواتێکی ئەوەیە کە بچێتە ریزی لەشکری خۆبەخشانی موسوڵمان‌و خزمەتی کاروانی یەکێتیی ئیسلام بکات. هیچ گومانێکی لەوە نییە کە ئەنجام رۆژێ دێ هەموو جیهان لە سایەی ئاڵای کەسکی ئیسلامدا یەك دەگرێت. تێپەڕبوونی رۆژگار، بیروباوەڕی ئەم رۆحانییە گەنجە ژێروبان دەکات، دەیگۆڕێت. ئەو دام‌و دەزگاو دنیایەی ئەو کاری تیا دەکات‌و دڵی پێی خۆشە لە رووی ماناوە هەرەسی هێناوە. ئاینیان کردووە بە ئەوزاری ستەم، گەندەڵی‌و بەرژەوەندی پەرستی. ئەو مامۆستاو زانایانەی کە دڵی پێیان خۆش بوو نەزان‌و ترسنۆکن. عەلی شاهین کە هەندێ پرسیاران دەباتە نك زانایانی بە رواڵەت ئاینی، هیچ بەرسڤێکی قەناعەتبەخشی دەست ناکەوێ‌و تووشی نا ئومێدی دەبێت. باوەڕی لەق دەبێت‌و ئەمەش بەرەو گومانداری دەبات. دەگەڵ ئەم قەیرانەدا لە حاڵێکا کە چیوای نەماوە خوێندن تەواو بکات، ئەو قوتابخانەیە تەرك دەکات‌و دەچێتە خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان. دەکەوێتە خوێندن‌و فێر بوونی زانستێن مۆدرین‌و تازە، پاش ماوەیەك دەگاتە ئەم قەناعەتەی کە تاقە رێگەی رزگاری نیشتمان، بە قوتابخانانی تازەدا دەڕوات. خوێندن تەواو دەکات. لەسەر خواست‌و داوای خۆی بۆ باژێرۆکی ساری ئاوا لە پارێزگای ئەزمیر، دەڕوات، لەوێندەر لە قوتابخانەی سەرەتایی ئەمیر دەدە وەکو مامۆستا سەرگەرمی دەرسگوتنەوەو

مامۆستایەتی دەبێت. زۆربەی خەڵکی ساری ئاوا کە نقومی نەزانیو جەهالەتن خەڵکانی شاشك بەسەرن. ساری ئاوا ناوچەیەکە کە پاش بویەرو رووداوەکانی سیو یەکی مارت بووە بە بنکەی خڕ بوونەوەی نەزانانو توندڕەوان کە ئاینیان کردووە بە ئەوزاری دابینکردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان. عەلی شاهین دەکارێت لە قوتابخانەو لە مەڵبەندو بنکە جیاوازەکانی شاردا هاوبیرانێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئیدی ئەوانە دەست دەدەنە دەستی یەکدیو چالاکی خۆ دەکەن. لێ توندڕەوانو خەڵکانی سەر بەوان لە هەموو روویەکەوە دەکەونە بەربەرەکانییان. ئەوانە خەڵکی هاندەدەن کە منداڵەکانیان لە قوتابخانە دەربێننو بیانخەنە حوجرەی خوێندنو فێرکردنی قورئان. جا بۆ وەدەرنانی مامۆستای گەنج لە شار، پەنا وەبەر هەر فەندو فێڵێك دەبەن.

عەلی شاهین، بوێرانە درێژە بە رێگەی خۆی دەدات. رۆژێك مەزارەکەی کەلامی بابا ئاگری تێ بەر دەبێت. کەلامی رەمزی روحی بە کۆمەڵو پارێزەری شارە. توندڕەوان لە سەرەتادا هۆی ئەم بویەرە دەگێڕنەوە بۆ غەزەبی خوایی. بەڵام دوای ماوەیەك لێدەبڕێن سەبەبکاری ئەم رووداوە بدۆزنەوەو ئەم کارەش ئەنجام دەدەن. نیهادە فەندی مامۆستای ماتماتیكو زمانی فەرەنسی لە ئامادەیی شارا، بە خەتابارو سەبەبکار لە قەڵەم دەدەن. ئیدی چەند شایەتێکی ساختە خڕ دەکەنەوە کە نیهادە فەندی دەستگیر بکرێت. ناوی دژمنی شەریعەتی بەسەرا دەبڕنو ئاپۆرای خەڵکی هێرشی بۆ دەبەن. کلاوێکی شاخداری دەکەنە سەر، بە کوچەو کۆڵانانیدا دەگێڕنو لە دواوە تەپڵو تەنەکەی بۆ لێدەدەن. لە کاتێکا کە چیوای نەمابوو نیهادەفەندی بە دەستی ئەو خەڵکە بێتە کوشتن، کازم ئەفەندی سەرۆکی فیداکارو هۆشمەندو بە ئاوەزی مەخفەر، گیانی خۆی دەخاتە تالوکەوەو نیهادە فەندی لە مردن رزگار دەکات. پاش ماوەیەك دەردەکەوێ کە کوڕی زەیەوانی مەزارەکە، شتە بە نرخەکانی ناو مەزارو ئارامگاکەی دزیوەو ئاگری بە بینای مەزارەکەوە ناوە. ئاخرو ئۆخری جەنگی جیهانی یەکەمە. دژمن هێرش بۆ ئەنادۆڵ دەکات.

یۆنانییەکان لەم سەروبەندەدا ئەزمیرو ساری ئاوایان داگیر کردووە. عەلی شاهین بە رواڵەت دۆستایەتی داگیرکەران دەکاتو ژێراوژێر بە سوود وەرگرتن لەو دۆستایەتییە رواڵەتییە، کۆمەکی خەباتگێڕانی نیشتمانی دەکات. ئەو ئەفسەرانەی کە نەیانتوانیوە لە شار وەدەربکەون، بە جلو بەرگی رۆحانیانەوە بۆ بەرەی خەباتگێڕان رەوانە دەکات. دژمن کە بەمە دەزانێت، دەستگیری دەکاتو بۆ یەکێك لە دورگەکانی یۆنانی رەهەنەدەکات...

ئەمێستا جەنگ تەواوبووەو نیشتمان خۆیبوونی خۆی بە دەست هێناوە. رژێمی کۆماری راگەیەنراوەو شۆڕشەکانی ئەتاتورك دەستیان پێکردووە. شاهین لە یەخسیری رزگار دەبێت، بۆ وڵات دەگەڕێتەوەو بۆ ساری ئاوا دێت. حەزدەکات بە ورەیەکی بەرزو پڕجۆشو خرۆشەوە بکەوێتە چالاکی. بەڵام بە رواڵەت هەموو شتێك لە ساری ئاوادا گۆڕاوە. ئەو توندڕەوانەی کە رۆژێ لە رۆژان دژمنایەتی زانستو قوتابخانەیان دەکردو هاودەستیوهاوکاری دژمنیان دەکردو پەنایان وەبەر دژمن دەبردو چاوەڕوانی کۆمەكو یارمەتی دژمن بوون، ئەمێستا شەپقەیان لەسەر کردووە، چاکەتیان لەبەر کردووە، ردێنیان تاشیوەو لاف شۆڕشگێڕیی لێدەدەن. دیسان شار بە

دەستی ئەوانەوەیە. دەربارەی شاهینیش دەنگۆیان بڵاوکردووەتەوە کە خایەنەو دژی خەباتی نەتەوەیی وەستاوەو هاوکاری دەگەڵ دژمندا کردووە. شاهین، کە بۆ زانینی شوێنی وەزیفەو کارەکەی بۆ دایەرەی مەعاریف رۆیی بوو،دەردەکەن. ئیدی ساری ئاوا بەجێ دێڵێ. دڵی شکاوەو خەمین بەڵام بە هیواو ئومێدە. بڕیار دەدات بۆ ئەنکەرە بڕوات. هەموو راستییەکان لە ئەنکەرەدا کەشف دەبێت. ئەمە بەشێکە لە دەقی رۆمانەکە:

هەرچەندە شاهین لایەنگری گوتنی ئاشکرای راستی بوو، لێ بۆچوونی خۆی لەمەڕ ئاین بە راشکاوی دەرنەدەبڕی. لە قوتابخانەوە فێر بوو بوو کە خەڵکی لەم جۆرە هەڵوێستانەدا تا چ رادەیەك فێڵبازانە رەفتاردەکەن.

بە هەرحاڵ بەختەوەری مرۆڤان لە ماوەی تەمەنی کورتیاندا، روحی ئەویان، کە رۆژگارێ بە ئارمانجێن مەزن ئاوەدان بوو بوو، رازی نەدەکرد. هەندێجار کە خەم باڵی بەسەریدا دەکێشاو لێی دەبوو بە جۆرە نەخۆشیەکی کۆن و بە درێژا، لەبەر خۆوە بیری دەکردەوە:

– ئایا ئاگادار بوون لە رەوتەنی بوونی لەزەتان نابێتە هۆی ئەوەی دڵیان پێ خۆش بکەین؟ باخچەیەکم هەیە کە پیاسەی تیا دەکەم، درەختێکم هەیە کە بەرەکەی دەخۆم، پەنجەرەیەکم هەیە کە ناو بە ناو دەیکەمەوە، دەڕوانمە شەقام و یان دیمەنی دەریاکەی بەرانبەرم. هەر هەموو ئەمانە جوان و دڵگیرو لەبەر دڵانن. لێ چبکەم رۆژێ دێ دەمرم و هەر هەموو ئەمانە بە جێدێڵم. رۆژێك دێت کە ناتوانم لەزەت لەمانە ببینم. ئایا کە مرۆڤ پەی بەم حەقیقەتە برد ئیدی دەرفەتی شادمانی و بەختەوەری تەواوی دەمێنیٚ؟.

ئەم مەسەلەیە، لە سەرەتاوە بۆ شاهین مە تەڵێکی ئاڵۆزو بەڵاو نسیبەتێکی گەورە بوو. لێ بە تێپەڕ بوونی رۆژگار، رێگەیەکی بۆ تەسەلای دڵی خۆی لەم بوارەدا دۆزییەوە:

– ئەگەر بتوانم کەسانێك بدۆزمەوە کە درێژە بە رێگاکەم بدەن، کەسانێ کە مینا من بن، وەکو من بیر بکەنەوە، هەمان هەستیاریی منیان هەبێت و وەك من بپەیڤن ئایا تا ئەندازەیەك سوکنایی بە روحم نابەخشێت؟ لەو حاڵەتەدا بۆ نموونە سەد ساڵی دی لەم شەقامەدا بە هەمان زمانی من قسان دەکرێت،و کەشتیەکان لە دەریاکەی بەرانبەرمدا بە هەمان بەیداخی دڵخوازی منەوە هاتوچۆ دەکەن. ئاخۆ لە حاڵ و رەوشێکی وەهادا هەست ناکەم کە هێشتا زندووم؟ ئەگەر پاش مردن، زمان و هەستێن من بە دەقی خۆوە بمێنن و حەزو ئارەزووەکانی ئەمڕۆم رەنگی واقیعیەت لە خۆ بگرن ئایا ئەمە واناگەیەنێت کەمن بەلای کەمەوە تا ڕادەیەك لە بوونی خەڵکانی دیدا زندووم؟

ئەم خەیاڵاتە کە پێشترو لە ڕوانگەی فەقێیەکەی دوێنێماندا بە سەفسەتەو گەمەێن هزر ناو دەبرا، لە روح و دەرونی ئاتاج بە باوەڕو ئیمانی ئەودا بەرە بەرە ڕەنگی حەقیقەتی وەردەگرت. ئەگەر لە پاش مەرگ، خۆت لە کۆمەڵێکدا بدۆزێتەوە لە خۆت بچن و هاو ئاوات و ئارەزووی خۆت بن، کۆمەڵێك کە بە زمانی تۆ باخفن... ئیدی شەهید بوونی تۆو خەڵکی تر بۆ ئەو کۆمەڵە، ناکاتە بەڵا و نسیبەت.

شاهین ئەفەندی کە لەم قەیرانە دەروونییە دەرباز بوو، ئیدی بوو بە نیشتمانپەروەرێکی ئاگرینی ئەوتۆ کە ئەبەدی بوون یان ڕەوتەنی بوونی ژیانی شەخسی ئەوەندە بەلاوە گرینگ نەبوو. باوەڕی وابوو تا جماعەتێك، کە وەکو ئەو قسە بکەن و مینا ئەو هەست بکەن، پەیدا نەبێت و دانەمەزرێت ئەو وەکو قەترەیەك دەبێت لە دەریادا.

زاهیری هیچ هۆیەکی نیگەرانی لە نك مامۆستایەکەمان نەمابوو. هەستی دەکرد دەتوانێ بەوپەڕی ئاسودەیی دەروونییەوە خۆی بۆ کار تەرخان بکات و دریغی لە هیچ فیداکارییەك نەکات.

قەرار بوو ئەنجوومەنی شارەوانی دوای هەفتەیەك پرۆژەی نەجیب قەبوڵ بکات. لێ کاتێ کە دەست بە پرۆژەکە کرا کێشەیەکی دژوارتر هاتە ئاراوە. لە سوچێکدا، لەسەر زەوییەکدا کە ئەوقاف دابووی بە مەعاریف قوتابخانەیەکی کۆن هەبوو. قوتابخانەکە راستت گەرەکە کەلاوەیەك بوو بۆخۆی. ئەوەندە وێران بوو کە بەکەڵکی نوێژەنکردنەوەش نەدەهات. ئەو فەقێیانەی کە لەوێندەر بوون، بە هۆی رتوبەت و کەمی روناکی هەتاوو نەبوونی تیمارخانەوە هەر هەموویان نەخۆش و دەردەدار بوون. جا بینای ناقبری رێك لە ناوەڕاستی ئەو شەقامەدا بوو کە حکومەت سەرقاڵی دروستکردنی بوو. لەبەر ئەم دوو هۆیە بوو کە پێنج شەش مانگ لەوە پێش بڕیار درا بوو قوتابخانەکە بروخێنرێ و فەقێیەکان بۆ جێیەکی دیکە بگوازرێنەوە. بەڵام بەیانییەك کە کرێکاران بەبێڵ و قازمە و قوڵینگەکانیانەوە لەبەر قوتابخانەکەدا ئامادە دەبن، هەراوزەنایەك پەیدا بوو. فەقێکان دەیانگوت قاییل نابن شوێنێکی پیرۆزی وەکو ئەم قوتابخانەو حوجرەیە بە بیانووی پوچی وەکو کردنەوەی رێگەو... بڕوخێنرێ. دەیانگوت ئەگەر دەوڵەت هەر سووربێ لەسەر ئەم کارە با بینای قوتابخانە وحوجرەکەیان بەسەردا بڕوخێنێ. دەیانگوت ئێمە بەڵێنمان داوە لێرە نەجوڵێین و ئامادەین لە ژێر دارو پەردووی قوتابخانەکەدا زندە بەچاڵ بکرێین. ئیدی ئەڵلاهو ئەکبەریان دەکرد و بانگیان دەدا.

هەرکەسێك کە بەمەسەلەکەی دەزانی، کاروکاسبی خۆی بەجێدەهێشت و بەهشتاو بەرەو قوتابخانەکە دەهات. لە مەیدانەکەی بەرانبەر قوتابخانەکەدا، دوای نیو سەعاتێك ئاپۆڕایەکی ئەوتۆ خڕ بووەوە دەتگوت رۆژی حەشرە. فەقێیەکان بە توڕەیی و ناڕەزایی دەستە دەستە دەهاتن و دەچوون و پیرەژنان و منداڵان لە حەژمەتاندا دەگریان. لە جەرگەی ئەو هەراو هەنگامەیەوە دەنگۆیەك، بێ ئەوەی سەرچاوەکەی بزانرێ، بەلەز بڵاو بووەوە. دەگوترا یەکێك لە ئەولیا گەورەکان، لە ودمدارەکان لە قوتابخانەکەدا نێژراوە... فەقێکان دەمێکە لە شەوێوە تا بەیانی بانگی خوایی و دەنگی دڵگیری ئەڵلاهو ئەکبەر دەژنەون و لەو سەری لمەلانە تاریکەکانەوە، نورێکی کەسك دەبینن کە بەردەوام لە حاڵی هەڵاتن و ئاوابووندایە...

موفید بێگ کە یەکێك بوو لە ستاندارەکان، بە گالیسکە بۆ قوتابخانەکە هات و فەقێکانی ئامۆژگاری کرد. بەڵێنی دانێ کە لەو قوتابخانانەدا کە بۆیان دانراوە، زۆر ئاسودەتر دەبن، بەڵام ئەوان بە هیچ شتێك رازای نەبوون. دەیانگوت: "لە ئاستی حکومەتا ملمان لە موو باریکترە... قوتابخانەکە بڕوخێنن. ئێمە لێرە دەرناچین. دەمانەوێ بکەوینە ژێر دارو پەرووەکەوە، پارچە پارچە ببین و شەهید ببین. دەمانەوێ بە جلی سووری خوێنەوە بچینە حوزوری پەروەردگاری

بەرزو بالا". و سوور بوون لەسەر قسەی خۆیان. بەڕێوەبەری بەرپرسی دەستەکە، دوای ستاندار کەوت. جابربێگ دیسان جلە ڕاوییە یەخە خورییەکەی پۆشی بوو، چەکمەی لە پێ بووو تەرکەیەکی بەدەستەوە گرتبوو. تۆزێ لەوە پێش تریش داوای لە فەرماندەی جاندارمری کرد بوو لەگەڵیا بڕوات. لێ عوبێد بێگ بەرسڤی دابووەوە: " قوربان داوای بوردن دەکەم... بە خۆت من دەناسیتو دەزانیت چ بیرو باوەڕێکم هەیە. ئەگەر پێویست بکات، بێ چەندو چوون ئامادەم بەتاقی تەنیا بەرانبەر بە لەشکرێك بوەستم، بەڵام لە وەلیانی خودا. دەترسم... بە تایبەتی لە ئێستا دا کە هیچ هەستانو ڕاپەڕینێك دژی دەوڵەت لە ئارادا نیە.. ئەم هەژارانە دژی روخاندنی قوتابخانەکە نین... دەڵێن دارو پەردووەکەیمان بەسەردا بڕوخێنن، ئێمە گەرەکمانە شەهید ببین. خۆ ئەمە تاوان نیە...

ستاندار کاتێ کە لە بەڕێوە بەری بەرپرس نا ئومێد بوو هەنگێ دەستووری بە ڕەشیدە فەندی پیرە بەرێوە بەری پۆلیس دا کە بەخۆو مەفرەزەیەك لە مامورانی ژێر دەستی خۆیەوە بەگەڵی بکەون. هەنگێ دووبارە سواری گالیسکەکەی بووو هات بۆ شوێنی هەراکە. بەردەم قوتابخانەکە قەرەباڵغ بوو، لێ ڕەوشەکە تاڕادەیەك ئارام بوو بووەوە. سەقا،شەربەت فرۆشو چەرچیانی وشکەبار فرۆش بەنێو ئەو خەڵکەدا کە لە شەکەتیدا لە عاردی، لە پاڵ دیوارەکانو لەبەر دەرگاکان چینچکیان دابووەوە، دەگەڕان.

لەگەڵ دەرکەوتنی گالیسکەکەی ستاندار بێگدا ئیدی قیامەتێ ڕابوو لەو گۆڕە. پەردەی دووەم دەستی پێدەکرد.

وشکەبار فرۆشەکان کڕینو فرۆشتنیان ڕاگرت، لە ترسی ئەوەی نەکەونە ژێر دەستو پێیانەوە، شتەکانیان بۆ شوێنێکی سەلامەت گوێزایەوە، دایکان لە ترسی ئەوەی منداڵەکانیان لە ژێر دەستو پێیاندا نەپلیشێنەوە، سەریان لە پەنجەرەکانەوە هێنابووە دەرو بە دەنگی بەرز بانگیان لە منداڵەکانیان دەکرد.

دەستانی بە سام وپێیانی زلی ستاندار بێگ مێرولەی دەکرد، بەڕێوەبەری پۆلیسیش کە تەمەنێکی بردبووە سەرو لە مێژ بوو دووچاری هەوی مێزڵدان بوو بوو هەر کە دەستورەکەی ستانداری وەرگرت، یەکسەر بەرەو ترومپاکە غاریداو خۆی بەتاڵ کردەوەو دەستنوێژی تازە کردەوە. بەردەوام لەبەر خۆیەوە بیری لەوە دەکردەوە ئایا چوون دەگەڵ کەسانێکدا کە گەرەکیانە مەزاری یەکێك لە وەلییانی یەزدان بڕوخێنن، بۆ کەسایەتی ئەو کە هەموو تەمەنی خۆی لە تاعەتو خواپەرستیو پارێزکاریدا بردۆتە سەر شیاوە؟.

***

موفید بێگ ئەمجارەیان لە گالیسکەکە دانەبەزیو فرمانەکەی لە ڕێگەی بەڕێوەبەری پۆلیسەوە بە فەقێکان ڕاگەیاند.

حاجی ڕەشیدەفەندی پتر لە دە دەقیقەیەك لە ناو قوتابخانەکەدا مایەوەو هەنگێ دڕی بە ئاپۆڕای خەڵکەکە داو بەرەو گالیسکەکەی ستاندار بێگ ڕۆیی. سیمای پیرەمێردی بەلەنگاز بە

تـەواوەتی شـێوا بـوو. بەڕێوەبـەری پـۆلیس پـێش ئـەوەی زار هـەڵێنێ، سـتاندار یەکسـەر مەبەستەکەی زانی. موفید بێگیش وێڕای ئاکاری ئارام‌و تەبیعەتی کپ‌و مەندی خۆی، ئیدی تورە بوو بوو. دەبوایە بە هەر حاڵێ بووە، کۆتایی بەم جم‌و جۆڵە نەشیاوە بهێنرێ. ستاندار فەرمانی بە مامورانی روخاندن دا هەرچی زووترە بە بێڵ‌و کوڵینگەکانیانەوە دەست بەکار بکەن‌و داوای لە مامورانی پۆلیسیش کرد کە قوتابخانەکە بە تەواوەتی بخەنە ژێر چاودێرییەوەو هەر کەسێك رێگەی لە روخاندنی گرت، دەستگیری بکەن.

فـەقێکان هەرکـە بـە بڕیارەکـەیان زانـی دەرگاکـانی قوتابخانەکـەیان داخسـت‌و بـە دەنگێکـی ترسناك، کـە لـە ژاوەژاوی کەسـانێك دەچـوو کـە لـە گۆڕسـتان بگەڕێنـەوە، دەسـتیان بـە ئـەڵلاهو ئەکبەر کرد. هەراو زەنای خەڵکی سەر شەقامەکە کپ بوو بووەوە.

کڕی‌و کپی باڵی بەسـەر خەڵکەکـەدا کێشا بوو. لـە پڕ دەنگێکی چوون ئاهوناڵـە هاتـە گـوێ. کابرایـەکی زلحۆرتی ریشـن کـە کراسـێکی کەسـکی بـێ یەخـەی لەبـەر بـوو، لەبـەردەم مـامورانی روخاندنی قوتابخانەکە وەستا بوو. ئەم کابرایە دەیویست هەر چۆنێ بووە دەست بە کار بێ‌و بە خـۆی یەکـەمین کـوڵینگ داوەشـێنێ. بەڕاکـە ڕاك‌و هەشـتاو بـەرەو یـەکێك لـە پەنجـەرەکانی قوتابخانەکە رۆیی‌و کوڵینگەکەی هەڵبڕی. بەڵام لەو دەمەدا کە دەیویست کوڵینگەکە دابێنێتـەوە، هاواری کرد: "خودایا...."و یەکسەر لە عاردی تەخت بوو و بورایەوە. ئەو کرێکارانەی کە قەرار بـوو دەسـت بـە روخانـدنی قوتابخانەکـە بکـەن، بێـڵ‌و کوڵینگـەکانیان فـڕێ داو بـەدەم هـاوارو فیغانەوە، تۆبەو ئیستیغفاریان دەکردو هەریەکەو بەلایەکدا هەڵاتن.

کرێکـارێکی ریشـن کـە لـە خـۆ چووبوو و تـەختی عاردی بوو بوو جار جارێ هاواری دەکـرد: "خودایـا...." هیچکەسـێك لێـی نزیـك نـەدەبووەوە، سـتاندار دەسـتوری دا کـە خێـرا بـۆ نەخۆشخانەیەکی ببەن‌و چونکە هیچ کارێکی دی نەما بوو کە ئەنجامی بدات گەڕایەوە.

دوای دەقیقەیـەك، ئـاپۆڕای ئـەو خەڵکـەی لەوێنـدەر خـڕ بـوو بوونـەوەو ئـەو ژنانـەی کـە لـە پەنجەرەکانــەوە تەماشــایان دەکــرد، بــە چــاوانی ئەبڵــەق‌و ترســاوەوە، لــە کاتێکــا موویــان لێنەدەبزووت، رووداوەکەیان بۆ یەکدی باس دەکرد. دەیانگوت: ئەم پیاوە کە بۆ حەوت هەشت فرۆش ئامادە بوو مـەزاری یەکێك لە وەلیانی خـودا بڕوخێنێ، رێك لـەو کاتـەدا کە دەیویست کوڵینگەکەی بوەشێنێ پیری فانی بە دەموچاوە نورانی‌و عەمامە کەسکەکەیەوە لە بەردەم خۆیدا دەبینێ کە بەیـداخێکی سـەوزی بـە دەسـتێکەوەو دار عەسـایەکی گـەورە بـە دەسـتەکەی دییـەوە بـووە. پـیری فـانی نـەفرەتی لـە کرێکارەکـە کـردووەو دارێکـی بـە تـەوقی سـەریدا داوەو بوراندویەتییەوە...

کرێکارەکە هێشتا بەخۆی نەهاتبووەوە، پۆلیسەکان خەریك بوون هەڵیاندەستانەوەو، ئەویش بە هەموو قورسییەکی خۆیەوە، خۆی بەوان سپاردبوو. چاوانی نوقا بوون، قژی سەرو ردێنی تێکەڵاو بووبوو، بە دەنگێکی گیراو و ترسناك وڕینەی دەکرد.

شاهین ئەفەندی، لەسەر ئەو بەردانەی کە سەرۆکی شارەوانی بۆ بینای قوتابخانەی تازەی نارد بـوو، دانیشـتبوو و تەمەشای رەوش‌و رووداوەکـانی دەکـرد. راسـم‌و نـەجیب دێوانـەش لەلایـەوە

وەستا بوون، فەقێیەك خەریك بوو مەسەلەکەی بۆ دوو دێهاتی شەرح دەکردو ئەوانیش بە چاوانی ئەبڵەقەوە، بە سەرسامی سەریان دەلەقاندو گوێیان لە قسەکانی ئەو دەگرت.

شاهین ئەفەندی بەخۆی نەوەستا، پرسی:

– برا گیان.... ئەو کرێکارەی کە بە زەبری دارعاساکەی پیری فانی بورابووەوە هێشتا بە خۆ نەهاتووەتەوە، باشە کەنگێ ئەم شتانەی بۆ تۆ گێڕاوەتەوە؟

فەقێیەکە بە توڕەیی نیگایەکی کرد، پشتی تێکردو لەوێندەر دوورکەوتەوە.

نەجیب دێوانە گوتی: چۆن بوو دوغان بێگ، سیناریۆی فەقێکانت بە دڵ بوو؟ پێت وایە هونەرمەندانی ئەوروپایی بتوانن بەم وەستاییە کۆمیدیایەك پێشکەش بکەن؟ گومانم لەوە نییە کە نووسەرو دەرهێنەری ئەم کۆمیدیایە، ئەیوبە فەندی بووە.

شاهین ئەفەندی، بە پێچەوانەی نیازپاکی هەمیشەییو تەبیعەتی گەشبینانەی خۆیەوە، لە فکران ڕاچوو بوو و نائومێدانە دەمی لێك نابوو، سەری سەلماندنی بۆ قسەکەی دۆستەکەی لەقاند.

راسم هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو بە کەسەرەوە لە ژێر لێوانەوە گوتی:

– ئەمانە قەت نایەنە ڕەدا، دەترسم کە تا چەند سەدەیەکی دیکەش نەتوانین وڵات لە دەست ئەم خەڵکە توندڕەوانە رزگار بکەین.

شاهین ئەفەندی کە بینی دۆستەکەی بەم رادەیە نا ئومێدو رەشبینە، گوتی:

– راسم ورە بەرمەدە. ئەگەر بتوانین لەو قوتابخانە تازەیەدا کە لێرە دادەمەزرێت، وەچەیەك پێ بگەیەنین کە وردبینو بە سەرنجو ژیر بێتو، پرسیاری وەکو ئەو پرسیارە بکەن کە من تۆزێ لەوەپێش کردم، ئێمە براوەین.

دوای هەفتەیەك، رۆژێ نەجیب دێوانەی، ئەندازیاری شارەوانی بە خۆی بۆ چاودێری پاکسازی رێگاکان هاتبوو. پیاوێکی کارامەو لێهاتوو زرینگ بوو. دارەڕا، بەنایی، گەچکاری، نیگارکێشیو زۆر کاری دیکەش بەڵەد بوو. کە بیدیتبا کرێکارەکان باش کار ناکەن یەکسەر بەخۆی دەچووە سەربان یان دەچووە سەر ئەسکەلەکان، بێڵو قازمەکانی لە دەست وەردەگرتنو بەپەلە دەستی بەکار دەکردو هەرچییەکیان نەزانیبا فێری دەکردن،ئەو رۆژە جلو بەرگی کرێکارانی پۆشی بوو، سواری گالیسکە ماتۆڕییە تازەکەی شارەوانی بوو بوو و سەرقاڵ و مژوڵی پاککردنەوەی رێگا بوو.

رێك لەگەڵ بانگی نیوەڕۆدا رووداوێك قەوما. گالیسکە ماتۆڕییەکەی ئەندازیاری شارەوانی کە زۆر قورس بوو، بە هۆی زیکزاكو پێچکردنەوەیەکی هەڵەوە خۆی بە دیوارە سستو رزیوەکەی قوتابخانەکەدا، کە دیرەکێکیان بۆ کردبوو بە پشتەك. بیناکە کەوتە لەرزینو دەنگێکی سامناکی لێ بەرز بووەوە. لایەکی دیوارەکە روخا. شووشەکان شکانو بەشێك لە شایگەری سەقفەکە کەوتنە خوارەوە. خۆشبەختانە زۆربەی فەقێکان بۆ نوێژی نیوەڕۆ چوو بوون بۆ مزگەوت. چەند فەقێیەك کە لە قوتابخانەکە مابوونەوە بەدەم خودا هاوارەوەو لە نێو تەپوتۆزدا، کەواکانیان وەکو

باڵێن زامدار هەڵدەتەکاندو بەملاو بەولادا غاریان دەدا. ئەوانەی کە گوێیان لە دەنگی هەرەسی دیوارەکە بوو بوو، دووبارەو بە پەلە خۆیان گەیاندەوە قوتابخانەکە. لەم دەمەدا یەکێك لەبەرپرسانی پۆلیس، بە خۆو پێنج شەش پۆلیسەوە پەیدا بوو.

نەجیب دێوانە کە لە کاتی تامپۆنەکەدا چەناگەی بەر ئاسنێك کەوتبوو و بریندار بوو بوو، دەستەسرە خوێناوییەکەی بۆ بەڕێوەبەری پۆلیس تەکان داو هاواری کرد:

– خەتەرە. هەموو بیناکە لە روخاندایە، هاکا هەرەسی هێنا... خەڵکەکە دوور بخەنەوە.

پۆلیسەکان قەمەکانیان لە کێلان دەرهێناو بە پەلە ریزیان بەست. چەند فەقێیەکی شپرزەو پەرێشان بە غار لە مزگەوتەکەوە دەهاتن‌و هاواریان دەکرد: "... واوەیلا بە حاڵمان.. شتەکانمان، کەلوپەلەکانمان... کتێبەکانمان... پارەکانمان...." ئەوانە دەیانویست هەر چۆنێ بووە ریزی پۆلیسەکان ببەزێنن‌و خۆ بە قوتابخانەکەدا بکەن، لێ مامورانی پۆلیس دایاننە دواوەو رێیان نەدان، ئەندازیاری شارەوانی دەمودەست راپۆرێکی ئامادەکرد. بینایەکە بە هۆی تامپۆنێکەوە بە تەواوەتی لەق بوو بوو وبەشێکی روخا بوو. لە راپۆرەکەدا نووسی بووی ئەگەر بینای قوتابخانەکە بەو حاڵەوە بەجێ بهێڵرێ، لەوەیە هەر هەمووی بە جارێ هەرەس بێنێ‌و رەنگە زیانی گیانیشی لێبکەوێتەوە. بۆیە روخاندنی بینایەکە پێویستە. دوا بە دوای ئەم راپۆرە یەکسەر دەستیان بە کارکرد. بەر لە خۆرئاوا هەموو شووشەو دەرگاکانی قوتابخانەکەیان بە ساغی دەرهێنا بوو.

شاهین ئەفەندی هەندێ لە دیدو بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی روحانیان، بە ئاشکرا دەگوت‌و بەڕێوەبەری پۆلیسش ئەو قسانەی لە گیان خۆش بوو. دەستەکانی بە یەکدا دەماڵین‌و بە پاکی‌و بێگەردی منداڵە مەکتەبلییەکی سەرەتاییەوە دەیگوت:

– برادەر! باوەڕ بکە منیش ئەم شتانەم دەزانی، لێ نەم دەتوانی وەکو تۆ بەڕێك‌و پێکی‌و بە ئاشکرا بیاندرکێنم.

بەڕێوەبەری پۆلیس، یانی هەمان کازمەفەندی لەمەڕ خۆمان، پشتیوانی لە هەندێ دیدو بۆچوونی شاهین ئەفەندی کردو بەمجۆرە ئومێدەوارتری کرد. بۆیە لە بن لێوانەوە دەیگوت: "دەردە دڵەکانی ئێمە هەندێجار دەبێتە مایەی رەشبینی‌و بێ ئینسافیمان. دەڵێین ئەم توندڕەوو کۆنەپەرستانە دەبنە مایەی داڕوخانی میللەت. لێ ئەم نەخۆشیە بەو رادەیەش گەورەو قووڵ نییە کە ئێمە وێنای دەکەین... بەڵێ قوتابخانە کۆنەکان ژمارەیەك لە رۆڵەکانمان‌و هەندێ کەسانی کۆڵکە خوێنەوار یان بۆ خۆیان راکێشاوە، داماویان کردوون‌و کاریان تێکردوون... بەڵام کارێکی زۆریان لەو خەڵکانە نەکردووە کە بەکارو کاسبی‌و ماڵ‌و منداڵی خۆوە مژوڵن‌و دنیای تایبەتی خۆیان هەیە..." نابێت هەق بەو کەسانە بدرێ کە باوەڕیان وایە "بۆ لابردنی ئەقڵیەتێك کە بە درێژایی سەدان ساڵ چێبووە، پێویستمان بە سەدان ساڵە."

زۆربەی میللەت وەکو کازمەفەندی بیر دەکەنەوە. جا بۆ بێدارکردنەوەو رزگار کردنی ئەوانە لە خەوی غەفڵەت‌و مۆتەکەی نەزانی، ئەوەندە بەسە کە دەستێکی میهرەبان بە ئەسپایی تەکانێکیان

بدات. دڵو بیریان وەکو چاوانێك كە رووبەڕووی تیشکی هەتاو دەبنەوە، دەمودەست رووناك دەبێتەوە...

یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی رەشاد نوری باوەڕ بوونیەتی بە لێبوردەیی. دەکرێت هەندێ لە لایەنە لاوازەکانی بەرهەمەکانیشی ببەسترێتەوە بەو تایبەتمەندییەوە... هەر نووسەرێکی بەنێوبانگ حەزدەکات بە پەلە سوود لە دیاردەو رووداوەکانی ژینگەو دەوروبەری خۆی وەربگرێتو ئەمەش بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێتە مایەی هەندێ پێش داوەرییان، کە رۆمانی سینە سوورش لەم حاڵەتە بەدەر نەبووە. گۆڤاری کاریکاتێر، کە کارگێڕەکانی هەمیشە دۆستی رەشاد بوونە، تا ماوەیەکی زۆر بە ناوی ئەم رۆمانەوە، بە سینە سوور بانگیان دەکردو ناویان دەبرد... لەوە دەچێ بە راستی پێویست بەوە بێت مرۆڤ بە شێوەی بوونەوەرێکی ئەخلاقی لە دایك ببێتو لە دەرێرا یان لە قوڵایی هەستی واقیعی گوناهەوە مرۆڤانی دی ببینێ. رەشاد لە ئینسانیەتی خالیسەو پاك زیاتر بوو. دەیویست خراپیو چاکی لە دوو خانەی جیاوازدا رووبەڕووی یەکتر بوەستن: ئەحمەد حەمدی تانپینار. رەشاد نوری لە نێو نووسەرە خۆشەویستەکانی مندا، جێگەیەکی تایبەتی هەیەو پێموایە خوێنەر بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی وی بۆی دەردەکەوێت، کە وەکو تەسەور دەکەن، سەتحی نەبووە. ڕەشاد بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە هەموو دەردو گیرو گرفتەکانی کۆمەڵگەدا ڕاگەییوە. راستە هەندێجار بۆ ئەوەی خۆی لە وشکی پەیڤان بپارێزێت، لە ڕادەبەدەر بایەخی بە هەستو سۆز داوە، بەڵام دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە لە ئەنجامدا داوەری بەجێو ڕوونیشی بە دەستەوە داوە: موختار کورکچی. من تەنیا دەگەڵ رەشاد گونتکین دا هیچ ناکۆکیو هەڤدژییەکم نییە، ئەو لە ڕۆمانەکانیا لایەنە جۆراو جۆرو جیاوازەکانی ژیانی جڤاکی دەخاتە بەر وردەبینی رەخنەوە. پێموایە هەر لەبەر ئەمەشە کە نرخو بایەخێکی بەرزو باڵای هەیە. بە مەزەندەی من پایەو پێگەی ئەو لەو کەسانە باڵاترە، کە باڵابوون لە تەنیاییو بۆ چوونانی فەردی دا دەبیننەوە: ئورهان کەماڵ. نیشاندانی پانۆرامایەك لەمەڕ ژیانی خەڵکی ئەستەموڵ تا دەگاتە دوورترین خاڵی ئەنادۆڵ، بە کۆمەکی نموونەێن زندوو جیاواز، بۆ نووسەرانی ئەمڕۆ، کارێکی ئاسانە. بەڵام ڕەچاو نەکردنی هەلومەرجو بارودۆخو ڕەوشی پەنجا ساڵ لەوە پێش بێ ئینسافییە. لە بەرانبەر رەشاد نوری دا جگە لە (چیرۆکانی مەملەکەت) کە لە نووسینی رەفیق خالیدە، هیچ بەرهەمێکی دیکە نییە کە بەری دڵ بگرێ. خوێنەری تورکی زمان لەو سەرو بەندەدا وەکو ئەمڕۆ پاچڤەی بەرهەمێن نایابیان لەبەر دەستدا نەبوو کە لە زمانانی رۆژاواییەوە پاچڤە کرا بن: حیسام بوزوك.

رەگو ریشەی حەزو ئارەزووی ئەدەبیی رەشاد نوری دەچێتەوە سەر قۆناغی منداڵیەتی ئەو کە لە شاری چاناك قەڵادا بەسەری بردووە. لە رێگەی ئەو نەقڵونەزیلەو حیکایەتانەی کە دایەنەکەی بۆی دەگێڕایەوەو پاشان لە ڕێگەی ئەو شەوکۆڕانەی کە زستانان لە ماڵان سازدەکرا، زیاتر حەزی چووە سەر ئەدەبیات. بابی زمانانی بیانی دەزانیو بۆ هەر شوێنێ رۆییشتبا کتێبە تورکیو فەرەنسیەکانی خۆی دەگەڵ خۆدا دەبرد. رەشاد نوری بە زۆری کاتی خۆی لە کتێبخانەکەی بابیدا بەسەر دەبردو بە هۆی ئەمەوە شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبیاتدا پەیداکرد:

رەفیق درباش. خەڵکی ئەدەبیاتیان تا سەردەمی پێش رەشاد نوری گونتكین بە پێکهاتەیەکی زمانەوانی نامەفهومو جۆرە دەربڕینێکی نا ئاسایی دەزانیو ئەوەیان لە نێو خەڵکیدا بڵاو دەکردەوە: ئورهان هانچرلی ئوغلۆ.

## ئاکا گوندوز

**( ١٨٨٦-١٩٥٨ )**

***کەلتورو کەلەپور خۆراك و ڤیتامینی ئەدەبیاتە... من شازدە ساڵان بووم کە یەکەمین شیعرم بڵاو کردەوە. مامۆستایانی ئەو سەردەمە زۆر زوو لە پیلم نەوین و بەزللەو شاپان وەدەریان نام. لە هەڤدە ساڵیش دا یەکەمین وتاری خۆم لە رۆژنامەی سەباح دا بڵاوکردەوە.***

شانۆنامە نووس و رۆماننووسی تورك کە لە گوندێکی کوێستانی کاترینای سەر بە سلانیك هاتووەتە دنیا، قۆناغی منداڵیەتی لە بەلکان بەسەربردووە. ناوی راستەقینەی حوسێن عەونییەو وتارەکانی بە ناوی خوازراوی ئەنیس عەونییەوە بڵاودەکردەوە. پاشان لەسەر قسەی عومەر سەیفەدینی دۆستیا ناوی خوازراوی ئاکاگوندوزی هەڵبژارد. دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی لە سرزو سلانیك و، بەشداری بابی، سەرگورد قەدری بێگ لە جەنگی یونانەدا (١٨٩٦-١٨٩٧). لە قوتابخانەی ناوەندی ئاگریکاپی سربەکان، قوتابخانەی سوڵتانی گالاتاسەرای ئەستەموڵ و ئامادەیی سوپایی ئەدرنەو کوللی دا درێژەی بە خوێندن دا. لە ساڵی دووەمی کۆلیجی ئەفسەریدا بە هۆی نەخۆشییەوە بۆ فەرەنسا ڕۆیی. لە پاریس بۆ ماوەی دوو ساڵان لە کۆلیجی هونەرە جوانەکان و کۆلیجی مافناسیدا خوێندی و بەنێوە چڵی وازی لە خوێندن هێناو بۆ ئەستەموڵ زڤڕییەوە. بۆ سلانێك نەفی کراو ماوەیەکی بە دوورخراوەیی لەوێندەر بەسەر برد. پاش ئەوەی پەیوەندی بە لەشکری (حەرەکەت*)ەوە کردو دوا بە دوای رووداوەکانی ٣/٣١ بۆ ئەستەمووڵ زڤڕییەوەو کەوتە کاری رۆژنامەوانی. هەر بەخۆپیشاندان و رێ پێوانەوە نەوەستاو بە وتارێن ئاگرین و خوتبەێن پڕ جۆش و خرۆشەوە سەرنجی خەڵکی بۆ خۆی راکێشا. لە ساڵی ١٩١٩دا لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە دەستگیرکراو هەواڵەی ماڵتا کراو پاش ماوەیەك بە دەستی دەوڵەتی نیشتمانی رزگارکراو بۆ ئەنکەرا هاتەوە. ساڵانی ١٩٣٢- ١٩٤٦ی وەکو نوێنەری خەڵکی ئەنکەرا لە ئەنجوومەندا قەتاندو درێژەی بە نووسیاریش دا. لە رۆژی ١٩٥٨/١١/٧دا بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەی قورگ-ەوە لە ئەنکەرا کۆچی دوایی کرد. ئاکاگوندوز، کە بە نووسینەکانی لە گۆڤارێن (گوڵزاری منداڵان) چاپی سلانیك (١٩٠٥)و "قەڵەمێن گەنج" (١٩١١) شۆرەت و نێوبانگی پەیدا کردو بە دیدی ریالیستی، زمانی رەوان و پەتی و، بایەخدان بە کێشەو مەسەلە نیشتمانی و جڤاکییەکان بوو بە نووسەرێکی خۆشەویست. ژمارەی بەرهەمەکانی دەگاتە هەفتا کتێب کە بەناوبانگترینیان بریتین لە: شکست (کۆمەڵە سروود، ١٩١٣)، دڵی تورك (کۆ چیرۆك، ١٩١٣)، بکوژی بەڕێز (شانۆنامە، ١٩١٤)، قورباقەی بچووك (کۆ چیرۆك، ١٩١٩)، کیژانی ئەم وڵاتە (کۆ چیرۆك، ١٩٢٧)، ئەستێرەی دیکمەن (رۆمان، ١٩٢٨)، بۆنی چیلکە (رۆمان، ١٩٢٨)، تانگ تانگو (رۆمان، ١٩٢٨)، یادگارییە نهێنییەکانی شوفێرێك (رۆمان، ١٩٢٨)، لە نێوان دوو سەرەنێزەدا (رۆمان، ١٩٢٩)، زڕ دایك (رۆمان، ١٩٣٣)، چیرۆکی سێ کیژ (١٩٣٣)، عوسمان نیمە (شانۆنامە، ١٩٣٣)، چەخماخەی شین (شانۆنامە، ١٩٣٤)، ڤیانی پاك (رۆمان، ١٩٣٧)، گەنجی ناجۆر (١٩٣٨)، سفرەی زەکەریا (رۆمان، ١٩٣٨)،

گۆڕهەڵکەنان (ڕۆمان، ١٩٣٩)، کیژی هاوینەوار (ڕۆمان، ١٩٤٥)، چیرۆکی کیژێك (١٩٤٥)، ئەگەر ئەشق... (ڕۆمان، ١٩٤٦).

***- لەشکری حەرەکەت: ئەو لەشکرەیە کە بە فەرماندەیی مستەفا کەماڵ، ساڵێك پاش مەشروتیەتی دووەم، بۆ سەرکوت کردنی ڕاپەڕینێك کە لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا بە "ڕووداوی سی‌و یەکی مارت" ناوی ڕۆییوە، لە سلانیکەوە بەرەو ئەستەموول پێشڕەوی کرد. ئەنجامی ئەم ڕووداوە ئەوە بوو کە عەبدولحەمیدی دووەم کەنار خراو بۆ سلانیك دوور خرایەوە.***

*- ئەستێرەی دیکمەن*

چیرۆکی ئەم ڕۆمانەی ئاکاگوندوز دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی جەنگی سەربەخۆیی تورکیا. یەلدیز (ئەستێرە) کیژی بنەماڵەیەکی ناسراوی ئەزمیرەو دەزگیرانی مرادە کە سەرگوردی هێزی ئاسمانییە. ئەویش وەکو مرادی دەزگیرانی پەیوەندی بە سوپاوە دەکات و بە "ئەستێرەکەی دیکمەن" ناو دەردەکات و دەناسرێت. لە پشت بەرەکانی جەنگەوە کارێن زۆر باش ئەنجام دەدات. بە هۆی هەست ناسکی و سۆزداری لە ڕادەبەدەرەوە دووچاری قەیرانی دەروونی دەبێت. دەچێتە دادگای شاری ئەنکەراو ئیدعا دەکات کە "بەهۆی پەیوەندی ئاشقانەی دەگەڵ مرادا جمکێکی بووەو بنەماڵەکەی گەرەکیانە لە یەکێك لە خزمەکانی خۆیانی، بە نێوی نەدیم، مارە بکەن. هەروەها ئیدعا دەکات کە کامیل بێگی بابی بە هاودەستی دەگەڵ پزیشکی تایبەتی خانەوادەکەیاندا یەکێك لە منداڵەکانی کوشتووەو بە تەمایە منداڵەکەی دیکەش، کە ئێستا بە باوەشییەوەیە، سەرگوم بکات." سەرپۆشەکە لەسەر منداڵەکەی باوەشی یەلدیز لادەبەن و دەردەکەوێ ئەوەی لە باوەشیدایە منداڵ نییە، بەڵکو بووکە شووشەیە. ئیدی مەسەلەکە ڕوون دەبێتەوە. هەواڵی کوشتنی مراد لە بەرەی شەڕدا، کارێکی زۆر دەکاتە سەر یەلدیز. هەڵبەتە مراد ساغ و سەلامەتەو نەکوژراوە. کامیل بێگی بابی یەلدیز وبێگ بابای باوکی مراد هەرچییەکیان لە دەست بێت. بۆ مالیجەی ئەم کیژە گەنجەی دەکەن. یەکەم هەنگاویان ئەوە دەبێ کە یەلدیز لە ئەنکەرا دوور دەخەنەوە. گەشت و گەڕان بە شارانی وەك چانکری و ئاینەبولو کارێکی ئەرێنی دەکاتە سەر یەلدیز. دووبارە دێتەوە بۆ لای ماڵباتەکەی خۆی لە ئەنکەرا. ئۆپەراسیۆنی گەورە دەستی پێکردووەو سوپای تورکیا هاتۆتە ئەزمیر. مرادیش کە بە پێی دەستوورێکی نهێنی چوو بووە ریزی دژمنەوە، گەڕاوەتەوە. یەلدیزو بابی مراد غافڵ لەو هەواڵە دەچن بۆ لای ئەو فەرماندەیەی کە ئەو دەستوورە نهێنییەی دەرکردووە. داوای لێدەکەن کە پێیان بڵێت مراد ماوە یان کوژراوە. فەرماندەکە زەرفێکیان دەداتێ و پێیان دەڵێت بە خوێندنەوەی ئەو نامەیە دەزانن کە مراد ماوە یان کوژراوە. یەلدیز بە دەستانی لەرزۆك زەرفەکە وەردەگرێت و بەو حیسابەی کە ئەمە پاشماوەو میراتی مرادە، دەیکاتەوە. بەڵام بەسەرسامی دەبینێ کە ئەمە دەعوەتنامەی زەماوەندی خۆیانە، ئیدی لە کەیفان لە پێستی خۆی ناهێورێ. فەرماندە کە، مراد کە لە ژوورەکەی تەنیشت ئەو دایە، بانگ دەکات و جووتە گەنجی دڵدار بە یەك دەگەیەنێ...

ئەمەش مشتێکە لە خەرواری دەقی ڕۆمانەکە:

ئەم بەرو ئەو بەری دۆڵی ئاینەبولو، بە تاشە بەردەکانیەوە، لە کاتی شەودا دیمەنێکی تری هەبوو. ژنان، کیژان، منداڵانو پیرەمێردانی دێهاتی لە نێو بازنەیەك لە عەرەبانەو گالیسکاندا پشوویان دەدا، تا نەفەسێك تازە بکەنەوەو درێژە بە ڕێگەی دووریان بدەنەوە، یەلدیزو بێگ بابا لە ژوورەوە لەسەر تەختان دانیشتبوونو لە پشت محەجەرەوە تەمەشای ئەوانیان دەکردو گوێیان لە قسەکانیان دەگرت، بێگ بابا، بە هەڵچوونەوە گوتی:

– ژنی دێهاتی لەم خەباتە نیشتمانییەدا خۆبەخۆ شاکارێکی مێژوویی دەخوڵقێنێ.

– کاتێ ئەلەگەزمان (**ناوی شاخێکی بەرزە لە ئەنادۆڵ**) بەجێهێشت ئەو ژنە چی گوت؟

– ئەها! ئەوکاتەی کە باران دەباری... من لە پاسگای دوروك دابەزی بووم تا ئاو بکەم بە شوشەکەدا. بیرم کەوتەوە. منداڵێکی دوو سێ ساڵانیشی لە تەکا بوو کە لە ژێر بارانەکەدا تەڕی تەڕ بوو بوو. عارەبانەکە خەراپ بوو بووو دوو پیرەمێرد خەریکی چاککردنەوەی بوون. ژنێك چوار مشقی لە عاردی دانیشتبوو خەریك بوو بە کراسەکەی شتێکی دادەپۆشی. گوتم: خوشکە گیان! شتێکی ترت نەدۆزییەوە کە بە کراسەکەت داپپۆشی؟

گوتی: نە!

کراسەکەی هەڵبڕیو بە چاوە ئاگرینەکانییەوە کە بە سیما ڕەنگزەردەکەیەوە دەدرەوشانەوە خێسەیەکی لێکردمو لە سەری ڕۆیی: دوایی ناتەقێتەوە...

سەیرم کرد داوێنی کراسەکەی داوە بەسەر دوو گوللە تۆپ دا تا تەڕ نەبن.

یەلدیز روانییە فاتمە کە لە پاڵ دەرگاکەو لە سەر قاڵدرمەکە ڕۆنیشتبوو و گوتی: یانی دەشێت ئەم شتانە ژبیر بکرێت؟ بێگ بابا بە مکومیو توندی گوتی: نەخێرا هەرگیز، هیچ کاتێك ژبیر ناکرێت.

فاتمە تەکانێکی دا. دەیویست شتێك بڵێت.

بێگ بابا گوتی، بڵێ فاتمە خانم.. قسە بکە.

و فاتمە لەچکەکەی لە ژێر چەناگە درێژەکەیەوە تۆزێ هێنایە خوارترەوەو گوتی:

– بە باشی لە قسەکانت حاڵی نەبووم. بەڵام دەزانم کە قسەی باش دەکەنو قسەکانتان دەربارەی گوندو گوندیاتیە. بە نۆڕینی من ئەو شتەی کە دەتانەوێ بە کەسێکی بسپێرن دەبێ بەدروستیو تەواوەتی پێی بسپێرن، ئیدی بە نیگارکێش بێ یان نووسەر یان ئەو کەسەی کە نەمزانی کێیە، فەرق ناکات. ئەوەی گرینگە دەبێ کارەکەی بە تەواوەتی پێ بسپێردرێت. لە پاڵ کیژانی دڵپاکی دێهاتیدا کیژانی شیكو جوانپۆشی شارییشمان هەن. من چوار پێنج مانگێك پێش ئێستا چوو بووم بۆ گوند. کە گەڕامەوە تووشی کۆمەڵێکی لەم جۆرە کیژانە بووم. ئەگەر دەزانی چەند شەنگوڵو سەلارو سەنگینو بە ئەدەب بوون! هەر هەموویان وەکو تاووس جوان بوون، بە خۆڕایی نەیانگوتووە کیژی شاری...

بە خۆم نەوەستام، بە یەکێك لەوانەم، کە لە قوڕچەقی بوو، گوت:

– خانمۆڵێ! پێتان ناچایێ؟

گوتی: له ئەنکەرا گەرمیان دەکەینەوەو پێکەنی. گوتم پێڵاوەکانتان زۆر تەنکە. بەدەم پێکەنینەوە گوتی: ئێمە ئامادەین پاتاوەی ژنانی دێهاتیش لە پێ بکەین. گوتم زۆر ماندوو دەبن. گوتی لە ئەزمیر ئیسراحەت دەکەین، و دەستی بەرز کردەوەو کوڵەمستی گوشی. ئەوانیش منیان بە قسەوە گرت. یەکێك لەوان رووی کردمێ و گوتی:

– خانمی نازەنین! تۆ شووت کردووە؟و من بۆ ئەوەی نارەحەتیان نەکەم هیچ ئاماژەیەکم بۆ شەهیدبوونی هاوسەرەکەم نەکردو گوتم لە شەڕگەیە. ئەویش گوتی هاوسەرەکەی منیش لە بەرەی شەڕە. یەکێکی تریان پرسی: براشت هەیە؟ گوتم: شەهید بوو،و ئەویش گوتی: براکەی منیش...

بەڵێ لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستا هەست بە ئاگرێك دەکەم لە دەروونمدا. بانگەوازێکی ئاگرین هەمیشە پێم دەڵێت خەم مەخۆ! رزگارت دەبێ... بەڵێ خانم، بەڵێ ئاغا! ئەگەر ئەم بانگ و گازییە ئاگرینە لە دڵی هەموانەوە بهاتبایە دەرێ...

گوتم: دێتە دەر کیژم، دێتە دەر، ئەگەر ئەم گازییە لە دڵ هەموو کەسێکدا نەبیسترایە ڕەوشەکە بە جۆرێکی دی دەبوو. تۆ نەتدەتوانی ئەو کیژە شیکپۆشە شاریانە ببینیو ساکاریا* دەبوو بەرو باری مەرگ.

بابی مراد ڕۆڵێکی گەورە لە چاکبوونەوەی یەلدیزدا دەبینێ. یەلدیز کە سەفەری دەڤەرێن ئەجەویتو ئاینە بولو دەکات بە چاوی خۆی سەبرو حەوسەڵەی فراوانی ژنانی زەحمەتکێشی ئەنادۆڵ دەبینێو ئەمە زۆری کار تێدەکات. لە کاتێکا کە بیر لە ئەنکەرای سەردەمی جەنگی سەربەخۆیی دەکاتەوە، ئەشقی نیشتمان تێکەڵ بە ئەشقی مراد دەکات. مشوری بەردەوامی دایكو باوکیشی هۆکاری سەرەکی چاکبوونەوەی دەرونی یەلدیزە.

کە وەژوورکەوت یەلدیز لەسەر دۆشەکێك ڕاکشابوو، دەستەکانی خستبوونە ژێر سەریو دەیڕوانییە وێنەکەی مراد کە لە بەرانبەریدا بوو. بێئەوەی قسەیەك بکاتو ئەم بێدەنگییە پیرۆزە بشڵەقێنێ، بە هێمنی لە تەنیشت ئەوەوەو لەسەر ئەسکەمیلێکی چکۆلە ڕۆنیشت. پێویست نەبوو هیچ شتێك بگوترێ.

شڵەقانی ئەم وەجدە قووڵە کارێکی دروست نەبوو. لەوە بوو ببێتە بایسی ئەوەی دوبارە دوچاری هەمان ماخولیا ببێتەوە کە تازە بەری دابووو لە کۆڵی بوو بووەوە. دەبوایە زوو بە زووو بەو پەڕی جدیو پێداگری درێژە بە سەفەرەکەیان بەرەو دەڤەری ئەجەویت بدەن. بە ئەسپاییو هێمنی گوتی:

– کیژم..!

یەلدیز، تەنیا سینگو بەرۆکی جولاند

– کیژم، یەلدیز...!

یەلدیز، دەستی ڕاستی لە ژێر سەری دەرێناو نایە سەر ئەژنۆی بێگ بابا. پیرەمێرد لە حاڵێکا کە بە ئارامی قامکەکانی کیژێی نەوازشت دەکرد، بێئەوەی تەمەشای ئەو بکات، بە ئەسپایی‌و لەبن لێوانەوە گوتی:

– شەپولێن دەریای ڕەش ئاسوودەیی بە دڵ‌و گیانت دابوو.

کاژستانەکانی دەڤەری ئەجەویت، چالاکی‌و مەستیەکی بێ پایانیان بە نسیبت کرد. بە چ جۆش‌و خرۆشێك ڕێگاکانمان تەی کرد.

هەرجارێ کە نیگام دەکردیت، شوێنەواری نیگا گەشەکانی مرادم لە چاوانتدا دەبینی. لێ ئێستا نازانم لە پڕ چی قەوما؟ کە هاتینە ئەم خانووە شوومە بۆ گۆڕایت کیژەکەم، چت بەسەرهات؟ بۆیە هاتییە ئەم شوێنە شوومە تا بەد بەخت ببیت؟ ئەمە چ دەستێکە کە دەیەوێ شادمانی ئەبەدی لە دایکت بکات بە زەقنەبووت؟ بابت نەبینی؟ ڕەنگی هەڵبزڕکاوی بابت بە ماچێکی چکۆلەی تۆ بوو بە پەڕەی گوڵ. ئەو دڵە، ئەمێستا بە ئومێدی بەختەوەرییەکەوە لێدەدات کە لەو خوارەوە چاوەڕوانی ناکەن. کام دەستی شووم دیسان لەو خەنجەرە دەدات؟ بڵێ کیژەکەم، بەمن بڵێ یەلدیزەکەم، ئەی ئەستێرەکەی دیکمەن! پێم بڵێ بزانم چی بکەین؟ وەرە با ئەم خانووە بەجێ بێڵین. وێنەکەی مراد هەڵگرین، باب‌و داکت بەرین‌و بڕۆین بۆ شوێنێکی دی، هەوایەك بگۆڕین. با لە گوشاری ئەم دیوارو میچە بۆرەقنانە، کە دەڵێی لە حاڵی وێران بووندایە، دوور بکەوینەوە. ئێمە لەگەڵ تۆ بین، تۆش لەگەڵ مراد. دیسان منداڵان لە دەوری خۆمان خڕ بکەێنەوەو بەنێو دەشت‌و بیابانان بکەوین‌و بە خۆشی‌و شادی بژین. بڵێ بزانم چی بکەین، ئەم خانووە بەجێ بێڵین؟ خۆمان لە ژێر ئەم میچە دەرباز بکەین؟

یەلدیز قامکەکانی بێگ بابای گوشی‌و گوتی:

– نا، یان دیکمەن یان ئەزمیر...!

پاشان بە هەمان حاڵەت‌و هەمان مەندی‌و هەمان دەنگی خەمناك، هێواش هێواش لەسەری ڕۆیی:

– بۆ ئەزمیر دەڕۆم،و بەو جۆرە دەتوانم لە دیکمەن دوور بکەومەوە. ئەگەر، پەنا بەخوا، نەتوانم بۆ ئەزمیر بڕۆم‌و ئەزمیر پێشوازیم نەکات لە دیکمەن دەمێنمەوە. یا دیکمەن یا ئەزمیر... خۆشی‌و ناخۆشی من هەردووکیان لێرەدا بوو... من لێرەدا مردم‌و لێرەدا دووبارە زندوو بوومەوە. من مرادم‌و خۆم لێرەدا بە خاك دەسپێرم.

چیت لە من گەرەکە؟ حاڵم باشە. ئاگام لە خۆمە، ئەقڵم بە جوانی کاردەکات، هەر ئەمەش وایکردووە کە نقومی ئەم وەجدو شادی‌و کەیفە ببم. بە قووڵی بیردەکەمەوە. بیرکردنەوەیەکی بێ سنوورو کۆتایی. هیچ شتێکی ڕابردووم لە بیر نییە. هەست بە هیچ پەشێوی‌و نیگەرانییەك ناکەم. مەرگی مرادم قەبوڵ کردووە. ئێستا بیر لە شتێن دی دەکەمەوە. دەگەڵ مرادا چاومان دەبڕییە چاوی یەکدی‌و بیرمان لە ڕێڕەوی ئایندەی ژیان دەکردەوە.

– چ بکەین، بڵێ بزانم چی بکەین؟

– هیچ، ژیانێکی سادە بەرینەسەر. من لە دڵی خۆدا هەست بە نیگەرانییەکی تازە دەکەم. هەست دەکەم رێك وەکو ئامێرو دەزگایەکی لە کارکەوتوو و کۆنەم.حەز دەکەم لە غارو شکەفتاندا بژیم...
– یانی چی؟
– یانی حەزدەکەم کارێك بکەم، چالاکییەکم هەبێ لێ مراد نەماوەو نەدیم نوقستانە، تۆش پیر بوویت، بابم لاوازو بێ توانایەو دایکم لە کار کەوتووە.... رەنگە پێت سەیر بێت بەڵام حەزم لێیە بە تەنیا کاربکەم. حەزدەکەم چەك هەڵگرم. لە نێوان ژنی شاریدا کە گۆرەوی ئاوریشمی لە پێیەو ژنی دێهاتیدا کە بە پاتاوەوە بە دووی گالیسکەدا غار دەدات، دەبێ منیش ئەرکێك بگرمە ئەستۆ. ئیدی ئیسراحەتو بێکاری بەسە، لە مێژە ئیسراحەتو بێکارم.
– بە نیازی چیت ؟
– دەمەوێ کیژانی گەنجی حەسرەتکێش و چەوساوە کۆ بکەمەوە. دەرسیان پێ دەڵێمەوە. دەیان هێنمە پێکەنین و خۆشحاڵیان دەکەم و خۆشم سەرگەرم دەکەم. ئاه ئەی کیژانی حەسرەتکێشی چەوساوەو رەنج و ئاسیودیدە. بێگ بابا، مەگەر هەر خوا بزانێ من چەند لەم کیژانە دەناسم.
– دەتوانم بەردەوام بی؟
– هەڵبەتە دەتوانم و ئەولاتریش! تا ئەزمیرو تا دەمی مەرگ هەر بەردەوام دەبم.
– ئەمە فیداکارییەکی گەورەیە.
– نا... بە پێچەوانەوە، من پێموایە فیداکاری نییە. من خەڵکانی دی دەکەم بە شەریکی خۆشی و شادییەکانی خۆم و تەواو. دەبم بە شەریکی ڕوندك و زەردەخەنەکانیان. ئەمە بۆ من شادییەکی گەورەیە....
– منیش بە جێت ناهێڵم، دەستبەردارت نابم.
– هەڵبەتە روونە بێگ بابا. هەر رۆژێ من بەجێ بێڵی، یانی مرادت بەجێهێشتووە. مراد تەنیا لە مندا دەبینی.
– گڵکۆی مرادش دەدۆزینەوە.
– گڵکۆی مراد... کام زەوییە دەتوانێ پرکێشی بکات و ئەو بگرێتە خۆ؟ لە ئەفسانانددا باسی مەوعودانێ دەکرێت کە خەڵکی چاوەڕوانیان دەکەن... جودا بوونەوەی بێ گەڕانەوە دڵگیرترین بەختەوەری بە مرۆڤ دەبەخشێ.... جا مرادیش دەبێ بە رێبوارێکی ئەفسانەیی کە خەڵکی بە جددیو بە شەوق و زەوق و بە جۆش و خرۆشەوە چاوەڕوانی دەکەن. تا پتر چاوەڕوانی بکەم زیاتر هەست بە بەختەوەری دەکەم. لە چاوەڕوانی ئەودا گوڕو تین و تاوو ژیانم وەبەر دێتەوە.

ئاکا گوندوز، پاش تەواو کردنی ماوەی نەفی کردنەکەی لە ماڵتا، لە ئەنکەرادا کەوتە چالاکی. لە رۆمانە یەك لە دوای یەکەکانیدا کەوتووەتە شەنوکەوی کاریگەرییە واقیعییەکانی جەنگی سەربەخۆیی لە ئەنکەراوگیروگرفتی خەڵکی کە دەوڵەتی تازەدامەزراویش توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی نەبووە، هەروەها تەماعکارانی بەرژەوەندپەرستی لە قاو داوە. ئیسماعیل حەبیب لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی ئەودا دەڵێت: ***"ئاکا گوندوز، لە رێگەی قەڵەمڕانییەوە دەژیا،***

*بۆیە دەبوایە بە بەردەوامی بنووسێت، بۆیە هەستی دەکرد ناچارە لە هەموو کایەو بوارە ئەدەبییەکاندا قەڵەمڕانی بکات."* ئەمە جگە لەوەی کە کەسێکی عاتیفیو دڵپاك بوو. کە دەهاتە سەر باسی زەحمەتکێشانی کۆمەڵگەو ئەوانەی کە مافیان پایەماڵ دەکرێت، رووداوو حەقیقەتەکانی لە قاڵبی ئەفسانانەدا دەردەبڕیو بەمەش لە رێبازی ریالیستی کە شەقڵی زاڵی ئەدەبیاتی تازە بوو، دوور بکەوێتەوە. وێڕای ئەوەش لە هەندێ بەشی چیرۆكو رۆمانەکانیدا، رەنگدانەوەی واقیعو واقیعیەت بەدی دەکرێ. یەکێك لە بابەتە دڵخوازەکانی ئاکا گوندوز ژنانی رەنجدیدەو زەحمەتکێشو کیژانی گەنجی فریو دراوە. لە کۆ چیرۆکی کیژانی ئەم سەر زەمینە کە لە ساڵی ١٩٢٧دا بڵاوبووەتەوە باسی وەزعو حاڵی کیژانی گەنجی توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەکات کە لە هەلومەرجی جیاوازو بە هۆی جیاوازەوە لە رێ دەردەچنو تووشی کەچڕەوی دەبن. لەو جۆرە بەرهەمانەدا هەندێ لایەنی واقیعی لە نێوان وێنە رۆمانتیکییەکانییەوە دەردەکەون. بۆ نموونە دیمەنێن زندان لە چیرۆکی (لە نێوان دوو سەرەنێزە)دا (١٩٢٩) مشتێکە لە خەرواری ئەو جۆرە بابەتانە: کونور ئارتوپ. ئاکا گوندوز کە بە یەکێك لە پێشەنگانی هەوەڵین نووسەرانی بڵاوکراوەی (قەڵەمێن گەنج) کە لە یونان دەردەچوو، دێتە ژماردن، یەکێکە لە نوێنەرانی قۆناغی یەکەمی بزاڤی ئەدەبیاتی نوێ. گوندوز هەر بەوەوە نەوەستا کە لایەنگری لە تێوری "زمانی نوێ" بکات، بەڵکو ئیمکاناتێکی بەرچاوی بۆ ئەدەبیاتی هاوچەرخی تورکیا رەخساندو فەراهەم کرد.

***پەراوێز:***

***- دیکمەن: ناوی ناوچەیەکی زۆر جوان و خۆش دیمەنە لە قەڵەمڕەوی دەریای ئاڤین و ئەستێرەش ناوی قارەمانی ئەم رۆمانەیە***

***- ساکاریا: ناوی روبارێکە کە دەڕژێتە دەریای رەش و دەریای مەڕمەڕەوە.***

## پەیام سەفا

(١٨٩٩- ١٩٦١)

***هەر رۆمانێکی من بەشێك لە ژیانی خۆمی تیایە. ئەوەش لە بیر نەکەن کە ئوتۆبیوگرافی، ئازادی داهێنان سنووردار دەکات. ئێمەمانان لەم جۆرە نووسینانەدا توانای هەڵبژاردنی هەندێ لە ئەگەران و ئیمکاناتی فراوان، لە دەست دەدەین و ناچار دەبین تەرکیز لەسەر یەکێکیان بکەین.***

پەیام سەفا نووسەری رۆمانێن جڤاکی و سایکۆلۆژییە. لە ئەستەمووڵ هاتووەتە دنیا. ئیسماعیل سەفای باوکی (١٨٦٧- ١٩٠١) شاعیر بوو و لە تاراوگەدا لە سیواس کۆچی دوایی کرد. پەیام سەفا لەوە بە دواوە ناچاربوو بە خۆی خەرجی ژیانی دابینبکات. بۆیە نەچووە قوتابخانە. بەڵام زۆری دەخوێندەوەو کتێبی خۆش دەویست و تا تەمەنی نۆزدە ساڵی کاری مامۆستایەتی و دەرس گوتنەوەی کرد (١٩١٤- ١٩١٧). لە ساڵی ١٩١٨دا دەستی بە چالاکیی رۆژنامەوانی کرد. رۆژنامەی "سەدەی بیستەم"ی دەرکرد کە دوا نیوەڕوان بڵاودەبووەوە. زنجیرە وتارێکی لە ژێر سەر ناڤی (چیرۆکەکانی سەدە)دا لەم رۆژنامەیەدا بڵاوکردەوەو ناوو شۆرەتی پێ دەرکرد. وتارە هونەری و ئەدەبییەکانی بە ناوی پەیام سەفاوە بڵاودەکردەوەو بابەتە رۆژنامەوانییەکانی، بە تایبەتی ئەو وتارانەی زیاتر بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان دەینووسین، بە ناوی سەروەر بەدیع-ەوە بڵاودەکردەوە. چل و سێ ساڵی تەمەنی لە کاری رۆژنامەڤانیدا بەسەر برد. هەروەها بلاڤۆکێن "هەفتەی رۆشنبیری" (١٩٣٦)و "ئەندێشەی تورك (١٩٥٣)شی دەرکرد. لە رۆژی ١٩٦١/٧/١٥دا کۆچی دوایی کرد.

پەیام سەفا، نووسەرێکی ئینسایکولوپیدیایی بوو، بەهرەو توانایەکی رۆشنبیری ئەوتۆی هەبوو کە بتوانێ بە ئاسانی لە وارێن مینا ئەدەبیات، فەلسەفە، نۆژداری، مێژوو، مافناسی، نیگارکێشی، موزیك، کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا قەڵەمڕانی بکات و قسەیان تیادا بکات. بە شێوەی تایبەتی خۆی شارستانیەتی رۆژاواو رۆژهەڵاتی دەخوێندەوە، بە توندی داکۆکی لە دیدو بۆچوونەکانی خۆی دەکرد. کە بەرهەمەکانی دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت کاراکتەرێن ناو بەرهەمەکانی بە جۆرێ خوڵقێنراون کە ناسنامەو هەست و سۆزو بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیان هەیە. لە رۆمانەکانیدا زیاتر بایەخ بە شیکاری دەروونی دەدات تا بە رووداو. لە مبارەیەوە دەڵێت: ***"من باوەڕم وایە هونەری رۆماننووسین، بە پلەی یەکەم گرینگی بە رووداوو بەسەرهاتە دەروونییەکان دەدات و لەم رێگەیەوە لە هونەری سینەما دوور دەکەوێتەوە"***. پەیام سەفا کە زیاتر بابەت و ناوەڕۆکی کۆمەڵناسی و دەروونناسی بۆ رۆمانەکانی هەڵبژاردووە، لە تەکنیکی رۆماننووسیدا لێهاتوو بووەو زمان و دەربرینێکی کاریگەرو رۆمانتیکی و زندووی هەبووە. پەیام سەفا،بە پەیڕەوی لەم بۆچوونە کە ***"لە شیعری واقیعی خەڵکیداو لە نموونەێن خاڵیسەو پەتی فولکلۆریدا، تووشی واژەو پەیڤێن نا جۆرو ناشیرین نابی"*** لە بەرهەمەکانی خۆیدا دوورە پەرێزی لە بەکارهێنانی واژەێن ناجۆرو ناڕەوان کردووە.

پەیام سەفا، مکوورِ بوو لەسەر ئەوەی لە وارێن وتارنووسی، چیرۆك، رۆمان‌و ساتیرنووسیدا چالاك‌و چەلەنگ بێت. لە تورکیاداو پاش ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی یەکەم ریکۆردشکێنی بواری نووسینە. بۆ نموونە بەناو بانگترین رۆمانی، کە ناوو ناوبانگی پێ دەرکردوون بریتین لە: کیژان (١٩٢٣)، هەورە بروسکە (١٩٢٣)، مەحشەر (١٩٢٤)، رۆژاوایەك (١٩٢٤)، تاوانی دڵی کچۆڵەیەك (١٩٢٣)، جانان (١٩٢٥)، بیرەوەریانی کچۆڵەیەك لەمەڕ ئامادەبوونی لە نێو بەکتاشییەکاندا (١٩٢٧)، جامی زێڕین (تواناکانی زەهرا چکریگە/١٩٢٨)، چەقۆکەی پێدا بکە (تواناکانی زەهرا چکریگە/١٩٢٨)، بەشی نۆیەمی نشتەرگەری (١٩٣٠)، ئاتیلا (١٩٣١)، قوتابخانەی نیزام فاتح (١٩٣١)، سەربهوردی دوو دڵی یەك (١٩٣٣)، ئەسکەمیلەکەی مادموزیل نورالیا (١٩٤٩)، تەنیاین (١٩٥١)، ئێمەی مرۆڤ (١٩٥٩)، ئاین، شۆڕش، کۆنەپەرستی (١٩٧١)، ئاتیلا (رۆمانی مێژوویی/١٩٧٤)، ئەستێرەی ئەلپی چکۆڵە (چیرۆکی منداڵان/١٩٧٤)، یەکێ بوو یەکێ نەبوو (چیرۆکی منداڵان/١٩٧٤)، نووسەران، هونەرمەندان، ناواداران (١٩٧٦)، سوسیالیزم، مارکسیزم، کۆمۆنیزم (١٩٧٦)، چەند نامەیەك بۆ منداڵێکی زێڕین (١٩٧٦). پەیام سەفا، جگە لەمانە خودانی سەدو پەنجا بەرهەمی دیکەیە لە رۆمانی نووسراو یان پاچڤە کراو، شانۆنامەیەك بەنێوی خۆر هەڵدێ، هەزاران نوکتە، وتار، رەخنە، لێکوڵینەوەو چیرۆکێن بڵاوکراوە لە گۆڤارو رۆژنامان.

## بەشی نۆیەمی نەشتەرگەری (١٩٣٠):

تانپینار دەڵێت: "بەشی نۆیەمی نەشتەرگەری". کە لە نووسینی پەیام سەفایە، یەکێکە لە کتێبە کەم وێنەو دەگمەنەکان. کە لە خوێندنەوەی کتێبەکە بوومەوە کەوتمە بیرکردنەوە لەوەی کە چۆن دەشێت لە سەردەمێکدا کە سەردەمی کەسادی ئەدەبیاتی تورکییە کتێبێکی ئاوها بنووسرێت. چۆن دەشێت نووسەرێك چاوپۆشی لە باسی هۆڵ‌و تەلارێن بەشکۆو ڕازاوە (کە باس‌و خواس‌و وەسفی ئەو شوێنانە کاری هەمیشەیی ئەقڵە تەقلیدی‌و پاشکەوتووەکانە) لە گەشتوگوزار بە ئوتومبیل‌و لە چیرۆك‌و بەسەرهاتی ئاشقانەی کیژانی بێ چاوو ڕوو، لە پیاوانی بە تەمەن بکات‌و بێت باسی برینەوەی ئەندامی شەل‌و سەقەتان‌و نەخۆشخانە بکات. لە سەرانسەری ئەم کتێبەدا هیچ هەواڵێك نە لە ماچ‌و موچی ژێر تریفەی هەیڤە شەو، نە لە چاوانی خومارو نە لەو ماشوقە ڕاستگۆو بێگەردانەوە هەیە کە لە غەریبی‌و غوربەتدا بیرەوەری خۆ دەنووسنەوە. "لە بەشی نۆیەمی نەشتەرگەریدا" باس باسی کوڕێکی گەنجە کە لاقی شەلەو لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی چارەسەر بکات. بەشی نۆیەمی نەشتەرگەری رۆمانێکی سایکولوژییە. نۆ لاوێکی پازدە ساڵان، لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە بەهۆی نەخۆشی ئێسکی پێیەوە، بەردەوام لەم خەستەخانەوە بۆ ئەو خەستەخانە دەڕوات. ئەنجام بۆی دەردەکەوێ کە دەبێ پێی ببڕنەوە. جا بۆ ئەوەی چاك ببێتەوە پێویستە ژیانێکی ئارام‌و بێ کێشەی هەبێت‌و کەسێك هەبێت چاودێری بکات‌و ئاگای لێی بێت وپەنای بدات. لە بەر هەژاری‌و دەستکورتی دایکی، یەکێك لە خزمەکانی کە خاوەن پلەو پایەیەو پاشای پێدەڵێن، دەیگرێتە خۆی. ئەم کوڕە، شەیدای نوزهەتی کیژی

پاشا دەبێت. کیژەش قەرارە شوو بە پزیشکێکی پارەدار بکات. کوڕە بەو داخ و کەسەرو دەردو ئازارەوە لە ماڵی پاشا هەڵدێ و لە خەستەخانە دەخەوێ. بە هەوڵ و کۆششی زۆری پزیشکەکان، بێ ئەوەی پێی ببڕنەوە، نەشتەرگەری بۆ دەکەن و چاك دەبێتەوە. لە خەستەخانە دەردەچێت و هەواڵی زەماوەندی نوزهەت دەژنەوێت. ئەمەش بەشێکە لە دەقی ڕۆمانەکە:

تا زیاتر قسەمان دەکرد پتر دەچووینەوە قاوغەکەی خۆمان پێشان بە ڕاشکاوی قسەکانمان دەکردو گرێی دڵمان بۆ یەکدی دەکردەوە. بەڵام پاشان لە هەنبەر ئەو گومان و دوو دڵییە سەیرو قوڵەدا کە هەردووکمانی حەپەساند، دەستمان بە بێدەنگی کرد. مەگەر بەزەرورەت قسەیەکمان دەگەڵ یەکدیدا کردبا. دەبوایە چەند زەمان دەچووە پێشێ زیاتر یەکدی بناسین، بەڵام وا نەبوو، لەبەردەم یەکتردا وێنەیەکی ترمان پەیدا دەکرد. ( هەر هەموو ئەمانە بۆنی ئەشقی لێدێت. بەڵام من ئەوکاتە ئەقڵم پێیدا نەدەشکا.)

***

ئەمەم باش بۆ دەرکەوتبوو کە من بنیادەمێکی زۆر بەد بەختم.

ئەو شەوە، لەسەر جێگە بە تەواوەتی هەستم بەمە کرد. چاوانم تەژی روندك دەبوو.

حەزدەکەم بزانم کاتێ کە باوەڕ بە هیواو ئاواتێن نادیار لە دەست دەدەم چ شتێك فریام دەکەوێ، رزگارم دەکات. تەنانەت هیواو ئومێدەواریش بێهودەیە.هەست دەکەم پێویستم بە ئاسوودەیی ودڵنیاییە. من پێویستم بە زەمانەت و زەمانەتداری ئایندەی دروێینەیە نەك بە بەڵێن و سۆزێن گومانامێزی ئەو. ئەو تەنانەت بەڵێنیش نادات، کاتێ دەپرسم چۆن پێشوازی من دەکات، بە شێوەیەکی ترسناك بێدەنگ دەبێت.

خەوم زڕاوە.

ڕارەو ودالانێکی تاریك. پەیکەری مۆمینی زەردباو. شت و مەك و کراسێن سپی. نەشتەرگەری پێویستە. لاقت تۆزێ کورت دەبێتەوە. هەرچۆنی بێ لە ئێستات باشترە. رازی نیت؟ دەپرسم: ئێمە پزیشکێکمان هەیە بە نێو دکتۆر ڕاغب. م. لوکوکی خەفێی پۆلیس و پیاوەکانی بە پاڵتۆی ڕەشەوە خۆ بە مەیخانەکەدا دەکەن. ڕێگەی تاریکی قاڵدرمە، شوێن پێ، خەیالات، سارغیەکی خوێناوی، خەڵکای مەست، دەنگی تیرەندازی، کەوتنی کەسێك لەسەر قاڵدرمەکان و پیاوێك کە بۆ ساتێك لەبەر روناکی چراکەدا دەردەکەوێ و ئەوسا لەبەر چاو ون دەبێت، دکتۆر راغب، وێنەی ئەستێرەکان لە حەوزەکەدا، لیمۆیەك لە حاڵی گەورەبووندا، با چیتر باسی ئەم بابەتە نەکەین. قاقای نوزهەت و قسەکانی: هەی بەلەنگازۆ، ژارۆ! من حەز لە خەڵکی جدی و خەمین، لە خوێن، لە زام و زامداری و نەشتەرگەری ناکەم. من دەمەوێ بەختەوەربم.

**داواو ئاواتی کچۆڵەیەك چیە؟**

**بەختەوەری**

هەڵبەتە ئاواتی هەر کچۆڵەیەك بەختەوەرییە.

هەوڵم دەدا ئەم بابەتە سادەیە بە خۆم بسەلمێنم. ئەقڵو ئاوەزم لە نێوان خەوو بێداریدا ئاوێتەی خەیاڵات بوو بوو. بەڵام هەمیشە دەگەییمە هەمان ئەنجام. وەك ئەوەی قەناعەتم نەهێنا بێ دووبارە درێژەم بە پرسیارەکەی خۆم دەدا، هەمان پرسیارم لە خۆ دەکردەوە.

لە پڕ دەنگێکی چاوەڕوان نەکراوم هاتە گوێ. لە دەرگای ژوورەکەمیان دەدا. باوەڕم نەکرد. گوێم هەڵخست. راست بوو لە دەرگایان دەدا.

گوتم: کێیە!

خودانی دەنگەکە بە هێمنی گوتی: منم، خەوتوویت؟ دەتوانم بێمە ژوورەوە؟

نوزهەت بوو! نوزهەتو بەم نیوە شەوە! نەمتوانی بڵێم وەرە ژوورەوە.

دووبارە گوتی: دەتوانم بێمە ژوورەوە؟

بە سەرسامیو حیرەتەوە لەسەر جێگاکە راست بوومەوەو دانیشتمو گوتم: وەرە!

وەژوور کەوت.

شاڵێکی لەسەر کراسەکەیەوە دابوو بە شانو ملیا، بێ گۆرەوی بوو و سۆلی لەپێ بوو.

بە جوڵەیەکی خێرا، کە نیشانەی ترسو نیگەرانی بوو، بوێرانە لێم نزیك بووەوە، نیگایەکی کردمو بە دەنگی بەرز پێکەنی.

هیچ کاتێك وەکو ئەو شەوە بەسەر سوڕمانەوە سەیرم نەکردبوو. هیچ شتێکی، جگە لە رواڵەتی، لە خۆی نەدەچوو. تەنانەت رواڵەتیشی گۆڕابوو. قژە قاوەییەکەی زەردو بریقەدار دەینواند. چاوە ئامال زەردو برۆزەکانی رەشو بێ جوڵە دەهاتنە بەرچاو. سەری ئارام بوو لە نێوان لە رەی تیشکی مۆماندا بەرزو نزم دەبووەوە. کە نزیکتر دەبووەوە هێندە گەورە دەهاتە بەرچاو کە بە تەواوەتی بەرچاوی دەگرتمو وام هەست دەکرد لە ژوورەکەدا جگە لەو، ناتوانم هیچ شتێکی دی بدینم، تەنانەت خودی ئەویشم بە تەواوەتی نەدەبینی.

قاقایەکی لێداو گوتی: ئەی بابە! ئەمە چ حاڵێکە؟ دەرفەتێکم بە دەست هێناو هاتم... نەمتوانی بخەوم.

لەسەر تەختەکەم دانیشت.

سەرسامییەکەم رەوییەوەو خۆشیو شادییەکی ئەوتۆ لە دڵو دەروونم گەڕا کە نەمدەتوانی وەیشێرم.

– مەترسە! هەموو خەوتوون! تەنانەت پەرییانیش بە هاتنەکەمیان نەزانی...

دەمو دەست بیرم لە مەودای نێوان ژوورەکەی نوزهەتو ژوورەکەی بابو دایکی کردەوەو نەخشەی ئەم وەزعە ترسناکەم لە زەینی خۆدا بەرجەستە کرد.

کەمێك هێور بوومەوە.

هانکە هانکی پێ کەوتبوو. هەستم کرد نوزهەتێکی تازە دەبینم.

گوتی: – نەمتوانی بخەوم.

– منیش نەمدەتوانی بخەوم.

– تۆ بۆچی خەوت زڕا بوو؟

- هەندێ شتم بە بیردا هاتن. بیرم لەهەندێ شت دەکردەوە.

- منیش.

- تۆ بیرت لە چی دەکردەوە؟

نوزهەت دیسان پێکەنیو گوتی:

- ئەگەر وەزع وا بڕوات تابەیانی ناتوانین هیچ قسەیەك بکەین.

بەدەگمەنو هەندێجار قسەکانی نوزهەتم بەمەسخرەو گاڵتە بازاڕی دەزانی، ئێستا یەکێك بوو لەو جارانە، بەڵام هەر سا نا ساتێ حەرەکەتێکی دەکردو ئەو حاڵەتەی لا دەسڕیمەوە. لە حاڵێکی وادا بوو کە درێژەمان بە قسەکانمان دا.

گوتی: من بیرم لەو دەکردەوە.

- لە کێ؟

- ئەو ئیتر... ئەو دکتۆرە... نازانم ناوی راغب بوو چی بوو؟ ئەوەی کە خوازگاری منە.

- عەجایەب....

- بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر مێردی پێبکەم چ دەبێ...

- چی دەبێ؟ نازانم.

هەوڵم دا ئەمە زۆر ئاساییو بێ بایەخ بدرکێنم. تەنانەت بۆ ئەوەی مەیلو ئارەزووی دەروونی خۆم وەشێرم کەوتمە ئەوەی بۆ ئەو دەستەسڕە بگەڕێم کە نابوومە ژێر سەرینەکەم. هەرچەندە دوو سێ جار دەستم بەر دەستەسڕەکە کەوت، بەڵام بە جۆرێ رەفتارم دەکرد کە گوایە هێشتا هەر بۆی دەگەڕێم. ناچار بوو بێدەنگ ببێت.

هەستم کرد قورساییەك دەکەوێتە سەر روحم. بۆ پرسیارەکەی نوزهەت کە: "ئەگەر مێردی پێبکەم چ دەبێ" وەڵامێکی زۆر لە زەینمدا کەڵەکە دەبوو. بەڵام هەستم دەکرد چەند هەوڵی شاردنەوەی ئەو وەڵامانە بدەم، سوودی نابێتو نوزهەت هەر هەموویان دەخوێنێتەوەو دەزانێ.

سەیرم کرد شاردنەوەیان بێفایدەیە، ئاشکرا کردنیشیان هەر بێسوودەو، چونکە جگە لەم دوو کارە هیچ کارێکی ترم لە دەست نەدەهات، سەرم بە گێژەوە دەچوو. ئەمێستا دەستەسڕەکەشم دۆزی بووەوەو هیچ هەنجەتو بیانوویەکم بە دەستەوە نەما بوو کە رازی دڵم وەشێرم.

نوزهەت ویستی رزگارم بکات، گوتی:

- زۆر باشە.... تۆ قسە بکە... بڵێ بزانم بیرت لە چی دەکردەوە؟

- لە زۆر شت....

- زۆر شت... ناتوانم باسیان بکەم... شتێن بچووكو هەمە جۆر.... زۆر شتان...

ئیدی نوزهەت-ش هیچ چارەیەکی نەبوو مەگەر ئەمەی کە قسەی بێ سەرو بن بکات. وەڵامەکەم زەوقی بریندار کردو هەندێ شتی قووڵیشی کە لە خۆشم دەشاردەوە، ئاشکرا کردو حایری کردبووم. بێدەنگ بووم. سەرم داخستبووو هەوڵم دەدا چاوانم بشارمەوە. زۆرم حەز دەکردو دژی ئەم بێ متمانەییە، ئەم لاوازییە، راپەڕمو بوەستم.

- سبەینێ دەبێ زوو لە خەو رابی. وانییە؟

- بەڵێ ... دەبێ فریای قیتاری هەشتو نیو بکەوم.
- کەواتە دەبێ بخەوی.
- هەر سەر بنەیتە سەر سەرین، خەو دەتباتەوە.
- باوەڕ ناکەم.
- بۆ نه ء ، هەر ئەوەیە کە من دەیڵێم.

دەستی خستە سەر شانمو پێی داگرت. ئیدی گیانی بەرخودانو غرووورم لە دەست دابوو و هیچ شەرمم لەوە نەدەکرد کە دەمبینی پێویستم بە میهرو بەزەییە. سەرم نایە سەر سەرینەکەم.

- دەترسم نەخۆش بکەوی.

کە ئەمەی گوت، دەرویەکم بۆ ئازاد کردنی هەستو سۆزە کەڵەکە بووەکانی ناو دڵو دەروونم دۆزییەوە. هەستم دەکرد ئەگەر بە دروستی رەفتار بکەم نەك هەر ئاسوودە دەبم بەڵکو بەرەو خۆشبەختیش دەڕۆم.

ئەم حاڵەتە لە پڕو لە نکاودا لە دڵو دەروونمدا پەیدا بوو بوو. چاوانم بڕینە نوزهەت. سەرسام بوو. نیگای کردمو دەتگوت شتێکی کەشف کرد. هەڵوەستەیەکی کردو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. پێدەچوو بیەوێ شتێك بڵێ. لێ بێئەوەی هیچ شتێك بڵێ وەرسوڕاو بەلەز لە ژوورەکە وەدەرکەوت. ماوەیەك حایرو سەرسامو بێ جوڵە دانیشتمو بیرم لەوە دەکردەوە کە پێویستم بە ناسینی خۆمو ئەوە. هەستم دەکرد چەرچەفەکەی سەرم گڕی گرتووەو لە نێو گڕو کڵپەدام، چەرچەفەکەم لاداو نیوە ئاخێزێکم بۆ کرد. هەستم بە بۆشاییەکی گەورە، لە دەروونمدا کرد. گوێم لە دەنگی دڵم بوو کە بەتوندی لێی دەدا.

## مەحموود یەساری

(١٨٩٥-١٩٤٥)

***بۆ نووسینی ڕۆمان، بەر لە هەر شتێك بینین و ورد بینی پێویستە. دیتن و هەڵسەنگاندنی وردی ژیان، بنیادەمان و سروشت و تەبیعەت پێویستە... ڕۆمان چەندیش خەیاڵی بێ ڕووداو بویەرەکانی لەسەرووی هەوران روو نادات و بەشەرانیش تارمایی و تاپۆیانی نادیار و نەبیزاونین. ژیانی کاراکتەرانی ڕۆمان هەمان ژیانی رۆژانەی ناو دەق و تێکستی دنیای مەتریالیستیە.***

مەحموود یەساری رۆمانووس و شانۆنامەنووس لە ١٨٩٥/٥/٥دا لە ئەستەموڵ هاتووەتە دنیا. نەوەی خۆشنووسی ناودار عیزەت ئەفەندی یەساری زادەو کوڕی سەرهەنگ فەخرەدین یەسارییە. پاش تەواوکردنی ئامادەیی ئەستەموڵ چووە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان. پاشان بە مەبەستی خوێندنی نیگارکێشی بۆ فەرەنسا دەنێردرێ، و لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی دا، وەکو ئەفسەری یەدەك بۆ چاناك قەڵا ڕەوانە دەکرێت. لە کۆتایی جەنگدا بۆ ئەستەموڵ زڤڕییەوەو وەکو کاریکاتێریست لە گۆڤارو رۆژنامانـدا کەوتە کارو چالاکی. دوای ماوەیەك دەستی دایە کاری نووسین. یەساری یەکێك بوو لە هەوەڵین ئەو کەسانەی کە لە تورکیادا بە قەڵەمی خۆی دەژیا. لە ١٩٤٥/٨/١٦دا بە نەخۆشی دەردە باریکە کوچی دوایی کرد. مەحموود یەساری یەکێکە لەو نووسەرە ریالیستانەی کە بە زمانی خەڵکی دەینووسی، لە نێو جەماوەری خەڵکیدا دەژیا و گیروگرفتەکانی ئەوانی بەرجەستە دەکرد. کەسایەتی راستەقینەی ئەدەبیی ئەو زیاتر لە رۆمانەکانیا دەردەکەوێت تا لە کورتە چیرۆك و شانۆنامەکانیا. جگە لە رۆژانە گرفتان، بایەخی زۆری بە کێشە جڤاکییەکانیش دەدا.

مەحموود یەساری لە کورتە چیرۆك و شانۆنامەکانیدا زیاتر مایلە بەلای ساتیری ریالیستی حسیدا.

مەحموود یەساری، لە ماوەی پتر لە سی ساڵ نووسیاریدا سەدان چیرۆك، نزیکەی هەشتا شانۆنامەی کومیدی و ئۆپرایی و پتر لە بیست و پێنج ڕۆمانی نووسیووە، ڕۆمانە بەناو بانگەکانی بریتین لە: ناهید (١٩٢٥)، دەنووك درێژ (١٩٢٧)، و خوشکە پەروین (١٩٢٧)، کچۆڵەی گێسوسپی (١٩٢٨)، شەوانە کۆڵان (١٩٢٩)، عومەر باغری پانیك (١٩٣٠)، پەڕەسێلکەکان (١٩٣٠)، پێشکەی ئاوی (١٩٣٢)، لە باخچەکەمدا گوڵێك پشکوت (١٩٣٢)، کۆتایی زریان (١٩٣٢)، کێ بڕکێی ئەشق (١٩٣٤)، ژنێك بوری (١٩٣٤)، رازی خوێناوی (١٩٣٥)، موستیلەی یاقووت (١٩٣٧)، بێ موبالات (شانۆنامەیەکی سێ پەردەییە/١٩٣٧)، نامەکانی یاکاجیك (کۆ چیرۆك، ١٩٣٨)، گفتۆگۆکانی تەنیایی (١٩٣٩)، پورە حەنیفە لە کارەکەر دەگەڕێ (شانۆنامە/١٩٣٩)، پیاوێکی جوان (شانۆنامە، پاچڤە/١٩٤١)، لە ژێر ریژنەدا (ڕۆمان، ١٩٤٣).

### *- کۆتایی زریان (١٩٣٣):

ماجید گەنجێکی گەشبینە، دڵی بە ژیان و ئایندە خۆشە. کیژێکی جوانی، بەنێوی نەسرین، خۆش دەوێ. بڕیاری جددی دەدات کە زەماوەندی دەگەڵ بکات. ڕۆژێك کە بۆ دۆزینەوەی ئەدرەسێك، پەڕەی دەفتەرچەیەك هەڵدەداتەوە وێنەی ژنێکی لێدەکەوێتە خوارەوە. نەسرین سەری لەم وێنەیە سوڕدەمێنێ و بە گومانی ئەوەی کە هاوسەری ئایندەی خەریکە خیانەتی لێدەکات واز لە ماجید دێنێ و پاش ماوەیەك مێرد بە کابرایەکی ئەوقات (پارێزەر) دەکات. ماجید گەنجێکی بێ ورەیە. زۆر بەزەحمەت لە خۆکوژی ڕزگاری دەبێت و خوو دەداتە بادەنۆشی و بەرەڵڵایی. بابە نەخۆشەکەی و خۆشك و براکەی کە وەزع و حاڵ و گوزەرانیان خراپە، فەرامۆش دەکات و پەیوەندی دەگەڵ ماڵباتەکەی خۆیدا دەبڕێ. شەوێك لە مەیخانەدا نامەیەکی دەگاتە دەست. نامەیەك لە برا بچووکەکەیەوە. بە خوێندنەوەی نامەکە بۆی دەردەکەوێ کە خانەوادەکەی لەو پەڕی هەژاری و دەستکورتیدا دەژی و بابی زۆر نەخۆشە و حەزدەکات بەپەلە ئەو بدینێ. سەرسام و پەریشانە، تیاماوە نازانێ بڕوات یان نا. پەی بەخەتاو هەڵەی خۆی بردووە. ماوەیەکی زۆرە سەری ماڵباتەکەی نەداوە و ئەمێستا شەرمەزارو خەجاڵەتە. وەزعی خراپە و ناتوانێ هیچ یارمەتیەکی ئەوان بدات. بەوحاڵەوە بۆ ماڵ دەڕواتەوە و بەسەر مەرگی بابیدا دەچێت. خوشك و براکەی بێ پەناو داڵدە بوون. لەگەڵ ئەواندا بۆ ماڵێکی دیکە و گەڕەکێکی دیکە ماڵ دەگوێزنەوە. بێکارە. هەموو دەرگاکانی لە ڕوو داخراوە. لەو پەڕی داماوی و بێچارەییدا دەژی. خوشکە چکۆلەکەی، موزهەر دوچاری نەخۆشی سیل دەبێت. زستان دێت. توانای کڕینی دارو زوخاڵیان نییە. ماجید توانای ئەوەی نییە خوشکەکەی داخڵی نەخۆشخانە بکات. لە شەوێکی تۆف و زریاندا کە بەفرێکی بەتڕەف دەباری، بە مەبەستی دۆزینەوەی دکتۆر لە ماڵ وەدەردەکەوێ. بۆ سبەینێ بەر لەوەی گیان بسپێرێت، لەسەر جادە دەیدۆزنەوە. کە لە نەخۆشخانە چاوانی هەڵدێنێ، یەکێك لە دۆستەکانی دەبینێ، دەپرسێت: "زریانەکە نیشتەوە؟" و هەنگێ گیان دەسپێرێت. موزهەری خۆشکیشی بە هۆی نەخۆشی سیلەوە دەمرێت.

ئەمەش بەشی کۆتایی دەقی ڕۆمانەکەیە :

ئەو دوو قومە ئاوەشی کە خواردییەوە کۆکەکەی نەپەڕاند. زۆر خراپ دەکۆکی، خوێناوی هەڵدێنایەوە...

دەنگی کزە کزو نیگەرانی چراکە دەهاتە گوێ... ئەم دەنگە خەمناك و ئاڵوزە ئەعسابی تێك دەدام... بەمن بوایە چراکە بدەم بە عاردیداو وردو خاشی بکەم...

– کاکە! دەمەوێ نیازی بدینم...

دەنگم گیرابوو، گوتم:

– ئێستا؟ لەم کاتەدا چۆن دەکرێ موزهەر گیان؟

موزهەر هیچ بەرسڤێکی نەداوە. گڕی ئاگر، لە چاوەکانیدا، بە ئاشکرا دەبینرا.

– سبەینێ دەڕۆم و بۆ ئێرەی دێنم!

– سبەینێ زۆر درەنگە...

درەنگ؟ بۆچی؟ موزهەر گەرەکیە چی بڵێت؟ پەلەی چییە؟ هۆی ئەم دڵتەنگییە لە ناکاوە چییە؟

ئەگەر "سبەینێ" درەنگ بێ، ئەوە دەگەیەنێ کە مەرگی نزیکە!

نا... ئەمە وڕینەو خەیاڵی دەم نەخۆشییە...

موزهەر دەکۆکێت...و لەپڕ خوێن لە زارییەوە دەڕژێ! دەستەکانمو هەموو گیانم دەلەرزێ، دەستم ناچێتە هیچ، هیچم بۆ هەڵناگیرێت، هیچ شتێك نابیستم...

– کاکە، تەحەمول ناکەم...

– موزهەر، دەڕۆم دکتۆرت بۆ دێنم!

لە کوێ، چۆنو بە چ پارەیەك دکتۆر بێنم؟ بیر لە وەڵامی ئەم پرسیارانە ناکەمەوە... تەنیا بیر لەمە دەکەمەوە چۆن لەم درەنگە شەوەدا موزهەر بە تەنیا لە ماڵەوە بەجێ بێڵم. نەکا بترسێت؟

باشە دراوسێکان ئاگادار بکەمەوە؟ چ خەیاڵێکی خاوە... دەبێ بڕۆم، دەبێ بەپەلە دکتۆر پەیدا بکەم...

– موزەهەر تۆ کەمێ ئارام بگرە... من هەر ئێستا دەڕۆمو دکتۆرێکت بۆ دێنمە ماڵەوە...

زریانو تۆفە شەوێکی وەهایە چاو چاو نابینێ... تەمو مژێکی سپیو پەرتەوازە لە شەوێکی تاریكو نوتەك دا...

روو بکەمە کوێ؟ یەك هەنگاوی پێش خۆم نابینم... پێیەکانم لە بەفرا ڕۆدەچن، چاوم دەکزێنەوە.... خۆم بە ڕێکەوتو تەقدیر سپاردووەو ڕێدەکەم...

***

لەجێی خۆم وشك بووم... ناوبەناو واهەستدەکەم دەنگی کۆکەکۆکی موزهەرو چزەچزی خەمناکی چراکە دەژنەوم. هەرکە...

بیرم بە هیچ کوێ ڕاناگات. مێشکم بۆشو بەتاڵە... هیچ شتێکم نایەتە بیر.... کۆمەڵێك بە بەرچاومدا دێنو دەڕۆنو شتاقیان ناناسم.

نازانم هۆی ئەم قەرەباڵغییە لە ماڵی ئێمەدا چییە.

ئۆتومبیلە زەردباوەکەی شارەوانی لەبەر دەرگای حەوشەی ئێمەدا وەستاوە... تێدەگەم... موزهەر، قەرارە بەم ئۆتومبیلە بچێتە سەفەری هەمیشەیی! ئەمو ئەو دەستم دەگرنو هەر یەکەو قسەیەك دەکەن. قسەکانیان نابیستم. چاوەکانم توانی ناسینەوەی سیمای کەسیان نییە.

موزهەر! ڕات دەربارەی سەفەر بەم ئۆتومبیلە چییە؟ گلەیی مەکە... نەفەرێك دەستی دابوون بە یەکداو گوتبووی: "چ جوانە! چ جوانە".

تۆ پێت وا نییە موزهەر؟

خودایا چەند جوانە....

دەرگای ئۆتومبیلەکەیان داخست، مەکینەکەی کەوتە لوراندن. من دەبێ هاوسەفەریی موزهەر بکەم... دەبێ لەم سەفەرەدا لەگەڵ ئەودا بڕۆم...

یەکێك لە کوڕانی دراوسێ لە پاڵ شوفێرەکەدا ڕۆنیشت... ئۆتومبیلەکە بە نێو بەفردا دەکەوێتە ڕێ...

هەردوو دەستم بەملاو بەولامدا شۆڕ بوونەتەوەو گێژو کاس دەڕوانمە دەوروبەرم! زریان و توفێکی وەهایە کە چاو چاو نابینیێ...

ڕێگە درێژو مەنزڵ دوورە... من لەم تۆفە شەوەدا چۆن ڕێگە بڕم؟

زریان خۆش ناکاتەوە... باشە با تەواو نەبێ، خۆش نەکاتەوە! زریانی ژیان، منی لە پەلو پۆ خستووە، کوشتوومی... مەترسە ماجید، بڕۆ... پێتوایە پێویست بە تۆ هەیە؟ تۆ موزهەرت نەکوشتووە...

دوای ماوەیەکی کەم کە دکتۆری ئێشکگر لە ژوورەکە وەدەرکەوت، سەرۆکی بەشیش هەستا و گوتی:

– با بڕۆین ئاغای یەساری!

لە ڕاڕەوەکەدا لێم پرسی:

– نەخۆشییەکەی خەتەرە؟

ڕوشدی بێگ لێوی گەست و گوتی:

– گومانی سەکتەی مێشکی لێدەکەین.

کە چوومە بەشی قەرەنتینە، هەڵوەستەیەکم کرد. لە هەنبەر ئەودا هەستم بە عەزابێکی قووڵی ویژدان دەکرد. جورئەتی ئەوەشم نەبوو بچمە دیار سەری و داوای گەردن ئازایی لێبکەم.

سەرۆکی بەش دەستی گرتم و گوتی:

– فەرمووو!

چـوومە ژوورێکـەوە کـە بەشـی قەرەنتینـەی نەخۆشـخانەکە بـوو. ئـەو نەخۆشـانەی کـە بـۆ نەخۆشـخانەکە دەهێنـرێن، لـە سـەرەتادا لێرەیـان دەخـەوێنن. دوای ئـەوەی فـەحس دەکـرێن و نەخۆشیەکەیان دیاری دەکرێت بۆ بەشەکانی دی دەگوازرێنەوە.

هـەموو جـۆرە نەخۆشـێك لەوێنـدەر هـەبوو. خـەڵکی زامـدار، تووشـبووانی سـفلیس، نۆرەتـا، خەڵکانی داماوی نەخۆش کە بەدەم ئازاری هەزارو یەك نەخۆشییەوە دەتلانەوەو چاوەڕوانی ئەو سـاتە بـوون کـە بـۆ بەشـی تایبـەتی نەخۆشـییەکانی خۆیـان بگوازرێنـەوە. بەشـی قەرەنتینـە، خـەمناکترین و خـراپترین بەشـی نەخۆشـخانەکە بـوو. نەخۆشـانی ئێـرە لـە هـەموو شـتێك بێبـەش بوون.

ماجید لەم بەشەدا کەوتبوو.

سەرۆکی بەش، بەرەو دووەمین تەختی دەستە ڕاست ڕۆیی. دکتۆری ئێشکگر لەوێ بوو.

نەخۆشەکان، کە چاویان بە سەرۆکی بەش کەوت هـەموو بێدەنگ بوون و بێدەنگیی تـەواو باڵی بەســەر قەرەنتینەکــەدا کێشــا. کــە دەمبینــی هێــزی کــارگێڕان و بەرێوەبــەرانی نەخۆشــخانەکە نەخۆشــەکان هێوردەکاتــەوەو تەنانــەت ئازاریشــیان کــەم دەکاتــەوە، هەســتم بــە جــۆرە ســەر سوڕمانێکی ئاوێتە بەرێزەوە، دەکرد.

نەخۆشێك کە لەسەر تەختێکی نزیکی پەنجەرەکە کەوتبوو چاوی لە دەرەوە نەدەگواستەوە. کەس نەیدەزانی ئەو بەفروبۆرانەی کە لە دەرەوە دەباری، لێرەوە، لە ژوورێکی گەرم و لە نێو

پێخەف‌و نوێنی پاك‌و خاوێنەوە یادی چ زامێکی بەسوێ‌و ژەهراوی‌و هەمیشەیی لە یادگەی ئەودا زندوو دەکردەوە؟

ترسێکی ئاشکرا لە قوڵایی چاوانی ئەو پیاوەدا، کە لە پەنجەرەکەوە چاوی بڕی بووە دەرەوە، دەبینرا. من لەو ساتەدا ماجیدم لەبیر نەمابوو.

لە پڕ چاوانی نەخۆشەکە پرشنگیان داو بزەیەك نیشتە سەر لێوانی.

سەرۆکی بەش چوو بووە دیار تەختەکەی ماجید. پاش بیستنی راپۆری دکتۆری ئێشکگر، باسکی ماجیدی گرت، بەڵام بە پێویستی نەزانی ماوەیەکی زۆر بە گرتنی نەبزی ماجیدەوە خەریك ببێ، دەستی هەڵگرت‌و دەستی ماجید کەوتە سەر تەختەکە.

ئەو نەخۆشەی کە بە ترسەوە چاوی بڕی بووە بەفرو زریانەکە،چاوانی لە ناکاودا پرشنگیان داو، بزەیەك نیشتە سەر لێوانی، لە بن لێوانەوە بە نەخۆشەکەی سەر تەختەکەی تەنیشت خۆیەوەی گوت: زریان خۆشی کردەوە!

ڕوشدی بێگی سەرۆکی بەش کە تەمەشای منی دەکرد، بزەیەکی خەمینی بۆ کرد، وەك ئەوەبوو سەر لە بەرانبەر قەدەردا دابنەوێنێ.

بەرەو تەختەکەی ماجید ڕۆییشتم. دانەویمەوەو تەمەشام کرد. دەموچاوی چرچ‌و لۆچی ماندوو، بەڵام ئاسوودە دەهاتە بەرچاو... دەموچاووسیمای لە قەیاغێك دەچوو کە لە تۆفان‌و زریانێکی توندا بەر تاوێرێك کەوتبێ‌و پارچە پارچە بووبێ. شنگ‌و هێزی لەبەر بڕا بوو، بەڵام ئاسوودە بوو!

بەڵێ زریان خۆشی کردبووەوە.

## مەمدوح شەوکەت ئیسندال

(١٨٨٣- ١٩٥٢)

***من حەزم لەو نووسینانەیە کە لە ژیاندا گەشبینیو ئومێد، جۆشو خروشو تینو تاو بە مرۆڤ دەبەخشن. بێگومان ئێمە لە خۆشگوزەرانی تەواودا ناژین. جا لەم وەزعو حاڵەدا ئەگەر نووسەرانیش باسی تاریکیو بێهودەییو شتانی ناپەسندمان بۆبکەن... ئێمەش بەرهەمو بابەتەکانیان بخوێنینەوە... وەکو ئەمەیە کە مرۆڤەکان بە بەردەوامی لە دەسکەوانەکاندا بکوتین... خوێندنەوە پێویستە گەشبینیو چالاکیو دڵخۆشیو ئومێد بە ژیان لەلای مرۆڤ زیاد بکات.***

ئیسندالْ لە ١٨٨٣/٣/٢٩دا لە چورلو هاتووەتە دنیا. کوڕی خێزانو ماڵباتێکی هەژارو جووتیارە، کە لە روملییەوە بۆ تورکیا هاتبوو. هەرچەندە قۆناغی سەرەتایی خوێندنیشی تەواو نەکردووە، بەڵام خۆڕسكو خۆساز بایەخی بە خۆ رۆشنبیراندن داوە. لە سەردەمی هەرزەکاریو لاویدا، زۆر زوو بە ناو کارو چالاکی سیاسی کەوتووە (١٩٠٦) لە ساڵی ١٩٠٨دا لە حیزبی ئیتیحادو تەرەقی دا ئەرکی سەرپەرشتیاریی بەو سپێردرا. لە سەردەمی ئاگر بەس دا، لەلایەن حکومەتی داماد فەریدەوە دەستووری تاقیبکردنی دەرچوو و بۆ ئەنادۆڵ هەڵات. پاش دامەزراندنی ئەنجوومەنی گەورەی میللەت، بە عینوانی سەفیر بۆ ئازەربایجان رۆیی (١٩٢٢- ١٩٢٣). لە ساڵی ١٩٢٤دا بۆ ئەستەموولْ گەڕایەوەو لە یەکێك لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا کەوتە وتنەوەی وانەێن دیرۆكو جوگرافیاو هەروەها لە هەمان سەروبەندا کەوتە کاری رۆژنامەوانی. ساڵانی (١٩٢٥- ١٩٣٠)ی بە سەفیری لە ئێران بەسەر برد. لە ساڵانی ١٩٣٠- ١٩٣٢دا بوو بە نوێنەری خەڵکی ئالازیغ لە ئەنجوومەندا. پاش ئەوە دیسان بە عینوانی سەفیر بۆ ئەفغانستانو روسیا رۆیی (١٩٣٢- ١٩٤٠) فەرەنسی، عەرەبیو فارسی دەزانی. لە ساڵانی ١٩٤١- ١٩٤٥دا سکرتێری گشتی حیزبی کۆماریی خەڵك بوو، لە ساڵی ١٩٤٦دا وەکو نوێنەری خەڵکی بیلجیك بوو بە ئەندامی ئەنجوومەن، لەو سەردەمەدا کە زیاتر خۆی بۆ کارو چالاکی بە سوودی هونەری تەرخان کردبوو، لە ١٩٥٢/٥/١٦دا، لە ئەنکەرا کۆچی دوایی کرد.

ئیسندالْ، رۆماننووسێکە کە ژیان وەکو خۆیو رووداوەکان بە شێوەی واقیعیو ریالیستی دەگێڕێتەوە. ئەدەبیات بێ هیچ پێچو پەنایەك بەکار دێنێ‌و وەکو چۆن قسە دەکات بەو ئاوایەش دەنووسێت. ئیسندالْ نووسینو بەرهەمەکانی بە ناوێن خوازراوی وەك مستەفا یالین کات، م. ئوغولجوك، م.ش،و م. ش. ا، کە ژمارەیان دەگەییە دوازدە ناوی خوازراو بڵاو دەکردەوە. هیچ رووداوێکی نا ئاسایی لە چیرۆکەکانیدا بەدی ناکرێت. رووداوەکانی ژیانی رۆژانە وەکو خۆیو بێ هیچ رتوشو ئارایشتکردنێك، بێ پەنا بردنە بەر تەنزو ساتیران، بە شێوەیەکی روونو رەوان دەخاتە روو. کەسایەتی، هاماج وتۆتموسفیرو، بابەتو تیمەکانی هەمیشە خۆماڵین. ئەو نموونانەی کە رۆژانە رووبەڕوویان دەبینەوەو هیچ بایەخێکیان نادەینێ، بە شێوەیەکی شیرین لە نووسینەکانی ئیسندالْدا بەرجەستە دەبن. ئیسندالْ، نووسەرێکی گەشبینو پڕ ئومێدو ئومێدەوارییە. کەرەستەو تیمەی بابەتەکانی بە زۆری لەو رووداوانەوە وەردەگرێت کە بە خۆی

دیتوونی، لە نێو هەژارنشینانی گەڕەکی ئاك سارای ئەستەموڵەوە کە خۆی لەوێندەر ژیاوە، لە گەڕەکێن دەوڵەمەندنشین و گوندو باژێڕۆکانەوە، تیمەو کەرەستەی بابەتەکانی هەڵدەهێنجیّ. و بە خۆی ئەهلی نیگارکێشی و مۆسیقاش بووەو، خۆشەویستییەکی قووڵی دەربارەی هەموو شتێکی تورکان هەبووە.

مەمدوح شەوکەت ئیسندالّ، چالاکانە شێوازی جیاوازی ڕۆمان و چیرۆکانی جەڕباندووەو بە گوتەی یەکێك لە نزیکەکانی خۆی چەند شانۆنامەیەکیشی نووسیوە. جاهید کولبی کە یەکێکە لە شاعیرانی تورك دەڵێت: "ئیسندالّ چەند شانۆنامەیەك و سەدان چیرۆکی نووسی بوو. بە نزیکەی دوو سەد چیرۆکدا چوو بووەوەو لەسەر مێزەکەی ئامادەی کردبوون. حیسابی کردبوو کە ئەم ژمارەیە بەلای کەمەوە بیست کتێبی تیا دەبوو. هەندیّ لەچیرۆکەکانی سەدو پەنجا لاپەڕە دەبوون". بەهەر حالّ ئەو بەرهەمانەی کە تا ئێستا چاپ بوون بریتین لە: میرات (ڕۆمان، ١٩٢٥، کە بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "مەسلەك"دا بڵاوبووەتەوە). ئایاشلی وکرێچییەکانی (١٩٣٤، ڕۆمانێکە کە گۆڕانی کەسایەتی کرێنشینانی ئەپارتمانێکی نویّ و گەورە لە ئەنکەرەدا، هاوکات لەگەڵ ئازادی سازی ئەم شارەدا، بە جوانی و بە توانایەکی تایبەتییەوە تیادا بەرجەستە دەکرێت و گواستنەوە لە سیستەمێکی وێرانەوە بۆ سیستەمێکی نوێی کۆمەڵایەتی بە باشی تیادا وێنە دەگیرێت). چیرۆکەکان ( ئەمە چل و هەشت چیرۆکی لە خۆ گرتووە، لە ساڵی ١٩٤٦دا لە دوو بەرگدا چاپ بووە، ئەم چیرۆکانە لە ساڵی ١٩٣٨شدا چاپ بوو بوون). دۆستایەتی بیّ غەل و غەش (یەك بەرگە، ٣٤ چیرۆکی لە خۆگرتووە، ١٩٦٥)، خانووەکە بەر ئەو کەوت ( دوو بەرگ، سی و پێنج چیرۆك ١٩٧٢)

***- ئایاشلی و کرێچییەکانی (١٩٣٤):**

مەمدوح شەوکەت ئیسندالّ، لە ڕۆمانی ئایاشلی و کرێچییەکانیدا، هەندیّ لایەن و دیمەنی ژیانی ڕۆژانەی نۆ خانەوادەی ئاپارتماننشینی ئەنکەرەیی لەسەروبەندی پاش ڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماری لە تورکیادا، وێنە دەگرێت. نووسەر چۆنیەتی هاتووچۆ وپەیوەندی "خەڵکانی بچووك" لە قۆناغی بە پایتەخت بوونی ئەنکەرەداو لە نێوان لاچوونی سیستەمێك و هاتنە سەرکاری سیستەمێکی دیکەداو مامەڵەکردنی ئەو جۆرە خەڵکە دەگەڵ گۆڕانکارییە جڤاکییەکاندا، دەگێڕێتەوە. چیرۆکەکە لە قاتێکی ئەپارتمانێکی گەورەو تازەدا ڕوو دەدات کە هەر نهۆمێکی ئاپارتمانی ناڤبری نۆ شوقەیە و هەر نۆ شوقەکەی ئەم نهۆمە بە کریّ دراون. ئەم ئاپارتمانە بە دەستی کەسێکەوەیە بە نێوی ئایاشلی ئیبراهیم ئەفەندی کە کارێن سەیری وەکو ڕێگری، پاسەوانی، عەرزوحاڵنووسی و، ئوتێلداری کردووە. خەڵکی جۆراو جۆری سەر بە چین و توێژێن جڤاکی جیاوازی وەك خێزاندار، سەڵت، ژن، پیاو، پیرو گەنج لەم شوقانەدا دەژین.

ئیسندالّ، سەرەتا بە شێوەیەکی وەستایانە، ئایاشلی ئیبراهیم وەکو خاوەن موڵك بەرجەستە دەکات و پاشان دێتە سەر کارمەندی بانك، شوفێر، خانەنشین، دکتۆر، دەلاڵ، خزمەتکارو کەسانی دی. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی نووسەر لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا، وەکو

بەرهەمـەکانی دیکـەی نووسـەر ئەوەیـە کـە پشـتی بـە بیـنین و ئەزموونـەکانی خـۆی بەسـتووە. گوزارشـتی سـادەو روون و رەوانـی نووسـەر کردویەتییـە کارێـك کـە پەیوەنـدی کاراکتـەرەکانی چیرۆکەکە، سـەرباری ژمـارە زۆریـان، مـاقوول و هاوسـەنگ بێـت. هـەروەها رەفتـارو کـرداری ئـەو کاراکتەرانـەو هەڵوێسـتی نابـەجێ و گێرانـەوەی رابردووشـیان بـە هـەمان مـاقوولی و هاوسـەنگی هاتووەتە دەربڕین و نیشاندان، نووسەر رێك وەکو کرێچییەك لـە بەردەم خوێنـەردا حازرە. ژیان و گوزەرانی ئەو کرێچییانەی کە لە دوو ریزە شوقەیەی بەرانبـەری یـەکی سـەر یەك راڕەوی درێـژدا دەژیـن، لـە هەوەڵـەوە تـا کۆتـایی چـیرۆکەکە بـە زمـانێکی روون و رەوان هاتووەتـە دەربـڕین و گێرانەوە. میراتی لە پاش بە جێماوی ئیمپراتۆریەتێکی هەڵوەشاوەو خـەڵکانێکی لـە شوێن و لـە رابردووی خۆ دابڕاو، تیمەو نێوەڕۆکی سەرەکی چیرۆکەکەیە،و پاشان نۆرەی ئـەو خـەڵکانـە دێـت کە بۆ پۆکەرو مەینۆشی لە دەوری یەکتر خڕدەبنەوە. کۆمەڵێك لە خـەڵکی لـە ڕومانەکـەدا هـەن کـە رووبە ڕووی رووداو و بویەرێن یەك لە دوای یەك دەبنەوە. بە هەر حاڵ ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ئەمانـەدا گەشـە دەکـات و مامەڵـەیان لەگـەڵ یەکدیـدا ئەوەنـدە سـادەو ئاسـایی و خۆڕسـکە کـە نموونـەیان تـەنیا لـە بەرهـەمێن نووسـەرانی مەزنـدا دەبینرێـت. ئیسـندال بـە قـووڵی خـەڵکی کۆمەڵگـەی خـۆی ناسیوە. قـووڵی و مەنـدی رۆمانەکـەی، خـۆی لـە خۆیـدا نیشـانەی ئەوەیـە کـە شارەزاییەکی باشـی دەربـارەی کۆمەڵگەو مێـژوو هەیـە. نیشـاندان و وێنـەگرتنی ژیـانی رۆژانـەی دانیشتووانی ئاپارتمانێك، بێئـەوەی پـەنا بەرێتـە بـەر تـەنزو سـاتیرو خـۆ دوورگـرتنی نووسـەر لـە نائومێـدی و رەشـبینی و، ئومێـدەوار بـوونی بـە ئاینـدە،و دەربـڕینی هەسـتی بێگـەردو پـاکی بـە شێوەیەکی لێهاتووانە، هەموو ئەمانە خۆی لە خۆیدا نیشانەی پوختـەیی بەرهەمەکەیـەتی. ئەگـەر قەرار بێ ڕۆمانی ناڤبری کورت بکەینـەوە دەبێ بڵێین: ئایاشـلی ئیـبراهیم ئەفەنـدی ئاپارتمـانێکی نۆ شوقەیی بە نرخێکی گونجاو بە کرێ دەگرێت و بە پشتیوانی ئـەو ئـەزموون و تەجرەبەیـەی کـە لـە ئوتێلـداری و زەمـانی خانایـەتی خۆیـدا بەدەسـتی هێنـاوە، هـەر شوقەیەکی ئـەم ئاپارتمانـە بـە خانەوادەیەکی جیا بەکرێ دەدات، یەکێك لەم شوقانەی بۆ خـۆی و زڕکیژەکـەی تـەرخان کـردووە. هەر ئەو نۆ خێزانەی کە لەم ئاپارتمانەدا نیشتەجێن، گـەرماوو تـەوالێت و ئاشخانەیان هاوبەشـە. بەمجۆرە کێشەی رۆژانەی کرێچییەکانی ئایاشلی، چارەسەر کراوە. حاڵی ماڵبات و خانـەوادەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی مامناوەندییـە. یـەکێك لـە کرێچییەکان بـە نێـوی شـەفیق بـێگ کونسـوڵی خانەنشینە. ئەم کابرایە کە لە کاتی کارمەندیدا، دەکەوێتـە کارێن نابـەجێ و ناشایسـتە هـەر زوو دەری دەکەن و خانەنشێنی دەکەن. کابرایەکە چروك و ئەڵچاخ و بێ سەروبەرو هەموو لێی بێزارن. خالیدە کە کارەکـەرە هەمیشـە گلـەیی لـە کارو رەفتارەکانی هەیـە. حـەقی بێگ و تـوران خـانمیش ژن و مێردێکن کە کاریان بـە کـاری یـەکترەوە نییـە، بـەڵام زۆربـەی کاتیـان بـە شـەڕو ئاژاوە دەبەنـە سـەر. تـوران خـانم، قوماربـازی دەکـات و لـە ماوەیـەکی کەمـدا هـەموو دراوسـێکان تووشـی بـەڵای قومار دەکات. ئەسکەندەر بێگ کـە خـۆی وەکـو کارخانـەدارێك دەناسـێنێ لـە بنەڕەتـدا قاچاخچـی تلیـاك و بەنگـەو هەمیشـە کێشـەی دەگـەڵ پۆلیسـدا هەیـە. حەسـەن ئاغـا بنیادەمێکـە کـە بـەد بەختییەکی یەجگار زۆری دیتووە، تێشکاوە، نابووت بووە، مەزراکەی لـە دەست داوەو ئەمێستا

خووی داوەتە شەراب و ئاسوودەیی خۆی لە شەرابدا دەبینێتەوە. عەبدولکەریم بێگ بوخارایی، هاوسەرەکەی و منداڵە چکۆلە گرۆزو ورکنەکەیان، فایقەی زڕ کیژی ئەو، فوئادی زاوای کە شوفێرە، دایکە ئیفلیجەکەی فوئاد، و کارمەندی بانك کە هەموو کێشەکانی ماڵەکە بە زمانێکی شیرین دەگێڕێتەوەو باس دەکات، خەڵکانێکن کە لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا بەشدارن. نووسەر، ئایاشلی ئیبراهیم ئەفەندی و ئەسکەندەر بێگ لەم دێڕانەی خوارەوە بە خوێنەران دەناسێنێ:

وشەی دەوڵەت بەلای ئایاشلییەوە هەمیشە هاوواتای کارمەندانە. کارمەندانی پایەبەرز لە شوێنێکدا کۆدەبنەوەو ناویان دەنەن دەوڵەت.

- باوەڕ بەم قسانە مەکە کە دەڵێن کارمەندان دەرامەتیان باشە! زۆربەیان قەرزارن. موچەکانیان هەر بەشی خواردنی ژنەکانیانە. ژنەکانیان هەموو وەکو فیلن. هەموو دێهاتییەکان کۆببنەوە ناتوانن یەکێك لەو ژنانە تێربکەن! ئایاشلی باوەڕی بەم قسانە هەیە، لێ لە هەموو شوێنێك نایانکات. سوێرە قسەنییەو زیاتر گوێ دەگرێت. لە شوێنانی قەرەباڵغدا، لە نك ئەو خەڵکانەی کە نایان ناسێت، کڕوکپ زار هەڵنایەنێ. ئاکاری لەم ڕووەوە بە تەواوەتی لە حەسەن ئاغا جیایە. حەسەن ئاغا حەزدەکات بە جۆرێ قسان بکات کە هەمووان چاو ببڕنە دەم و دووی. ئەم پیاوە کە هەمیشە لە دەوڵەت بە گلەییە و لە هیچ شتێك ڕازی نیە، کەمێکی لەبەر ئەوەیە کە هەمووان بە وردی گوێی لێدەگرن.

حەسەن ئاغا ئەگەر گوێگرێکی دەست بکەوێ دەربارەی سیاسەتێن قورسی دەوڵەتانیش قسە دەکات: ئەڵمان بە فەرەنسای گوتووە "پێنج ساڵی پێناچێت کە دەگەمە بەرماڵەکەت پاشایەکەمان بدەرەوە!" فەرەنساش بە ئەڵمانی گوتووە "تۆ پارەکان بدە تا منیش پاشایەکەتان بدەمەوە. تۆ ئەگەر توانیت تەنیا یەك جاری دیکە پشت ڕاست بکەیتەوە، چ قەیدی نییە تەشریف بێنە!"

ئەم دوو کەسە لە خەرجکردنی دەرەمەتەکانیاندا زۆر لە یەکدی دەچن. هەردووکیان لە خواردن و خواردنەوەی بە تەنیا بێزارن. کاتێ کە پێکیشەوە نان دەخون، هەردووکیان دەیانەوێ پارەی حیسابەکە بدەن. حەسەن ئاغاو ئایاشلی حەز ناکەن بەبێ هاوڕێ، بە تەنیا بۆ چێشتخانە بڕۆن. ئەگەر گوندییەك بێت و داوای پارە لە ئایا شلی بکات، دەست بەروویەوە نانێ، نائومێدی ناکات، هەڵبەتە ئەگەر کابرا نیازی بازرگانی نەبێت.

ئەم جووتە هەردووکیان حەزیان لە چیرۆك و سەربهوردی قارەمانان، پاڵەوانان و عەیارانە. شەوێك ئایاشلی میوانی هاتبوو. باسی شەڕی ئەزمیری بۆ گێڕایەوە. دەم و لێوی هەردووکیان کەوتبووە تەتەڵە، چیوای نەمابوو دەست بە گریان بکەن.

***

میوانە تازەکە ئەو ڕۆژە کارتێکی لە ژوورەکەی منیش دانابوو. دانی بەیانی ڕۆژی دواتریش دەگەڵ ئایاشلی دا هاتنە دیدەنی من. پیاوێکی پۆشتەو پەرداخ و خۆشبۆو شیك بوو، تەمەنی نزیکەی سی ساڵ دەبوو، باڵا بەرز، لاواز، دەماوچاو درێژ کۆلەی، چاوان لێکدی نزیك. بە چاویدا دیار بوو پیاوەێکی بە ئاوەز، زرینگ و چەلەنگ و چالاکە کە حەزدەکات خۆی لەبەر چاوی

خەڵکیدا بنوێنێ‌و شانازی بە کەسایەتی خۆیەوە بکات. دۆستایەتی دەگەڵ ئەودا نیعمەتە. حەز دەکات دەگەڵ هەموو کەسێکدا ماقووڵ‌و بە ئەدەب بێت‌و بەرێزو حورمەتەوە قسە بکات.

ئەسکەندەر بێگ دەیگوت بابی ئاکنجی دەڤەری هەمشین* بووە.بەر لە جەنگ، لە چەند شارێکی روسیادا، نانەواخانانی گەورەیان هەبووە. ئەسکەندەر بێگ لە دایکبووی روسیایەو ساڵانێکی زۆری لەوێندەر بەسەربردووە. هەرچەندە هەوڵدەدا وا بنوێنێ کە خوێندنی باڵای تەواوکردووە لێ تەنیا ئامادەیی تەواوکردووە. دوای جەنگ، بابی هەڵاتووەو ئەسکەندەر لەوێ ماوەتەوە. پێشکەوتووەو چووەتە ریزی حیزبیشەوەو بە یەکێك لە ئەندامانی دوو ئاتەشەی حیزب دەژمێردرا. دەیگوت زۆر وتاری شۆڕشگێڕانەی داوە. لەو وتارانەی کە بە رستەو دەستەواژەی چوونیەك دەست پێدەکەن‌و کۆتاییان دێ‌و پێشتر لەلایەن کەسانی ترەوە گوتراونەتەوە. دەیگوت بە کۆڵەمستی گوشاراو، هاواری کاریگەرو پڕ جۆش، بە کراسی روسی‌و پانتۆڵێکی دەڵب‌و پۆستین لەبەر، بە ترومبێل هەموو شارەکان گەڕاوەو بەو جۆرە لە کۆبوونەوەو کۆنفرانسێن زۆردا بەشداری کردووە. دەیگوت بە کەماڵی ئیسراحەت خۆی بەسەر سووچی مێزێکدا داوەو بە قژی بژۆ جگەرە بەدەمەوە گەلێك وتاری بێ زەرەرو زیانی داوە. ئیدی دوای ئەوەی چەند ماوەیەکی بەو جۆرە بردەسەر، ئەنجام ڕۆژێك دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەندێ لە دۆستانی خۆیەوە کە هەوڵدەدەن لە ناو حیزبدا، حیزبێکی دیکە دروست بکەن. دەیگوت لەو قۆناغەدا زۆرم خەم بوو، بەڵام توانیم خۆم بە ئاسانی دەربازبکەم. ئەوە بوو دەگەڵ ئیدارەی دابەشکردنی ئازووقەدا دەگەڵ دۆستێکی جولەکەیدا بە نێوی کوگان بۆکییف-یان ناردو بۆ خۆی لەوێوە ڕییەکی پەیدا کردو هەڵات.

ئەم شتانەم بە بچڕ بچڕی‌و لە ماوەی چەند مانگێکدا لە خۆی بیستووە. لە یەکەم دیداریی دەگەڵ مندا گوتی ئایاشلی لەوساوە دەناسێت کە دەیویست لە ئوتێلەکەیدا ئاکنجی ببێت. گوتبووی کە ئاکنجی بوون لێرەدا بۆ کەسی ڕەبەن‌و بێ شتومەك‌و ناوماڵ زەحمەتەو نابێ، ئەویش چونکە حەزی نەکردووە دڵی ئایاشلی عاجزبکات، دەچێت هەندێ شتوومەکی سەرەتایی ناوماڵ دەکڕێت. دەیگوت پاشانیش پسپۆڕو شارەزایەك لە ئەڵمانەوە دێنێ‌و لە نزیکیی شاری ئادابازاڕی دا کارخانەیەکی خشت سازی دادەمەزرێنێ. چەند نموونەیەکی لە بەرهەمەکانی خۆی دابوو بە سوپا تا لە کارخانە سوپاییەکانی خۆیدا تاقی بکاتەوە.

دایەرەی سکەی قیتاریش پێنج فارگۆنی لەم خشتانە کڕی بوو... پاشان هەر لە درێژەی قسەکاندا بۆم دەرکەوت ئەو کارخانەیەی کە ئەسکەندەر دەیگوت دروستمان کردووە، لە راستیدا کۆنە ئاشێك بووە. بە کرێیان گرتووەو چەند مەکینەیەکیان تێدا داناوە. ئەو پسپۆڕەش کە گوایە لە ئاڵمانیاوە هێنابووی، لە راستیدا کابرایەکی سپی پێستی رووس بوو کە لە یەکێك لە کارگە مەشروبسازییەکانی ئەستەمووڵدا کاری دەکرد. دەرکەوت کە ئەسکەندەر بە نانەسکی هێنابووی‌و رای گرتبوو. ئەویش هەندێ کاری کردبووو ئەنجام چەند هەزار خشتێکی گەیاندبووە وێستگە. ئەسکەندەر دەیگوت بە هەزار زەحمەت بازاڕی بۆ ئەم خشتانە پەیدا کردووە، بەڵام هەرکە ناوبانگی دەرکرد ئیدی مشتەری بە خۆی‌و بە مەمنوونی دەهات بۆ

کارخانەکە. بە جۆرێ ڕوانیمە سیمای ئایاشلی کە ئەرێ فلانی ئەو کابرایە دەرەقەتی ئەم کارە ئالۆزانە دێت. ویستم بڵێم: "باشتر وابوو خوو بدەینە کاری چیمەنتۆ" بەڵام نەمگوت.

ئەسکەندەر بێگ نەك هەر ئایاشلی بەڵکو فایقە خانمیشی لە کۆنەوە دەناسی. فایقە خانم بینی بوو کە دەگەڵ ئەم هاوسێ تازەیەدا بە گەرمی قسەی دەکرد. ڕاستت گەرەکە کەمێ لە فکران ڕاچووم کە ئایا ئەمانە لە هوتیلەکەی ئایاشلی-شدا ناسیاویان هەبووە؟ فایقە بە تەبیعەت خۆین گەرم و هەڵچوو، و نە کولۆکە، بۆیە بەلامەوە باش نییە روو بە پیاوان بدات. نازانم بۆچی ئەم مەوزوعەم لە مێشکی خۆدا گەڵاڵە کرد؟ ئەسکەندەر پیاوێکی روح سووك و خۆشەویستە. لە زۆر کەس باشتر ڕاوی دڵان دەزانێ، بۆیە هەمووان زۆر زوو لێی چوونە پێشەوە و دۆستایەتیان لەگەڵ گرت. تەنیا خالیدە لەبەر ئەوەی بایەخی بەو نەداوە، دەگەڵی ساردە. ئەسکەندەر بێگ، رکابەری کارەکەری جەماعەت بە پەسند نازانێ. هەڵبەتە خالیدەش گوێ بەو نادات. بە بۆچوونی ئەو ئەسکەندەر هەرچەندە روح سووك و خۆشەویستە، بنیادەمێکی لەخۆباییە، بۆیە هەر دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێت لە پاشملەی دەڵێت و، لێی دەخوێنێ.

ئایاشلی، خالیدەی لە هەنبەر حەسەن بێگ و من داناوە و قسەی دەگەڵ دەکەین. مامەڵەو ئەتوارمان دەگەڵ ئەودا وەکو ئەوەیە کە کیژی ئایاشلییە نەك کارەکەری. خالیدە ئەو جوانە نییە، هەندێجار قسەی بێ ئەدەبانەش دەکات و هەندێ سوعبەت و شۆخیانیش دەکات. ئەگەر بێگانەیەك ئەو شتانە ببینێ بێگومان بە زێدەڕۆیی و لەوەشە بە ڕەفتارێکی ناپەسندی بژمێرێت. تا ئەسکەندەر نەهاتبووە ئەپارتمانەکەی ئێمە، ئەم شتانە سەرنجیان ڕانەدەکێشام، بەڵام پاش ئەوەی ئەو هاتە نێو جەماعەتەکەی ئێمەوە، من تەنانەت ڕەفتارێن میهر ئامێزی خۆمانم سەبارەت بە خالیدە، کە ڕەگی لە سروشت و تەبیعەتی خەڵکانی وەکو مندایە بە نابەجێ دەبینم، لێ من نەمتوانی لەبەر خاتری ئەسکەندەر بێگ، ڕەفتاری خۆم دەگەڵ خالیدەدا بگۆڕم. من شانازیم بەوەوە دەکرد کە خالیدە منی وەکو برا خۆشدەویست. پاش ماوەیەك کە ئەسکەندەرم زیاتر ناسی، ژێوان و ناڕەحەت بووم لەمەی کە ماوەیەك خۆم لێی دووردەگرت.

بەهێزترین لایەنی مەمدوح شەوکەت ئیسندال و دیارترین تایبەتمەندی و خەسڵەتێن بەرهەمەکانی وی ئەوەیە کە لە دەربڕینی هەلومەرجێن ڕۆژگاری خۆیدا یەجگار بەدەسەڵات و لێهاتوو بووە، ئەو وێنانەی کە نیشانی داوون زۆر زندوون و ڕەفتارو هەستە هاوبەشەکانی بە باشی دەست نیشان کردووە. چیرۆکەکانی لە ڕابردوودا هاتوونەتە نووسین. بەڵام زمانی ئەم بەرهەمانە لەلایەن نووسەرەوە (یان لەلایەن وەشانکارانەوە) گۆڕدراوە بۆ زمانی ئەمڕۆ. جۆری گێڕانەوەی بابەتەکان و تەنانەت بەکارهێنانی نێوی شۆرەت و خانەوادەیی کە دیارە لەو سەردەم و قۆناغەدا باو نەبووە، لەوانەیە ئەو گومانە لە زەینی خوێنەردا دروست بکات کە دەستکاری زمانەکەی کراوەو دەستی مۆدێرنەکردنی گەییشتووەتێ. جگە لە یەك دوو وەسف و چەند بابەتێکی جیاواز، ئیدی لە تۆ وایە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە، لە ڕۆژگارو سەردەمی ئەمرۆدا نووسراون. هیچ شیکردنەوەیەکی تێروتەسەل و وێنەیەکی تەواو لە نووسینەکانی ئیسنداڵدا بەدی ناکرێت. بە دەگمەن هاوشێوەسازی تەقلیدی لەبەرهەمەکانیدا دەبینرێت. خوێنەر لە

**چیرۆکەکانی ئـەودا خـۆی لـە نـاو جەرگـەی گفتوگـۆێن رۆژانـەدا دەبینێتـەوە. زمـانی، زمـانێکی رەوان‌و بێ گرێ، ورد، سفت‌و روونە.**

***پەراوێز:***

****- هەمشین: ناوی شارێکی چکۆلەیە لـە دەوروبـەری شـاری ریـزەی سـەر کـەنارەکانی دەریـای رەش.***

## خالیده ئەدیب ئادی وار

(١٨٨٤- ١٩٦٤)

***من لە دوو واری نووسیندا کاردەکەم، رۆمان، چیرۆکی کورت و هەروەها پەخشانە شیعرێن کورت. بۆ نووسینی رۆمان، سەرەتا بابەتەکە لە مێشك و زەینی خۆدا تاوتوێ دەکەم، رەنگی دەرێژم، چەند جارێك بەراوردی دەکەم و دەکەومە گەڕان بە دووی بەرسڤی ئەم پرسیارەدا کە ئایا وەسفێن زاڵی چیرۆکەکەو پەیوەندیێن وی دەگەڵ کاراکتەرانی چیرۆکەکەدا چۆن دەبێت.***

خالیدە ئەدیب ئادی وار، کە لە رۆماننووسە ناودارەکانی ئەدەبیاتی نەتەوەیی تورکیایە، لە گەڕەکی بەشیکتاشی ئەستەمووڵ هاتووەتە دنیا.کیژی محەمەد ئەدیب بێگی بەڕێوەبەری دوخانیاتی شاری بورسایە. ئەم منداڵ بوو کە دایکی مرد. لە ساڵی ١٩٠١دا کۆلیجی کچانی ئەمریکایی ئوسکوداری تەواو کردو فەلسەفە، کۆمەڵناسی و ئەدەبیاتی بە شێوەی تایبەتی لەنك حەکیم رەزا تۆفیق خوێندووە. ماتماتیکیشی لە نك ساڵح زەکی خوێندووە. لە ساڵی ١٩٠٩دا بە سیاحەت چووەتە میسرو ئینگلستان. ماوەیەك لە خانەی مامۆستایانی ئەستەمول، ئامادەیی کیژان و، قوتابخانانی ئەوقافدا مامۆستایەتی کردووەو دەرسی گوتووەتەوە. لە ساڵانی ١٩١٠-١٩١٧دا وەکو سەرپەرشتاری گشتی قوتابخانانی کچانی تورکیا لە لوبنان و سوریادا کاری کردووە. لە ساڵی ١٩١٨- ١٩١٩دا بۆ ماوەی ساڵێك لە زانستگەدا دەرسی ئەدەبیاتی رۆژاوای گوتووەتەوە. لە پاش داگیرکردنی ئەزمیر لەلایەن یونانییەکانەوە، لە رێگەی ئەو وتارانەوە کە لە گەڕەکێن فاتح و سوڵتان ئەحمەدی ئەستەمووڵ دا دەیدان (١٩١٩/٦/١٦)و خەڵکی بۆ خەبات جۆش دەدا، رقی ئینگلیزەکانی هەستاندو لە ئەنجامدا لەگەڵ پێنج کەسی دیکەدا کە مستەفا کەماڵ لەسەرووی هەموویانەوە بوو، حوکمی ئیعدام درا. لە ساڵی ١٩١٩دا بۆ ئەنادۆڵ هەڵات. وەکو خەباتگێرێکی مەیدانی خەباتی نیشتمانی لە شەڕێن ساکاریا و دوملوپیناردا بەشداری کردووە. لەم شەڕانەدا پلەی سەرگروبانی وەرگرت. پاش راگەیاندنی سیستەمی کۆماری لە تورکیاداو دوای مردنی ساڵح زەکی هاوسەری کە ماتماتیکزانێکی بە ناوبانگ بوو، شووی بە دکتۆر عەدنان ئادی وار کردو پێکڤە بۆ ئەوروپا رۆیشتن (١٩٢٤). وەکو مامۆستای ئەدەبیات و زمانی ئینگلیزی لە زانستگەهێن فەرەنسا، ئینگلستان، ئەمریکا و هیندستاندا کاری کردووە (١٩٤٠). لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٤دا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا نوێنەر بووە. دوا ساڵەکانی تەمەنی لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانستگەی ئەستەمووڵدا. بە چالاکی ئەدەبییەوە بردووەتە سەر. لە ١٩٦٤/١/٩دا ماڵئاوایی لە ژیان کردو لە گۆرستانی مەرکەز ئەفەندی بە خاك سپێردرا.

خالیدە ئەدیب لە گەرمەی ململانێ و کێشماکێشی نێوان (ئەدەبیاتی میللی)و (زمانی نوێ)دا، بە زمانێکی نوێ و سادەوە هاتە مەیدان. رێرەوی ئەدەبی خالیدە لە رۆمانتیزمەوە بەرەو ریالیزم درێژ دەبێتەوە. سەرەتا بەو وتارو چیرۆکانەی کە لە بڵاڤۆکانی جیاوازدا بڵاوی دەکردنەوە شۆرەت و نێوبانگی پەیدا کردو پاشان بە رۆمان سەرنجی خەڵکی بۆخۆی راکێشا. خالیدە لە رۆمانەکانی سەرەتایدا زیاتر بایەخی بە بابەتێن ئاشقێنی و کێشە دەروونییەکان دەدا، لێ پاشان

رووی کرده بابەتو دۆزێن وەکو تورکچیاتیو ناسیونالیزمو نیشتمان پەرستی. لە ڕۆمانەکانی دواتریداو لە چوارچێوەی قارەمانو هاماجو ئۆتموسفیری بابەتو تیمەی چیرۆکەوە بایەخ بە دابو نەریتو کێشەی نێوان نەوەکان دەداتو بە تایبەتی لە ڕۆمانەکانیدا کاراکتەرێن بەهێزو چالاك دەخوڵقێنێ. کاراکتەرێن ژن لە چیرۆکەکانی خالیدەدا نموونەی یەجگار کاریگەرو ئەکتیڤن. ڕووداوێن ڕۆمانەکانی بەشێوەیەکی گشتی لە ئەستەمووڵو لە ڕۆژگارێن ژیانی نووسەردا ڕوو دەدەن. شێوەو تەرزی نووسینی خالیدە سوارو ڕەوان نییە. ڕستە بەندی نا ئاسایيو نابا و گوزارشتی تەمو مژاویو هەندێجار نامەفهوومی زۆرە. هەرچەندە شێوازی نووسینی روونو ڕەوان نییە، بەڵام بایەخی بە مکوومی هزرو بیرداوە. خالیدە ئەدیب ئادی وار، لە بوارێن بیرەوەری، چیرۆکی کورت، رەخنە، لێکۆڵینەوە، وتار، پەخشانە شیعر، ڕۆمان، شانۆنامە، مێژووی ئەدەبیاتو پاچڤەوانیدا قەڵەمی تاقیکردووەتەوەو بەرهەمێکی زۆری خستووەتەوە، ڕۆمانە بە ناوبانگەکانی بریتین لە:

<u>ڕۆمانێن ئاشقانە:</u> حەز لێکردەی سیویە (١٩٠٩)، دایکی رایق (١٩١٠)، خەندان (١٩١٢).

<u>ئەو بەرهەمانەی کە لەسەر بنەمای سەربهوورد، خەیاڵو ڤیانی ژنی نموونەیی، کە بە شێوەی داستان هاتوونەتە نووسین:</u> تورانی تازە (١٩١٢)، دوایین شوێنەوار (١٩١٢)، حوکمی چاوەڕوان کراو (١٩١٨).

<u>ئەو چیرۆکانەی کە دەربارەی جەنگی خۆیبوون،و زوڵمو زۆری یونانیان نووسراون:</u>
<u>کراسێك لە ئاگر (١٩٢٢)، لە نامەرد بدەن (١٩٢٦).</u>

<u>ئەو بەرهەمانەی کە ڕەنگدانەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتیو جڤاکی تورکیان:</u>

بە قاڵ مگسی (١٩٣٦)، سی(٣٠) جار چاپکراوەو لە ساڵی ١٩٤٢دا لەلایەن حیزبی کۆماریی خەڵکەوە، خەڵاتی باشترین کتێبی پێدراوە. تاتارجیك (١٩٣٩). هەڕاجە بازاڕی بێ سەروبن (١٩٤٦). ئاوێنە گێڕ (١٩٥٤)، شەقامی ئاقڵەخانم (١٩٥٨)، ئەمە بەرهەمێکە کە نووسەر تیایدا باسی جەنگی جیهانی دووەمو لایەنە دەروونییەکانی خەڵکی کۆمەڵگەکەی خۆی دەکات. جگە لەو بەرهەمانە چەندین ڕۆمانی دیکەی لە گۆڤارو بلاڤۆکاندا هاتوونەتە وەشاندن لەوانە: کچی هەژار، خەنجەرێن سوور، شەقامی سەودا، هەژار، پەرستگە وێران کراوەکان، گورگی کۆجاڕ.

<u>چیرۆکێن کورت:</u> شوانەکانی کەنعان (١٩١٨)، دەمامكو روح (١٩٤٥).

<u>شانۆنامەکانی:</u> تاقیکردنەوەی تورك بە ئاگر (١٩٦٢، کە ڕەنگدانەوەو ئاوێنەی ساڵانی جەنگی خۆیبوونی تورکیایە).

<u>بیرەوەری:</u> ماڵێك بە هێشووانی ئەرخەوانییەوە (١٩٦٣، بریتیە لە بیرەوەرییێن منداڵیی نووسەر).

<u>لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە:</u> مێژووی ئەدەبیاتی ئینگلیزی (٣ بەرگە ١٩٤٠- ١٩٤٩)، کاریگەریی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاواو، ئەمریکا لە تورکیا (١٩٥٦).

<u>*- بەقاڵ مگسی (١٩٣٦):</u>

ئەم ڕۆمانەی خالیدە ئەدیب هەوەڵجار لە ئینگلستان لە ژێر سەرناڤی (کیژی لیبۆك)دا بڵاو بووەتەوە، پاش گەڕانەوەی خالیدە ئەدیب بۆ وڵات، لە ژێر سەرناڤی بەقاڵ مگسیو بە شێوەیەکی تێرو تەسەلتر بڵاوکرایەوە. ئەم ڕۆمانە جۆری ژیانی خەڵکی، یەکێك لە گەڕەکەکانی ئەستەموڵی زەمانی عەبدولحەمید وێنە دەگرێتو ئیدی ئەم بابەتە وێڕای ئەوەی ڕەگو ریشەی چیرۆکەکە لە دابو نەریتی کۆمەڵگەدایە، دەبێتە مایەی پێشوازییەکی فرەی خوێنەران لە ڕۆمانەکە. زۆر نووسینی ڕەخنەیی دەربارەی ئەم ڕۆمانە لە بڵاوکراوەکانی هەندەراندا بڵاوکراونەتەوە. بۆ نموونە Morningpost لە ژمارە پازدەی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٥دا دەنووسێت: ***"گەورەترین ڕەونەقو جازیبەی کتێبێك وەستاوەتە سەر ڕەسەنایەتی کەسایەتی ئەو کاراکتەرانەی کە نووسەر دەیانخوڵقێنێ. ئێمە ئەمڕو ڕووبەڕووی ڕوناکییەکی درەخشانین کە بە نسیبمان بووە. ڕوناکییەك کە لەسەر شانۆدا بە دەستانی ناسکیش نایەتە گرتن، لێ سەر ڕێژە لە ژیان"***. Weekly new englishش لە ژمارە شەشەمی شوباتی ١٩٣٦دا دەنووسێت: ***"ئەم بەرهەمە کە وێنەی ئەستەموڵی ساڵانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم نیشان دەدات، لە هەمان کاتدا سیمای شێواو یان شێوێنراوی بێگانان لە خەیاڵو خەیاڵدانی ئێمەی ڕۆژئاواییدا ڕاست دەکاتەوەو تێمان دەگەیەنێت کە پیاوان و ژنانی ئەوانیش وەکو ئێمەن."*** ژمارەی حەوتەمی دێسامبەری times Literary supplementش دەنووسێت: ***"لەم ڕۆمانەدا هیچ هەواڵێك یان باسێك لەمەڕ ڕۆژهەڵاتو گەڕەکی بی ئوغلوی خەیاڵکردی نووسەرانی ڕۆژئاواییدا نییە. بەڵام ڕاستەقینەترین شێوەی ژیانی تورکیای سەردەمی عەبدولحەمیدی تێدا دەبینرێ. تیمەو کێشەێن لاوەکی لەم ڕۆمانەدا فرەنو هەمووشیان دروستن، نموونەکان زندوو پڕ جوڵەن، لە گەورەترین خواستەوە تا بچووکترین لاوازیی دروست و ڕاستەقینە دێنە بەرچاو،و ڕووداوە گرینگەکانی چیرۆکەکە، هەڵچوونێکی ئاسایی لە نك خوێنەر چێدەکەنو خوێنەر لەمەوە پەی بە زیرەکیو بەهرەی نووسەر دەبات."***

بڵاوکراوەی glasgow heralp لە ژمارە بیستو یەکی ئۆکتۆبەری ١٩٣٣ خۆیدا دەڵێت: ***"نووسەری ئەم ڕۆمانە هەر بەوەوە ناوەستێ کە بە شێوەیەکی ریالیستی گوزارشت لە زوڵمو زۆرو داڕوخانی سەردەمی عەبدولحەمید بکات. ئەم ڕۆمانە بە شێوازی "ڕۆمانتیکی" نووسەرانی ڕۆژئاوا نییە کە بە ئاوێتە کردنی مەسەلە ڕۆژهەڵاتیەکان هاتبێتە دی. بابەتێکی یەجگار جیاوازترو تازەتر لەو مەسەلە گشتیانەی ژیان کە نووسەرانی ڕۆژئاوایی دەیخەنە ڕوو و ناوی جۆراو جۆری فەلسەفی لێدەنەن، بە ئێمە دەناسێنێو هەر ئەمەشە کە ڕادەی جددی بوونو واقیعی بوونی ئەو ڕۆمانە دەسەلمێنێ"***. Catholis herald، لە ژمارە هەڤدەی مانگی یەکدا نووسیویەتی: ***"بینینی ڕۆمانێکی باش کە دەربارەی ژیانی خەڵکی ئەستەموول نووسرابێ. هەستێکی جوان لەلای خوێنەر دروست دەکات. هەرچەندە وا باوە نووسەر لایەنگری شۆڕشی نوێی تورکیایە، بەڵام ئەم ڕۆمانە زیاتر بۆ نواندنو نیشاندانی خەڵکی نووسراوە نەك بۆ ناساندنی بزاڤە سیاسییەکان. هەموو شتێك لەم ڕۆمانەدا، بە چاكو خراپەوە، بە هێزێکی باڵاتر لەتوانای مرۆڤ، وێنەکێشراوەو بەرجەستەکراوە"***. هەروەها بڵاوکراوەی Press bristol

westerndaily له ژمارەی ١٩٣٦/١/١٦دا دەنووسێت: ***"نووسەر بەم رۆمانە، چووەتە ریزی نووسەرانی بە نێوبانگی جیهانییەوە. خەڵکانی دەوڵەمەندو هەژاری کۆمەڵگە. زەبەردەستانە، لێهاتووانەو بەوپەڕی روونی لە بن دێڕەکانی ئەم رۆمانەو لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا بەرجەستە کراون‌و ژیانیان وەبەر خراوە، ئیدی لە وەزیرەوە بیگرە تا دەگاتە لیبۆک، خەڵکانێک کە لە قۆناغی فەرمانڕەوایی ستەمدا تەنیا ئەکتەر بوون"*** . هەروەها بڵاوکراوەی aderdeen pressand journal لە ژمارە سیی ئۆکتۆبەری ١٩٣٥دا دەنووسێت: ***"رۆمانێکی باش، دەتوانێ بە ئەندازەی یەک دەرزەن کتێبی دیرۆکی‌و گەشتەوانی، وڵاتێکی بێگانە بە مرۆڤ بناسێنێ. ئەم کتێبە کە وێنەی ئەستەموڵی بەر لە جەنگمان پیشان دەدات یەکێکە لەو کتێبانە. کاراکتەرەکانی چیرۆکەکە، داب‌و نەریت‌و ئاسۆی رووداوەکان هێندە لێهاتووانەو وەستایانە ئاوێتەکراون‌و دراونەتە دەم یەکترەوە کە بە ئاسانی دەتوانین بڵێین بەرهەمێکی هونەری هاتووەتە ئەفراندن"*** .

**ئەمەش کورتەیەکی رۆمانەکەیە:**

بەقاڵ مگسی ناوی شەقامێکی یەکێك لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی ئاك سەرای ئەستەموڵە. ئەم شەقامە هەموو تایبەتمەندی‌و خەسڵەتێکی گەڕەکەکانی دەرێی سنووری شارەوانی تیایە. ئێرە، ئیمام‌و خوتبەخوێنێکی توندڕەوی هەیە کە جگە لە بەهەشت‌و دۆزەخ باسی هیچ شتێکی دیکە ناکات. ئەم مەلایە دەگەڵ ئامینەی کیژیدا دەژی. پاش ئەوەی ئامینە دەگەڵ تۆفیق دا، کە گەنجێکی ئەکتەرەو لە مێژە حەزیان لێکدی کردووە، دەرەڤێ‌و رەدوودەکەوێت، مەلای گەڕەکەکە، لەسەر دەستی گشت دراوسێکانا حاشا لە ئامینە دەکات‌و رایدەگەیەنێ کە لەوەودوا کیژێکی نییە بە نێوی ئامینە. مێردەکەی ئامینە لە دەورەکانی خۆیدا کە لە هەموو شوێنێکدا ئەنجامی دەدا، رۆڵی کچانی دەبینی. لەبەر ئەوە بە تۆفیقە کچە ناسرا بوو. تۆفیق بە زۆری هاوسەرەکەی ئاقیبەت قایيل دەبێ لەو موغازەیەدا کاربکات کە لە خاڵییەوە بەمیرات پێی گەیی بوو. بەڵام ئەم ژیانە بۆ تۆفیق کە لە منداڵییەوە خووی بە ئەکتەری‌و نواندنەوە گرتبوو، زەحمەت بوو. شەوێك دەگەڵ کۆنە دۆستە ئەکتەرەکانی خۆیدا یەکیان گرتبوو، چوو بوو رۆڵی هاوسەرەکەی خۆی بۆیان بینی بوو، کە ئامینە بە رێکەوت ئەم بەزمە دەبینێ، بوخچەو پریاسکەکەی هەڵدەگرێت‌و یەکسەر بۆ ماڵی بابی دەگەڕێتەوە. شکات لە تۆفیق دەکات. دادگا هەق بە ئامینە دەدات‌و تۆفیق بۆ گلی بولو دووردەخرێتەوە. چەند مانگێك دوای ئەم واریقاتە ئامینە کچێکی دەبێت، ناوی دەنەن رابیعە. رابیعە لە ماڵی مەلادا جگە لە باسی بەهەشت‌و دۆزەخ‌و پاداشت‌و گوناح‌و ئەودنیا هیچ شتێکی دی نابیستێ‌و بەدەم پەروەردەیەکی وشکی ئاینییەوە گەورە دەبێت. رێگەی پێ نادرێت کە بە گوێرەی تەمەنی خۆی رەفتارو هەڵس‌وکەوت بکات، بۆیە پاشان کەم دوو و شەرمنۆك دەردەچێت. بڕیار دەدەن رابیعە بکەن بە قورئان خوێن. پاش ماوەیەکی کەم هەموو خەڵکی ئەستەمووڵ دڵبەندی ئەم کیژۆڵە دەنگ خۆشە قورئان خوێنە دەبن.

حەبیبەخانم، هاوسەری سەلیم پاشای وەزیری ئاسایش، بە شێوەیەك لە شێوەکان گوێی لە دەنگی رابیعە دەبێت‌و زۆری بەدڵ دەبێت. ئیدی دەوڵەت رابیعە دەگرێتە خۆی. کارێکی وەها دەکەن تا رابیعە بتوانێ دەرسی موزیك لەنك سۆفییەکی سەر بە تەریقەتی مەولەوییە بە نێوی

وەهبی دەدە، بخوێنیّ و فێر بێت. وەهبی دەدە پیاوێکە کە لە نێو کوڕو مەجلیساندا بە ویقارو سەنگینی ناسراوە. رابیعەش زۆر زوو هۆگری وەهبی دەدە دەبێت کە وەکو باب میهرەبانی دەگەڵ دەکات. و زۆر بە جدی پەیگیری دەرسەکانی لەنك وی دەکات. سەلیم بێگ کوڕێکی ئازاد بیری هەیە بە نێوی حیلمی بێگ. جیاوازیو ناتەبایییەکی قووڵ لە نێوان سەلیم پاشاو، کە تەواو گوێڕایەڵو ملکەچی پاشایە، حیلمی بێگی کوڕیدا لەم رووەوە هەیە. حیلمی بێگ، دەگەڵ ئەو ژۆن تورکانە دایە کە گەڕەکیانە شۆڕش لە وڵاتدا بەرپا بکەن. و بابی حیلمی-ش کەسێکە کە ئامادەیە لە پێناوی تەناهیو ئاسایشی پاشادا، کوڕی خۆیشی بخاتە ژێر هەر جۆرە ئەشکەنجەیەكو سەدان کەس بۆ شارانی دوور، دوور بخاتەوەو نەفی بکات. کابرا وەزیری ئاسایشەو پابەندو دڵبەندی مەسئولیەتەکەی خۆیەتی. کابرایەکی فەڕەنگی بە نێوی پرگرینی لە نێو ئەو ئاشناو دۆستانەی حیلمی بێگدا هەیە کە هاتووچۆی ماڵە بەشکۆکەیان دەکەن. ئەم پرگرینییە ماوەیەك باوەڕی بەئاینی مەسیحیەت هەبووە، لێ هەنووکە دەستبەرداری باوەڕی مەزەبی بووەو باوەڕی بە هیچ ئۆلێك نییە. هەرچەندە وابەستەو پابەندی هیچ ئاینێك نییە، بەڵام رێزی زۆری بۆ ئیمانداران هەیە. کابرایەکی موزیکزانەو دەگەڵ دەنگی رابیعەدا دەتوێتەوە. تۆفیق لە تاراوگە دەگەڕێتەوە. دەگەڵ یەکێك لە کۆنە دۆستەکانیا بە نێوی راقمە چکۆڵ، لە باڵەخانەی سەر موغازەکەدا ئاکنجی دەبێت. رابیعە لە دایکیو بابە گەورەی جیابووەتەوەو دەگەڵ بابیدا دەژی. رابیعە موغازەکە بەڕێوە دەباتو، لەچاو جاراندا بازاڕێکی باشی هەیە،و هەرسێکیان بە باشی دەژین. تۆفیق وەکو هونەرمەندێك لە حاڵی شۆرەتو ناوبانگێکی فرەدایە. ئەو دەورانەی کە لە نواندنی کاراگوزدا(قەرەقۆز) دەی بینیّ، لە سەرانسەری ئەستەمۆڵدا دەنگ دەداتەوە. باوەڕی وایە کە نابیّ لە کتێباندا بۆ هونەری بگەڕێی، بەڵکو دەبیّ لە ژیاندا، لەو ژیانەدا کە لە گۆڕانی هەمیشەییدایە، بۆی بگەڕێی. رابیعە خەریکە گەورە دەبێت. ئیدی ئێستا بووە بەو کێژە جوانەی کە لاوانی گەڕەك دەوروخولی دەدەن. وەهبی دەدەو پرگرینیی پیانۆژەن نزیکترین دۆستانی ئەم ماڵباتە چکۆلەیەن. بەردەوام سەریان لێدەدەن. رابیعە بەرە بەرەو ژێراوژێر حەز لە پرگرینی دەکات. سەلیم پاشا وەکو هەمیشە بنیادەمێکی وشكو گوێڕایەڵو ملکەچی تەواوی پاشایە. حیلمی کوڕیشی پەیوەندی نهێنی دەگەڵ ژۆن تورکاندا هەیە.

ئەوانە جارێك تۆفیق بە جلی ژنانەوە دەنێرن بۆ پۆستەخانە تا ئەو نامەو بڵاوۆکانەیان بۆ وەربگرێت کە لە هەندەرانەوە بۆیان نێردراوە. تۆفیق لەلایەن پیاوانی دەوڵەتەوە دەخرێتە ژێر چاودێری، دەستگیر دەکرێتو لە زندان دەپەستریّ. تۆفیق هەرچەندە دەخرێتە ژێر ئەشکەنجە لیّ زمان لە دۆستەکانی نادات و کەشفیان ناکات. ئیدی ئەو دوور دەخەنەوەو حیلمی بێگیش بەرواڵەت بە پۆستی یاریدەدەری ستاندار بۆ شام دەنێرن. وەهبی دەدەو پرگرینی مشوری رابیعە دەخۆنو دڵخۆشی دەدەنەوەو ئەویش رێبازێکی نوێی ژیان دەگرێتە بەر. لەلایەکەوە پەیگیری دەرسە تایبەتیەکانی دەکاتو لەلایەکی ترەوە قورئانو مەولودی لە مزگەوتەکانی ئەستەموڵو لەو ماڵانەی کە مەولودی دەکەن، دەخوێنیّ. پرگرینی بۆ وەرگرتنی بەشە میراتی دایکی بۆ ماوەی دوو مانگێك بۆ وڵاتی خۆی دەڕواتەوەو پاش گەڕانەوە، یەکەم کاری ئەمە دەبیّ کە داوا لە

رابیعە دەکات شووی پێبکات. ئیدی بە هەستی هونەرمەندانەی خۆی، بۆی دەرکەوتبوو کە بەبێ رابیعە هەڵناکات‌و ناتوانێ بژی. بە کاریگەریی رابیعەو ئەوانەی دەوروبەری، دەبێتە موسوڵمان‌و ناوی عوسمان بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ. رابیعەو عوسمان لە رۆژێکی مانگی پێنج دا زەماوەند دەکەن. خەڵکی گەڕەکی بەقاڵ مگسی، پێشوازییەکی گەرمی ئەم خێزانە تازەیە دەکەن. عوسمان ئێستا ئەو شانازییەی پێبڕاوە کە ناوی زاوای گەڕەکیان لێناوە. تۆفیق هەرماوە نا ماوەیەك چەند نامەیەك لە شامەوە دەنێرێ. رابیعە پاش ماوەیەکی زۆر جارێك دەڕوات بۆ نشینگەی سەلیم پاشاو یەکێك لە نامەکانی توفیق، کە سکالایە لە ژیانی نالەباری خۆی، بۆ پاشا دەخوێنێتەوە. ئەفسەری پایە بەرزی ئاسایش کە گوێی لە نێوەرۆکی نامەکە دەبێ، بەزەیی دەجولێ‌و ڕەحمی دەتلیسێتەوەو کە ئەو خەڵکانەی بیر دەکەونەوە کە ساڵەهایە بۆ تاراوگەی ناردوون، دووچاری عەزابی ویژدان دەبێت. قەرارە پاشا دوای ماوەیەکی کەم خانەنشین بکرێت‌و هەنگێ وەکو خەڵکی ئاسایی بە کوچەو کوڵان‌و شەقام‌و چاخانەکاندا بسورێتەوە. عوسمان بە نهێنی پارە بۆ خەزووری دەنێرێت. دوای ماوەیەك مەلاش ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. رابیعە سکی دەبێ. ئیدی رابیعەو عوسمان وەکو هەر ژن‌و مێردێکی دیکە کە هەر یەکەیان سەر بە کەلتوورو کەلەپورێکی جیاواز بن، ناو بەناو ناکۆکی‌و دڕدۆنگییەکیان دەکەوێتە نێوان، بەڵام هەردووکیان چاك دەزانن کە چەند پێویستیان بە یەکترە. ئامینەش دەمرێت. شۆڕشێکی گەورەو بەربلاو لە ولاتدا بەرپا دەبێ. دوور خراوەکان لە دوای شۆڕشی ١٩٠٨دا بۆ ولاتی خۆ دەزڤڕنەوە. هەر هەموو دۆستان‌و خەڵکی بەقاڵ مەگسی وەکو قارەمانێك پێشوازی لە توفیق دەکەن. لەگەڵ گەڕانەوەی توفیق دا جەژن‌و ئاهەنگ‌و هەڵپەرکێ لە گەڕەکی بەقاڵ مەگسی بەرپادەبێت. دوورخستنەوەی توفیق وەکو قارەمانێکی چیرۆکەکە، بۆ تاراوگەو هەروەها گەڕانەوەی، لە ڕۆمانەکەدا بەمجۆرە بەرجەستەکراوە:

چەند ئوتومبیلێك بە دەرگاو پەنجەرەی داخراوەوە بەریز وەستان. ئەو پیاوانەی کە جلی رەشیان لەبەر دابوو دەرگای ئوتومبیلەکانیان کردەوەو کۆمەڵێك ژنی عەبا بەسەرو بوخچە بە دەستیان دەگەڵ منداڵەکانیان‌و چەند پیرەمێردێك‌و یەکێك لە دەدەکانی مەولەوییەدا دابەزاند. دابەزێنراوەکان لە تەنیشت یەکدییەوە وەستان. ئەوانەی شتیان بە دەستەوە بوو شان بەشانی یەکدی‌و ئەوانەی دەستیان بەتاڵ بوو دەستیان دەنێو دەستی یەکدی ناو وەکو کۆمایەك لە توڕەیی‌و نیگەرانی‌و هێز سواری قەیاغ‌و بەلەمان بوون.

لە بارئەندازەکەدا، ئیدی دەنگی پێیان نەدەهات. بەلەمەکان بەسەر ئاوە زیوینەکەوە وەجوڵە کەوتن... بەرەو کەشتییەکی گەورە بە نێوی "شەوکەتی دەریا" کە لە سلیمیەدا لە نگەری گرتبوو، ڕۆییشتن

رابیعە، لەسەر گەورەترین بەلەم، لە پاڵ ژنێکی گەنجدا کە منداڵەکەی شیر دەدا، دانیشتبوو. دنیا سارد بوو. عەباکەی وەهبی دەدە هەردووکیانی داپۆشی. رابیعە لە ژێر عەباکەوە دەنگی مڵچە مڵچی منداڵەکەی دەژنەوت کە شیری دەخوارد. پیرەمێردێکی لاوازی ردێن سپی، سیما

تاتاری که لەهەنبەر ئەوان بوو، بە جۆرێ چاوانی کردنەوە وەك ئەوەی خەوێکی ترسناك ببینێ لە ناکاو دەستی بە هاوار کرد:

– نەوەکەم، نەوەکەم نەفی دەکەن، کافرانە! خوا ماڵیان وێران بکات!

کوڕێکی منداڵ کە لەسەر کورسییەکەی ناوەڕاست بوو، وەکو بێچوە گورگێك دەیلوراند:

– باوکە...! بابۆ...! باوکم دەوێ...!

دیسان هەموو بێدەنگ بوون. چەناگەی پیرەمێردە ڕدێن سپییەکە دەجولا، لێوە بە قولاچووەکانی دەلەرزین و سەولەوانەکان سەولیان لێدەدا... ڕۆشتنێك بوو بێ گەڕانەوە...

هەراو زەناو ژاوەژاو لەسەر بەلەمەکەوە دەگەییە ئاسمان. رابیعە مات و حەپەساو دەیڕوانییە ئەو ژنە گەنجەی کە لە ناو بەلەمەکەدا ناسیاوی دەگەڵ پەیدا کردبوو، کە چۆن ماڵئاوایی لە مێردەکەی دەکات. وادیار بوو کە پیاوەکەی، فەرمانبەرێکی بچووك و دەستکورتە... بنیادەمێکی باریك و بنێس و سەرو سیما شێواو بوو... پیرەمێردە ڕدین چەرمووەکەی کە لە تاتاران دەچووو لە بەلەمەکەدا منداڵەکەی بێدار کردبووەوە، نها وەکو کەسێك وڕینە بکات، هاواری کرد:

– خودا ماڵیان وێران بکات..!

گەنجێکی خوێنکاری پزیشکی، دەستی پیرەمێردەکەی گرتبووو دای دەبەزاندو دەمی وەپەناتی گوێچکە گرانەکانی نابووو بە دەنگی بەرز دەیگوت:

– باوکە گیان، خەمت نەبێ لە جەژندا دەمان بەخشن، ئەگەر لە جەژنیشدا نەبێ، لە ئاهەنگی بیرەوەری تاجگوزاریدا ئازاد دەکرێین...!

لەم هەراو فەرتەنەیەدا توفیق دیار نەبوو. ئەنجام رابیعە ئەویشی بەدی کرد. منداڵی، ئەو ژنە قەڵەوەی، کە لەسەر کەشتیەکە جێی بۆ مێردەکەی ئامادە دەکرد، لە باوەشدا بوو، خەریکی ژێر کردنی بوو. کە رابیعەی بینی بە منداڵەکەوە دەستی بە غاردان کرد. باب و کیژ بەدەم هاوارەوە بە جۆرێ یەکتریان لە ئامێز گرت کە منداڵەکە خەریك بوو بپلیشێتەوە. ژنەکە بەغار رۆیی و منداڵەکەی لەتوفیق وەرگرت..

توفیق ڕدێنی نەتراشی بوو، گۆناکانی قوپا بوون و دەوروبەری چاوی رەش بوو. بەر لەوەی کە باب و کیژ فریای گفتۆگۆ بکەون دەنگی کەشتیوانەکە وەکو شەیپور لە کابینەکەی خۆیەوە بەرز بووەوە کە:

– لەزێکەن..! دە دەقیقەی دی سواری بەلەمەکان...

رابیعە پریاسکەیەکی خستە باخەڵی توفیقەوە. ئەمە قازانجی یەك مانگی موغازەکە بوو. پاشان ئەویش هەوڵیدا لەلای مێردی ژنە قەڵەوەکەوە، لەسەر کەشتیەکە شوێنێ بۆ بابی بگرێت. هەنگێ ئەو سەبەتەیەی، کە ڕاقم لە ژێریا ئارەقەی کردبووو تا ئەوێ هەڵی گرتبوو، لە عاردەکە داناو گوتی:

– دۆڵمەو زەیتون و پەنیرو گۆشتە... کە گەییشتیتە سوریا نامە بنێرە.

– وای، یانی بۆ سوریام دەنێن؟

هێشتا کەس نەیدەزانی بۆ کوێ دوور دەخرێتەوە. هەموو هەر بیریان لە تاراوگە ترسناکە هەمیشەییەکان، واتە لە یەمەن‌و فیزان دەکردەوە.

بەلەمێك لە کەشتیەکە نزیك بووەوە. جارێکی دیکەش دەنگی کەشتیوانەکە مینا شەیپوری هێرش بەرز بووەوە:

– یاڵلا سواری بەلەمەکان....!

رەشپۆشەکان هاتنە سەر کەشتییەکەو جارێکی دی ژنە عەبا بەسەرەکانیان دەڵەك دا.

ئەو منداڵە ساوایەی کە خەریکی شیر خواردن بوو، دیسانەوە گریا. کورە ساواکە وەکو بێچووە گورگێك لوراندنی‌و پیرەمێرەکە دووبارە کەوتە تووك‌و نەفرین. کچانی منداڵ بە دەم چڵم هەڵ لوشینەوە دەگریان. جم‌و جوڵی خەڵکانی سەر کەشتییەکە لە شەپۆل دەچوو. دیسان هەمان ئاپۆرای خەڵکی بە تورەیی‌و نیگەرانی، دەست دەنێو دەست‌و شان بە شانی یەکدی لەسەر بەلەم‌و قەیاغەکان دانیشتنەوە.

پیاوان لەسەر کەشتییەکە بە شان‌و کۆڵی یەکترا هەڵدەگەڕان تابتوانن دەسەسرە رەنگاو رەنگەکانیان بۆ ئەوانەی سەر بەلەم‌و قەیاغەکان هەڵتەکێنن‌و ماڵئاواییان لێبکەن.

***

تۆفیق کە پشتی لە هەتاوەکە بوو قسەکانی ئەوانی ژنەوت. لە کەشتیەکەدا تەنیا بە تۆفیقیان نەگوت ببێ بە ئەندامی "کۆمەڵەی زۆر لێکراوانی سیاسی". تۆفیق کابرایەکی لێبۆکی ئەکتەر بوو! دەشیا بتوانێ نوێنەرایەتی کۆمەڵەیەك بکات؟ ئەنجام گەییشتنە بەندەر.

ئەستەمووڵ باوەشی کردەوەو بە خۆشی و شادی قارەمانانی خۆی لە هەمێز گرت. تۆفیق هەرکە چاوی بە ئەستەمووڵ کەوتە وەکو منداڵ لە هۆڕژنی گریانی دا. خۆیشی نەیزانی چۆن پێی خستە سەر ئەسکەلەکە. دەتگوت لەنێو دەریایەکی بەشەریدا خەریکی مەلە کردنە.

لەوبەری ئاپۆراکەوە چاوی لەسەر سیمای ئارامی سابت بێگ گیرسایەوە. گشت سیما ئاشناکانی گەڕەکی بەقاڵ مگسی لە دوایەوە وەستا بوون. هەموو گەڕەکەکە هاتبوونە پێشوازی قارەمانەکەیان کە قارەمانی رێگەی ئازادی بوو. تۆفیق، بەڕاست‌و بە چەپدا دڕی بە خەڵکەکە دەداو لەوان نزیك بووەوە.

سابت بێگ هەرکە تۆفیقی بینی فرمانی دا، هەموو بەقاڵ مەگسییەکان دەستیان بە هوڕاکێشان کرد: "با بژی، سڵاو...." هەمووان هوڕایان دەکێشا.

تۆفیق، بە ڕادەیەك لە خۆپیشاندانی خەڵکەکە ترسا بوو کە چاوی بۆ شوێنێ دەگێرا خۆی تیا بشارێتەوە. لاوانی گەڕەکی بەقاڵ مەگسی پیاوێکی قەڵەویان گرت‌و نایانە سەر شانیان، کابرای قەڵەو ئالایەکی بە دەستەوە بوو، هەر پێیەکی نابووە سەر شانی کەسێك.... یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە شەقاماندا وتاریان دەداو زەحمەتێکی زۆری لە رای سەرخستنی شۆڕشدا کێشا بوو. سابت بێگ لە گەڕەکی بایەزیدا گوێی لە قسەکانی بوو بوو و پشتیوانی گەرم‌و گوڕی ئەوی لە حکومەتی تازە، زۆر چوو بووە دڵەوەو ئەمڕۆ ئەوی هێنا بوو تا بە بۆنەی گەڕانەوەی تۆفیقەوە

خوتبەیەك بداتو، بەڵێنی دە سکەی زێڕیشی دابویە. وتاربێژ بەمجۆرە دەستی بە قسەکانی خۆی کرد:

- من هاتووم تا پێشوازی لە قارەمانێکی میللی بکەم، قارەمانێ کە لە باوەشی خەڵکی ئازادیخوازی گەڕەکی بەقاڵ مگسی پەروەردە بووە.

دەنگی گەورەو بتەو بوو.

خەڵکانی دیکەش، دەگەڵ خەڵکی گەڕەکی بەقاڵ مەگسیدا خڕبوونەوە، وەستانو کەوتنە گوێگرتن.

- ئەم قارەمانە کە لە ستەمدیدانی سەردەمی زوڵمو ستەمو دکتاتۆریەتە، یەکێکە لە داستانسازانی بەشکۆی ڕێگەی ئازادی کە ئێمەی رزگار کردووە (لەم حاڵەتەدا بەدەست ئاماژەی بۆ لای تۆفیق دەکرد). تۆ ئەی شەیداو ئاشقی دادپەروەریو ئازادی! لە حوزوری تۆدا سوێند دەخۆم هەرکەسێ دژایەتی مەشروتیەت بکات، ئەو مەشروتیەتەی کە کۆڵەکەی ئازادی ئێمەیە، ئەم دەستانەم دەنێمە بینی، دەی خنکێنم، چاوانی دەردێنمو دایکی لە پرسکەیدا دادەنیشێنم!.

یارۆی خەتیب وەکو پاسەوانو پارێزەرێکی خۆبەخشی ئازادی، دەستەکانی بەرەو جەماوەرەکە راکێشا. دەستەکانی پان، لیر، تووکن، ترسناكو پەنجە کوڵ...

تۆفیق دەستانی "موزەفەر چاو دەرهێنەر"ی ناسییەوە. واقی وڕما. زندانی وەبیر هێنایەوەو ئەم دەستانە کە لەوێندەر چ کارێکیان دەکرد. هەستی کرد ئێستاش بە هەمان ئەو دەستانە بە بناگوێیدا دەکێشرێنو بەسەر سەریدا دەدرێن.

دووو کەسی خەڵکی بەقاڵ مگسی هاتنو ژێر باڵیان گرت. یەکێکیان وەهبی دەدەو ئەویتریان عوسمان بوو.

- ئەرێ ئەم کابرایە لێرە چی دەکات؟
- لایەنگری مەشروتیەتە، ستایشی حکومەتی تازە دەکات.
- چی....؟

عوسمان دەستی راکێشاو گوتی: با لەم قەرەباڵغییە دەربچین.

- ئەدی رابیعە کوا؟
- نەوەکەتی ئامادە دەکرد... دایكو منداڵ چاوەڕوانی قارەمانەکەی گەڕەکی بەقاڵ مەگسین.
- نەوە... نەوە؟

دوو دڵۆپە روندك لە چاوانی تۆفیقەوە بە گۆناکانیا هاتنە خوارێ. وەهبی دەدە گوتی:

- تۆفیق، نەفەرێکی دیکەت بۆ گروپی ئاشقان زیاد کرد!

ڕۆمانی تاتارجیك بەرهەمێکی دیکەی خالیدە ئەدیبەو بەراورد لە نێوان دوو وەچەدا دەکات. لە نێوان وەچەی سەردەمی کۆماریو خەڵکانی وەچەی رابردوودا، بناغەی چیرۆکەکە لەسەر کاراکتەران ڕۆنراوە نەك لەسەر رووداوو بویەران. حەوت گەنج، کە ژینگەی پەروەردەیی،

سەلیقەو زەوق و جیهانبینیان لە یەکدی جیاوازە، بڕیار دەدەن لە پشووی هاوینەدا سەفەری دەوروبەری گوندی یویرازی ئاقاری ئەستەموولْ بکەن و چەند ڕۆژێك لەوێندەر بقەتێنن. ئەمانە لە باخی لێڕەواری فەریدون پاشا لا دەدەن. دووکیژی هاو سونج و سالْی ئەم لاوانە بەناوێن لالە ناسراو بە "تاتارجیك"و زەهرا لەو گوندەدا دەژین. تاتارجیك نوێنەری کیژانی ئایدیالی سەردەمی کۆمارییەو زەهراش بە پێچەوانەی ئەوەوە کیژێکە شەیدای خۆنواندو ئارایشت و مکیاجە. کەسێکی ئەمریکاییش بە نێوی هلن برکلی لەوێندەرە کە میوانی لالەیەو ئەو حەوت گەنجە کە باسکران دۆستی ئەون، لە هەنبەر ئەم گەنجانەدا خەڵکانێك هەن کە سەر بەوەچەی کۆن و خەسڵەتە باش و خراپەکانی رابردوویان لە خۆدا هەڵگرتووە. ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە ساڵمەندانی گوندی یویراز، ماڵبات و بنەماڵەی فەریدون پاشاو سونگور باڵتا. حەوت گەنجی ناڤبری کە خوێندکاری زانکۆ بوون، بە دەم جێ خۆشکردنەوە لە بێشەیەکی بچووکی ئەو دەڤەرە، دەگەڵ خەڵکی گوندەکەدا ناسیاوی پەیدا دەکەن و هاتووچۆی یەکتر دەکەن. ئەم گەنجانە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا هەرکەسەو بە گوێرەی جیهانبینی خۆی هاوسەرانێ بۆ خۆ دەدۆزنەوە. تاتارجیك کە ناوی رۆمانەکەی بە ناوەوە نراوە، رەجەبی کوڕی رابیعەو عوسمان، کاراکتەرانی سەرەکی چیرۆکی بەقالْ مگسی بە هاوسەری هەڵدەبژێرێت. ئەمانە لە رۆمانەکەدا وەکو نموونەێن ئایدیالی تورکیای مۆدێرن دەخرێنە روو. پوختەی رۆمانی ئاوێنەگەردان، کە بەرهەمێکی دیکەی خالیدە ئەدیبە، بەمجۆرەیە: "مورسیل، کە گەنجێکی بە ئاوەزی گوندییەو چاوی چەپ و خێلن، شاقارەمانی چیرۆکەکەیە. ئەم کوڕە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ئاغا کە بە زوڵم و زۆرو کەڵەکبازی خۆی ترس و لەرزی خستووەتە دڵی خەڵکی گوندەکەوە، کیژەکەی هەڵدەگرێت. مورسیل کە ئەزیەت و ئازاری ئاغا لە شەوی یەکەمی زەماوەندەکەشیاندا فەرامۆش ناکات، بە گوێرەی نەخشەیەکی هاوسەرەکەی لێدەبڕێ کیژی ئاغا رەدوو بخات. هەستی تۆڵە ئەستێنی مورسیل پاش ماوەیەك دەگۆڕێت بە ئاشقێنیەکی گەورە. قارەمانە ژنەکەی ئەم چیرۆکە، کیژە هەڵگیراوەکە، حەنیفەی کیژی حاجی مورادە کە پاشان بە زڕ کچی ئاغا ناو دەردەکات، بەڵام لە راستیدا ماشوقەیەتی. مورسیل کە دەی بینێ بەدڵێ نا بە سەد دڵ ئاشقی دەبێت. تایبەتمەندییەکانی دێهاتیانی ئەنادۆڵ وەکو گوێڕایەڵی و ملکەچی و لە هەمان کاتدا زرینگی و راستگۆیی و مەندی بە تەواوەتی لە رۆمانەکەدا رەنگی داوەتەوە". سەرانسەری چیرۆکەکە لە گوندا روو دەدات و کە لە چیرۆکەکەدا بۆ ئەستەموولبگەڕێی تەنیا دەوروبەری ئەستەمولْ و قەراخ شار دەبینییەوە.

هەموو قارەمانانی چیرۆکەکە دێهاتین. بابەتێن وەکو ئاشقێنی دێهاتیان، رێوڕەسمی گوندییان، رەدووخستنی کیژان بە مەبەستی خێزان دروستکردن، شەڕ لە سەر زەوی و رەفتارێن نالەباری دیکەی باو لە گوندی دا، لەو بابەتانەن کە لەم رۆمانەدا، لێهاتووانە خراونەتە بەر وردەبینی هەڵسەنگاندن و تۆژینەوەوە.

## ڕەفیق خالید کارای

## (١٨٨٨-١٩٦٥)

***ڕەفیق خالید، لە ڕۆمانەکانیدا زیاتر مامەڵە دەگەڵ بابەتێن خانەوادەدا دەکات. خێزان بابەتی زاڵو سەرەکی ڕۆمانەکانییەتی. بێئەوەی خۆی بە تێوریییەکی تایبەتیەوە وەبەستێ، بە تەکنیکێکی لە بارو ڕەوشێکی بەرزو شێوازێکی سەرکەوتووانە وێنەی ڕووداوەکانی ژینگەو دەوروبەری خۆی دەگرێت. بێئەوەی پەناوەبەر دیدو بۆچوونی ئاڵۆزو، شیکردنەوەی قووڵو تیوریانی وشكو باو بەرێت، بە نەفەسێکی ئازادی ئەوتۆ دەنووسێت کە دەشێت نێوی ریالیزمی سپی لێ بنرێت. ڕەفیق خالید نە زیاد ڕەشبینەو نە زۆریش گەشبینە.***

ڕەفیق خالید کارای، یەکێکە لەو ڕۆماننووسو چیرۆکنووسانەی کە زۆر لێهاتووانە زمانی تورکی سەدەی بیستەم لە نووسینەکانیدا بەکار دەبات. ئەم نووسەرە بەرپرسی کاروباری دارایی بوو لە ئەستەمولْ، پاش تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانانی گزتپەو زنجی، لە ئامادەیی گالاتاسارای درێژەی بە خوێندنی خۆی دا (١٩٠٠- ١٩٠٦)وپاشان چووە کۆلیجی مافو بۆ ماوەی ساڵێك لەوێندەر دەوامی کردو دوای ئەوە ڕووی کردە وارێن ڕۆژنامەڤانی. لەو قۆناغەدا، بابەتی بۆ بڵاوکراوەی "سەروەتی فنون" پاچڤە دەکردو لە "تەرجومانی حەقیقەت"یشدا کاری دەکرد. لە ساڵی ١٩٠٩دا پەیوەندی بەکۆمەڵەی "فەجری ئاتی"یەوە کردو ڕۆژنامەی "مون حەوادیس"ی دامەزراند کە پانزە ژمارەی لێ دەرچوو. ئەوسا پەیوەندی بە کۆڕی نووسەرانی ڕۆژنامەی "دەنگی میللەت"ـەوە کرد. بەهۆی ئەو بابەتانەوە کە بە ناوی خوازراوی "ژێژگ"ـەوە لە بلاڤۆکێن ساتیریی "قەڵەم"و "جەم"دا دەی نووسین شۆرەتێکی فرەی پەیدا کرد. لە ساڵی ١٩١٣دا بە بڕیاری حکومەت اتحادو ترقی بۆ شاری سینوپ دوور خرایەوە. دوای دەربەدەرییەکی زۆر لە شارانی چوروم، ئەنکەراو، بیلچیك، لە ساڵی ١٩١٨دا بۆ ئەستەموولْ زڤڕییەوە. ماوەیەك لە کۆلیجی روبرت دا دەرسی زمانی تورکی گوتەوەو لە ساڵی ١٩١٩شدا بوو بە بەڕێوەبەری گشتی پۆستو تەلەگراف. یەکێك بوو لە کادیرە سەرەکییەکانی حیزبێن وەك "ئازادیو ئیتیلاف". لە ساڵی ١٩٢٢دا دەستی بە بڵاوکردنەوەی بلاڤۆکی ساتیریی AYDEDE واتە هەیڤ، کرد. بە بیانووی دژایەتی خەباتی نەتەوەیی کە لە ئەنادۆلْ دەستی پێکردبوو، ناوی خرایە لیستی ڕەشەوەو ئیدی ناچار بوو وڵات بەجێ بێڵێ (١٩٢٢/١١/٩). دوای تەواو کردنی پازدە ساڵ ڕەهەندەیی بۆ بەیروتو حەلەب، لە ساڵی ١٩٣٨دا عەفوکراو بۆ وڵات گەڕایەوە. دوا ساڵەکانی تەمەنی لە کاری ڕۆژنامەڤانیدا بەسەر برد.

ڕەفیق خالید، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە زمانی زارەکیو گفتوگۆیی بەوپەڕی لێهاتوویيو وەستایەتی لە نووسینەکانیدا بەکار دەبردو دەورێکی دیاری هەبوو لە بڵاوبوونەوەو پەرەپێدانی بزووتنەوەی (زمانی نوێ). چیرۆكو ڕۆمانەکانی زیاتر زادەی دیتنو ئەزموونو لەو ڕووەوە زۆر دەوڵەمەندو ڕەنگاو ڕەنگن. بە خۆی دەڵێت: ***"ڕۆژنامەڤانی ئەوزارو کەرەستەی پێویستی بۆ من فەراهەم کرد. هەستدەکەم لە ڕێگەی ڕۆژنامەڤانییەوە زیاتر چوومەتە قوڵایی ژیانەوە"***. لە

بەرهەمەکانیدا زیاتر بایەخ بەلایەنێن ساتیریی رووداوو بویەرو دیاردەو داب‌و نەریتان دەدات. رەفیق خالید نووسەرێکی وێنەگرە کە لە بواری دیتنێن زەینیدا لاوازو لە واری دیتنێن بابەتیدا زۆر بە توانایە. رووداوە سەرنج راکێشەکان بە کاراکتەرانی فرە لایەنەوەو، لەچوار چێوەیەکی جوگرافیایی بەریندا،بە رەنگ‌و بۆیەکی تایبەتییەوەو بە کۆمەکی لێکچواندن‌و گەمەێن زمانەوانییەوە بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. زمانێکی گەرم، زندوو، دینامیکی، روون‌و هونەرمەندانەی هەیە. شێوازێکی هەیە کە جوانترین شێوە زمانی خەڵکی ئەستەمولی تیا بەکار دێنێ.

رەفیق خالید، لە وارێن جیاوازی مینا تەنز، بیرەوەری، پەخشانە شیعر، گفتوگۆ، کورتە چیرۆك، شانۆنامەو بە تایبەتی رۆماندا بەرهەمی هەمە جۆرو فرەی داهێناوە. ئەو بابەت‌و بەرهەمانەی کە لە تاراوگەدا نووسیوونی پاشان هەمووی لە یەك بەرگدا چاپ‌و بڵاوکرانەوە. بە نێوبانگترین بەرهەمێن وی بریتین لە: حەکایەتەکانی وڵات (١٩١٩، کە لە تاراوگەدا، لە ئەنادۆڵ نووسراوە)، سیمای باتینی ئەستەموولْ (رۆمان، ١٩٢٠،لەم رۆمانەدا چەندین دیمەنی ژیانی لە ئەستەموولْدا وێنەگرتووە). یەکێك لە سیماکانی ئەستەموولْ (١٩٣٩). کیژی یەزید ( رۆمان، ١٩٣٩، نووسەر لەم بەرهەمەدا کە ئاوێتەیەکە لە جوانیی زمان‌و سروشت، باسی یەزیدیەش دەکات). رێگر (رۆمان، ١٩٣٩، باسی ئیدیعای تورکبوونی ناوچەی هاتای دەکات). تاراوگە (رۆمان، ١٩٤١، هەوێن و ئامیانی سەرەکی ئەم رۆمانە دوور خستنەوەی مەحکومانی سیاسییە بۆ دەرێی وڵات). ئەمەش ناوی هەندێك لە رۆمانەکانی دیکەیەتی: کلیل (١٩٤٧)، نیلی (٣ بەرگ، ١٩٥٠- ١٩٥١)، ئەمە ژیانی مەیە (١٩٥٠)، سێ جاڵجاڵۆکە (١٩٥٣)، ژێر زەمین دنیایەکە بۆ خۆی (١٩٥٣)، کۆشك نشینانی ئەمڕۆ (١٩٥٤)، خانەقای ژنان (٢ بەرگ، ١٩٥٦)، ئاگر لە کێوی پڕ بەفردا (١٩٥٦)، وێنجەی چوار پەڕ (١٩٥٧)، دوا پەیمانە (١٩٥٦).

رەفیق خالید، دوو شانۆنامەی نووسیوە: داکۆکی لە کانیجە (١٩٠٩)و دێوانە (شانۆنامەیەکی یەك پەردەییە، ١٩٣٩، ئەتاتورك دەربارەی ئەم شانۆنامەیە دەڵێت: ( ئەم بەرهەمە گاڵتە بە شۆڕشەکانی ئێمە ناکات، بەڵکو روونیان دەکاتەوە، بەرجەستەیان دەکات). هەندێ لە بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر بریتین لە: وتارەکانی ژێژیگ (١٩١٤، تەنزو ساتیرە سیاسییەکانی نووسەری لە خۆ گرتووە)، بیرەوەرییەکانی ئاگو پاشا (١٩١٨)، سەعاتی قوودار (١٩٢٢)، وڕاوە (١٩٤٠)، چیرۆکەکانی غەریبایەتی ( ئەو چیرۆکانەن کە نووسەر لە دەرێی وڵات نوسیوونی). وریابە نەخەڵەتێی، باوەڕنەکەی، رازی نەبیت (١٩١٥)، بیرەوەرییە ئەدەبی‌و رۆژانە یاداشتەکانی نووسەرە لە تاراوگەکانی دەرێی وڵاتدا)، سێ وەچە، سێ ژیان (١٩١٥)، لە دەرگاوە تا میحراب (١٩٦٥).

***- تاراوگە (١٩٤١):**

رەفیق خالید کارای لەم رۆمانەدا ژیانی تاراوگەی ئەو سیاسیانە دەگێڕێتەوە کە بە هۆی دژایەتی کردنی خەباتی ناسیونالیستییەوە دوور خراونەتەوە. ئەم چیرۆکە لەسەر بناغەی دیتنە

واقیعییەکان ڕۆنراوە، واتە زیاتر زادەی دیتنە بابەتییەکانی خودی نووسەرە. حیلمی ئەفەندی کە ئەفسەرێکی فەرماندەیی خانەنشینە، کە بەر غەزەبی یەکێك لە فەرماندەکانی شاری سیواس کەوتووە، بۆ بەیروت دوور دەخرێتەوە. ناچار دەبێت ماڵ‌و منداڵەکەی بە تەنیاو بەبێ خاوەن لە ئەستەموول بەجێ بێڵێ. ئیدی بێ ئیش‌و بێکار بێهودە بە شەقامەکانی بەیروت دا دەسوڕێتەوەو هەمیشە لە بیری هاوسەرو کچەکەیەتی کە لە ئەستەموڵن. چاخانەیەکی وێرانەو داڕوخاو دەکات بە بارەگاو پاتوقی خۆی. دەست بە عەمەلەیی‌و ڕۆژانە کار دەکات. ڕۆژێك کە بەوپەڕی نا ئومێدی‌و ڕەشبینییەوە لەفکران ڕاچوو بوو، تووشی عەبدییەکونجی هاوڕێی دەبێت کە لە کۆنە دۆستانی ئەستومولی بوو. عەبدیش کە لە بەیروت دا، ڕۆژگاری بەساردی فرۆشتن دەگوزەراند، هەر دوورخراوە بوو، حیلمی ئەفەندی لە ئوتێلەوە بۆ ئەو قوتابخانەیە دەبات کە ئەو لەوێندەر ئاکنجی بوو. لە قوتابخانەکەدا ناسیاوی دەگەڵ چەند دوورخراوەیەکی دیکەدا پەیدا دەکات. شاعیر کەنعان، دائیم ئەفەندی و نوری هوجا سێ غەریبی دیکەی وەکو ئەون. دەست بە گفتوگۆو گەنگەشەی سیاسی دەکەن. بە هۆی ئەوەوە تێك دەگیرێن‌و حیلمی ئەفەندی لێیان جیا دەبێتەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعی خراتر دەبێ. ناتوانێ هیچ کارێك بکات. کەسێك بە نێوی قانیع لە ئەستەمووڵەوە پارەی بۆ دەنێرێت. بەڵام حیلمی هیچ ئاشناو بناژۆیەکی بەو نێوە نەبوو. سەری سوڕ دەمێنێ. تاقیبی ئەمە لە ژنەکەی دەکات. لەبەرسڤی ژنەکەیەوە بۆی دەردەکەوێ کە کیژەکەی تووشی کەچڕەوی بووە. دنیای بەسەرا دەڕوخێ. بە کۆمەکی ئەرمەنییەکی ئەستەموولی بە نێوی بۆگۆس ئاغا، ئاشنایەتی دەگەڵ کەمالەدین بێگ، شازادەی عوسمانی دا پەیدا دەکات‌و لە ماڵە بەشکۆکەی ئەودا دەبێت بە بەرپرسی کڕینی شت‌و مەك بۆ ماڵ. کەمالەدین پیاوێکی یەجگار پارەدارە. بنیادەمێکی دەست‌ودڵاوا، بەڵام نەزانە. سەروەت‌و سامانی خۆی بە با دەدات، نابووت دەبێت‌و دەگەڵ خانەوادەکەیدا بۆ میسر هەڵدێت. حیلمی ئەفەندیش بۆ شام دەڕوات‌و دەچێتە ریزی دوورخراوە بێ ئیش‌و کارەکانەوە، ناسیاوی دەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخراوی نهێنی ئەمن، بە نێوی ئیحسان چاویلکە، پەیدا دەکات. لە ڕێگەی ئەوەوە هەندێ هەواڵ‌و باسی دەربارەی هاوسەرەکەی دەست دەکەوێ. تەوحیدەخانمی هاوسەری چووە بۆ شاری دوغوکارا حەسار. سەحەری کیژیشی بەگەڵ ئەکتەرێکی گەڕۆڵ بە نێوی قانیع، کەوتووە. حیلمی ئەفەندی نها بەدبەخت‌ونەگبەت، وێڵ‌و سەرگەردان بە شەقامەکانی شامدا دەسوڕێتەوە. دەگەڵ چەرخی ڕۆژگاردا تەمەنی هەڵکشاوەو لە کارکەوتووە. بەگەڵ شازادەیەکی دیکەی عوسمانی کەوتووەو وەکو یاریدەدەری وی لە هندوستاندا ئاکنجی دەبێت. حیلمی ئەفەندی لەم کارەش ڕازی نییە، بۆ سوریا دەڕوات. لەوێندەر دەبێت بە هاوڕێی عیرفان بێگ ئەستەموولی. پاش ماوەیەکی کەم هۆگری یەکدی دەبن‌و دۆستایەتیان تۆخ دەبێت‌و باسی ماڵبات‌و خانەوادەکانیان بۆ یەکدی دەکەن‌و هاوخەمی یەکتر دەکەن. عیرفان بێگ ڕموودەی گەشت‌و گەڕانە. چووەتە حەڵەب‌و لەوێندەر دیداری دەگەڵ سترانبێژێك بە نێوی نۆبەر کردووە. بەدەم قسەوباسەوە بۆی دەردەکەوێ کە نۆبەر هەمان سەحەری کیژی حیلمی بێگە. ئیدی شەرم دەیگرێت‌و لە ترسی ئەوەی کە لەگینە حیلمی بێگ بۆ حەڵەب بڕوات، هەڵدێت‌و بۆ ئەستەموول

سەفەر دەكات. حیلمی پاش ماوەیەك لە شامەوە بۆ حەڵەب دەڕوات‌و لەوێندەر بە حیكایەتی دڵداری عیرفان بێگی ئاشنای دەزانێ. بە كونجكاوی دەكەوێتە هەوڵی دیتنی ئەو كیژەی كە ئاشناكەی لە ڕێ دەركردووە. كاتێ كە لەگەڵ جماعەتێكی پارەداردا دەچێت بۆ گەڕان‌و ڕابواردن‌و لەوێندەر نۆبەر دەبینێ. سەیر دەكات ئەمە سەحەری كیژی خۆیەتی. حیلمی ئەفەندی هەست دەكات جەزرەبەیەكی قورس بەر سەری كەوتووە. گێژ دەبێ‌و دەكەوێتە سەر عاردی. لە كاتێكا كە نۆبەر بەجۆش‌و خرۆشەوە خەریكی ستران گوتنە، بابی لە ژوورێكی دیكەدا گیان دەسپێرێت. ئەمەش دەقی دوا بەشی ڕۆمانی تاراوگەی ڕەفیق خالید كارای یە:

دنیا هێشتا ڕووناك نەبوو بووەوە كە دەرگای ساردخانەكەی نەخۆشخانەی شاریان، كە بە دیوارە پان‌و پەنجەرە باریكەكانیەوە لە ژێر زەمین دەچوو، بە تەق‌و هۆڕ كردەوە. دوای تۆزێك دەنگی نەعل لە ژوورەوە هات‌و پاشان هەڵبوون‌و كوژانەوەی ڕووناكییەكی كز لە سەر شووشەی پەنجەرەكان بە دیار كەوت. دەنگێك بە عەرەبی گوتی:

– كێیە؟

بەرسڤ درایەوە:

– پۆلیس!

ئەفسەرێكی بە پۆلیس پێی دەستوورو فرمانی سەرووی خۆی، جەنازەكەی حیلمی ئەفەندی بە نەقالەیەك، لەپۆلیسخانەوە بۆ ئەم بینایە، كە لە جیاتی ساردخانە بەكار دەهێنرا، هێنا بوو. دەرگا كرایەوە، سیمای دزێوی چەپور عەبدی دەركەوت. كراسێكی درێژی بێ یەخەی پۆشی بوو. خەریك بوو پانتۆڵەكەی لێ بكەوێ. گۆرەوی لە پێ نەبوو، جووتێ نەعلی لە پێ كردبوو. قژە تەنك‌و كەمە سپیەكەی شێوا بوو.

كە كاری ڕێكخراوە نهێنییەكەی ئیحسان عەینەك هیچ ئاكامێكی نابێ، ئیدی ئەو بۆ شام نەگەڕابووەوەو بەپاڕانەوە لەم‌و لەو توانی بووی لە نەخۆشخانەی حەڵەب بۆ خۆی كاری پاسەوانی بپچڕێت. چونكە كەسێكی بێ كەس‌و كارو غەریب بوو، مەسئولیەتی پاسەوانیی ژووری توێكارییان بەو دابوو، ژوورێك كە جەنازەی مردووانیان تیا توێكاری دەكرد. ئەو ئەفسەرەی كە لە تەنیشت هەڵگرانی جەنازەكە وەستا بوو، بە یەكێك لە پاشماوەكانی حكومەتی پێشوو (عوسمانی) دەژمێردراو بۆیە بە توركی، دەگەڵ نیگابانەكەدا كە دەیناسی، قسەی كرد:

– هانێ، بگرە، ئەمەش جەنازەیەكی دیكەیە بۆ تۆ، لەسەر مەڕمەڕ بیخەوێنە... سەرۆكی دەوڵەت ئەم جەنازەیەی لە شامەوە هێناوە... لە لوناپاركدا هێندەی ئارەق خواردووەتەوە تا كوشتوویەتی. سبەینێ پزیشك هۆی مردنەكەی ڕادەگەیەنێ. دیار نییە لە سوپاییانی تورك بووە یان نا، لەوەیە حكومەت خۆی پرس‌و جۆی ئەمە بكات... دەبێ ڕاپۆرەكەی ئامادە بكرێت!.

چەپور عەبدی كە گوێی لە وشەی "سوپاییانی تورك" بوو، كونجكاو بوو، كە حەماڵەكان نەقالەكەیان دەبردە ژوورەوە، دەستی درێژكردو چەرچەفی سەرجەنازەكەی هەڵدایەوەو بەدەستەكەی تری فانۆسەكەی، كە تایبەت بوو بە كەشتییان، هێنایە پێشێ‌و ڕوانییە جەنازەكە.

– ئەمە حیلمی ئەفەندییە! حیلمی ئەفەندی! هێی ی حیلمییەفەندی..
فانۆسەکەی لە عاردی دانا. تۆزێ برسی بوو و نەیدەتوانی خۆی بە پێوەبگرێت. دانەوییەوەو دانیشت. ئەفسەری پۆلیس نۆرە ئێشکی خۆی تەواو کردبوو، وخۆی ئامادە دەکرد کە بۆ ماڵ بڕواتەوە، بۆیە نەیدەتوانی بچێتە بنج‌و بناوانی هۆی خەمباری‌و هاوسۆزییەکەی ئەو. بە حەماڵەکانی گوت جەنازەکە لەسەر تاتە بەردەکە دابنەن. حەماڵەکانیش پاش ئەوەی کاری خۆیان تەواوکرد، بێئەوەی تەنانەت دەرگاکەش بگرن، لە ساردخانەکە (مەیتخانە) کە یەکپارچە بۆنی خوێن‌و سپرتۆو دیتۆڵ بوو، هاتنە دەرێ.
دوای کەمێك کە عەبدی وەخۆ هاتەوەو گەڕایەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی، هەستی کرد خەریکە لە ژێر باری بیرەوەری‌و یادگارییەکانی دەگەڵ حیلمی دا، دەپسێ. بیری لەوە کردەوە کە چۆن لە بەیروتدا یەکیان ناسی‌و پێکەوە لە قوتابخانەکەدا ئاکنجی بوون، چۆن ساردەمەنییان دەفرۆشت، شاعیر کەنعان چۆن مرد، وای هەست دەکرد هەموو ئەم شتانە دوێنێ روویان داوە. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "لە هەموویان باشتر بوو. بە حەوسەڵەو مکووڕ بوو، ئەگەر بیویستایە دەیتوانی ئاو لە بەرد دەربێنێ. دە تەماشا بزانە رۆژی بە چ رۆژگارێك گەییوە. چەند لاوازو کەسیرە بووە. کوا ئەو سام‌و هەیبەتە؟ کوا ئەو قەدو قەلافات‌و شان‌و شەوکەتە؟ هێی دنیا هێی!".
حیلمی ئەفەندی وەکو کاربە دەستێکی لێکەوتووی دەرباری عوسمانی، جەستەیەکی چکۆلەی ساردو سڕی رەنگ پەڕیوی بێناز بوو و بێ هیچ سام‌و هەیبەتێك لەسەر سەکۆیەکی گەورەی مەڕمەڕی پاڵ خرابوو. عەبدی زاتی وەبەر خۆی نا، فانۆسەکەی هێنایە پێشەوە تا جارێکی دی تەمەشای سیمای حیلمی بکاتەوە. ئەمجارەیان لە جیاتی مەحەبەت‌و هاوسۆزی لە ناخی ناخەوە هەستی بە ترس‌و بێزاری کرد. هەرچەندە چاوانی نوقا بوون، بەڵام وەك ئەوەی شتێکی سەیرو ترسناکی دیتبێ، سەرسامی نیشتە سەر سیمای. لە خۆی پرسی:
– چییە گورگ پەلاماری داوە یا رووبەڕووی ئەژدیها بووەتەوە؟ دەستەسڕێکی دا بە رووی دۆستەکەیدا. نەیدەویست لەوەی پتر هێڵە سەیرەکانی ئەو دەموچاوە سامناکە بدینێ. وەستا، بیری لەوە کردەوە کە چی بکات. ئەنجام بیری کەوتەوە کە ئەرکی چییە. چوو دەستنوێژی گرت. هەوای نێو ساختمانەکە هێندە گەرم بوو کە دەست شۆردن‌و وشکەوە بوونی یەکێك بوو. فانۆسەکەی بە دیار سەری جەنازەکەوە هەڵواسی. چۆکی داداو دانیشت. بە دەنگێکی خەمین دەستی بەخوێندنی سورەتی یاسین کرد کە بە ماوەیەکی زۆر ئەوجا ئەزبەری کردبوو. دەگەڵ سپێدەدا سڵاوی دایەوە. مێشێکی گەورەی باڵ وەنەوشەیی بەسەر جەنازەکەی حیلمی ئەفەندییەوە لە حاڵی فڕیندا بوو.
پێویستی‌و لاوازی‌و خەم‌و شادی‌و خولیاو کەڵکەڵەکانی خەڵکی ئەنادۆڵ یەکەمجار لەلایەن رەفیق خالیدەوە، بە شێوەیەکی لێهاتووانە، وردبینانەو بە زمانێکی تەنزیی دڵگیر لە کۆ چیرۆکی (حیکایەتەکانی وڵات)دا هاتووەتە نووسین‌و نیشاندان. ئەو چیرۆکانە لە رووی شێوازو بەهای هونەرییەوە بە نموونەێن جوانی پەخشانی مۆدرێنی تورکی دەژمێردرێن: ئوتو ئەسپیس.

هونەری نووسینی ڕەفیق خالید لەمەدا بوو کە ئەو ڕووداوانەی دەی بیستن، دەیدیتن یا هەستی پێدەکردن، بە جوانترین شێوە دەری دەبڕینو بەرجەستەی دەکردن:چەتین ئاڵتان. یەکێك لە جیاوازییەکانی نێوان ڕەفیق خالیدو یەعقوب قەدری ئەمەیە کە ڕەفیق خالید نووسەرێکی وێنەگرە، واقیعو هێڵە بێرونییەکان جوان بە کاردەهێنێ، بەڵام یەعقوب قەدری وێنەی ناخ و دەروون دەگرێت:حەمدڵلا سوبحی تانری ئور. ئەدەبیات لە ڕوانگەو گۆشەنیگای ڕەفیق خالیدەوە بریتیە لە دوو ژیان، یەکەمیان ژیانی کەسەکەیەو دووەمیان جاویدانکردنی وێنەی ژیانیەتی: سەبری ئەسەد سیاوش گیل. ڕەفیق خالید لە هەڕەتی تەنزنووسیندا ناسکترین چیرۆکنووسە، لێهاتووترین ساتیری پڕ لە ژارخەنی پەنهان لە جدیترین چیرۆکیدا دەخوێنرێتەوە.... ئەو شەوق و زەوقەی ڕەفیق خالید وەکو تەنزنووس دەینوێنێ، بە تابیەتمەندی ئەو دێتە ژماردن، بەڵام مەیلی ئەو بەلای تەنزی ڕۆژانەدا بە یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی وی دەژمێردرێت. ڕەفیق خالید تەنزنووس، چیرۆکنووس، ڕۆژنامەنووس، پەخشان نووس یان هەر شتێکی تر بێت، خاوەنی چەکێکی دیارو سەرنج ڕاکێشە، چەکێك کە بە ئیمتیازی ئەو دژمێردرێت، ئەویش زمانی ئەوە، زمانی تورکیی ئەستەمووڵی، زمانێکی ڕەوان، ڕوون، و ناسك: ئیسماعیل حەبیب سووك. ***ڕەفیق خالید، لە جیاتی وەسفی گوندو شارەدێیانی ئەنادۆڵ بکات، بە زمانێکی شیرین، ڕەنگین، سفت و بەتام، بەرجەستەو بەرچاو، وەزعو حاڵی فەرمانبەرانی گوندەکانی ئەنادۆڵی سەردەمێکی دیاریکراو وێنە دەگرێت و بەرجەستە دەکات:*** نازم حیکمەت.

## یەعقوب قەدری کارا عوسمان ئوغڵو

(١٨٨٩-١٩٧٤)

***بە بۆچوونی من شیعر، ئەدەبیات‌و کتێب بۆ سەرگەرمی نییە. بەڵکو وەڵامدەرەوەو زادەی پێویستییەکە کە تەواو لەسەر گەرمی جیاوازە. تەنیا ئەو کەسانەی، کە دەتوانن لە کاتی تەنیاییدا هاورێتیتان بکەن‌و، لەکاتی خەم‌و پەژارەدا دڵنەواییتان بکەن، یان بە سڕینەوەو لابردنی ناکۆکییەکانی دەرونتان، وەڵامی پرسیارە کەڵکە بووەکانی دڵ‌و دەروونتان بدەنەوە، شاعیرو ئەدیبن.***

یەعقوب قەدری کارا عوسمان ئوغڵۆ، لە ڕۆماننووسە ناودارەکانی تورکیای سەدەی بیستەمە. لە ١٨٨٩/٣/٢٧ لە قاهیرە هاتووەتە دنیا. کوڕی عەبدولقادر بێگە کە بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر خانەدان‌و بنەماڵەی ناسراوی قەرەعوسمانیانی شاری مانیسا. قۆناغی خوێندنی دووەمی ناوەندی لە مانیسا تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٠٣دا چووەتە ئامادەیی ئەزمیر. دوای ماوەیەك لەگەڵ کەسوکارو ماڵباتەکەیاندا بۆ میسر ڕۆییوەو لە کۆلیجی فەرەنسیاندا درێژەی بە خوێندن (١٩٠٦-١٩٠٨)داوە. لە ساڵی ١٩٠٩دا بۆ ئەستەموول گەڕایەوەو پەیوەندی بە گروپی "فەجری ئاتی"یەوە کرد. لە ساڵانی ١٩١٠-١٩١٧دا کەوتە وتار نووسین‌و بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانداو لە هەمان کاتیشدا دەرسی ئەدەبیات‌و فەلسەفەی دەگوتەوە. لە سەروبەندی خەباتی ئازادیخوازیدا چوو بۆ ئەنادۆڵ. ماوەیەکی لە ساکاریا و بەرەی ڕۆژاوا بەسەر برد. دوای سەرکەوتن، بۆ چەند دەورەیەك لە ئەنجوومەندا نوێنەرایەتی خەڵکی ماردین‌و مانیسای لە ئەستۆگرت. لە ساڵانی (١٩٣٢-١٩٣٤)دا گۆڤاری (کادر)ی کە بڵاوکراوەیەکی هزری مانگانە بوو، دەرکرد. لە ساڵانی (١٩٣٤-١٩٤٢) بوو بە سەفیری وڵات لە هەر یەك لە تیرانا، پراگ، لاهای‌و، بیرن.لە دوای خانەنشینی زۆر بەجدی دەستی دایە نووسین. سەردەمێك سەرنووسەری ڕۆژنامەی "میللەت"و ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزرێنەران بوو، لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٥دا بوو بە نوێنەری خەڵکی مانیسا. لە ساڵانی ١٩٦٥-١٩٧٤دا بوو بە بەرپرسی ئاژانسی ئەنادۆڵ‌و کاری نووسەرایەتیشی دەکرد. لە ڕۆژی ١٩٧٤/١٢/١٣دا لە ئەنکەرا ماڵئاوایی لە ژیان کرد. لە گۆڕستانی یەحیافەندی، لە گەڕەکی بەشیکتاشی ئەستەموول لەلای دایکییەوە بە خاکیان سپارد.

یەعقوب قەدری کارا عوسمان ئۆغڵو، یەکێکە لەو ڕۆماننووس‌و وتارنووسە مەزنانەی تورکیا کە ڕاستییەکانی ژیانی تورکانی لە سەردەمی قۆناغی تەنزیماتەوە تا سەردەمی ئەتاتورك، لەرووی فیکرییەوە خستووەتە بەر وردەبینی شیکردنەوەو لێکدانەوەوە. ئەم پیاوە بە چیرۆکی کورتی ڕیالیستی‌و پەخشانێن عیرفانی دەستی پێکردو لە دنیای ڕۆماندا گیرسایەوە. ئەو ئەڵقە فەردی‌و جڤاکیانەی کە لە مەیدانی ژیاندا یەکتری تەواودەکەن، لە ڕۆمانەکانیا وێنە دەگیرێن‌و بەرجەستە دەکرێن. لە بەرهەمەکانیدا زیاتر مامەڵە لە تەك کێشەو ئاریشەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەکات کە بەخۆی تیایدا دەژی. یەعقوب قەدری هەرچەندە کەسێکی عاتیفی‌و ڕۆمانتیکیە، بەڵام بەلای

عیرفانیشدا مایله، لایەن و شەقڵی هونەری شۆڕشگێڕیی و خەباتکاریش لە بەرهەمەکانیدا هەیە. لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە زیاتر لایەنگری ئەنادۆڵچیاتی، ئەتاتورك و دەوڵەت بوو. زۆربەی کاراکتەرێن ڕۆمانەکانی خەڵکانێکن ڕەشبین، بە گومان، قوربانیی بێدادیی و، کەسانێکن کە دنیای دەروونیان ئاواو ئاوەدانەو پابەندی داب و نەریت و ڕێورەسمی نەتەوەیی خۆیانن. لە زۆربەی ڕۆمانەکانی خۆیدا مامەڵە لە تەك کەسایەتی ئەو خەڵکانەدا دەکات کە لە بویەرە مێژووییەکاندا بەشدارن، واتە کاراکتەرەکانی بە زۆری کەسایەتی مێژووین، و لایەنگری لە تێوری "هونەر بۆ کۆمەڵگە" دەکات. لایەنی شرۆڤەکاری، شیکاری، بەرجەستە کاری، تێوریی و هزرییەکانی زۆر زوو سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن. زمانەکەی لە سەرەتاوە کە ئاڵۆزو لە ژێر باندۆرو کاریگەریی بزوتنەوەی سەروەتی فنون دابوو، دوای نزیك بوونەوەی لە بزوتنەوەی ئەدەبیاتی میللی سادەتر بووو بەرە بەرە لە داڕشتن و دەربڕیندا شەقڵی تایبەتی خۆی دۆزییەوەو کەوتە سەر سکەی زمانێکی ڕەوان و دڵگیر. یەعقوب قەدری بەرهەمێکی فرەی لە بوارێن پەخشانە شیعر، وتار، بیرەوەری، کورتە چیرۆك، شانۆنامەو، ڕۆماندا لە پاش بەجێماوە. بەناوبانگترین بەرهەمێن وی بریتین لە: سەرەنجامێك (کۆچیرۆك، ١٩١٣)، ماڵی کریێ (ڕۆمان، نووسەر لەم ڕۆمانەدا ناکۆکیی و هەڤدژی نێوان سێ نەوەی قۆناغی تەنزیمات تا یەکەم جەنگی جیهانی دەخاتە بەر وردەبینیی لێکۆڵینەوەوە)، نوربابا (ڕۆمان، ١٩٢٢، لەم ڕۆمانەدا باسی خاڵە لاوازەکانی بەکتاشیە لە دوا قۆناغەکانیا دەکرێت)، لە بێستانی وەلیانەوە (پەخشانە دەق، ١٩٢٢، کتێبێکی عیرفانییە کە بەشێوەو شێوازی تەورات هاتۆتە نووسین). ڕەحمەت (کۆ چیرۆك، ١٩٢٣)، شەوی حوکم (ڕۆمان، ١٩٢٧، نووسەر لەم بەرهەمەدا شەڕە حیزبییەکانی سەردەمی مەشروتیەت دەخاتەروو)، عادو سەمود (ڕۆمان، ١٩٢٨، لەم ڕۆمانە گەندەڵی ئەخلاقی ئەستەمولی داگیر کراو، لە ساڵانی پاش ئاگربەستدا بەرجەستە دەکرێت). ئەرگنەکن ***(ناوچەیەکە لە ئاسیای ناڤین)*** (کۆمەڵە وتارە، دوو بەرگە، ١٩١٩–١٩٣٠، ئەو وتارە سیاسیانەیە کە لە سەردەمی شەڕی خۆیبووندا هاتوونەتە نووسین). بێگانە (ڕۆمان، ١٩٣٢، ڕۆمانێکە کە هەلومەرجی خەمناکی یەکێك لە گوندەکانی ئەنادۆڵ لە سەردەمی جەنگی خۆیبووندا بەرجەستە دەکات. ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ١٩٤٢دا لە پێشبڕکێ ئەدەبییەکانی حیزبی کۆماریخوازی خەڵکدا خەڵاتی دووەمی بە دەست هێنا). ئەنکەرا (ڕۆمان، ١٩٣٤، لەم ڕۆمانەدا بارودۆخی ئەنکەرە وەکو پایتەختی تازەو هەلومەرجێن باوو زاڵ لە ساڵانی هەوەڵی شۆڕشەکانی ئەتاتورکدا بەرجەستە دەکرێت.) تاراوگەیەك (ڕۆمان، ١٩٣٧، ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە دەربارەی کۆمەڵێك ژون تورکانە کە بۆ خەبات دژی ستەمکاریی عەبدولحەمید بۆ فەرەنسا هەڵاتوون) . ئەتاتورك (وتار، ١٩٤٦). چیرۆکێن نەبەردی نیشتمانی (١٩٤٧)، ئاسۆ ( ڕۆمان، دوو بەرگ، ١٩٥٣–١٩٥٤، ئەم ڕۆمانە ڕووداوەکانی کۆماری تورکیای لە کاتی دامەزراندنییەوە تا ساڵی ١٩٥٠ لە خۆگرتووە). دیپلۆماتی ناچاری (بیرەوەری، ١٩٥٥، بیرەوەرییەکانی ئەو ساڵانەی نووسەری لە خۆگرتووە کە سەرقاڵی کاری سەفیریی بووە). هەمیشە هەمان گۆرانی (ڕۆمان، ١٩٥٦)، کتێبی دایکم (بیرەوەری منداڵیی، ١٩٥٧)، لە ڕێگای نیشتماندا (بیرەوەری، خەباتێن نیشتمانی، ١٩٣٨)، بیرەوەرێن ئەدەبی و قۆناغی گەنجی، ١٩٦٩)،

بۆچوونەکانی دیپلوماتی ناچاری (گفتۆگۆ، مستەفا بایدار، ١٩٧٠)، ئەرگنەکن (چەند چیرۆکێك دەربارەی خەباتی نیشتمانی، ١٩٧٢)، شۆڕشی گەورەو سیاسەتی بچووك (١٩٧٤).

***- بێگانە (١٩٣٦):**

یەعقوب قەدری کاراعوسمان ئوغلو، بە رۆمانی بیابان، کەسایەتی رۆماننوسیی خۆی دەسەلمێنێ. بابەتی ئەم رۆمانە بریتییە لە روو بەرووبوونەوەی کوتوپڕی رۆشنبیرێکی تورك دەگەڵ واقیعی گوندێکی سەردەمی شەڕێن سەربەخۆیی تورکیادا. ئەحمەد جەلال، قارەمانی چیرۆکەکە لە شەڕەکانی چاناك قەلادا بریندار دەبێتو دەستی ڕاستی لە دەست دەدات. ئێستا وەکو برینداری جەنگ بە تاقی تەنیایە. لە دوای داگیرکردنی ئەستەموول، دەڕوات بۆ گوندێکی ناوچەی پورسوك چایی، بۆ لای سەربازی موڕاسیل محەمەد عەلی. لەوێندەر وەکو پێویست پێشوازی ناکرێت. ئەمە یەکەم گوندو گوندییانە کە ئەحمەد جەلال دەیانبینێ. کە دەبینێ خەڵکی هەژاری گوندەکە لەو پەڕی دەسکورتیو نەزانیو نەگبەتیدا دەژین، زۆری لەبەر گران دەبێتو تووشی شۆك دەبێ. هەمووان لەو گوندەدا، لەو بیابانە کاکی بە کاکیەدا، لە ناوجەرگەی تەبیعەتدا، لە ژێر فەرمانی ئاغایەکدان بەنێوی سالح. هەر چییەك بڵێ رەتکردنەوەی نییە، کەس بۆی نییە قسەو فرمانی وی لە عاردی بدات. تەنانەت محەمەد عەلیش کە ساڵەهای ساڵ موڕاسیلی کردووە. ئەوەندەی لە ئەمرو ڕای ئەو دایە لە ئەمرو ڕای ئەفسەرە بەرپرسەکەی خۆیدا نییە. ئەحمەد جەلال، دۆستایەتی زەینەبی دایکی محەمەد عەلیو سمایلی برای دەکات. زەینەب کە سەرگەورەی خێزانە، گوشارێکی یەجگار زۆری لەسەرە، لێ وەکو دار بەروویەکی بتەو مقاوەمەت دەکات. سمایل هەرچەندە تەمەنی هەیە لێ وەکو منداڵێکی کەم تەمەن دەنوێنێ. ئامینەی هاوسەریشی تاقە ژنە کە سەرنجی ئەحمەد جەلالی ڕاکێشاوە.. ئەحمەد جەلال لە گوندا دەکەوێتە باسو ستایشی جەنگی سەربەخۆیی بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال، بەلام کەس گوێی لێناگرێت. خەڵکی گوند دنیایەکی تریان هەیە.

کەسێك بە نێوی شێخ یوسف ساڵی یەك جار بۆ گوند دێتو ،دێهاتییەکان موریدو پەیڕەوانی ئاینی ئەون. ئەحمەد جەلال جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نەخوێنەوارانو خوێنەواران دا بەوپەڕی زەقی دەبینێو بۆی دەردەکەوێ کە ئەنادۆڵ ساڵەهای ساڵە فەرامۆشکراوەو پشتگوێ خراوە. واریقاتو رۆژانە ڕووداوەکان لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێت. رۆژان تێدەپەڕن. گوندەکە لەلایەن دژمنەوە داگیردەکرێت. ئیمتیو حەسەنە چکۆلی کوڕی لە گوندەکە هەڵدێن. سلێمانیش بە هەلاتنی جەننەتی هاوسەری، ئاوارەو سەرگەردان دەبێت. سەرگروبان بەکرو ساڵح خانی ئاغای گوند لێدەبڕێن بۆ قازانجو بەرژەوەندی خۆیان هاودەستی دەگەڵ دژمندا بکەنو خەڵکی بەلەنگازی گوند، تەنیا باڵ دەمێننەوەو ناچاردەبن مل بۆ دژمن بدەن.

ئەحمەد جەلال، متمانەی تەواوی بە سوپاییانی تورك هەیەو باوەڕی وایە کە سەردەکەون. بۆ ئەوەی ئامینە لە چنگی دژمن دەرباز بکات، دەگەڵ ئەودا لە گوند هەڵدێ . لێ هەردووکیان بریندار دەبن. زامەکەی ئامینە سەخت دەبێت، ئەحمەد جەلال لە کۆتاییدا ناچار دەبێت ئامینەو دەفتەری

بیرەوەرییەکانی بەجێ بێڵێ و سەری خۆی هەڵگرێت و روو دەکاتە شوێنێکی نادیار. فەرماندەیی بەرەی رۆژئاوا لە دوای ئۆپەراسیۆنەکانی ساکاریا، گروپێك بە ناوی "شاندی لێکۆڵینەوەی زوڵم و ستەمان" بۆ ناوچەکانی میهالجیق و سیوری حەسار،کە لە دژمن پاك کراوەتەوە، دەنێرێت. ئەم شاندە لە نێو بەردو تاوێراندا دەفتەرێك دەدۆزنەوە کە لە ناوەڕاستەوە دڕاوەو قەراخەکانیشی سووتاوە. دەفتەرەکە، دەفتەری بیرەوەرییەکانی ئەو ئەحمەد جەلالەیە کە لە یەکەم جەنگی جیهانی دا دەستێکی خۆی لە دەست داوە. جا رەگ و ریشە رۆمانی بێگانە دەچێتەوە سەر ئەم بیرەوەرییانە. ئەمەش دەقی هەندێ بەشی جوانی رۆمانی ناڤبرییە:

هێشتا لەدنیای هزرو خەیاڵ نەهاتوومەتە خوارێ بۆ سەر زەوی. کە لە ئەستەموول وەدەرکەوتم، دڵنیا بووم کە مەڵبەندی سەرانسەری پەرێشانی و نیگەرانییەکان لە زەین و مێشکی خۆمدایە. هەر بۆیەش دەمویست زەینم بە یەکجارەکی لەوێندەر بەجێ بێڵم. بڕیارم دابوو لێرە بیر لە هیچ شتێك نەکەمەوە، بە یەکجارەکی ماڵئاوایی لە میتافیزیك بکەم و وەکو دێهاتییەك بژیم. دەمویست بەتەواوەتی تێکەڵاوی دێهاتییان ببم. کەچی ئێستا دەبینم نموونەکەم وەکو دڵۆپێك رۆنی زەیتوونە لە کووپەیەك ئاودا. نە تێکەڵاوی ئەوان دەبم و نە دەتوانم بن بنەمەوە. هەڵبەتە دەبێ لەبەر ئەمە بێ کە بە ئێمەمانان دەڵێن سەرتوێژی کۆمەڵگە.

بەڵام ئایا توێژی رۆشنبیرانی تورکیا بەڕاستی سەرتوێژی کۆمەڵگەیە؟ ئەگەر وابوایە نەدەبوو شوێنەوارێکی کەسانی وەکو ساڵح خانەکان، سەرگروبان بەکرەکان، سمایلەکان و، زەینەبەکان لە مندا هەبوایە؟ من کە لێرەدا لە حەیوانات نزیکترم تا لە ئادەمیزادان! چاك دەزانم بێئەوەی قێزم بێتەوە، ئەوانم خۆش بوێ و ئەم هەستەیان بۆ بگوازمەوە. کەرە دێز هۆگرم بووە، چونکە کاتێ کە باوەش بە سەرپا دەکەم و نەوازشتی دەکەم بە نیگایەکی دڵگیر تەمەشام دەکات و هەندێجار کە بە پێیان رێ دەکەم بە دوومدا دێت.

سمایلی چکۆلە، وەکو چۆن لە شەوی یەکەمی هاتنمدا نامۆیی لێدەکردم، بەو ئاوایە خۆیم لێ دوور دەگرێت. ئایا دەگەڵیدا میهرەبان نیم، نای لاوێنم؟ مەگەر هەمیشە پارەی نادەمێ؟ هیچ یەکێك لەو کارە باشانەی کە من دەیانکەم، ئەوم لێنزیك ناکاتەوە.

سەیرە، دوێنێ بە رێکەوت زەینەبم لەبەر دەرگای ماڵەکەی خۆیدا بینی گلەیی لێدەکردم. دەیگوت هەموو کارەکانم لێیان شێواندووەو بەینم لەگەڵ ساڵح خاندا تێکداون. دەیگوت لەو رۆژەوە کە من هاتووم فەڕو بەرەکەت لەماڵی وان باری کردووە. محەمەد عەلی بۆ سەربازیی رۆییوە. شەڕو قەرقەشە لەسەر زەوی، بەرۆکی گرتوون. سمایل گرۆزو وڕکن و لاسار بووەو بە قسەی کەس ناکات.

خۆم لەگێلی داو، وام نواند هەر لەگەڵ منیشی نییە. بە هیچ کلۆجێ گوێم لەو قسانە نەبووە. کە ویستم لە دەرگا وەدەرکەوم لەسەر نووکی پێیان وەرسوڕام و بۆ ژوورەکەم گەڕامەوە. ئێستا سەرم لە نێو هەردوو دەستم ناوەو لە فکران ڕاچووم.

وەکو ئەوان بوون، وەکو ئەوان جل پۆشین، وەکو ئەوان خواردن‌و خواردنەوە، وەکو ئەوان هەڵسوکەوت کردن‌و، وەکو ئەوان قسە کردن... بەسەرچاو، گشت ئەم کارانە دەکەم. بەڵام چتۆ دەتوانم وەکو ئەوان بیر بکەمەوە؟ چۆن دەتوانم وەکو ئەوان هەست بکەم؟

***

سالّح خان، یەکێکە لە دەوڵەمەندترین خەڵکانی گوندەکە. بەڵام بە ڕواڵەت‌و سەروسیما چ جیاوازییەکی دەگەڵ هەژاران نییە. بیرم نایەت، تەنانەت لە ڕۆژانی ساردی زستانیشدا ئەوم بە گۆرەوییەوە بینی بێ. پاژنە پیس‌و شەقار شەقارەکانی لە جووتێ پێڵاوی کۆنی شڕو وڕەوە زیاتر لە دەستەکانی دەکەونە بەرچاو. دەتوانی بڵێی پێیەکانی ڕەنگدانەوەی تەواوەتی کەسایەتی ئەون، بۆ ئەوەی بزانی کە ئاسوودەو دڵخۆشە یان توڕەو ناڕەحەتە، سەبارەت بەزەوی گوندەکە ئایا خەریکی نەخشەکێشانە دژی یەکێک لە دێهاتییەکان یان نا، ئایا لەکارێکدا قازانجی کردووە یان زیانی کردووە، ئایا دەربارەی تۆ چ بیرێکی لە مێشکدایە، بۆ زانینی هەموو ئەو شتانە، دەبێ یەکسەر تەمەشای پێیەکانی بکەیت.

ئەگەر بینیت کە پەنجەێن یەکێك لە پێیەکانی لێك دەخشێنێ ئەوا دڵنیابە لە شتێك نیگەرانە، ئەگەر پێڵاوەکەی بەسەری یەکێك لە پێیەکانی بە هێمنی جوڵاندا ئەوا بزانە کە بە کەیف‌و دەماخە، کەیفی قنجە، ئەگەر بنی پێی کردە تۆو بێ جوڵە رایگرت، دڵنیابە کە توڕەیە، ئەگەر خەریکی نەخشەکێشان بێ دژی تۆ، ئەوا لاقی دەنوشتێنێتەوەو لە ژێر خۆی دای دەنێ.

ئەگەر تا ئێستا نزیکبوونەوەی فێڵبازانەی ڕێویت لە نێچیرەکەی خۆی نەبینیوە، ئەوا سەیری ڕێکردنی سالّح خان بکە.

سالّح خان بە رادەیەك هەموو خەڵکی گوندی کۆنترۆڵ کردبوو و خستبوونییە ژێر دەسەڵاتی خۆی کە تەنانەت محەمەد عەلی کە ماوەی چوار ساڵ موراسیلی من بوو و لە ژێر فەرمانی مندا بوو، پاش هاتنم بۆ ئەم گوندە، پێی گوتم بۆ دابینکردنی ڕەوشی بژێوی خۆم بچم بۆ لای سالّح خان‌و پرس‌و راوێژ بەو بکەم‌و، گوتی:

– قوربان، پیاوێکی بەئاوەزە. هەر ئەو دەتوانێ پێت بڵێ دەبێ چ بکەیت.

لێ من بڕیارم دابوو لە جیاتی ئەوەی لەو بپاڕێمەوەو بچمە دیدەنی ئەو، هیچ کارێك نەکەم‌و بە پارەو پولی خۆم بژیم.

کە خانووەکەی ئەستەموولم، کە لە بابمەوە بەمیرات بۆم مابووەوە، فرۆشت، بە نیاز بووم بە پارەکەی، لە یەکێك لە گوندەکانی ئەنادۆڵ، خانوویەکی بچووك لە ناوەڕاستی باخێك بکڕم. بە خەیاڵی خۆم دەمتوانی بە بەروبوومی باخەکە خەرجی خۆم دابینبکەم‌و باقی تەمەنم لەو خانووەدا بەسەر بەرم. بەڵام لەم گوندەدا، ئەو خانوو و باخە، کە من دەمویست، دەست نەکەوت. هەرچەندە روباری پورسوك بەقەراخی گوندەکەدا دەڕۆیی، بەڵام دەبوایە جۆگاو کەناڵێکی گەورە لێبدەی ئەوجا ئاوەکە بێتە ناو گوندو سوودی لێوەربگیرێ. خۆ لە سەرانسەری گوندەکەدا تاقە کەسێك نەبوو سەر لە باخ‌و باخداری دەربکات.

من له رۆژئاوای ئەنادۆڵدا باخی یەجگار زۆرم بینی بوو. هەر هەموو ناعوریان تیا بوو. چاوی وڵاخێك دەبەستنەوەو ئیدی بەدەوری ناعورەکەدا دەسوڕێتەوەو چەرخەکە بە بەردەوامی دەسوڕێتەوە. دەنگی چەرخەکە هەندێجار خەندەی منداڵو هەندێجار دەنگی هاواری ژنێك له مێشکی پیاودا زندوو دەکاتەوە.

سەتڵە ئاوەکان بە ریز پڕو بەتاڵ دەبن. دەمەو ئێوارەی رۆژێکی هاوینم لە بیرە، هێشتا وزەوزی مێش‌و مەگەزێن مانگی ئاب لە دەوری سپیدارەکاندا، دەبیسترا، ئەو جۆگا هەموارو درێژانەی کە بە چوار دەوری ناعورەکەدا لێدرا بوون، ئاوی زوڵاڵ‌و فێنکیان بە سەرانسەری کێڵگەیەکی کاهودا کە زەرد دەچووەوە، دابەش دەکرد.

دوو رۆژە کە بارودۆخی گوندەکە، نا ئاسایی دێتە بەرچاو. تۆ بڵێی جەژن بێ؟ نا. هیچکەسێك جلی تازەی لەبەر نەکردووە. بڵێی کەسێك زەماوەند بکات؟ نا، ئەمەش نییە، تەنیا ئەمە دەزانم کە هەمووان دەستبەرداری کارو ژیانی خۆ بوون‌و بە شێوەیەکی نیمچە نهێنی لەم ماڵ‌و لەو ماڵ خڕ دەبنەوە... هەست بەجۆرە ئاوارەیی‌و شپرزەییەکی خۆبەخۆ دەکەم‌و پرشنگێکی نا ئاسایی لەچاواندا دەبینم.... تەنانەت دایکی محەمەد عەلی-ش پێدەکەنێ‌و وا دەنوێنێ کە بیست ساڵ گەنجتر بووەتەوە، گروبان بەکریش لەکەیف‌و خۆشیاندا لە پێستی خۆی نەدەهێوری. هەمووان لە ژێر لێوانەوە وشەی "هات"یان دەگوت‌و دەگوتەوە.

- هاتووە. لە ژوورەکەی ئەحمەد ئیناس...
- هاتووە. مەگەر نەتبینی ؟
- هاتووە. بەڵام زۆر نامێنێتەوە.
- هاتووە. قەرارە ئەمشەو لە ماڵی کوێخا بنووێت.

محەمەد عەلیم هێنایە پەنایەکەوە و لێم پرسی:

-چی بووە؟ ئەم فسکە فسکە چییە؟

ئەویش کە لە کاریگەریی هەڵچوونی خەڵکەکەی دی بەدەر نەبوو، بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

- هیچ نییە ئەزبەنی، هیچ نییە.

وازم لێی نەهێنا، گوتی:

- پیاوێکی گەورەیە. هەموو ساڵێك دێت نوشتەمان بۆ دەنووسێت. دوعامان بۆ دەخوێنێ، نەخۆشان بەسەر دەکاتەوە، فوویان بەسەروچاودا دەکات. ئامۆژگاریمان دەکات، رێنوێنیمان دەکات. کێشەو ئاریشەی هەمووان چارەسەر دەکات.

***

بەروبووم دەستی بە زەرد بوون کردبوو. دەغڵ‌و دانی داماو... بەرزترینیان بە قەد باڵای منداڵێکی دوو ساڵان نەدەبوو. نیگەرانی‌و دڵەڕاوکێی زەوی‌و زارێن ئەنادۆڵی ناوەندی، لەم دەغڵ‌و دانانەدا بەئاشکرا دەردەکەوت. کە خۆر ئاوا دەبوو گوڵەگەنم‌و جۆ وەکو منداڵانی بێکەس‌و بێ سەرپەرشت سەریان شۆڕ دەکردو نیگای خەمناکیان دەبڕییە رەگ‌و ریشەی خۆ... من کە ئەم دیمەنانەم دەبینی هەنگێ پەیم بەوە دەبرد کە بۆچی پێشینانی تورك هەمیشە چاویان

لەوە بووە ناوچەی روملی* بۆ خۆ کۆنترۆڵ بکەن (***روملی، بە بەشی ئەوروپایی تورکیاو ئەو ناوچانە گوتراوە کە ئەمرۆکە کەوتووەتە نیمچە دوڕگەی بالکانەوە)**. ناوەندی ئەنادۆڵ، یانی دەقاو دەق ناوەندی دایکی نیشتمان، لە راستیدا سەرزەمینێکی قاقرە،ئاوی دەریاچەکانی سوێرەو خاکەکەی قسڵە. تورکانی ئەم ناوچەیە، بەنی ئیسرائیلی سارانشین وەیادی بنیادەم دێننەوە. حاڵی حازریش ئابلوقەیەکی دۆزەخی هەر چوارنکالی گرتووە. ئەم ناوچەیە گشت زەوی‌و زارە بە پیت‌و بەرەکەتەکانی خۆی لە دەست داوە. رەگی دروشمی "مەرگ یا ئازادی"ی شۆڕشی خۆیبوون لەم رەوشە نالەبارەدایە. لە راستیدا ئەم دروشمە حەددی مامناوەندی نییە. میللەتی تورك یان دەبێ ئابلۆقەکە بشکێنێ یان دەبێ بە مەرگ قاییل بێت. ملدان بۆ مەرگ... تا نهوو داوای کاری وا سەخت‌و قورس لە چ میللەتێك کراوە.... چ میللەتێك بەوە رازی دەبێت...

واوەیلا بەحاڵی ئەو کەسانەی کە قەدری تۆ نازانن ئەی خاکی خەمگین، واوەیلا بەحاڵی ئەوانەی کە هەر بەزمان خۆشیان دەوێیت‌و ئامادە نین لەپێناوی تۆدا بمرن! خاکی تۆو هەر پارچە بەردێکی تۆ سەنگەری هەتا هەتایی بەرخودانە. مرۆڤ لە باوەشی تۆدا یان دەبێ بە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی‌و داستانی یان دەگاتە پایەی فەوت‌و فەنای وەلیانی خودا. نها ئەگەر لە ژێر ئەم دار بییەدا هاوار بکەم، یونس ئەمرە بەرسڤم دەداتەوە:

***دەروێش دەبێ دڵی بە سەبر***

***و چاوانی بە فرمێسکی هەبێ***

***رێگەی ئەو رێیەکی دوورە***

***و سەبرو هەدای دەوێ....***

بەڵێ حەزرەتی پیر، بەڵێ! من لێرەدا هەوڵدەدەم وەکو چۆن تۆ فەرمووتە، ئاوابم. ئەم بەروبوومە سیس‌و ژاکاوو کاڵە، ئەم خۆشە مل لارانە، ئەم بییە لاوازە، ئەم ئاوە وەستاوە،و بە کورتیەکەی ئەم بەشە سروشتەی کە نقومی هەژاری بووە، نیشانەی چییە؟ ئایا روحی ئەم سروشتە تۆوێك نییە لە خاکدا نێژرا بێ؟ من، ئەحمەد جەلالی ئەفسەری یەدەك، کوڕی فەرید جەلال پاشا، لە کەناری روباری پورسوکدا هەستدەکەم بووم بەو تۆوە. بۆ درێژە دانی ژیان لە یەك دوو مەتر خاکاو بۆ گەیاندنی لق‌و پۆپ‌و گەڵاو گوڵم بە رووناکی‌و هاتنە بەر، چاوەڕوانی رەحمەت‌و دلۆڤانی خواییم. لە بەدەنی خۆدا هەست بە دڵەڕاوکێ‌و نیگەرانی ئەو خاکە دەکەم کە تیایدا نێژراوم. من، ئەحمەدی کوڕی فەرید جەلال پاشا لە یەکێك لە ماڵە بەشکۆکانی ئەستەموولْ هاتوومەتە دنیا، پاش هەڵفڕینی بەرەو قەڵەمڕەوانی درەخشانی خەیاڵ، یەکێك لە باڵەکانم زامدار بوو و لێرەدا کەوتمەوە. سەربازێکی سی‌و دوو ساڵەی خانەنشین، گەنجێکی بریندار کە هەموو ئایندەیەکی خۆی لە دەست داوە، ئەمێستا لێرەدایە....

***

بیرمە ناسیاوێك لە رۆژانی سەرەتای کۆتایی جەنگدا، پێی دەگوتم: ***"من نە لەم زرێپۆشانە دەترسم، نە لە سوپاو نە لەو رەشاش بەدەستانەی کە سەری کۆڵانەکان دەگرن. ئەوەی لێی دەترسم‌و مایەی نیگەرانی منە، ریاو ناکۆکی‌و ناتەبایی نێوان خۆمانە، رێیای دەروونی خۆمانە،***

*هەر ئەمەش سەرمان دەخوات و لە نێومان دەبات"*. من لە دڵی خۆمدا دەمگوت، ئەم حوکمانەی ئەو دەربارەی ڕەوشی ئەستەمووڵە.

وەزع و حاڵی دانیشتوانی شارێکی شلۆق و پڕ ئاژاوە و قەرەباڵغ بەسەر هەموو نیشتمانداو میللەتدا تەعمیم دەکات، رەوش و بارودۆخی نیشتمان و میللەتی راستەقینە، یانی ئەنادۆڵ و دانیشتوانی لەبەر چاو ناگرێت. ئەنادۆڵ لەو جۆرە ڕیا و ناتەبایی و دڕدۆنگی و نامەردیانە بە دوورە. من هەمیشە ئەنادۆڵم بە سەر زەمینێکی ئایەیالی زانیوە کە لە جەرگەی مەشخەڵێن ئاگرێکی رەسەندا قاڵ بووەتەوە و هەوێن و مایە حەیاتییەکانی قاڵب و شێوەیەکی پیرۆزی وەرگرتووە.

ئەم مەرزو بوومە، میللەتێکی دڵپاك، هەستیارو چەلەنگ و چالاك و زندوو ژیاندۆستی هەبووە. دەرگای ماڵی دەوڵەمەندان هەمیشە لە رووی هەژاران و کلۆڵاندا کراوە بووە و رێگەی غوربەت و غەریبی لەم وڵاتەدا هەمیشە گەییوەتە لانە و کاشانەیەکی گەرم و گوڕ. لە ئەنادۆڵدا هەموو ژنەکان دایکن، هەموو کیژەکان خۆشکن و هەموو منداڵەکان فەرزەندن... دەگەڵ بەردی ئەنادۆڵدا هەست بە هاورێیەتی دەکەیت و دەگەڵ خاکیا هەست بە دۆستایەتی و خۆشەویستی دەکەیت. هەرچەندە من لە ڕادەی هەژاری و نەداری خەڵکی ئەم مەرزو بوومە ئاگاداربووم. بەڵام هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بتوانم لە ناوجەرگەی هەژاریی ئەم وڵاتەوە هەست بە سەر بەرزی و شانازی بکەم.

ئێستا ڕوو بەڕووی چ شتێکین؟

سەبەبکاری ئەم ڕەوشە دیسان تۆی ئەی رۆشنبیری تورك! تۆ چیت بۆ ئەم مەرزو بوومە وێرانکراوە، بۆ خەڵکە هەژارو نەدارەکەی کردووە؟ جگە لەمەی کە ساڵانی ساڵە، سەدان ساڵە خوێنی ئەم میللەتەت مژیووە و تلپەکەیت تفاندووەتەوە سەر عاردی و ئێستاش هەقی ترس و لەرزی ئەوت لەلای خۆت هەڵگرتووە؟

میللەتی ئەنادۆڵ، روحێکی هەبوو کە من نەمتوانی بچمە قوڵاییەوە. هۆش و گۆش، ئەقڵ و ئاوەزێکی هەبوو کە (تۆ ئەی رۆشنبیر) نەتتوانی لە کاروانی هوشیاریدا سوودی لێ ببینی. بوونێکی هەبوو کە نەتتوانی بە خێوی بکەی، خۆراکی بدەیتێ. زەوییەکی هەبوو کە کاری لەسەر دەکردو تۆ نەتتوانی بەکاری ببەیت. ئەم میللەتەت لە ئەسارەت و بێ وەرەییدا، لە نەزانی و هەژاریدا، لە پێچارەییدا، بە تەنیا جێهێشت. ئەم میللەتە لە نێوان خاکی ڕەش و ئاسمانی گەرمدا وەکو ڕوەکێکی بیابانی رووەو فەوتان ملی نا. نەوژی تۆ بە داسێکەوە بۆ دروێنە هاتوویت. بۆ بەرهەم هاتوویت. چیت چاندووە کە بۆ بەروبووم هاتووی؟ دڕك و چقڵێن وشك؟ ئەمانە بە پێتدا دەچەقن. ئازای گیانت توێ توێ بووەو یەکپارچە خوێنە. تۆ لە تاو ئازار روو گرژ دەکەی. ئەوەی کە مایەی نیگەرانی و دڵە ڕاوکێی تۆیە، ئەنجام و ئاکامی کاری خۆتە. کردەوەی خۆتە کە دێتەوە ڕێت.

## عوسمان جەمال کایگیلی

(١٨٩٠-١٩٤٥)

***رۆمانی کێوەلییەکان لەوەیە وەکو ئەو حیکایەت و سەربهوردە دڵدارییانەی، کە بە ناکامی و بێ ئومێدی کۆتاییان دێت، بێتە بەرچاو، لێ لە راستیدا رۆمانێکی دیکومێنتاری و واقیعییە و زادەی سەرنج و بینینەکانی نووسەرە. کێوەلییەکان بۆ ئەو کەسانەی کە لە خەمی لێکۆڵینەوەی ژیانی کێوەلییاندان، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە.***

عوسمان جەمال کایگیلی نووسەری رۆمان، کورتە چیرۆک و تەنز، لە ١٨٩٠/٩/١٢ لە ئەستەمووڵ هاتووەتە دنیا. کوڕی محەمەد مستەفای موغازەدارە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی جزری قاسم پاشا، ناوەندی، لە ناوەندی مەرکەزی لە ئاگریکاپی، و ئامادەیی لە قوتابخانەی سوپایی مەنشەئی نووسەران تەواو کردووە. لە یەکە سوپاییەکاندا وەکو بەڕێوەبەر کاری کردووە (١٩٠٦– ١٩١٨). لە ساڵی ١٩١٣ بەگومانی ئەوەی یەکێك بووە لەوانەی کە هەوڵی تیرۆری مەحموود پاشایان داوە بۆ شاری سینوپ دووریان خستەوەو تا ساڵی ١٩١٨ لەوێندەر مایەوە. پاش ئەوەی بە هۆی نەخۆشییەوە لە کاری بەڕێوەبەری کاروباری سوپایی خانەنشین کرا، لە ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی ئوتاکچیلای ئەستەمووڵ ئاکنجی بوو و بە شیرفرۆشی، بلیت فرۆشی بۆ کەشتیانی (خەلیج) کەنداو دەستگێڕی، ژیانی بەسەر برد (١٩١٩– ١٩٢٤). لە قوتابخانەکانی ئیمام خەتیب (١٩٢٥)، قوتابخانەی ناوەندی چەمبرلی تاش (١٩٣١)و لە ئامادەیی کیژانی رۆمەکانی گەڕەکی فەنەر (١٩٣٢– ١٩٤٥) دەرسی ئەدەبیاتی تورکی گوتووەتەوە،و لە ١٩٤٥/١/٩دا ماڵئاوایی لە دنیا کرد.

عوسمان جەمال کایگیلی نووسەرێکی میللی بوو.پاشخان و زەخیرەیەکی فۆلکلۆری باشی هەبوو، شارەزای کەلەپوری رەمەکی خەڵکی بوو. ئەو رێگایەی کە حوسێن رەحمی گورپینارو ئەحمەد راسم لە بواری تەنزو ساتیری ئاساییدا کردیانەوە، ئەو پەرەی پێدا. لە نووسینەکانی خۆیدا کەنارەکانی خەلیج، سنووری ئەدرنەکاپی، بورجی شین، بەرزاییەکانی گەڕەکی ئەیوب و، گەڕەکانی قەراخی شاری بە گشت وردەکارییەکانەوەو بە قەڵەم و ئینشایەکی زۆر زندوو، دەکاتە بەرچاوی خوێنەر، سەعیدفایەق لە بارەی ئەوەوە گوتوویەتی: ***"من عوسمان جەلالم وەکو نووسەر لە هەموو نووسەرەکانی دی پێ پەسندترە. کێوەلییەکان بێ چەندو چوون شاکارە. عوسمان لەو دەستە نووسەرانەیە کە فەرەنساییەکان پوپولار، واتە میللیان پێدەڵێن. لەنك مەی تورك کە بە نووسەرێك دەگوترێ میللی، یەکسەر ئەوەمان بە خەیاڵدا دێت کە کارە ئەدەبییەکانی کەم بایەخن لە کاتێکا کە نابێ ئەمە وابێ. ئەگەر عوسمان جەماڵ لە مەحەکی ئەدەبی بدەین، دەبینین کە لە نووسەرە باشەکانی ئێمەیە"***. عوسمان جەماڵ، وێڕای تەنز، رۆمان و چیرۆك، شانۆنامەشی دەنووسی و کاری ئەکتەریشی دەکرد. عوسمان جەماڵ لە نمایشێن سەرجادەو شەقاماندا دەوری شاشك بەسەر. پێشکارو، ژنانی دەبینی و لە نمایشی قەرەقۆزو بووکەڵە بازیدا، بووکەڵە گەردانی دەکرد. لە داهێنانی بەرهەمەکانی خۆیدا شێوازی هەمە جۆرو رەسەنی بەکاردەبرد. رووداوەکانی

له گۆشەنیگایەکی تەنزئاساوە دەبینیو بە زمانێکی رەوانو روونو نزیك لە تێگەیشتنی رەمەکی خەڵکییەوەو، بە نێوەڕۆکێکی قووڵو پڕ مانا بە وشە دەسپارد.

عوسمان جەماڵ کایگیلی، لە سەردەمی قوتابیەتییەوە، دەستی بەکاری نووسین کردووە. یەکەمین بابەتی لە گۆڤاری کۆمیکی "ئیشەك"دا بڵاوکردووەتەوە. لەساڵی ۱۹۲۰ بە دواوە لە بەردەوامی بابەتو بەرهەمی لە گۆڤارو رۆژنامانی ساتیری (ئالای، شەیتان، ئای دەدە، ئاوێنە، گولریوز،و ئاق بابادا بڵاوکردووەتەوە. ئەو بەرهەمانەی کە بە کتێب بڵاوبوونەتەوە بریتین لە: جوانی خوانەناس (کۆ چیرۆك، ۱۹۲۵). شانۆی ئەستەمووڵ (کۆمیدیا، ۱۹۳۵)، شاعیرانی مەیدانو قاوەخانەکانی سماع لە ئەستەمووڵ (لێکۆڵینەوە، ۱۹۳۷)، کێوەلییەکان (رۆمان، ۱۹۳۹، لەساڵی ۱۹٤۲، لە پێشبڕکێی رۆماندا گرەوی بردەوەو بەنێوبانگترین رۆمانییەتی)، مستەفا بەکر (رۆمان، ۱۹٤٤)، فاتێ ئەسپە (رۆمان، ۱۹٤٤)، فەرهەنگی زاراوەو تێرمێن فۆلکلۆری ئەستەمووڵو دوو ڕۆمانی دیکە بە ناوێن مەغریبیانو ئوتێلی کووك کە لە رۆژنامانذا بڵاوبوونەتەوەو تا نها بە کتێب بڵاونەبوونەتەوە.

*- **کێوەلییەکان** (۱۹۳۹):

کە ناوی عوسمان جەماڵ کایگیلی دێت یەکسەر کێوەلییەکان وەبیردێتەوە. ئەم بەرهەمە سەرکەوتووترینو گرینگترین بەرهەمی ئەوە. کایگیلی درێژە بە شێوازی حوسێن رەحمی دەدا، لەم رۆمانەدا چۆنیەتی ژیانی ئەو خەڵکانە نیشان دەدات کە لە گەڕەکەکانی قەراخ شاری ئەستەمووڵو لەبن دیوارەکانی قەڵای ئەم شارەدا دەژین. خوێنەر لەم ڕۆمانەدا، بە خۆشەویستی، سەرگەرمیو شەڕو قەرقەشەو کوتەککاری ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە، بە تایبەتی بە چۆنیەتی ژیانیان ئاشنا دەبێت. ژیانی کێوەلییانی چادرنشین، کۆچو کۆچباریان، دابو نەریتو خوو خدەیان، بە شێوازو نۆرینێکی فولکلۆرییەوە لەم بەرهەمەدا فۆرمو قاڵبی ڕۆمان وەردەگرێت. دڵبەندی عیرفان، کە شەیدای موزیکە، بە نازیلێ، نازیلێ یەکێکە لە کێوەلییە چادرنشینەکان، گەنم رەنگێکی بەژن زراڤی ،چاوان کەسکی ئامال شینە،و ئاشقبوونی دووبارەشی بە ئامینە کە کیژێکی چاوگەشی خەڵکی سولوکەلە، تەوەری سەرەکی چیرۆکەکە پێکدێنێ. ئەگەر چی نووسەر لە ڕۆمانی کێوەلییەکاندا، خودان تەکنیکێکی ناوازەو تایبەتی نییە، بەڵام بە شێوەیەکی واقیعیو بەهرەو توانایەکی ئەوتۆ وێنەی دنیای توێژێکی تایبەتی ئەستەمووڵو جۆری ژیانی ئەو توێژەی گرتووە کە خۆی لە خۆیدا نیشانەی بەهرەو توانای بێ هاوتای نووسەرە لە کارەکەی خۆیدا. عیرفان رۆژێك بە مەبەستی دیتنی کێوەلییەکان بۆ پەنا دیوارەکانی تۆپقاپی دەڕوات.عیرفان دەگەڵ دایکیدا لە خانوویەکی نزیکی تۆپقاپی کە لە بابییەوە بۆیان ماوەتەوە، نیشتەجێیە. گفتوگۆو ڕاشکاوی کێوەلییەکان، هەڵسوکەوتی راستگۆیانەیان، سازەکانیان، ئاهەنگو شادییو کەیفیان، شەڕو قەرقەشەیان، گەمەو یارییان، بە تەواوەتی کاریان لە عیرفان کردووە. دەست بە لێکۆڵینەوەی ژیانی کێوەلییەکان دەکات. هاتوچۆی ناویان دەکاتو حەز لە بێوەژنێکی ناڤساڵ بە نێوی نازیلێ دەکات، یەکێك لە ناسیاوەکانی دەیەوێ عیرفان لە کێوەلییەکان دووربخاتەوە

بەلام بێفایدەیەو تەنانەت لەسەر ئەمە بەگژ عیرفاندا دەچێت و بەینیان تێکدەچێت. نازیلێ لەم بەینەدا دیار نامێنێ. عیرفان هەموو کون و کەلەبەری ئەستەموولی بە دوودا سەنگ و سوژن دەنێت، گشت گەڕەکە کێوەلی نشینەکانی بە دوودا دەگەڕێ. لێ نازیلێ نادۆزێتەوە، کەس نازانێ زەوی قووتی داوە یان ئاسمان هەڵیکێشاوە. چەندین مانگ بەسەر ئەم مەسەلەیەدا دەبورێ، تا ئەنجام لە چادرێکی گەڕەکی ئارنکوی دەیدۆزێتەوە. سەربارى ناقاییلی دایکی، نازیلێ دەباتەوە بۆ ماڵەوە. یەك دوو هەفتەیەك پێکەوە دەژین. نازیلێ بێ تاقەتی ئەو ژیانە ئازادە دەبێت کە پێی ڕاهاتبوو، بۆیە دەڕەڤێ و دیار نامێنێ. دوو کیژ، لە هاوگەڕەکانی نازیلێ، بە ناوانی گوڵعوزارو ئاتیم، بۆ ئەوەی عیرفان بە خۆیانەوە ببەستنەوەو پارەی لێبکێشنەوە، دەوروخولی دەدەن و لێی نابنەوە. عیرفان هۆگری کێوەلییان بووە. دەگەڵ پیاوێکی بە تەمەندا، بە نێوی ڕەها بێگ، سەرو سەختێکی دەگەڵ موزیکی کێوەلییاندا هەیە، دۆستایەتی دەگرێت، و دەگەڵ ئەودا تێکەڵی سازو ئاوازی کێوەلییان دەبێت. لەم ڕێگەیەوە ناسیاوی دەگەڵ کیژێکدا بە نێوی ئامینە چاکیر پەیدا دەکات، ئەمە کیژێکی پۆشتەو پەرداخە. هەروەها پەیوەندی دەگەڵ گوڵعوزاریشدا هەیە. گوڵعوزار لە کێوەلییەکانی دیکە ناچێت. دەمی پیس نییە، ڕەفتاری سەنگینە. کوشتەی پارەیەو هیچ لارییەکی لەوە نەبوو پەیوەندی دەگەڵ عیرفاندا هەبێت. ئارەزوومەندانی گوڵعوزاریش وەکو ئامینە زۆرن. شەوێك عیرفان، لە مەیخانەدا دەگەڵ یەکێك لەشەقاوەکانی گەڕەکدا بەنێوی سوبحی کە پەیوەندی دەگەڵ ئامینەدا دەبێ، ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لێیان دەبێ بە دەم بۆڵەو قەرقەشە ، کاتێ ئاوڕ دەداتەوە سەیر دەکات سوبحی چەقۆی لێ هەڵکێشاوە، دەترسێت، ناچار دەست دەداتە کورسی و دەیکوژێت. ئیدی دە زندانێ دەخرێ و دوازدە ساڵان لە زنداندا دەمێنێتەوە. دایکی و رەها بێگ دەمرن. کاتێ ئازاد دەبێ نە دۆستەکانی ماون و نە دژمنەکانی. بە یادی جارانەوە بۆ گەڕەکی کێوەلییەکان دەڕوات. لەوێندەر کێولییە گەنجەکان نایناسن. کەسیش نییە وەڵامی پرسیارەکانی ئەو بداتەوە. ئیدی بە کەمانجەژەنی و بێکاری ژیان دەباتە سەر. ڕۆژێك بە ڕێکەوت لە چایخانەیەکی گەڕەکی سوڵتان ئەحمەد تووشی یەکێك لە کۆنە دۆستەکانی دەبێت. دەفتەری یادگارییەکانی زندانی خۆی دەداتێ و لە ناکاو دیار نامێنێ. نهوژی دوو بەش لە دەقی ڕۆمانەکە وەکو نموونە دێنینەوە. بەشی یەکەمیان دەربارەی شەڕی کیوەلییەکانەو بەشی دووەم نامەیەکی ئامینە چاکیرە.

پێشتر گوتم کە قەرار بوو رەها بێگ لە نزیکترین دەرفەتدا یەکێك لە کۆڕەکانی کێوەلییەکانم، بۆ نموونە یەکێك لە زەماوەندو گۆڤەندە قەرەباڵغ و بەشکۆکانیانم پێ نیشان بدات. لێ رەها بێگ دوێنێ لە سەندیکادا شەڕو دەعوایەکی ئەوەندە گەورەی نیشاندام کە بە حەیاتم ئەم دیمەنە سەیرو پڕ هەراو هەنگامەو فەرتەنەیەم لە بیر ناچێت.

ئەو شەڕو فەرتەنەیەی کە باسی دەکەم، لەو سووکە شەڕە درۆینانە نەبوو کە هەر ماوە نا ماوەیەك لە سولوکودا بە مەبەستی پارە وەدەست هێنان بەرپایان دەکرد. شەڕو پێکادانێکی جددی و ڕاستەقینە بوو، شەڕێك بوو لە کانگای دڵیانەوە هەڵدەقولا.

دوێنێ، هەینی، جماعەتێك بە مەبەستی گەڕان و سەیران بۆ گەڕەكی كاغەزخانە دەڕۆن و دەرنگە شەوانێك دەگەڕێنەوە. لە نێو ئوتومبیلەكەدا، كچانی خانەوادەیەك كە لە بەرانبەر ئەوان دانیشتبوون، گاڵتە بەو كوڕانە دەكەن كە لە كاغەزخانەكە دەگەڕانەوە،و دەڵێن:

– ئا...! ئا! تەماشای ئەمانە... لە ئەسپێ خانە دەگەڕێنەوەو پۆز بەسەر ئێمەدا لێدەدەن...

دوای ئەو قسانە، لە تاریكی شەودا، مشت و مڕو گەنگەشەیەكی ئارام روو دەدات. ئەو جماعەتەی كە لە كاغەزخانە دەگەڕانەوە، بە بیانووی ماندوویەتییەوە لەسەری ناڕۆن و دوای سووكە مشت و مڕێك، مەسەلەكە بۆ سبەی بەیانی هەڵدەگرن.

لە حەوشەی مەیخانە گەورەكەی كەنار كڵێسای گەڕەكی بالات بووین، پاش ئەوەی رەها بێگ بە مەسەلەكەی زانی بە تەلەفۆن پێی گوتم:

– سبەی بەیانی، زوو لە خەو هەستم و پێكەوە بۆ سەندیكا بڕۆین. تا شەڕێك بدینین كە تۆ لە خەونیشدا شەڕی وات نەبینی بێ.

سبەینێ بەیانی زوو بۆ سەندیكا هاتین.. سەرەتا لەلای رۆمییە قەڵەو شیرێكمان خواردەوە پاشان چووین بۆ قاوەخانەی بوستان خەنجەری سەرگردەكەو لەوێ قاوەیەكمان خواردەوەو قلیانێكمان كێشا.

كە سەرنجی خوارەوەی قاوەخانەكەمان دا، سەیرمان كرد لە مەیدانە پڕ تەپوتۆزەكەی ژێر دیوارە بەرزەكەی قاوەخانەكەدا جم و جۆڵ و قەرەباڵغییەكی زۆر هەیە. یەكەمجار منداڵان و گەنجانمان بینی كە هەر یەكەو بە هەشتاو بەرەو لایەك دەڕۆییشتن. ئەوجا ئەو كیژو ژنانەی كە لەبەر دەرگای ماڵەكان بە ریز وەستا بوون،سەرنجیان راكێشاین. زۆربەی پیاوان بۆ سەر كارەكانیان رۆیی بوون و ئەوانەی بێكاریش بوون دەچوون بۆ چاخانەكەی گەڕەك. پاشان كیژۆڵەیەكمان بینی كە لە پەنجەرەیەكی كراوەوە سەری دەرهێناو روو لە ماڵەكەی بەرانبەر، بەئەسپایی گوتی:

– كیژێ ئێمە دەچینە سەیران بۆ كاغەزخانە، حەزت لێیە تۆش لەگەڵ خۆمان بەرین؟

كیژۆڵەكە، لە پەنجەرەی خانووەكەی بەرانبەرەوە بەرسڤی دایەوە:

– بۆ كاغەزخانە یان ئەسپێ خانە.... هاهاها... ئەسپێ خانە... ئەو شوێنە هەر لایەقی ئێوەیە...

– ئەوێ هەر بۆ خەڵكی ئەسپێونی وەكو ئێوە باشە. ئێمە بە ترومبیلانی سەر بە چادر، بە سەبەتەو پریاسكەێن خواردنەوە،و بەدەم سوڕو چەقەنەوە بۆ سەیران دەچین. لەوێ لە پشت كۆشكی چاغلایان، بە كوێرایی چاوی ئێوە دەخۆین و كەیف دەكەین... ئێوەش لێرە لە ماڵە بۆگەنەكەتاندا هەر باوێشك بدەن و بەدەم وەنەوزەوە رۆژ بگەیەننە شەو...

بەڵێ، هەر چیتان هەیەو نییە لەوێ بە رۆژێك دەیخۆن و كەیف دەكەن، بەڵام كە دێنەوە ئێرە، یەك هەفتە برسیەتی دەكێشن و لە برسا دەمتان بۆ گەن دەكات.

ئێوەش قاپلەمەكانتان ئەوەندە بەتاڵە سەریان دێشێت بۆ مەیدانی فوتبۆڵ.

– ئای ئای.... (روو لە ناو خانووەكە) دایكە ئەو مەنجەڵە دۆڵمەی باینجانەی دوێنێ شەو بێنە تا چاوی ئەم كیژە بێ حەیایە كەمێ بكرێتەوە....

لەم کاتەدا ژنێکی ناڤسالٚ بە قاپلەمەیەکی گەورەی دۆڵمەوە هاتە بەر پەنجەرەکەو و پاشماوەی دۆڵمەکەی دویٚ شەوی بە کچە دراوسێکەیان نیشانداو بە سمتو کەفەلٚ بادانەوەو بەدەم بە ئاوازی گۆرانیانی تایبەتی خۆیانەوە گوتی:

– دۆڵمە ببینە کچەکە گیان.

ئەوجا دایكو کچ بە هەمان رەفتارو بە هەمان ئاوازو ریتم بە دوو قۆڵی هەڵیانکردە گۆرانی: دۆڵمە ببین کچەکە گیان... ئەمەیە دۆڵمە کچەکە گیان... دۆڵمە ببین کچەکە گیان... بەرۆنی خاڵیسەو بەهیٚ، ئەمەیە دۆڵمە کچە خان... بە باشترین برنجو زورات، دۆڵمە ببین کچەکە گیان... بە باشترین بیبەرەوە، ئەمەیە دۆڵمە کچە خان... (بە دەم ئاماژەوە بۆ منارەی مزگەوەتەکەی خواجە عەلی) تۆش ئەی ئیمامو پێشنوێژی مزگەوت، تۆش وەرە بخۆ، ئەمەیە دۆڵمە کچەکە گیان... پڕە لە بادەمو کشمیش، ئەمەیە دۆڵمە کچە خان... سڵاو لە مێردەکەت بکە، دۆڵمە ببینە کچە خان.

ئێستا لە پەنجەرەکەی بەرانبەرەوە ژنێکی ناڤسالٚ بە دیارکەوتووە کە تاوەیەکی چینکۆی تازەی بە دەستەوەیەو پاقلەمەنییەکانی نێو تاوەکە بە دراوسێکەی خۆیان نیشان دەدات. ئەویش دەگەلٚ کیژەکەیدا بە هەمان نەزمی ئەوان دەستی بە گۆرانی گوتن کرد:

ئەمەیە پاقلە... بەمە دەڵێن پاقلە... ئاگادار بە نەچایی، هێواش بخۆ ئازیزم. پڕی لە گۆشتی رووتە، ئەمەیە پاقلە... چەورە، یەکپارچە دوگی خالیسەیە، بەمە دەڵێن پاقلە... خویٚو بەهاراتی تەواوە (ئەمانیش وەکو ئەوان ئاماژە بۆ منارەی مزگەوتەکە دەکەن) حاجی ئاغا فەرموو بخۆ، ئەمەیە پاقلە وریا بە نەچایی، هێواش بخۆ گیانەکەم....

ئێستا ئەوانەی پەنجەرەکەی بەرانبەر، بوون بە سیٚ کەس. نەفەری سێیەم پیرەژنێکە کە قاپێکی پڕ لە گۆشتی سوورەوەکراوی بە دەستەوەیەو لە کاتێکدا کە بە دانیشتوانی خانووەکەی بەرانبەری نیشان دەدات، دەڵێت:

– بەمە دەڵێن گۆشتی سوورەوەکراو...

دوو نەفەرەکەی تری لایەوە دەڵێن:

– مەیدە هەوا....

– کۆرپەلە قەڵەوەکەی منە.

ئەوانەی بەر پەنجەرەکەی ئەوبەریش بوون بە سیٚ کەس. نەفەری سێیەم پیرەژنێکە کە دەبەیەکی پڕ لە مرەبا بە دراوسێکەی بەرانبەریان نیشان دەداتو دەڵێت:

– مرەبای ئاڵوباڵوە...

ئەوانەی تەنیشتی بەدەم لێدانی دەفو دایەرەوە، هەڵدەکەنە گۆرانی:

هەر کەسێك بیبینیٚ دەمی ئاو دەکا، ئاخو ئۆف پێدەکەویٚ....

نازانیٚ مەسەلە چییە...

ئەوانەی بەرانبەر کە گوێیان لەم قسە ناخۆشانە دەبیٚ، لە ناکاودا بەو پەڕی تورەیی دەستیان بە هاوار کرد. ئەوسا دەفو دایەرەو سازو تەپڵو قاپلەمە بەتاڵەکانیان هەڵگرتو چوونە دەرەوە.

ئیدی کچان و ژنان و منداڵانی لایەنگری وان خڕبوونەوەو گەڕەك بوو بەو ڕۆژەی کە سیاوەشی تیا کوژرا، ئیدی لێرەوە بەشی دووەمی شانۆنامەکە بە شێوەیەکی ترسناکتر لە بەشی یەکەم دەستی پێدەکرد.

چما دەکرا ئەوانی دی دەستەو ئەژنۆ دانیشن و هیچ نەکەن. کە ئەو وەزع و حاڵەیان بینی، ئەوانیش سازو دومبك و دەف و دایەرەو کەمانچەی خۆیان هەڵگرت و بەدەم هات و هاوارەوە ڕژانە ناو کوچەو کۆڵانەکان. ژمارەیەکی زۆر لە ژن و کیژو منداڵ و کوڕی لایەنگر لە دەوریان خڕ بوونەوە. ئێستا وەزعەکە بە تەواوەتی شلۆق بوو بوو، نهێنی ترین شتی یەکتر دەگوترا. جنێوی زۆر بازاڕی وسەر بەکوڵکە بەر گوێ دەکەوت. هەر هەموویان دەمیان لێ بەرەڵڵا کردبوو، هەزارو یەك جنێوی سەیرو سەمەرەو سەر بە کوڵکەیان بەدەم چەپڵەلێدان و سوڕو چەقەنەوە بە یەکتر دەدا.

***

دوو هەفتە پترە کە نە ئامینە چاکیرو نە دەستە خوشکەکەی و نە هیچ ژنێکی دیکەی گروپەکەی وانم نەدیتووە... ڕەهابێگش وادیارە لە ئێمەمانان ناپرسێت... تەنیا جارجارێك بەم و بەودا سەلامێك دەنێرێت. دڵنیام ئەویش ئاگای لە مەسەلەکەی فەریدوونە کە تازە هاتووەتە ئاراوەو لەبەر ئەمەیە کە خۆی لە دیتنی من دەپارێزێ. ئەگینا هەر ئەو بوو کە چەند مانگێك لەوەپێش بەمنی دەگوت:

من تۆ بە کوڕی خۆم دەزانم. ئیدی هەمیشەو تا مردن پێکڤە دەبین.

کەچی هەر لێم ناپرسێت. تاقەتی نییە سەرێکیشم لێبدات. دوێنێ هەواڵیم لە ئەدهەم زانی. ڕێوڕەسمی خوازگاری شهابی ئەوەی باجی مەهتاب و فەردانەی کیژی عاکف کەمانی ئیسکودارلی، لەنك وی لە سەندیکا ئەنجام دەدرێت و قەرارە دوای یەك دوو ڕۆژ لە هەمان شوێندا ڕێوڕەسمی شایی و زەماوندێکی گەورە ڕێك بخرێت... ئەدهەم دوێنێ ئەم هەواڵەی، کاتێ کە لە دەورو بەری دەروازەی ئارد، خەریکی ورچ ڕەقساندن بووە، لە حەسەن ئاچەر (کلیل) بیستووە...

زۆرم حەزدەکرد ئەگەر بمتوانیبا وەکو پار بڕۆم و ئەم زەماوەندەش لە نزیکەوە ببینم بەڵام... ئەم کارە بەڵامێکی تیایە. بێگومان لەم شایی و زەماوەندەدا سەحەر سولوکولیی، زینەت، ڕەعنا، ئامینەو چوزانم کێ و کێی تر. دەڕەقسن. لە کاتێکا کە پێویستە من تا ماوەیەکی دی خۆ لە دیتنی ئامینە بپارێزم... با جارێ وابێ، تا ئەو کاتە بیرێك دەکەمەوە.

نازانم ئامینە، کە ئێستا زۆر لە من دوورە، چۆن دەربارەی من بیردەکاتەوە. ناکا ڕەعنا لەم ڕووەوە بەزرینگی خۆی منی فریو دابێت؟ باوەڕ ناکەم وابێ... چونکە ڕەعنا و ئامینە بە ڕاستی منیان خۆش دەوێ. بە تایبەتی ئامینە...

***

... ئەوەی کە بیرم لێی دەکردەوە هاتە دی... ئەنجام پۆستە، نامەیەکی ئامینەی بۆ هێنام، و نامە ئەمما نامە... جوان و پڕ لە گۆرانی و شیعر... ئەمە نامەکەی ئامینەیە:

"روحی ڕەوانم، ئەبرۆ کەوانم، وێردی سەر زمانم، نازدارەکەم عیرفانی شیرین زمانم!"

یەکەم سلاوی تایبەتیت بۆ دەنێرمو هەواڵی دڵی شەریفو ناسکتر لە گوڵتان دەپرسم. ئەگەر تۆ لە هەواڵی ئێمە دەپرسیت سوپاس بۆ یەزدان هەموومان سەلامەتینو جگە لە دووری تۆ هیچ خەمێکمان نییەو جگە لە ڕەها بێگش چ کەسێکی ترمان نییە کە باوکایەتیمان بکات.

ماوەیەکە بێتاقەتم... لەوەتای رووی مانگ ئاسای تۆم نەدیوە، دڵم بە بەرییەوە نەماوە. نە لە دەمارەکانمدا خوێنێ ماوە نە لە بەدەنمدا روحێك. لە تاو تاسەی دیداری تۆ ڕەنگ بەڕوومەوە نەماوە. شەوو ڕۆژم دەشتێکی پڕ خەزانە بێ تۆ.

"چاوانی من بەر لە گریانی یار، بوون بە گۆمی خوێن!"

زویرو ناڕەحەت مەبە، چەند بێ وەفا بوویتو من نەمدەزانی! ئاخر چۆن دەشێت پیاو بە خۆی نەڵێت من ئەم کیژە داماوەم بەجێهێشتو هەڵاتم. باشە گوناح نییە؟ ئایا نەدەکرا بەلای کەمەوە بە نامەیەك، ئەویش بۆ تەنیا جارێك بەسەری بکەیتەوەو لە ئەحواڵی بپرسیتو دڵخۆشی بدەیتەوە؟ باوەڕبکە چەندین هەفتەیە خەوی شەوم لێ حەرام بووە.

*"ئاه لە ئەشقی پەنهان!*

*لەوەتای دنیا دنیا*

*بووە*

*کراسێك بووە لە ئاگر"*

روحەکەم،دلاوەرەکەم،شابازەکەم،بەهارەکەم،هاوینەکەم، خونچەلێوەکەی من، عیرفانە ئازیزەکەم!

مەگەر خودا بزانێ چەند تاسەمەندی دیداری جوانتم، چەند تامەزرۆی ئەوەم دەستە نەرمە لۆکە ئاساکانت بەسەر رووما بێنی. باوەڕبکە، رەعنا شایەدە، لە ماڵ، لە شەقام، لە هەموو شوێنی ناوت، یادی جەستەت وێردی سەر زمانمە. نەفرەتم لێبێ ئەگەر درۆبکەم. چاوانم کوێربێ، بکەومە سواڵو دەرۆزە ئەگەر درۆبکەم. خۆ بە خورتی نییە بابە، با خەڵکی بۆ خۆیان بڵێن، چییان گەرەکە بیڵێن، من تۆم خۆشدەوێ.

مەگەر پێشینان نەیانگوتووە:

"من رازیو تۆ رازی، دارێ بە کونی قازی؟ "

جا منیش دەڵێم:

عیرفان هی منە، من هی عیرفانم، خەڵکی هەقیان چییە؟ بەڵێ گیانەکەم، جەرگەکەم، هەنگوینو رۆنم، عیرفانی ئازیزم! تۆ هەقی خەڵکیت نەبێ، گوێ بە قسەو قسەلۆکی وان مەدە. خۆ دەمی خەڵکی کونە دیوارێك نییە چەپکێ قوڕی پێدا بدەیتو بیگریت. تورەکەیەك نییە کە بتوانی دەمەکەی بدوریتەوە. تەڕکەیەك نییە کە بتوانی بیچەمێنیتەوە! تۆ گوێ بە خەڵکی مەدە، وەرە عیرفان گیان، وەرە!

لە عەزەرتی تۆ سەبرو ئارامم نەماوە!

ئاه.. ئەی یاری جیلوەگەر، من لە تاقیبی تۆدام!

سوێندت بۆ دەخۆم عیرفان گیان، وەڵڵا، بیللا، تیللا

تاقە پارویەك خواردنم بەبێ تۆ بۆقووت ناچێت! دوێنێ کە حەسەنە شێتی چەرچیی شیرینی فرۆش بە گەڕەکی ئێمەدا ڕەت دەبێ، دایکم یەك کاسە سەمەنی پڕ لە بادەم و کشمیشی لێ کڕی بوو، هەرچەندە هەوڵی دا تاقە کەوچکێکم لێی نەخوارد. خۆ حافزی دەڵەمە فرۆش دەناسیت، هەموو ڕۆژێکی خودا ئەنواعی محەلەبی و دەڵەمە، لە قاپدا بۆ فرۆشتن دێنی بۆ ئێرە. لە کاتێکا هەمووان لێی دەکڕن و بە تاسوقەوە دەیخۆن، باوەڕبکە من هەر لای لێناکەمەوە. جگە لە دادە ڕەعنا، سەحەرو زینەتیش نیگەرانی منن.

دوێنێ، بەڕێکەوت، لە ڕێگادا دادە کوهیلانم بینی. تەمەشایەکی کردم و گوتی:

– ئەیەرۆ ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟ نەخۆشیت؟ بۆچی دەموچاوت بووە بە لیمۆی گوشراو؟

ئەوجا هەواڵی تۆی لێ پرسیم، کە پێمگوت نەمدیوویت، وەکو یەکێك باوەڕ نەکات، بە تەشەرەوە دەستی نایە کەلەکەی و لە ناوەندی کۆڵانەکەدا بۆم کەوتە گۆرانی:

*"چوومە ڕەزان، ترێ نەبوو*

*هیچ ئومێدێکم بە یارم نەبوو*

*بەینی من و یارم تێکچووە*

*شەرم دەکەم ئاشتی بکەمەوە"*

عیرفان گیان، هەڵبەتە باوەڕدەکەی کە ئەو تەشەرانەی ئەم ژنە، لە ناوەندی کوچە و کۆڵاندا، لە ناوجەرگەی خەڵکیدا، لێیدام، لە جەزرەبەی بەرد بە ئازار تربوو. هەڵبەتە منیش بە خۆم نەوەستام، هەرچیم بەزاردا هات پێمگوت. ئیدی شورتو شۆم لە ژنەی تاین بڕی و هەستامە سەر پێیان. هێشتاش ماویەتی، دەگەمە خزمەتی، با تۆ ببینم، هەنگێ پێی نیشان دەدەم!

ئەی ئازیز تر لە گیان، شیرینتر لە شەکر، بەلەزەتتر لە پاقلاوە، عیرفان گیان! چاك بزانە بەبێ تۆ حاڵم لێرە بێ حاڵە. ئەی گەنجی بێ ئەمەك و وەفا، ئەگەر ئینسافت نییە ئەی وێڵ و ماریفەتت کوا؟ تۆزێ بەزەییت بەمندا بێتەوە، بە تەنیا لە تەنگانەدا جێم مەهێڵە... ژیانم بێ تۆ دژوارە، ژیانم بێ تۆ ژەهرە. ڕوو لە هەر کوێ دەکەم، وێنەی تۆم لەبەر چاوە.

"ڕوو لە هەر کوێ دەکەم، بۆ هەر جێیەك هەڵدێم، تۆ لەبەر چاومی! تۆ بۆ من ئەی فریشتەکەم لە پەرییش جوانتری!"

عیرفان گیان باوەڕبکە، جارێکی دیکەش سوێندت بۆ دەخۆم، خوا بمگرێ ئەگەر درۆبکەم. ئەدهەم بابا کە گۆڕەکەی لێرەیە و لە وەلیانی خودایە، زەمین گیرم بکات، لە عاردیم بدات، ئەگەر درۆبکەم! من لە دووری تۆ نەخۆشم، هەناسەم سوار بووە! گوێت لەو گۆرانییە بەناوبانگە بووە کە دەڵێت:

"کارو کاسبی دڵ نەخۆشییە و دەرمانی نییە، هیچ چارەیەکیشی نییە."

ئەگەر بڵێن ئەم گۆرانییەیان بۆ من گوتووە باوەڕبکە ڕاست و دروستە.

دوێ شەو دادە ڕەعنا زۆری لێکردم کە بۆ ئاهەنگێکی خەنەبەندان بڕۆین، زۆر زۆری لێکردم، لێ نەمتوانی بڕۆم. ڕەعنا گیان تورە بوو و گوتی:

– ئاخر کچەخان شێت مەبە! عیرفان ڕاناکات... لەم خەنەبەندانەدا بەشداری بکە... دەمانەوێ بۆ ماڵی خانمێکی زۆر دەوڵەمەند بڕۆین. لەوێندەر، پارەو خۆراكو هەرچییەك دڵت بیەوێ هەیە.

دەیویست بەم قسانە هەڵم بخەڵەتێنێ، لێ من هەر قەبووڵم نەکرد. جا هەر ئەمەش نییە، لەوەی تۆم نەدیتووەو لە تۆ دابڕاوم، زۆر داخوازیو راسپاردەی دیکەم رەفزکردووە! حەیف نییە عیرفان گیان؟ یانی بە ڕاستی بۆ ئامینە چاکیری خۆشەویستی تۆ حەیف نییە؟ لێم زویر مەبە ئەگەر بڵێم گەنجایەتی من لەبەر خاتری تۆ روو لە نەمانە، جوانیم روو لە ئاوا بوونە، لەو ساوە کە بە تەنیا جێت هێلامو رۆییشتی ئیدی رۆژگارم لەبەرچاو کەوتووە... بەڵام کێ دەزانێ جەنابت دەگەڵ ئەو کێوەلییە کرێتوچەپەڵانەدا خەریکی چیتو مژولی چ رابواردنێکی. چۆنە گۆرانی "لەسەر خەرمان عەبات دایەسەر"ت بۆ بنووسمەوە؟ باشە دەینووسم. با بینوسم تا نازیلێی مردەڵەو زیقاوڵە دەگەڵ گوڵعوزاری چاو ماردا پێیان خۆش بێ. قەیدی نییە ئازیزم، قەیناکا! با ئەوان ئەم گۆرانیەت بۆ بچڕن، با ئەو ئەدهەمە خوا نەناسە بێ شەرمە کە باوکیشی دزبوو، ورچەکەی بێنێو سەرگەرمت بکات!

دلبەرانی نازداری وەکو ئێمە بە کەڵکی تۆ نایەن. من ئەمە دەزانم. کیژانی دێهاتی دەرپێ فش بە دڵی تۆن!

ئایا دۆستەکانت ئێستا مریشکی دزیاری لە دەرپێکانیاندا دەشارنەوە، دەی هێننە ماڵەوەو بۆتی دەکەن بە فوڕوجاو؟ ئەگەر ئەم کارە دەکەن نۆشی گیانت بێت، بیخۆو بە بەزی ناو شانت بێت عیرفان گیان!

ئازیزم عیرفان، ئازیزتر لە گیانم، چەند رۆژێکە هەندێ گۆرانیم بۆ داناویت کە دەگەڵ ئەم نامەیەدا بۆتی دەنێرم. بیانخوێنەوە با تۆزێ دڵخۆش ببیت:

چووەتە سەر هەورازێ
کلی لە چاوان کردووە
عیرفان گیان وەرە ببینە
ڕوندکی چاوانم.
گازم لە هەرمێکەم داوە
عودەکەم کۆك کردووە
ئەم سەودایە
دەستو لاقمی
لە کار خستووە.
کوڕە پانتوڵی دەوێ
زامم دەرمانی دەوێ
بۆ ئاشقینی
بەردەوام ئاردی دەوێ

گوڵاڵە سوورە پشکوتوون
گێلاسان لق و پۆیان دەرکردووە
گوڵعوزار بە دەرپێی دەڵبەوە
فاڵی شوومی بۆ تۆ گرتۆتەوە
بڕوانە تۆڕی پێڵاوەکەم
شیرینیم زۆر خواردووە
ئیدی نیازی دڵت
دەرکەوتووە.
خۆشە!ئاوی ڕوی دیوار
دەولکم نییە بەڵام ئاو هەیە
کاسەم بچووکە بەڵام
دڵم زۆر گەورەو بەخشندەیە
ماسی سووری پولەکەدار
هەموو کەسێك ئامادەیە ئاو بە دەستی مندا بکات
ئەو دەرپێ فشە
لایەقی تۆیە
لە باخچەدا زەردەلو هەیە
خاڵی نازیلێش لەوێندەرە
لەوش ئازیزتر
ورچەکەی ئەدهەمە
کە ئەویش لەوێندەرە
ناوی کیژێ کامیلەیە
کێ گوتویەتی حامیلەیە
من چەند بپاڕێمەوە
دەزانم بێفایدەیە.

عیرفان ئاغای ئازیزتر لە گیانم، ئەمانە هەندێ گۆرانی بوون کە بۆ تۆم دانابوون. بۆ خۆ بیانڵێ، تۆ لەوێ گورانی بڵێ و شادی بکە، منیش لێرە غەریب و دڵتەنگ بۆ خۆ دەگریم!

دڵت شکاندووم! ئەمە بەس نییە؟ لە کێ تۆراوی کە بە هیچ جۆرێ سەری ئەم ناوە نادەیت؟ ئەگەر حەز ناکەی بۆ ئێرە بێی، شوێنێکی تر دابنە تا من بێم و تێر تەمەشای بەژن و باڵات بکەم!

زۆرم حەزدەکرد لەم ڕۆژانەدا بێم بۆ ماڵتان و دەستانی دایکە ئازیزەکەت ماچ بکەم تا دوعام بۆ بکات. بەڵام چاودێریم دەکەن، بۆیە ناتوانم بێم. بۆیە تۆ بە نامە شوێنێکی چەپەك دیاری بکە، شوێنێ کە خەڵکی پێی نەزانێ، تا من بێم و تێر تەماشای جەماڵت بکەم. ئایا ئەم دەرفەتە هەیە عیرفانی جوامێر، دلێر، شێرە پیاوو ئازیزی من؟

ئەگەر هەردوو دەستیشت لە خوێنابووە، زوو وەڵامی نامەکەم بدەوە، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانم!

*روناکی چاوو کەنیزت ئامینە چاکیر*
*کە نازیلیٚ بە کارەکەری نابێت.*

تازە لە خوێندنەوەی نامەکەی ئامینە بوو بوومەوە، حایرو سەرسام بووم کە درەنگە شەوانێك، نازانم ئەدهەم لە کوێوە پەیدا بوو.

- ئەدهەم خێرە بەم درەنگە شەوە...

- تەمەشای سەرم بکە!
- سەرت چییەتی؟
- نابینی بەستوومە؟
- بۆچی بەستووتە؟ ناکا سەرت بیەشێت؟
- سەریان شکاندووم بابە!
- کیٚ؟
- کیٚ حەدی هەیە جگە لەو بارگیرە ئاچارە!
- سەبەب؟
- چوزانم؟ دوو سەعاتێك لەمە پێش، لە دەوروبەری تۆپکاپی دەسوڕامەوە تا بەڵکو تۆ بدینم... لە ناکاو ئەم جاشەکەرە سەری لە مەیخانەیەکەوە دەرهێناو بانگی کردم بۆ ژوورەوە... درێژەی نەدەمیٚ، چوومە ژوورەوە... لە سوچێکدا ڕۆنیشتم... گەنجێکی باڵا بەرزی باریکە لەش لەلای ئەم ناپاکە ناموبارەکەوە وەستا بوو!
- گەنجێکی باڵا بەرزی باریکەلە؟
- بەڵیٚ، باڵا بەرزو باریکەلە... ئەو کوڕەی کە هاوینی رابردوو دەگەڵ رەها بێگی تۆو چەند کەسێکی دیکەدا بۆ باخەکە شەحمی هاتبوو... لە بیرت نەماوە؟ لەویٚ لە شتێك نارەحەت بوو بووو ڕۆیی بوو...
- ئێستا بیرم کەوتەوە...
- بەڵیٚ ئەو کوڕەش لەویٚ بوو...

عوسمان جەماڵ کایگیلی، لە رووی ماڵبات، ژینگەی پەروەردەیی، خوێندنو، زەوق و سەلیقەوە جیاوازییەکی زۆری دەگەڵ نووسەرەکانی دیکەی تورکدا هەیە. ئەنجامی ئەم جیاوازیانە بە ئاشکرا لە نووسینەکانیدا دەبینرێت. زمانی نووسینەکانی، کاراکتەرێن چیرۆکەکانی بابەت و جۆری ژیانی قارەمانانی ڕۆمانەکانی پڕە لەو موتیفانەی لە ژیانی خۆیەوە هەڵگوێزراون- نووسەرانی وەك حوسێن رەحمی لە دوورەوە ژیانی کێوەلییانیان تاوتویٚ کرد بوو خوێندنەوەی هونەرییان بۆ کردبوو، بەڵام ئەو لە نزیکەوە کێوەلییانی ناسیوە، هاتوچۆی کردوون و لە ناویاندا ژیاوە. عوسمان جەماڵ هەرچەندە توانی بچێتە ناو ژیانی نزمترین توێژێن جڤاکی کۆمەڵگەوە،

نەهات ئەم بابەتە بکات بە هەوێنی ئەدەبیاتی بەرگری. بەڵکو لەسەر داوای ڕۆژنامەو گۆڤاران کە ڕێگەی نووسینو ژیانو گوزەرانیان لەبەردەمی کردبووەوە، کۆمەڵێك وێنەی لەبەردڵانو ڕەنگاو ڕەنگی لەمەڕ ژیانی ئەو خەڵکە هەژارو چەوساوەیە خستە ڕوو... هەرچەندە بۆ بازاڕو بە گوێرەی داواو پێوەرێن بازاڕ شتی دەنووسی، بەڵام ئەزموونێکی یەجگار دەوڵەمەندو بایەخداری هەبوو کە باری سەرنجی خۆی بۆ ژیانو خوێندنەوەی بۆ ئەنجوومەنانو دیاردەو ڕووداوە جۆراو جۆرەکان تێکیدەکردەوە، کە ئەم تواناو بەهرەیە لەلای خەڵکانی تر نەبوو. بۆیە ناکرێت عوسمان جەماڵ کایگیلی بە یەکێك لە نووسەرە ئاساییەکان بێتە ژماردن. ئەویش وەکو زۆر نووسەری دی ناچار بوو بۆ گوزەرانی ژیان بەرهەمەکانی خۆی هەرزان فرۆش بکات. بەڵام بە هەرحاڵ ناو ناوبانگی لە نێو خەڵکیدا، لە سنووری هونەرمەندێکی ڕۆشنبیریی مامناوەندی هێوەتر نەڕۆیی. لە مەیدانی چالاکیی سنوورداری خۆیدا نووسەرێکی بە توانا بوو. لە وارێن تەنز، کورتە چیرۆكو، ڕۆماندا هەمیشە خۆی لەو بابەتو ژینگانە دەدا کە لە نزیکەوە دەیناسین. عوسمان جەماڵ، لەو هونەرمەندە دەگمەنانە بوو کە زۆر جیاوازن لەو نووسەرانەی هەمیشە لە ژێر کاریگەریی و باندۆری فاکتەرێن دەرکیدا ڕێڕەوی خۆ هەڵدەبژێرنو هونەری خۆیان لە ژێر کاریگەریی کەلتوورو فاکتەرێن بێگانەدا دەنوێنن. عوسمان جەماڵ تەنانەت لە هەردوو مامۆستای مەنشوری ئەم ڕێبازە، واتا حوسێن ڕەحمیو ئەحمەد ڕاسم، لە جەماوەری خەڵكو ڕەمەکی مەردمەم نزیکتر بوو و سوودی لە سەرچاوەیەکی ڕوونو زوڵاڵ وەردەگرت. سەرباری ئەوەی جۆرە جوانیناسییەکی تەرکیبی تیا بوو، تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەبوو، گەرچی بە ڕواڵەت بێ نەزمی پێوە دیار بوو، بەڵام لە جەماوەرەوە سەرچاوەی دەگرت، دیارە ئەم لایەنەی کەسایەتی ئەو بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار پتر دەردەکەوێ. هەڵبەتە زمانی عوسمان جەمال لە زمانی ئەحمەد ڕاسم ڕوونو ڕەوانتر نەبوو... لە ڕووی گێڕانەوەو بونیادی ڕۆمانیشەوە دەگەڵ حوسێن ڕەحمی دا بەراورد ناکرێت. عوسمان کێشە جڤاکییەکانی لە مەودایەکی بەریندا نەدەخستە بەر گەنگەشەو تاوتوێ کردن. بەڵام لە بواری خۆیداو لەو مەیدانە سنووردارەدا کە کردبووی بە خەمی خۆی، گەییە ئاستێك کە ئەوان نەیانتوانی بیگەنێ. عوسمان هاماجو ئۆتموسفیرێکی پڕ جوڵەو تیمەو نێوەڕۆکی تازەی هێنایە نێو ئەدەبیاتەوە. کورتە چیرۆکە تەنزئامێزەکانی کە زۆر بە گەرمی پێشوازی دەکران، لە ڕووی کەتوارییەوە (واقیعی) پڕن لە دیمەنی زندووی جۆراوجۆری ژیانی ڕۆژانە. هەرچەندە گەلێك لە نووسەرانی تورك لەم دەیەیەی دواییدا زیاتر بایەخیان بەم ڕێبازە (کەتواری) داوە، بەڵام ئەو لە پێش ئەوانی دیدا ئەو ڕێگایەی گرتبووە بەر. یەکێك لە هۆیەکانی کەتواری دیالۆگی نێو بەرهەمەکانی عوسمان جەمال ئەمەیە کە بە خۆی ئەکتەرێکی سەرکەوتوو بووە. هەموو خەسڵەتو بابەتو تیمەو تێهەڵکێشو قسە میللییەکان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیەوە دەرژانە نێو بەرهەمەکانییەوەو لەوێدا ڕەنگیان دەدایەوە: تاهیر ئالانگو.

## عەبدولحەق شناسی حەسار

(١٨٨٨- ١٩٦٣)

***رۆمان وەکو درەختێك کە سەر لە خاکەوە دەردێنێ، لە ئەنجامی جۆشێکی دەروونییەوە چەکەرە دەکات و دێتە ئاراوە. بە زەبری هێزو نێروی رەسەنی ژیان لە دایك دەبێت، رەگ دادەکوتێت و بەرەو روناکی بەرز دەبێتەوە، هەنگێ سێبەری دڵگیرو جوانی خۆی بەسەر زەویدا پەخش دەکاتەوەو بەر دەدات.***

عەبدولحەق شناسی حەسار، کە لە رۆماننووسە بە نێوبانگەکانی تورکە، لە گەڕەکی روملی حەساری ئەستەموولّ هاتووەتە دنیا. ئامادەیی گالاتاسارای، کە سەردەمانێ مەکتەبی سوڵتانی پێ دەوترا، تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٠٥دا پۆ پاریس رۆیی. تا ساڵی ١٩٠٨ لەوێندەر زانستێن سیاسەتی خوێندووە. ئەوسا بۆ ئەستەموولّ زڤڕییەوەو لە کۆمپانیایەکی ئەهلی دامەزرا. لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٠دا بوو بە سکرتێری گشتی "یەکێتیی بالکان"و شیرەتکاری وەزارەتی کاروباری دەرەوە. لە هەمان سەرو بەنددا گوتارو بابەتێن رەخنەیی لە ژێر سەرناڤی "کتێبان و نووسەران" بۆ بڵاوکراوەی "دەرگا" دەنووسی. پاشان کەوتە نووسین بۆ گۆڤاری "یارین"، "وارلیك"و رۆژنامەێن "ئیلدی"و "مەدەنییەت". لە ساڵی ١٩٤٥دا بە مەبەستی بەشداریی لە کۆنگرەی جیهانیی ئاشتی بۆ ئەمریکا رۆیی. دوای ئەوەی بۆ ئەنکەرا زڤڕییەوە، بە هۆی نەخۆشییەوە، وازی لە پۆستی شیرەتکاری هێناو لە ئەستەموولّدا کۆچی دوایی کردو رۆژی ١٩٦٣/٥/٣ لە گۆڕستانی مەرکەز ئەفەندی بە خاك سپێردرا.

عەبدولحەق شناسی حەسار، زمانێکی لە بابەتی "پەخشانە شیعری" هەیە. بیرەوەرییەکانی گەنجینەیەکی سەیرو عەنتیکەیە. پیاوێکە رابردوودۆست و بەردەوام بیرەوەرییان دەگێڕێتەوە. رستەێن یەك لە نێویەك دەنووسێت، بەڵام تێگەییشتنیان سەخت نییە. یەکجار پابەندی یادگارییەکانی سەردەمی منداڵیەتی خۆیەتی لە خەلیج، بۆیە گوێ بە بویەرە گەورە جڤاکییەکان و جەنگ و شەڕو شۆڕشەکان نادات. هەمیشە بە عەزرەتی رابردووەوەیەو ئەمە بە روونی لە بەرهەمی (لەبەر سێبەری یادگارییەکانی گوندی مازی دا) دیارە. لە بەرهەمەکانی خۆیدا زیاتر بایەخ بە بابەتی گوزەرا بوون و بێهودەیی ژیان،و ئەمەی کە رۆژێ دێ هەموو شتێك لە بەین دەچێ، دەدات. جۆرو شێوازی ژیانی ئەستەموولّنشینان بەتێکڕای خەسڵەتە ناوچەیی و تایبەتیەکانیانەوە، بە زەبری بەهرەو توانای داهێنەرانەی خەیاڵی خۆی، بە شێوەیەکی یەجگار سەیرو ئەفسووناوی بەرجەستە دەکات. ئەستەموولّی جوان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، قۆناغی شیرینی منداڵیەتی و رۆژانی لاوی، خانووە بە شکۆکانی ئەو سەردەمەو خەڵکانی جیاوازو جۆراو جۆر بە شێوازێکی لەبەردڵان،و بە شێوەی جیاوازو بە دیدێکی قووڵ لە کتێبی (حاڵ و هەوای رۆژگارانی کۆن) پێشکەش بە خوێنەر دەکات.

عەبدولحەق شناسی حەسار، لە بوارێن وتارنووسی، بیرەوەری، لێکۆڵینەوە، کورتە چیرۆك و رۆماندا کۆمەڵێك بەرهەمی داهێناوە. ناودارترین بەرهەمی بریتین لە: فەهیم بێگ و ئێمە (١٩٤١)،

هەیڤە شەوەكانی خەلیج (١٩٤٣)، ڕۆمانێكە كە وەسفی كەنارەكان، هەیڤەشەو، بەلەمو كەڵەكان، ڤیانو ئەڤینداری، ڕواڵەتو دەروونو جۆری پۆشاكی خەڵكی ئەستەمووڵی سەرەتاكانی سەدەی بیستەمی لەخۆ گرتووە.) زاوا چاملیجاییەكەی ئێمە (١٩٤٤، ڕۆمانێكە دەربارەی ژیانی سەیرو غەریبی حاجی وامیق بێگ كە لە نێو ماڵباتەكەیاندا بە زاوا شێتە ناسراوە.) پیریەتیو ڕەفتاری فەڕەنگیانەی عەلی بێگ (١٩٥٢، چیرۆكی درێژ). كەنارەكانی خەلیج (١٩٥٤، ڕاڤەیەكە لە مەڕ جوانییەكانی سروشتو ژیان لە خەلیج دا، دەگەڵ یادگارییەكانی نووسەردا) هەوێنی ژیان ئەشق بووە (١٩٥٣، گوڵبژێرێكە لە جوانترین هۆزانێن كۆنی توركی)، كۆشكەكانی زەمانی كۆن (١٩٥٦، هەندێ بیرەوەرییە دەربارەی شارستانیەتی ناوچەی خەلیج)، هەروەها هەندێ لەبەرهەمەكانی دیكەی بریتین لە: نوكتەێن كۆن (١٩٥٨)، لێكۆڵینەوەكانی ئەستەمووڵو پیرلوتی (١٩٥٨)، یەحیا كەمالو ماڵاوایی (١٩٥٩)، شیعرو ژیانی ئەحمەد هاشم (١٩٦٣).

**فەهیم بێگو ئێمە (١٩٤١):**

ڕۆمانی فەهیم بێگو ئێمە، كە لە نووسینی عەبدولحەق شناسی حەسارە، باسی ژیانی كەسێك دەكات كە هەستو سۆز، دیدو بۆچوونو خەونو خەیاڵو شێوازی تایبەتی خۆی هەیەو دەوروبەرەكەی وەكو پێویست لێی تێناگەن. ئەم ڕۆمانە كە لە پێشبڕكێی چیرۆكی ساڵی ١٩٤٢ی حیزبی كۆماریخوازی میللەت، پلەی سێیەمی بە دەست هێنا، بووە مایەی شۆرەتو ناوبانگی زیاتری نووسەرەكەی. فەهیم بێگو ئێمە، ڕۆمانێكە لە ڕێگەی وەسفی ماڵەكەی فەهیم بێگ، ژینگە، قۆناغێن جیاوازی كارمەندایەتی ئەو، خەسڵەتە سەیرو غەریبەكانیو هەندێ لایەنی كەسایەتی ئەوەوە، كە لە كەسی تر ناچێت، بووە مایەی ئەوەی كە لەلایەن خەڵكییەوە پێشوازییەكی گەرمی لێبكرێت. قارەمانی ڕۆمانەكە بەڕێوەبەری نووسینگەیەكە كە نووسەر چاكی دەناسێت. كەسێكە كە سەری خۆی كزكردووەو دڵی بە خەونو خەیاڵاتی خۆی خۆشە. دیدو گۆشە نیگاو نۆڕینو هەڵسوكەوتو ڕەفتاری عەجیبو تایبەتی فەهیم بێگ یەكێكە لەو شتانەی كە ئەم چیرۆكە لە ڕۆمانانی دی جیا دەكاتەوەو شەقڵی تایبەتی پێدەبەخشێت. نووسەر نایەت ڕاستەوخۆ وێنەی شەخسیەتو كەسایەتی ئەو بكێشێت، بەڵكو ئەم كارە لە ڕێگەی بیرەوەری، دیتنو گێڕانەوەی خەڵكانی ترەوە ئەنجام دەدات. تایبەتمەندیی فەهیم بێگو ئێمە وەكو بەرهەمەكانی دیكەی نووسەر، لە شێوەو جۆری دەربڕینو نیشاندانی بابەتەكانیەوەیە. تایبەتمەندییەكی ڕەسەنی دیكەی جیاوازی ئەم بەرهەمە لە بەرهەمەكانی تری هاوشێوەی خۆی، ئەوەیە كە نووسەر بە شێوازێكی زۆر تایبەتی گوتەو بیرەوەریو دیدو نۆڕینی دەوربەرەكەی فەهیم بێگ، دەخاتە خزمەتی كارەكەیەوەو بۆ بەرجەستە كردنی بابەتێن ڕۆمانەكەی بەكاریان دێنێ. نووسەر كە باسی كەسایەتی فەهیم بێگ دەكات لە تۆ وایە دەیەوێ باسی خۆی بكاتو خۆی بناسێنێ. ڕووداوەكان، شوێنەكان، هاماجو ئوتموسفێرو وێنەكان، هەر هەمووی بیانوونو بۆ ئەوە هێنراونەتە ئاراوە كە لە ڕێگەیانەوە وێنەیەكی گەورەو ئاشكرای فەهیم بێگ بێتە بەرجەستەكردنو نیشاندان. فەهیم بێگ كوڕی یەكێك لە ئەشرافو دەوڵەمەندانی بورسایە. لە

ئامادەیی گالاتاسارای ئەستەمووڵ خوێندن تەواو دەکات. بنیادەمێکی ڕۆمانسییە. بە هۆی خەیاڵپەروەرییەکانییەوە لە خەڵکی دووردەکەوێتەوە. توانای ئەوەی نییە دەگەڵ دۆستەکانیدا بگونجێ و لێکدی حاڵی بن. هەندێ کەس بە دێوانەو هەندێکی دی بە گەوج و کەودەنی دەزانن. بەڵام ئەو لە بنەڕەتدا کەسێکی زۆر ساغ و دروستکارو سەر ڕاستە، ڕەفیقدۆستە. بابی حەز دەکات کوڕەکەی کارێکی هەبێ. فەهیم کە خوێندن تەواو دەکات بۆ بۆرسا دەڕوات. بابی لێی دەپرسێت: "کوڕە ژیرەکەم! پیم بێژە بزانم بە تەمای چ کارێکی؟" فەهیم هەر بۆ ڕازیکردنی دڵی ئەو بەرسڤ دەداتەوە: "حەزدەکەم لە سایەی تۆدا لە وەزارەتی دەرەوە دابمەزرێم تا بەڵکو مووچەیەکی مانگانەم هەبێت. هیوادارم خانوویەکی سەربەخۆم هەبێت و هەر دوعای خێر بۆ تۆ بکەم. ئیدی لە رووی داراییەوە ئاتاجی تۆ نابم. دوای ئەمە ئیدی خەمی منت نەبێ". بەڵام دامەزراندن و مانگانە وەرگرتن لەو سەرو بەندەدا، ئەویش بەو دەم و دەست و کوتوپڕە کارێکی ئاسان نەبووە. فەهیم بێگ خۆ بەخشانە دەکەوێتە هاتوچۆی دەربارو تەنیا لەبەر خاتری بابی، خانوویەکی گەورە لە ئەستەمووڵ بەکرێ دەگرێت. خانووی ناڤبری کۆمەڵێك ژووری زۆری تێدا دەبێت کە فەهیم پێویستی پێیان نابێت، بۆیە نە پەردەیان بۆ دادەنێ و نە ئاوەدانیان دەکاتەوە. بە چۆڵی دەمێننەوە. فەهیم هەموو بەیانییەك لە ژوورە چۆڵەکانی ئەم خانووەدا، بەسەعاتان مەشقی تارژەنی دەکات و ئاوازی خەمناك لێدەدا. فەهیم پاش ماوەیەك بە پۆستی سکرتێری سێیەمی سەفارەتخانەی تورکیا، بۆ لەندەن دەڕوات. لەوێ دەچێتە لای بەرگدروویەکی بەنێو بانگ و پرسیاری چۆنیاتی جل و بەرگی سکرتێری سێیەم دەکات و داوا دەکات هەموو شتێکی پێویستی بۆ ئامادە بکەن. دوای چەند ڕۆژێك بەستەیەکی گەورە بۆ سەفارەتخانە دەنێردرێت. بەستەکە پڕ بووە لەجل و بەرگی هەمە جۆر، ولیستێکی سەیری حیساباتی لەگەڵدا دەبێت... دەوروبەرەکەی پێی دەڵێن بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لەندەندا دەمێنێتەوە، ئەو هەموو پارەیەی پێنادرێتەوە. بە هەرحاڵ ناتوانێ جل و بەرگی ئاسایی ڕۆژانە بۆ خۆی بکڕێت، بۆیە ناچار دەبێت بەجل و بەرگی فەرمی و تەشریفاتییەوە بسوڕێتەوە و بۆ هەموو شوێنێ بڕوات و بەمەش دەبێتە مایەی پێکەنین و گەبچاڕی خەڵکی. کە لە ساڵی ١٩٠٨دا مەشروتیەت ڕادەگەیەنرێ، فەهیم بێگ دەستبەرداری کارەکەی دەبێت و بۆ وڵات دەزڤڕێتەوە و دەگەڵ سەففەت خانم دا زەماوەند دەکات. سەففەت خانم کەسێکی ناڕۆشنبیر، بێ هەست و ئاساییە. فەهیم بێگ، هێندە بێ ئاگایە ئەو سیفەت و لایەنانە لە هاوسەرەکەیدا نابینێ. لە دنیای خەیاڵاتی خۆیدا، هەموو ئیرادو گلەیی و بیانوویەکی سەففەتی لێ دەبن بەنازو جوانی، بۆیە زۆری دڵ بەماڵ و حاڵەکەی خۆی خۆشە. بەو پەڕی ڕێك و پێکی ژیانی هاوسەرایەتی خۆی بەڕیوە دەبات. عەسران کە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، بەدوورو درێژی باسی کاروباری خۆی بۆ هاوسەرەکەی دەگێڕێتەوە، دەکەوێتە گلەیی و ئیراد گرتن لە کاری ڕۆژانەی خۆی. هاوسەری بێچارەش لە هەنبەریدا جگەرە دەکێشێت، قاوە دەخواتەوە،و باوێشك دەدا. لێ فەهیم هەر گوێی لەم شتانە نییە. تاقە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم جووتە هاوسەرە. عەلاقەمەندییانە بە سەعاتەوە. هەموو جۆرە سەعاتێکی گەورەو بچووکیان لە ماڵەوە هەیە.دەبێ زویر بوون یا زویر نەبوونی سەففەت خانم لە شووەکەی، لە میقات بوون یان

میقات نەبوونی سەعاتەکانەوە بزانی. ئاواتی هەرە گەورەی فەهیم ئەمەیە کە رۆژێ لە رۆژان لە بورسادا ئاکنجی بێ و لە دەشتی بورسادا خەریکی پەموو چاندن بێت. دەکەوێتە تاقیبی کەسانێك کە بتوانن لەم بوارەدا سەرمایە گوزاری بکەن. سەرمایە گوزاران هەرکە بە خەیاڵ پلاوەکانی ئەو دەزانن، دەستبەردار دەبن و واز لەو کارە دێنن. جا فەهیم بەو مەبەستە لە ناوچەی گالاتادا نووسینگەیەك دەکاتەوەو زەحمەتێکی زۆریشی پێوە دەکێشێت. ژمارەیەك دەفتەرچەی بچووك و گەورە دەکڕێت، کۆمەڵێك فایل و دۆسیە فەراهەم دەکات و وا دەنوێنێ کە گەلێك لە کارە کشتوکاڵییەکانی ئەو لە واری ئەنجامدان دان... فەهیم تا دواسات کە نووسینگەو ئۆفیسەکەی بەهۆی نەدانی کرێوە دادەخرێت، هەر کارەکان بەرێوە دەبات. فەهیم فریای پراکتیزە کردنی کارەکانی ناکەوێ کە دەچێتە ساڵەوەو پیر دەبێت و رۆژێك بە بێدەنگی، ماڵئاوایی لەم دنیا مەرگبارە دەکات و دەڕوات. ئەمە دەقی بەشی هەژدەیەمی رۆمانەکەیە کە لە ژێر سەرناڤی "ژیان وێڕای هەموو شتێك، هەر خۆشە":

بێ بەختی و بەختەوەری ئێمە هێندە بەیەکدا چوون کە خۆشمان ناتوانین لێکدییان هەڵاوێرین. چارەنووس لە دەستێکدایە کە نان و ژەهرمان پێکڤە دەرخوارد دەدات. هەندێجار لە ژیاندا دوچاری گەورەترین زەرەرو زیان دەبین، لێ لە هەمان کاتدا لە کارەساتێك رزگاردەبین. بەرژەوەندییە گەورەکانمان دەکەونە مەترسییەوەو نائومیدانە دەڵێین: "من چەند بێ بەخت و بەغباڵم!" بەڵام نیو سەعاتێکی پێناچێت کە بۆمان دەردەکەوێت لە رووداوێکی ترسناك، کە بووەتە مایەی مردن و زامداربوونی خەڵکانی دەوروبەرو کەسوکارمان، بەسەلامەتی دەرچووین و، هەنگێ ئێژین: "چ شانسێکم هەبووە". بەخت چییەو بێ بەختی کامەیە؟ ئەمە بە دروستی نازانین.

لێ ئەگەر دیقەتی هەموو خەڵکانی بەختەوەرو یان بێ بەخت بدەین، دەبینین کە هەر هەموویان دوو ژیانی یەك لەناو یەکیان هەیە.

یەکێك لەو جووتە ژیانە، ئەوەیە کە دیارەو بە بەرچاوی هەموو خەڵکییەوەیە. ئەوانەی لە دەرەوە دەڕواننە ژیانی ئێمەو ڕواڵەت و رووکەشی ژیانمان دەبینن، زۆرجار بە بەدبەخت و نەگبەتمان دەزانن و بە مایەی بەزەییمان دەزانن، بەڕادەیەك کە ئەم وەزعە هەندێجار خۆشمان فریو دەدات و دەمانهێنێتە گریان. بێگانان لە دەردی نادیاری ئێمە بێئاگان و دەڕواننە ژیانی دیارو رواڵەتیی ئێمەو زۆرجار لەبەر رۆشنایی ئەو مەسەلە دیارو ڕواڵەتییانە داوەری دەربارەی ئێمە دەکەن. حاڵبوکی ئەم وەزع و ڕەوشە زۆربەی کات خاپێنەرەو حەقیقەتی نادیارو پەنهان بە تەواوەتی پێچەوانەیەو شتێکی دیکەیە. خەڵکی دەبیستن کە ئاگر لە ماڵەکەمان بەربووەو لە شوێنی کارەکەماندا دوچاری گرفت و سەریەشە بووین و دڵیان پێمان دەسووتێ و هاو سۆزیمان دەگەڵ دەکەن. بەڵام ئێمە دەزانین هەمان ئەو کاتەی کە بەلای ئەوانەوە خراپترین کاتی ئێمەیە، باشترین کاتی ئێمە بووەو بەختمان یاربووە. باشترین بەرهەمی هونەری، بێ کۆمەکی هیچ هونەرمەندێك، تەواودەکەین. حەز لە کۆکردنەوەی شتان دەکەین، شتێك دەدۆزینە کە قەرەبووی هەموو زەحمەتێکمان دەکاتەوە. نکوڵی لە ئاین دەکەین، بەڵام زەوقی دینی بەدەست دێنین.

نەخۆشین، سەلامەتیو ساغڵەمی بە دەست دێنین. ئاشقینو بە ماشوقەکەمان دەگەین. لە روحی خۆماندا هەست بەلەزەتێکی بێ کۆتایی دەکەین. لەم جۆرە هەڵوێستانەدا دەڵێین "ئۆخەی لەم بەختەوەرییە! ئیدی مردن هەقە، و لە مەرگ ناترسم".

بەڵام خەڵکانی دی ناتوانن لەو شادیو بەختەوەریانە بگەن کە لە ناخی روحماندا، لە کوڵو جۆشدان. خەڵکی کلۆڵیو نامورادییەکانمان دەبینن. واتە ئەو شتەی کە بە بۆچوونی وان دەبێتە مایەی دووریمان لە شادمانیو بە خۆمان هەندێجار هەر هەستی پێناکەینو گوێی نادەینێ. بێگانان هەندێجار وا هەست دەکەن دڵیان رەنجاندووین، زویریان کردووین، کەچی مەوداو مەیدانی خەیاڵی ئێمە ئەوەندە بەرینو بە هێزە کە لە دڵو دەروونی خۆدا هەست بە هیچ رەنجانو ئازارێ ناکەین. هەندێجار حەقیقەتە تاڵو بە ئازارەکان ئەوەندە سووكو ڕەوتەنین، نەك هەر ناگەنە دڵمان، بەڵکو لە هاتنو ڕۆیشتنیانش وەئاگانایەین. هەندێجار خەڵکی وا هەست دەکەن ئێمە لە ژێر باری قورسی گوشاردا خەریکە پانو پلیش دەبینەوە، کەچی خۆمان لە شێوەی کەسێکدا دەبینینەوە کە پەرژینێکی خەیاڵی بەدەوری خۆیدا کێشاوە. لەو ساتەدا گومان لە حەقیقەتبوونی حەقیقەتیش دەکەینو لە بن لێوانەوە دەڵێین: "ئایا ئەمە حەقیقەت بوو؟" حەقیقەت چییە؟ خەیاڵ چییە؟ ئێمە بە دروستی ئەمە نازانین.

مرۆڤ بە درێژایی ژیانو بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار کە دەچێتە ساڵەوە بۆی دەردەکەوێ، کە هەوڵو تەقەڵلای خەڵکی لە پێناوی سەرکەوتن لە ژیانی ڕواڵەتیداو خەمو پەژارەیان بۆ شکستەکان، واتا تێکڕای رووداوە تاڵو شیرینەکانی ژیانیان تا چ ڕادەیەك لە ئاستی سەلامەتیو سەغڵەمی روحیو دەروونییاندا سستو لاوازە. ئەم جۆرە شتانە چوار دەوری بوونی مەتریالییان داوین، بەڵام وێڕای ئەمەش لەمپەرێك لە قوڵاییو ناخی بوونی دەرونیماندا هەیە کە ئیژی گوێ بەم شتانە نادات. روحی زۆربەمان تەنانەت دەرهەق بەو هیواو ئومێدانەی کە بە ژیانیش هەمانە، خەمساردو بێ موبالاتەو بەم پێودانگە دەشێت بگوترێ مرۆڤ سەبارەت بەمێژووی خۆیشی خەمساردو بێ موبالاتە. پێدەچێ شادمانیش بۆ ئەو بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت. بۆیە (چەندیش سەیر بێ) مەحرووم بوون، ناکاتە پێویست بوونو خەمین بوونیش ناکاتە نیشانەی بەختەوەر نەبوون. بێگومان ڕۆژگارێن هەر یەکێك لە ئێمەمانان لەگینە روناك یان تاریك بێت. لێ هەوێنو ئامیانی سەرەکی شادی یان خەمو پەژارەی ئێمە، شێلەی روحو بوونمانە. ئێمە لەگینە لە هەلومەرجێن یەکساندا شاد یان غەمگین بین. مرۆڤ بەو بەختەوەری یان بێ بەختیانەی کە لە دنیای دەرەوەدا بەسەریاندا دەسەپێنرێ لێکدی جیاناکرێنەوە، بەڵکو زیاتر بەتوانای دەركو هەرسی ئەو جاڵەتانەو چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی دنیاو دەروونی خۆیان دەناسرێنەوەو لێکدی جیا دەکرێنەوە. یانی بە سەرکەوتن بەسەر ئەو حاڵەتانەدا بەختەوەر دەبنو بەشکست هێنان لە هەنبەر ئەو حاڵەتانەدا بەد بەخت دەبن. هەڵبەتە تەبیعەتی هەندێك دەگەڵ بەد بەختیو، تەبیعەتی هەندێکی دی دەگەڵ خۆشبەختیدا تێکناکاتەوە. ڕێکەوتان ئەگەر لە ژیانی هەندێ کەسدا تەنانەت وەکو رەحمەتێك بەلەزەتو خۆشییەکی بێ پایانیشەوە رووبدەن، ئەوجاش ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو جۆرە کەسانە لەقە لە بەختی خۆ بدەنو بکەونە تۆڵە ئەستاندن لە

خۆیان. هەرچی نیعمەتی ژیانیش هەیە ناتوانێ تاڵی و بێچارەیی تەبیعەتی ئەوانە لە نێو بەرێ و بسڕێتەوە!

هەر مرۆڤێك بگری، لە ژێر ئەم ژیانە دیارو رواڵەتییەوە کۆمەڵێك حاڵاتی تەواو شاراوەو پەنهانی خۆی هەیە کە راستەوخۆ پەیوەستە بە روحییەوەو بە مەسەلەیەکی دەروونیی و سایکولوژی دێتە ژماردن. ژیانی زاهیریی و دیار بەرەنجامی دنیای لەسەر یەك کەڵەکە بووی دەروونی خۆمانە. خەڵکی تر توانای دەرك و دیتنی ژیانی باتینی ئێمەیان نییە. تەقدیر وایە کە ژیانی سایکولوژیی و دەروونی سەرباری هەموو ئەو لەمپەرانەی کە بەخت دروستی دەکات، دەبێتە مایەی ڕەزامەندی زەینی مرۆڤ. چونکە هەر ئێمە خۆمانین کە بێ وچان سات بەساتی شەوو رۆژی ژیانمان بەرەو چارەنووس دەبەین. چۆن دەبێت زەوق و شادی دەروونی، دروستکەر وسەرچاوەی بەختی کەسێك بێت، کە بە خۆی هیچ عەلاقەیەکی بە بەختەوە نەبێت و هیچ خێرو خۆشییەکی لێ نەبینێ بێ. بەخت و یەغباڵ لە ڕاستیدا بەشێکە لە خودی خۆمان و چارەنووس و کەسایەتیمان دەنوێنێ. ئەو دنیایەی کە لە دەورو بەری خۆمان دەی بینین و ئەو رۆژگارەی کە تیای دەژین، بەرەنجام و بەروبومی تێگەیشتنەکانی خۆمانە. وەکو چۆن کە دنیا دنیای ئێمەیە بەو ئاوایە ژیانیش تەقریبەن شتێکە کە لەلایەن تەبیعەتی خۆمانەوە دروستکراوەو ئەوشتەیە کە تەبیعەت و خیلقەتمان دەیخوازێت. ئێمەش وەکو شەیتانۆکە (حەلەزون) کە بەدەم ژیانەوە قاوغی خۆی دروست دەکات، بەخت و یەغباڵی خۆ دروست دەکەین. بەخت تەواوکەری ئێمە یان بە گوتەیەکی دی بوونی دووەمی ئێمەیە. هەمان ئەو بوونەی کە لە کەسێك دەتۆرێین حەزدەکەین بچینە دەروونییەوە.

بەخت و یەغباڵ با هەر هەژار بێ، بەڵام ڕوحمان خودانی دەوڵەتێن نەجاتبەخش و خەونێن مەستکەرە. مرۆڤ لە ژێر گوشاری بەخت دا، روحێکی هەیە، ورەیەکی هەیە کە ئەو جۆرە گوشارە بە هیچ نازانێ، پەکی پێی نییە. هەر ئەو ڕوحەیە کە تەبیعەتمانی بەسەردا سەپاندووین و وێڕای هەموو شتێك بەرگریی لە توانای خۆی دەکات و دەیپارێزێت. روحی مرۆڤانی نوکتەیەکی خواییە کە لە سەرووی بەخت و یەغباڵەوەیە، سەر لە دنیای فانییەوە دەردێنێ و رووەو ئاسمان هەڵدەکشێت و ئاوێتەی ئەبەدییەت دەبێت، لەزەتی نەمریی و جاویدانی دەچێژێ و لە موقەدەراتی نەمرییدا بەشداریی دەکات. بۆیە لە ژیاندا هەمیشە رووبەرووی لەزەتێن حەیوانی-خوایی دەبینەوە. بەختەوەریی یان خۆشبەختی بەشێوە تایبەتیەکەی کارێکی فیزیولوژیکە. دنیا بۆ هەر گووراوێك بەهەشتەو ژیان بۆ هەر گیانێك وەسڵە.

هەوێن و ماکی ئەو شتەی کە ئاین و ئیمانی پێ دەڵێین کەڵکەڵە ئارەزووی ژیانەوەو ژیانی دووبارەیە لەو دنیا. بۆیە بەرینی بێ سنووری تەمەنی مرۆڤ کە بە ئەندازەی مەودا دوورەکانی ئاسمان کەم و کوڕی تیایە، ئەوجاش دەبێتە مایەی حیرەتی بێ پایانی روحی مرۆڤانی.

من کە گەنج بووم و مەستی غرووری لاوەتی بووم رەخنەم لە هەندێ خەون و خەیالاتی فەهیم بێگ، لەمەڕ بێهودەیی ویسالان گرتووەو لەمەوە ئەزموونێکی فرەم بەدەست هێناوە. من هەر ئەوسا بۆم دەرکەوتبوو کە ڤیان و خۆشەویستی راستەقینە، حەزوو ئارەزووەکانی دڵمان و

مەعبودەکانمان لە راستیدا تراویلکەیەکن کە بە دڵو دیدەی خۆمان لە ئاسوێن سارای ژیاندا دروستمان کردوونو لە هزرو خەیاڵی خۆماندا پەروەردەمان کردوون. ئەو ویسالانەش کە بەنسیبی ئێمە دەبن لە راستیدا سێبەرێکی هەمان ئەو بوونانەن. حەقیقەت هەمیشە ئارەزوویەك بووە لە دڵو خەیاڵدا واقیعی هەبووەو قابیلی ئەوەبووە پێی بگەیت. چونکە ئەو شتەی خەیاڵ دەیگاتێ لە هیچ حەقیقەتێکی دنیاییدا قابیلی دەسترەسی نییە. جامادامێکی ئەو شتانە لە پێوەرانی سنووررداری ئەم حەقیقەتە زەمینییە بە دەرنو لە جیهاندا جێیان نابێتەوە، خەونو ئارەزووە دەروونییەکانمان دەبنە گەورەترین پارێزەری ئێمە، رێك وەکو دڵسۆزترین دۆستانمان. بۆیە گەورەترین شادمانی ئێمە ژیانە لە سێبەرو سایەی ئەو خەونو ئارەزووانەدا. دەبێ بگەینە جەوهەرو سەرچاوەی زولاڵی ئەو خەونو ئارەزووانە ، لێیان بگەینو ئاوێتەیان ببین. جا ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی ئەو بەختە باش یان شومەیە کە تووشمان دەبێت.وەکو چۆن رۆژو شەو جێی یەکدی دەگرنەوە، بەو ئاوایە بەخت شێوەو قاڵب بە ئارەزووو خەونەکانمان دەداتو ئیدی ئێمەش بەم جۆرە دەیانگەینێ. بۆیە ئەو شادمانییەی کە لە سەرانسەری ژیاندا عەوداڵی بووین، وامان گیرۆدەی ئەشقی خۆی دەکات، وامان تەژی ئەشقی خۆی دەکات کە بەدەم عەزەرتخواردنەوە پەی بە نامرادیو ناکامیو مەحرومیەتی خۆ نەبەینو وابزانین لە بەهەشتی بەختەوەریدا دەژین.

ئێی فەهیم بێگی بەلەنگاز! کێ چوزانێ دڵی غەمگینی تۆ لە شیعریی ئەزەلی کلۆڵیی رۆژانو شەوانتدا، تا ئێستا چەندجار خۆشو شاد هاتووەتە بەرچاوت.

## ماهیگیر هالی کارناس

( ١٨٨٦-١٩٦٣ )

***ڕەوی کۆچەران و هێرشی سوپاییانی داگیرکەر هەمیشە بە ئەنادۆڵدا تێپەڕیون، جا ئەم کۆچەرو هێرشبەرانە نەك هەر دانیشتووانی سەر ڕێگای خۆیان پێ لە ناو نەبراوە، بەڵکو لە ناویاندا تواویشنەوە. تا ئەو ڕۆژەی ئێمەی تورکان هاتین و ئاوێتەی ئەوان بووین. سەرباری ئەم تێکەڵاوی و ئاوێتە بوونە، ئەوەی تا ئێستا نەگۆڕاوە و ماوەتەوە زمانی تورکییە.***

ڕۆماننووسی مەنشورو نوێنەر ئەدەبیاتی دەریایی تورکی، لە ئەستەموول هاتووەتە دنیایە. ناوی ڕاستیی خۆی جەواد شاکر کابا ئاقاچلییە. کوڕی شاکر پاشایە. تەمەنی منداڵیی لە ئەسینا بەسەربردووە. خوێندنی سەرەتایی لە مەکتەبی گەڕەکی گەورەو، خوێندنی ناوەندی لە کولیجی روبرت تەواوکردووە (١٩٠٤). لە ساڵی ١٩٠٤-١٩٠٨دا بەشی "مێژووی سەدە نوێیەکان"ی لە زانستگەی ئوکسفورد خوێندووەو تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩١٠دا بۆ ئەستەموول زڤڕییەوەو دەستی بە کاری ڕۆژنامەڤانی کرد. لە هەمان کاتدا خووی دایە کارێن رەسم و گرافیك و کاریکاتوریش. لە ساڵی ١٩٢٤دا وتارێکی دژی ئیعدامی فیرارانی سوپایی نووسی و بە هۆی ئەوەوە بۆ شاری بودروم (هالی کارناس) دوور خرایەوە. پاش ئەوەی ماوەی نەفی کردنەکەی تەواوکرد، چونکە بودرومی زۆر خۆشدەویست هەر لەوێ مایەوەو کەوتە کارێن مینا (وەك) میوە فرۆشی، ماسیگری، باخەوانی و رینمایی گەشتیاران و لەم قۆناغەدا جوانترین بەرهەمی خۆی دەربارەی دەریا داهێنا. لە ڕۆژی ١٣/١٠/١٩٧٣دا لە ئەزمیر ماڵئاوایی لە دنیا کرد. پاش ڕێوەرەسمی بەرێکردنی جەنازەکەی کە هەزاران کەسی خەڵکی بودروم بەشدارییان تێدا کرد لە بودروم بە خاك سپێردراو سەدان تاجەگوڵینەیان لەسەر گۆڕەکەی دانا.

ماسیگری هالی کارناس، ئەو نووسەرە مەزنەیە کە شێوازی دەریایی لە چیرۆکستانی تورکیدا هێناو ژیانی پیاوانی دەریایی بە وردی و بەدیقەت بە وشەو نووسین سپارد. کارناس لە بەرهەمێن مینا دەریاوانێکی کارامەدا زۆر بە وردی بابەتی دەریا و دەریاوانی، کەنارەکانی بودروم، ئەفسانانی دەریای ئیجە، شەڕەکانی دەریای ناوەڕاست و هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە دەریاوە هەیە، نیشان دەدات و بە توانایەکی بێ سنووری شیعرییەوە دەینووسێت. ماسیگری هالی کارناس چەند لە ڕاوە ئیسفەنج، گیاناسی، مێژوو و ماسیگریدا کارامەو لێهاتووە، ئەوەندەش لە کەلتووری دەریاییدا شارەزاو لێهاتووە، بۆیە هەموو تیمەو نێوەرۆکەکانی کەم و زۆر پەیوەستن بە دەریاوە. بە پشتیوانی زمانە دڵگیرو شیعرییەکەی، ئەوەندە گوێی بە شێوازو تەکنیك نەداوەو هەندێجار لە ڕاستە بابەتەکەی دەردەچێت و بەمەش ئاسیو بە هەموو بەرهەمەکە دەگەیەنێ.

بە ناوبانگترین بەرهەمی ماسیگری هالی کارناس بریتین لە: لە کەنارەکانی ئیجەوە (کۆ چیرۆك، ١٩٣٩). ئاگانتا، بورینا، بوریناتا (ڕۆمان، ١٩٤٦). سڵاو مدیترانە (کۆ چیرۆك، ١٩٤٧). قوڵایی ئیجە (کۆچیرۆك، ١٩٥٢). ئەفسانەکانی ئەنادۆڵ (ئەفسانە، ١٩٥٤). خوداوەندانی ئەنادۆڵ

(ئەفسانە، ١٩٥٥). بژی دەریا (کۆ چیرۆك، ١٩٥٧). دورگەی دەم بە پێکەنین (کۆ چیرۆك، ١٩٥٧). تاراوگەی شین (بیرەوەری، ١٩٦١). رەیس عەلی ئولوچ (ڕۆمان، ١٩٦٢) رەیس تورگوت (ڕۆمان، ١٩٦٣). غەریبانی دەریا (باشترین ڕۆمانی ١٩٦٩-١٩٧٠). بانگەوازی ئەنادۆڵ (مێژووو هلینزم، لێکۆڵینەوە، ١٩٧١). ئەی نیشتمانی شکۆدار (١٩٧٢). حیکایەتەکانی ئیجە (١٩٧٢). ماسیگری هالی کارناس (کۆ بەرهەم، ١٩٧٦). نامەکانی ماسیگری هالی کارناس (کۆکردنەوەی: عەزرا ئەرهات، ١٩٧٦) عەزرا ئەرهات باوەڕی وایە کە: "پەیامی ماسیگر، بریتییە لە سەلماندنی ئەم خاڵەی کە یونان وەکو بێشکەی شارستانیەتی رۆژاوا، لە راستیدا شوێن کەوتووی شارستانیەتی ئەنادۆڵ بووە." جا لەم بەراوردەدا باوەڕی وایە ئەنادۆڵ دایكو سەرچاوەی زانست، هونەرو، ئەدەبیاتی ناوچەکە بووە. ماسیگر لە سەرانسەری ژیانی خۆیدا بەرەڤانیو داکۆکی لەم تیورە مێژوویيە کردووە (یەشار ئاك سوی، ١٩٧٨). ماسیگر، بە بڵاوکردنەوەی خواوەندانی ئەنادۆڵو ئەفسانانی ئەنادولی لە دەیەی پەنجایەکاندا وەکو هرودوت هالی کارناسی هاوشاریی خۆی دەڵێت ئەو خواوەندانەی کە دەڵێن هۆمەر دایهێناون، لەو داستانانەوە هەڵێنجراون کە رەگو ڕیشەی ئەنادۆڵییان هەیە. ماسیگر لەمەش هێوەتر دەڕواتو هەوڵدەدات ئەوەش بسەلمێنی کە سەرباری ئایینی سەرەتایی، زانستو فەلسەفێن سەردەمانی کۆنیش لە ئەنادۆڵەوە پەیدا بوونو سەریان هەڵداوە. دەڵێت پێویستە لە نۆڕینو جیهانبینییە مەتریالیستیەکانی خەڵکی ئەنادۆڵدا بۆ رەگو ڕیشەی ژیارو شارستانیەتی رۆژاوا بگەڕێین. نیمچە دورگەی یونان لەم مەسەلانەدا هەمیشە چەند هەنگاوێك لە دواوە بووەو بە هۆی دەزگا عیرفانیو ئایدیالییەکانی خۆیەوە، رێگربووە لە پێشکەوتنێن شارستانی. بە باوەڕی ماسیگر، ئەوەی بە (پەڕ جوی یونان) دادەنرێتو رۆژئاوا لە ژێر باندۆرو کاریگەریی مەسیحیەتدا، توند خۆی پێوە هەڵواسیوەو تا ئەمڕۆش بانگەشەی بۆ دەکاتو خۆی پێوە دەنوێنێ، تەنیا فێڵو دەهۆیەو هیچی تر. بە تایبەتی کە دۆزینەوەو کەشفەکانی ئەو دواییانەی ئارکولوجیستەکان دەریان خستووە کە بێشکەی شارستانیەتی هاوچەرخ یونان نەبووە، بەڵکو ئەنادۆڵە. هەردوو کتێبی بانگەوازی ئەنادۆڵو، مێژووو هلنیزم (بڵاوەخانەی یەدی بەپە، ئەستەمووڵ، ١٩٧١) داکۆکی لە هەمان تێوری دەکەن. ئەی نیشتمانی شکۆدار (بڵاوەخانەی حوریەت، ئەستەمووڵ، ١٩٧٢)ش دەربارەی ئەم تێورو بۆچوونە نووسراوە. نووسەر لە شێوەی چاپی نالەباری ئەم کتێبە نارازی بوو و، مخابن دەرفەتی چاککردنەوەو راستکردنەوەی بۆ نەڕەخسا.

**ئاگانتا، بورینا، بوریناتا (١٩٤٤):**

یەکێکە لە رۆمانە باشەکانو نووسەر لەم رۆمانەدا باسی تێمەو بابەتێن وەك ئازادی، جوانی، یاخی بوونو،چینەکردنی مرۆڤ لە رابردوو وئایندە دەکاتو دیدو بۆچوونو جیهانبینی مرۆڤانی لە سەردەمو رۆژگاری تازەدا نیشاندەدات. ئاگانتا واتا "بگرە، کۆکەوە، بوەستە"و بوریناو بوریناتاش ناوی بایەوانی سەرو خوارووی کەشتیە. "ئاگانتا، بورینا، بوریناتا" زاراوەیەکە کە بۆ ڕاگەیاندنی حەرەکەتی کەشتی بەکاردێت. ئەم رۆمانە سەرکەوتووترین کتێبی بڵاوکراوەی

ماسیگره. مەحموود، قارەمانی چیرۆکەکە، بێگوێدان بە قسەی کەسوکاریو، بەمەی کە دەریا گۆڕی گەلێك لە خزمانی دووروو نزیکی بووە، هەر خوو دەداتە دەریا. ساڵانێکی زۆری تەمەنی لە دەریادا دەقەتێنیٚ. زۆرانبازی دەگەڵ ئەو هەژاریو نیگەرانیو دژوارییانەدا دەکات کە دەریای نمەك حەرام بۆ هەر دەریاوانێکی حەشاردواە. بابی مەحموود دەریاوان بووەو لە دەریادا خنکاوە. دایکیشی هەر لە دەریادا مردووە. مەحموود جۆرە هەستێکی دوورە وڵاتی لاچێدەبێت، خۆی لەبەر ئەو هەستەدا ناگرێت، بۆ بودروم دەزڤڕێتەوە.

مەبەستی ئەوەیە زەماوەند دەگەڵ فاتیمەی هاوگەمەی سەردەمی منداڵیی بکات. فاتیمە کە بە گوللەی دژمن پێکرابوو بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە. مەحموود ناچاردەبێت دەگەڵ عایشەدا زەماوەند بکات کە کیژی یەکێك لە زەویدارە دەوڵەمەندەکانە. سیٚ ساڵ، بە سەختی و دوور لە دەریا ژیان دەباتە سەر. رۆژێك کە لە گوندەوە بۆ بودروم هاتبوو وچاوی بە کەشتییەکی بایەواندار دەکەویو گوێی لە فەرمانی "ئاگانتا، بورینا، بوریناتا" دەبێت، بەدەم هاواری "ئاگانتا"وە لە سەفەرێکی بیٚ گەڕانەوەدا پەیوەندی بە نەمریو جاویدانی دەریاوە دەکات.

خوێنەر لەم رۆمانەدا، بە چاکی لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی خەڵکی دەڤەری مدیترانە(دەریای ناڤین)، دەگات کە ماسیگری هالی کارناس ناوی (باخی بە هەشتی) لێناوە، لەوە دەگات کە ئەو خەڵکە چۆن بە پشتیوانی خۆیان دەژین. جا با لێرەداو پێکەوە دەقی بەشەکانی کۆتایی رۆمانەکە بخوێنینەوە:

دویٚ شەو، دەنگێکی سازگاری وەکو ناڵەی سەیری قوربانیانی دەریا، لە قوڵایی بێدەنگییەوە دەهاتە گویٚ. بایەوانەکان(شراع) هەندێجار وەك بڵێی گیرۆدەی ترس بن، بەشێوەیەکی سەیر دەکەوتنە شەکانەوەو لەرزین.

رۆژ بووەوە. هیچ شتێکی نائاسایی، کە ببێتە مایەی ترسی کەسێك لە ئارادا نەبوو. نازانم چی رووی دا کە کاپیتانەکە لە ناکاو هاواری کردو دەستووری دا:

– بایەوانەکان دابدەنەوە...!

هەموو بەرەو بایەوانەکان غارمان داو لە چاو تروکانێکدا بایەوانەکانمان کۆکردەوە. ئەستوورنو کۆڵەکەکان وەکو درەختانێك کە هەموو گەڵاو گوڵەکانیان رژابیٚ، لە ئێسکەپەیکەر دەچوون... کاپیتان جنێوی دەدا. من کەوتمە گلەییو بە هاوڕێکەی تەنیشت خۆمم گوت:

– ئەم کابرایە چیەتی؟

گوتی:

– نەهەقی نییە، مەگەر ئەم گەرداوە نابینی؟

و بەسەر ئاماژەی بۆ سەمتی راستی کەشتییەکە کرد. وەکو یەکێك کوندەیەك ئاوی ساردی پێدا بکەیت، ئازای بەدەنم کەوتە لەرزین. یەکەمجار بوو شتی واهی ببینم.

بیستبووم کە باهۆزو گەرداو، بە تایبەتی باهۆزی دەریایی شتێکی سەیرە. دەریاو کەشتییان قووت دەداتو پاشان بۆ ئاسمانی هەڵدەدات.

دوو گەردەلول خەریك بوو لە کەشتییەکە نزیك دەبوونەوەو دوانی دیکەش لە دووری دوورەوە، لەو شوێنەوە کە دەریاو هەور یەکانگیر دەبن، دیار بوون. هەڵدێرەکانی دوڕگەی چریگو رێك لە بەرانبەرمان بوون. لەم کاتەدا هەورێکی رەشی ئاوسی باران لە قوڵایی ئاسمانەوە دایکردە باران. دەریا رەش هەڵگەڕا. رەشییەکی قیرئاسا سەرانسەری ئاسۆی گرت. ئەمە دەریا بوو، هەمان دەریا ئازیزەکەی من.

ئەو رۆژە، یەکەمجار بوو کە بە چاوی خۆم ترسناکی دەریای ئازیزم بینی. گەرداو کە مار ئاسا بە دەوری خۆدا لوولی دەخواردو دەچوو بەئاسمانداو وەکو درێلێك لە ئاسمانەوە بەرەو قوڵایی دەریاکە بە ئارامی بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە. گەرداوی دووەم بە شێوەیەکی ئەستوونی، وەکو ئەوەی شاتیرێك بێتو ئاسمانی ڕاگرتبێ، ڕەق راوەستا بوو. لەم بەینەدا دووەمین گەرداو، کە بەدەم خولانەوەوە باریك دەبووەوە، سەری هەڵدا. بەشی ژێرەوەی گەرداوەکە خۆی بە دەریاکەدا کێشاو وردو خاش بوو و ون بوو، و بەشی سەرەوەشی وەکو ئەژدیهایەکی چەند سەر خۆی بە هەورەکانەوە هەڵواسیو سەری بۆ خوارەوە شۆڕ کردبووەوەو وەکو ئەوەی لە ئاوەکەدا بۆ چەشەیەك بگەڕێت، سەری بەملاو بەولادا دەگێڕا. لە ناکاو دووبارە جەستەی قورسی خۆی بەرەو هەورەکان هەڵکشاندو بە دەوری خۆیدا پەپکەی بەست. گەرداوی سێیەم کە لە ڕەحەتی دەچوو وەکو فرفرۆکە بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوەو ناو قەدی خۆی بە توندی تەکان دەدا، خۆی کۆکردەوە، هەنگێ گەورە دەبوو و ئەوسا وەکو مەستێکی لە مەست مەستر بەدەم لەتردانەوە بەرەو ئێمە دەهات. ڕەشاییەکی یەجگار ترسناك بوو.

کاپیتان، خۆی دابووە پەنای یەکێك لە ئەستوونەکانو چاوانی ئەبڵەقی بڕی بوونە گەرداوەکە. سەرۆك یەشاری سەر کرێکاری کەشتییەکە دوعای "نوێژی رزگاری" لەسەر پارچە کاغەزێك نووسی. کرێکارەکان لە دەوری خڕ بوونەوە، جارێ سەیری ئاسمانو جارێ سەیری دەریاکەیان دەکردو لە بانگی ئەللاهوئەکبەریان دەدا. سەرۆك یەشار، چەقۆکەی خۆی دەرهێناو بە جۆرێ وەك بڵێی لە گەرداوەکەی بدات، کاغەزەکەی پێ نووساندە یەکێك لە ئەستوونەکانی کەشتیەکەوە، گەرداوەکە بە پەلەو هەراو هەنگامەیەکی زۆرەوە ئاوەکەی لە شێوەی هەڵمێکی رەشدا دەردەدایەوەو ئاسمانو دەریای دەدایە دەم یەکەوە. گەرداوەکە لە دووریی دە مەتری ئێمەدا بوو.

گەورەییەکەی لە ئەندازەی دارچنارێکی دوو سەد سێسەد ساڵەدا بوو. لە توانایدا بوو نەك هەر ئێمە بەڵکو هەموو کەشتیەکەو تەنانەت بەلەمە گەورە یەدەگەکەش بە هەموو کەلوپەلەکانییەوە لە ناو بەرێت. ئێستا وەکو بوونەوەرێك کە رەنگی چارەی پڕ حەرارەتی سوور هەڵگەڕا بێ، مۆڕەی لێدەکردین. دەتگوت ئاسمان دەسووتێو گەرداوەکە دەیەوێ دەریاکە هەڵگرێو بە ئاسمانیا بکاتو ئەو ئاگرە بکوژێنێتەوە.

دەست پێشکەرییەکەی سەرۆك یەشار بێ ئاکام بوو. ئیدریس کە کرێکارێکی گەنجی بیستو پێنج ساڵە بوو، بۆمبێکی گەورەی، بە ئەندازەی گوندۆرەیەکی نزیکەی سێ کیلۆیی دەبوو، هەڵگرتو بەرەو ستوونەکەی ئەوسەری کەشتیەکە غاری دا. لەوسەری کەشتیەکە وەستا. بە

جگەرەکەی فتیلەی بۆمبەکەی گرداو هاواری کرد "رێ بدە دەریا"و هەنگێ بۆمبەکەی هەڵدایە ناو قوڵاییە ترسناکەکەی گەرداوەکە. بۆمبەکە دەنگێکی ترسناکی لێ بەرز بووەوەو تەقییەوە. بێگومان دەنگی تەقینەوەکە لە تێکرای دورگەکانی ئیجەدا وەکو هەورە تریشقە دەنگی داوەتەوە. ئەو گازە زۆرە پرشنگدارەی لە بۆمبەکەوە بەرز بووەوە، گەرداوەکەی شەق و پەق کرد. بەهۆی تەقینەوە بە هێزەکەوە ئاوێکی زۆر هاتە نێو کەشتیەکە. ئیدی کەس بە تەمای رزگاربوون نەبوو.

سەرانسەری ئاسمان رەش دەچووەوەو باران دەباری. دڵۆپە بارانی توندو درشت هێڵێکی سپی هەڵچووی لەسەر دەریاکەدا دەکێشا. بە چاوی خۆمان ئەو بڵێسە شینباوە تیژو بڕندەیەمان دەبینی کە دادەبەزییە سەر دەریاکە. باران بە خوڕ بە سەرماندا دەباری. بایەوانەکانمان کردەوە، بەگوێرەی توانا خۆمان لە باران دەدزییەوە. دەنکە درشتەکانی باران هەریەك بە ئەندازەی گوێزێك دەبوو. تاریکی باڵی بەسەر سەرانسەری دەریادا کێشا بوو. لە ناکاوێکدا هەستمان کرد نورێك لە ئاگر، بەڵام سەوز، بە سەرماندا داباری، هەورە بروسکەکە لە چاوتروکانێکدا، بەر لایەکی سەربانی کەشتییەکە کەوت. سەرەتا بەر ئەستوونێکی تەڕ کەوت، ئەوسا بە سەربانی تەڕی کەشتییەکەو ئەوسا لە دەرگاکانی کەشتییەکەوە خۆی بە دەریاکەدا کرد. سوپاسی خوامان کرد. چیوای نەمابوو دەگەڵ کەشتیەکەدا ببین بە خۆڵەمێش.

منو ئیدریس لەسەر سوکانەکە بووین. بۆ ئەوەی بەسەر زریانو گەرداوەکەدا زاڵ بین، بەپێی توانا هاوارمان دەکردو بەیەکمان دەگوت "ئاگامان لە بایەکە بێ و بە ئاراستەی رەوتی بایەکە بجوڵێین." دەگەڵ بڵاچەدانی هەر هەورە تریشقەیەکدا، زمانە ئاگرێکمان دەبینی کە لە شێوەی ئینساندا خۆی دەنواند. پیاو راست بڵێ من هیچ ئومێدێکم بە رزگار بوون نەبوو. بایەوانەکان بە باشی کاریان نەدەکردو بە هۆی باهۆزو گەرداوەکەوە بەتەواوەتی بایەکەیان لەخۆدا گل نەدەدایەوە. کونەکانیش هێندەی دی قوڕەکەیان خەست کردبووەوە. ئەو کونانەی کە نیشانەی تەماعکاریو پیسکەیی کاپیتان حەقی بوو، ئەمە لە حاڵێکا بوو کە رزگار بوونمان لە ئەقڵا نەبوو. جا بۆ ئەوەی نەکەوینە ژێر ئەو شەپۆلانەوە کە لە پشتەوە بەرەو ئێمە دەهاتن، تەنیا چارەمان ئەوە بوو خێرایی کەشتیەکەمان زیاتر بکەین. زریانەکە چەندین جار بووە هۆی ئەوە کە پێی ئیدریس لەسەر کەشتیەکە بخزێ. ئیدریس محەجەرەکانی توند بە دەست گرتبوو. منیش هەندێجار هەمان کارم دەکرد. ئیدریس هاواری دەکرد: "وریا بە، وەکو ئەسپی تۆسنو چەموش وایە، هاکا زەبرت پێبگات، توند بیگرە"و من دەمگوت: "تووشی گونرەشی خۆ بووین" ئەو هاواری دەکردەوە: "دوعا بکە بارانەکە خۆشی بکاتەوە. تەمەشا ئەم هەموو ئاوە...! کار وا بڕوات، بێئەوەی بکەوینە دەریاوە ئاو دەگاتە سەر سەرمانو نقوم دەبین" تەکاندانی کەشتیەکە تەکان نەبوو. ژێرو ژووری دەکردین. هەندێجار کەشتیەکە بەسەر ئێمەوە بوو و، هەندێجار ئێمە بەسەر کەشتیەکەوە بووین، ئیدریس محەجەرەکانی نەك هەر بەدەستەکانی، کە دەستانی هەردووکمان بریندار بوو بوون،گرتبوو، بەڵکو بە هەموو قورسیەکی خۆیەوە خۆی پێوە چەسپاند بوونو لە هەوڵی ئەوەدا بوو نەکەوێت. بە منی دەگوت: "توند بیگرە، حەواست لەکوێیە؟ بەرەو تۆ دێ! توند بیگرە ها... ورەت بەرز بێ... پێموایە دوا دواییمانە" هەردووکمان وەکو خەڵکانی

مەست لـە ترمـان دەدا. ئاگـام لـە حـاڵی خـۆم نـەبوو. دەسـتم بـە قاقـای پێکـەنین کـرد، گـوتم: "گوشارێکی زۆر دەکەوێتە سەر قەراخەکانی کەشتیەکە، ناتوانین راستەوخۆ حەرەکەت بکەین." لـە پێکەنینـدا بورابوومـەوە. کە چەخماخەیەك بڵاچەی دا، لەبەر روناکییەکەی سیمای ئیدریسم بینی کە مات‌و مەندەهۆش سەیری دەکردم کە نەبا شێت بووبم، مـن هێشـتا هـەر پێدەکـەنیم. لـەو کاتەدا هەستمان کرد لە سەمتی راستی کەشتییەکەوە دەنگێك بە بڵندگۆ عەشرەت هاوارەیـەتی‌و داوای کۆمەك دەکات. خۆ ئەگەر یەکێك لە هاورێکانیشمان لـە حـاڵی نقـوم بووندا بوایـەو داوای کۆمەکی کردبا، ئێمە هیچ کارێکمان لە دەست نەدەهات. لە خۆمـان دەپرسـی: "بەڕاسـتی گوێمـان لە دەنگێکی وەها بوو، یان تەنیا خـەیاڵ‌و هەسـت کـردن بـوو؟"و نەمانـدەتوانی وەڵامـی ئەسـەحی خۆمـان بدەینـەوە. زۆری پێنەچـوو، ئـەوەی کـە لێـی دەترسـاین، بەسـەرمان هـات، بایەوانـەکانی کەشـتییەکە پارچـە پارچـە بـوون. بـۆ ئـەوەی وەزعـی سـتوونەکان سـەح بکەینـەوە، چـاوەڕوانی چەخماخە بووین. لە قوڵایی تەنیایی سامناکی دەریادا، هەستمان بەوپەڕی بێ دەسەڵاتی دەکرد. دەریاوانەکان، چینەیان لـە یادگـەی خـۆ دەکـردو باسی بەسـەرهاتەکانی خۆیـان لـە کـاتی زریـان‌و گەرداودا دەکردو، من بێئەوەی گوێ بگرم دەمگوت: "واز بێنن بابە" هەندێکیان دەیـانگوت کـە لـە کاتی زریان‌و گەرداودا گوێیان لـە هـات‌و هـاوارو غەڵبەغـەڵب‌و قاقـای پێکـەنین دەبـوو،و هەنـدێکی دیکـەیان باسـی خوێنـدن‌و قوقـە قـوقی کەڵـەبابی بـەیانییان دەکـرد. لـە کـاتی ئـەو لێقەومانـە گەورەیـەدا نەیانـدەتوانی بـە قـوڵایی تەمومـژاوی یادگەیانـدا شـۆڕببنەوەو بـزانن ئـەو دەنگانـەیان پێشترو لە چ زەمانێکدا گوێ لێ بووە.

لەو حەشرە رۆژانەدا، بیروخەیاڵی رزگار بوون‌و مان، دڕ بە هەر بیرو هەستێکی دی دەدا. بۆچی درۆ بکەم؟ منیش ئەو شەوە دەتگوت، هەموو ئەو لای لایانەی کە دایکم لە منداڵیمدا بە گوێیدا دابووم، بۆی کردبووم، لە نوێ دەژنەومەوە. هەستم کرد کوڕانی پڕ رەمزو رازی دەریا راستیان دەکرد.

دەریاوانان، بۆ وەی لەو زریان‌و گەرداوە رزگاربن نەزریان لە خۆ گرت کە قوربانی بۆ یەزدان‌و وەلییان بکەن. لێ پاش ئەوەی بە سەلامەتی لەو تەنگانەیە دەرچوون، نەزرەکەیان نەبردە سەر ئیدی هەندێکیان بە هۆی دەستکورتی‌و بێ پارەیی‌و هەندێکی دیکەیان بە هۆی فەرامۆشی‌و خەمی ساردییەوە. بەڵێ ئێمە نەمردین‌و ماین. زریان‌و گەرداوەکە نیشتەوە. بایەکە هێور بووەوە. هەڵبەتە هەندێ بەشی کەشتیەکە زیانی گەورەی پێکەوت. کە بەیان ئەنگوت بایەکە بە تەواوەتی کپ بوو بوو و پاش ماوەیەك بەرەو رۆژئاوا هەڵیکرد.

## ئەحمەد حەمدی تانپینار

( ١٩٠١- ١٩٦٢ )

***توانای رۆماننووسێکی گەورە سەبارەت بە بوژانەوەو ژیاندنەوەی ئومێدەواری بە ژیان، لە ناخی خۆیەوە دەست پێدەکات. ئەو لاپەڕانەی کە سەرریژن لەم ئومێدو ئومێدەواریە، وەکو ئاوێنەیەکی بەر هەتاو، لایەنە ڕەسەن و پەرجوئاساکانی هونەر دروستدەکەن. رۆماننووس پێویستە باوەڕی بە مرۆڤ هەبێت. چونکە هەر ئەم باوەڕەیە کە ژیان دەکات بە ژیان. لە هەر شوێنێك دا ژیان هەبێ، چالاکی، کە دەرهاویشتەی ئەم باوەڕەیە، دەبێت.***

شاعیرو نووسەری ئەدەبیاتی قۆناغی کۆماریخوازی لە تورکیادا، لە ١٩٠١/٦/٢٣ لە ئەستەموولْ هاتووەتە دنیا، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، بە حوکمی ئەوەی کە بابی فەرمانبەر بووە، لە ناوچەکانی ئەرگانی، سینوپ، سیرت، کەرکووك، موسڵو، ئانتالیا تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٢٣دا کۆلیجی ئەدەبیاتی تەواوکردووە. لە ساڵانی ١٩٢٣- ١٩٣٣دا لە ئامادەییەکانی ئەرزروم، قونیە، ئەنکەرە، ئەستەموولْو، ئەنیستیتۆی ئەدەبیاتی غازی دا دەرسی گوتووەتەوە. لە ساڵانی ١٩٣٣- ١٩٣٩دا لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکاندا دەرسی ئەستاتیکا، ئەفسانەو مێژووی هونەری گوتووەتەوە. لە ساڵی ١٩٣٩دا بە عینوانی پرۆفیسۆری ئەدەبیاتی تازەی تورکی لە بەشی تورکناسی کۆلیجی ئەدەبیاتدا دەست بەکاربووە. پاش دەست بەتاڵبوونی لە نوێنەرایەتی خەڵکی ماراش لە ئەنجوومەن و موفەتیشی وەزارەتی فێرکردن و پەروەردە، دیسان لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، بەشی ئەستاتیکادا دەستی بە دەرس وتنەوە کردەوە (١٩٣٩- ١٩٤٩). لە ساڵی ١٩٥٠دا جارێکی دی کەوتەوە گوتنەوەی دەرسی ئەدەبیاتی تورکی. لە ساڵی ١٩٥٣دا بە سیاحەت بۆ ئەورووپا رۆیی و گەشتێکی بە وڵاتانی فەرەنسا، بەلچیك، ئەسپانیا، ئیتاڵیا، ئینگلستان و هۆڵەندادا کرد. تا کۆتایی تەمەنی دەستبەرداری کاری مامۆستایەتی نەبوو. تانپینار، لە کاتێکا کە مژوڵ و سەرگەرمی داهێنانی باشترین بەرهەمی خۆی بوو لە١٩٦٢/١/٢٤دا بە مەرگی مفاجا(سەکتەی دڵ) کۆچی دوایی کرد، لە روملی حەسار لە لای مەزاری یەحیا کەماڵ بەیاتلییەوە بە خاکیان سپارد.

ئەحمەد حەمدی تانپینار، ئەو هونەرمەندەیە کە دەڤۆکێکی تازەی هێنایە ناو زمانی تورکییەوە. یەکێکە لەو شاعیرانەی کە قاڵبێن هیجایی بە جوانترین شێوە لە شیعرەکانی خۆیدا بەکار بردووەو فۆرمێکی تەواو رۆمانتیکی و شاعیرانەی بەهزرو بیرەکانی خۆی داوە. تانپینار، بە پشتیوانی زمانی تورکی و قاڵبێن سیلابی (هیجایی)، قاڵبێکی تازەی هێنایە ناو شیعری تورکییەوە. توانی لە لوژیك و ئەخلاقگەرایی تورکی بپەڕێتەوەو بگاتە ئەقڵانیەت و ئەقڵگەرایی رۆژئاوایی. نووسەرێکی گۆڕانخوازورۆشنبیر بوو، باکراوندێکی کەلتووریی دەوڵەمەندو مەعریفەتێکی مکوم و مێژوویی هەبوو. باوەڕی وابوو هونەرمەند پێش هەموو شتێك پێویستی بە شارەزاییەکی مێژوویی هەیە. بە بۆچوونی ئەو: ***"مێژوو بۆ کۆمەڵگە وەکو یادگەیە بۆ تاك... شارەزایی و ئاگایی لە مێژووی ئەم وڵاتەو رابردووی ئەم میللەتە، گەورە بوون و پەروەردەبوون لە***

*ناو جەرگەیدا، و شارەزا بوون لە هزرینی رۆژئاوایی و خوێندنەوەی کەڵە رۆشنبیرانی رۆژئاوایی، هەموو ئەمانە فاکتەری کاریگەرن لە بواری داهێناندا... هەر ئەدەبیاتێ بگری بە هۆی باندۆرێن دەرەکییەوە هەندێك گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام ئەوەی ناگۆڕێت، کۆمەڵێك کەلەپورو سامانی رابردووە کە لە خۆیدا هەڵیگرتووەو پاراستوویەتی... هونەرێك کە ببێتە مایەی سووکی و بچووکبوونەوەی مرۆڤ، هونەرێکە کە چاوی لە حانای پەڕجووی ژیان هەڵنایەت، چاوی لە ئاستی پەڕجووی ژیان نوقاندووە. هیچ کەسێك بۆی نییە درەختی بتەوی ئومێد لە باخی بوونی مرۆڤدا بسرێتەوە"*. تانپینار لە بونیادی ڕستەدا، زۆرو بەشێوەی تایبەتی خۆی سوودی لە پەیڤێن هەڵبژاردە، خوازە، وشەێن رووت و ئەندێشەێن جۆراوجۆر وەردەگرت. کورتە چیرۆك و ڕۆمانەکانی تیمەو نێوەرۆکێکی شیعر ئاسایان لە خۆگرتووە. هەندێ لایەنی سایکولوژی ئەوتۆ یان لە خۆگرتووە کە لق و پۆ بەرەو سەمبولیزم و ئەمپرسیونیزم دەهاون. خۆشەویستی نیشتمان، حەسرەتی رابردوو، ئەڤین و ئەڤینداری لەو تیمەو ناوەرۆکانەن کە بە زۆری لە شیعرەکانیدا دەبینرێن. جیهان بە دوور لە دیدو گۆشە نیگای کۆمەڵایەتی، و لە روانگەی فەردییەوە هەڵدەسەنگێنێ و دەخوێنێتەوە.

ئەحمەد حەمەدی تانپینار، لە بوارێن شیعر، وتار، بیوگرافی، مێژووی ئەدەبیات، کورتە چیرۆك و ڕۆماندا کۆمەڵێك بەرهەمی داهێناوە. پەخشانەکانی لە رووی بایەخەوە هاوتای شیعرەکانیەتی. "لە چوار چێوەو زەمینەی جۆرە ئەستاتیکایەکدا بۆ زمانی شیعر دەگەڕێت کە حەز دەکات رەگی بچێتەوە سەر خەون و خەیاڵان". لە چیرۆك و رۆمانەکانیدا هەوڵدەدات "هەموو دنیا لە دەوری یەك کەسدا کۆ بکاتەوە". جۆری ژیان، هیواو ئاوات، حەزو خۆزیا، شادی وناکامییەکانی خۆی دەکات بە هەوێن و بابەتی بەرهەمەکانی. بەرهەمەکانی بە گوێرەی ساڵی بڵاوکردنەوەیان بریتین لە: خەونەکانی عەولاَفەنی (کۆ چیرۆك، ١٩٤٦) پێنج شار (کۆمەڵە وتارێکە کە نووسەر هەوڵیداوە شارستانیەتی شارانی وەك ئەنکەرا، بورسا، ئەرزروم و، ئەستەمووڵ بە ژیانی ئەمرۆی خەڵکییەوە گرێ بداتەوە، ١٩٤٦).

حوزور (ڕۆمان، ١٩٤٩ چیرۆك و بەسەرهاتی خەڵکانێکە کە لە نێو کێشەکانی قەیرانی کەلتووری دا لە هەوڵ و تەقەلادان) مێژووی ئەدەبیاتی تورك لەسەدەی نۆزدەدا (مۆنوگرافی، ١٩٤٩، گەورەترین بەرهەمی نووسەرە کە لایەنێن شاعیری، جوانیناسی، رەخنەگری و زانایی ئەوی لە خۆ گرتووە.). بارانی هاوینە (کۆ چیرۆك، ١٩٥٥)، بزوتنەوە ئەدەبیەکان لە مێژووی تورکیادا (تۆژینەوە، ١٩٥٩)، ئەنستیتۆی میقاتکردنی سەعاتان (ڕۆمان، نووسەر لەم ڕۆمانەدا قەیرانی کۆمەڵگەی تورك بە تەنزێکی ناسك بەرجەستە دەکات.) یەحیا کەماڵ (لێکۆڵینەوە، ١٩٦٢) وتارێن ئەدەبی (١٩٦٩)، شێوەی ژیانی مە (کۆ وتار، ١٩٧٠)، لە دەرێی قۆرتەکاندا (ڕۆمان، ١٩٧٣). دەزگای ماهور (ڕۆمان. ١٩٧٥).

نامەکان (نووسینەوە: زەینەب کرمان، ١٩٧٥). شێوەی ژیانی من (١٩٧٦)، کۆ هۆزان (بەرگی یەکەم، ١٩٧٦). ئەندێشە، بۆچوون و گوتارەکانی ئەحمەد حەمدی تانپینار (کۆکردنەوەی:

شەریف ئوز تورك، ١٩٧٧). تانپینار، جگە لەم بەرهەمانە چەندین مونوگرافیو بیۆگرافیشی دەربارەی شاعیرانی توركو بێگانە هەیە.

**حوزور (١٩٤٩):**

یەكەمین ڕۆمانی ئەحمەد حەمدی تانپینار كە لە ژیانی خۆیدا چاپ بوو حوزورو دووەمین ڕۆمانی ئەنستیتوی میقاتكردنی سەعاتان بوو. لە ڕۆمانی حوزوردا، بۆچوونەكانی نووسەر لە زمانی ئیحسانەوە دەگێڕدرێنەوە: "ئێمە هەوڵدەدەین ژیانی تایبەتی خۆمانو بە گوێرەی هەلومەرجی خۆمان دروست بكەین. ژیان لە دەستی ئێمە دایە، شێوەو شەقڵی دڵخوازی خۆمانی دەدەینێ". ئیحسان كەڵكەڵەی ریز بەندیو بەدووی یەكا هاتنی فەرهەنگی هەیەو ئەوە لە هێزی موزیكدا دەبینێتەوە. دڵنیایە كە موزیك كاریگەریو باندۆرێكی فرە لایەنی لە خوڵقاندنی هەستی یەكپارچەییو ریشاژۆكردنی مێژووی كۆمەڵگەدا هەیە. كۆمەڵێك تایبەتمەندی كۆمەڵگەی توركی كە نووسەر بە خۆزگەیانەوەیە، لە قاڵبی كەلتوورو شارستانیەتی تورك-ئیسلامدا لە ڕۆمانی حوزوردا وێنە دەگیرێن. ڕۆمانەكە بە دەوری كەسایەتی مومتاز، ئیحسان، سووادو، نوران دا دەسوڕێتەوە. مومتاز كەسێكە كە بە تەواوەتی نوێنەرایەتی بۆچوون، ئاوات، خۆزگە، هونەر، و ژیانو گوزەرانی دڵخوازی تانپینار دەكات. مومتاز، پاش ئەوەی دایكو بابی دەمرن، ئەنادۆڵ بەجێ دێڵێو دێت بۆ ئەستەمووڵو لە ماڵی ئیحسانی مامۆستای مێژوودا كە بە داشۆ (كاكە) بانگی دەكات، ئاكنجی دەبێت. دەست بە خوێندن دەكاتو ئامادەیی گالاتاسارایو كۆلیجی ئەدەبیات تەواو دەكاتو لە كولیجدا بە مامۆستای یاریدەدەر دادەمەزرێ. ئیحسانی پسمامی نەخۆش دەكەوێت، ڕۆژێ كە خەریكی دەرمان و تیماری ئەو دەبێت، بۆی دەردەكەوێت نوران ئەو كیژە جوانو خشیكەی كە ئەوی لە ساڵانی خوێندنی زانكۆدا خۆشی دەویست، ماوەیەك لەوەپێش لە فاهیری هاوسەری جیابوو بووەوەو ئێستا ئاشت بوو بوونەوە. سووادش كە نورانی خۆش دەویست، بە هۆی گۆشەگیریو ناكامییەوە لەم ئەشقە سێ قۆڵییەدا خۆی كوشتووە. لە بەشی چوارەمدا كە دوا بەشی ڕۆمانەكەیە، دەبینین كە بەیانیەك لە ناكاودا نەخۆشیەكەی ئیحسان زیاد دەكات. ماجیدەی براژنی كە چاوی بە حاڵی بێ حاڵی شووبراكەی (ئیحسان) دەكەوێ، بەپەلە بۆ دەرمانخانە دەڕوات كە دەرمانی بۆ بێنێ ،بەڵام لە گەڕانەوەدا ڕووبەرووی جەستەی بێ گیانی سوواد دەبێتەوە. ئەم ڕووداوانە دەبنە مایەی قەیرانو نیگەرانی روحیو دەروونی مومتاز، ئەویش بەسەرو گوێلاكی خوێناوییەوە لە سەر قاڵدرمەكە هەڵكوڕماوە. دەنگی رادیۆكە لە ژوورەوە بەرزدەبێتەوە كە هەواڵی دەست پێكردنی دووەم جەنگی جیهانی ڕادەگەیەنێت. ئەمەش بەشێكە لە دەقی كۆتایی بەشی چوارەمی ڕۆمانەكە:

كە بۆ جاری دووەم خۆی گەیاندە شەقامەكە هەستی كرد لە جاران ئاسوودە ترە. ئێستا ئەو بیرانەی كە تۆزێ لەوە پێش ئازاریان دەدا، ڕەوی بوونەوە. بە ئارامیو ئاسوودەییەكی سەیرەوە، كە تا ئێستا بە خۆوەی نەبینی بوو، ڕێی دەكرد. هەستی دەكرد لە دەرێی مەداری جازیبەی زەوی دایە. لە بن لێوانەوە گوتی"ئەگەر باڵم هەبوایە دەفڕیم". ئەم حاڵەتەی زۆر پێ سەیر بوو،

به خۆیشی له خۆی نەدەگەیی، ئەو وەزعە قورس‌و نالەبارەی کە تیادا بوو لە کوێ‌و ئەم ئارامی‌و ئاسوودەییە لە کوێ! کەچی هەموو شتەکانی وەکو چۆن هەن دەبینی. لەگێن بوو شەڕ هەڵبگیرسێت. وەزعیەتی ئیحسان باش نەبوو، لە حاڵی مردندا بوو، لەوە نەدەچوو جارێکی دی بژێتەوە. نوران قەراربوو بەیانی بڕوات‌و ئەمەش بۆ هەردووکیان کارەسات بوو. دەگەڵ ڕۆیشتنی ئەودا هەموو شتێك تەواو دەبوو. هەموو ئەمانەی دەزانی. لێ ئەو نها هەموو حەقیقەتە وێرانکەرەکانی چەند سەعاتێ لەمەپێشی بە جۆرێ دەبینی کە هیچ پەیوەندییەکان نە بەخۆی‌و نە بە دەورو بەرەکەیەوە نییە. دەتگوت لەو دیوی مەرگەوە دانیشتووە‌و تەمەشای ژیان دەکات.

یەجگار ئارام بوو. بەدەم ڕێوە هۆی ئەمەی لە خۆ دەپرسی. "من زۆر بیردەکەمەوە، بیر کردنەوەی من لە هی یەکێك دەچێت کە لە شەکەتیدا نەتوانێ بخەوێ‌و تاکو بەیانی بە ژوورەکەیدا بێ‌و بچێ. باشە بۆچی نهو ناتوانم بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە؟" هەڵبەتە ئەم پرسیارەش ئازاری نەدەدا. "ناشێت زندوو نەبم؟ ناشێت لە دنیا ڕۆیی بم؟‌و لەوەشە دنیا وازی لەمن هێنا بێ. بۆ وا نەبێت؟ وەکو قاپێك هەموو شلەمەنییەکی ناوی بڕێژنە دەرێ..." بەم حاڵەشەوە دەیزانی دەبێ چ بکات، شارەزای ڕێگەبوو،‌و دەیزانی کە دەبێ پەلە بکات‌و دەرمان بۆ ئیحسان فەراهەم بکات. ئەوجاش زەینی ئەو بەوپەڕی ڕاشکاوی هەموو شتەکانی تۆمار دەکرد. حەوشەکە، بە هۆی لە مپەرێکی نادیارەوە کە بەری روناکیەکەی دەگرت، نوقمی سێبەر بوو. چیمەنەکە بە حاڵ سەوز دەچووەوە. هەموو شتێك نوقمی واهیمە‌و ترس بوو.

بەیانی لە ئەنگاوتندا بوو، دوای تۆزێکی دی دنیا‌و بوونەوەران ڕادەبوون. نهو روناکی بەیان لە بەردالان‌و ناو ژووری مالانی دەدا. ڕوناکییەك لە جەوێکی ناخۆشدا، دیکۆری دەستکردی شانۆنامەیەکی وەبیردێنایەوە. ژنێك پەنجەرەکەی کردەوە‌و دەستانی دایە بەر هەواکە‌و سەرێکی کێشایە دەرێ. دەسێکی بەسەرو رووی خۆیدا هێناو سەروسیمای ڕێکخست. سەگێك بە ئەسپایی لە کولانەکەی هاتە دەرێ‌و بەرەو ئەم ڕێبواری بەیانییە غاری دا. لێ کە گەییە ئەو لایداو بەرەو ئەو خێراوەی کە چەند مۆمێك لەبەر پەنجەرە داخراوەکەیدا دەسووتان، درێژەی بە ڕێی خۆی دا. شیرفرۆشێك کە چەند جلیکانە شیرێکی لە ئەسپەکەی بار کردبوو وخۆیشی سواری بوو بوو، بەلەز بەلایدا تێپەڕی. لە دوورەوە دەنگی بۆقی (شەیپور) هات.

مومتاز هەموو ئەمانە‌و ڕەنگی ئاسمانی، کە بەرە بەرە دەگۆڕا، دەبینی. نیگا کردنی ئەو جیاواز بوو، وەکو تەماسی هەمیشەیی پێنج هەستەکەی مە دەگەڵ شتاندا نەبوو. ئەو شتەکانی لە خۆیدا منە دەکرد. هەستیدەکرد هەموو شتەکان بوون بەشێك لەو.

پۆلێك قەلەڕەش لەسەر درەختانی نێو حەوشەی مزگەوتی شازادەوە هەڵفڕین. بە قارە قارێکی خەمناك بەسەر سەریا تێپەڕین. بۆنی نانی تازە کە لە تەنووری نانەواخانەکەوە بەرزدەبووەوە سەرانسەری شەقامەکەی پڕکردبوو. ئەو کرێکارانەی کە ڕێڵەکانیان نۆژەن دەکردەوە تازە گەیی بوونە بەرانبەر مزگەوتەکە. هێشتا گاز (ئاستیلن) دەسووتا‌و بۆنی دەهات. ئەو تابلۆ هونەری‌و بە نرخەی کە لە رامبراندەوە وەرگیرابوو لەبەر تاریك‌و روونی بەیاندا دەبینرا. دەماو چاوەکان، دەست‌و جەستەکان لە نێوان ڕوناکی بەیانی‌و تاریکی شەودا. دەگۆڕان‌و لە دیمەنی جیاوازدا

دەردەکەوتن. مومتاز جارێکی دی بە وردی‌و دیقەت نقومی تەمەشای دەست‌و جوانیی دەموچاوەکان بووەوە. لە بن لێوانەوە گوتی: "گەڕەکەکەی خۆمان..."و لە فکران ڕاچوو. یادگارێن منداڵیەتیی لەم شەقامەو گەڕەکەکانی دەورو بەرەوە روویان کردبووەوە ئەو. "گەڕەك، ماڵ، داب‌و نەریت، ئاشنا‌و دۆستان، ژیان دەگەڵ وان‌و مردن لە نێو واندا..." ئەو جۆرە دیمەنانەی بۆ ئایندە وێنا دەکرد، لێ نەیدەتوانی خۆی لەم چوار چێوەیە بگرێت. نەیدەتوانی هیچ بیرێك بگەیەنێتە کۆتایی. بیری لەسەر هیچ شتێك نە دەگیرسایەوە. خۆ بە خۆو لە ناخی خۆیدا هەستی بە شتەکان‌و هەموو ئەنجامەکان دەکرد. بیری پچڕ پچڕ، بلەز بە مێشکی دا دێن‌و هەر زوو جێ بۆ شتەکانی دی چۆڵ دەکەن. هەستی بە خەمێکی نادیار دەکرد

کە بە گوزەری سەندوقدارەکاندا تێدەپەڕی هەستی کرد دنیا روناك تر بووەوە. کە گەییە گەڕەکی بایەزید هاتوچۆ بۆ چاخانەکانی سەرەوە دەستی پێکردبوو. هەڵبەتە مێزو کورسییەکان هێشتا لەسەر یەك هەڵچنرابوون، لێ پێشخزمەتە خۆشخزمەتەکان یەك دوو مێزێکیان بۆ مشتەرییانی بەیانیان ئامادە کردبوو. یەکێك لەو پێشخزمەتانە کە چاوی بە مومتاز کەوت بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– فەرموو کاك مومتاز، چایەکە هەر ئێستا دەم دەکێشێت.

لێ بیر کردنەوە لە بەیانیانی تاقیکردنەوەو گەڕانەوە بۆ بیرەوەرییانی رابردوو هیچ هەستێکی لە مومتازدا بێدار نەکردەوە. بە دەست ئیشارەتێکی کرد کە یانی کارم هەیەو دەبێ بڕۆم. غەڵبە غەڵب‌و دەنگە دەنگی ئەوانەی کە چاوەنۆڕی پاس بوون تا بەرەو ئاك سارای بڕۆن، دەنگی رۆژنامە فرۆشان‌و دەستگێڕانی کولێرە فرۆشان نیشانەی ئەوە بوو کە رۆژ بووەتەوە. مومتاز تەمەشایەکی لای مزگەوتەکەی کرد. پۆلە کۆترێك داکشان‌و هەمدیس بەرەو بەرزی ئاسمان هەڵکشانەوە. لە خۆی پرسی: "بۆچی ترسان؟" پرسیارەکەی کردو دیسان بابەتەکەی فەرامۆش کرد. بەڵام هێشتا هەستی بە بەردەوامی خەیاڵەکان دەکرد. "باشە ئەمە جۆرە بێ ئیمکانییەك نییە، رەنگە نەویستن بێ. نازانم ئایا بەراستی بەرانبەر هەموو شتەکان بەمجۆرە بێ موبالات‌و خەمساردم؟ یانی جارێکی دی ناتوانم دنیایەك بۆ خۆم دروست بکەم؟ ئایا بیرەوەرییان لەمە بەدوا نایەنە زمان‌و ئاخفتن؟ ناشێت وێڕای ئەوەی تەواو ئاگام لە خۆیەو بەسەر خودا زاڵم، لە حاڵی شێت بووندا بم؟ یانی شتی وا دەبێت؟ جا بە رۆژی روناکیش..."

دەرابەی دەرمانخانەی ئێشکگر هێشتا هەڵنەدرابووەوە. ژنێك لە دەرابەی دەرمانخانەکەی دەداو بۆ ئەوەی بتوانێ لە کونێکی چکۆلەوە ناو دەرمانخانەکە بدینێ، لەسەر، نووکی پێیەکانی خۆی بەرز دەکردەوە. رەچەتەیەکی چرچ‌و لۆچی بە دەستەوە بوو. شەکەت‌و داماو بوو.

هەر سا ناساتێ ئاهێکی هەڵدەکێشا‌و دەیگوت: "خودایا...." و هەمدیس بۆ ئەوەی بتوانێ ناو دەرمانخانەکە بدینێ خۆی لەسەر نووکی پێیەکانی هەڵدەبڕی.

ئەنجام خودان دەرمانخانەکە هات. هەردووکیان رەچەتەکانیان دایە. مومتاز دەرمانەکانی خۆی وەرگرت. هەر هەموو ئەم کارانەی، بە رێك‌و پێکی تەواو، وەکو کەسێك کە نەیەوێ تەنانەت تاقە چرکەیەکیش بەفیڕۆ بدات، ئەنجام دەدا. بەڕاستیش وابوو. ئەو بەشەی زەینی کە لە خەمی

بردنی دەرمانەکاندا بوو، بێدارو چالاك بووو هیچ سەهوو هەڵەیەکی نەدەکرد. باقی بەشەکانی دیکەی زەینی، لە رەفتاری کەسێك دەچوو کە لە نێوان خەوو بێداریدا بێ. حاڵەتێکی زۆر سەیری بەسەر هاتبوو، زۆر زوو تێکەڵی دەبوو، زۆر خێرا شتەکانی دەرك دەکرد، بەڵام بە هەمان زوویی‌و خێرایی هەموو شتەکانی لە بیردەکرد. دیسان لە خۆی پرسی: "ئەمە چ حاڵ‌و رۆژێکە کە بەسەر من هاتووە؟" دڵنیا بوو لەوەی پەردەیەك لە نێوان ئەوو دنیادا هەیە کە تا نهو پەی بە ماهیەت‌و جەوهەری نەبردووە. شتێکی زۆر شەفاف‌و یەجگار روون، ئەوی لە دنیا دادەبڕی.

بەڵام ئایا دەیتوانی خۆی لە دنیا دووربگرێت؟ "دنیا گەلێك جوانە..." ئەلهەقی ژیان لەو گەردی بەیانیەدا جوان بوو، تازەو هاوسەنگ بوو. وەکو نەرمە بزەیەك دەوری مرۆڤی دەدا. مومتاز پێی وابوو لەم جۆرە ساتانەدا دەتوانێ تا هەتا هەتایە، بێ ئەوەی وەڕەز یان ماندوو بێ، بڕوانێتە پەڕەی گوڵێك، چارەی حەیوانێك یان دەستانی مرۆڤێك. چونکە هەموو شتێك لە چاوی ئەودا جوان بوو. روناکیە گۆنگەکەی لێ بوو بوو بە سەمفۆنیایەك لەو گۆڕە. یەکەم تیشکی روناکی کە بەدەم سەماوە لە حەوشی مزگەوتەکەی دەدا، بۆنی نانی گەرمە تەنوور، هاتوچۆی بەلەزی خەڵکی، سیماێن مەندو لە فکران ڕاچوو، گشت ئەمانە جوان بوون. لێ نەیدەتوانی لەسەر هیچیان هەڵوەستە بکات. "رەنگە هۆی ژیاندۆستی من، دیتنی جوانی ئەم جۆرە شتانە بێت لە کات‌و ساتێکی وادا." دیتنی جوانیان‌و حاڵەتی ڤیان‌و خۆشەویستی لە ناخی ئەوا، تەنیا سۆزی رووت نەبوو. جۆرە مکاشەفەیەك بوو لەو مکاشەفانەی کە لە دواسات دا، کاتێ زەینی مرۆڤ لە هەموو شتێك دادەبڕێت‌و پەیوەندی بە هیچ شتێکەوە نامێنێ، بەڕوونی، ساف‌و بێگەرد، خۆ بەخۆ بەرۆکی پیاو دەگرێت. مکاشەفەیەك بوو راستەقینەو لەسەر هەڵدێرێکی هەزار بە هەزار. شەفافیەتی دەروونی ئەو، تەنیا لەو جۆرە ساتانەدا دەردەکەوت.

لە بن لێوانەوە گوتی: "چەند سەیرە! هیچ شتێك ناچێتەوە سەر شتێکی تر، هیچ شتێك دەگەڵ شتێکی تردا تێکناکاتەوە. هەموو شتەکان بە جیا جیا دەبینم".

یەکێك کە لەلایەوە بوو بەرسڤی دایەوە:

– دیارە کە تێکناکەنەوە. چونکە تۆ لە حاڵی بینینی حەقیقەتدای.

– یانی دوێنێ‌و پێریش بە هەمان جۆر نەمدەبینی؟ یانی من تا نهو حەقیقەتم نەدیتووە؟ یانی بۆ تاقە جارێکیش روو بەرووی حەقیقەت نەبوومەتەوە؟

هەستی دەکرد کەسێکی لەلاوەیە، بەڵام نەیدەتوانی سەیری سەرو سیمای بکات.

– نەء ... چونکە هەموو شتێکت لە ناخ‌و دەروونی خودی خۆتەوە دەبینی. لە راستیدا مژوڵ‌و سەرقاڵی دیتنی خودی خۆت بووی. نە ژیان یەکپارچەیەو نە ئەو شتانەی کە لە دەورو بەری خۆماندا دەیان بینین. یەکپارچەیی زادەو بەرەنجامی زەینی بەشەرە.

– ئێ! یانی من ئێستا خودانی ماهیەت‌و ناسنامەی شەخسی نیم؟

– نەء . ماهیەت‌و ناسنامەی تۆ لە دەستی مندایە. باوەڕ ناکەی؟ تەمەشا...

ناولەپی تا بەر کەپووی مومتاز بردە پێشەوە. جا نەوەرێکی چکۆلەو سەیری کوڵکن، ناشیرین‌و بەسام، بەکاوە خۆ لە نێو دەستیا دەجوڵا.

لە فکران ڕاچووو گوتی: "کەواتە ماهیەتی من ئەم شتە بووە!" لێ هیچی بەو نەگوت. دەستی ئەو بوو بووە مایەی حیرەتو سەرسامی ئەم.

مومتاز بە عەمراتی شتی وا جوانی نەبینی بوو. نەبلورو نە ئەڵماس نەیاندەتوانی ئەو پرشنگو درەوشانەوەیە بنوێنن. ئەم بوونەوەرە کۆڵکنە لێڵو تاریکە هەڵبەتە تیشكو روناکییەکی نا ئاسایی نەبووو تەنیا بوونی خۆی روناك دەکردەوە. لە نێو مستێکی نورانی حەیوانێکی قرژاڵ ئاسا، یان بە گوتەیەکی دی ماهیەتوجەوهەری خۆی بوو کە بە ئاسانی دەکرایەوەو دادەخرایەوە.

– یانی وێم نادەیەوە؟

– چیت وێدەمەوە؟

مومتاز، ئاماژەیەکی بۆ خوار چەناگەی خۆی کرد:

– ئەوە، ناسنامەکەم. یانی ئەو شتەی کە تۆ ئێژی ماهیەتو ناسنامەی منە.

- هانێ. ئەگەر حەزدەکەی جارێکی دیکەش تاقی بکەوە، چ قەیدییە. مستی ئەو زەلامە دووبارە لە بەردەم مومتازدا کرایەوە.

لێ ئەمجارە چاوانی مومتاز لەسەر روناکی دەستەکە بە حەپەساوی گیرسایەوە. مومتاز دەیزانی، ئەو کەسەی شانبەشانی، هەرچەندە مەحاڵە، سووادە. لە فکران ڕاچوو: "ئەگەر مردووان بەم ئاسانییە بە کوچەو بازاراندا بگەڕێن، ژیان هیچ تامێکی نامێنێ". بە ئەسپایی تەمەشای کرد، دوو دڵ بوو کە ئایا بەڕاستی ئەوە یان نا. بەڵێ سوواد بوو. زۆر گۆڕا بوو. زۆر لەو سووادەی کە دەیناسی گەورەتر، جوانترو، بە هەیبەتوبە سامتر دەهاتە بەرچاو. ئەم کەسە تەنانەت لەو سووادەی کە چەند سەعاتێك لەوەپێش لەخەوا دیتبووی بە هەیبەتترو جوانتر دەهاتە بەرچاو، هەموو ئەو شتانەی کە ئەو رۆژە لەبەر دەروازەی ئاپارتمانەکەدا لە سیمای ئەودا دیتبووی، تەنانەت تەوسکردنەکەشی بە ژیان، ئەمێستا گۆڕا بوو بە زەردەخەنەیەك کە رەگی لە ناخی ناخو لە قولاییدا بوو و هەندێ چینو تویێ نادیاری روناك دەکردەوە. تەنانەت ئەو زامانەی کە بە دەستو گەردنو دەموچاویشیەوە بوو، درەخشانو پرشنگدار بوون. لە بن لێوانەوە گوتی: "زاڵمو جوان...." لە ناکاودا حایرو سەرسام دەستەکانی خۆی گوشیو لە فکران ڕاچوو. بە خۆی دەگوت: "من ئێستا پێویستە چی بکەم؟"

بە هەرحاڵ دەبوایە قسە دەگەڵ ئەودا بکات. نەیدەزانی ئاخۆ دەیتوانی دەگەڵ سووادێکدا بەو عەزەمەتو جوانییەوە قسە بکات یان نا. ئایا هەموو ئەوانەی کە دەمردن بەم رادەیە جوان دەبوون؟ سوواد گوتبووی قێزی لە مەرگو مردن دەبێتەوە. "نەك هەر جوان بوو، بەڵکو بەهێزیش بوو...." بەڵێ بەهێز بوو. شتێك لە ناخو دەروونییەوە بەرەو ئەو دەکشاو ئەوی بەرەو سوواد دەکشاند. دەبوایە قسە بکات. بە ئارامیو لە بن لێوانەوە گوتی:

– سوواد! بۆچی هاتی؟ بۆ وازم لێناهێنی؟ بە درێژایی رۆژو شەو بەرۆکم بەر نادەی. بەسە ئیدی! وازم لێبێنە.

بە تێپەڕبوونی رۆژگار، ترسی ڕەوی بووەوەو هەستی غەریبی یاخی بوون جێگەی گرتبووەوە.

– بەسە، ئیدی بەرۆکم بەردە!

پەشیمان بووەوە لەوەی کە بەم جدیەتە مردوویەکی دواند بوو.

– بۆچی نابیَ بێم مومتاز؟ خۆ من قەت لە تۆ دانەبڕاوم.

مومتاز سەری لەقاندو گوتی:

– بەلَیَ، هەرگیز.. هەمیشە بەسەر مندا زالَ بوویت. بەلاّم لە دوێنێوە تا ئێستا وەزعو حالَەکە گۆڕاوە. دوێنیَ عەسرەکەی تۆم لەو هەورازەدا بینی. ئەمشەویش لە خەوا دیتمیت. بەلاّم زۆر سەیر بوو. دەزانی؟ خەوەکەی ئەمشەوم دەلَێم. ئەو شەوەی خەوم دەدی. یان بە گوتەیەکی دی قەرار بوو شەو بێتو هەمووان بۆ کار ئامادە دەبوون. کۆمەلَێك تەختەی وەنەوشەیی، وەنەوشەیی کالَ، سوورو پەمەییان هێناو لە ئاسۆدا لەسەر یەك هەلَیانچنی. ئەوجا هەتاویان بە پەتێك راکێشایە خوارەوە.

بەلاّم دەزانی هەتاو نەبوو، تۆ بوویت. رووت وەکو ئێستا جوان بوو. خەمگین تر بوویت، بۆیە جوانتر دەهاتیە بەرچاو. پاشان تۆیان وەکو عیسا بە ڕاکێش ڕاکێش هێنا....

لەناکاو بە دەنگی بەرز لە پێکەنینی داو لەسەری رۆیی: ئەگەر دەزانی غەمگین بوونو لە خاچدانە عیسا ئاساکەت چەند سەیر بوو... تۆ کەسێك بوویت باوەڕت بەهیچ شتێك نەبوو و گالَتەت بە هەموو شتێك دەهات....

ماوەیەکی دیکەش پێکەنی.

سوواد چاوی بڕی بووە ئەو و تەمەشای دەکرد.

– گوتم کە.... من هەرگیز تۆم بە تەنیا نەهێشتووە. هەمیشە لەگەلَتدا بووم!

مومتاز ماوەیەك بە بێدەنگی رۆیی. ئەوەندەی هەستی بە رووناکیو درەوشانەوەی کەسەکەی تەنیشت خۆی دەکرد، ئەوەندە هەستی بە رووناکی بەیان نەدەکرد. مومتاز ئەمەی زۆر لە گیان قورس بوو، عەزابی پێوە دەچەشت.

– دەی باشە! تۆ چیت لە من گەرەکە؟ ئەم هەموو پێداگریەت لە پای چییە؟

– ئەمە پێداگری نییە، ئەرکە ئەرك. ئەرکی لەگەلَ تۆدا بوونە. من هەنووکە بووم بە فریشتە نیگابانی تۆ.

مومتاز، هەمدیس پێکەنی. لیَ دەیزانی ئەم پێکەنینە پێکەنینی تووڕەییە.

گوتی: ئەمە مەحالَە! تۆ بابایەکی مردوویت. یانی مرۆڤیَ...–هەستی کرد دەبیَ وتەکەی راست بکاتەوە– لە بن لێوانەوە گوتی: " قسەکردن دەگەلَ مردوواندا چەند ئەستەمە..."و لەسەری رۆیی: یانی دەمەویَ بلَێم کە مرۆڤ بوویت. ئادامیزاد بوویت. ئەمە کاری ئینسان نییە، ئەرکو کاری کەسانێکە لە ئیجادەوە فریشتە بوون.

– نا، ئەوان ئیدی کاتی ئەم کارانەیان نییە، نایان پەرژێتە سەر ئەم کارانە. لەو سالاّنەی دواییدا ژمارەی خەلَکی جیهان زۆر زیادی کردووە. روو دەکەیە هەر شوێنیَ، خەلَکەکەی زیادی کردووە، ڕیَ بەر ڕێدار ناکەویَ. فریشتەکان نایان پەرژیَ. بۆیە ئیدی ئەم ئەرکو کارانە بە مردووەکان دەسپێرن.

مومتاز، لە سەرەتاوە هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە. لێ دوای کەمێك، لە ناکاو خرۆشا:

– درۆ دەکەی! تۆ ناتوانی ببی بە فریشتە. شتی وا مەحاڵە. تۆ خودی شەیتانی!

مومتاز، زۆری پێناخۆش بوو کە بەو زمانە مردوویەکی دەدەواند. بەو حاڵەوە درێژەی بە قسەکانی دا:

– تۆ بۆیە خۆت والێکردووە تا من فریو بدەیت. من فێڵەکەت دەزانم.

سوواد بە چاوانی خەمینەوە نۆڕییە ئەو، و گوتی:

– ئەگەر شەیتان بوایەم باسی دەروون‌و نیهادی تۆم دەکردو نەتدەتوانی من ببینی.

مومتاز گوتی: "بەڵام..." و لەسەری رۆیی:

– دەزانی بەدیتنت زۆر خۆشحاڵ بووم. بەڕاستی شاد بووم.

ئەوسا بە ترس‌و لەرزەوە ڕوانییە سیمای ئەوو گوتی:

– چەند جوان بوویت! بەڕاستی جوان بوویت... خەم و پەژارە جوانترت دەکەن. دەزانی وەکو کێت لێهاتووە؟ وەکو ئەو فریشتەیەت لێهاتووە کە سێ مێخی بە عیسادا...

سوواد قسەکەی پێ بڕی‌و گوتی:

– واز لەم لێکچواندنە بێ مانایانە بێنە.... یانی ناتوانی بەبێ شوبهاندن‌و بەراورد قسە بکەیت؟ یانی تۆ هێشتا نازانیت بە هۆی ئەم خەسڵەتانەوەیە کە کارەکانت بەم رادەیە داون بەیەکدا؟

مومتاز وەکو منداڵێك کەوتە پاڕانەوە:

– ئەزیەتم مەدە... عەزابێکی زۆرم دیتووە. من هیچ کارێکی خراپم نەکردووە. بەڕاستی هەستدەکەم زۆر جوان بوویت، هۆیەکەی چیە؟

– ئەوانەی یەك رێ‌و یەك هەڵوێستن هەمیشە جوانن.

مومتاز ویستی بڵێ کە تۆ تۆزێ لەمە پێش گوتت ئەگەر شەیتان بام باسی دەروون‌و نیهادی تۆم دەکرد. لێ شتێکی دیکەی بە زەیندا هات. لە بن لێوانەوە گوتی: "جڵەوی بیرەکانم لە دەستی خۆمدا نییە. چ شتێك لەمە خراترە..."

– لێ من ئێستا بە چاوی خۆم دەتبینم‌و خەریکم دەگەڵ تۆدا قسان دەکەم....

– بەڵێ بە چاوانی خۆت دەبینی! و لەحاڵی قسەکردنیشدایت...

بیرێکی بروسکە ئاسا بە زەینی مومتازدا هات:

– دەشتوانم بە دەست بتگرم، وایە؟

– بەڵێ.... بێگومان...

سوواد چووە پێشترو دەستەکانی بەرزکردنەوە، دەتگوت بە زمانی ئیشارەت دەڵێت: وەرەو ببینە... لە نێو پرشنگدانەوەی بەدەنییەوە بۆ ئەو دەگرژییەوە.

مومتاز چاوانی، کە لەبەر هێزی رۆشنایی بوونی ئەودا دەکەوتنە رێشکەو پێشکە، بۆ لایەکی دی وەرگێڕا..

– لەچی دەترسیت؟

- بۆچی دەبێ بترسم؟ من ئیدی ترسم لە هیچ شتێك نییە.

ئەوەی گوت، لێ دەستەکانی بەرەو ئەو درێژ نەکرد. هەر بۆ ئحتیات دەستی لەگیرفانی نان. سوواد ئەو شەوە بە هەمان شێوازی کە لە گەڕەکی ئەمیرگان پێدەکەنی، بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- دەزانم کە دەترسیت... بەلای کەمەوە بە حەماڵێك بڵێ بێ هەڵیسەنگێنی٘و یان بە محەمەد بڵێ، یان بە شاگرد چاچییەکەی گوندی بۆیاجی کوی... ئەو کەسەی ئەمڕۆ بەرەو مەرگیان نارد...

مومتاز تەزوویەکی پێدا هات و گوتی:

- جا ئەمە چ پەیوەندییەکی بەوانەوە هەیە؟

- ئەوان لە جیاتی تۆ دەگەڵ مندا دەکەونە ڕکە.

- من ئەوان بە تەنیا نانێرم. خۆیشم دەڕۆم.

- بەڵام بەبێ ئەوەی ئەگەری مردن بدەی. دڵنیا بووی لە مەرگی وان، بۆیە قانعت کردن!.

- نا، نا....

- با... هەر ئەوەیە کە دەیڵێم. هەر قسەکەی منە....

سوواد بەدەم بزەیەکی زبرەوە بەرەو ئەو دانەوی بووەوە، پێدەکەنی و ئازاری دەدا. درێژەی دایە: "ویان بەژنی حەماڵەکە بڵێ بێت و لە جیاتی تۆ دەست لە من بدات".

-گوتم نا... منیش قەرار بوو بڕۆم. من ئەوانە لە خۆم جودا ناکەمەوە.

- جودایان دەکەیەوە، ئاغای چکۆلە، جودایان دەکەیەوە. تۆ گەنگەشەت لەسەر مردنی وان دەکرد، هەوڵت دەدا رازییان بکەی!

- ئەمە بوختانە... درۆ دەکەی. خۆ ئیحسانیش لە ماڵ بوو.

وەکو منداڵێك پاڕایەوە:

- سوواد! ئیحسان زۆر نەساغە. رێم بدە با بڕۆم بۆ ماڵەوە!

سوواد بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

- چەند زوو لێم بێزار بوویت؟

- نا، بێزار نەبووم، تەنیا لەبەر ئەو نەخۆشەمە کە لە ماڵەوەیە. بێزارو بێتاقەتیش بووم، ئاخر ئیدی تۆ لە ئێمە نیت. تۆزێك لەمە پێش درۆم دەگەڵ کردیت. من لێت دەترسم. تۆش ڕێی خۆت بگرەو برۆ. شەقامەکە خەریکە قەرەباڵغ دەبێت! دوایی لە نێو زندووواندا هەست بە غوربەت دەکەی. تۆ زۆر لە ئێمەوە دووریت. ئاخر چ پێویستە بەم ڕادەیە لە نێو ئێمەماناندا بیت؟ یانی کلۆڵییەکانی خۆمان بەس نییە؟

- ئەدی هەر دوێنێ نەبوو پێکەوە بووین؟

- با، بەڵام تۆ ئیدی ناتوانی دەربکەوی!

- دڵ لە دڵ مەدە، خەمت نەبێ. لە دوێ شەوەوە تاکو نها هەموو مردووەکان لەناوەندی مەیدانەکەدان.

مومتاز، بەدەم لەرزینەوە تەمەشای شەقامەکەی کرد، لە دووری بیست، سی مەتری ماڵەکەی خۆیان بوو.

– باشە ئەمە چ سوودێکی هەیە؟ هەموو شتێك لێرەدا بۆ ژیانە! بەلای کەمەوە ئێوە دەستبەردارمان بن!

– نا، دەست بەردارت نابم. دەبێ دەگەڵ مندا بێی.

بە تەوسەوە قسەی دەکرد

– بەبێ نوران، نقوم بوون لەم کلۆڵی و داماویانە مەحاڵە.

باڵەکانی کردنەوەو بە تەما بوو ئەو لە هەمێز بگرێت. مومتاز هەنگاوێك چووە پاشەوە.

سوواد، بەدەم پێکەنینێکی قێزەوەرەوە ئەوی بانگ دەکرد: "وەرە...."

مومتاز پاڕایەوە: "بەلای کەمەوە پێ مەکەنە، تکات لێدەکەم وازبێنە..."

– چۆن دەشێت پێنەکەنم؟ هەموو شتێکت گەیاندووەتە لایەنی کەم، هەموو شتێکت وەکو خۆت لێکردووە... تەمەشا چەند وابەستەی بوونی بچووکی خۆتی! راهاتنت لەسەر ژیان، میهرەبانییە سنووردارەکانت، وردە نیگەرانیو پەریشانییەکانت، خۆزیو ئاواتەکانت، هەڵاتنەکانت، ئەشقەکانت...

مومتاز دەستەکانی ئازاد کردو گوتی:

– سوواد نەهەقی مەکە.... زۆرم جەور کێشاوە.

سوواد دیسان بە دەم قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– زۆر چاکە... دەی وەرە با رزگارت بکەم..

– نا، ناتوانم بێم، هەندێ کار هەن دەبێ بیانکەم.

– ناتوانی هیچ کارێك بکەی! لەگەڵ مندا وەرە، ئیدی لە هەموو شتێك رزگاردەبیت، ئەم بارە قورسانە بە تۆ هەڵناگیرێت....

مومتاز جارێکی دی لە ناوەندی رێگاکە وەستاو تەمەشای سووادی کردو گوتی:

– نا، من ئەو بارە هەڵدەگرمو دەڕۆم. ئەگەر نەشی توانم ئامادەم لە ژێریدا بپلیشێمەوە، بەڵام لەگەڵ تۆدا نایەم.

– دەبێ بێیت!

– نا، ئەمە حەقارەتە....

– کەواتە لە ئاغەڵەکەتدا وەمێنە....

سوواد تا دەستی گرتی زللەیەکی بە بناگوێی ئەودا کێشا. کابرای گەنج بە دەم لەتردانەوە تەختی سەر زەوی بوو.

کاتێ هەستایەوە سەروچاوی خلتانی خوێن بوو،و شووشە دەرمانەکان لە دەستیا وردو خاش بوو بوون. کەچی بەو حاڵەشەوە ناسکە بزەیەکی سەیر بە روویەوە دیار بوو. لە پەنجەرەکانی ئەو بەرو ئەو بەرەوە دەنگی رادێو دەهات. دووبارە کردنەوەی ئەو فەرمانەی هیتلەر بوو کە دوێ

شەو بۆ دەست پێکردنی شەڕ دەرکرا بوو. هەموو شتەکانی لە بیرکردبوو. گوتی: – شەڕ دەستی پێکردووە....

دەستی کردەوەو ڕوانیە شووشە شکاوەکان‌و دەستە زامدارەکەی خۆی. ئەوسا بە کاوەخۆ بەرەو ماڵ نشێو بووەوە. ڕێبواران بەسەرسامی دەیانڕوانییە ئەو کابرا سەرو روو خوێناوییەی بەو سبای ساڵحانە، بەدەم زەردەخەوە ڕێی دەکرد.

کلیلێکی لە گیرفانی دەرهێناو دەرگاکەی کردەوە. ئاوێنەی ڕاڕەوەکە لەبەر رووناکی بەیانی، حاڵەتێکی ئاسایی لەخۆ گرتبوو. سەیرێکی بلەزی سەروچاوی خۆی کردو بەکاوەخۆ بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت.

ماجیدەو دکتۆرێك لەسەر سەکۆکە دانیشتبوون‌و گوێیان لە ڕادیۆ دەگرت.

– ئەیەڕۆ! مومتاز ئەمە چییە؟

مومتاز لە هەنبەر پەنجەرەکەدا، جارێکی دی دەستە زامدارەکەی کردەوەو نوقاندییەوەو گوتی:

– پێشهاتێکی سەیرم هاتە ڕێ.

بزە غەریبەکەی دەتگوت مۆرێکە بەسەر عومری دوورو درێژی ئینسانێکەوە.

– دەرمانەکانیش شکان!

هەنگێ روویکردە دکتۆرەکەو گوتی: چۆنە؟

– باشە... پێویستی بە هیچ نییە. گوێت لە هەواڵی جەنگ بوو؟.

مومتاز، کاس بوو، گوێی لە هیچ نەدەبوو. لە گۆشەیەکدا کزکۆڵەی کردو چاوی بڕییە زامەکەی ناولەپی. لە ناکاو هەستاو بەرەو قاڵدرمەکان ڕۆیی.

نەیتوانی سەر بکەوێ.سەری نایە نێو دەستەکانی‌و لەسەر یەکەمین پلە ڕۆنیشت. دکتۆرەکە تەمەشای دەکرد. بە جۆرێ وەك بڵێی دەیگوت: ئیدی هی منی، تەنیا من....! ماجیدە چاوەکانی سڕی و بۆ لای چوو. رادیۆکە لە جەرگەی بێدەنگی ماڵەکەوە، بە دەنگێکی زوڵاڵ، هەواڵەکەی بە دنیا ڕادەگەیاندو بڵاودەکردەوە.

هەردوو ڕۆمانی حوزورو ئەنیستیتوی میقاتکردنی سەعاتان، کە لە نووسینی ئەحمەد حەمدی تانپینارن، لە دەرێی بازنەی رەوت‌و ڕێبازی ریالیستیدان، بەڵام گۆڕانکاریی کەلتووریی‌و شارستانی خەڵکی تورك لە ساڵانی رابردوودا، لەم رۆمانانەدا بە وردی خراوەتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەوەو بەها دێرینەکانی شارستانیەتی تورکان لەم رۆمانەدا بە شێوەیەکی سایکۆلۆژیانە روون دەکرێنەوە. ئەم رۆمانانە نموونەی تەواوی ئەو رۆمانە فیکریانەیە کە جێیان لە هونەری تورکاندا زۆر بەتاڵە. ئەو جووتە ڕۆمانە لە ڕووی بونیادو تەکنیکەوە شێوازێکی تایبەتیان هێناوەتە ناو دنیای هونەریی تورکیەوە. حوزور بە دەوری کەسایەتی خەڵکانێکدا دەسوڕێتەوە کە شارەزای مەدەنیەت‌و کەلتووری رۆژهەڵات‌و رۆژئاوان‌و هەر یەکەیان لە سنووری خۆیدا خاوەنی کۆمەڵێك پێشنیازن. ڕۆمانەکە، ئەو هەستە پڕ حەسرەتەی کە لە نێو تورکەکاندا دەرهەق بە شارستانیەتی عوسمان هەیە، دەخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوەو، ئارامی مرۆڤێك کە لە نائومێدیدا لوول بووە، بە ڕەچاو کردنی کەش‌و هەوای هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی

جیهـان دەخاتـە بـەر بـاس و شـیکردنەوەو دەکەوێتـە منـەی هەلومـەرج و زەمینـەی شـادمانی جیهانییەوە. ئەحمەد حەمدی تانپینار، لە ڕۆمانی حوزوردا، ژیان، کەسایەتی، هەست و سۆز، بۆچوون و هێزی خەیاڵی هونەرمەندێك بەنێوی مومتاز، نیشان دەدات کە لە زۆر رووەوە لە کەسایەتی خودی نووسەر دەچێت. مومتاز وەکو تانپینار، خودانی هەستێن ناسك و خەیاڵێن بەرزە، بۆیە شێوازی ڕۆمانەکە شێوازێکی هونەرمەندانەیە. خەڵکانێکی زۆر دڵبەندی فەرهەنگی چیرۆکەکە، مێژوو و هونەری مۆزیکی وڵاتەکەیانن.

نووسەر لە ڕۆمانی حوزوردا، پەیوەندییەکی مکوم لە نێوان ژیانی تاك و کۆمەڵگەدا بەرقەرار دەکات. ئیحسان بێگ کە لە ڕۆمانەکەدا تەوەری باسە، سیمای مومتازەو دوو منداڵی هەن بە نێوی سەبیحەو ئەحمەد. نێوی هاوسەرەکەشی ماجیدەیە. نووسەر لە رێگەی بەکاربردنی دەستەواژەی "دوڕگەی ئیحسان بێگ"ەوە ژیانی خێزانی و مەسەلە دەروونییەکانی ئەو، کە بەلای ئیحسانەوە زۆر گرینگە، دەکات بە تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکە.

## ئورهان کەمال

(١٩١٤- ١٩٧٠)

***ئامانجی من ئەمەیە کە لە ڕێگەی ڕۆمان، کورتە چیرۆک‌و، شانۆنامەوە ڕەوش‌و بارودۆخی ناهەنجارو نالەباری سیسەتەمی خۆمان بە خەڵکی نیشان بدەم‌و لەو بارەیەوە ئاگاداریان بکەمەوە. هەڵبەتە هەر بەوەشەوە ناوەستم، هەوڵدەدەم پێیان بێژم چاککردن‌و ریفۆرمی ئەم سیستەمە پێویستی بە هەوڵ‌و تێکۆشانەو پێویستە دەست لە نێو دەست‌و پێکڤە هەوڵەکانمان لەم پێناوەدا یەکبخەین.***

ڕۆماننووس‌و چیرۆکنووسی تورك ئۆرهان کەماڵ کە لە ١٩١٤/٩/١٥ لە شاری جیهانی ستانی ئەدەنە هاتووەتە دنیایە، ناوی ڕاستەقینەی خۆی محەمەد ڕەشید ئوگوتچووە. بابی، عەبدولقادر کەمالی بێگ کە وەکیل‌و جووتیار بوو، ماوەیەك نوێنەرایەتی خەڵکی کاستامونوی لە ئەنجوومەندا دەستۆگرت. لە دواساڵی قۆناغی خوێندندا مەکتەبی تەرك کرد. لە ئەدەنەدا کەوتە هاوکاری بابی کە (حیزبی ئەهالی)ی دامەزراند بوو و چەند بڵاڤۆکێکی دەردەکرد. بەهۆی هەندێ هەڵوێستی توندەوە لە ساڵی ١٩٣١دا بۆ سوریا هەڵات. عەزیمە خانمی دایکی موعەلیم بوو (فێرکار).. ماوەیەکی قۆناغی نەفی کردنەکەی لە لوبنان بەسەر بردو لە ساڵی ١٩٣٢دا بۆ ئەدەنە زڤڕییەوەو لە کارخانانی لۆکەدا، کرێکاری، چنینکاری و کاری دارایی کرد. کاتێ کە لە نیقدەدا لە خزمەتی سوپاییدا بوو، بە هۆی سیاسی بوونی شیعرەکانییەوە، درایە دادگاو بە سێ ساڵ‌و نیو حوکم دراو لەوە دوا بە ناوی ڕەشید کەماڵ‌و ئورهان راشدەوە درێژەی بە نووسین دا (١٩٣٩- ١٩٤٦). لەسەر بیروبۆچوونەکانی پێنج دانە ساڵ لە زینداندا هێڵرایەوە. پاش ئەوەی لە زیندانی بورسادا ناسیاوی دەگەڵ نازم حیکمەتدا پەیدا کرد وازی لە شیعر نووسین هێناو رووی کردە نووسینی چیرۆك‌و ڕۆمان. پاشان وەکو ڕۆماننووس‌و شانۆنامەنووس لە ناوەوەو لە دەرەوەی وڵات ناوبانگێکی باشی پەیدا کرد. کاتێ کە لەسەر بانگهێشتی یەکێتیی نووسەرانی بولغارستان‌و ڕۆمانیا لە سۆفیا بوو بە سەکتەی دڵ (مەرگی مفاجا) لە ١٩٧٠/٧/٢دا کۆچی دوایی کردو لە ٧/٧دا جەنازەکەیان بۆ ئەستەمووڵ هێنایەوەو لە گۆڕستانی زینجیرلی کویو بە خاکیان سپارد.

ئورهان کەمال چ وەکو هەڵبژاردنی بابەت‌و چ وەك ئەفراندنی قارەمانان‌و ئەکتەرانی چیرۆکەکانی‌و چ وەکو حوزوری خۆی لە چیرۆکەکانیا مینا نووسەرێکی ریالیستی رەوشی کۆمەڵایەتی‌و جڤاکی تورکیای سەدەی بیستەمی لێهاتووانە بەرجەستە دەکرد. ئورهان کەماڵ ژیانی دەخستە سەر باڵی وشەو بە نووسینی دەسپاردو دیاردەو ڕووداوەکانی ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژیا، ئەو مرۆڤانەی کە تووشیان دەبوو، هەر بویەرو ڕووداوێکی کاریگەرو هەر بابەتێکی دیکەی شایشتەی دەربڕینی دیتبا، دەگەڵیا دەژیاو بە ئاسانی دەیخستنە قاڵبی چیرۆك یان ڕۆمانەوە. لە نێوەڕۆکەوە بۆ فۆرم‌و شێوە دەچوو، نان‌و خۆشەویستی بە دینەمۆی پێشڤەچوونی کۆمەڵگە دەزانی، لە هەڵبژاردنی تیمەو ناوەڕۆکدا زیاتر ڕووی لە ناوچە پەراوێزییەکان، ژیانی

چینی چەوساوەی کۆمەڵو، هەژاران بوو. لە نۆڕینی ئورهان کەماڵەوە کورتە چیرۆك، ڕێگەیەکە کە نووسەر دەگەیەنێتە ڕۆمان. ئورهان دەڵێت: ***"من پێموایە نووسەرێك کە لە کورتە چیرۆك‌و چیرۆکی درێژدا زەبەر دەست‌و شارەزا نەبێت، لە ڕۆماننووسیندا کێشەی دەبێت، یان بە گوتەیەکی دی ناتوانێ ڕۆمان بنووسێت. چونکە نووسەرێك کە دەسەڵاتی بەسەر داهێنان‌و ئەفراندنی لێهاتووانەی پێکهاتەو بونیادی کورتە چیرۆکدا نەشکێ، بێگومان دەرەقەتی ڕۆمان نایەت، کە پێویستی بە بونیادنێکی تێرو تەسەلترو مەوداو بوردێکی یەجگار بەرینترو دەوڵەمەندترە. کەسێك کە بیەوێ شتێك بە خەڵکانی دی بڵێ پێویستە خودانی جیهانبینی خۆی بێت‌و بویەرو ڕووداوەکانیش لەو گۆشەنیگایەوە هەڵسەنگێنێ. ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆماننووس دەبێ چیرۆکنووس‌و هونەرمەندێکی باش بێت. سەرباری ئەمەش، دەبێ ئاگاداری کەلتووری پێشکەوتوو و پێشەنگی ڕۆژگاری خۆی بێت. چیرۆك بەر لە هەر شتێك یەکێکە لە مەسەلە زمانییەکان. بۆیە چیرۆکنووس دەبێ پێش هەموو شتێك زمانی خۆی زۆر باش بزانێت‌و بەلای کەمەوە بزانێت کە ڕەوتی زمان بەرەو کام لایە"***.

ئورهان کەمال، بەو نەفەسەوە مامەڵەی لە تەك ئەفراندنی بەرهەمە چیرۆکڤانیەکانیدا دەکرد. وشەو تێرم‌و زاراوەی ڕۆژانە، ئیدۆم، شێوەی جیاواز، دەربڕین‌و دەستەواژەی کۆمیدی، وشەی کوردی، لاز، یانیالی، عەرەبی، بوشیناك، ئالبانی‌و گیریت، زۆر بە باشی بەکار دەبات.

ئورهان کەمال، لە زۆر بواری چیرۆك‌و ڕۆماندا قەڵەمڕانی کردووە. پتر لە سی ٣٠ کتێبی لە پاش بە جێماوە. بە ناوبانگترین کاری چیرۆکڤانی ئەو بریتین لە: خەبات لە پێناوی ناندا (١٩٦٤). سێ ساڵو نیو دەگەڵ نازم حیکمەتدا (بیرەوەری زندان، ١٩٤٧). مەستان (١٩٥١). کچەی جلشۆر (١٩٥٢). بەندی ٧٢ (١٩٥٤). مانگرتن (١٩٥٤). شەقامی پشتەوە (١٩٥٦). بەشی برا (١٩٣٧، براوەی خەڵاتی باشترین چیرۆك لە پێشبڕکێی سەعید فایەق دا، ١٩٥٧). بورجی بابیل (١٩٥٧). جەنگ (١٩٦٣).

<u>ڕۆمانە بڵاوکراوەکانی:</u> ماڵە باب (١٩٤٩). ساڵانی ئاوارەیی (١٩٥٠). موڕتەزا (١٩٥٢). جەمیلە (١٩٥٢). لە وڵاتی پڕ بەرەکەتدا (١٩٥٤). شەوی زریان (١٩٥٥). تاوانبار (١٩٥٧). سیمرغی بەختەوەری (١٩٥٨). مقۆ مقۆ (١٩٥٩)، کیژە گاور (١٩٥٩). چکۆلە (١٩٦٠)، ماڵی جیهان (١٩٦٠). کچە گوندی (١٩٦٠). مەزرەعە خانم (١٩٦١). پیاوێکی کۆنەپارێزو کوڕەکانی (١٩٦٢). باڵندە غەریبەکان (١٩٦٢). منداڵانی سەر شەقام (١٩٦٣). خاکی خوێناوی (١٩٦٣). نەونەمامێك هەبوو (١٩٦٥). دنیای درۆ (١٩٦٦). ماڵێك (١٩٦٦). سەرباز رس (١٩٦٦). ئاشقەفیکە (١٩٦٨). ڕێگەی خراپ (١٩٦٩). نان (١٩٦٩)، کچێك لە شەقاماندا (١٩٦٩). فێڵباز (١٩٧٠)، چەند دیمەنێکی ئەستەمووڵ (هەڤپەیڤین، سازدانی فەرید ئونگورن، ١٩٧١). هەورێن بە باران (کۆ چیرۆك، ١٩٧٤). نقێمی سوور (کۆ چیرۆك، ١٩٧٤). ژنی ئەکتەر (کۆ چیرۆك، ١٩٧٥). شەقامی ناوەڕاست (کۆ چیرۆك، ١٩٧٥). ئەرسەلان تامسون (کۆ چیرۆك، ١٩٧٦).

پەراوێز:

١- لاز: قەومێکە کە ڕەگیان دەچێتەوە سەر قەفقازی باشوور، حاڵی حازر بەو کەسانە دەگوترێ لاز کە لە کەنارەکانی دەریای ڕەش دەژین.

٢- یانیالی: زمانی خەڵکانێکە کە لە یانیا، لە بەشی ناوەندیی یونان‌دا دەژین.

٣- بوشنیاك: بۆسینایی.

٤- گیریت: دورگەیەکە لە دەریای ناڤین، دەکەوێتە باشووری دەریای ئیجەوە.

**لە وڵاتی پڕ بەرەکەتدا (١٩٥٤):**

ئورهـان کـەمال، لـە ڕۆمـانی (لـە وڵاتـی پـڕ بەرەکەتـدا) سـەربهوردی کەسـانێك دەگێڕێتـەوەو نیشاندەدات کە بۆ کار دۆزینەوە، لە گوندەوە بۆ شار دەڕۆن. لەم ڕۆمانەدا حیکایەتی غوربەتی سـێ گونـدیی بـێ زەوی کـە لـە گونـدێکی هـەژاری دەڤـەری ئەنادۆڵـەوە، روو دەکەنـە چـوقورئاوا، دەگێڕێتـەوە. ئورهـان کـەمال لـە چیرۆکەکانیا بـە زۆری مامەڵـە لەتـەك ئـەم بابـەتو مەسـەلانەدا دەکـات: ژیـانو گـوزەرانی ئـەو کەسـانەی کـە ناوچـەی ئـەنادۆڵ بـەجێ دێڵـنو روو دەکەنـە شـارە سـەنعەتییەکان. پێکـادانی بەرژەوەنـدی خەڵکـەکان، دەردو مەینەتییـە مرۆڤانییـەکان، خۆشەویستی، بارودۆخی کارخانـەکان، گەڕەکـە کرێکارنشینەکان، گوشاری دەسـتداران لەسـەر بێدەستان، ئاکارو ئەتواری خودان کاران، ڕەفتاری عەمەلە باجگرەکان، ئەستەمی کار دۆزینـەوە، قوربانیانی روداوێن کار، ئەو خەڵکانەی بۆ گوند دەزڤڕنەوە، ئەوانـەی بە ماڵو منداڵـەوە بۆ شار بار دەکەن، ئەوانەی لێدەبڕن منداڵەکانیان بنەنە بەر خوێندن تا وەکو خۆیان بە نەزانی گەورە نەبن، ئەوانەی لێدەبڕێن دەگەڵ شوێنی تازەیان بسازێنو هـەزارو یـەك مەسـەلەی ڕۆژانـەی دیکە. لە ڕۆمانی وڵاتی پڕ بەرەکەتدا، یوسف ئەفلاحسیز، عەلی پاڵەوانو حەسەن کۆسە لە گوندەکەی خۆیان بەڕێ دەکەون. گوزەرانو بژێوییان دەوەستێتە سەر ئەو ئیشو کارەی کە دەیدۆزنـەوە. ئەفلاحسـیز پێشـتر لـە کارگـەی باربـەری شـاری سیواسـدا کـاری کـردووە. لـێ دووانەکـەی دی یەکەمجاریانـە کـە بـۆ شـار دەچـن. ئەمانـە روو دەکەنـە چـوقورئاواو کارخانـەدارێکی هاوشـاری خۆیـان دەبینـنو بە هـۆی ئەوەوە لـە کارخانەکـەدا دەسـت بـە کار دەبن. حەسـەن کۆسـە بەرگـەی کـاری قـورس و هـەوای ناسـازگاری کارخانـە ناگرێـت، نـەخۆش دەکـەوێتو زۆر بـە دامـاویو پەرێشـانی لـە سوچـی کاروانسـەرایەکدا دەمرێـت. ئـەو ناهـەقیو بێدادییـەی کـە لـە کارخانـەدا دەکرێتو ئەو سەرانەو باجەی سەر کرێکار وەری دەگرێت، ئەو دووانەی دیکەش وەڕەز دەکـات. یاخی دەبنو باج نادەن. هاوشارییە کارخانەدارەکەشیان لە بری ئەوەی پشتیوانی لەوان بکات، تای خەڵکانی بێ شەرەف دەگرێتو ئیدی ئەوانە لە دواجاردا لە کارخانەکە فنش دەکرێن. ئیدی ڕۆژ تـا ئێـوارێ دەکەونـە هـەوڵو تەقـەللای کـار دۆزینـەوە. عـەلی پاڵـەوان بـۆ وەی بتـوانێ دەزگیرانەکەی لە گوندی، بگوازێتەوە ناچارەو دەبێ کارێكو زەوییەكو پارەیـەکی هـەبێ. یوسـفی ئەفلاحسیزش دەیەوێ پارەیەك پاشەکەوت بکاتو تەباخێکی غاز بۆ ماڵەوە بکڕێت. ئیدی شان دەدەنە بەر عەمەلایەتیو کاری بیناسازی. لێ ئەم کارە بۆ وان شوومە. عەلی پاڵەوان، دڵبەندی

فاتمە ناوێك دەبێت، ئەم ژنە هەموو پارەکانی لێدەکێشێتەوە. کارەکەشی لە دەست دەدات. ماوەیەك کار لەسەر جەنجەڕی بابایەکی مەزرادار دەکات. شەوێك بە هۆی کاری زۆرو ماندوویەتیو بێ خەوییەوە هەردوو پێی بەر باڵتەی جەنجەڕەکە دەکەونو هێندەی خوێن لەبەر دەڕوات، تا دەمرێت. یوسف ئەفلاحسیزش وەستاو بەنایەکی زۆر باشی لێدەرچووە. کاتێ کە بە تەنێ بۆ گوند دەزڤرێتەوە، کەسو کاری هاوڕێ مردووەکانی یوسف، بە رووداوەکە دەزانن. ئەو دێهاتییانەی کە لە دەوری ئەو خڕ بوونەتەوە تا نهو سەفەری شاریان نەکردووەو شاریان نەبینیوە، بۆیە هایمو حەیران، چاو دەبڕنە دەمی ئەو. یوسف ئەفلاحسیز، دڵی بە ئایندە خۆشە. تەباخە غازەکەی کڕیوە. ئەمەش دەقی کۆتایی ڕۆمانەکەیە:

ئەو بایە وشکەی کە لە بیانو ساراوە بە گڤو هوڕ دەهات، گوندی (چ)شی گرتبووەوە. ئاسمان لە مسو زەوی لە خۆڵەکەوە دەچوون. باڵندەی ڕاوی ئاسمانیان خستبووە ژێر باڵی فڕینو لە سوڕانەوەی بەردەوامدا بوون. پێدەچوو لەو دەوروبەرەدا لاشەیەك هەبێ.

کابرایەکی لاوازی درێژ داهۆڵ، سەندوقێکی تەختەی بە دەستەوە بوو و، ڕێگەی گوندی گرتبووە بەر. یەخەی چاکەتە فاسۆنە سورمەییەکەی هەڵدابووەوە، سەری دانەواند بوو و کەمێك بە پێشا داچەمی بوو بووەوە، ڕێی دەکرد. بە هەنگاوی هەڕاو بەرەو گوندەکەی دەڕۆیی. گوێی لەو گژەبایە نەبوو کە بە توندی ڕووبەڕووی دەهات. گوێچکەکانی، سەری کەپویو دەستە ڕەقو تەقەکانی کە دەسکی ئاسنینی سەندوقەکەی پێ گرتبوون، لە سەرما چایی بوون. گوێی لەم شتانە نەبوو، ملی ڕێی گرتبوو و، دەڕۆیی. هیچ شتێك سەرنجی ڕانەدەکێشا، نە ئاسمانی مسین، نە دەشتو دەرە گیا سووتاوەکە، نە باڵندە ڕاوکەرەکانو نە ڕەوتی توندی بایەکە.

ڕێی دەکرد. سەندوق بەدەست، هەنگاو بە هەنگاو لە گوندەکەی نزیك دەبووەوە. هەرچەندە ئەو بوو بووە بایسی سەفەری چوقورئاوا، لێ ئەو حەسەن کۆسەو عەلی پاڵەوانی نە کوشتبوو!.

ڕێی دەکرد.

ڕێی دەکردو سەندوقەکەی بە دەستەوە بوو. شتێکی عەبائاسای بە شانەوە بوو، جووتێ پۆتینی لە پێدا بوو و، کلاوێکی کرێکاریی لە سەردا بوو، نفتو نوێ بوو، هێشتا مارکەکەیان لێنەکردبووەوە. قەڵەمێکی ئاسنی لە کیفێکی زەردا، بە دەستەوە بوو.

هاوسەرەکەی حەسەن کۆسە، کیژەکەی، دایکی عەلی پاڵەوان، ئیدیبدی گیلی چایچی، کوڕەکەی توپساکال، ئاسمانی مسین، دەشت، باڵندە ڕاوکەرەکان بە ئاسمانەوە، دەشتە تەختانییەکەی ژێر پێی، گژەبای بیابان... ڕێی دەکرد.

ئەو ڕێی دەکردو گوندەکەش دەتگوت لەبەر وڕژمی گژەباکە هەڵدەهاتو پاشەکشەی دەکرد. ڕێی دەکرد. سات بە سات ئارەقەکەی سەر هەنییەی زیادی دەکرد. بایەکە لوولی دەخواردو لە گوێیدا دەی لوراند. هەنگاوی دەناو شێلگیرانە بەرەو گوندێك دەڕۆیی کە دەتگوت لێی دوور دەکەوێتەوە.

لەپڕ حەپەی سەیەکی هاتە گوێ. حەپەیەکی ئاشنا. خۆشحاڵ بوو. بە دەستێکی کونە کەپوویەکی گرتو بە کونەکەی تری فینگێکی بە قووەتی کردو لووتی پاك کردەوە. ئەوسا دەستی بە پانتۆڵەکەی پاك کردەوە. کڵاوەکەی لەسەری ڕێك خستەوە.

تا سەر مۆخی ئێسقان سەر ڕێژ بوو لە غروور.

حەسەن؟

عەلی؟

جا ئێستا کە ئەوانی لەگەڵ نەبنو ڕێگەی نەگەڕانەوەی هەمیشەییان گرتبێتە بەر، خەتای ئەوە. ئەو بەرپرسیارە. ئیدی ئەوە قسمەتو تەقدیری خواییە. چ دەکرێت؟ خۆ ئەو نەیکوشتبوون. خۆ یەزدان خۆی ئاگای لێیە. ئەو هەرگیز حەزی نەدەکرد ئەوانە بمرن. قەت بیری لە شتی وەها نەکردبووەوە. هەڵبەتە هاوسەرو کیژەکەی حەسەن کۆسەو دایکی عەلی پاڵەوان دەبیستنەوەو دێن بۆ پرسو هەواڵ. ڕاستە ئەو نەی کوشتبوونو خوازیاری مەرگیان نەبووە، لێ مەعلوم نەبوو ماڵباتی وان بەو دوعایەی بڵێن ئامین. بێگومان دەیکەن بە هاوارو شینو شەپۆڕ. هەڵبەتە خەڵكو خوا کۆ دەبنەوەو بە نیگای حەیرانەوە پرسیار بارانی دەکەن. بێگومان دەپرسن: حەسەن کوا؟ عەلی چی بەسەرهات؟ دەیزانی دەبێ چی بڵێ. وەڵامەکەی ئەزبەر بوو، بەڵام ئاخۆ دەیتوانی قەناعەتیان پێ بێنێ. ئاخۆ قەناعەتیان بە وەڵامەکەی دەکرد؟ چما خێڵی ژنان قسەیان بە گوێدا دەچێت؟ بێگومان ماڵەکەی دەبێت بە ماڵی مردووان. تەباخو مەباخی غاز! هەر ناتوانێ لە کارتۆنەکەشی دەربێنێ. هەڵبەتە ناتوانێ پشتییەکانیش بدات بە ژنەکەی.

بە توڕەیی تفێکی ڕۆکردە سەر زەوی.

نەیدەتوانی بیداتێ. نابێ بیداتێ. باش نییە. پاش ئەوەی چۆڵ بوو و هەموو بڵاوەیان لێکردو ڕۆییشتن... هەڵبەتە گوندییەکان، گومانی لێدەکەن کە ئەو کوشتوونی. تەنانەت ئەگەر باسی خوداو ئەجەلو چارەنووسیش بێتە ئاراوە، هەر باوەڕیان نایەو لە دڵی خۆدا دەڵێن ئەو کوشتوونی. سەرباری هەموو ئەمەش دایکی عەلی، خۆی لە خاكو خۆڵ وەردەداتو بە عەلی رۆ عەلی رۆ هەرایەك دەنێتەوە ئەوپەڕی دیار نەبێت.

بە نیگەرانی هەناسەیەکی هەڵکێشا.

دەشتو بیابان، گژەبا،و سیسارکە کەچەڵەو داڵاش. داڵاشەکان لە دواوە بوون، دوور بوون. لە سوچێکەوە خۆی بەگوندەکەیدا کرد، هەموو خانووەکان خانووی گڵ بوون.

بێدەنگیو کڕی وکپییەکی مەرگزا!

ئەو گژە بایەی کە خەریك بوو دەبوو بە زریان، خۆی بەدیواری خشتی ماڵە گوندییەکاندا دەداو وردو خاش دەبوو و بەتوڕەیی جارەکی دی خۆی کۆ دەکردەوەو تێ هەڵدەچووەوە.

لە ناکاو، کەڵەشێرێکی سووری وەك خوێن، دوای مریشکێکی سپی کونج کونج کەوتبوو، بەلەز بە بەردەمیا ڕەت بوو.

کابرا بزەیەکی کرد. هاوسەرەکەی وەیاد هاتەوە، بەڵام یادی ئەو دۆستانەی کە لە چوقور ئاوادا مابوونەوەو یادی ماڵباتو کەسوکارەکانیان، لە زەوقی داو رووی گرژ بوو.

بابە گیان خۆ ئەو نەی کوشتبوون.

سەگێك، چەند مریشکێك‌و، دووگای ماندوو... و لە پڕ منداڵان، کچان‌و کوڕان. کچۆڵان بە پرچی درێژو ناسکیانەوە لەسەر کانی خەریکی پڕکردنی دەبەو پەقرەجەکانیان بوون، بە سەرسامی ڕوانیانە کابرای سەندوق بە دەست. هەوەڵجار نەیان ناسی بووەوە. فزەیان لە خۆ بڕی‌و جارێکی دی بە وردی لێیان ڕوانی. ئەنجام یەکێك لەوانە هاواری کرد: باووو کمە!

دەبەکەی خۆی لە ژێر ئاوەکەدا بەجێهێشت‌و تا هێز لە لاقە باریکەکانیدا بوو پێی وەغارێوە ناو لە نێو خانووە قوڕەکاندا لە چاو ون بوو. بە هانکە هانك هاتە ماڵەوە:

– دایکە، بابە هاتەوە،وا دێ.

دوو کوڕ لەبەر خانووە گڵەکەیاندا ئامبازی یەکدی بوون بوون. دایکیان خەریکی تەشی ڕستن بوو. دوای کەمێك سەرسامی، هەردوو کوڕەکە دەستیان لێکدی هەڵگرت‌و بەغار بۆی دەرچوون.

بابە، بابە!

ژنەش تەشییەکەی لەلایەکەوە دانا. لەچکەکەی کردەوەو دووبارە لە ژێر چەناگەیدا گرێی دایەوە. منداڵەکان هەموو بە غار بەرەو پیری بابیان دەچوون. ژنە لە پاڵ دەرگاکەوە سەرێکی کێشایە دەرێ. دەهات. بە ڕاستی خەریك بوو دەهات. عەجەب! ساقۆیەکی تازەی بە شانەوە بوو، پۆتینی لە پێ بووو، سەندوقێکی تختەی بە دەستەوە بووو دەهات. منداڵانی گوند، گەورەو بچووك، کوڕو کچ دەگەڵ منداڵەکانی کابرادا، لە دەوری بوون‌و دەتگوت جەژنە. دەهاتن. دەهاتن لێ حەسەن کۆسەو عەلی پاڵەوان دیار نەبوون، ئەدی ئەوان لە کیدەرێن؟ دایك‌و دەزگیرانەکەی عەلی، هاوسەرو ئامینەی کیژی حەسەن هەمیشە چاو لە ڕێیان بوون!

کابرای سەندوق بە دەست، بە پۆتین‌و چاکەتی فاسون‌و شەرواڵە کوردییەکەوە هات‌و هات‌و هات تا گەییە بەردەرگای تاریکی خانوویەکی گڵ‌و لەوێندەر هەڵوەستەیەکی کرد. ئەوسا خۆی بە ژوورا کرد. دالانی تاریکی ماڵەکە کە کابرای قووت داو پاشان منداڵەکانی وەژوور کەوتن‌و ئەوجا دەرگا داخرا.

ئەمە بۆ ئەو منداڵانەی کە لە دەرێی دەرگاکە مابوونەوە، بویەرێکی گەورە بوو، زۆر گەورە. ڕووداوێکی سەیری ئەوتۆ کە ئەقڵی لەسەر بنیادەم نەدەهێشت. یانی ئەو لە ژوورەوە، لە ناو ماڵەکەدا، چی دەکرد؟ چی بۆ ژن‌و منداڵەکانی هێنا بوو؟ ئەدی بۆچی مامەکانیان حەسەن کۆسەو عەلی پاڵەوان نەهاتبوونەوە؟

لە پێنج شەش لاوە بە نێو گوندیدا وەر بوون.

بایەکە بەرە بەرە توندتر دەبوو و خۆی بەم لاو بەولادا دەکێشا. ئاسمانی سوورباویش، دەگەڵ داکشانی خۆرا بەرەو خورنشین تاریك دەبوو.

***

یوسف ئەفلاحسین، تەباخە غازەکەی بە کارتۆنەکەیەوە لە سەندوقە تەختەکە دەرهێنا بوو:

– ئەمە دەبینی؟ بەمە دەڵێن پەمپ! کە پاڵ بەمەوە بنەی هەڵدەبێت. جا چ گڕێکی هەیە! تێ گەییشتی؟

ژنە، گرێی لە چکەکەی کردەوەو دووبارە بە مکومی بەستیەوە.

– پەنا بەخوا! یانی تا زیاتر دەستی پێدا بنەی گڕەکەی زیاتر دەبێ؟

– ئەی مانای چی! گڕەکەی زیاتر دەبێت!

– یانی ئاویش...

– یەکسەر دەی هێنێتە جۆش...

– ئەدی چڵو چێوەکەی دەکرێتە کوێندەرەوە؟

یوسف کەیفی کۆك بوو. هەوەڵجار بوتڵە مەشروبەکەو ئەوسا دەرزەنێك غازی لە سەندوقە تەختەکە دەرهێنا:

– ئەمە چیلکەو خەڵوزەکەیەتی! غازە، غاز، خۆ دەزانی! ئەمەش سپرتۆیە!

– سپرتۆ؟

– ئەرێ!

– سپرتۆ چیە؟

سەری تیژی کەپووی بریقەیەکی زانایانەی دا.

لە سەری رۆیی:

– سپرتۆ، سپرتۆیە بابە گیان! تۆ سەر لەم شتانە دەرناکەیت! ئاگات لەوە نییە لە شاردا چ شتگەلێك هەیە. شار هەر بەدەم خۆشە. ئەگەر شار ببینی ناوی خۆت لە بیر دەچێتەوە! بەڵام واز بێنە بابە... دڵم، دەسووتێ، دەڵێی یەکپارچە ئاگرە...

ژنە دیسان گرێی لە چکەکەی کردەوەو لە نوێ بەستیەوەو گوتی:

– ئەدی ئەوە چییە بە دەستەوە؟ پیس نییە؟

– بە ڕاستی من ئەوانم نەکوشتووە. خۆزگە نەدەمردن..

– ئیدی ئەوە چارەنووسی خۆیان بووە...

منداڵەکان، دەوریان دابوو،و کردبوویان بە رۆژی خۆیان:

– بابە ئەمە چیە؟

– ئەمە چییە بابە؟

– ئەی بابە! دەتخوا تەمەشای ئەمانە!

دایکیان، بۆڵەیەکی کردو بە منداڵەکانی گوت بچنە دواوە... دەرگاکە بە ئەسپایی کرایەوەو ژنێکی لاوازی درێژدا هۆڵی شڕپۆش‌و سیما ترساو وەژوور کەوت. هاوسەرەکەی حەسەن کۆسە بوو. لە دوای ئەوەوە ئامینەی کیژی حەسەن بە چەناگە درێژەکەیەوە وەژوورکەوت. بەپێی پەتی‌و بە شپرزەیی‌و شلەژاوی لە ئاستانەی دەرگای ژوورەکە ڕۆنیشت.

یوسف له جێی خۆی وشك بوو بوو. به چاوانی ئەبڵەقەوە ڕوانیە ئەو تەباخە غازەی که به دەستیەوە بوو. چاوانی ڕێشکەو پێشکەیان دەکرد. ئەنجام وەخۆ هاتەوەو به کیژەکەی حەسەنی گوت:

وەرە، وەرە ئامینە! بابت رای سپاردمو گوتی هەرکە گەیشتیتەوە گوندی له جیاتی من تێر تێر چاوانی ئامینە ماچ بکە! ئامینە که چاوی له تەباخە غازە جوانو خاوێنەکەی هاپۆ یوسف نەدەگواستەوە گوتی:

بابم بۆچی نەهاتەوە؟

چاوانی یوسف به تەواوەتی کەوتنە ڕێشکەو پێشکە. تەباخە غازەکە له دەستی کەوتە خوارەوە. هیچ قسەیەکی دی نەکرد. ژنەکە به جلی شڕو سیمای ترساو وپێیە پەتیەکانییەوە هەستا. دەستە تەزیوو ساردەکانی کیژەکەی گرت. به تووڕەیی بکێشی کردو ڕۆیی. بێ هیچ دادو بێدادو هاتو هاوارێك! گژەبایەکە، که له دەشتە بێ پایانەکەوە دەهات، سەری به دیواری خانووە قوڕەکاندا دەکێشاو پەرشو بڵاودەبووەوە. له ڕێگەدا تووشی دایکی عەلی پاڵەوان بوون، چەپێکی له کەزییە سپییەکەی له بن لەچکە کۆنەکەیەوە هاتبووە دەرێو به گوڕ دەهات. له ئاستی هاوسەرو کیژەکەی حەسەن کۆسە وەستاو گوتی:

– ئەرێ کچەکە دەڵێن یوسف هاتووەتەوە... ئەدی ئەوان بۆ نه هاتوونەتەوە؟

ژنەکەی حەسەن کۆسە شانێکی هەڵتەکاندو بەرێی خۆیدا رۆیی. پیرەژن، که هیچ حاڵی نەبوو، قەدەرێك له پشتەوە تەماشای کردن. پاشان له حاڵێکا که بایەکە چەپکێ له پرچە سپییەکەی پەریشانو پەشێو کردبوو، بەرەو ماڵی یوسف پەل بووەوە تا هەواڵێکی عەلییەکەی بپرسێت.

ئاسمان ڕەنگی شەفەقی گرتبوو.

که نزیك بووەوە، له بن لێوانەوە گۆرانییەکی وت که عەلی زۆر جاران دەیگوت:

***ئەی تاوێڕانی بەرزو بەرینمان***

***وەی ماڵانی ماندووی خەمانمان***

***بریا سەد بریا له دایکان چووباین.***

ئورهان کەماڵ، له ڕۆمانەکانی سەرەتای دا، به زمانێکی ڕاستەوخۆو بێ پەردەو کاراو کاریگەر، بابەتی وەکو سەرهاتی خەڵکانی بێنەواو هەژاری کۆمەڵگە، ژیانو خۆشیو ناخۆشیو زیانو بەرژەوەندی کرێکارانی هەژاری شاری ئەدەنە که زۆر به خێرایی بەرەو ئەوە دەچوو ببێ به شارێکی سەنعەتی، تەبایيو بەرخودانی کرێکاران هەرچەندە وەکو پێویست هوشیارانە نەبوو،و سیستەمی شەپڕێوی داروخاوی باوی کارخانەکانو گەڕەکە کرێکار نشینەکان که هەمیشە دەستداری بەسەر بێ دەستدا زاڵ دەکرد، بەرجەستە دەکرد. بەڵام گرینگترین بەرهەمی ئورهان کەماڵ رۆمانی وڵاتی پڕ بەرەکەتە (١٩٥٤) که نەیتوانی ئەو بەها بەرزو پێوەرانەی لەم ڕۆمانەدا بەرجەستەی کردبوون، له بەرهەمەکانی دیکەیدا درێژە پێبدات. ئەم ڕۆمانە کێشەی کۆمەڵایەتی کۆچی دێهاتییان بۆ شار به باشی نیشان دەداتو هەوڵو تەقەلای گوندییان بۆ سازان دەگەڵ شارو شارنشینیداو، هیواو ئومێدیان به سەرکەوتن، بەرجەستە دەکات. بەرهەمەکانی دواتری

نووسەر وادیارە زیاتر سەرو سەختیان دەگەڵ دژواری گوزەران‌و ژیان‌و بژیوی خەڵکیدایە. بۆ نموونە لە ڕۆمانی رووداواندا (١٩٥٩) وەزعیەت‌و ڕەوشی گەڕەکی کرێکار نشینی شاری ئەدەنەو دۆستایەتی‌و هاودەستی کرێکارانی لاو دەگەڵ یەکدیدا دەگەڵ تایبەتمەندییەکانی قەڵەمی نووسەردا جۆشی خواردووە.. مەزرای خانم (١٩٦١) رۆمانێکە کە سەربهووردی یەکێك لە قارەمانانی رۆمانەکە وێنە دەگرێت، چیرۆکی ژیانی ئەو کە بە برازای یەکێك لەمەزرادارەکان فرۆشراوە، تەوەری سەرەکی چیرۆکەکەیە.

## عەزیز نەسین

( ١٩١٥-١٩٩٥ )

***من بۆ ئەوەی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تورکیا وێنە بگرمو بەرجەستە بکەم، سەرم خستووەتە سەر خەڵکی و کردوومن بە کەرەستەو مەزەی پێکەنین. زۆریان پێدا هەڵشاخاومو تەشەرم لێداون. بەڵام بە هەستو سۆزێکی باڵاترو زۆرتر لە گشت ئەم قسانە، هەمیشە خۆشم ویستوون.. هەرچییەکم نووسیوە، زادەو بەرەنجامی خۆشەویستی ڕاستەقینەم بووە بۆ میللەتەکەم.***

ڕۆماننوس و شانۆنامە نووس بوو،ساتیرو تەنزی هاوچەرخی تورکی بە دنیا ناساند، لە ١٩١٥/١٢/٢٠دا لە هیبلی ئادای ئەستەموول هاتووەتە دنیایە. ناوی ڕاستەقینەی محەمەد نوسرەتە. لە ساڵی ١٩٣٥دا خوێندنی لە ئامادەیی سوپایی کوللی تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٣٧ بە پلەی ئەفسەری یەدەك لە قوتابخانەی جەنگ دەرچووە. لە ساڵی ١٩٣٩ قوتابخانەی زانستە مەیدانی و پراکتیکیەکانی تەواوکردو پاش ئەوەی دوو ساڵ لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان خوێندی ، لە ساڵی ١٩٤٤دا لە کاری ئەفسەری دوورکەوتەوە. لەو سەردەمانەدا کە لە سوپا بوو، بە نێوی خوازراوی عەزیز نەسینەوە دەستی بە دەنووسین کرد.

نووسەرایەتی وی لە ڕاستیدا، بە هاوکاری دەگەڵ گۆڤاری "یەدی گون"و لە ساڵی ١٩٤٤دا دەستی پێکرد. ئەو شیعرانەش کە بە ناوی وەدیعە نەسینەوە لەم گۆڤارەدا بڵاودەبوونەوە هی ئەون. نەسین لە دوای دوورکەوتنەوە لە کاری سوپایی دەستی دایە کاری ڕۆژنامەڤانی. لەم قۆناغەدا بابەتەکانی خۆی لە ڕۆژنامەو گۆڤارانی (کاراگەز، تان، گرچك، عەقەبە، دولموش، یەنی گازەتە، ئاکشام، ئولوس، تەنین، گون ئایدن، یەنی ئورتام، و باریش) بڵاودەکردەوە. نەسین دوای ماوەیەك گۆڤارێن تەنزی (مارکو پاشا، مەعلوم پاشا، مەرحوم پاشا، زەبۆك)و ڕۆژنامەێن (دوشون، باشدن،و یەنی باشدن)ی دەرکرد. لە سۆنگەی وتارەکانییەوە بە نۆ هەیڤ حەپس و سیازدە مانگ نەفی حوکم درا (١٩٤٧). لە ساڵی ١٩٥٦دا وەشانخانەی (بیندیش)ی دامەزراند. لەم قۆناغەدا زنجیرەیەك چیرۆك، شانۆنامەو ڕۆمانانی نووسی و بڵاوکردەوە کە بە زەقی کاریگەریی و سێبەری ئەحمەد مەدحەتیان پێوە دیار بوو و شۆرەتی نێو دەوڵەتیان پێبەخشی. پلەی یەکەمی پێشبڕکێی باشترین تەنزی ئیتاڵیای ساڵانی ١٩٥٦ تا ١٩٦٧ی بەدەست هێناو خەڵاتی "دارخورمای زێڕینی" وەرگرت. لە ساڵی ١٩٦٦دا خەڵاتی "ژیژکی زێڕین"ی بولغارستانی وەرگرت. لە ساڵی ١٩٦٩دا "دیبلۆمی خەڵاتی گەورەی نەهەنگ"ی لە یەکێتی سۆڤیەت وەرگرت و لە ساڵی ١٩٨٦دا "خەڵاتی ئەدەبیاتی میللی یەکێتیی نووسەرانی تورکیا"ی بە دەست هێنا. نەسین تانهوژی لەسەر نووسین بەردەوامەو قازانجی نووسینەکانی بۆ دەزگای "وەقفی عەزیز نەسین" تەرخان دەکات*. ئەم دەزگایە لەو دواییانەدا بە بەشداری کۆمەڵێك نووسەرێن دی ساڵنامەی ئەدەبیاتی تورکیای لە ژێر سەر ناڤی "ساڵنامەی وەقفی عەزیز نەسین، ١٩٧٦-١٩٨٧" بڵاوکردەوە.

*- <u>پەراوێز:</u>

( عەزیز نەسین لە ١٩٩٥/٧/٦دا بە مەرگی مفاجا (سەکتەی دڵ) ماڵئاوایی لە جیهان کرد.)

عەزیز نەسین، بە شیعر دەستی پێکرد، لێ دوای ماوەیەك رووی کردە پەخشان. وردە وردە لە چیرۆکی واقیعییەوە بەرەو چیرۆکێن تەنز چوو. لە قۆناغەکانی سنووردارییی ئازادی بیروبۆچووناندا، کاریگەری‌و باندۆری تەنز ڕەواج‌و برەوی زیاتری سەندبوو و نەسین بە ڕادەیەکی زۆر سوودی لەم واقیعە وەرگرت، عەزیز نەسین لە نووسینەکانیدا کێشە جڤاکیەکانی کۆمەڵگەو کەمو کورتیەکان نیشان دەدات‌و دیاردەو رووداوەکان، کێشەی تاك‌و کۆمەڵ، بە تایبەتی ئەو دیاردەو رووداوانەی دەگەڵ تەنزدا تێك بکەنەوە، بۆ تەنز دەست بدەن، بە شێوازی دڵخوازی خەڵك بەرجەستە دەکات‌و دەردەبڕێت. یوسف زیا ئورتاج* گوتەنی: ***" تەنانەت لەو کۆمەڵە نووسینانەشیدا کە یەك بابەتیان لە خۆ گرتووە، پرشنگ‌و درەوشانەوەی بەهرەیەکی تەنزئامێز بەدی دەکەین. قەڵەمی وی لە واری تەنزدا زیاتر بەلای ساتیری سیاسی‌و جڤاکیدا مایلە. عەزیز نەسین لە وارێن رۆمان، کورتە چیرۆك، گفتوگۆ، شیعرو هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبیدا زۆر بە تواناو داهێنەرە. هەرکە کاتی گونجاوو لە بار بۆ داهێنان‌و ئەفراندنی نووسینی دژوارو قورس بدۆزێتەوە، شاکاران دەخوڵقێنێ."*** نەسین پاشان دروستی ئەو قسانەی سەلماندو گەلێك لە تایبەتمەندییەکانی میللەتی تورکی لە رێگەی نووسینەوە بە سەرانسەری دنیادا بڵاوکردووەتەوە. نەسین یەکێکە لەو کەسانەی کە لە زەمان‌و سەردەمی خۆیدا بە باشترین شێوەی سوودی لە زمانی تورکی وەرگرتووەو بەکاری هێناوە. نەسین لە زۆر بوارو قاڵبدا قەڵەمی تاو داوە، بەڵام هێشتا زۆر بابەتی لە رۆژنامەو گۆڤاراندا بە پەراگەندەیی‌و پەرتەوازەیی ماوەتەوەو لە کتێباندا کۆ نەکراونەتەوە.

<u>پەراوێز:</u>

*- (یوسف زیا ئورتاج: چیرۆکنووس‌و شاعیرێکی مەنشووری تورکەو لە ساڵی ١٩٦٧دا مردووە.)

پتر لە پەنجا کتێبی چاپکراوی هەیە کە بەناوبانگترینیان بریتین لە: دامەزراندن‌و هەڵوەشاندنەوەی حیزب (کۆ چیرۆك، ١٩٤٥). عەزیز نامە (١٩٤٨). لێکۆڵینەوە (بۆ منداڵان، بە ناوی خوازراوی ئویائاتەش، ١٩٤٩). پاشماوە (کۆ چیرۆك، ١٩٥٣). گوڵبژێری چیرۆکانی تەنز (١٩٥٥). ئەو پیاوەی بوو بە ژن (رۆمان، ١٩٥٥). کەرەستەی یەدەگ (کۆ چیرۆك، ١٩٥٣). پریاسکە (رۆمانی پۆلیسی، بە ناوی خوازراوی نورحەیات، ١٩٥٥). شێتێك لە سەربان (کۆ چیرۆك، ١٩٥٦)، فیلی ساویلکە (کۆ چیرۆك، ١٩٥٦). موبیلە (کۆ چیرۆك، ١٩٥٧). دە دەقیقە (هۆزان، بە ناوی خوازراوی محەمەد نوسرەت، ١٩٥٦). ساباحاتی جوامێر (رۆمان، ١٩٥٧)، بیرەوەری دوور خراوەیەك (١٩٥٧). دێوی تورۆس (کۆ چیرۆك، ١٩٥٧). سوڵتانی گوڵ (رۆمان، ١٩٥٧). شێتەکان لێکدی جیا دەبنەوە (کۆ چیرۆك، ١٩٥٧). قەدەری گەڕەك (کۆ چیرۆك، ١٩٥٧).ئاهەنگی مەنجەڵ ( کۆچیرۆك،١٩٥٧).کەرمردە (کۆچیرۆك، ١٩٥٧). کام حیزب سەردەکەوێ؟ (کۆ چیرۆك، ١٩٥٧). بێهودەیی (کۆ چیرۆك، ١٩٥٨). ئاغای شەیپور (کۆ چیرۆك،

١٩٥٨)، ماشـێنی وتاریێـژی (نوکتـه، ١٩٥٨). کـەمێك دێـی (شـانۆنامە، ١٩٥٨). لـە وڵاتێکـدا (ئەفسانان، ١٩٥٨). ختووکە (کۆ چیرۆك، ١٩٥٨). ئافەرین (کۆ چیرۆك، ١٩٥٩). مەحموودو نیگار (کۆ چیرۆك، ١٩٥٩). کەچەڵی (ڕۆمان، ١٩٥٩). قەرقەشەی کوێر (کۆ چیرۆك، ١٩٥٩). کـەم بـەڵام بـاش ڕۆییشـتین (نوکتـەو پێکـەنینۆك، ١٩٥٩). کـاریٚ بکـە...(شـانۆنامە، ١٩٥٩). چـاویلکە بـۆ چاوانی (کۆ چیرۆك، ١٩٦٠). هوپتیرینـام (ئەفسـانان، ١٩٦٠). شـێتێك بـە سـەد لیرە (کۆ چیرۆك، ١٩٦١). تەختێك چۆن سەرنگون دەبێت (کۆ چیرۆك، ١٩٦١). زەبۆك (ڕۆمان، ١٩٦١). ئێمـە نـابین بـە بەشـەر (کـۆ چیرۆك، ١٩٦٢). پەلـەی ... (کـۆ چیرۆك، ١٩٦٤). جانـەوەر (شـانۆنامە، ١٩٦٥). سوسیالیزم وا بەڕێوە، بڵاوەی لێبکەن (کۆ چیرۆك، ١٩٦٤). چۆن شۆڕشمان کـرد؟ (کـۆ چیرۆك، ١٩٦٥). بۆچی کاك ڕەفعەت خۆی دەخورێنیٚ؟ (کۆ چیرۆك، ١٩٦٥)، پەلـەی سـەوزباوی یاسـا (کـۆ چیرۆك، ١٩٦٥). وا بـووەو وا نـابیٚ (بیرەوەری، بـەرگی یەکـەم، ١٩٦٦، بەشـی دووەم، ١٩٦٧). لـە دایەرەی پۆلیسدا (بیرەوەری، ١٩٦٧). منداڵی ئەمڕۆ تا ئاسـایین (ڕۆمـان، ١٩٦٧). بـژی نیشـتمان (کـۆ چیرۆك، ١٩٦٨). بـژی مەملەکـەت (کـۆ چیرۆك، ١٩٦٩). سـیٚ کەرەگـەز (شـانۆنامە، باشـترین خەڵاتی شەشەمین پێشبڕکێی کاراجانی ساڵی ١٩٦٩ی ڕۆژنامەی مللیەتی بە دەست هێنا.). چی چو (شانۆنامە، پلەی یەکەمی پێشبڕکێی شانۆنامە نووسی بنکـەی زمـانی تـورکی، سـاڵی ١٩٧٠ بەدەسـت هێنـا). یـاللا جـانیکم بکـوژە (شـانۆنامەی کۆمیـدی، ١٩٧٠). روونـی دەسـتم بگـرە (شـانۆنامە، ١٩٧٠). بخـەوە توسـونەکەی مـن(چـیرۆکی منـداڵان، ١٩٧١). نـەوەی باربـاروس (شـانۆنامەی مـوزیکی و کۆمیـدی، ١٩٧١). سـڵاو (پێکـەنینۆك، ١٩٧١). لـەیلاو مـەجنوون (لێکۆڵنـەوە، ١٩٧٢). حـەقی حـەقم بدە (شانۆنامەی موزیکی، ١٩٧٢). عـەزیز نەسین لـە پـاریس (١٩٧٣). تەنزی تورکی لەسەردەمی کۆماریدا (پەخشـان، گۆڵبـژێری لێکۆڵینـەوە، ١٩٧٣). دەڵـێی حـەیوان و دەڕۆی (چـیرۆکی منـداڵان، ١٩٧٣). بتـول شـیرینە (ڕۆمـان، ١٩٧٤). مرۆڤـەکان بێـدار دەبنەوە (کۆ چیرۆك، ١٩٧٤)، یەشار نە دەژیو نە دەمرێت (شانۆنامە، ١٩٧٤). نەڵێن کـە گوێمـان لـیٚ نـەبوو (کـۆ چیرۆك، ١٩٧٥). ئەوانـەی کـە ئـەم وڵاتـەیان بـە ئێمـە سپارد (چـیرۆکی منـداڵان، ١٩٧٣). قەرزەکانمان (چیرۆکی منداڵان، ١٩٦٧). مانگرتنی گەورە (کۆ چیرۆك، ئەفسـانە، سـاتیر، ڕەخنە، ١٩٧٨). سەرۆکی گا (چیرۆکی منداڵان، ١٩٧٨). حیکایەتەکانی باپیرەی عەزیز (١٩٧٨). پێـنج شـانۆنامەی کـورت (شـانۆنامانی تـو ڕەش نیـت، سـیٚ شـیننامەی پـڕ سـەدا بـەدیار یـەك کەسەوە، ئامادەباش، دو... بۆ یەك ژن، بژی ناوی گوندۆرە، کە لە یـەك پـەردەدان و بـە ئەکتـەرانی کەم نمایش کراون، ١٩٨٠). کولیاتی عـەزیز نەسـین (١٩٨١). نووسینە قەدەغەو ئازادکراوەکـانی نەسـین (١٩٨٢). لـە دواوە یەکـەم (سـروود، ١٩٨٤). شـێتەکانی مـن (بـیرەوەری، ١٩٨٤). سـڵاو (بیرەوەری، ١٩٨٤). وای لە دەست ئێمەی ڕۆشنبیرانی ترسنۆك (١٩٨٥).

**زەبۆك (١٩٦١):**

ڕۆمـانی زەبـۆك کـە نـاوەکـەی دیکـەی سـەگێك لـە سێبەری عەرەبانەدایە، سـەرڕێژە لـە ئـەزموونی نۆڕین و باری سەرنجی نووسەر بۆ ژیان و گوزەران لـە ئـەنادۆڵ، یـانی ئاوێنـەی باڵانمـای ژیانـە لـە

ئەنادۆلْ. عەزیز نەسین، زۆر چاك دەیزانی چۆن تایبەتمەندییەكانی میللەتی تورك. بهونەرێنیْو هونەریانە بە خەڵكانی دیكەی نیشان بدات. هەموو ئەو بابەتانەی، كە رووی مەجلیسی بە جیهانی بوونیان هەبوو، كاریكاتوریزە كردو تەنزی هەڤچەرخی توركیای بەجیهانیان ناساند. نووسەر لەم ڕۆمانەدا وەكو بەرهەمەكانی دیكەی لە كێشەو دۆزە جڤاكییەكان دەدویْ، كێماسیو كەمو كوڕییەكان نیشان دەدات، كێشە شەخسیو رووداوەكان، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ تەنز دەست دەدەنو دەگەڵ تەنزدا دەگونجێن، بە شێوازی دڵخوازی خەڵكی بەرجەستە دەكات. "سەگێك لە ژێر سێبەری گالیسكەیەكدا دەڕواتو وا دەزانیْ سێبەری خۆیەتی. ئیبراهیم زەبۆك زادەی خەمو خەیاڵێكی لەو بابەتەیە. رووداری، بیْ شەرمی، ساختەچیاتی، فێڵبازی، شەیتانیو بیْ ئەدەبی ئەو لە سایەی سادەیی دەوروبەرەكەیدا، دەگاتە رادەیەك چیوای نامێنیْ ببیْ بە ئەندامی ئەنجوومەن". تەمەنی چل ساڵەو فێڵبازێكی بیْ وێنەیە. تەوەری چیرۆكەكە، كۆمەڵێك رووداوە كە لە شارە دێیەكی كەناری رێگەی ترانزێتی توركیا– ئێران روو دەدەن، سەبری ئاغای ئالوجایی، جەمالی خەیات، نوری مسگەری نابینا، خەیریە خانم،و بە تایبەتی زەبۆك زادە سەركەوتووانە بەخوێنەر دەناسرێن. ئیبراهیم زەبۆك زادە لە شارە دێیەكەدا بە حیلەبازییان بە ناوبانگە. لە پڕێكا جەنجاڵیو مقۆ مقۆ لە ماڵیا بەرپا دەبێت. دەڵێن لە ئەنكەرەوە نامەی بۆ هاتووە. قەرارە چەند كەسێك لە گەورە كار بەدەستانی دەوڵەتی بێنە سەردانی. لە گوندیدا هەمووان چاوەڕیْ دەكەن بزانن داخۆ چ كەسانێك قەرارە بێنە سەردانی گوندەكەیان. كوێخای گوند، سەبری ئاغای ئالوجایی لەلای نوری ئەفەندی گلەیی دەكات كە بۆچی گوندییان لەسەر زەوی دەگەڵ خەڵكی گوندەكەی دراوسێیان، كەوتوونەتە گیانی یەكدی. جا ئەمانە بەو خەیاڵەی كە ئەم كێشەیە مەگەر هەر بە زەبۆك زادە چارەسەر بكرێت، چەندین جار بە دەستو دیارییەوە دەچن بۆ لای. سەبری ئاغا هەرجاریْ كە دەچن بۆ نك وی سەری كیسەی بۆ شل دەكات. بەلاّم كێشەكە هەر چارەسەر نابێت. پارەیەكی زۆر لەم پێناوەدا خەرج دەكەن. جەمال خەیات بۆ ئەوەی برایەكەی لە ئامادەیی شەوانە رۆژی خۆڕایی وەربگێرێت، جلی بۆ زەبۆك زادە درووەو بەرتیلی داوەتیْ. كەچی بەو حاڵەشەوە كاری برایەكەی ڕایی نەبووە. نوریش دەكەوێتە بەرەی خێڵی فریو خواردووانەوە. زەبۆك زادە، زۆر زوو بۆی دەردەكەوێت كە چ بەلاّیەك چاوەڕوانییەتی. ئیدی بە درۆوە بەوانە دەڵێت كەمێك سەبر بكەن چونكە دەگەڵ فەرماندەی جەندرماندا كۆبوونەوەی هەیە. ئیدی بە چاولێكەرییو لاسایی كردنەوەی دەنگی فەرماندە، چاك دەزانێت خەڵكەكە بخەڵەتێنیْ. پاشان هەموویان بۆیان دەردەكەوێت كە جەنابی فەرماندە یەك مانگی رەبەقە چوویتە مادوونی. ئیدی بەمجۆرە هەموو پەی بەوە دەبەن كە زەبۆك زادە بە خۆی هەمیشە بۆ شار دەڕواتو بە ناوی وەزیرانو تەنانەت سەرەك وەزیرانشەوە نامە بۆ خۆی دەنێرێتو نوقڵو نەبات بە دیاریی دەنێرێت. گوندییەكان بە چاوی خۆیان نامەكانیان دەبینی و لە نامەكان ئاگادار دەبوونو ئەمەش هێندەی دی شۆرەتی بە زەبۆك زادە دەدا. لافاوی دیاریو سەوقاتیو پارەو پولو خواردەمەنی بەسەر ماڵی زەبۆك زادەدا دەرژا. فەرمانداری تازەی شاریش باوەڕ بەم شتە دەكاتو بەمجۆرە بازنەی دەسەلاّتی زەبۆك زادە زیاترو بەرینتر دەبێت. هاتنی نوێنەرێكی

ئەنجوومەن‌و كۆمەڵێك لە دۆستانی لە ئەنكەرەوە بۆ ماڵی زەبۆك زادە، ئەو زیافەتەی بەم بۆنەیەوە ساز دەكرێت، ئەو سوعبەت‌و گاڵتانەی كە دەیكەن‌و چوونە سەر عامودی كارەبا لەلایەن حیزبییانی گوندەوەو ئەو چاودێری‌و نیگابانییەی دەیكەن، هەر هەموو ئەمانە دەبنە مایەی زیاد بوون‌و هەڵكشانی سەنگ‌و ئیحتوباری زەبۆك زادە. زەبۆك لەسەر داوای خەڵكی بە سەرۆكی شارەوانی هەڵدەبژێردرێت. لەو زیافەت‌و دەعوەتانەدا كە بۆ دۆستەكانی سازی دەكات خۆی بەوەوە هەڵدەكێشێت كە باوكی زەبۆك زادە قەرە یوسف پاشاو باپیری عەبدولنەزیف پاشا بوون. كەس ئەم درۆیانە بە هەند وەرناگرێت‌و گوێی ناداتێ. لە كۆڕو كۆبوونەوەو وتاربێژییەكانیدا بەردەوام قەول‌و بەڵێنی دروستكردنی مزگەوتان، كۆشك‌و سەرایان، پردو رێگاوبانان دەدات‌و هەمووشی درۆ. دوای ماوەیەك فێڵ‌و دەهۆكانی دەردەكەون‌و دەستەكەی دەكەوێتە روو. ئیدی بە نوێنەری هەڵنابژێرن، ئیدی ئەمجارە هەوڵدەدا بە بەڵێنی ئەوەی گوندەكە بكات بە شار، خەڵكی تەفرە بدات. كارا بەلا، كوڕی خواجە بەدری ناسراو بە ئاقڵی هەمووان، لە فەسڵی یەكەمی رۆمانەكەدا بەمجۆرە دێتەگۆ:

ماڵی برایم زەبۆك زادە، دراوسێی دیوار بە دیواری ماڵی هەمزە ئاغای چیفتە ورن ئۆغلوە. ئەو سەردەمە هەمزە ئاغای سەرۆكی شارەوانی بەینی دەگەڵ برایم زەبۆكزادەدا زۆر خراپ بوو. هەردووكیان لایەنگری یەك حیزب بوون، لێ ئەمە هیچ بایەخێكی نەبوو. ئەمانە دژمنی خوێنی یەكدی بوون. زەبۆكزادە حەزی دەكرد ببێ بە سەرۆكی شارەوانی. هەمزە ئاغاش، بە هیچ جۆرێ حەزی نەدەكرد دەستبەرداری ئەو پۆستە ببێت. ئەمە سەرچاوەی دژمنایەتییەكەیان بوو...

رۆژێك، سپێدە زوو كوڕەكەی هەمزاغا هات بۆ ماڵی مەو گوتی:

– سلاو هاوڕێ سلاو...! نمایشمان هەیە...

– نمایش‌و ممایشی چی بابە، بەم سبای سالحانە وەختی نمایشە؟

– ئەرێ، وەرە ببینە گیانەكەم... حەوت پەلی داوە بە هەنگلی سینەماو شانۆدا...

بەلەز هەستام، پانتۆڵەكەم لە بەركردو دوای كەوتم... چووم بۆ ماڵی وان. بۆ عەماری سووتەمەنییەكەی بردم‌و گوتی:

– چاو بنە بەم كونەوەو تەمەشا بكە!

درزی خستبووە تەختەكان‌و كونێكی كردبووە دیواری بەینی هەردوو ماڵەكە. ئاشخانەكەی ماڵی زەبۆكزادە بە تەواوەتی دیار بوو، هاوسەرەكەی برایم ئاغا، دایكی‌و خوشكەكەی بە پەلەپەل بە ئاشخانەكەدا دەهاتن‌و دەچوون.

– یانی بۆ ئەمەت بانگ كردم؟ تەمەشاكردنی نامەحرەم پیاوەتی‌و جوامێری نییە.

– تۆزێ سەبرت بێ بابە تۆش... نامەحرەم چییە. چاوت لا مەبە، ئێستا نمایشەكە دەست پێدەكات....

لە پڕ دەنگی زەبۆكزادە بەرز بووەوە. لە نهۆمی سەرەوە هاواری كرد:

– ئافرەت، ئافرەت... لەگەڵ تۆمە ئافرەت! وەڵڵا بە گێسو هەڵت دەواسم. مەگەر یەك هەفتەیە بە تۆ ناڵێم پیاوانی دەوڵەت، کاربەدەستان دەیانەوێ بێن؟ دەوڵەت میوانی زەبۆکزادەیە... جا ئێستا قوڕی کوێ بەسەرا بکەم: کوا کەبابەکان؟ ئەدی مریشکەکان؟ .

برایم زەبۆکزادە بە دەم بۆڵە بۆڵەو دادو بێدادەوە لە قاڵدرمەکان هاتە خوارەوە. ئاوڕی لە خوشکەکەی دایەوەو گوتی:

– کچە تیوەی چاو سپی، بۆ بە دەوری خۆتدا دەسوڕێیتەوە؟ بۆچی دەست لە سەر دەست دانیشتوویت؟ مەگەر پێم نەگوتن، کاربەدەستانی دەوڵەتی دێنە میوانی ماڵی ئاغا؟ مافورو گلیمەکان خاوین بکەوە. ژووری میوان رێك بخە. تەمەشایەکی دۆشەك‌و بالیفەکان بکە.

هەنگێ کاغەزێکی لە بەرکی دەرهێنا، دایە خوشکەکەی و گوتی:

– تۆ ئەمەت دیتووە؟ دیوتە یان نا؟

خوشکەکەی گوتی:

– بەڵێ دیومە.

کوڕەکەی هەمزە ئاغا کە لە پاڵمدا وەستا بوو، بە گوێیدا چپاندم:

– یەك هەفتەیە ئەمە پیشەیانە. هەموو بەیانییەك ئەم نامەیە پیشانی کیژێ دەدات، بیخوێنەوە...

زەبۆکزادە روو لە خوشکەکەی بە دەنگی بەرز گوتی:

– ئەمە بخوێنەوە...! نابادا بە خۆڕایی تۆمان نابێتە بەر خوێندن، تا پۆلی چوارەم بخوێنی؟ بیخۆینەوە تا بزانی لە کوێندەرەوە نامە بۆ ئاغات دێت...

کیژێ نامەکەی وەرگرت‌و هەوڵیدا وەیخوێنێ، لێ بۆی نەخوێندرایەوە.

وشەیەکی خوێندەوە: تی بب یم...

برایم زەبۆکزادە زۆر تورە بوو و گوتی:

– جوانی بخوێنەوە...! ئەم تۆزەت هەر ئەزبەر نەکرد؟

– تبیم بوو، تا بیم بوو چی بوو؟

– ژەهری مار بوو، کەودەن! نەزان، حەرفی یەکەمی وشەی دەوڵەتە.

– حەرفی یەکەمی وشەی دەوڵەت...

– تەمەشا، باش گوێ بگرە. سبەیش لێت دەپرسمەوە. ئەگەر ئەزبەرت نەبێ چاوت دەردێنم... تەمەشای ئێرە بکە... ت، یانی تورکیا. ب یانی بزورگ. م یانی میللەت. ئەو میمەی دوا شەوە یانی مەجلیس... ت. ب. م. م یانی مەجلیسی میللەتی بزورگی تورکیا، یانی دەوڵەت، یانی حوکمەت، یانی نیشتمان‌و میللەت، یانی هەموو شتێك... ئەمانە پیتی یەکەمی وشەی حکومەتە... باشە من هەموو بەیانییەك ئەمەت فێر ناکەم: دەیسا هەنوکە بزانم لە کیدەرێوە نامە بۆ ئاغا دێت؟

– لەدەوڵەتەوە!

– ئافەرین. حەرفی یەکەمی دەوڵەت چییە؟

– ت. ب. م. م.

– زۆر چاکە. دەی نهو یەك یەك بیانڵێ بزانم یانی چی؟

ت ،یانی تورکیا، ب، یانی بزورگ. م یانی میم.... میللەت، مەملەکەت..

برایم زەبۆکزادە تورە بوو و لەبەر خۆیەوە کەوتە بۆڵەبۆڵ: خودایا مەگەر هەر تۆ بزانی... دەبێ چ بەم ژنە بێ ئاوەزانە بڵێم؟ ئەمانە گەمە بە ئایندەی من دەکەن. گریمان سبەی بووم بە نوێنەر. ئەم نەزانانە بۆ ئەنکەرە بەرم بە کێیان نیشان بدەم؟

ئەمجارەیان روویکردە دایکی و گوتی:

– دایکە، دایکە تۆ تا ئێستا حکومەتت دیتووە؟

– نە دایە گیان نەمدیتووە، بە تەمام بە لوتف و مەرحەمەتی تۆ بیدینم...

– نەك هەر تۆ نەتدیووە، لەم شارە دێیەدا هیچ کەسێك نەیدیتووە... جا لەمڕۆ بەدواوە هەموو خەڵکی گوندی لە سایەی سەری کوڕەکەی تۆوە حکومەت دەبینن.

نامەکەی خستە گیرفانی بیجامەکەیەوە و هاواری کرد قاوەکەم بێنن و، پاشان چووە دەرەوە.

لە کوڕەکەی هەمزاغام پرسی: باشە بە بیجامەوە کێوە چوو؟

ئەسڵی مەسەلەکە لێرە بە دواوەیە.

بۆ ئەوەی زەبۆکزادە نەمانبینێ لە دەرگاکەی پشتەوەی ماڵی چیفتەڤێرن ئۆغلووە رۆییشتین.

لەلای موغازەکەی ئەمین ئەفەندی وەستاین و دیسان دەستمان بە تەمەشا کرد... زەبۆکزادە دوو کورسی لەبەر ماڵەوە دانا بوو. لەسەر یەکێکیان لاق لەسەر لاق رۆنیشتبوو. جووتێ سۆلی بریقەداری لە پێدابوو. پارچەیەکی بە شانیا دابوو و چاکەتیشی بەسەرا دابوو. قاوەکەی خواردبووەوەو فینجانەکەی لەسەر کورسییەکە دانا بوو. جگەرەیەك بە دەستێکیەوە بوو و تەزبێحێکیش بە دەستەکەی دیکەیەوە بوو... دەنگی دەنکی تەزبێحەکەی برایم زەبۆکزادە سەعاتە رێیەك دەڕۆیی، دەگەییە ئەو سەری گوند. گوتم:

– یانی قەرارە سەیری هەڵسوکەوتی کابرایەکی شێت بکەین؟ واز بێنە بابە، با بڕۆین بۆ چاخانە...

گوتی:

– نا، سەبر بکە هاوڕێ... ئەسڵی مەسەلەکە لێرە بە دواوەیە. تۆ لێرە مەجوڵێ با من خێرا بڕۆم خەڵکەکەی دیکەش ئاگادار بکەمەوە...

خێرا سوڕایەوەو رۆیی:

هەوت هەشت گەنج کۆ بوو بوونەوەو بە هانکە هانك هاتبوون. زەبۆکزادە پشتی لە مە بوو، بۆیە شوێنەکەمان باش بوو.

لە کوڕەکەی هەمزەم پرسی: – ئێستا چی دەبێ؟

گوتی:

– سەبر بکەن، سەبر بکەن، چاوەڕوان بکەن... بە چاوی خۆتان دەیبینن...

له ناکاو سەیرمان کرد برایم زەبۆکزادە دەستی راستی نایە سەر کورسییەکە، هەستاو بە دەنگی بەرز گوتی:

- سەلاموعەلەیك جەنابی قازی....

گوتم: - یانی چی؟ خۆ کەسی لەبەردەما نییە. سڵاو لە کێ دەکات؟ خۆ بەردەم ماڵەکەشیان چۆڵە، هیچماڵێکی لێ نییە. تا رووباری نەیجەزارەکە هەر گردە...

کوڕەکەی هەمزە دەستی نایە سەر زاری خۆی و گوتی:

- وس... با گوێی لێمان نەبێت... نمایشەکە دەستی پێکرد.... تۆ سەیر کردنت لەسەرە...

زەبۆکزادە، تەکانێکی دیکەی دا، وەستاو بە دەنگی بەرز گوتی:

- سەلامو عەلەیکم جەنابی سەرۆك...

پرسیم ئەوە سەلام لە کێ دەکات؟

کوڕەکەی هەمزە بەرسڤی دایەوە:

- لە سەرۆکی شارەوانی... یانی لە بابی من. خۆ گوێتان لێ بوو کە .... بابم هێشتا لە خەو هەڵنەستاوە... ئەم زەبۆکزادەیە چووەتە ریزی وەلییانەوە، کەسانی ئەو دیوی دیوار، یان ژێر لێفەش دەبینێ.

زەبۆکزادە، بەو دەقەوە درێژەی بە سڵاو کردنەکانی دەدا.

- سڵاو جەنابی مامۆستا... سڵاو.. هەرکە دەرفەتم بۆ هەڵکەوت دێمە خزمەتت... خوا حافیزت بێ...

پێکەنین گرتمی. یارۆ بە رۆژی رووناك سڵاوی لە هەوا دەکرد.

- ئۆ جەنابی مدیر... بەیانی جەنابتان باش....ساغو سەلامەت بن... ئەدی ئێوە چۆنن... بەڵێ، بەڵێ، خەمتان نەبێت... کارەکەتان جێبەجێ دەکەم...

کوڕەکەی هەمزە گوتی: ئەم چاك و خۆشییەی دەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەدا کرد.

- چۆنت زانی؟

- لەگەڵی راهاتووم، دەتوانم وەکو خۆی گیان بە خەیاڵاتەکانی ببەخشم.

زەبۆکزادە جارێکی دیکەش هەستاو روو لە ئاسمان سڵاوی کرد.

- سەلام جەنابی پارێزگار، سەلام... دەنگوباس؟ ئێمەباشین... بەڵێ بەڵێ... تۆ خەمی ئەم کارەت نەبێ... نامەم بۆ ئەنکەرە ناردووە... چاوەڕوانی وەڵامی وانم.

## سەمیم کوجاگز

( ١٩١٦-          )

*ڕماننووسانی تورك لە سەرەتادا ڕۆمانی فەرەنساییان كرد بەسەر مەشقی خۆیان. پاشان كەوتنە پەیڕەوی تەبیعەتگەرایی وان و بەرەو واقیعگەرایان ڕۆییشتن. مخابن هەر هەموو ئەم هەوڵانە تا قۆناغی مەشرووتەی دووەم (١٩٠٨) جگە لە لاسایی كردنەوەو وەرگرتن هیچی تر نەبوو. پاش مەشرووتەی دووەم و لە دە ساڵی یەكەمی قۆناغی جەمهوریەتدا، بزوتنەوەی گەڕانەوە بۆ زمانی ئەدەبیاتی توركی و نزیكبوونەوەی بەرە بەرە لە جەماوەری خەڵكی و ڕەمەكی مەردم، گوڕێكی خێرا تری بە خۆوە بینی و لە ڕاستیدا خەڵكی ئەنادۆڵ، هاتنە ناو ڕۆمانەوە.*

سەمیم كاراگزی ڕۆماننووس و چیرۆكنووسی تورك لە سیازدەی شوبات ١٩١٦ لە سووكە هاتووەتە دنیا. كوڕی ماڵباتێكی زەحمەتكێشی خەڵكی گەڕەكی بورون كوی، ناسراو بە كوجاگز ئوغلوە. پاش ئەوەی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە سووكە تەواوكرد، بۆ خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی چوو بۆ ئەزمیر. بە خۆی دەڵێت: "لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی دا بوو كە لە ڕێگەی كتێبخانەكەی بابمەوە ئەدیبەكانمان ناسی كە یەكێك لەوانە ڕەشاد نوری بووو سەر بە گروپی "سەروەتی فنون" بوو. دایكم هەوڵی لەگەڵ دەدام كە شیعرەكانی تۆفیق فیكرەت ئەزبەر بكەم. كە میوانمان دەهات پێم بە عاردیدا دەداو لە شعرەكانی فیكرەتم بۆ دەخوێندنەوە:

*نەفرەت لە زیللەت و شەڕو تاریكی!*

*تۆ ئەی فەجری حەقیقەت بەسەرماندا هەڵبێ.*

لە ساڵی ١٩٣٧دا ئامادەیی كوڕانی ئەزمیری تەواوكردو لە ساڵی ١٩٤٢دا بەشی توركناسی كۆلیجی ئەدەبیاتی زانكۆی ئەستەموڵی تەواوكرد. لە ساڵانی ١٩٤٢–١٩٤٥دا لە زانكۆی لۆزانی سویسرادا مێژووی هونەری خوێند. نها هاوینان لە سووكەدا كشتیاری دەكات و زستانانیش لە ماڵە شەخسیەكەی خۆی لە ئەزمیر بەسەر دەبات. زۆربەی كاتی خۆی بە خوێندنەوەو نووسینەوە دەباتە سەر.

سەمیم كاراگز، باوەڕی بەتیۆری "هونەر بۆ كۆمەڵ" هەبوو بۆیە لەو ڕوانگەیەوە، بارودۆخی زێدو زاگەی خۆی و ئەو ژینگەیەی تیایدا گەورە بووە، وەزع و حاڵی ئەو كەسانەی كە بە زۆری بە ڕەنج و تێكۆشانی دژوار ژیان و بژێوی خۆ دابیندەكەن، كێشەی زەوی و زار، و ناكۆكییە جڤاكییەكان، لە چیرۆك و ڕۆمانەكانیدا نیشاندەدات. سەمیم هەوڵدەدات پەیوەندی تاك و كۆمەڵ، و ئەو ڕووداوانەی كە بیستوونی یان ڕاستەوخۆ بە چاوی خۆی دیتوونی، هونەرمەندانە بخاتە سەرباڵی خەیاڵ و نیشانیان بدات. سەمیم قەناعەتی وایە: *"سەركەوتنی نووسەر بەندە بەوەوە كە چ شارەزاییەكی لەمەڕ تاك و كۆمەڵ هەیە. بەنێو بانگترین بەرهەمی ئەدەبیی جیهانی، ناوچەیی ترین بەرهەمە،... بە تەواوەتی دژی لاسایی كردنەوەی شێوەم، هەڵبەتە من لە كارەكانمدا بۆ ئەوەی هاماج و ئوتموسفیری چیرۆك بگەیەنمە لوتكەو ڕۆڵی تاك بەرجەستە تر نیشان بدەم، هەر بۆ گاڵتەو بە كەیف هەندێجار لاسایی هەندێ شێوازو شێوەم كردووەتەوە. بۆ*

*نموونە کاتێ کە قەرارە نموونەیەکی دێهاتیانە، بە جۆرێکی لە بارو تەواو وێنە بگیرێت، لە دیالۆك و گفتوگۆ کردندا لە بری ئەمەی بە زمانی ئەوەوە بێژم: "ئەمە چ کارێکە؟" دەڵێم: "ئێی چینە ڕۆڵە" ... کۆپی کردنی ڕووداوەکانیش ڕێك لە کۆنووسی دانیشتنەکانی دادگا دەچێت. ڕۆمانووس یان چیرۆکنووس راپۆرتی دادگا وەردەگرێت و، پاش ئەوەی شەقڵ و شێوەی دڵخوازی خۆیی دەداتێ و دەیخاتە سەر سکەیەکی دیاری کراو، هەنگی بونیادی سایکولۆژی ڕووداوەکان تەواو دەکات".*

سەمیم کاراگز هەوەڵین چیرۆکێن خۆی لە ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٠دا بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٩٤٨ بە دواوە زیاتر خووی دایە نووسینی ڕۆمان. هەندێ لە بەرهەمەکانی بریتین لە: جیهانی دووەم (بە ئیعترافی خۆی بەرهەمی دەورانی گەنجایەتیەتی، رۆمان، ١٩٣٨). سپیداری درکن (کۆ چیرۆك، ١٩٤١). پەناگە (کۆ چیرۆك، ١٩٤٦). شارێك، دوو دەروازە (ڕۆمان، ١٩٤٨). هاپۆ سام (کۆ چیرۆکێکە کە لە ساڵی ١٩٥١دا چاپ کراوەو لە پێشبڕکێی نێودەوڵەتی باشترین چیرۆك دا کە لەلایەن ڕۆژنامەی ئەستەموولی نوێ و نیویورك هارولد تریبونەوە لە ساڵی ١٩٥٠دا ساز کراو پتر لە چوار سەد بەرهەم لەو پێشبڕکێیەدا بەشداری کرد، پلەی یەکەمی بە دەست هێنا. ئەم بەرهەمە پاچڤەی چواردە زمان کراوەو لە بیست و پێنج وڵاتدا بڵاوکراوەتەوە.). چیرۆکی مار (ڕۆمان، ١٩٥٤). شوفێری جیهان (کۆ چیرۆك، ١٩٥٤). زۆرپەلە (رۆمان، ١٩٦١). گەڕانەوەی دە هەزار نەفەرە (ڕۆمان، ١٩٦٢). قالپاقچییەکان* (رۆمان، ١٩٦٢). بستەخاکێك (ڕۆمان، ١٩٦٤). تاوێرێکی ناوڕیان (کۆ چیرۆك، ١٩٦٤). کیژێکی بەر باران (کۆ چیرۆك، ١٩٦٧، ئەم بەرهەمە خەڵاتی پێشبڕکێی چیرۆکنووسی بنکەی زمانی تورك، ساڵی ١٩٦٨ی بردەوە.) جووتێ گا (ڕۆمان، ١٩٧٠). پێکەنینۆکی مەلا نەسرەدین (١٩٧٢). لە ئەزمیر (ڕۆمان، ١٩٧٣)، مشت و مڕ (ڕۆمان، ١٩٧٦). گەنجێك لە مەیداندا (ڕۆمان، ١٩٧٨). ڕۆمان و شازی نووسەرایەتی (١٩٨٣).

*قالپاق: جۆرە کڵاوێکی تورکییە توکەکەی لێناکرێتەوە. قەپاغ*

<u>قالپاقچییەکان (١٩٦٢):</u>

سەمیم کاراگز هەوڵیداوە شەڕی خۆیبوونی تورکان لە چوارچێوەی هەر دوو ڕۆمانی داستان ئاسای، قالپاقچییەکان و زۆرپەلەدا، کە لە ڕاستیدا یەك لە ڕۆمانی واقیعی باوەڕ پێکراوە، تۆمار بکات. نووسەر دەربارەی قالپاقچییەکان دەڵێت: "من بە گوێرەی وتارو خوتبەکانی مستەفا کەماڵ، ئاراستەی ڕۆمانەکەی خۆم دیاری کردووە... لە نێو قارەمانانی ئەم ڕۆمانەدا، جگە لە کاراکتەرانی مێژوویی، نموونەو سەرمەشقی دیکەش هەن کە من ئەفراندوومن. یوسف، کە سیماو کەسایەتی پۆزەتیفی چیرۆکەکەیە، نمایندەی سنفی ڕۆشنبیرانە لە سەردەمی شەڕی سەر بەخۆیی تورکیادا..." یوسف لە هەبنەر کۆمەڵگەو میللەت و خەڵکیدا هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات. رۆمانی قالپاقچییەکان، هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە بەو پەڕی ڕوونی و ڕاشکاوی دەورو ڕۆڵی دژمنانی ناوخۆو دەرەکی لە شەڕی سەربەخۆییدا بنوێنێ و نیشان بدات. بویەرو ڕووداوێن وەك

بەرەنگار بوونەوەی داگیرکردنی ئەزمیر لەلایەن یونانییەکانەوە، سەرهەڵدانو پەیدا بوونی هێزێن نەتەوەییو نیشتمانی، تەشەنە کردنی ڕاپەڕین لە ئەستەموولەوە بۆ ئەنکەرە، بەرجەستە بوونی جەنگی سەربەخۆیی لە کەسایەتی مستەفا کەماڵدا، شۆڕشی کۆماریخوازی دژ بە لایەنگرانی پاشایەتیو خەلافەت، شەڕی ناوخۆی هێزێن میللیو هێزێن حکومەتی لە شارانی کاستامونو، گردەو، دوزجە... هەموو ئەو بویەرانە بە درێژایی ڕۆمانەکە یەکدی تەواودەکەن. قارەمانانی ڕۆمانەکە کەسایەتی ناسراونو حوزوری ڕاستیان لە جەنگەکەدا هەبووە. ئەمەش بەشێکە لە ڕۆمانەکە:

سالح، ناسراو بە دلاوەر لە فکران ڕاچوو بوو... بە هەرحاڵ مردن مردنەو کە مەرگ هات، ئەجەل بەرۆکی گرتیت، پیاو دەبێ نەترسێتو خۆ ڕاگریێت.

سالح، پیاوێك بوو تەمەنێکی زۆری کرد بوو، ئەدی گەنجەکان چ بڵێن، چ بکەن... لە بن لێوانەوە گوتی: کاشکێ مەرگ لە شەڕدا، لە سەنگەرا بەرۆکی دەگرتین. بە گوللەی لە ناکاو... ئەوسا بەردەوام بووو بە خۆی گوت: بڵێ بە گوللەی ئینگلیزی... تەواو بێو بڕوات...

نهو، بە نێوان پاسەوانانی نێزە بە دەستا، بە شەقامە چۆڵەکەدا تێدەپەڕین. بێدەنگییەکی بە ڕاستی ترسناكو مەرگزا باڵی بەسەردا کێشا بوون.

نەیدەزانی لە کوێوە بۆ کوێیان دەبەن. دەتگوت دڵی ئەوانو ئەو ئەفسەرو سەربازانەی کە لە دوای ئەوانەوەو بەریز دەهاتن، لە لێدان کەوتبووو غوباری غەم نیشتبووە سەر چاویان. تەنیا ڕێیان دەکرد. لە شەقامەکانی دوزجەدا کە دەرگاو پەنجەرەی گشت ماڵەکان داخرا بوو، بۆنی گوڵو گولیلکی مانگی پێنج بڵاودەبووەوە. ڕۆژێکی هەتاو بوو. بەڵام ئەگەر دڵ خۆش نەبێت پیاو دەتوانێ ڕۆژی هەتاوو ڕوناك ببینێ. ئەوەی دڵی ئەو زیندانییانەی خۆش دەکرد سەرکەوتنی هێزە نیشتمانییەکان بوو. لەو ڕۆژەدا کە سەرکەوتن هاتبووە بەر دەرگاو مژدەی دەستپێكو سەرەتای سەرکەوتنانی نوێی دەدا، مەرگ تامێکی تاڵی هەبوو، زۆر ناخۆش بوو...

لە گوندی وەدەرکەوتبوون. لە قەراغ باخچەیەکدا کە چواردەوری یەکپارچە درەختی بی بوو، وەستان. سەرگروبان کەیفی قنج بووو بە جۆشو خرۆشەوە لە پێشەوە ڕێی دەکردو بە درێژایی ڕێگە بە دەنگی بەرز فرمانی دەدا. دیار بوو کە گەرەکی بوو هەرچی زووترە کارەکە تەواو بکات. سەربازە دیلەکانی لەلایەکەوە، لە بن دار بییەکانو بەدیار خەنەکی چواردەوری باخچەکەدا ریز کرد. هەنگێ هاواری کرد:

یەکەمجار ئەفسەرەکان...! یەکەمجار ئەفسەرەکان...! سیمای سوور هەڵگەڕابوو، چاوانی بوو بوون بە کاسەی خوێن. لە پەستاو بێ پسانەوە هاواری دەکرد:

ئەفسەرەکان... ئەفسەرەکان... هەموویان لێرە ریزبکەن! دلاوەریان دەگەڵ هەشت ئەفسەردا لە ژێر سێ دار بی گەورەدا ریزکرد. دیلەکان هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو، بۆ هەر شوێنێکیان دەڵەك دابان، دەوەستان. کارەکان هێندە بەلەز جێبەجێ دەکران، کە دەرفەتی بیرکردنەوەی نەدەدا. ساکانو سەرگەردانی بە سیمای هەندێکیانەوەو خەمساردیو بێ موبالاتی بە سیمای هەندێکی دیکەیانەوە دیاربوو. بە چاوانی بێ روحەوە دەیانڕوانییە دەورووبەر. سەر بازانی دیل لەو بەرەوە

وەستا بوون‌و بە سەرسامی دەیانڕوانییە فەرماندەکانی خۆیان. دەستەیەك پاسەوانی نێزە بە دەست، چاودێرییان دەکردن.

سێ پاسەوانی بەدیار ئەوانەوە هێشتەوەو ئەوانی دیکەی گواستەوە بۆ دەستەکەی بەرانبەر ئەفسەرەکان. هەنگێ بەپەلە پەل‌و بە توڕەیی بەرەو ئەفسەرەکان ڕۆیی، دەگەییە هەر یەکێکیان، یەکێکی بە دەست یان بەسینگیاندا دەکێشاو ئەوسا کەوتە هەڵپچڕینی دەرجەو پلەکانیان.

هاواری دەکرد: ئێوە شایستەی ئەم پلە سەڵتەنەتیانە نین. بەتەواوەتی جڵەوی خۆی لە دەست دابوو. پاش ئەوەی دەرجەکانی لێ داماڵین، گەڕایەوەو کەوتە گەڕان بەدووی ملازم کارایاگیز کە تا ئەو کاتە خۆی لە هیچ کارێك هەڵنەقورتاند بووو ئێستا لە پشت سەربازەکانەوە وەستابوو. رووی تێکردو هاواری کرد:

زۆرباشە ملازم... دەستور بفەرموون تا کارەکە تەواو بکەین‌و ئەم نمەك نەناسانە، ئەم دژمنانەی پاشا، ڕەوانەی بنەبانی دۆزەخ بکەین...! ئەوسا پرسی: باشە تۆ شمشێرت پێ نییە؟ و ملازم بەرسڤی دایەوە کە نا.

نا، نەبوو، پێویست بوو بەدەم شمشێر هەڵکێشانەوە فرمانت بدایە. دەی کێشە نییە، باکات بەفیڕۆ نەدەین.

ملازم چەند شەقاوێك بەرەو دیلەکانی رۆیی‌و گوتی:

دەبێ چاویان ببەستیرێتەوە. ئەوجا دەبێ پرسیاری دوا داوایان لێبکەم.

سەر گروبان، بە توڕەیی هاواری کرد: من دەرفەتی ئەم کارە بێهودە یەم نییە! تیر بارانیان بکە...

دیلەکان، بێ هیچ جوڵەو چاو تروکانێك تەسلیم بوو بوون‌و چاوەڕوان بوون‌و بە چاوانی حیرەتبارەوە دەیانڕوانییە لوولەی تفەنگە بێ قەمەکان. لە پڕ دەنگی سەروان شەوکەت بێگ بەرز بووە:

مولازم! ئێمە جگە لە بەختەوەری نیشتمان هیچ داوایەکی دیکەمان نییە. من تەنیا یەك داوام لە تۆ هەیە. من حەزناکەم بە دەستی بەستراوەوە بمرم. دەستەکانم بکەنەوە.

سەرگروبانی تەڕبوش بەسەر ویستی ڕێگەی ئەم کارە نەدات، بەڵام مولازمەکە گوێی نەدایە. ڕۆیی‌و بە قەڵەمبڕەکەی خۆی پەتەکەی دەست‌و مەچەکی سەروانی بڕی‌و کردییەوە. ئەوانی دیکەش داوایان کرد دەستیان بکەنەوە. جەماڵ بێگ لە پاڵ سەرواندا وەستابووو عەونی بێگش لە پاڵ ئەودا وەستابوو. لەو لاترەوە دلاوەر بووو لە پاڵیا یوسف وەستا بوو. مولازم بە توڕەیی دەستی هەموویانی کردەوەو بێئەوەی تەمەشای سیمایان بکات گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی. دلاوەر بە دەنگێکی هێدی گوتی:

فەرماندە! ئێستا دەبێ شایەدمان بێنین...

بێدەنگی باڵی بەسەرا کێشان. ئەو نۆ نەفەرەی کە قەرار بوو تیرباران بکرێن، تێکڕاو پێکڤەو بە دەنگێکی ڕەسا، بێباکانە شایەدمانیان هێنا. نها هەموو بە باڵای بەرزەوە وەستا بوون‌و چاویان بڕی بووە لوولەی تفەنگی سەربازەکانی بەرانبەریان. دلاوەر بە تەواوەتی خۆی بەخوا سپاردبوو.

سەری دانەواندبووو، تەمەشای عاردی دەکرد. یوسف بۆ ساتێك چاوانی نوقاندن‌و کردنییەوە. هەستی کرد نێرگزی هاوسەری بە نێو لوولەی تفەنگەکانا، بە باوەشی والاوە بەغار بەرەو پیری ئەو دێت. پاشان کۆمەڵێك دیمەنی ئەزمیری هێنایە بەر زەین‌و چاوی خۆی. حەسەنی تەحسین بێگ، لێو بە خەندە دەیڕوانییە ئەو. لەم دەمەدا مولازم کارایاگیز دەمانچەکەی دەرهێنا و فەرمانی ئامادە باشی بە سەربازەکان دا. پێش ئەوەی کە ئەو فەرمانی تەقە بدات، یوسف لە پڕ هاواری کرد:

برادەرینە...! براینۆ...! بژی نیشتمان، بژی سەربەخۆیی...! دەستی مولازمی لاو کارایاگیز کە قەراربوو فەرمانی تەقە بدات، سارد بووەوەو هاتە خوارەوە. ئەوانەی کە چاوەڕوانی تیربارانی خۆیان دەکرد، تا زاریان گرتی هورایان کێشا:

بژی نیشتمان..! بژی سەربەخۆیی..!

ملازمە لاوەکەش لە جیاتی ئەوەی فەرمانی تەقە بدات، بە هەموو هێزی خۆی هاواری کرد "بژی نیشتمان..! بژی سەربەخۆیی...! و دەمانچەکەی بە توڕەیی کێشا بە عاریدا. بێدەنگی بۆ دەمێك باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشا. چۆلەکەکانی سەر داربییەکانیش جوکەیان لێوە نەدەهات. ئەو سەربازانەی کە دەست لەسەر پەلەپیتکە ئامادەی تیرەندازی بوون، چەکەکانیان لەسەر عاردی دانا. لەم کاتەدا گوللەیەك لە دەمانچەیەکەوە تەقێنرا. سەرگروبانە ناڕەسەنە تەڕبووش بە سەرەکە بوو کە بەدەم هات‌و هاوارو تەقەکردنەوە بەرەو دیلەکان غاری دەدا. یەکەم فیشەکی بەر کەس نەکەوت. هێشتا گوللەی دووەمی نەتەقاند بوو کە دەنگی دەسترێژی تفەنگێك هاتە گوێ. کابرای زاڵم وەکو شتێکی بێ بایەخ بە دەما تەختی زەوی بووو، جوڵەی لەبەر بڕا. هەمووان سەیرێکی ئەوو ئەو کەسەیان کرد کە دەسترێژەکەی کرد. دەسترێژکەرەکە یەکێك بوو لە سەربازە دیلەکان، یەکێکی سمێڵ درێژی، میانە باڵای کەمێك قەڵەو بوو. وەکو ئەوەی هیچ شتێك رووی نەدابێت، بە کاوەخۆو بەوپەڕی خوێنساردی میلی تفەنگەکەی هێنایەوەو قەوانەکەی فڕێدایە سەر عاردی. دیسان بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشا. ئەوسا شادی‌و خۆشی‌و جۆش‌و خرۆش‌و هات‌و هاوار، لق‌و پۆپی داربییەکانی هێنایە سەما. ئەوانیش یەکیان لە ئامێز دەگرت.

***

دلاوەر لە هەمان شوێنی خۆی ڕۆنیشت. بە دەست سەری ئەژنۆکانی دەگوشی. هێشتا زرانییەکانی دەلەرزین. بە خۆیشی نەیدەزانی ئەم لەرزینە هی ترسە یان شادی. لەم وەزع‌و حاڵەدا نەیدەتوانی بە دروستی بیربکاتەوە. دەگریا. هەموو شتێك لە جۆش‌و خرۆشدا بوو. ئەفسەرەکان لە پێشترەوە، لە ژێر دار بییەکەدا، لە دەوری ملازم کارایاگیز خڕبوو بوونەوەو خەریکی دەمەتەقێ بوون. هیچ ترس‌و خەمێك بە سیمایانەوە بەدی نەدەکرا. هیچ لەوە ناچوون کە تا پێنج دەقیقەیەك لەمە پێش قەرار بوو تیر باران بکرێن‌و نها رزگار بوو بوون. دوای ماوەیەکی کورت هێور بوونەوەو کەوتنە تاوتوێ کردنی هەلومەرجەکان. دلاوەر پێشبینی ئەوەی کرد بوو

که بەتەمای چین... لێرا بوون سەربازانی جۆخەی ئیعدام و ڕزگار بووەکان خەریکەنەوەو شاری دوزجە لە ناوەوە بگرن. قەرار بوو ئەدهەم بێگ بێتە هیمدادی هێزەکان. دەبوایە بەلەز ڕابن و دەست بەکاربن. دەست و لاقیان هێشتا سڕ بوو. ڕاسم، نیازیو، ئیلیاس هەرکە ڕزگار بوو بوون بەلەز هاتبوونە نك وی و نها لەسەر ئەرزەکە ڕۆنیشتبوون و تەمەشایان دەکرد. ئەوانیش زۆر خۆشحاڵ بوون، هەقیان بوو، تازە لە مەرگ گەڕابوونەوە. ڕاسم پارسالی، بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

دلاوەر، دەڵێم چیوای نەمابوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکرێین...

دلاوەر گوتی: من بە هیچ جۆرێ نیگەران نەبووم. چونکە دەمزانی تۆش دێیت و لەوێندەر گرووپێك دژی پاشا دادەمەزرێنین.

نیازی بەدەم پرتەو بۆڵەوە گوتی: ئێ ئیتر... بە هەرحاڵ زیرەمان کردبوو...

دلاوەر بەجددی گوتی: ئەمە مەرگ بوو گیانەکەم، مەرگ... زۆر ناخۆشە پیاو هێشتا کاری ئەم دنیای تەواو نەکردبێ و ڕەوانەی ئەو دنیای بکەن...

ئەوسا نیگایەکی دەوروبەری کردو لە گیرفانەکانیا بۆ شتێك دەگەڕا. ئیلیاس گوتی: لە چی دەگەڕێی؟ بەرسڤی دایەوە: جگەرە...

هەموویان، گیرفانیان گەڕان. ڕەفتارو گوتاری هەموویان هەلەق و مەلەق بوو. هێشتا ساکا بوون. سەربازەکان کەمێ لەو لاترەوە بە دەنگی بەرز خەریکی دەمەتەقێ بوون. کەس هەقی بەسەر ئەو پیاوە تەڕبووش بەسەرەوە، کە وەکو تەڕاح لە عاردی کەوتبوو، نەبوو. سەربازێکی تفەنگ بە دەست هاتە لایانەوەو قوتووە تووتنەکەی دایە دلاوەرو گوتی: فەرموو، سیغارێك لە قوتووەکەی من بپێچمەوە...

تفەنگەکەی نایە عاردی و لە لایانەوە ڕۆنیشت. دوای دلاوەر، قوتووە تووتنەکەی دا بەوانی دیکەش. سیغاریان پێکرد. مژی قووڵیان لێدەداو دووکەڵەکەیان لە زاریانەوە دەردەدا. سەربازەکە، لە کاتێکا دەیڕوانییە بەر پێی خۆی گوتی: براینە، شوکر بۆ خوا بە خێرو سەلامەت تێپەڕی...

تەمەشایان کرد. لێ ئەو هێشتا دەیڕوانییە عاردی. پارسالی، پاش بێدەنگییەکی هەندێك درێژ بەرسڤی دایەوە:

منەتبارین، شوکرانە بژێرین، بەڵێ تێپەڕی...

سەربازەکە سەری هەڵبڕی. تیچاوێکی دایە گرووپی ئەفسەرەکان و پرسی: ئەم مولازمە ڕەنگزەردە کێیە؟ هەموو ئاوڕیان دایەوەو تەمەشای یوسفیان کرد. دلاوەر گوتی: یوسف دەڵێی؟ یوسف فەرماندەی ئێمەیە. دڵێکی هەیە زوڵاڵ وەکو ئاوی کانی. پیاوێکی جوامێرە. خودا بۆ ئەم میللەتە ڕاوەستاوی بکات. ئامین! ئێمەشی لەوە ڕزگار کرد کە دەستمان بچێتە خوێنی برای خۆمان. لە غەفڵەتا بووین. دلاوەر بزەیەکی کرد: حاڵی بوویت... هەرچەندە هەندێ درەنگ، بەڵام باش فریا کەوتی. چارەنووس وا بووە کە ئێمە تا یەك هەنگاوی مەرگ بچینە پێشێ. خوداوەند لە هەوەڵەوە دژمنی پاشا بووە. هەمووان ئەمە دەزانن.

هەمدیس بێدەنگ بوون. درێژەیان بە سیغارەکێشان داو ئەفسەرەکان کۆتاییان بە قسەو باسەکانی خۆ هێنابوو. بە کاوەخۆ بەژێر دار بییەکاندا کەوتنە ڕێ. لەم کاتەدا لە هەڵەتەکانی ڕۆژئاوای دوزجەوە دەنگی تەقەو تیرەندازی هاتە گوێ. جمو جۆڵێك پەیدا بوو. هەر کەسەو لە جێی خۆوە هەستاو ڕوانییە دەورو بەر.

جەماڵ بێگ بەلەز هەندێ قسەی دەگەڵ دۆستەکانی خۆیدا کرد. مولازم دەگەڵ عەونی بێگدا بە هەشتاو چەند هەنگاوێکی بەرەو گوندەکە نا. چوار سەربازی خستنە تەك‌و پاشان هاواری کرد:

ئامادەی تیرەندازی بن...!

سەربازەکان بەپەلە ریزیان بەست‌و خۆیان ئامادە کرد. ئەو سەربازانەش کە تا تۆزێك لەمە بەر چیوای نەمابوو تیر باران بکرێن، لەو بەری ئەوانەوە دوو بەدوو خۆیان تەیارو ئامادە کرد. مولازم خێرا کەوتە ژماردنی سەربازە چەکدارو بێ چەکەکان. چاکەتە سوپاییەکەی‌و دەرەجەکانی ڕێکخست‌و دەستووری دا:

ئامادە بن..!

هەنگێ بەرەو لای سەروان شەوکەت بێگ کە لە نێو ئەفسەرەکاندا وەستا بوو، غاری دا. لەبەر دەمیا وێستاو ئیکلامێکی سوپایی بۆ کردو گوتی:

جەنابی سەروان بە سی‌و پێنج سەربازو پێنج ئەفسەری لیوای دوزجەوە لە ژێر فەرمانی هێزی نیشتمانیداین..!

سەروان شەوکەت نزیك بووەوە. کڵاوی لەسەر نەبووو چاکەتە سوپاییەکەشی لە چەند شوێنێکەوە دڕا بوو. بەڵام باڵای بەرز، قژە شێواو ڕدێنە نەتاشراوەکەی هێندەی دی هەیبەت‌و سامیان دابوویە.

دەستوری (ئازادباشی) دانێ‌و هەنگی بە دەنگێکی ڕەوان گوتی: قسە هەزارە دوانی بەکارە. وەختی قسان نییە. ئەو سەربازانەی کە تفەنگیان هەیە با لەگەڵ مندا بێن تا بچینە هیمدادی هێزێن نیشتمانی. ئەوانەش کە تفەنگیان نییە با خۆ بگەیەننە مەشجەبەکانی لیوا. دوای ئەوەی چەك هەڵدەگرن، ئاسایشی ناو شار بگرنە ئەستۆ. جەماڵ بەگ لە لیوادا چاوەڕوانی ئێوەیە. هێزەکانی ئەدهەم بێگ، لە بەرانبەر دوزجەدان. گوێتان لە دەنگی تیرەندازی وانە. خواو میللەتەکەمان پشتیوانی ئێمەن. بە هیوای دیدار براینۆ!

ملازم کارایاگیز، دەمانچەکەی خۆی دا بە شەوکەت بێگ. شەوکەت دەگەڵ سەربازەکانیدا کە نزیکەی دوو دەستە دەبوون بەغاردان لە سەنگەرو خەندەکەکانی ژێر بییەکان تێپەڕین‌و گروپەکەی دی ڕێگەی دوزجەیان گرتە بەر.

سالح لە ناو سەربازانێکدا بوو کە بە پەلە بۆ گوندی دەچوون تا چەك هەڵگرن. ئەو (ساڵح) کەمێك لە گروپەکە دوا کەوتبوو، ئیلیاس لەگەڵیدا بوو و دەستی رادەکێشا.

دلاوەر بەردەوام قسەی دەکرد:

وای خودایا... بابم بەگان چوو... هێشتاش زرانیم‌و دەلەرزن... دەی بجوڵێ لەش بە دۆشاوی تەمەڵباشی...وا دوزجەشمان گرت... بزانین چ دەبێت.... ئاسایشی شار لەسەر ئێمەیە... وەی

بابه یانی ئەمن‌و ئاسایشی مه بەسەر ئەمن‌و ئاسایشی پاشادا زاڵ دەبێت...؟ ئێی دنیا، چ رۆژگارێکمان بینی... کوڕانی میللەت، خڕ لایەنگری مەن... یانی کوێرن‌و نابینن... یان نازانن که کوڕانی ئەم ئاوو خاکه تەقه له یەکدی ناکەن... دەستیان ناچێته خوێنی یەکتری... ئەو تەڕبووش بەسەره ناڕەسەنه خەریك بوو دەیکوشتین... کوڕه! ئیلیاس یەك داوه مووی مابوو... جا تۆ بڕوانه ئەوانەی که کۆت‌و زنجیریان دەکەین.. جا با پاشا بێت‌و فریایان بکەوێ، ئازادیان بکات... ئێمه پشتمان به میللەتێکی مەزن قایمه، میللەتێکی مەزن پشت‌و پەنامانه دەنا چۆن رزگار دەبووین. تۆ تەماشاکه بزانه تواناو دەسەڵاتی پاشا چییەو دەسەڵاتی میللەت چۆنه.

ئیلیاس، زۆر دڵی نەدەدایه قسەکانی دلاوەر. خوا خوای بوو دوا نەکەوێ.

– دەڵێی چی دلاوەر... تێگەییشتم... لەزێکه با بگەینه یوسف بێگ...

– خەمت نەبێ دەیگەینێ...

دلاوەر، له ناکاو زندوو بووەوە. گەیی بوونه دوزەجه. شەقامەکان چۆڵ بوون. ئاشکرا بوو که به هۆی کاریگەریی تیرەندازەییەوه که بەره بەره نزیك دەبووەوه دڵی پیره گوند توندتر لێی دەدا.

مەحاڵ بوو هەموو خەڵکی گوندو دانیشتووانی شارانی ئەزمیت تا بولو، پەیوەندییان به دژمنەوه کردبێت‌و دژی سەربەخۆیی خۆیان بجەنگن. هەڵبەته زۆری نەبرد کەسانێك که تەعەسوب کوێری کردبوون‌و هیچ سۆزو خۆشەویستییەکیان دەرهەق به میللەت نەبوو، وەکو دلاوەرو ئیلیاس‌و نیازی، بوون بەموریدانی رێگەی هەق‌و ئازادی. هەڵەی ئەو کەسانەی که له رای بەرژەوەندی فریوکاران‌و خاپینۆکاندا دڵی خۆیان فرۆشتبوو، که ماوەی کەمتر له دوو هەیڤان خویا بوو. شکستیان هێناو بۆڕیان خوارد.

داماد فەرید پاشا که له رۆژی ١٩٢٠/٤/٥دا بۆ چوارەمین جار دەبوو به سەرۆك وەزیران. له بەیاننامەیەکدا که له رۆژنامەی عەسری ئەستەموولدا بڵاوی کردەوه گوتی: "گەورەترین دژمنانی میللەتی عوسمانی، ئەمڕۆکه کەسانێکن که نیشتمان‌و میللەتیان کردووه به قوربانی تەماع‌و بەرژەوەندی شەخسی‌و لاف‌و گەزافی درۆینەی نیشتمانپەروەری. ئەمانه بۆ گەییشتن به ئامانجی شوومی خۆیان، پەنایان بردووەته بەر زنجیره تاوانێك‌و ئەمەیان به چارەسەر زانیوه.."

لەگەڵ ئەم بەیاننامەیەدا شێخول ئیسلام دوڕی زاده عەبدوڵلا ئەفەندی–ش فتوایەکی دەرکردو کوشتنی مستەفا کەمال‌و هاوڕێکانی حەڵاڵ کردو گوتی ئەو کەسانەی که لەلایەن پاشاوه بۆ خزمەتی سوپایی داواکراون، لەسەریانه بچنه شەڕی ئەو کەسانەی که له ئەنادۆڵدا دەستیان به ئاژاوه کردووه.

## تاریق بوغرا

(١٩١٨- )

***من باوەڕم وایە ڕۆماننوس دەبێ بە ئەندازەی زانایەکی زانستە ئەزموونگەرییەکان واقیعی بێت... مەسەلەی پەیوەندی نێوان هونەرو کۆمەڵگە لە زەمانی پەیدا بوونی بەشەرەوە، لە ئارادا بووەو من ئەم پەیوەندییە بە پەیوەندی نێوان میوەو درەخت دەشوبهێنم.... لەگینە بشێت بگوترێت هونەر، بوون و بەشەران سەر لە نوێ دەخولقێنێتەوە.***

تاریق بوغرا یەکێکە لە نووسەرو چیرۆکنووسەکانی تورك. لە ١٩١٨/١٢/٢دا لە ئاکشار هاتووەتە سەر دنیایێ. پاش قوتابخانەی سەرەتایی ئاکشار، ئامادەیی کوڕانی ئەستەمووڵ و ئامادەیی قونیەی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٣٩ بە دواوە دوو دانە ساڵ پزیشکی و چەند ساڵێکیش مافناسی خوێندووە. کاتێ کە خوێندکاری کۆلیجی ئەدەبیات بوو، چووە قوتابخانەی ئەفسەرانی یەدەك(١٩٤١)و دوای ماوەیەك دیسان گەڕایەوە کۆلیجی ئەدەبیات و بەشی تورکناسی. لێ ئەوەشی بە نیوەچڵی بەجێهێشت (١٩٥١). لە ساڵانی ١٩٥١- ١٩٦٦دا لە "مللیەت"دا پێکەنینۆك و چیرۆکی کۆمیکی بڵاوکردووتەوە. لە "ئەستەمووڵی نوێ"دا بووە بە بەڕێوەبەری نووسین و لە ڕۆژنامانی وەکو "نیشتمان"، یەنی گون و تورکیا اسپوردا سەرنووسەری کردووە. بوو بە ئەندامی دەستەی ئەدەبیی شانۆی شاری ئەستەمووڵ و لە ڕۆژنامەی تەرجومانیشدا وتاری بڵاودەکردەوە.

تاریق بوغرا، بە چاوی دەروونناسێکەوە دەڕوانێتە کێشماکێش و ململانێ جڤاکییەکان و ریالیزمی هونەری بەهاوتای ریالیزمی جڤاکی دەزانێ، تاریق بوغرا دەڵێت: ***"ئێوە کارتان بە کاری ئەو کەسانەوە نەبێت کە باوەڕیان بە تێوری هونەر بۆ کۆمەڵگە هەیە. بە تواناترینیان بە ئەندازەی موریدانی تێوری هونەر بۆ هونەر، سوودیان بۆ کۆمەڵگە نەبووە"***. بوغرا، باوەڕی وایە کە مەبەست و ئاماجی هونەر بەرزیەتی مرۆڤە، واقیعیەتی کۆمەڵگە، هونەر لە هەموو بەهاکان دوور دەخاتەوەو بەرەو داڕوخان و نزمی دەبات. تاریق بوغرا، جەختێکی زۆر لەسەر شەن و کەوو تاوتوێکردنی چەمکی ڕەسەنایەتی و چەمکی ناڕەسەنی دەکات، ڕەسەنایەتی کە لە ڕەفتارێن مرۆڤی ئەمرۆدا بەدی دەکرێت و هەڵدەهێنجرێ، و ناڕەسەنی کە لە واقیعدا دەبینرێت.و لە ئەخلاق و ئاکاری فەردی مرۆڤانەوە بۆ ڕیشەی کێشە جڤاکییەکان دەگەڕێت. بە شێوەیەکی ڕۆمانتیکی، شاعیرانە، پڕشکۆو بە تەنتەنەو سەنسەنەو بە پشتیوانی نوڕین و دنیابینی خۆی،خۆی بە ناو قوڵایی زەینی کەسایەتییەکان، ژینگەو ڕووداوەکاندا دەکات. دەڵێت: ***"هەم چیرۆك، هەم ڕۆمان و هەم شانۆنامە بە زمان و لە ناو زماندا زندوون و دەژین. یانی بەرهەمێکی ئەدەبی ئەگەر بگاتە ئاستی کەماڵ و پوختەیی لە گۆڕان نەهاتووی زمان، نەمرو جاویدان دەبێت"***. بۆیە دەبینین کە خۆی لە بەکارهێنانی زاراوەی ناباوو سوود وەرگرتن لە زمانی نەستاندارد و دڵبەندی دیاردەێن زمانی ناڕەسەن دوور دەگرێت.

تاریق بوغرا، لە بواری پێکەنینۆك و کۆمیکنووسی، بیرەوەری، کورتە چیرۆك، رۆمان و شانۆنامەدا خودانی کۆمەڵێك بەرهەمە. بوغرا لە رێگەی رۆمانەوە هاتە جیهانی هونەرەوە. جگە لە رۆمانی تەنیایان کە لە ساڵی ١٩٤٠دا لە گۆڤاری (چنار ئالتی)دا بلاوبووەوە، ناوی بەرهەمەکانی تری بەمجۆرەیە:

کوڕەکەمان (کۆ چیرۆك، ١٩٤٩، کە لە پێشبڕکێی وتارنووسی رۆژنامەی جەمهوریەتدا، لە ساڵی ١٩٤٨دا پلەی دووەمی بەدەست هێنا). شتێك بە ناوی سبەینێوە نییە (کۆ چیرۆك، ١٩٥٢). لە نێوان دوو خەودا (کۆ چیرۆك، ١٩٥٤). شەوەی رەش (رۆمان، ١٩٥٥). گاگارینگراد (بیرەوەری سەفەرێکی روسیا، ١٩٦٢). سەرۆکی بچووك (رۆمان، ١٩٦٤). چیرۆکان (گوڵبژێرێکی چیرۆکان، ١٩٦٤). گۆرانی لاوێتی (پێکەنینۆکان، ١٩٦٤). سەرۆکی بچووك لە ئەنکەرەدا (رۆمان، ١٩٦٦). گەرەکمە لەسەر پێ بوەستم (شانۆنامە، پێنج پەردە، ١٩٦٦). خەوی برایم (رۆمان، خەڵاتی رۆمانی سەرکەوتووی رادیۆو تەلەفزیونی تورکیای بە دەست هێنا، ١٩٧٠، و لە ساڵی ١٩٧٢ لەسەر شانۆی دەوڵەتی ئەنکەرەدا نمایش کرا). ئیمانی فیرعەون (رۆمان، ١٩٧٦). لاویم، ئای وای.... (رۆمان، ١٩٧٩)، هونەری دژمندۆزی (نووسینێن ئەدەبی، ١٩٨٠). عوسمانە چکۆل (رۆمان، ١٩٨٣). کۆ بەرهەم (١٩٨٤).

## سەرۆکی بچکۆك لە ئەنکەرەدا (١٩٦٦):

رۆمانی (سەرۆکی بچکۆك لە ئەنکەرەدا)ی تاریق بوغرا دەربارەی محەمەد رەشید ئەفەندی نووسراوە. کابرایەك. کە لە مەکتەبی ئاینی فاتیح-ی ئەستەمووڵ دەخوێنێ، کەسایەتییەکی کاراو کاریگەری هەیەو بە دەنگێکی پڕ هەیبەت و بەسام دەکەوێتە وەعز دادان. ئەم پیاوە لە ساڵی ١٩١٩دا، لەو سەروبەندەدا کە مستەفا کەمال بۆ سامسۆن دەڕوات، بە مەبەستی بەرز کردنەوەی ورەی خەڵکی کە بە هۆی ئیجرائاتی لایەنگرانی پاشاوە، روخا بوو، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ئەنادۆڵ دەنێردرێ. لە ئاکشاردا بە ناوی (رۆحانی ئەستەمووڵی) ناوو شۆرەت دەردەکات و دەگەڵ کیژێکی جوانی شاردا بە نێوی ئامینە زەماوەند دەکات. بارودۆخ و رەوشی ئاکشار، بە هۆی بلاوبوونەوەی دەنگۆی هێرش و پێشڕەوی یونانییەکان بۆ ئەنادۆڵ و لە دەڤەری ئەنادۆڵدا، شێواوە. روحانی ئەستەمووڵ لە خوتبەکانی نوێژی هەینیدا دەکەوێتە ستایشی پاشاو خەلافەت. بەرهەڵستە لە هاتنی هێزێن نیشتمانی بۆ ئاکشارو، لەبەر ئەمەیە لە ئەنجامدا لە ئەنکەرەوە دەستووری کوشتنی دەردەکرێت. هاوسەرەکەی کە لەسەر مانگ و رۆژی خۆی بوو بە خەڵکانێکی ئەمین دەسپێرێت و بەخۆی هەڵدێت و پاش ماوەیەك پەیوەندی بە گرووپی چریکی چاکیرجالییەوە دەکات. نها بە "سەرۆکی بچووك" ناوی رۆییشتووەو هەمیشە رەخت و فیشەکدانی بەستووە. ئێستا دەگەڵ چریکەکاندا بووە بە پیاوێکی دیکەو کەسایەتییەکی تازە. دەبێ بە تیرەندازو تفەنگچییەکی لێهاتوو و جوامێرێکی رەشیدو عەگید. بەخۆو چل پەنجا سوارەوە پەیوەندی بە تۆفیق بەگی، برا ناوەنجییەکەی ئەدهەم چەرکەسەوە دەکات. ئاك شارییەکان مەسئولیەتی دەستگیری وی بە چولاك ساڵح دەسپێرن کە پێشتر کابرایەکی سوپایی

بووەو دەستی راستی لە یەکەم جەنگی جیهانیدا لە دەست داوە. سالْح لە قسەکانیا لایەنگری لە هێزێن نیشتمانی دەکاتو هێندە بە ئاووتاو باسو ستایشیان دەکات کە سەرۆکی بچووک دڵبەندی ئەنکەرا دەبێت. ئەوانە پاش ماوەیەك لە بەرانبەر خەڵكو دارودەستەێن دژی هێزێن نیشتمانیو رزگاری خواز دەست بە بەرەنگارییو بەرەڤانییەکی بیٚ ئامان دەکەن. بەرگی یەکەمی رۆمانەکە بە بریندار بوونی دەستی راستی سەرۆکی بچووك لە شەڕێکدا کۆتایی دێت. چالاکییەکانی دواتری رۆحانی ئەستەموولی، لە رۆمانی (سەرۆکی بچووك لە ئەنکەرەدا) کە بە بەرگی دووەمی رۆمانەکە دادەنرێت، دێت. ئامینەی هاوسەری سەرۆکی بچووك بەو گومانەی کە شووەکەی لە شەڕدا کوژراوە، لە پیرەمێرێکی بە تەمەن مارە دەکەن. چولاك سالْح لە جیاتی ئەوەی سەرۆکی بچووك لە مەسەلەکە ئاگادار بکاتەوە، لێی دوور دەکەوێتەوە تا خۆی لە مەسەلەکە دوور بخاتەوەو بە بێدەنگی دەچێتە ریزی بیٚ سەرو شوێنانی ئاکشارەوە. سەرۆکی بچووك لە نزیکەوە ئەدهەم چەرکەس دەناسێتو ئاگای لە خیانەتەکانیەتی. نەخشەی بەرەنگار بوونەوەی ئۆپەراسیونەکانی کۆتایی کە لە دوزجەدا کێشرا بوو، بە قازانجی هێزە نیشتمانییەکان کۆتایی دێت. چەرکەس ئەدهەم هەڵدێتو بە ناچاری پەنا وەبەر هێزەکانی یونان دەبات. سەرۆکی بچووك بە هۆی قارەمانیەتیو ئازایەتییەکانیەوە، لەلایەن مستەفا کەمالەوە بۆ ئەنکەرە دەعوەت دەکرێتو مودەتێك لەوێندەر دەمێنێتەوە. کاتیٚ کە دەگەڵ فەوزی پاشادا بۆ ئاکشار دەڕوات، بۆی دەردەکەوێت کە هاوسەرەکەی شووی بە کەسێکی دیکە کردووە. هاوسەرەکەی زۆر نەخۆشەو لە حاڵی مردندایە. سەرۆکی بچووك فریای دیتنی ناکەوێتو بۆ ئەنکەرە دەزڤڕێتەوە. رۆمانی سەرۆکی بچووك لە ئەنکەرەدا، رۆمانێکە کە ژمارەیەك قارەمانو کەسایەتی زۆری گرتووەتە خۆ. ئەمەش بەشێکە لە دەقی رۆمانەکە:

تەواو بوو. ئامینە نەما....

نها دەیتوانی سوێند بخوات کە ئامینە مردووە. لیٚ توانای ئەوەی نەبوو بیر لە محەمەدی جگەرگۆشەی بکاتەوە.

هەستێکی سەیر ناخی دەڕوشاند. شێت دەبوو. سەرۆکی بچووکو بیٚ محەمەد... دنیا بەبیٚ محەمەد... نا، مومکین نەبوو.

نها تیا مابوو بۆ ئەنکەرە بڕوات یان بۆ شەڕگەو بەرەی شەڕ بزڤڕێتەوە؟

***

رۆژان دەبورینو سەرۆکی بچووك نەکاری بوو بڕیاری خۆی بدات. رۆژان، هەفتەو مانگانی قووت دەداو ئەو نها سەر بە ئەنکەرە بوو. ئەگەر بە تەنیا بوایە بێگومان تا نهو لە نێو گۆبەندو ئاژاوەی شەڕدا، بە ئاسانی تیا دەچوو. فەوزی پاشا تواناو لێهاتووی سەرۆکی بچووکی هەڵسەنگاند بوو بۆیە بردبوویە لای خۆی. پاشا ئەوی لە هەموو تەڵەو داوێك رزگار کردو مینا محەمەد عاکفو سەعید بێگ، هێنایە ناو جەرگەی نیشتمانپەروەرانی راستەقینەوە.

و سەرۆکی بچووك، ڕۆژێ خۆی لە بارەگای بەرەی ڕۆژهەڵاتی سەر ڕێگەی ئاکشاردا بینیەوە. وەختێ ئەو قیتارەی کە ئەوی دەگەڵ پاشادا، لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی مانگی پێنج دا بەرەو ئاك شار دەبرد، دوا پێچی بڕی، سەرۆکی بچووك بە دیتنی دەشتو دەرەکەی بەرانبەری دڵی لە خۆ بووەوەو پاشان زۆری سەیر پێهات کە دڵی بە دیتنی ئەو دیمەنە لەکار نەوەستاوە.

مەحاڵ بوو ئەو بناسنەوە. لێ ئەو هەر ئاکشارییەکی دەبینی دەترسا هاوار بکات: "ئە ئە ئە... وە.... ڕۆحانییە ئەستەموولییەکەی....! جاران بوو،و سەرۆکی بچووك دەیزانی کە ڕۆحانی ئەستەموولی تەواو، نەما. ئیدی زەحمەتە هیچ کەسێك ئەو ناوەی بە بیرا بێت یان لە بیرمابێت. لەوەیە ئامینەش ئەو ناوەی بیرچوو بێ.

ڕۆژێك دەگەڵ یەکێکی ئەو ناوچەیەدا کە بوو بووە دۆستی بەرەو تەپەی خدرلیك* هەڵگەڕا. بەدەم هەڵگەڕان بە هەورازی زێڕینەوە، کاتێ گەییە ماڵەکانی بەرانبەر مزگەوتەکە، زۆر بە وریاییەوە پرسی:

- ئەمە ماڵی کێیە؟

دۆستەکەی، ڕوانییە ئەو خانووەی، کە لە پشت دیوارە بەرزەکانەوە بە حاڵ سەربانەکەی دەبینراو گوتی:

- ئەمە...؟ ئەمەیان بە کرێ داوە...

- ئیستا کێ تیای دادەنیشێت؟

- سەندووق داری....

زمانی کرا بووەوە، گوتی:

- جاران، کابرایەکی ڕۆحانی لێرە دادەنیشت. کابرایەك بوو تا بڵێی چالاكو زرینگ... کە خوتبەی دەدا، زەمینو زەمانی دێنایە لەرزە. قونیەش دەلەرزی.

- باشە دوایی چی لێهات؟ ڕۆیی؟

- نە بابە، هەڵات.

- بۆچی؟

هەورازە زێڕینەیان بڕی بوو و گەیی بوونە. شێراوەی ئیبرە. سەرۆکی بچووك تەمەشایەکی ئەو تاوێرەی نێوان دار بەڕووەکانی کردو گوتی: "ئا ئەلێرەوە ڕەڤی بوو". کە وێستا، هەڵوەستەیەکی کردو تەمەشایەکی ئەو دەشتەی کرد، دوای تەمەشا، خۆی وەبیر هێنایەوە. پەنجا مەترێك لە خوارترەوە خانوویەك هەبوو کە ئەو بە یەکجارەکی بە جێی هێشتبووو و هەنووکە دووکەڵ لە دووکەڵکێشەکەیەوە بەرزدەبووەوە. ئەم دووکەڵە لە بەیانییەکدا. کە ئاسمان ڕەنگێکی خۆڵەمێشی لە خۆ گرتبوو، دەروونی ئەوی پڕ دەکردو هەناسەی تەنگ دەکرد. چارەنووسی ئامینە بە کوێ دەگەیی؟ محەمەد چی لێدەهات؟و ئەدی ئایندەی ئەو؟ دابڕانو جیابوونەوە، بێگومان هەمیشە بۆنی مەرگ دەدات... دەتگوت سەدان ساڵ بەسەر ئەو واریقاتەدا بوری بوو. نوێنی نەخۆشی، زەنجەبیل، بۆنی دارچین، قەندی تایبەتی نەخۆش، بۆنی شیرو ژەك، پشووی پاش منداڵ بوون، گەرمای بێ وێنەی ژوورەکە... هەموو ئەمانە لەو سپێدەیەدا، لە کاتی

هەڵاتندا، بەرۆكی رۆحانی ئەستەمووڵیان گرتبوو و بە قەستی كوشت دەستیان نابووە بینیو ئێستاش بە هەمان تازەیی ئەوسا، مێشكی سەرۆكی بچووكیان دەكوتا.

دەشتو كێوە ئاماڵ سوورەكانی ئەمیر، تا چاو هەتەر دەكات دیار بوو. سەرۆكی بچووك، دوای قەدەرێك، وەختێ لە ژێر پیرە چنارەكەی تەپەی خدرلیك، دانیشتو ئەژنۆكانی لە باوەش گرت پرسی:

– بۆچی هەڵات؟

و كابرا كە پێشتر بەرسڤی دابووەوە، بەدەم بزەیەكی حەیرمانەوە گوتی:

– ئەی بابە... ئەدی نەمگوت كە....

ئەویش پێكەنیو لەسەری رۆیی:

– حەواسم لای خۆ نەبوو... جارێكی دی بۆم باس بكە....

– دژی هێزێن نیشتمانی بوو. فەرمانی كوشتنی دەرچوو بوو.

– حاڵی بووم. باشە كەسی هەبوو؟

– بەڵێ، ژنی هەبوو.... دەڵێن زۆر گەنج بووە. ئەو رۆژەش منداڵی بووە.

بێدەنگ بوون. سەرۆكی بچووك، كە زانی بەو ئاسانییە زانیاری دەست دەكەوێ، چەشە بوو، پاش ئەوەی چەند جارێك ئاوی دەمی قووت دا. بە متمانەوە گوتی:

– داماوانە. خراپیان لێقەوماوە...

– نە، زۆرنا... زۆر كەس بە هانایانەوە چوونو یارمەتیان دان. هەندێك لە كانگەی دڵەوە رۆحانی ئەستەمووڵییان خۆش دەویست. ئەنجامیش ژنەی بەلەنگازیان لە پیرەمێرێكی سەر زندوو مارە كرد. حەمدی سۆلفرۆشی پێدەڵێن. پیاوێكی باشە.

كە تەمەشای ئەو دەشتەت دەكرد لە تۆ وایە ئاوی دەریاچەیەك دەبێ بەهەڵمو دەچێت بە ئاسماندا. لە دوورەوە، شاخەكانی ئەمیر دەتگوت كەشتییەكەو لە گێژاوو گێژەنگێن شەپۆلاندا گیری خواردووەو بە دەم شەپۆلەوە دەلەرزێو بەلارە لار دەڕوات. رەنگی شینی ئاسمان نەدەبینرا، تاقە رەنگی زاڵ، سپییەكی شێداری بە تەمتومان بوو. كابرا گوتی:

– بێتاقەت دیاریت سەرۆك...

– بەڵێ، لە پڕ وام لێهات.

– ئەگەر حەز دەكەیت با بزڤڕینەوە.

– بەڵێ باشتر وایە بگەڕێینەوە.

لەوە بە دواوە، سەرۆكی بچووك رۆژی سێ چوار كەڕەت بەو كۆڵانەدا تێدەپەڕی كە ماڵی حەمدی سۆلفرۆشی لێبوو. وێنەگری بارەگاكەش دانیشتووی هەمان گەڕەك بوو و ئەمەش كاری وی ئاسانتر دەكرد. وێنەگرەكە بوو بوو بە باشترین دۆستی سەرۆك. ئەنجام ئەو شتەی كە گەورەترین ئاواتو ئارەزووی وی بوو هاتە دی. محەمەدی كوڕی خۆی لە پاڵ باوەپیاڕەكەیدا بینی، هەركە ئەوان لە دەرگا وەدەركەوتن، سەرۆكی بچووكیش لە موغازەكە رۆیی. دڵی بە جۆرێ لێیدەدا خەریك بوو لە قەفەزەی سینەیەوە بێتە دەرێ. زۆری حەز دەكرد بەرەو پیری كوڕەكەی

بڕوات‌و لە هەمێزی بگرێت، لێ وەختێ ڕووبەڕووی بووەوە لە جێی خۆی وشك بوو و ڕەنگی مردووی لە سیما نیشت. نەیدەتوانی هەناسە بدات. بە زەحمەتێکی فرە ئەوجا توانی بەدەم بزەیەکی دەستکردەوە بڵێت:

– کە منداڵێکی جوانە...

منداڵەکانی دی وەستان‌و تەمەشای ئەویان (سەرۆك) دەکرد. هەڵچوونی سەرۆکی بچووك دامرکایەوە، لێ دەتگوت زمانی پڕا بوو. لە یەکێك لە منداڵەکانی پرسی:

– ئەم کوڕە نێوی چییە؟

– محەمەد... هاپۆ گیان...

– محەمەد... محەمەد... وەرە بزانم محەمەد....

محەمەد کوت‌ومت دایکی بوو، دوو لەتی یەك سێو بوون. بەڵام چاوانی ڕەشی، بڕۆ پڕو پەیوەستەکانی، شێوازی خەمینی قسەکردنی، لە سەرۆکی بچووك دەچوو. دانەوییەوەو بە شێوەیەکی کوتوپڕی محەمەدی لە باوەش گرت. محەمەد ساکا بوو و تەنانەت فریای ترسانیش نەکەوت. گریان ئەوکی سەرۆکی بچووکی گرتبوو. منداڵەکەی ڕاموسی، ڕەنگە سەد جاری ماچ کردبێت. بە تامەزرۆییەوە ماچی دەکرد. یارۆی وێنەگر واقی وڕما بوو. سەرۆکی بچووك گوتی:

– خێراکە وێنەیەکمان بگرە!....

ئەمە پاڕانەوەیەکی ڕاستەقینە بوو، دەتگوت بۆ ژیان دەپاڕێتەوە. وێنەگرەکە بەلەز ئامادە بوو. محەمەد کەمێك بە خۆ هاتبووەوە. ڕووی گرژ کرد. چیوای نەما بوو دەست بە گریان بکات. بەڵام نەدەبوایە بگری. سەرۆکی بچووك تووشی شۆك بوو بوو ونێو گیرفانەکانی دەگەڕا. چەقۆ، زنجیر، سەعات، دراوی وردە.... هەرچییەکی دەدۆزییەوە دەری دێناو دەیگوت:

– ئەها محەمەد... تەمەشا گیانەکەم...

وێنەکەی محەمەد گریاناوی بوو. سەروسیمای سەرۆکی بچووکیش لە ڕاستیدا پێکەنیناوی بوو. دوای واریقاتی وێنەگرتنەکە، هەندێ مەسەلە هاتنە پێشێ کە زەین‌و ڕوحی سەرۆکی بچووکی ژێرو بان کرد. بەر لە هەر شتێك بیری لە دروستی یان نا دروستی ئەو کارە دەکردەوە کە کردبووی. ئامینە بە هەموو حاڵ‌و حیسابێك‌و لە ئەنجامی هەر سەرهاتێکەوە بووبێ نها ژنی حەڵاڵی کەسێکی دیکە بوو. خۆ هەڵقورتاندنی ئەو لەم بابەتەو بێ لێگێڕانەوە، چاو لە دوور بوونی ئامینەو خۆشویستنی لەگێن بوو بە گوناح بێتە ژماردن.

لە کاتێکا ئەو لەو شپرزەیی‌و پەریشانییەدا بوو، پێشهاتێکی دیکە هاتە پێشێ کە هێندەی دی قوڕەکەی لێ خەست کردەوە. محەمەد کە سەرۆکی بچووك چەندین هەفتە چاوەڕوانی دیتنی کرد، ئێستا ڕۆژی دوو جاران دەهاتە دەرەوە و بەمجۆرە ئەو پرسیارەی کە قەیرانی ڕوحی‌و دەروونی سەرۆکی بچووکی قووڵتر دەکردەوە، بوو بوو بە گرێ کوێرەو لە کرانەوە نەدەهات.

ئەوەی کە نەیدەهێشت سەرۆکی بچووك بگاتە هیچ بڕیارو ئەنجامگیرییەك، دیتنی محەمەد، بۆن کردن و ماچ کردن‌و لە باوەش گرتنی محەمەد بوو. مێوژی بۆ دەکڕی، فیقەنە، نوقوڵ، نۆکی برژاو، فندق‌و پستەو بە کورتیەکەی لەو دوکانانەندا کە لە کاولاشان دەچوون، هەر شتێکی دیبا

بۆی دەكڕی. كاتێكی بە خۆزانی سەیری كرد محەمەد خەریكە هۆگری وی دەبێت‌و خۆشی دەوێت. هەستی دەكرد بەختەوەرییەكی غروور ئامێز لە دڵ‌و دەروونی دەگەڕێ، نها كوڕێكی هەبوو. نها هەموو خەڵكی‌و تەنانەت فەرماندەكانیش محەمەدیان بە محەمەدی سەرۆكی بچووك ناو دەبرد.

ڕۆژێك پیاوێكی بە تەمەنی پیری گەڕەك هات بۆ لای سەرۆكی بچووكی‌و پێی گوت:

– سەرۆك، خێرێكی گەورەیە. دایكی بەلەنگازی ئەم كوڕە نەخۆش‌و كەفتەكارەو لە حاڵی مردندایە.

سەرۆكی بچووك كە گوێی لەو قسەیە بوو شێت بوو، زۆر بە قووڵی لە فكران ڕاچوو، چۆن فریای ئامینە بكەوێ، چۆن پێی ڕابگات. لێ چی لە دەست دەهات، دەیتوانی چی بكات؟

هەوڵ‌و تەقەلای وی مایەی سەرسامی بوو. بڕیاری ئەنجامدانی كارێكی نا بەجێی دا. بڕیاری دا ئەو وێنەیەی كە دەگەڵ محەمەدی گرتبوو، بۆ ئامینە بنێرێت. بێگومان ئامینە ئەوی دەناسییەوە... بێگومان...

هەر ئەو ڕۆژە چوو بۆ تەلەگرافخانە. پتر لە دوو سەعات هەوڵیدا تا دكتۆر حەیدەر بێگ لە شاری پولاتلی بدۆزێتەوە. تكای لێكرد بە هەر نرخێ بووە بە پەلە بێ بۆ لای ئەو. تەنیا ئەو بوو كە دەیتوانی چارەیەك بۆ دەردەكەی بدۆزێتەوە.

دكتۆر، بە پەلەیەكی ئەوتۆ كە سەرۆكی بچووكی تیا شەرمەزاركرد، ڕۆژی دوایی گەییە ئاك شار، ئەویش بە تكاو ڕجا توانی بووی سێ ڕۆژ مادونی لە فەرماندەكانی خۆی وەربگرێت. سەرۆكی بچووك یەكسەر كەوتە باسی بابەتەكەو، لە كۆتاییش دا گوتی:

– بڕۆ بە یارۆی سۆلفرۆش بڵێ كە ئامینە تەڵاق بدات. من مارەی دەكەمەوە.

دكتۆر قەبوڵی كرد.

كابرای بەلەنگازو بێنەواو، بەوپەڕی نیازپاكی، پێشنیازەكەی وانی قبووڵ كردو گوتی:

– بەڵام ئامینە یەجگار نەخۆشە.

دكتۆر گوتی: ڕێم بدە با تەمەشای بكەم.

دكتۆر كە ئامینەی بینی یەكسەر زانی دەردی كارییەو لە سەرە مەرگدایە، ژنەی داماو بە خۆیشی ئەمەی دەزانی.

– جەنابی دكتۆر من كارم كراوە... تازە لێبوومەتەوە... ئێوە بە محەمەد ڕابگەن... ئاگاتان لە محەمەد بێ...

دكتۆر پاش مودەتێك بیركردنەوە گوتی:

– ڕۆحانی لێرەیە.

ئامینە بەدەم بزەیەكی شەرمنانەو تاڵەوە كە گڕی لە دڵ بەر دەدا، لە بن لێوانەوە گوتی:

– دەزانم. مەبەستی منیش لە محەمەد، ئەو بوو.... محەمەد بدەنەوە بابی خۆی... كاری من كارییە. تەواو.

***

دكتۆر ئەنجامی قسەكانو وەزعو حاڵی ئامینەی بە وردی بۆ سەرۆكی بچووك گێڕایەوەو گوتی:

– دەبێ سەبرت بێ. لە هەوەڵەوە محەمەد بە داپیرەی دەسپێرینو دوای ماوەیەك تۆ بیگرە لای خۆت. من بە برادەران دەڵێم ئەم كارە بكەن... تەقدیر و چارەنووس نایەتە گۆڕین...

بەیانی هەینی هەمان هەفتە ئامینە چووە بەر ڕەحمەت و دلۆڤانی یەزدان.

نها سەرۆكی بچووك، پیاوێك بوو كە لە توڕەییدا ئاگای لە خۆ دەبڕاو لە ئارامیدا خەمو پەژارە دایدەگرت. دژمنایەتی، دژمنایەتیو دۆستایەتی، دۆستایەتی بوو، لەبەر دژمنی دانەدەهێناو بۆ دۆست خۆی فیدا دەكرد. ئەو ڕۆژەی ئامینە بە خاك سپێردرا، بۆ عەسرەكەی بەرەو ئەنكەرە بە ڕێكەوت.

پاش ماوەیەك بە شێرە پیاوی جەنگو ئازادیبەخشو دامەزرێنەری كۆمار ناوبانگی دەركرد. ساڵان بورین، سەرگەردانییەكی زۆری بینی، دژمنایەتی زۆری تووش بوو، دارایيو نەداری زۆری جەڕباند. لێ شادمانی و بەختەوەری هەمیشەی ئەو تەنیا یەك بیرەوەری بوو و هیچی تر. خەم بۆ وی وەكو هەتاوی پشت هەوران بوو، خەم ناوی دووەمی شادمانی ئەو بوو.

## پەراوێز

***– خدرلیك: ناوی ناوچەیەكە لە ئەنادۆڵ كە بەناوی خدری زندەوە ناونراوە***

## نجاتی جومالی

(١٩٢١-          )

***نووسەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ لە نووسینەکەیدا لەسەر هەقە، نووسینەکەی زادەی زەرورەتە، پێویستە بەڵگەی راستەقینەی پێ بێ. یانی دەبێ بڵێت ئەگەر من ئەم شانۆنامەیە، ئەم رۆمانە، یان ئەم شیعرانەم نەنووسیبا، ئەوا لە جیهانی ئەدەبیاتدا هیچ کەسێکی دیکە نەیدەتوانی ئەم جۆرە بەرهەمە بئافەرێنێ. من هەمیشە بەو نەفەسەوە دەست بە نووسین دەکەم کە ئامادەم زەرورەتی هەموو نووسینەکانم بسەلمێنم.***

نووسەری هاوچەرخی تورک کە لە بواری شیعر، کورتە چیرۆك، رۆمان و شانۆنامەدا خودانی کۆمەڵێك بەرهەمە، ناوەندی لە ئامادەیی ئەزمیر تەواوکردووەو دوای ئەوە کۆلیجی مافناسی لە زانکۆی ئەنکەرە تەواو کردووە (١٩٤١). لە ساڵانی ١٩٥٠- ١٩٥٧دا کای جۆراو جۆری دەوڵەتی کردووەو هەروەها لەشارانی ئورلاو ئەزمیردا کاری پارێزەری و ئەوقاتی کردووە. ماوەی ساڵ و نیوێکیش لە پاشکۆی رۆشنبیریی تورکیا لە پاریس کاری کردووە. کە لە فەرەنسا زڤڕییەوە لە ساڵی ١٩٥٧دا وەکو نووسەر لە رادیۆدا دەست بە کاربوو. هەوەڵین شیعرێن وی لە ساڵی ١٩٣٩دا لە گۆڤاری (ئورلا خەڵق ئیوی) لە ئورلا بڵاو بووەوە.

لە ساڵی ١٩٥٧ بە بەرهەمی (بە چاوێکی دی) خەڵاتی ئەدەبیی "سەعید فایەق"ی بە دەست هێنا.

نەجاتی جومالی، پاش ئەوەی لە شیعرا ناوی دەرکرد، لە کورتە چیرۆکەوە هاتە سەر نووسینی شانۆنامە. جۆمالی وێڕای بابەتێن وەکو ژیاندۆستی، جوانی، دیتنێن رۆژانە، ڤیان و ئاشقێنی، لە بەرهەمەکانیا خۆی لە بابەتێن وەکو گوندنشینان و کێشەی خەڵکی ئەنادۆڵش دەدات. "من لەو کاتەوە کە دەستم بە شیعر گوتن کردوە، چیرۆکیش دەنووسم. وەکو چۆن هەست بەزەرورەتی شیعر گوتن و دەربڕینی هەست و سۆزم دەرهەق بەو کەسەی خۆشم دەوێ دەکەم، بەو ئاوایەش نیشاندان و هونەراندن و بەرجەستە کردنی ئەو بابەتانەی کە سەروکارم دەگەڵیاندا هەیە بەزەروری و پێویستم دەزانم... نووسین دەربارەی خەڵکانێك کە باش و لە نزیکەوە دەیانناسم، شێوازێکە کە من بەتایبەتی هەڵمبژاردووە. زۆرجار چیرۆکەکانی من لە لایەنی چوونیەکی رووداوێن جۆراو جۆر یان کەسایەتی جیاواز پێك دێن".

جومالی، زمانێکی ڕەوان، روون و دوور لە مەجازو خوازە بە کاردێنێ و باری سەرنج و دیتنە بابەتی و زەینییەکانی بەوپەڕی تین و تاوەوە لە بەرهەکانی خۆیدا دەنوێنێتەوە. نەجاتی جومالی، لە بوارێن شیعر، کورتە چیرۆك، ڕۆمان و شانۆنامەدا کۆمەڵێك بەرهەمی داهێناوە. بە ناو بانگترین بەرهەمێن وی بریتین لە: رێگەی قیزیل چوللو (شیعر، ١٩٤٣). گۆرانی کەسێك کە بۆ شەڕ دەچوو (شیعر، ١٩٤٥). یاداشتەکانی هەیڤی مایس (شیعر، ١٩٤٧). بێشکەی بەتاڵ (شانۆ نامە، پێنج تابلو، ١٩٤٩). ڕوناکیی جوان (شیعر، ١٩٥١). یەکەمین خرۆشانی دەریا (شیعر، ١٩٥٤). دەگەڵ شنەی دەریاییدا (شیعر، ١٩٥٥). خانمی تەنیا (کۆ چیرۆك، ١٩٥٥). بە چاوێکی دیکە (کۆ

چیرۆك، ١٩٥٦). هێڵی هەتاو (شیعر، ١٩٥٧). مینا (شانۆنامە، سێ پەردە، ١٩٥٩). زەمانی توتن (ڕۆمان، ١٩٥٩). سۆل (شانۆنامە، ١٩٦٠). لە حەسرەتی نیشتماندا (پاچڤەی شیعرێن لانگستون هیوز، شیعر، ١٩٦١). هاوینی بێ ئاو (کۆ چیرۆك، ١٩٦٢). گوڵی دەریا (شانۆنامە، ١٩٦٣). هەندێ شیعری ئاپولینر (١٩٦٥). ئەفسانان (شانۆنامە، ١٩٦٧). دەریای بارانی (شیعر، ١٩٦٨ کە خەڵاتی بنکەی زمانی تورکی لە ساڵی ١٩٦٩دا بە دەست هێنا). شانۆنامە(١) (بێشکەی بەتاڵ، گیای پلیشاوە، فەرمانی تەقە، ١٩٦٩). شانۆنامە(٢) (هاوینی بێ ئاو، کۆتری ترسناك، سترانێن نوێ، ١٩٦٩). شانۆنامە(٣) (سۆلەکان، ئەفسانان، جەرگی خەسوو (دایکی مێرد)، ١٩٦٩). شانۆنامە(٤) (گوڵی دەریا، دیواری ئەشق، فێربوونی ناچاریی ئەسپانیایی). کە مانگ گەورە دەبێ خەوم دەزڕێ (سەرکەوتووترین کورتە چیرۆکی ساڵی ١٩٧٠). پڕی گوڵەگەنمان (شیعر، ١٩٧٠). ئەشق بۆ؟ (وتار، ١٩٧١). باران‌و زەوی (ڕۆمان، ١٩٧٣). توتنی تاڵ (ڕۆمان، ١٩٧٤). شینی غەزاڵ (شیعر، ١٩٧٤). دێوەرەی ئەشق (ڕۆمان، ١٩٧٥). مەقدونیای ١٩٠٠ (١٩٧٥). بۆ تۆ ئەی دیموکراسی (١٩٧٦). زوڵێخ (١٩٧٦). ئەو پلینگانەی هاتنە شارەوە (کۆ چیرۆك، ١٩٧٧). دلا خانم (ڕۆمان، ١٩٧٨). پەزەکانی یەعقوب (هەندێ چیرۆکی بەنی ئیسرائیل، ١٩٧٩). گاکێوی بریندار (شانۆ نامە، ١٩٨٠). هەتاو هەڵبێ (شیعر، ١٩٨٠). چەقۆی مانگ نیشان (کۆ چیرۆك، ١٩٨١). سواری لە دەشتدا (چیرۆك، ١٩٨١). دوێنێ لە کوێ بوون؟ (شانۆنانە، ١٩٨٢). نامەکانی ئیتلەر* (١٩٨٢). ئاغایان، نۆشتان بێ... (شیعر، ١٩٨٢). کۆشانۆنامە (١٩٨٣). کۆ سروود (١٩٨٣). لە هەموو ماڵێکدا شەڕو مشت‌ومڕ هەیە (تەنز، ١٩٨٥).

***پەراوێز:***

****- ئیتلەر، گەڕەکێکی دەوڵەمەندنشینی شاری ئەستەموولە.***

**زەمانی توتن (١٩٥٩):**

نەجاتی جومالی، دەربارەی ڕۆمانی توتنی تاڵ کە لە دوای (باران‌و زەوی) نووسیویەتی، دەڵێت: "***ڤیان یەکێکە لە رەگەزە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە. تۆڵە، بەرخودان، داکۆکی‌و، توڕەییش لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی کاراکتەرانی ڕۆمانەکەن***".

جومالی دەڵێت: "شەقڵی زاڵ‌و دیاری ئەم ڕۆمانە خەبات‌و تێکۆشانی خەڵکانێکی زەحمەتکێشە کە نان‌و بژێوی خۆیان لە ڕێگەی چاندن‌و فرۆتنی توتنەوە دابین دەکەن‌و لە پێناوی بە دەست هێنانی ماڤی خۆدا دەخەبەتن. بابی من مەسرەف‌و خەرجی خێزانەکەی لە ڕێگەی توتن فرۆشییەوە دابین دەکرد. کارەکەی ئەوەندە قورس‌و ناخۆش بوو کە ئێمە لە عەمراتیدا پێکەنینمان بە روویەوە نەبینی. توتن سەرچاوەی نائومێدی‌و هەموو پەستی‌و بێتاقەتیەکی ئەو بوو. هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێت کە چۆن لە وەرزی فرۆشی ساڵانەی توتندا توڕە دەبوو. لەو ڕۆژگارانەدا زۆر چاك پەی بەوە دەبرد کە بەلای کەمەوە وەکو شەریکەکانی لەلایەن سیستەمی ئیستعماریی بەرنامەدارەوە، دەچەوسێنرایەوە. لەبەر ئەمە بووو کە توڕە دەبوو. بەردەوام داوای لە من دەکرد کە دەربارەی دەردەکانی وان، یانی جووتیاران بنووسم، و

منیش (توتنی تاڵ)م لەسەر داوای ئەو نووسی".ڕووداوەکانی ڕۆمانی زەمانی توتنیش لە دەڤەری ئیجەدا ڕوو دەدات. وەرز وەرزی هاوینە. کاتی هەڵگرتن، کۆکردنەوە،و وشك کردنەوەو فرۆتنی توتنە. خەڵکی ئورلا،ماڵیان بە جێهێشتووەو ڕوویان کردووەتە باخ و باخچەکان تا لە مەزراکاندا بکەونە توتن خڕکردنەوە. چیرۆکەکە لە یەکێك لە کەپرەکاندا، لە نێو خانەوادەی ڕەجەب دا، کە لە موهاجیرانی کاوالایە، ڕوو دەدات. زولێخا کیژە گەورەو جوانەکەی کا ڕەجەبی کاوالایی،حەز لە جەمالی کوڕی سەرجۆخە عەلی دەکات کە هاوەمەزراو باخی یەکترن. بابیشی، بڕیاری داوە بیدات بە بەکر کە کراژێکی پێ شك دەبات، بۆیە بەردەوام قەرز لە بەکر دەکات و زۆربەی کات لە چاخانە دەگەڵ ئەودا یاری دەکات. کابرایەکی تەمەڵەو ناتوانێ قەرزەکانی خۆی بداتەوە. بەکر ئەمە بە دەرفەت دەزانێت و داوای زولێخای خشکۆك دەکات.

ڕەجەب قەولی داوە کە لە کاری توتن بوونەوە کیژەکەی بداتێ. زولێخا نەك هەر ڕازی نییە شوو بە بەکر بکات، بەڵکو، کە دێت بۆ ماڵیان بێزی نایەت سەیریشی بکات. کەسێکی دیکەی هەمان گوند بە نێوی یەشار شەیدای زولێخایە. پاش ئەوەی هەواڵی پەیوەندی نهێنی نێوان زولێخاو جەمال و نیازی هەڵاتنیان بڵاودەبێتەوە، فەهمیە کوێر، کە لە شەقاوەکانی ئورلایە، بە کرێ دەگرێت. وەرزی هەڵگرتن و فرۆتنی توتن تەواو بووە. جووتیاران، لە مەزراکانەوە بۆ لانەو کاشانەکانی خۆ دەزڤڕنەوە. زولێخا کە هەست دەکات ئەگەر بۆ ماڵ بگەڕێتەوە ئیدی هەموو ڕێیەکی لێدەگرن، لە پێشەوە خوشکە بچووکەکەی، یانی ڕابیعە دەنێرێتەوەو بەو خۆ دواخستنە، لەو داوە ڕزگار دەبێ کە بابی بۆی ناوەتەوە. بە پەلەپەل خۆی دەگەیەنێتە ئەو مەزرایەی کە جەمال کاری تیا دەکات. جووتە دڵدار دەڕەڤن. تینوو، برسی، چەندین ڕۆژ بە چیاو چۆڵاندا ڕێدەکەن و دەڕۆن، ئەمانە لە کاتی کرێکاری و زەیتوون ڕنین دا، لەلایەن جەندرمەوە دەستگیر دەکرێن. تومەز بابی زولێخا سکاڵای لەسەر قەید کردوون. لە دادگادا زولێخا دەڵێت بۆیە ڕەدوو کەوتووە چونکە جەمالی خۆش ویستووەو هیچ کەسێك لەمبارەیەوە خەتابار نییە. بە میانچیاتی دێهاتییەکان بابی زولێخا لە سکاڵاکەی خۆی ژێوان دەبێتەوە. زولێخا و جەمال ئازاد دەبن و بەمەبەستی زەماوەندو کار لە مەزرا توتناندا، سواری پاسی ئەزمیر دەبن.... ئەمەش بەشێکە لە دەقی ڕۆمانەکە:

سبەینێ، لای بەیانی گروبان یوسف دەگەڵ زولێخا، ڕەجەب و سەرجوخە عەلیدا، خۆی بە نووسینگەی ئەوقاتێکی گەنجدا کرد.

ئەوقاتەکە، لە ژووری کارەکەیدا بەتەنێ بوو. کۆمەڵێك کتێبی یاسایی لەسەر مێزەکەی بوو،و سەری بەسەر ئەو کتێبانەدا داگرتبوو. و خەریکی خوێندنەوە بوو. کە چاوی بە میوانەکان کەوت لە بەریان هەستاو پێشوازی کردن.

گروبان یوسف بەلەز سڵاوی کردو گوتی:

– کا نیهاد! هاتووین داوایەك لە تۆ بکەین...

ئەوقاتەکە (پارێزەر) خوڵکی کردن کە دانیشن و گوتی:

– فەرموو گروبان، دەخزمەتتاندام....

گروبان یوسف، سەرهاتەکەی جەمال و زولێخای بە کورتی بۆ گێڕایەوەو گوتی:

"ڕەجەب لە سکالاکەی خۆی ژێوان بووەتەوەو ڕازییە کە کیژەکەی بە جەمال بدات. بەلام تا بە تالبوونەوەی سکالای داواکاری گشتی دەبێ جەمال لە حەپسخانەدا وەمێنێ و جا ئێمە ئێستا گەرەکمانە بزانین بۆ زەماوەندی ئەم دووانە، ئەویش بەدزییەوە، دەبێ چ بکەین".و لە کۆتاییدا ئەوەشی گوت: "تاقە یەك پۆلیشی نییە! ئیدی خۆت و شیرت..."!

ئەوقاتەکە، دۆسیەیەکی چەوری بە دەست نەهێنا بوو. کاتێ کە پێشوازی لەوان کردبوو، وای زانی بوو کارێکی تازەی بۆ پەیدا دەبێت. کاتێ کە زانی مەسەلەکە بەو جۆرە نییە کە ئەو چاوەڕوانی دەکرد، ڕەفتاری خۆی نەگۆڕی. بزەیەکی بە ڕووی گروبان یوسفدا، کە لە منداڵییەوە دەیناسی، داو گوتی:

– خێرە بێ ئیشەڵلا گروبان! پارەکەی لە کەسێکی دارا دەردێنینەوە...

دوو عەرزوحاڵی بۆ دادوەرو دادگای سوڵح نووسی. پولی پێوەنان. داوای لە ڕەجەب کرد پاینی عەرزو حاڵەکان پەنجە مۆر بکات. پاشان گوتی:

– بڕۆن بۆ لای قازی. بە کورتی کێشەکەتانی بۆ باس بکەن! منیش ئەگەر دیتم پێی دەڵێم...

زولێخا، لە کاتی ئەم کارانەدا نەیدەتوانی لە جێی خۆی بهێورێ. کاتێ کە ئەوقاتەکە عەرزو حاڵەکانی دایە دەست ڕەجەبی بابی، لەسەر کورسییەکە هەستا.

ئەوقاتەکە ڕووی تێکردو گوتی:

– منیش بۆ زەماوەندەکەت دەعوەت بکە، هیوادارم لە بیرت نەچێت.

زولێخا بەرەو دەرگاکە چوو و گوتی:

– بەسەرچاو جەنابی ئەوقات! ئەگەر نەیەی زویر دەبم...!

هەنگێ بە بابی و گروبان یوسفی گوت: لەزێکەن، درەنگە، فریاناکەوین...

ئەوقاتەکە لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستاو مودەتێك ڕوانییە زولێخا کە دەتگوت هاوڕێکانی بە ڕاکێشان دەبردنە دەرێ.

***

دەمەو ئێوارەی ئەو ڕۆژە کاتێ لە ئۆفیسەکەی هاتە دەرێ، وەکو هەمیشە بەتاقی تەنیا لەسەر ڕێگەی ئورلا – ئەزمیر، یەك دوو کیلۆ مەترێك بەرەو دەرێی ئورلا، بە پیاسە ڕۆیی. لە کاتی گەڕانەوەدا، زۆلێخای بینی کە بوخچەیەکی لە بن هەنگڵی نابوو و شان بە شانی گەنجێك بەرەو دوا پاسی ئورلا– ئەزمیر کە لە دەرچوونا بوو، غاری دەدا.

زولێخا کە چاوی بە ئەوقاتەکە کەوت وەستا، هەڵوەستەیەکی کرد، ئاماژەیەکی بۆ لای کوڕە گەنجەکەی تەنیشتی خۆی کردو گوتی:

– ئەمە بوو! زەماوەندمان کرد، لە مەحزەرەوە دێین. مەمنونین جەنابی ئەوقات!

و ئەوسا ڕووی کردە جەمال و گوتی:

– ئەو عەرزوحاڵەکانی بۆ نووسین.

جەمال بە شەرمێکەوە سەرێکی دانەواندو سڵاوی لە ئەوقاتەکە کرد. ئەوقاتەکە پرسی:

– ئەدی بەم پەلەیە بۆ کوێ؟

زولێخا وەڵامی دایەوە:

– بۆ ئەزمیر! بۆ مەزرای توتن دەڕۆین! فرۆشی توتن دەستی پێکردووە! دەبێ کار بکەین...

زۆری پێ نەچوو کە کۆمەڵێك لە کەسو کارەکانیانیش هاتن. سەکنی ئەو پاسەی کە لە دەرچوونا بوو، دەنگی لێ هەڵبڕی:

– نەفەری ئەزمیر! خێراکەن با بڕۆین....

زولێخا دەستی جەمالی گرتو رایکێشا.

– جەنابی ئەوقات گەردنمان ئازا بکە!

– سەفەرتان بە خێر....

زولێخاو جەمالی بینی کە بەلەز سواری پاسەکە بوونو لە کورسییەکەی ریزی دواوە دانیشتن. کەسوکارەکەیان لە پشت پاسەکەوە خڕ بوو بوونەوە.

دەوامی دایەرەو فەرمانگەکان تەواو بوو بوو فەرمانبەران دوو دوو و سێ سێ لەسەر رێگەی ئورلا– ئەزمیر پیاسەیان دەکرد. دادنووسی دایەرەی جەزاییو سکرتێری دادگای مافەوانی، لە ئەوقاتەکە نزیك بوونەوە.

– کانیهاد ئەو بوخچە چکۆلەیەت بینی کە بەدەست کیژەکەوە بوو؟

– بەڵێ بینیم.

– ئەگەر بزانیت کە ئەوانە ئەم بوخچە چکۆلەیەیان لە کوێو چۆن بەدەست هێناوە، هێندەی دیکە لەلات بە بایەخ دەبێت!

نیهاد، بە دەم حەرەکەتێکەوە کە نیشانەی بێ ئاگایی لە مەسەلەکە، پێوە دیار بوو، بزەیەکی کرد. دادنووسەکەی دایەرەی جەزایی، ئاماژەیەکی بۆ دۆستەکەی کردو لەسەری رۆیی:

– من هەمیشە بەم هاوکارەم دەڵێم ژن بێنە! ئەگەر بڵێی دەبێ ئەمەم هەبێو ئەوەم هەبێ،و چاوەڕوان بکەی تا گیرفانت پڕ لە پارە ببێت، ئەوا لەم دنیایەدا لە تەنیایی ناخەلەسیت! هەمیشە پێی دەڵێم پیاوێك پیاو بێ بوخچەیەکی چکۆلە بەسە. بە گوێم ناکاتو هەمیشە بیانوو دێنێتەوە!

دیتیان کە پاسەکە کەوتە ڕێ. زولێخا، دەستی خوداحافیزی بۆ ئەوانو هەموو ئەوانەی کە هاتبوونە بە رێکردنیان بەرزکردەوە.

دادنووسی دایەرەی جەزایی بەدەنگی بەرز گوتی:

– بەخێرو سەلامەت، بەخێر بچی!

و ئەوسا روویکردە ئەوقاتەکەو گوتی:

– تەمەشا کاکی ئەوقات، تەمەشا لەسەر جامی پاشەوەی پاسەکە چی نووسیوە...

پاسەکە خەریك بوو لانسی وەردەگرت. هەرسێکیان نووسراوەکەی سەر جامەکەی پاشەوەیان خوێندەوە: *"خودا حافیز!"*..

## ئاتیلا ئیلهان

(١٩٢٥-          )

***ڕۆماننووس و ئەدیبێکە کە هەوڵدەدات بەگوێرەی پێناسەی باوی ڕۆمان، ژینگەیەکی تایبەتی، خەڵکانی ئەو ژینگەیەو کێشەکانی نێوانیان بەرجەستەو ڕاڤە بکات... وەکو چۆن کە نووسەرانی وەك حوسێن ڕەحمی، ڕەشاد نوری، خالید زییا، خالیدە ئەدیبو، یەعقوب قەدری توانییان کاراکتەرانی جودا لە کەسایەتی خۆو ژینگەیەکی جیاو بەدەر لە ژینگەی خۆ بخوڵقێنن کە نەك هەر پڕاوپڕ لە زەمانی ئێستا بێ بەڵکو هەندێ دیمەنو قۆناغی زەمانی ڕابردوو و ئایندەش بنوێننەوە.***

ئاتیلا ئیلهان، یەکێکە لەو ڕۆماننووسو شاعیرانەی کە بایەخ بە دەردو کێشەکانی ئەمڕۆی تورکیا دەداتو هونەریانە بەرجەستەیان دەکات. ئەم نووسەرە لە ١٩٢٥/٧/١٥دا لە منەمن هاتووەتە دنیا. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە ئەزمیر تەواوکردووە. قۆناغی ناوەندی لە سانەوی کوڕانی ئەزمیر دەست پێکردو لە سانەوی نوری ئەستەمووڵ تەواوی کرد. یەکەمین شیعری لە ساڵی ١٩٤٣و یەکەمین دەقی پەخشانی لە ساڵی ١٩٤٥و شیعری گێڕانەوەی کێوی کۆفری کە براوەی پێشبڕکێ بوو لە ساڵی ١٩٤٦دا بڵاو بووەوەو ناوبانگی پێ دەرکرد.

کۆلیجی مافناسی ئەستەمووڵی بە نیوەچڵی تەرك كرد (١٩٤٦- ١٩٤٩). ساڵانی (١٩٤٩-١٩٥١)ی لە فەرەنسا گوزەراندو پاش گەڕانەوەی بۆ ئەستەمووڵ لە ساڵی ١٩٥٢ەوە تا ساڵی ١٩٨٨ خەریکی ڕۆژنامەڤانی بوو، وتاری بۆ زۆر گۆڤار نووسی. ئاتیلا، سیناریۆکانی خۆی بە ناوی خوازراوی عەلی کاپیتان ئوغلووە بڵاو کردووەتەوە. ئاتیلا ئیلهان، تا ئەمڕۆش لەسەر کاری نووسین بەردەوامە. ناوێن خوازراوی جەبار ئوغلو و بتر ئوغلوشی بەکار هێناوە.

ئاتیلا ئیلهان باوەڕی وایە دیدوبۆچوونەکانی ئەتاتورك زەمینە خۆشکەرن بۆ تەڤگەرێکی نیشتمانیو کۆمەڵایەتی. بە باوەڕی وی، هونەری کۆمەڵگەرای تورك لە ئەنجامدا لەسەر پرەنسیبو بنەمای بۆچوونەکانی ئەتاتورك تایبەتمەندی ناوچەییو شەقڵی خۆماڵی وەردەگرێت.

ئاتیلا دەڵێت: ***"ئەگەر ساڵەهای ساڵ هونەرمەندانمان بخەینە بەر بۆمبارانی ئەدەبیاتی فەرەنسا، ئینگلیستان، ئەمریکاو ڕوسیا، چۆن دەتوانین بە تەمای ئەوە بین هونەرمەندی خۆماڵیمان هەبێت."*** ئاتیلا ئیلهان بە هەستی ڕۆمانتیکی و لە ڕوانگەی ڕیالیزمی جڤاکییەوە، مامەڵە لە تەك ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆکەدا دەکات، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە پێداگری لەسەر بیرو باوەڕێن خۆ دەکات، هەندێجار مامەڵەی زبر دەکات، زیاد لە پێویست بایەخ بە بیرەوەری ڕابردوو دەدات،و زۆر بە ڕوونیو بێ پەردە لەبەردەم خوێنەردا دەردەکەوێ، ڤیان، خۆ کوژی، ڕووداو، مردن، شەڕ، قارەمانیەتیو سەرمایەداری وابەستەو پاشکۆ ، بابەتی زاڵی چیرۆکەکانین. ئاتیلا زمانی تورکی، بە زمانێکی مجەڕەد نازانێتو پێی وایە ئەم زمانە زمانێکی واقیعییەو پڕە لە ڕەمزو سەمبولان، هەر بۆیەش لە شیعرو پەخشانەکانیا خۆی لە چەمکێن مجەڕەد دوور دەگرێتو

سوود لە زمانی رۆژانە، پەیڤێن فەرهەنگی، وشەێن سەرزاری خەڵکی کوچەو بازاڕو زاراوەێن میللی وەردەگرێت.

ئاتیلا ئیلهان شیعرو وتارەکانی خۆی لەم گۆڤارو رۆژنامانەدا بڵاوکردووەتەوە: (یەنی ئەدەبیات- ١٩٤٣، ئەستەموولٚ- ١٩٤٥، گون- ١٩٤٦، یيرمی نجی عصر- ١٩٤٨،- ١٩٥٣، سچيليش حكايەلر- ١٩٥١- ١٩٥٧، ئوفق لار- ١٩٥٢- ١٩٥٤، يدی تپە -١٩٥٠- ١٩٥٦، دوست- ١٩٥٧- ١٩٥٩، يون- ١٩٦٦- ١٩٦٧، وارليك- ١٩٤٧- ١٩٧٢، ئەو بەرهەمانەی کە بە کتێب بڵاوبوونەتەوە بریتین لە: دیوار (هۆزان، ١٩٥٤). بێزار لەبەر باران (هۆزان، ١٩٥٥). رەشپێستان وەکو یەك نین (رۆمان، ١٩٥٧). بیرەوەری سەفەرێکی عەباس بۆ پاریس (سەفەرنامە، ١٩٥٩). من بە ناچاری لە تۆم (هۆزان، ١٩٦٠)، گوڵی بەڵا (هۆزان، ١٩٦٢). سفرەی گورگان (رۆمان، دوو بەرگ، ١٩٦٣- ١٩٦٤). ڤيانی قەدەغە (شیعر، ١٩٦٨). کاك چەپ (کۆ وتار، ١٩٧١). کام رۆژاوا (بیرەوەری، ١٩٧٢). نووکی چەقۆ (رۆمان، ١٩٧٣). یاداشتەکانی زیندانییەك (هۆزان، براوەی خەڵاتی دەزگای مێژووی تورك، ١٩٧٥). دەنگی پێی فاشیزم (کۆ وتاری سیاسی، ١٩٧٥). کام رەگەز (بیرەوەری، ١٩٧٦). خۆشەویستی وا (هۆزان، ١٩٧٧). خویٚ بە زامەوە کردن (رۆمان، ١٩٧٨). کام راست (بیرەوەری، دیتن، ١٩٨٠). شەڕی ریالیزم (کۆ وتار، ١٩٨٠)، کام ئەتاتورك (١٩٨١)، بانگی بەیانیان لە دارول سەعادە (رۆمان، ١٩٨١)، کراسی تازەی رۆژاوا (دیتن، وتار، ١٩٨٢)، ئەوەی هەیە خەمە (هۆزان، ١٩٨٢)، دووەمین جەنگی تازە (١٩٨٣). وای خانم هاجۆ (رۆمان، ١٩٨٤). هەڵۆ لە بەرزیدا دەفڕن (سیناریۆ، ١٩٨٤). ئێمە لەو تاریکییەدا (رۆمان، ١٩٨٨).

## <u>سفرەی گورگان (١٩٦٣):</u>

ئاتیلا ئیلهان، لە رۆمانەکانیا، شەڕی ئەو قارەمانانە دەگێڕێتەوە کە لە ناوجەرگەی هێزێن نەتەوەیی و نیشتمانیدان، لە بەرەی میللەتانداو لە پێناوی ئامانجە نیشتمانییەکاندا دەخەبتن و دەجەنگن. لە رۆمانی سفرەی گورگاندا، مەحموود ئارسوی، لە جەنگی سەربەخۆییدا بەشدارە. مەحموود رۆژنامەنووسێکی دروستکارو ڕاستگۆیە کە لە بڵاوکراوەی "هاوکاری"دا بەسەر نووسەریی حوسنی فایەق بێگ، لایەنگری هێزێن نیشتمانی، داکۆکی لە بیرو بۆچوونەکانی ئەتاتورك دەکات.

*"وڵات بووە بە سفرەی گورگان"*. بازرگانان و بەرژەوەندپەرستانی وەکو عاسم تاتا، سەید سابیری، موردەخای، ئیبراهیم و زهنی کەلەش ئوغلو، گورگی برسی ئەم سفرەیەن. زۆر خەڵکی دیکە لە رۆمانەکەدا دەبینین کە دەستبڕو کەڵەکچین و لە ژێرناوی "کۆمپانیای بیناسازی ئاسان"دا لە گورگەکان نزیك بوونەتەوە. مەحموود ئەرسوی رۆژنامەنووس دەخوازێت کەڵەکچیاتی هەلپەرستان لە قاو بدات و ریسوای ناو خەڵکیان بکات و لە دووی گورگەکانە. کاتێ کە لە ئەستەموولەوە بەرەو ئەزمیر دەجمێ بۆی دەردەکەوێ بۆ هەمیشە لە ئومێد، ئەو کیژە لاوەی کە دوو ساڵە خۆشی دەوێت، جیا دەبێتەوە. ئومێد کیژێکە سەر بەدنیایەکی دییە. مەرگی

نهێنی ئامێزی مەحموود ئەرسوی، جیهانبینی ئومید دەگۆڕێت. لە ماڵی بابی هەڵدێت، لە پانسیونەکەی مەحموودا ئاکنجی دەبێت‌و هەموو پیلانەکان بۆ خاوەنی ڕۆژنامەی "بیرلیك" دەگێڕێتەوە. ئەو کەسانەی کە تاوانەکەیان کردبوو لە ئەستەمووڵ دەستگیر دەکرێن. ململانێی خەباتی سەرەکی فیکری کۆمەڵایەتی دیموکراتی وابەستە بە بەهاکانی شۆڕش‌و هێزێن نیشتمانی لە کەسایەتی حووسنی فایەق دا دەردەکەوێ. سەرنووسەری پیر لە سەردەمی جەنگی خۆیبووندا، لە قۆناغی ئاگربەست‌و شۆڕشدا، جەنگاوەرێکی پێشکەوتووخوازو هوشیارو وریایەو بەدڵ‌و بەگیان دڵبەندی مستەفا کەمالە. سەرباری هەموو خەبتین‌و تێکۆشانێکی لە رای جێگیر بوونی دیموکراسیەتدا، بە ئاواتەکانی ناگات. هەمیشە یادی زەمانی رابردوو، سەربهوردی ئەو ئازادیخوازانەی کە مەشروتیەتی دووەمیان هێنایە ئاراوەو، ساڵانی کۆتایی جەنگ، دەکاتەوە. هەمیشە ئەتاتورکی لەبەر چاوە کە چۆن هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی دامەزراندنی تورکیای تازەدا تەرخان کردبوو. ئومێد ئەو قسەیەی مەحموود ئەرسوی وەیاد دێنێتەوە کە گوتبووی: ***"کە وڵات بوو بە سفرەی گورگان، دەبێ دەست بە یاخی بوون بکرێت"***. ئاتیلا ئیلهان بەمجۆرە دەست بە ڕۆمانی سفرەی گورگان دەکات:

مەحموود لە گەڕەکی بایەزیدا زانی کە لە ژێر تاقیبدایە. خۆی دایە پەنای وێستگەی تراموایەکە. لەسەر شانەکانییەوە چاوێکی گێڕا. شەو بوو، تاریکییەکی گۆنگ‌و لەرزۆك باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشابوو. لەو تاریکییەدا، کابرای تاقیبکاری بەدی کرد. دیار بوو حەپەساوەو لەوە نیگەرانە کە بۆ ساتێك لە بەر سێرەی چاوی لاچووە. چاوی بە دەوروبەردا دەگێڕا. لە ناکاو چاویان لە چاوی یەکدا هەڵەنگوت. کابرا حەزی دەکرد زەوی بقڵیشێت‌و قووتی بدات. ڕۆیی‌و خۆی بەو عەسرە ڕۆژنامانەوە مژول کرد کە بۆ فرۆتن لەسەر شۆستەکە دانرا بوون. پێنەدەچوو ئەم پیاوە شپرزەیە، ئەهلی ڕۆژنامە خوێندنەوە بێت. پیس چارەی دابوو بە یەکدا. چاوو برۆ و، دەم‌و کەپووی تێکیان نەدەکردەوە. مەحموود لە هەوەڵەوە هەستیکرد باشتر وایە تەلەفۆنێك بۆ بارەگای ڕۆژنامەکەیان بکات‌و عیرفان یان راغیب بێن‌و ئاگاداریان بکاتەوە کە لە بایەزیدەوە تا ئێرە بە دوویەوەن‌و تاقیبی دەکەن، بەڵام دوایی وازی لەم بیرۆکەیە هێنا. هەستیکرد ئەم شتە ئەوە نایەنێ کە ئەوانی پێوە نیگەران بکات. لەبن لێوانەوە گوتی: "خۆ منداڵ نیم. هەر چۆنێ بووە دەتوانم خۆم بگەیەنمە سەراج خانە".

لەوە دەچوو تۆزێکی دی داکاتە باران. گەواڵە هەوری توندو چڕو پەیوەست‌و تووڕەی هەوسار پچڕیووی بە ئاسمانەوە دەبینی. بە گوێرەی یەکێك لە سەعاتەکانی سەر دەرگای زانکۆ دە دەقیقە تێ پەڕی بوو. بەڵام سەعاتێکی دی بیست دەقیقەی نیشان دەداو سەعاتی سێیەم نیوی نیشان دەدا. تەمەشای سەعاتەکەی خۆی کرد. بیست‌و پێنج دەقیقە تێپەڕی بوو. پێکەنی. لەبن لێوانەوە گوتی:

وا دەزانین پێوەرێکی دیارمان بۆ زەمان لەبەر چاوگرتووەو دوچاری غروور دەبین. لێ ئەمە جۆرە تەسەلایەکە. لە سەری سی دەقیقەدا دەبێ لە وێستگاکە بم. ڕەزای پیتچن بۆ ئەوێ دێت‌و

لەوێنـدەر دەمبـینیٚ. ئەگـەر ئەدرەسـی سـزایی یازمـاجی)م بـۆ بـێنیٚ، ئەوسـا بڕوانـەو بزانـە چ دەبێت...

رووی کردە گەڕەکی وەزنەچییەکان. تاقیبکارەکەش، لە دووریی نزیکەی پەنجا شەقاوێکەوە، ڕێڕەوی خۆی بەرەو ئەوێندەر گۆڕی. بایەکی توندی ساردی دەهات. کڵاوەکەی توند گرتبوو. لە بن لێوانەوە گوتی: ئەم بایە لاسارو بزێوە چڕە هەورەکە دەڕەوێنێتەوەو بەری ئاسمان ساف دەکاتو یان ئەم هەورانە دەست دەنەنە گەرووی ئەم بایە سامناکە. لەم کاتەدا یەکێك لە ترامواییەکانی گەڕەکی فاتیح بەلەز بەوێندەردا تێدەپەڕی، مەحموود بە پەلە خۆی هەڵدایە ناوی. شێوەی کابرای تاقبیکار، کە دەتگوت ئاغزە جگەرەیەکی بیٚ بایەخەو لەسەر جادەکە کەوتووە، بەسەرو سەکوتی شەپڕێوو شەکەتەوە بەرە بەرە لەجامەکەی پشتەوەی ترامواییەکەوە ئاوا بوو و دیار نەما. مەحموود لە فکران ڕاچوو: "باشی بۆ چوو بووم. هەرگیز ئەوەی نەدەهێنا کە ئەوانی پێوە نیگەران بکەم! پیاوێکی یەجگار گەوج و کەودەن بوو."

دەوروبەر چۆڵی چۆڵ بوو و دنیا کڕوکپ و بێدەنگ، ئاسمان بۆنی تۆفان و زریـانی لێدەهات، بولڤاری ئەتاتورك تاکو خەلیج ڕاکشابوو. یەك دوو ترومبیلی شەوڕۆ بە لورە لور تێپەڕین. بایەکە خەریك بوو تاریکستانی هـەردوو وێستگە سەرگێراوو چۆڵ و هۆڵەکـەی دەڕەوانـدەوە... دروشـم و نووسینی جۆراو جۆر بەسەر دیوارەکانەوە دەبینران. هیچ کەسێك بەجادەکەوە نەبوو، کەس لـەو نـاوە دیـار نـەبوو، لـە کاتێکـا دەبوایـە کەسـێکی لێبوایـە، دەبـوا ڕەزا گـورگینی پیتچـن، بـە خـۆو چـەناگە تیـژو قامکـە مەرەکەباوییەکانیـەوە، بـە دەم جگەرەکێشـانەوە لـە سووچێکی ئـەو نـاوەدا چاوەڕوان بوایە. دەبوا چاوەڕوانی مەحموود بوایە. سەعات نیوی ڕێك بوو. ئەوێش سەراج خانە بوو. ڕۆژی پێنج شەممەش بوو. ئەدی بۆ لەوێنـدەر نـەبوو؟ بۆچـی نـەهاتبووە؟ مـەحموود دەبوایـە چاوەڕوان بکات.

سەعات یازدەو سی و هەشت دەقیقە بوو. چەند گەنجێکی مەست لەوسەری گەڕەکی فاتیح دیار بوون. سیٚ چوار کەسێك بوون، یەك یەك لەسەر جادەکە دەڕشانەوە... یازدەو سی و نۆیە. هیچ هاتووچۆیەك نییە. یازدەو چل و سێیە. کەس دیار نییە، شۆخی کردووە یان بەڕاستی نەیتوانیوە بێت؟ ئەدی بۆ تەلەفۆنێکی نەکرد؟ خۆ من بە دەستی خۆم ژمارەی ڕۆژنامەکەم لە دەفتەرچەکەی نووسی. نیوەی پارەکەی وەرگرت. ئیدی دەبیٚ بیانووی چ بیٚ؟ یازدەو چل و پێنجە. باران لە داکردنا بوو. بایە شکست خواردووەکە وەکو سەگێکی ڕاونراو، خۆی بەکوچەو کۆڵان و پەناو پەسێرە چۆڵەکاندا دەکرد. ڕەزا پیتچن لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوو. سەیرە! دە دەقیقەی دی چاوەڕوان دەکەم، ئەگەر نەیات دەڕۆم. هەمدیس هەمان گەنجە مەست و سەرخۆشەکان، هێشتا هەر مەست بوون. لە تاریکییەکەدا دەتتوانی ئەوە بدینی کە سەرو چاویان بە شتێك لەوتاوە. وەکو سوور پێستان بەریزو یەك لە دووی یەك ڕێیان دەکرد. پاشان دەستی یەکیان گرت و بەرەو گەڕەکی وەزنەچییەکان پەل بوونەوە. سەعات دوازدە کەم نۆ دەقیقە بوو کە تەکسییەك پەیدا بوو. لە دووی نەفەری مەیدانی تەقسیم بوو.

دوازده کەم پێنج دەقیقە بوو، کە تەمەڵباشیەکی قژلوولی، جگەرە بە دەستی، بێ چاکەت پەیدا بوو. کەمێك روانییە دەوروبەرو پاشان بۆ لای مەحموود هات. دەستەسرێکی کۆنەی لە ملی بەستبوو. بۆنی ڕاکیو توتنی  هەرزان بەهای لە دەم دەهات... گوتی:.... ببوورە کاکە، تۆ مەحموودیت؟

- بەڵێ، بۆ؟

- هیچ... ڕەزا پیتچن منی نارند. کارێکی نهێنی بە تۆ هەیە. لەو خوارەوە لە چاخانەی سەدری چاوەڕوانتە، لە ئۆن کاپانی... بێ زەحمەت تا ئەوێندەرم لەگەڵ وەرە....

مەحموود ئەو زەلامەی وەیاد هاتەوە کە لە گەڕەکی بایەزیدا، ڕواندبوویو خۆی لێ دزی بووەوە. زۆر بە پەلە کەوتە وردکردنەوەی کەسایەتی و قسەکانی کابرای گۆڕین: هەڵبەتە درۆ دەکات.!.

یا پیلانێکیان بە دەستەوەیە، بەڵام سەبرکە با بزانم چ دەبێ! یان ڕەزایان بەگیر هێناوەو نها گەرەکیانە وەکو چەشە بۆ ڕاوی من بەکاری بێننو بەمجۆرە بە تیرێ دوو نیشان بشکێنن، یانی هەم لە شەڕی رەزاو هەم لەشەڕی من بخەلەسنو یان ڕەزا بۆ ئەوەی نرخی خۆی بەرزتر بکاتەوە هەر بۆ تەفرەدانی وان ئەم نەخشەیەی کێشاوە. هەر یەکێك لەم ئەگەرانە ڕاست دەربچێت، زۆر خراپە، دەبوایە تەلەفۆنم بۆ رۆژنامەکە کردبا، بەلای کەمەوە ئاگادار دەبوون.

لە تاریکییەکەدا شان بە شانی یەکدی دەڕۆییشتن. مەحموود سەراپا بوو بوو بە چاوو گوێ، لە بچووکترین جوڵەی کابرای نەناس غافڵ نەبوو. هەوڵیدەدا لە پێش ئەوەوەو پشت لەو ڕێ نەکات. هەستێکی پەنهان، کە لە جورئەتو ترسێکی تێکەڵە دەچوو، لە ناخی ناخیا، وەکو گڵۆپی بێتەل هەڵدەبوو و دەکوژایەوە:

- هەر شتێك ببێت، دوای پەڕینەوە لە پشتێنەی بیزانس دەبێت. ئەوێ هەمیشە چۆڵەو هاتووچۆی بە سەرەوە نییە.

فێنکیو ساردی بارانەکەی بەسەرو چاوی خۆیەوە، وەکو دەستی تەڕی دایکی هاتە بەر خەیاڵ، لە دوورەوە، ڕێك لە بەرانبەریا، سوورایی درەخشانی گەڕەکی بی ئوغڵو دەبینرا. مەحموود حیسابی خۆی کردبوو: ئەم سەگە هەرچییەك بکات بە تەنیا دەرەقەتم نایەت. بێگومان بۆ لای هاوڕێکانیم دەبات. بێگومان بۆسەیەکیان بۆ ناومەتەوەو لەوێ بە کۆمەڵ بەسەرما دەرژێن.گەلەکۆمەکێم لێدەکەن. دەبێ زۆر خێراو گورج و گۆڵ فریا بکەومو بێمە دەست. چەند کەس بنو لە هەر لایەکەوە پەلامار بدەن فەرق ناکات، من دەبێ لە هەوەڵەوە توند یەخەی ئەم سەگە بگرمو بەر بمە وێزەیانو مژۆلیان بکەمو خۆم دەربازبکەم....

دیسان هەمان هزرێن پەریشان بەرۆکی زەینیان گرتەوە:

- هەر شتێك ببێت، دوای پەڕینەوە لە پشتێنەی بیزانس دەبێت، ئەگەر بارانەکە تۆزێ توندتری بکات قازانجی من دەبێ.

دوو کەس بوون. وەکو هەموو ئەو لاتو لەوێرو شەقاوانەی کە پارە وەردەگرن تا بکەونە گیانی کەسێکو لەخەڵکی بدەنو جنێوبارانیان بکەن، بەدەم جنێودانەوە لە هەمان ناوچەی ئەستەمووڵدا

دەوری مەحموودیان دا. مەحmوود تەحەمولی جنێوەکانی کرد، بەوپەڕی ترس و دڵەڕاوکێشەوە تەحەمولی کردو هەر ئەمەش بووە بایسی رزگار بوونی. بەلەز خۆی گەیاندە پشت ئەو کابرایەوە کە هاتبوو بە شوێنیاو، بە هەموو هێزییەوە دەستەکانی لە پشتەوە گرتن. بەرەو دووانەکەی دی دەڵەکی دا. زۆر لەوە سووکتر بوو کە وێنای کردبوو. سەرسمێکی داو کەوت بەسەر دەست و پێی دووانەکەی دیدا. یەکێکیان کەوت، ئەویتریان کە سەری پاك سفرکرد بوو و سمێڵێکی قەیتانی هەبوو و رەق راوەستا بوو، هەژدەر هەژدەر جنێوی دەداو سخێفانی دەگوت. سەری دانەواند بوو و کوێرانە هێرشی دێنا، ئامبازی یەکدی بوون. مەحموود هەوڵی دەدا حەریفەکەی توند لە نێو بازوەکانی بگرێت. دەیڕوانییە هەر شوێنێ، ژوور، ژێر، سەر، خوار، چەپ، راست هەمان کابرای سمێڵ قەیتانی دەبینی. هەستی بە قورسییەکی پڕ ئازار لە سەر زگ و سینگی خۆی کرد. بە خۆی گوت: "دەبێ بەر لەوەی ئەو دووانە هەستنەوە، کاری ئەم یەکە تەواو بکەم". و بەڕاستیش خەریك بوو دەیکوشت. هەردوو شانی دەگرت و بە ئەژنۆ توند دەیکێشا بەناو گەڵیدا. ئەویش دادەنەوییەوەو بەدەوری خۆیدا دەخولایەوەو لەسەر گیایەکە پەرت دەبوو.

– حەیوان...!

سەیر ئەوەیە کە دووەکەی دی، وەك ئەوەی ترسا بن هیچ هەقیان بەسەرییەوە نەبوو. تەمەشای یەکتریان دەکرد. ئەوسا شەویان شەق کردو بە نێو تاریکییەکە کەوتن و رۆییشتن.

سوورپێستەکان ریزیان بەستبوو وهێرەوە دەهاتن. هەنگێ بۆی دەرکەوت کە ئەمانە بوونەتە بایسی ترسی پەلاماردەرەکان و هەڵاتوون.

هەر لە هەمان ساتەوەختدا بوو کە هەستی کرد باران نمنم دەبارێ، کڵاوەکەی، جلەکانی و دەستەکانی تەڕبوون، تەمەشای سەعاتەکەی کرد، دە دەقیقە لە نیوەشەو بوری بوو. لە بن لێوانەوە گوتی: "هەر دەبێ رەزا پیتچن بدینم، ئەگەر ئەو نەبینم، هەر هەموو گەمەو پێشهاتەکانی ئەمەشەو بە هەدەر دەچێت. ئەگەر ئەو تەڵەکەی نەنابێتەوە، بێگومان ئەویشیان بە جۆرێك خستووەتە داوەوە. نابێ بەو ئاسانییە کۆڵ بدەم و ئەو لە دەست بدەم. بگەڕێ، تاقیبی بکە، پەیدای بکە، بیدۆزەوە، بگەرە ئەنجام، پارە بدەیت و لەدوا ساتدا بگەیتە بەر ئاستانەی ئەدرەسەکەو سێ شەلاتی لات و لەوێرت لێ پەیدا بن و لە بەر باراندا بتگەڕێننەوە هەمان خاڵی سفر! چما ئەم پارووە بەو ئاسانییە هەرس دەکرێت؟

باوەڕناکەم ئەم نەخشەیەش بە هیچ جۆرێ لەلایەن رەزا پیتچنەوە داڕێژرابێت. بێگومان ئەوانە لە قەراری ژووان و مەوعیدەکەی ئێمە ئاگادار بوونەو هەوڵیانداوە نەیەڵن ئەدرەسەکە دەستی من بکەوێ. چەند گەوجن. خۆ بە خۆیان دەبینن کە کارەکە بە کوێ دەگات. هەڵبەتە ئەو گەوجانە گوتوویانە ڕەزا لە کۆڵ بکەینەوەو بە باشی گوێی رۆژنامەنووسەکە راکێشین و تەمبێی بکەین، ئیدی هەموو شتێك دەبڕێتەوەو تەواو. لەوەیە بەر لەوەی لە ماڵەکەی خۆی هاتبێتە دەرێ. شکلوتی عەمریان کردبێ و لە پەلوپۆیان خستبێت، خۆ لەوانەشە وەکو چۆن رێیان بە من گرت و چییان لەگەڵ کردم، لەم ناوانە رێیان بەوەش گرتبێت و بە خزمەتی گەیی بن. ئەگەر، ئەگەری یەکەم راست بێ ئەوا کارمان گەنە! بەڵام ئەگەر، ئەگەری دووەم ڕاست بێ، ئەوا تروسکە ئومێدێك

هەیە. نا مەردانە لەگینە لە کاتی هەڵاتنەکەیاندا، ڕەزایان لەم دەوروبەرە بەرەڵلا کردبێت. لەوەیە لەگەڵ کەسێکدا یان بە تەنیا جێیان هێشتبێت، بەڵام بێگومان چاکیان کوتاوە. باشترین شت ئەمەیە کە هەموو پەناو پەسیرە چۆڵ و هۆڵەکانی سەر ڕێگەی ئۆن کاپانی و ئاکسارای بگەڕێم. ڕەنگە لە کۆلانێکا فڕێیان دابێ".

باران بە تەواوەتی خۆشی کردبووەوە. تا چاو هەتەر دەکات هەر تاریکی بوو. مەحموود بە جەو جۆڵی خۆی سێبەرەکانی دەشڵەقاند، بە وردی بن دیوارەکان دەگەڕا و تەمەشای دەوروبەری دەوەنەکانی دەکرد. کە هیچی نەدەدۆزییەوە، دەچووە ئەوبەر. لە قۆڵی راستەوە دەنگی ناخۆش و ناسازگاری شاوری حەسحەسێك دەهات و لە قۆڵی چەپیشەوە هاڕەهاڕی مەکینەیەك لە خەلیجەوە دەهات. لەکاتێکا هەموو ئەو ناوەی دابووە بەر تەمەشا لە وێستگەی زیرەق تێپەڕی. بەشی سەرووی قۆڵی چەپ، شورەو حەسارە نا قۆڵاو زبرەکەی بیزانس بوو. لە دەرگایەکی تاریکی تاریکەوە وەژوور کەوت، هەستێکی ترس ئاسا بەرۆکی گرت. وەکو داوە جاڵجاڵۆکەیەکی تەڕو تازە دەهاتە بەرچاو، و ئەوسا گفتوگۆیەکی پڕ سوێ و بەژان دەربارەی هەموو ژیان و بێ هیچ ئەنجامێکی دیارو بەرچاو:

– تا کوێی ئەم کارە پۆزەتیف بوو؟ لە کوێ بە دواوە دەشێت زاراوەی سەربهوردی بۆ بەکار ببرێت؟ بۆچی بە شێوەیەکی تاقەتبەر خۆم لە بەردەم خۆمدا تاقی دەکەمەوە؟

## یەشار کەمال

(١٩٢٢-        )

***ئەم کارە بە جەڵەبیو لاسایی کردنەوە ئەنجام ناردێت...***

***تەنانەت ئەگەر دەربارەی کەسێکیش شتێك دەنووسیت، دەبێ ببی بەو، بچیتە پێستو کڵێشەی ئەوەوە، ئەگەر دەربارەی ناوچەیەكو خەڵکی ئەو ناوچەیە، بەردو خاکی، رەنگو بۆی ئەو ناوچەیە قسە بکەی، دەبێ دەقاو دەق، کوتو مت ببی بەو ناوچەیە وەکو چۆن هەیە... دەبێ سەدی سەد ببی بە هەمان ناوچە... دەبێ سەرەتا خۆت، پاشان دراوسێکەت، دوای ئەوە گوندییەکانو پاشان سەرانسەری ناوچەکە... بێ هیچ لاسایی کردنەوەیەك... رێك وەکو چۆن هەیە، بەو ئاوایە باس بکەیتو بگێڕیتەوە...***

یەشار کەماڵ، لە ڕۆماننووسە بەناوبانگەکانی ئەدەبیاتی نوێی تورکیایەو زۆر دیمانەو هەڤپەیڤینو کورتە چیرۆکیشی هەن. لە گوندی گوکچەلی (همیتە)ی سەر بە ناحیەی عوسمانیەی سەر بەستانی ئەدەنا هاتووەتە دنیا. لە تەمەنی چوار ساڵیدا بابی لە دەست دا. ماوەی سێ دانە مانگ لە قوتابخانەی سەرەتایی بورهانلی کە دوو سەعاتە رێیان لە گوندەکەیانەوە دوور بووە، خوێندوویەتی (١٩٣١). دوای قوتابخانەی جەمهوریەت کادیرلی (١٩٣٨)، چووە قوتابخانەی یەکەمی ئەدەنا، بەڵام لە دوا ساڵدا بە ناچاری دەستی لە خوێندن هەڵگرت. لە ئەدەنادا زۆر کاری هەمە جۆری کردووە وەکو کارمەندیو بەرێوەبەریی لە کۆمپانیای بیناسازی، نوێنەرایەتی مامۆستایان، کرێکاری لە مەزراێن لۆکە، میراوی لە باخو بێستانان، کاروباری ئیداری کشتوکاڵ. سەر کرێکاری، گێرەو خەرمانکوتی، و کارمەندی لە کۆمپانیای بوتڵێن غاز، و ئەنجام لەسەر کاری رۆژنامەوانی گیرسایەوە. لە پاڵ سازدانی دیمانەو نووسینی سیناریویاندا، رۆمانو کورتە چیرۆكو شانۆنامانیش دەنووسێت. لە ساڵی ١٩٨٢دا خەڵاتی نێو دەوڵەتی (delduca)ی پاریسی بەدەست هێنا.

یەشار کەماڵ، ئەنادۆڵو چلۆنایەتی ژیانی خەڵکەکەی بە هەستو نەفەسێکی فولکلۆرییەوە لە بەرهەمەکانی خۆیدا نیشاندەدات. یەشار کەماڵ لە پێشا زیاتر خەریکی شیعر بوو، لێکۆڵینەوەی لە بواری فولکلۆردا دەکردو تا ئەم دواییانە پتر لە چل جار کاری خۆی گۆڕیوە. دیارە ئەم کارە گۆڕکێیەو باری سەرنجە وردەکانی بەدەم کارێن جۆراو جۆرە، ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لا دروستکردووەو ئەمە زۆر بە ئاشکرا لە نووسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. یەشار کەماڵ بابەتو تیمەی بەرهەمەکانی خۆی لە گوندەکانی ناوچەی تۆرۆس، مەزرادارانی چوقوور ئاوا، ئاغایانو رێگرانی کۆن، کرێکارانو جوتیارانی بێ کارو دەستکورتو لە ژیانی دژوارو سەختی ئەو خەڵکانەوە هەڵدەهێنجیو هەڵدەگوێزی کە ساڵانێکی زۆر هاودەردیان بووە. یەشار کەماڵ لایەنگری لە هونەرێك دەکات کە ناسنامەی سەربەخۆی، خۆی هەبێتو بەرخورد دەگەڵ حەقیقەتی ژیانی جڤاکی خەڵکی تورکیادا بکات: "مرۆڤ کاتێ مرۆڤو سەردەمییە کە بتوانێ بەخۆیدا بچێتەوە، بگەرێتەوە بۆ خۆی. نیشتمانی مە خودانی کەلتوورو شارستانیەتی

هەڵبژاردەیە. میللەتی مە ناسنامەی خۆی هەیە." و باوەڕی وایە: "ڕووکردنە ئەم کەلتورو ناسنامەیە، بایەخدان بەم کەلتوورو ناسنامەیە قازانجێکی زۆر بە ئەدەبیاتی تورك دەگەیەنێ".
یەشار کەماڵ، سوود لە زمانێکی نوێ، دینامیکی، زندووو تایبەت، و رستەێن کورت و زاراوەو وشەی هەمە جۆری ئەوتۆ دەبینی کە ڕەنگ و ڕیشەی لە سەردولکە، گۆرانی و ستران، پەندی پێشینان و بەیت و بالۆرەی خۆماڵی ناوچەی تۆرۆس و ئافسانان و زمانی خەڵکی ئەو ناوچەیە دایە. یەشار کەماڵ سەرەتا بە لێکۆڵینەوە لە فولکلۆر دەستی بە نووسین کردو پاشان لە ڕێگەی نووسینی سیناریۆ، شانۆنامە، ڕۆمان، کورتە چیرۆك، دیمانە، پێکەنینۆك و شیعر ناوبانگی دەرکرد. گرینگترین بەرهەمێن یەشار کەماڵ بریتین لە: گۆرانی خۆماڵی چیفتەچاپا ( یەکەم وتاریەتی لەسەر فۆلکلۆر، ١٩٤١). سەردولکان (گۆڤاری فولکلۆر، چاپی خانەی خەڵکی ئەدەنا، ١٩٤٣). لە دەورو بەری ساڵی ١٩٥١دا شیعرێکی زۆری بە ناوی کەماڵ سادق گوکچەلی لە بلاڤۆکێن جیاوازدا بلاوکردەوە. ئەو هەڤپەیڤینە دوورو درێژەی کە لە ژێر سەرناڤی "حەوت ڕۆژ لە گەورەترین مەزرای جیهان" دا بەزنجیرە لە ڕۆژنامەی جەمهوریەت بلاوی کردەوە لە ساڵی ١٩٥٥دا خەلاتی ئەنجوومەنی ڕۆژنامە نووسانی بە دەست هێنا. بەرهەمەکانی تری بریتین لە: زەردە گەرما (کۆ چیرۆك، ١٩٥٢). پەنجا ڕۆژ لە لێرە گرگرتووەکاندا (چەند گوت و بێژێکە. ١٩٥٥). تەنەکە (ڕۆمان، ١٩٥٥). چوقورئاوای گەرم (کۆ دیمانە، ١٩٥٣). حەمەدۆك (ڕۆمان، ئەم ڕۆمانە کە لە هندییەوە تا چینی بە بیست و شەش زمان پاچڤە کراوە، باسی جوامێری خەڵکی سی ساڵ لەمە پێشی چوقوور ئاوای تەنیا و بێ پەنا دەکات و لە ڕاستیدا سەربهوردی یەکێك لە سەدو پەنجا ڕێگرو یاخی کێوەکانی تۆرۆس لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٣٣ دەگێڕێتەوە" کلاو ڕۆژنەی پەرییان ( زنجیرە گفتوگۆ، ١٩٥٧)، دژمنی نامووس (سیناریۆ، ١٩٥٧). گا کێوی ڕەنگین (سیناریۆ، ١٩٣٨) کاراجا ئۆغلان (سیناریۆ، ١٩٥٨). کاریتە (ڕۆمان، ١٩٦٠). دەست هەڵبڕە (کۆ وتار، ١٩٦١). زەوی ئاسن، ئاسمان مس (ڕۆمان، ١٩٦٣)، کۆی چیرۆکە کورتەکانی یەشار کەماڵ (١٩٦٧)، سێ ئەفسانەی دەڤەری ئەنادۆڵ (١٩٦٧)، میهرگیا (ڕۆمان، ١٩٦٩، براوەی باشترین کتێبی بیانی لە فەرەنسا، ١٩٧٩). حەمەدۆك (ڕۆمان، بەرگی دووەم). ئەفسانەی چیای ئاگری (ڕۆمان، ١٩٧٠)، ئەفسانەی هەزار گا (١٩٧١)، سەرانسەری ئەم ولاتە (گفتوگۆ، ١٩٧١). تاوانی بازاڕی ئاسنگەران (ئاغایانی ئاقچاساز، بەرگی یەکەم، ڕۆمان ١٩٧٣). هەوری لە کوڵ (دیمانەو هەڤپەیڤین، ١٩٧٤). خوێ لە هەنگویندا (کۆ وتار، ١٩٧٤)، ئەفسانەی چیای ئاگری (شانۆ نامە، ١٩٧٤). یوسف، یوسفە چکۆلەی من (ئاغایانی ئاقچاساز، ڕۆمان، بەرگی دووەم، ١٩٧٥). مندالان مرۆڤن (چەند گفتوگۆیەك دەربارەی مندالانی بێکەس، ١٩٧٥). ئەگەر مارەکە بکوژن (ڕۆمان، ١٩٧٦). جوامێری چاکیر چایی (١٩٧٦) سالح تەمەشای ئەم چاوانەی من بکە (ڕۆمان، ١٩٧٦). سوڵتانی فیلان و مێرولە شەلەی ڕدێن سوور (ڕۆمان، ١٩٧٧). ئاسمان شینە (گوڵبژێرێکی ئەدەبیاتی فولکلۆری تورك، کۆ کردنەوەی یەشار کەماڵ و سەباحەدین ئەیوب ئوغلو، ١٩٧٨). باڵندەکانیش ڕۆییشتن (چیرۆکی درێژ، ١٩٧٨). تۆرانی دەریا (ڕۆمان، ١٩٧٨).

سەربازانی خوا (١٩٧٨). هیچکەس (ڕۆمان، ١٩٨٠) درەختی رزیو (وتاری جڤاکی، ١٩٨٠). حەمەدۆک (بەرگی سێیەم، ١٩٨٤، بەرگی چوارەم، ١٩٨٧). فوتوبیوگرافی (١٩٨٨).

**حەمەدۆک (١٩٥٥-١٩٨٧):**

حەمەدۆک، داستانی مرۆڤیکە کە تاقەتی بچووکی، زوڵم و بێدادی نییەو مل بۆ ئەو شتانە نادات و یاخی دەبێت. یەشار کەماڵ لەم ڕۆمانەدا، نەک هەر وەکو ڕۆماننووسێکی کلاسیک، بەڵکو وەکو داستان سەرایەکی زۆر بە توانا، فەزاو هاماجێکی تەواو تازەی ئەنادۆڵ و، شیعرو فولکلۆری ئەو دەڤەرەمان پێ نیشاندەدات. پوختەو شیلەی رۆمانی حەمەدۆک کە بۆ زۆربەی هەرە زۆری زمانانی دنیا پاچڤەکراوە بەمجۆرەی خوارەوەیە:

حەمەدۆک کوڕی بێوە ژنێکە. لە دڕکە جاردا بە دووی گاجووتانەوە، بە پێی خوێناوی زەوی دەکێڵێ. زۆر لە عەبدی ئاغا و دڕکەجاڕ بێزارە. حەمەدۆک ڕۆژێ لە کاتی زەوی کێڵاندا، گایەکان بەردەدات و دەڕەڤێ. لە گوندی کەسمە لادەدات و دەچێتە ماڵی کوجە سلێمان. سلێمان کە دەزانێ حەمەدۆک لە دەست زوڵمی عەبدی هەڵاتووە دڵی پێی دەسووتێ و کۆمەکی دەکات. دەیکات بە شوانی گوندەکە. هاوین دێت، دڵی حەمەدۆک تەنگ دەبێت، غەریبی دایکی دەکات، دەکەوێتە بیری دایکی کە چۆن بەتاقی تەنیا دەرەقەتی درەوو کاری خەرمان دێت. خۆی بە یەکێك لە گوندییەکان بەنێوی پانجاك هوسوك نیشان دەدات و شوێنی نیشتەنی خۆی پێدەڵێت. عەبدی هەرکە شوێنەکەی حەمەدۆک دەزانێ، یەکسەر بەرەو گوندی کەسمە بەڕێدەکەوێت و ماڵی سلێمان خۆ بگرە وا هاتم. حەمەدۆک لەگەڵ خۆیدا دەباتەوە. ئازاری نادات، بەڵام دژمنیەتی. ئەو ساڵە برسییان دەکات. بە ناوی سزادان و تۆڵەوە دارو نەداریان لێ دەستێنێ.

حەمەدۆک لەم هەلومەرج و کەش و هەوایەدا دەڕسکی و گەورە دەبێت. وردە وردە حەز لە خەدیجەی دراوسێیان دەکات. ئەشقی ئەو دووە بەرە بەرە دەبێ بە ئەشقی مەحاڵ. ڕۆژێ حەمەدۆک و مستەفای برادەری لێدەبڕێن بچن بۆ شاری. هەڵبەتە ئەم جۆرە دێهاتییانە زۆر بەکەمی و بە زەحمەتی دەتوانن بچنە شاری، ئەویش دەبێ بە پرسی عەبدی ئاغای بێت. حەمەدۆک و مستەفا بە بیانووی ڕاوەوە وەڕێ دەکەون. شار بۆ وان دنیایەکی دیکەو بە هەشتێکی ئەفسوونکەرە. ئەو شەوە لە کاروانسەرایەکی شاردا ڕۆژ دەکەنەوە. لەوێ سەرجۆخەیەکی پیر، حەسەن ماراشلی هاو ژووریانە. ئەمە کابرایەکی دنیادیدە، زاناو قسە خۆشە. حەمەدۆک لەوەوە فێر دەبێت کە دنیا فرە گەورەیە. لەوەوە دەزانێ کە لە چوقوور ئاوا کەسانی وەکو عەبدی ئاغای تیا نییە کە خاوەنی هەموو شتێك بن. شاری ناڤبریش ئاغای نییە. لەگژ فکران ڕادەچێ. دنیایەکی بەرین و بێ سنوورو کەوشەنی دێتە بەر چاوان. حەمەدۆک کە دەگەڕێتەوە گوند، حەمەدۆکەکەی جاران نییە، حەمەدۆکێکی دیکەیە، بە تەواوەتی گۆڕاوە. سەرجۆخە حەسەنیشی زۆر خۆش دەوێ. بڕیار دەدات خەدیجە ڕەدوو بخات و بڕۆن لە چوقوورئاوا کە ئاغاو ماغای تێدا نییە، ئاکنجی بن. ڕێك لەم کاتەدا خەدیجە لە برازایەکەی عەبدی ئاغا، کە لە گوندەکەی دراوسێیاندا دەژی، مارە دەبڕن. حەمەدۆک شەوێك خەدیجە هەڵدەگرێت و بە دوو قۆڵی

وەرێدەکەون و چوقوورئاوا خۆت بگرە واهاتم. عەلی ناوێکیان شوێن دەخەن کە بیاندۆزێتەوە، لێ شوێن پێیانی پێ هەڵناگیرێت. جەندرمە دەیخەنە ژێر کوتەک بەڵام عەلی شون هەڵگر هەر نایان دۆزێتەوە. ئێستا حەمەدۆکی ناسیووەو خۆشی پێیدا چووە. ئیدی جەندرمەکان بە خۆیان دەکەونە تاقیبی حەمەدۆک. بارچاوشێك بە نێوی عاسم دەکەوێتە هەوڵ و تەقەلای دەستگیرکردنی حەمەدۆک. عاسم پیاوێکی جوامێرە. حەمەدۆک یەك دوو جارێك خستوویەتیە داوەوە، بەڵام رەحمی پێدا کردووەو چاوپۆشی لێکردووە. ئەنجام جەندرمەکان حەمەدۆک لە شکەفتێکدا گەمارۆ دەدەن. شەڕێکی گەورە دەقەومێ. حەمەدۆک گوللەی پێ نامێنێ. لەلایەکی تریشەوە خەدیجە لە حاڵی زایین دایە. حەمەدۆک دەستەسرەکەی بە لوولەی تفەنگەکەیەوە دەکات و تەسلیم دەبێت. بارچاوش عاسم دەچێتە ئەشکەوتەکەوە. لەو کاتەدا کە دەخوازێ حەمەدۆک دەستگیر بکات، ئیراز دێتە پێشەوەو مەلۆتکە نوێزاوەکەی نیشان دەدات و دەڵێت:

- بار چاوەش! تۆ حەمەدۆکت دەستگیر نەکردووە. ئەم ساوا نوێزاوە بووە بایسی ڕادەست بوونی وی.

عاسم تیچاوێك دەداتە ساڤالۆکەکەو پەی بە مەسەلەکە دەبات. یەکسەر فیشەکدانەکەی لە پشت دەکاتەوەو هەڵیدەداتە بەردەم حەمەدۆک:

- ئەمە هەڵگرە! هەڵیگرەو لە دوای منەوە تەقە بکە...

وەردەسوڕێ و دەڕوات.

حەمەدۆک لە سۆنگەی جوامێری عاسمەوە رزگاردەبێت. منداڵەکەی گەورە دەبێت. لەو رۆژگارەشدا شەڕێکی بەرچاو دەقەومێ. مولازم فاروق، حەمەدۆک دەخاتە گەمارۆوە. خەدیجە لەو شەڕەدا زامدار دەبێت، دەمرێت. ئیراز داوا لە حەمەدۆک دەکات کە منداڵەکە بەو بسپێرێت و حەمەدۆک ئەم کارە دەکات. ئیراز منداڵەکە وەردەگرێت و بۆ شوێنێکی نادیار دەڕوات. حەمەدۆک بەتەنێ دەمێنێتەوە.

عافواتی گشتی دەردەکەن و گشت چەتەو رێگرەکان لە پەناگا کوێستانییەکان وەدەردەکەون. هیچ رێگرێك لە چیا نامێنێ. کوجا عوسمانی گوندی وای وای، زۆر دڵبەندی حەمەدۆکە. حەمەدۆک، رێگرێکی بە نێو کالایجی کە دژمنی ئەوان بووە، کوشتووەو ئەوانی لە ستەم و زوڵمی وی رزگارکردووە. عوسمان و هاوشارییەکانی خۆیان بە قەرزاریی حەمەدۆک دەزانن. خەڵکی گوندی وای وای مەزرایەکی بە رووبەری سەد دۆنمی* دەدەنێ و خانوویەکی بۆ دروست دەکەن. حەزدەکەن حەمەدۆک لە دوای جێبەجێکردنی یاسای عافواتی گشتی لە گوندەکەی وان جێگیرو ئاکنجی ببێت. ئەسپێکی رەسەنی عەرەبیشی بۆ پەیدا دەکەن. کوجا عوسمان بە نوێنەرایەتی خەڵکەکە بە سواری ئەسپەکە بۆ دەگیرمەن ئولوك، گوندەکەی حەمەدۆک دەڕوات. حەمەدۆک دەبێ بە سواری ئەم ئەسپە بۆ گوندی وای وای بڕوات و خەڵکەکەش چاوەڕوانن تا بەشکۆو شانازییەوە پێشوازی بکەن.

عەبدی ئاغا لە ترسی حەمەدۆك هەڵاتووەو لە شارا لە نزیكی بارەگای سەركردایەتی جاندارمرییەوە، لە خانوویەكدا ئاكنجی بووە. تۆپاڵ عەلیشی لەگەڵە. عەبدی ئاغا متمانەیەكی زۆری بە تۆپاڵ عەلی هەیە.

حەمەدۆك، بە گومان و دوو دڵییەوە لە چیا دێتە خوارێ و بەرەو گوندەكەی خۆی پەل دەبێتەوە. دایە حۆری لە گوندی پێشوازی دەكات. دایە حۆری دراوسێیانەو حەمەدی لە خۆی خۆشتر دەوێ. دایە حۆری یەخەی حەمەدۆك دەگری و دەڵێت:

– ئەی حەمەدی ژندڵ! بۆ كوێ؟ دەڕۆیت خۆ بە دەستەوە بدەی؟ ئەم هەموو گوندییانە چاویان بڕیوەتە تۆ. یەك دوو ساڵە جگە لە نانی وشك تێریان لە هیچ نەخواردووە. جگە لە نان هیچی تریان نەبووە، بەڵام لە زوڵم و ستەم دوور بوون. عەبدی لە ترسی تۆ بۆ گوند نەهاتووە... ئێستا ئەگەر تۆ تەسلیم ببیت و دەست لە كارەكانت هەڵگریت، دێتەوەو دیسان گوندیی دەكەوێتە ژێر باری زوڵم و ستەم و بەدەم برسێتییەوە دەناڵێنێ. دایكی تۆ لە ڕای ئەمە مرد؟ خەدیجە لە پێناوی ئەمەدا كوژرا؟ دەڕۆی تەسلیم ببی؟ دەڕۆی لە گوندی وای وای ئاكنجی ببیت؟ لەم كاتەدا كوجا(قۆجە) عوسمان دێت و ئەسپەكەی دەداتێ. گوندییەكان نەفرەت لە عوسمان دەكەن و دەڵێن "كوێر بیت پیرە مێرد.". حەمەدۆك سواری ئەسپەكە دەبێت، لە نێو ئاپۆڕاكەدا تۆپاڵ عەلی بەدی دەكات. ئاماژەیەكی دەداتێ. عەلی بەرەو دەرێی گوند دەڕوات. حەمەد لێی دەپرسێت مالی عەبدی لە كوێی شاردایە؟ تۆپاڵ، ئەدرەسی تەواوی ماڵەكەی عەبدی پێدەڵێت. حەمەدۆك پاش وەرگرتنی ناونیشانی ماڵەكەی عەبدی خۆی بە شاردا دەكات. بە خەنجەرەكەی خۆی دەرگای ماڵەكە دەكاتەوەو دەچێتە قاتی سەرەوە. عەبدی ئاغا، لە ژوورەكەی خۆیدا نووستووە. حەمەدۆك بانگی دەكات: "ئاغا، ئاغا! من هاتم!" و بێداری دەكاتەوە. عەبدی چاو هەڵدێنێ. سەرەتا باوەڕناكات. بە چاوانی ئەبڵەقەوە وشك دەبێت. چاوانی دەردەپۆقن. فەرموو درێژەی حەمەدۆك بخوێننەوە:

حەمەدۆك میلی تفەنگی ڕاكێشا و سێ گوللەی نا بە سینگی عەبدی ئاغاوە. لامپای ژوورەكە بە هۆی تیراندازییەكەوە كوژایەوە.

گوندییەكان حەمەدیان بینی كە لە ناوەندی مەیدانەكەدا وەكو كێو بەسەر ئەسپەكەوە دانیشتبوو. هەمووان، بچووك و گەورە، پیرو گەنج، دەوریان دا. بازنەیەكی گەورە چێ بوو. ورتە لە كەسەوە نەدەهات. تەنانەت دەتوانرا هەناسەدانی خەڵكەكەش بژمێردرێ.

هەموو چاویان بڕی بووە ئەو. سەدان چاو بڕابوونە ئەو وسووربوون لەسەر وەی كە بێدەنگ بن.

ئەو سوارە كێو ئاسایەی كە لە ناوەڕاست دا دەبینرا سووكە جوڵەیەكی كرد. ئەسپەكە یەك دوو شەقاوێك چووە پێشێ و ئەوسا وەستا. سوارەكە سەری هەڵبڕی. چاوی بە حەشاماتەكەدا گێڕا. دایە حۆری بێ ڕەنگ دیار بوو. ساكا بوو. پێڵووە چرچەكانی دەكرانەوەو دادەخران. چاوی بڕی بووە ئەوو چاوەڕوانی قسەیەك یان جوڵەیەكی ئەو بوو.

ئەسپەكە دیسان جولا. حەمەد ئەسپەكەی ڕووەو دایە حۆرێ ئاژۆت. كە گەییە ئاستی ئەو، جڵەوی ئەسپەكەی ڕاكێشا و گوتی: " دایە حورێ! دایە حۆرێ! تەواو بوو... گەردنم ئازا بكە."

بەرەو چیای ئالاداغ وەرێکەوت. وەکو هەورێکی ڕەش لە گوند وەدەرکەوتو لە چاو ون بوو.

***

یەشار کەمال دەڵێت: "لە ساڵانی ١٩٢٥- ١٩٣٣دا پتر لە سەدو پەنجا یاغی لە چیاکانی توروسدا دەسوڕانەوە. حەمەدۆك یەکێکە لەوانە."و لە ڕۆمانەکەی خۆیدا باسی خاكو خەڵکی دەڤەری ناڤبری دەکات:

بناری توروس لە دەریای ناڤینەوە دەست پێدەکات، لە کەنارەکانی دەریای ناڤینەوە، لەو کەنارانەوە کە شەپۆلان خۆی پێدا دەدەنو بەرەبەرە بەرزدەبنەوەو خۆ بۆ لوتکەکان هەڵدەدەن. ئاسمانی دەریای ناڤین پەڵە هەوری چڕو سپی لێنابڕێت. کەنارێن دەریای ناڤین تەختانیو هەموارن، لمەکەی هێندە بە تروسکەیە دەڵێی جەلایی کراوە، لمەکەی هێندە نەرمە لە نەرمە گۆشت دەچێت... تا چاو بڕدەکات هەر دەشتو کەنارەو یەکپارچە بۆنی دەریاو خوێیە. لە دوای لمەلانە تەختانیو هەموارەکەو لە پاش زەوییە کێڵدراوەکان ئیدی مەزراکانی چوقوور ئاوا دەست پێدەکات. دەوەنەجاڕو قامیشەڵانو تودڕكو تریێ کێویلکە، دەرو دەشتیان داپۆشیوەو تا چاو هەتەر دەکات سەوزاییەکی تۆخی پڕ لە بێشەڵانی جۆراو جۆری چڕەدارستانی تاریکتر لە هەر لێرەوارێکی تاریكو سامناکە.

تۆزێك لە پێشتر، ئەگەر بە تەمابیت بە ئاناوارزاو عوسمانیەدا تێپەڕیو بۆ ئیسلاحیە بڕۆیت، دەگەیتە کۆمەڵێك زۆنگاوی پانو بەرین. ئەم گوڵاو وزۆنگاوانە لە مانگەکانی هاویندا قوڵەقوڵ دەکوڵێنو بۆنێکی هێندە بۆگەنو ناخۆشیان لێدێت، کوڕم دەویێ لێیان نزیك ببێتەوە.
بۆنێکی قێزەوەر لە نەیجەزارو پوشو پەلاشو دارو دەوەنی گەنیوو قوڕە لیتەی ئەو ناوە هەڵدەستێ. بەڵام هەر هەمان ناوچە، هەر ئەو زۆنگاوانە لە زستاندا دەبن بە سەرچاوەو کانیاوانی زوڵاڵو روون. هاوێنان پوشو زەلو دڕوان سەریان دەگرێو ئاوەکە نابینرێ، لێ زستانان لە تۆ وایە چارشێوێك بووەو لەسەر ئاوەکەیان لاداوە. کە لە گوڵاو و زۆنگاوەکان رەت دەبیت، یەکپارچە وەردو شۆوە. خاکەکەی ئەوەندە بە پیتو بڕشتە یەك وچلو یەكو پەنجا دەبڕێ،و گەرما نەرمو خۆشە.

هەندێ تەپۆلکەو بەرزایی چڕە دارستان دێتە رێت، ئەم تەپۆلکانە لە بۆنی دارکاژدا نقوم بوون، کە لە گردۆلکەکان رەت دەبیت، لە پڕ کۆمەڵە تاوێرێك دەردەکەون. لە ناکاودا ترس سەراپای مرۆڤ دەگرێت. لە هەمان کاتدا بێشەیەکی چڕە کاژان دەردەکەوێ. شۆکەی کاژەکان لەبەر تیشکی هەتاودا وەکو بلوور دەدرەوشێتەوەو تك تك دەتکێتە سەر عاردی. پاش ئەوەی یەکەمین کاژستان دەبڕێ، دیسان دەکەوێتە ناو دەشتێکی پانو بەرین... خاکەکەی شینکێکی بێ پیتی نەزۆکە...

لێرەوە لوتکە بەفرگرەکانی زنجیرە چیای تۆروس ئەوەندە نزیك دیارە، لە تۆ وایە هەر کە دەست بەرز بکەیتەوە، دەست دەیگاتێ.

تا ئەو شوێنەی کە دار بەڕووان تەواو دەبێ هیچ زەوییەکی دی نابینی. هەرهەموو هەورازو نشێوەکان یەکپارچە دار بەڕووە. داربەڕووەکان ئەستوورو کورتە باڵاو کەم لقو پۆپن. بەرزی بڵندترین لقیان لە مەترێك زیاتر نابێت. گەڵای کەسکی تۆخ، لا لا سواری یەکتر بوون، زۆر بە

قوولّی ڕەگیان لە زەوی داکوتاوەو مەحکەم وەستاون. وا دێتە بەرچاو کە هێز نییە بتوانێ بیانجوولێنێ.

ئەو عاردەی کە بەڕووانی لێدەڕوێ، سپی خاك‌و بێ پیتە. خاکەکەی لە گەچ دەچێت، یانی گەچۆڕە... خاکێکە ئێژی سوێندی خواردووە کە جگە لە بەڕوو هیچ درەختێکی دیکە لە خۆ نەگرێت.

ئەو لەو جۆرە خاك‌و عاردەدا گەورە دەبێ‌و بالاّ دەکات. لەم خاکە بێ بڕشتەدا دەڕوێ‌و دەڕسکێ.

بە هەزار و یەك نەگبەتی... وەکو پێویست نەیتوانی بالاّ بڕفێنێ. شان‌و لاقەکانی گەشەیەکی ئەوتۆیان نەکرد، دەست‌و لاقەکانی وەکو لق‌و پۆپی وشکی درەختان بوو، وشك‌و لاواز. دەموچاوی گەنمڕەنگ‌و لاواز بوو... گەنمڕەنگێکی خۆرانگاز... ئەگەر بە چاوی کڕیاری سەیرت کردبا، بێگومان ئەو دار بەڕووانەت وەبیر دەکەوتنەوە. کورتە بالاّو لاواز... عەینی بەڕوو، ڕەگێکی بتەوی لە خاکدا بوو. گشت ئازای بەدەنی وشك‌و مکوم بوو. تەنیا یەك شوێنی بچووکی بەدەنی بە پاراوی‌و تازەیی مابووەوە. لێوەکانی وەکو لێوی منداڵان نەرم‌و پەمەیی بوو....و زۆر بە ناسکی دەجولاّن. هەمیشە بزەیەك بەسەر لێوانییەوە بوو.... بزەیەك هاوتای زبری‌و بێ ڕەحمیەکەی بوو.

حەمەدۆك ئەو بەیانییە شادی لێدەچۆڕا. خۆرە تاوێکی خۆش بوو، بەو هەوا خۆشە دەچووە دەرێ، پیاسەیەکی دەکردو دووبارە دەگەڕایەوە. چاکەتێکی لەبەر بوو کە لە قاچاغچیانی گرتبوو، دەستەسڕێکی لە گیرفان دا بوو، هەر جارەی بە جۆرێ دەری دێناو خۆی پێوە مژول کرد بوو. دەستەسڕەکەی دەکردەوەو دووبارە قەدی دەکردەوەو هەڵیدەگرت. کڵاوەکەشی تازە بوو. کڵاوەکەی لەسەرنا، لێوارە ڕەش‌و پانەکەی کڵاوەکەی هێنایە سەر هەنیەی.پاشان بردییە دواترەوەو لە ئاوێنەدا تەمەشای خۆی کرد. بە دڵی نەبوو. دووبارە لێوارە ڕەشەکەی کڵاوەکەی هێنایە دەرێ‌و هێنایە سەر هەنیەی‌و بەو دەقەوە وازی لێهێنا. شەرواڵەکەشی نوێ بوو. دوو ساڵ لەوەپێش کڕی بووی بەڵام لەبەری نەکردبوو و نها لەبەری دەکرد.

گۆرەوییەکانی لە پێ کردن‌و دووبارە دایکەندنەوە. ئەم حەمکە گۆرەوییە! گۆرەوییەکی زۆری هەبوو. دایکی باش گۆرەوی دەچنی، جوانترین نەخشی لێدەکردن. دوا گۆرەوی لەپێ کرد، ئەم جووتەشی بەدڵ نەبوو. لە پێی داکەندن‌و توڕی دایە سوچێکەوە. تیچاوێکی دایە دایکی. هەستاو دەرکی سەندووقەکەی کردەوە. ناو سەندووقەکە بۆنی سێوی کێوی لێدەهات. کە سووچێکی سەندووقەکەدا چاوی بە جووتێ گۆرەوی نەخشین کەوت، تەزوویەکی پێداهات. دانەوییەوەو هەڵیگرت. بۆنی سێو هەموو شوێنێکی پڕکردبوو. کە دەستی بەر گۆرەوییەکە کەوت، لەرزەکەی زیاتر بوو. خورپەیەك بە دڵیا هات. و ئۆخژنێکی بەلەزەتی لە دڵ‌و دەروون گەڕا. هەستی بە جۆرە گەرمی، بە جۆرە نەرمییەك دەکرد. ڕووناکی ناو سەندووقەکە کەم بوو و ڕەنگی گۆرەوییەکە تاریك دەینواند... دەرهێناو دایە بەر ڕووناکییەکەو تەمەشای کرد. ڕەنگەکان لەبەر ڕووناکییەکەدا دەدرەوشانەوەو جوانتر خۆیان دەنواند.

دەنگی گۆرانییەکی خۆماڵی و ناوچەیی دەهات... ئەم گۆرانییە بەشەو جۆرێکە، بە رۆژ جۆرێکی دی... ئەگەر منداڵ بیڵێ جۆرێکەو، ژن بیڵێ جۆرێکی دییە... گەنج بیڵێ جۆرێکە، پیر بیڵێ جۆرێکی دیکەیە... ئەگەر لە چیادا بگوترێ جۆرێکەو لە دەشتو جەنگەڵو دەریادا بگوترێ جۆرێکی دییە. زۆر جۆری هەیە... بەیانیان جۆرێکە، نیوەڕوان جۆرێ، عەسران جۆرێکەو، شەوان جۆرێکی دییە.

گۆرەوییە بە نەخشو نیگارەکە وەکو گۆرانییەك وابوو. بە گەرمی گۆرانییەکی خۆماڵی چنرا بوو، لەسەر نەزمی گۆرانییەکی خۆماڵی چنرا بوو. پێکهاتەی رەنگە زەردو سوورو کەسكو شینو نارنجییەکانی، نەرمیو ناسکیو ئارامییەکی سەیریان بە چاو دەبەخشی. شتێکی لێ دروست بوو بوو وەکو ئەشق یان میهرەبانی.

ئەشق بوو. رەگی لە دابو نەریتدا بوو. بێ حیکمەت نەبوو کاتێ حەمەدۆك دەستی بەر ئەم گۆرەوییانە دەکەوت لەرزی لێدەهاتو تەمەشاکردنی لەبەر رووناکییەکە دەیهێنایە جۆشو خرۆش. لە چنینی ئەم گۆرەوییەدا نەخشی دوو باڵندە دیار بوو. دوو باڵندە کە دەنووکیان لە دەنووکی یەکدی نابوو و یەکیان ماچ دەکرد... و دوو درەخت... بە دوو قەدی بچووکەوە...و گوڵێکی گەورە بەسەرەوە... دوو درەخت کە بەردەوام بە پاڵ یەکەوەنو لە تۆ وایە گوڵەکانیان لە حاڵی ماچ ماچێندان.... روبارێکی سپی بە بەینی ئەم دوو نەخشەدا رەوانە. بەردەلانێکی سوور لە کەناری ئاوەکەدا هەیە. ئەوەی دەبینرێ سەمای مەشخەڵو رەنگەکانە.

گۆرەوییەکەی لە پێ کرد، پاتاوەکانی بەسەریا لە پێ کرد. گۆرەوییەکە تا ئەژنۆ دەهات. تاکو ئەژنۆی ئەو، باڵندەکانو روبارە سپیەکەو گوڵە ئاشقەکان دەبینران.

هەستێکی دەروونی پێی گوت خۆزگە خەدیجەش بەم وەزعو حاڵەوە دەی بینیت. بەرەو ماڵەکەی وان کەوتە رێ. خەدیجە لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا بوو. کە حەمەدی بینی چاوە درشتە جوانەکانی درەوشانەوە. کە گۆرەوییە دەستچنەکانی خۆی لە پێی حەمەدۆکدا بینی زۆر دڵ خۆش بوو.

حەمەدۆك، لەوێندەرەوە بەرەو ناوەندی گوند رۆیی.

***

لە رۆمانەکانی یەشار کەمالدا، بە تایبەتی لە حەمەدۆکدا بایەخێکی زۆر بە دەشتی چوقوور ئاوا، ویقار، میوانپەروەریو جوامێری گوندییانی تورکو!، ژیانی چادرنشینانی تورکمان!و رەوەندان دەدرێت. بۆیە رۆمانەکانی وی سەرباری بایەخی هونەریی، تایبەتمەندیی فولکلۆریشیان هەیە. نووسەر بەمجۆرە دەست بە فەسڵی دووەمی رۆمانی حەمەدۆك دەکات:

باران نمە نمە دەباری. شتێك لە نێوان تەمو بارانەکەدا بوو. بای نەدەهات. تەمو مژ دەشتی ئاناوارزای گرتبوو. بەیان لە ئەنگاوتندا بوو. لە قوڵی رۆژ هەڵاتەوە، لەو دیو مژو بوخارەکەوە، ناو بەناو رۆشنایییەکی گۆنگ بریقەی دەدایەوە. کابرایەك خۆی لە پاڵتۆ جوانەکەیەوە پێچا بوو و سەری نابووە سەر قۆناغی تفەنگەکەی کە لوولەکەی بە قەدی بەلالوکە کێوییەکەوە نابوو.

ئەژنۆکانی بە تەواوەتی کۆکردبوونەوەو بە ورگی خۆیەوەی نابوون، بە چیچکانەوە خەوی لێکەوتبوو. پۆلە باڵندەیەك بە زیقە زیقێکی زۆرەوە، بەسەر سەری ئەوەوەو لەسەر چڵێن بەلاڵوکەکە هەڵفڕین. کابرا چاوی هەڵێناو دووبارە لێکی نانەوە. دوای تۆزێك خەبەری بووەوە. چاوانی هەڵگلۆفتن،و بێ هیچ مەبەستێك چاوی بەم لاو بەولادا گێڕا. شەکەت و ماندوو بوو. بە نە بەدڵی هەستا.

دەمی تاڵ بوو. تفێکی ڕۆکرد. تفەکەی بەر داوە جاڵجاڵۆکەیەکی سەر پنجە دڕوویەك کەوت. دانەوییەوە، تفەنگەکەی هەڵگرت و کردییە شانی. خەنجەرێکی درێژی چەرکەسیانەی بە زیو نەخشاوی، لەلای چەپەوە بەقەد خۆیدا کردبوو، خەنجەرەکەی ئەوەندە درێژ بوو دەگەییە ئەژنۆی. دەمانچەکەشی لە پاڵ خەنجەرەکەدا بەستبوو. چاکەتێکی ئەستووری ئاوریشمی دەستچن و ڕەنگاو ڕەنگی لەبەر بوو، سێ ڕەخت فیشەکی بەسەر چاکەتەکەوە لە خۆ دابوو. دووربینێکی دوو چاوی ڕەش و گەورەی تازەی لە مل کردبوو.

پاتاوەکانیشی کە لە چەرمی ئەستوور دروست کرا بوو، هەر تازە بوو. دەرلینگی شەرواڵە خورییەکەی لە نێو گۆرەوییە نەخش و نیگادارەکەی نابوو و تا ئەژنۆکانی هەڵیکێشا بوون، ڕەنگی شەرواڵەکەی قاوەییەکی ئاچوخ بوو، دەسکاری گوندییانی ناوچەی تۆرۆس بوو و بە توێکڵە گوێزان ڕەنگ کرا بوو. لە سێ قۆڵەوە حەپەی سەگ و بانگی کەڵەباب دەهات. کابرا ڕووی کردە باشوور، هیچ شوێنێکی بۆ دیاری نەدەکرا. ڕووی کردە ئەو سەمتەی کە بانگی کەڵەبابەکەی لێوە دەهات. ئەو دەنگانە کە لە ڕۆژئاواوە دەهاتن گۆنگ و نامەفهووم بوو. هێشتا دەنگی قوڕباقانی شەو، لێرەو لەوێ دەهاتە گوێ... لە قۆڵی ڕۆژهەڵاتەوە ناو بەناو دەنگێکی نامەفهووم دەهاتە گوێ و دوای ماوەیەکی کورت دەبڕا. لە دووری دوورەوە، لەو دیو دڕوەلانەکەوە، دەنگی شاورێك (فیکە) هاتە گوێ. دنیا گڕەو سەبونێکی بەترەف بوو. هەتاو بە ئەندازەی ڕمێك بەرز بوو بووەوە. بەڵام تەمومژ بواری دیتنی خۆری نەدەدا. ڕووناکییەکی خەیاڵ وڕوژێن، لە پشت تەمو مژەکەو ئەو بارانەوە کە هێدی هێدی دەباری، دەبینرا.

بە قۆڵی چەپدا کەوتە ڕێ. هێزی تیا نەبوو. ئەژنۆکانی دەچەمین، چوار دانە ڕۆژ بوو کە بەڕێوە بوو. دوێنێ نیوەڕۆ ئازووقەی تەواو بوو بوو، لێ نها هەستی بە برسیەتی نەدەکرد. بە هیچ جۆرێ بیری لە برسیەتی نەدەکردەوە. چوار ڕۆژ لەوەپێش سەربازان لە ساورونگزوین ئابلۆقەیان دابوو. ژمارەیان زۆر بوو. دابوویانە بەر دەستڕێژی گوللە. خۆشبەختانە وەختێ کە دەوریان گرت، دەمەو خۆرئاوا بوو. دنیا بەرەو تاریکبوون دەچوو و بارانیش دەستی بە بارین کرد. نزیکی نیوەشەو بوو کە وەکو پشیلەیەك دیواری ئابلۆقەی سەربازەکانی شکاند. ئیدی نەیدەتوانی لە چیاو چۆلاندا درێژە بە ژیان بدات. دنیاوبنیا سەرباز بوو. گوندیانیش بە بەردو گۆپاڵ و چەك بەگەڵ وان کەوتبوون. لە هەر دڕەوڵان و دەوەنەجاڕو لە هەر ژێر دارو دەوەنێکدا، لە دووی ڕاوە یاغیان بوون. هەمووی هەفتەیەك لەوەپێش بوو کە هەزاران گوندی، عەلی کوجایان، کە خۆی لە لوتکەیەکی زۆر عاسێ تاقەت کردبوو، دەستگیر کرد.

تەنیا یەك پەناگە، یەك تروسكەی ئومێدو یەك ڕێگەی ڕزگاری هەبوو، ئەویش ئەوە بوو خۆی بگەیەنێتە گوندی وای وای. لەوێش تەنیا ماڵی قۆجە عوسمانی شك دەبرد.

دوو دڵ بوو، ئەگەری ئەوە لە ئارادا بوو هەركە بگاتە گوندی وای وای، خەڵكی گوند ڕادەستی دەوڵەتی بكەن. لەوەشە وەكو برایەك، وەكو كوڕێكی خۆیان بیگرنەخۆ، ئەمە جگە لەوەی قۆجە عوسمان زۆر پیر بوو و سەری لە گوێی قەبر دەلەرزی. لە مێژیش بوو هیچ خەبەرێكی لێی نەبوو. باشە ئەگەر مردبێ چی؟ چ كەسێكی دیكەی خەڵكی گوندی وای وای ئەو دەناسێت.

كاتی خۆی بەشێوەیەكی ڕەوتەنی سەرێكی ساری ئومەتی دابوو و شەوێكیش لە ماڵیان مابۆوە، بەڵام خانەخوێیەكەی زارەتەرك بوو بوو. جا ئەگەر نها قۆجە عوسمان بترسێت چ دەبێ؟ قۆچە عوسمان ساردیو گەرمی ڕۆژگاری چەشتووەو پیرەمێرێكی دڵپاكو جوامێرو مەردو ڕەندە. بەڵام ئیدی ئەمە بەشەرە... مەعلوم نییە....

هەستیكرد بیركردنەوەو نەخشەدانان نای گەیەنێتە هیچ شوێنێو دادی نادات، چاری نییەو دەبێ بەرەو گوندی وای وای دابكێشێت. تەنانەت ئەگەر شوێنێكی دیكەو پەناگەیەكی دیكەشی هەبوایە، سەری پێوە نەبوو بۆچوونە گوندی وای وای. بیری ئەم گوندەی دەكرد. نەیدەزانی قۆجە عوسمانو خەڵكی ئەم گوندە كە تا ئەو ڕادەیە دڵبەندی ئەو بوون، نها هەڵوێستیان چۆنو چی دەبێ؟ ئەو تا نهوو نەك هەر زیانی پێنەگەیاندوون، بەڵكو سوودیشی بۆیان هەبووە. بەڵام وەزعی كوجا عەلی بەلەنگازی، كە دۆستی هەژارانو دژمنی مل ئەستووران بوو، لەبەرچاو بوو. گوندییان عەلییان لە چیادا دەستگیر كردو بە دەم تێهەڵدانو تف بارانكردنیەوە، ڕادەستی فەرماندەیان كردو پێیان گوت: "قوربان، یاخوا عەمری هەموو دژمنەكانتان كورت بێ". و پاشان سێ ڕۆژ و سێ شەو بەزمو شاییان گێڕابوو.

كە خۆی بە گوندەكەدا كرد بەردەوام بیری لەو ساتە دەكردەوە كە كوجا عەسمان دەستو لاقی ببەستێو ڕادەستی عەلی سەفا بێگی بكات. زۆری حەز دەكرد بزانێ عەلی سەفا بێگ چۆن پیاوێكە؟

دوێ شەو كە كەوتبووە دڕوەڵانەوە، زەردەسیریو دڕوان هەموو دەستو پێو لاقو لەتەریان بریندار كردبوو. زامەكانی دەسووتانەوە. باران لە یەكبینە بەڵام هێواش دەباری. مێشەنگوینان لە نێو پوورەدانە تەڕەكانیان كزكۆڵەیان كردبوو....

دڕكو دڕكەزییەكە زۆر زۆر بوو، نەیدەتوانی لەوەی خێراتر بڕوات، تاوەكو نیوەڕۆ بەو جۆرە بەردەوام بوو تا گەییە ئاودڕكەیەك كە دڕوەڵانەكەی لە سەرێ را تا خوارێ شەق دەكرد. لە بناری شاخێكدا كە چوار ئاودڕكە یەكیان دەگرتەوە، سێ درەختی گەورەی بینی. قەدی درەختەكەی ناوەڕاست كلۆرێكی تێكەوتبوو وجێی دوو زەلامی تیا دەبووەوە. خۆی بەو كلۆرە دارەدا كردو پشتی پێوەدا. پاڵتۆكەی ئاوی بارانەكەی دانەدابوو و بەدەنی تەڕ نەبوو بوو. بەڵام لاقی تەڕ بوو بوون. پاڵتۆكەی سفت چنرا بوو، یەكپارچە نەخشو نیگاری جوان بوو و تا سەر ئەژنۆی دەهات، تفەنگەكەی لە تەنیشت خۆیەوە هەڵپەسارد. دووربین، خەنجەرو، دەمانچەكەشی لە پاڵ تفەنگەكەی دانان. چاوی نوقاندن. زۆر برسی بوو، بەڵام بەلایەوە گرینگ نەبوو. ساری ئومەت

کاتێ نیشانی گوندی وای وای بۆ هەڵدەدا گوتبووی: "کە لە خوارەوە دێی دەبێ لە نازلی کیشلاوەوە بەرەو ساورونو بڕۆیت تا بگەیتە کاراچالیلیك*"و لەسەری ڕۆیی بوو: "لە کاراچالیلیکەوە بۆ سەرەوە هەڵگەڕێ تا دەگەیتە گردێك، لە بناری گردەکەدا سێ درەخت هەیە، لەوێندەرەوە تا گوندی وای وای دوو سەعاتە ڕێیە. دەبێ بە شەو خۆت بە گوندیدا بکەی. لە ناوەندی گوندا درەختێکی گەورە هەیە، لە ژێر ئەم درەختەدا تەختە بەردێکی مەڕ مەڕی سپییان چەقاندووە کە هەندێ شتی لەسەر نووسراوە، ئەم بەردە شەوانیش لە سپییەتیدا دەدرەوشێتەوە. تروسکەدارە، کە گەییشتیتە ئەوێندەر پشت لە دارەکەو ڕوو لە باشوور پەل ببەوە. ئەگەر زۆریش تاریك بوو و چاو چاوی نەبینی هەر بڕۆ. دەگەیتە بەر دەرگایەك. لەوێوە قوجە عوسمان بانگ بکە. یەکسەر دەرگاکە دەکرێتەوە".

بیری لەوە کردەوە کە ئەگەر دەرگاکە نەبێتەوە چ دەبێت.و ئەوسا بیری لەوەش کردەوە کە ئەگەر دەرگاکە بکرێتەوەو لە ناو ماڵەکەدا ڕووبەڕووی خەڵکی گوند ببمەوە دەبێ چ بکەم.

لە نێوان خەو و بێداریدا شەوی لە کلۆرەدارەکەدا ڕۆژ کردەوەو هاتە دەرێ، هەوا تۆزێ فێنك بوو بوو. باران هێشتا نەرم نەرم دەباری. تروسکەی ڕووناکییەکە جوان بوو، شەوی بە تەم‌و مژ لە کاراچالیلیك باری دەکرد. بۆنی گوڵ‌و گولیلیکی جوان دەشت‌و دەری تەنی بوو و پیاوی مەست دەکرد.

تفەنگ، دووربین، خەنجەرەکەی‌و هەرچییەکی تری هەبوو لە ژێر پاڵتۆکەی نان، ئەگەر کەسێك لە دوورەوە تەمەشای کردبا هیچی پێ نەدەبینی. ئەم پاڵتۆیە تەنیا یەك عەیبی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە لە چوقوورئاوادا نەباو بوو نە کەس لەبەری دەکرد. پاڵتۆو باڵاپۆش گوندییانی چیایی لەسەر جلکەوە لەبەریان دەکرد. بەڵام گرینگ نەبوو چونکە ئەو قەرار بوو بە شەو خۆی بە گوندیدا بکات.

***

لە پشت ماڵەکەوە چوونە سەر ڕێگەیەکی خۆڵەپەتانی. خۆڵ دەگەییە گۆزینگان (قولەپێیان)و وەکو پشکۆ وسکڵ دەڕژایە نێو پێڵاوان‌و پێی دەستووتاندن. هەتاوەکەش لە پشتەوە، شانوملی دەسووتاندن. پەڕەی گوڵ‌و لاسکی گیای قەراخ ڕێگەکە لە ژێر تەپوتۆزدا چرمسی بوون (ژاکا بوون، سیس بوون). هێلکە شەیتانۆکەی سپی لێرەو لەوێ بەسەر ئەو گوڵ‌و دڕکە تەڕانەکەی کە لە ئاگردا نەسووتا بوون، دەبینرا، سەیران، کە قەت حەزی لە شەیتانۆکە نەدەکرد، ئێستا بەلایەوە جوان بوو.

سەیران، بەلۆقەلۆق لە پێشەوە دەڕۆیی‌و دایە قەمەریش بە هەموو هێزو توانایەکی خۆی هەوڵیدەدا خۆی بگەیەنێتێ. دایە قەمەر بەدەم هانکە هانکەوە چۆڕ چۆڕ ئارەقە لە هەموو گیانییەوە دەڕژا. هاواری کرد: "سەبرکە کیژم، هێواش! پێت ڕاناگەم. کەمێ هێواش!".

سەیران ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە. زۆر لە دایە قەمەرەوە دوور بوو. شەرمی بە خۆی هات. وەستاو چاوەڕوانی دایە قەمەری کرد. دایە قەمەر کە بە تۆپزی خۆی بکێش دەکرد بەدەم کەوتن‌و هەستانەوە دوای ماوەیەك گەییە ئەو. ئەوو ئەم ڕێگا دوورە! زەحمەت بوو.

"گیانم دەرهات تا گەییمە تۆ کیژم! خەریکە دەمرم. وای لە دەست ئەم ژانە ئەژنۆیە! نەفرەت لە پیری. پیری‌و هەزار عەیب".

سەیران کە خەجاڵەتی ئەو خەمساردییەی خۆی بوو، ڕووی نەدەهات، چاو لەبەر دایە قەمەر هەڵبڕێ.

دایە قەمەر بۆ هێور کردنەوەی وەزعەکە پێکەنی و گوتی:

"کیژم، بۆچی پەلە دەکەی؟ خۆ هەر دەگەینە بێستانەکە. پێش ڕۆژاواش دەگەینێ...."

دایە قەمەر خۆشحاڵ بوو و پێدەکەنی.

هێشتا ماندوویەتییان دەرنەچوو بوو کە سەیران هەستاو لە جێی خۆی وەستا. ئۆقرەو ئارامی لێ هەڵگیرا بوو و سەبری سەرڕێژ بوو بوو. دایە قەمەریش ئیدی نەیدەتوانی لەوەی پتر دانیشێت. ئەویش هەستا. دیسان بەو گڕەی گەرمایە دەستیان بە ڕۆییشتن کرد. سەیران دوای کەمێك نقومی بیرەکانی خۆی بوو. پێشی دایە قەمەری دایەوەو زیاتر پێی هەڵگرت. دایە قەمەر چیتر بانگی نەکرد. سەیران گورج و گۆڵ، چالاك‌و چەلەنگ ڕێی دەکردو لە تۆ وایە دەفڕێ. دوای کەمێك لە چاو ون بوو. دایە قەمەر دوای ماوەیەك گەییە بێستانەکە. سەیران نەیدەتوانی تەمەشای چاوانی بکات.

خەلیل کۆسە هاواریکرد: "دایە... "و بە غار بەرەو پیری چوو و گوتی: "باش بوو هاتن، ئەمڕۆ دوو پۆڕم ڕاوکرد. یەکێکیانمان بە برنجەوە بۆ لێ بنەو ئەویتریان بۆ مامم ببە. پۆڕی قەڵەو و گۆشتنن."

حەمەدۆکیش بە غاردان هات‌و دەستی دایە قەمەری ماچ کرد. دایە قەمەر نیگایەکی کرد. حەمەد بوژا بووەوەو چاوە سستەکانی نها تروسکەیان تێ کەوتبوو و دەدرەوشانەوە.

"دایە خێر هاتی. غەریبیم دەکردیت. هاپۆ عوسمانم چۆنە؟ دەنگ‌و باسی گوند؟"

دایە قەمەر گوتی: "سەلامەتیت، هیچ نییە...."

ژێراو ژێر تەماشای سەیرانی دەکرد. سەیران جۆش‌و خرۆشی پێکەوتبوو، دەموچاوی سوور هەڵگەڕا بوو، بە زەحمەت هەناسەی دەدا، دڵی خێرا خێرا لێی دەدا. بەڵام حەمەدۆك هەر مێشیش میوانی نەبوو. دایە قەمەر بە وردی تەمەشای دەکردو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "کیژە بەلەنگازەکەم، کچە شەنگوڵەکەم، دەبینی هەر گوێشی لێ نییە، دەڵێی هەر لێرەش نییە! ئیدی بەخت‌و ناوچەوانی تۆش ئەمە بووە. بەو سەروچاوە جوانەتەوە، بەو قەدو باڵا عەرعەرییەتەوە، بەو چاوە گەشانەتەوە، هەر تەمەشاشت ناکات. تەنانەت ئەو جلکە جوانەش نابینێ کە لەبەرت کردووە، لە بەرانبەریدا وەکو گەڵایەکی لە حاڵی سەمادایت‌و کەچی هەر گوێشی لێ نییە...

سەیرانەکەی من، ئەی کچە بەخت ڕەشەکەی من، دیسان دەبێ بسووتێی‌و بسازێی، من نەمدەزانی وا دەبێ... وام دەزانی ئاگادارە. وای کیژە خشکۆکەی من، وای... نهو چ دەکەی؟

تەنانەت خەلیلە کۆسەش هەستی کرد کەچی ئەو هێشتا نازانێ کە .... کچە گوڵەکەم... کیژە بێ چارەکەم...."

سەیران لە بیری ئەوەدا بوو کە ئایا ئەو هەستی پێکردووە یان نا. سەرسام و سەرگەشتە بوو و، نەیدەتوانی چاو لە حەمەدۆك هەڵگرێ. نە قسەی دەکردو نە هیچی دەژنەوت، تەنیاو تەنیا نقومی تەمەشا بوو.

تا عەسر لە ژێر سێبەری فێنکی داربییەکاندا رۆنیشتن. حەمەدۆك تارادەیەك وەخۆ هاتبووەوە بەڵام هەر هیچی نەدەگوت و غەرقی هزرین بوو. پیس نوقمی بیروخەیاڵەکانی خۆی بوو. دایە قەمەر لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "چۆن دەبێ پیاو گەنج بێ، بەقووەت و رەشید بێ، سەڵت و رەبەن بێ و بەو حاڵەشەوە گوێ بەوە نەدات کە شۆخە کیژێکی وەکو سەیران بەو جلە ئاڵاو واڵایانەوە لە بەرانبەریا وەستاوە؟ ناشێت جادوویان لەم پیاوە کردبێ؟ باشە دەشێت پیاوێك ئەقڵی لە دەست نەدابێت و تەمەشای شۆخە کچێکی وەك سەیران نەکات؟ وای لە تۆ حەمەدۆك! وەی لە منت کەوێ دلاوەر! ئاغایانی بێ دین و جەندرمەی بێ ئیمان بڕستیان لە هەژاران بڕیوە...

ئەمە بۆ سەیران ناخۆش بوو، و دڵی دەهاتە ژان... بەختەوەرەی بە دەستی خودایە، قیسمەت و نسیبە، کەس بە ئازایەتی خۆی بە دەستی نایەنێت... هەوەڵ عەشقی عەزیز، عەشقێ کە هیچی لێ شین نەبوو و هیچ ئاکامێکی نەبوو.. ئەم کیژە داماوە دەفەوتێ، دەبێ تاکو مردن بێهودە هەڵبقرچێ... سەیرانە بەلەنگازەکەی من... تەمەشا چۆن چاوی بڕیوەتە ئەو، ئەم گەنجە چەند خەمساردو ساردو سڕە....

حەمەدۆك لە ناکاو سەری هەڵبڕی، چاوی بڕییە چاوی دایە قەمەرو بە دەنگێکی لەرزۆك و هەڵچوو گوتی: "دایە تۆ ئینسانێکی ئاقڵ و کارامەو پڕ ئەزموونی. دەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم".

بە پەلە شریتی عومری رابردووی هێنایە بەرچاوی خۆی، هەڵوەستەیەکی خێرای لە ئاستی هەر یەکێك لەمانە کرد: دایکی، خەدیجە، منداڵەکەی، گروبان رەجەب کە لەو خوارەوە لە باتلاغی ئاقچاسازدا نوستبوو، جەبار، عەلیە شەل، قۆجە عوسمان، عەلی دورموش، دایە حوری، هەمزە، وەزعی ئێستای گوند، سمایلە کەڕە،و پاشان دووبارە گوتیەوە: "دایە، تۆ دایکێکی دڵپاك و بە ئەزموونی و تەمەنێکت بەسەر بردووە. پێم بڵێ من چی بکەم؟ عەبدی رۆیی. هەمزە هات. هەمزەش دەڕوات ، بەکر دێت. عەلی سەفا دەڕوات و ...."

دایە قەمەر بۆی تەواو کرد: "کەنعان دێت...."

"گوندی وای وای-ش دەبن بە دژمنم. خەڵکەکەی نەفرینم دەکەن و هەموو هەینییەك مەلود بۆ شادیی روحی عەلی سەفا ساز دەکەن...."

دایە قەمەر لە فکران ڕاچوو، زۆری بیرکردەوەو ئەنجام گوتی: "حەمەد گیان ببورە من ئەقڵم بەهیچ کوێیەك ناگات. بمبورە".

حەمەدۆك روویکردە سەیران و گوتی: "خوشکێ، خوشکە سەیران، تۆ لەمبارەیەوە چ دەڵێی؟".

تازە جوانی سەیران و سەروسیماو جلە جوانەکانی دەبینی. لە دڵی خۆدا گوتی: "ئەم هەموو جوانییە، جوانیش بەو رادەیە!" دووبارە کردەوە: "یانی بە راستی شتی وا دەبێت؟"

سەیران، لەرزی، هیچ قسەیەکی نەکرد. رەنگی دەموچاوی گۆڕا. ئارەقەی کردەوە. دەستەکانی سڕ بوون و زاری وشك بوو.

"خوشکێ تۆ چ دەڵێی؟ قۆجە سلێمان، مشت و مڕو گەنگەشە، شەڕو پێکادان، دژایەتی کردنی زوڵم و ستەم... تۆ چ دەڵێی؟ خۆ ئەگەر هیچ ئاکامێکیشی نەبێ ئەوەت بۆ دەمێنێتەوە کە بەگژ ستەمکاردا چوویت و بۆڕت پێداوە. بەڵام ئایا ئەمە چ بایەخێکی هەیە؟ ها؟ تۆ چ دەڵێی؟

سەیران زۆری قسان پێبوو، لێ هیچی نەدەگوت و بێدەنگ بوو. ئەگەر قسەی کردبا، لەرزینی دەنگی لە قاوی دەدا. ترسی لەمە هەبوو. نەیدەتوانی هیچ نەڵێت. لە حاڵێکا کە چاوی بڕی بووە عاردی بە کاوەخۆ گوتی: "نازانم برا، من نازانم، هیچی لێنازانم، تۆ لە هەموو ئێمەو لە هەموو خەڵکی دی باشتر دەزانی. تۆ حەمەدۆکیت."

دایە قەمەر ڕابوو و کەمێك هێوەتر ئاگری کردەوە. قاپلەمەکەی خەلیل کۆسە پاك و خاوێن بوو. دایە قەمەر ئێرەیی بەخاوێنی قاپلەمەکەی خەلیل برد. خوێ، ڕۆن و، پۆڕێکی قوت و قەڵەوی ئاوەڕووتکراوی بەقەد مامرێ... دایە قەمەر بە دڵخۆشییەوە کەوتە مشووری پلاولێنان، بۆنی ڕۆن و پلاوی کولاو سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی.

سەیران لە شوێنی خۆی ڕۆنیشتبوو و بێ جوڵە چاوی بڕی بووە حەمەد.

حەمەدۆك گوتی: "ئۆه ه ه...." بە قووڵی بۆنی خۆشی خواردنەکەی هەڵمژیو پاشان گوتی: "دەستت نەڕزێ دایە." و لەسەری ڕۆیی: "خواردنی وا بەلەزەت هەر لەم جۆرە دایکە نازەنینانە دەوەشێتەوە."

دایە قەمەر لە سەیرانی خوڕی و گوتی: "هەستە کچێ! یانی چی لەوێندەر دانیشتوویت؟ هەستە سفرەکە راخە."

سەیران دەمودەست هەستا. سفرەکە لە کەپرەکە هێناو لەسەر سەوزە گیاکەو لە عاردی رایخست. سوراحییەکی شووشەی تەژی ئاوی تەزی دانرا بوو. خەلیل تۆزێ لەوەپێش لە کانییەکەی ئەولای هێنا بوو.

هەر چواریان چوارمشقی لە دەوری سفرەکە دانیشتن و کەوتنە خواردنی پلاو بە پۆڕ. حەمەدۆك شانی وەبەر خواردنەوە نابوو، لە خواردنا، هیچ عەیبی نەبوو. بەڵام سەیر ئەوە بوو کە هیچ ئاوڕێکی لەو کیژە جوانە نەدەدایەوە کە لە ئاگری ئەشق و ڤیاندا دەسووتاو دەژیایەوە. بێگومان حەمەدۆك خەمێکی هەبوو، لە شتێکی کەم بوو، بەڵام ئەو شتە چی بوو؟

***پەراوێز:***

****- هەر دۆنمێك یەکسانە بە هەزار مەتری چوار گۆشە.***

*** - شوێنێکە بۆ وەبەرهێنانی هەڵوژەی کێوی.***

## ئۆرهان پامۆك*

***بەڕای من ئەدەبیاتی راستەقینە لەوێوە دەست پێدەکات کە مرۆڤێك خۆی دەگەڵ کتێبەکانیا لە ژوورێکدا حەپس بکات.***

***ئەدەبیات دەکاتە هونەری قسەکردن دەربارەی ژیانی خۆمان بە جۆرێ وەکو ئەوەی ژیانی خەڵکانی دیکە بێتو، باسکردنی ژیانی خەڵکانی دیکە وەك ئەوەی ژیانی خۆمان بێت.***

***بە بۆچوونی من نووسەرایەتی بریتیە لە هەڵوەستە کردن لە سەر زامەکانی دەروونمان، بایەخدان بەو زامە شاراوانەی کە تۆزێکیان لێدەزانین و بەوپەڕی سەبرەوە دۆزینەوەو کەشفکردنیان، دەست نیشانکردن و ئاشکرا کردنی ئەم زام و دەرد و ئازارانە و گۆڕینیان بۆ هەست و نواندنیان لە نووسینەکان و کەسایەتیماندا. نووسەرایەتی یانی قسە کردن دەربارەی ئەو شتانەی کە هەمووان دەیزانن و نازانن دەیزانن***** .

ئۆرهان فەرید پامۆك لە ١٩٥٢/٧/٧دا لە ئەستەمووڵ هاتووەتە دنیا. کتێبەکانی بۆ زۆر زمانی جیاواز پاچڤە کراون و زۆر خەڵاتی جۆراو جۆری بە دەست هێناوە..

پامۆك بە یەکێك لە ڕۆماننووسە پۆست مودرێنەکان دەژمێردرێت. خەڵاتی ئەدەبیی نۆبڵی ساڵی ٢٠٠٦ی وەرگرت.

پامۆك وەکو دوا بەرەی ماڵباتێکی دەوڵەمەند لە گەڕەکی نیشانتاشی ئەستەمووڵ هاتووەتە ڕووی دنیایێ. بابیشی وەکو باپیرەی و مامی ئەندازیار بوو. گوندوز پامۆکی بابی بەڕێوەبەری نوێنەرایەتی ئای بی. ئێم بوو لە تورکیا. شەکورە خانمی دایکمی لە نەوەکانی برایم پاشایە کە لە ساڵی ١٧٠٠ ستانداری (پارێزگار)ی گریت بووە.

ئۆرهان پامۆك وەکو لە کتێبی جەودەت بێگ و کوڕەکانیا (١٩٨٢) نووسیویەتی لە ماڵ و خێزانێکی گەڕەکی نیشانتاشی ئەستەمووڵ گەورە بووە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی ئیشیق و لە ئامادەیی تەرەقی شیشلی تەواو کردووە. چەندین ساڵ بە ئومێدی ئەوەی ببێت بە شێوەکارو نیگارکێش لە کۆلیجی رۆبیرت خوێندوویەتی. وەختێ کە لە زانکۆی هونەری ئەستەمووڵ دەیخوێند، گەییە ئەو قەناعەتەی کە لە بواری تەلارکاری و نیگارکێشیدا هیچ بە هیچ ناکات. ئەوەبوو وازی لەو لقانە هێناو چووە بەشی رۆژنامەوانی لە زانکۆی ئەستەمووڵ. هەڵبەتە ئامادەبوون لە پۆلی دەرسدا لەم دەزگایە ئیجباری نەبوو، بۆیە وەخت و دەرفەتی باشی بۆ نووسین هەبوو. پامۆك ئەم بەشەی تەواو کرد و یەکسەر دەستی بە خوێندنی ماجستێر کردبوو، بەڵام بە نیوەچڵی وازی لێهێنا. جگە لە ڕۆمانی بەفر کە بە نەفەسێکی رۆژنامەوانییەوە نووسیویەتی، ئیدی هیچ کارێکی دیکەی لەواری رۆژنامەوانیدا نەکرد.

پامۆك لە ساڵی ١٩٨٢دا دەگەڵ ئایلین تورگون دا زەماوەندی کرد. لە ساڵی ١٩٩١دا کچێکیان بوو ناویان نا خەون. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠١دا لێکدی جودا بوونەوەو کۆتاییان بە ژیانی هاوسەری هێنا. ساڵانی (١٩٨٥-١٩٨٨)ی لە دەورەیەکدا بە ناوی "بەرنامەی جیهانی نووسیاری" لە

زانستگەی لوڤادا بەسەر برد. پامۆك پاش بڵاو بوونەوەی یەكەمین كتێبی، چەندین خەڵاتی چ لە ناو وڵاتو چ لە هەندەران وەرگرت.

لە ساڵی ١٩٧٤وە دەستی بە نووسین كردووە. یەكەمین ڕۆمانی بە ناوی تاریكیو ڕۆشنایی، خەڵاتی یەكەمی پێشبڕكێی باشترین ڕۆمانی مللیەتی، بەشەریكی دەگەڵ محەمەد ئار ئوغلودا بە دەست هێنا. ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ١٩٨٢دا بە ناونیشانی (جەودەت بێگو كوڕەكانی) چاپو بڵاوكرایەوە. پامۆك لە ساڵی ١٩٨٣دا خەڵاتی باشترین ڕۆمانی لەسەر ئەو كتێبە وەرگرت. كتێبەكانی دواتریشی چەندین خەڵاتیان بە دەست هێنا. (خانەی بێدەنگ) كە دووەمین ڕۆمانی بوو، لە ساڵی ١٩٨٤دا خەڵاتی باشترین ڕۆمانی مادارالی بە دەست هێنا. پاچڤەی فەرەنسایی ئەم ڕۆمانەش لە ساڵی ١٩٩١دا خەڵاتی بە دەست هێنا. قەڵای سپی، ڕۆمانی مێژوویی پامۆك كە لە ساڵی ١٩٨٥دا بڵاو بووەوە، لە ئەمریكادا خەڵاتی بە دەست هێناو شۆرەتی زیاتری لە هەندەراندا پێبەخشی. ئۆرهان پامۆك كتێبی بەفر، كە لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەوە، بە كتێبێكی سیاسی دادەنێت، كە كۆمەڵێك دۆزو مەسەلەی نەتەوەیی–سیاسی توركیای لە خۆگرتووە. بەفر لە ساڵی ٢٠٠٤دا بە یەكێك لە دە باشترین كتێب لە ئەمریكا دانرا بوو. شۆرەتو ناوبانگی ئۆرهان پامۆك بەرە بەرە لە دەرێی توركیا زیادی كرد. ڕۆمانی من ناوم سوورە، كە لە ساڵی ١٩٩٨ بڵاو بووەوە پاچڤەی بیستو چوار زمان كراو لە ساڵی ٢٠٠٣دا گرینگترین خەڵاتی ئەدەبی ئیرلەندای بەدەست هێنا. پامۆك وێڕای ڕۆمانان، كۆمەڵێك وتارو گوتو بێژیشی هەن كە دەگەڵ چیرۆكێكیدا لە بەرگێكدا بە ناوی ڕەنگەكانی دی (١٩٩٩) بڵاوبووەتەوە. هەروەها سیناریۆی فیلمی چارەی پەنهان (١٩٩٢) لە دەرهێنانی عومەر كاوڤر، هی ئەوە.

ئۆرهان پامۆك شانبەشانی نووسینی ڕۆمان، بیروباوەڕێن خۆی دەربارەی بابەتێن مینا ماڤ بەشەر، ئازادی هزرو دیموكراسی لە قاڵبی وتارو گفتوگۆیاندا دەخاتە ڕوو. لە ساڵی ٢٠٠٥دا لە میانەی گفتوگۆیەكدا دەگەڵ ڕۆژنامەیەكی سوێدیدا گوتوویەتی: ***"لە توركیادا سی هەزار كوردو یەك ملیۆن ئەرمەنی هاتوونەتە كوشتن لێ كەس ناوێرێ لەمبارەیەوە هیچ بڵێت."*** ئەم بۆچوونە لە توركیادا ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەیەكی فرەی هەبوو. پامۆك لە دوای ئەم گفتوگۆیە بە تۆمەتی سووكایەتی كرن بە كەسایەتی نەتەوەیی توركان دادگایی كرا. داوا كرا لە شەش هەیڤەوە تا سێ ساڵان زیندانی بكرێت. ئەم دادگایە سەرنجی گەلێك لە جیهانیانی ڕاكێشا. دوا بڕیاری دادگا، دەبوایە لەلایەن وەزارەتی دادەوە پشتیوانی بكرێت، لێ وەزارەتی ناڤبری پشتیوانی لە حوكمی دادگا نەكردو پامۆك بێ گوناح دەرچووو تەبرێ بوو.

پامۆك، بە نووسەرێكی پۆس مودرین دەژمێردرێت. بە تایبەتی كتێبانی: كتێبی ڕەش، ژیانی نوێ، ناوی من سوورەو، بەفر بە نموونەێن ئاشكرای ڕۆمانانی پۆس مودرین دێنە ژماردن. پامۆك لەم بەرهەمانەدا هاوسەنگی لە نێوان ژانرە ئەدەبییەكانو چەمكێن وەكو ئەمڕۆو رابردوو، ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، سونەتگەراییو مۆدێرنیتەو كۆنو تازە چێدەكات. پامۆك گرینگیو بایەخێكی ئەوتۆ بە گەمە زمانییەكان نادات. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا كاراكتەرو كەسایەتی فرەیان

له خۆگرتووه كه هەر یەكەیان لە شوێنی خۆیدا بابەتی جۆراو جۆر دەخەنە ڕوو. بەتایبەتی لە ڕۆمانی من ناوم سووره، خوێنەر لە هەر بەشێكیدا ڕوو بەرووی گوتیارێكی(راوی) تازە دەبێتەوە.
لە بەرهەمە بڵاو كراوەكانی پامۆك بە توركی:

جەودەت بێگ و كوڕەكانی (رۆمان، ١٩٨٢). ماڵی بێدەنگ (رۆمان، ١٩٨٣). قەڵای سپی (ڕۆمان، ١٩٨٥). كتێبی رەش (ڕۆمان، ١٩٩٠)، چارەی پەنهان (سیناریۆ، ١٩٩٢). ژیانی نوێ (ڕۆمان، ١٩٩٥). ناوی من سووره (ڕۆمان، ١٩٩٨). ڕەنگەكانی دی، گوڵبژێرێك لە گوتارو گفتوگۆیان، ١٩٩٩)، بەفر (ڕۆمان، ٢٠٠٢). ئەستەمووڵ (بیرەوەری، ٢٠٠٣).

**خەڵات:**

خەڵاتی باشترین رۆمانی مللیەت لە ساڵی ١٩٧٩، لەسەر كتێبی تاریكی و رۆشنایی (ئەم خەڵاتە لە نێوان دوو نووسەردا هاوبەش بوو).

خەڵاتی باشترین ڕۆمانی، ئۆرهان كەماڵ، لە ساڵی ١٩٨٣، لە سەر ڕۆمانی جەودەت بێگ و كوڕەكانی.

خەڵاتی باشترین ڕۆمانی مادارالی، لە ساڵی ١٩٨٤، لە سەر ڕۆمانی ماڵی بێدەنگ.

خەڵاتی باشترین ڕۆمانی independent لە ساڵی ١٩٩٠، لەسەر ڕۆمانی قەڵای سپی.

خەڵاتی prix de la Decouverte Europeene لە فەرەنسا، ١٩٩٠، لەسەر ڕۆمانی ماڵی بێدەنگ.

خەڵاتی پرتەقاڵی زێڕین لە فیستیڤاڵی ئانتالیا لەسەر فیلمنامەی چارەی پەنهان وەكو باشترین سیناریۆ، لە ساڵی ١٩٩١.

خەڵاتی prix du meilleurm livre Etranger لە ساڵی ٢٠٠٢، لە فەرەنسا، لەسەر ڕۆمانی ناوی من سووره.

خەڵاتی premio rinzane cavour لە ئیتاڵیا، لەسەر ڕۆمانی ناوی من سووره (٢٠٠٣).

خەڵاتی ئاشتی هونەری كتێب لە ئەڵمانیا (٢٠٠٥).

خەڵاتی pirix medicis Etranger لە فەرەنسا، لەسەر ڕۆمانی بەفر (٢٠٠٥).

خەڵاتی ئەدەبیی نۆبڵ (٢٠٠٦).

**جەودەت بێگ و كوڕەكانی (١٩٨٢):**

جەودەت بێگ و كوڕەكانی ناوی ڕۆمانێكی ئۆرهان پامۆكە كە لە ١٩٨٢دا بڵاوی كردووەتەوە. تەوەری سەرەكی ڕۆمانەكە ماڵباتێكە كە لە گەڕەكی نیشانتاشی ئەستەمووڵ ئاكنجییە. ڕۆمانەكە مەسەلە كەلتووری و شارستانی و سیاسی و جڤاكییەكانی سێ نەسلی دوا بە دوای یەكی توركانی لە خۆگرتووە. پامۆك لەم بەرهەمەدا لایەنە جۆراو جۆرەكانی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی ئەستەمووڵی سەد ساڵ لەوەپێش وێنە دەگرێت.

جەودەت بێگ لە خوردە بازرگانانی ئاخرو ئۆخری سەردەمی سەڵتەنەتی عەبدولحەمیدە، حەزدەكات رەونەقێك بە كاروكاسبی خۆی بدات و خۆی دەوڵەمەند بكات و خێزانێكی

خۆشگوزەران و بەمانا رۆژئاواییەکەی مودێرن، مودێرنی هەبێت. چیرۆکی جەودەت بێگ کە خانەوادەکەی خۆی بەو سەمتەدا ئاراستە دەکات لە راستیدا حیکایەتی کۆمەڵگەی تورکیایە کە هەندێجار لە هەورازو نشێوی زەمانەدا گوێی بە رەگو ریشەی شارستانی و کەلتووری خۆی نەداوە. بینینەکانی نووسەر تا تەمەنی بیست و دوو ساڵی بە شێوەیەکی تایبەتی ئاوێتەی بویەرو رووداوەکانی رۆمانەکە دەبن. پەیوەندییەکانی وی دەگەڵ کەسوکارو ئەندامانی خانەوادەکەو ئەو یادگارییانەی کە لەمەڕ کوچەو کۆڵانەکانی ئەستەمووڵ و شەقامە سەلبەند کراوەکانی هەیەتی، بە جۆرێکی دڵگیر ڕژاونەتە ناو ڕۆمانەکەو رەنگیان تیادا داوەتەوە. گۆڕانە جڤاکی و ئابورییەکانی تورکیا لە سەردەمی مەشروتەوە تا دامەزراندنی سیستەمی کۆماری کە دەرهاویشتەی ململانێ و کێشماکێشی چەمکێن وەکو کۆن و نوێیەو تورکان روو بەرووی ناسنامەیەکی جیاواز دەکاتەوە، بە زەقی لە ڕۆمانی جەودەت بێگ و کوڕەکانیدا دیارە. زمانی ئەم ڕۆمانە زمانێکی سادەیەو نووسەر توانیویەتی لەم رێگەیەوە نەك هەر توێژی رۆشنبیری کۆمەڵگە، بەڵکو خەڵکە ڕەمەکییە موتالادۆستەکەش بۆ لای خۆی ڕابکێشێت... ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە دەقی ڕۆمانە:

**نامەیەك لە رۆژهەڵاتەوە :**

پورە جەمیلە کاتێ دەرگای کردەوەو نازی، کە لە زانستگە دەهاتەوە، لەبەردەم خۆیدا بینی لە خۆشیاندا هاوارێکی وەهای کرد کە بە پەیڤان وەسف ناکرێت. هەموو رۆژێ کە برازایەکەی پاش نیوەڕۆیان لە زانستگە دەزڤڕییەوە، بە هەمان خۆشی و شادمانی پێشوازی دەکرد. پاشان ئەو دەنگ و وشانەی دی کە بەگوێی نازی ئاشنابوون و پێیان ڕاهاتبوو دەگەیینە گوێ.

"هاتییەوە؟ هاتییەوە کیژەکەم؟ زۆر دەترسام سەرمات ببێت...."

نازی گوتی: "نا، سەرمام نەبوو!"

پاڵتۆ و پێڵاوەکانی داکەندو دەرکی دۆڵابەکەی کردەوە کە سۆڵەکانی دەربێنێ.

"ئەم بەیانییە گوتم با بچم بۆ گەڕەکی تەقسیم و تۆزێ کەلەرم بکڕم، لە سەرما ڕچیم. هەواکەی هەوای بەفرە."

نازی گوتی: "ئەو ساردەش نییە!". پاشان ویستی بڵێ: "من شێرم شێر" بەڵام نەیگوت.

"دەبوایە بەیانی ئەو بارانییەت لەبەر کردبایە!"

نازی هیچی نەگوت. جلەکانی گۆڕی و لە خەیاڵی خۆیدا ئەو نیورۆژەی دەورکردەوە کە لە زانستگەی بەسەر برد بوو. کۆلیجی ئەدەبیات لە گەڕەکی وەزنەچییەکان، لە بینای زەینەب خانم دا بوو. دەرسەکانی سەعاتی یەکەم و دووەم هیچ نەبوو. سەعاتی یەکەمیان بە قسەوە بردبووە سەرو سەعاتی دووەمیش کاری پاچڤەیان کردبوو، پاشان لە ساختمانەکە هاتبووە دەرێ و دەگەڵ چەند خوێندکارێکی کوڕدا، ئەو خوێندکارانەی حەزدەکەن لاسایی خەڵکانی گەورە بکەنەوە، تا حەوزە گەورەی بایەزید بە پێیان رۆیی بوو. پاشان سواری تراموا بوو بوو و بە دەم تەکانی تراماواکەوە بیری بەملاو بەولادا بەرەڵلا کردبوو.

پاش ئەوەی خۆی گۆڕی، چوو بۆ ژووری پێشوازی. پورە جەمیلەش بە دوایدا وەژوورکەوت. چای دەگەڵ خۆدا هێنابوو، کەوتنە چا خواردنەوەوە. پورە جەمیلە بەدەم چا خواردنەوەوە کورتەی واریقاتەکانی ئەو ڕۆژەی دەگێڕایەوە. پشیلەکە چوو بووە دۆڵابی پێڵاوەکانەوەو کەس پێی نەزانی بوو. بەستەزمانە چەند سەعاتێك لەوێدا حەپس بووە. لە یەکێك لە ڕۆژنامەکاندا باسی باوکیان کردبوو. نامەیەکی (عومەر بان)یش هاتبوو. سیمای پورە جەمیلە لە کاتی گێڕانەوەی ئەم بابەتەدا گۆڕا.

نازی، ڕۆژنامەکەی کردەوەو دەستی بە خوێندنەوەی کرد: "چالاکییە کەلتوورییەکان لە مانیسا.... ئاقاری دەوروبەری خانەی ڕۆشنبیریی مانیسا بووە بە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی. لە پاڵ بینای سینەماکەدا کە پار شوێنی سازدانی نمایشو ئاهەنگو کۆڕو کۆبوونەوەی جیاواز بوو، کتێبخانەیەك کرایەوە. ئەم مەڵبەندە لەلایەن موختار لاچینی نوێنەری مانیساوە کرایەوە."

پوری گوتی: "خوێندتەوە؟"

نازی گوتی: "خوێندمەوە."

پورە جەمیلە بەدەم سەر بادانەوە گوتی: "بەڵێ، دەبینی؟"

وادیار بوو دەیویست سووکە کۆمێنتێکی(تەعلیق) لەمەڕ هەواڵی ڕۆژنامەکە هەبێت، و لەوەشە وای بیرکردبێتەوە کە ئەگەر قسە لەسەر هەواڵی ڕۆژنامەکە بکەن، ئەوا دێنە سەر باسی نامەکەی عومەریش.

نازی گوتی: "کە مانیسا پۆست بێت وێنەکانیش دەبینین".

"ئەو مەیدانەش ڕێكو پێك ئاوەدان بووەوە. حەیفێ کە لە مێژە من نەم توانیومە بۆ ئەوێندەر بچم."

نازی گوتی: "پوریێ گیان ئەگەر خۆت ویستبات دەچوویت." ئەوسا بە ئەسپایی پرسی: "نامەکە لە کوێیە؟"

"لە ژوورەکەت دامنا، سەبرکە با بۆتی بێنم."

نازی گوتی: "قەیدی نییە خۆم دەیهێنم!" بەڵام هەڵنەستا.

نەیدەویست لە کاتی خوێندنەوەی نامەکەدا، پوری ببینێ. بە دەم چاخواردنەوە خۆی بە ڕۆژنامەکانەوە مژوڵ کرد.

پورە جەمیلە کەوتە باسی سەرکێشیو بەدکرداریەکانی خۆی، بەڵام نەبووە مایەی سەرنج. پەستو خەمبار بوون. دەتگوت شتێکی ناخۆش ڕووی دابوو یان زویر کرا بوونو چاوەڕوانی عوزرخوایی کەسێك بوون کە ئاشتیان بکاتەوە. نازی بیری لەوە کردەوە کە پوریش بێگومان وەکو ئەو بیر لە نامەکە دەکاتەوە.

عومەر لە سەرەتای نیسانەوە، یانی هەوت مانگێك دەبوو کە بەردەوام نامەی بۆ نازی دەنارد. لە کۆتایی هاویندا نامەیەکی ناردبوو کە لە پایزدا بۆ ئەستەموڵ دێت، بەڵام لە نامەیەکی دیکەدا گوتبووی ناچارە هەموو زستانەکە لە تونێلدا کاربکات بۆیە دەرفەتی نابێت کە بۆ ئەستەموڵ بێتەوە. لە نامەی یەکەمیدا زیاتر شوێنی کارو ژیانی خۆیو خەڵکەکەو سەرنجەکانی، بە

زمانێکی تەنزئامێز وەسف دەکرد. لە یەکێك لەو نامانەیدا کە لە ناوەڕاستی هاویندا بۆ ئەنکەرەی نارد بوو، ئەو بۆچوونەی، کە دەربارەی سەرکەوتن هەی بوو،و پێشتریش باسی کردبوو، شرۆڤە دەکرد... هەروەها نامەیەکی جیای بۆ پورە جەمیلە نارد بوو و پێی ڕاگەیاندبوو کە ئەو دوکانو زەوییانەی کە کاتی خۆی، وەختێ لە ئەستەموولْ ڕۆیی بوو،وداوای لەو کردبوو بۆی بفرۆشێت. هەمووی بە کۆمەکی مێردی ئەو پورەی کە لە باکرکوی بوو، فرۆشتوونی. پورە جەمیلە حیرەتو ترسی خۆی نەشاردبووەوەو ئەنجام هەموو شتەکان بوو بوون بە پارەی نەخت.

نازی پاش ئەوەی چایەکەی خواردەوە چوو بۆ ژوورەکەی خۆی. نامەکەی لە سەر مێزەکە هەڵگرتو لە قەراخ تەختەکەی دانیشت. نامەکە لە نامەکانی دی سووکتر بوو، ڕەنگە یەك دیووی پەڕەکانی نووسیبێ. ختوورەو خەیاڵی ناخۆش بەڕۆکی زەینی دەگرت، لەمە نیگەران بوو و خورپەیەکی بەدڵدا هات.

عومەر لە دوا نامەکانیا زیاتر باسی خۆی دەکرد. ڕەنگە دەرهاویشتەی تەنیایی بێ، چونکە زستانان لە تونێلاندا کاری دەکردو هاوڕێکانی دیکەی پەرتەوازە دەبوونو هیچ شتێکی تازەی نەدەهاتە ڕێ. بە هەرحاڵ ئەم نامانە شتێکیان تیا بوو کە نازێی نیگەران دەکرد. نووسیبووی تەنیایەو دۆستایەتی ئەندازیارە ئەڵمانییەکە سوکنایی پێ نابەخشێ. لە تۆ وایە گەرەکیەتی دەردە دڵ بکات، لێ چونکە دەیزانی کە لەگینە هەندێ شتی ناپەسندی بەزماندا بێت، خۆی لە جەرگەی شتەکان نەدەدا، جۆرە زەمینە خۆشکردنێکی سەرەتایی لە نامەکانیا بە دی دەکرا. نازێ لەم شتە دەترسا، بۆیە لەم دواییانەدا کە وەڵامی دەدایەوە زۆر بە دیقەتو پارێزەوە وەڵامی دەدایەوە. چونکە سەروکاری دەگەڵ ئەدەبیاتدا هەبوو و کەمێکیش ئاگای لە ژیان هەبوو، دەیزانی کە تەنیایی ئەندازیارێکی لە ئەوروپا گەڕاوە لە شەوانی غوربەتدا دەکاتە چی؟

زەرفی نامەکەی بە نووکی پاندانێك کردەوەو دەستی بە خوێندنەوەی نامەکە کرد:

٣٠ /١٩٣٦/١٠

**نازێی ئازیز**

هەرچەندە هێشتا وەڵامی نامەی پێشوومم پێ نەگەییشتووە. وا ئەم نامەیەش دەنووسم. زۆر سەرت لە ناوەڕۆکی ئەم نامەیە سوڕدەمێنێ. ئەوەی ڕاستی بێ بێتاقەت بووم لەوەی کە نووسیم، دڕاندم. ئەم یەکەیان دەنێرمو چی دەبێ با ببێ. ئێستا وەزعم باشە، بە کەیفم، گڵۆپی ژوورەکە دەسووتێ. سۆپاکەش نێڵە نێڵیەتی. لە ژوورەکەی تەنیشتەوە یەکێك دەپرخێنێ.... ئەوەی دەمویست بۆتی بنووسم ئەمە بوو: زۆرم بیرکردەوەو ئەنجام بڕیارم دا زەماوەندت دەگەڵ بکەم. چۆن؟ بە ڕای من باش دەبێت! پێمولیە ئەمە هیچ هەڤدژییەکی دەگەڵ نەخشەو پرۆژە گەورەکانی مندا نییە! وەڵامی خۆتم بۆ بنووسە. پەلە مەکە بەڵام زۆریش دوای مەخە. تا وەڵامت وەرنەگرم، نامەت بۆ نانووسم. چاوەڕوان دەکەم. تەسەور بکە کە ئەمە چەند ناخۆشو بە ئازارە. تۆ تەمەشا دیسان خەریکە هەستی بەزەییت سەبارەت بە خۆم دەوروژێنم. خراپ بوو، زۆر خراپ، نامەیەکی خراپ دەرچوو... بەڵام چ بکەم. هەر دەینێرم. چونکە هەزار سوێندم خواردووە کە بینێرم. کێ

دەزانیٚ چەند جارم نووسیوەو چونکە خراپ بووە دڕاندوومە. بە هەرحاڵ! هەر کارێکت لە دەست دێت بیکە، بەڵام بێزەحمەت تۆزیٚ زوو. لە بیرت نەچیٚ وەکو هەموو جارێك سەلامم بە پورت بگەیەنە.

**عومەر**

جارێکی دیکەش نامەکەی خوێندەوە. ئەمجارەیان هەوڵیدا وەزعو حاڵی عومەر لە کاتی نامەنووسیندا بێنێتە بەرچاوی خۆی. پاشان لە فکران راچوو "نها دەبیٚ چ بکەم؟" وەکو تەسەوری دەکرد نەترسا بوو. هاتە دواوەو پشتی بە سەرینەکەوە دا. لە بن لێوانەوە گوتی: "وا دیارە شووی پێدەکەم". ئەمجارەش لەوە نیگەران بوو کە دووچاری ترس نەبوو بوو. یەکسەر کەوتە تاوتویٚ کردنی ئیمکانی مەسەلەکە.

بیری کردەوە: "زۆر زوو زانیم کە ئەم کارە دێتە دی. چونکە ئەو بەگەن دەکەم!" "کە جەژنی قوربان هات بۆ ماڵمان دڵم گرتی." بەڵام ئەمانە بیری ئاسایی و کۆن بوونو شایستەی ئەو نەبوون. دەستی بە ژماردن کرد: ئاقڵ، بە هۆش، رەزا سووك، شیك... بیری لە هەر یەکێك لەوانە دەکردەوە، ئۆخژنێکی لە دڵو دەروون دەگەڕا. شانازی بەوەوە دەکرد کە کەسێك بەو مواسەفاتەوە ئەوی چووەتە دڵەوەو بەگەنی کردووە لە ناکاو بیری لەمە کردەوە کە "بابم چ دەڵێت؟" بابی هیچ شتێکی دەربارەی عومەر نەگوتبوو. تەنیا یەك جار یەکێك لەو نامانەی، کە عومەر بۆ ئەنکەرەی نارد بوو، لە قاتی خوارەوە، لە ژێر دەرگاکەدا دەبینیٚ، هەڵیدەگریٚو دەیباتە قاتی سەرەوە، کاتیٚ کە زەرفەکە دەداتە دەستی کیژەکەی، سێبەرێك دەنیشێتە سەر سیمای، "ئەگەر دایکم مابا چی دەگوت؟" هەستیکرد دایکی بزەیەکی بۆ دەکردو ئامۆژگاری دەکرد کە باش بیر بکاتەوە. بێگومان دایکی پێی دەگوت شانسی هەیە کە زەماوەندەکەی بە شێوازی پرسە گورگانەکەی پێشینان نییە. لەفکران ڕاچوو: "بابیشم ئەم جۆرە دەرفەتە لە کیس نادات، ستایشی شۆڕشگێڕان دەکاتو حیساب بۆ ئەو کارانەش دەکات کە وەکو ستانداری مانیسا ئەنجامی داون." بەخۆی گوت: "بیر لە شتێن سەیر دەکەمەوە؟" لاقەکانی کۆ کردنەوەو بە سینگی خۆیەوەی نانو وەکو مێرووییەك لەسەر تەختەکە مت بوو. لە بن لێوانەوە گوتی: "ئەشق". شەرمی لەم وشەیە دەکرد،و نەدەبوو لە نێوان ئەندامانی خێزانەکەدا ئەو وشەیەی لە زار بێتەوە دەر. ئەگەر لە زاری بێگانەیەکیش دەرهاتبا دەبوایە خۆی لە کەڕی دابایە. ئەندامانی خێزانەکە یەکتریان زۆر خۆش دەویست، بەڵام گوێی بیستنی ئەم وشە ناهەنجارەیان نەبوو، خۆیان لە کەڕی دەدا. ئەشق بۆ نازی، ئەو رۆمانانەی وەبیر دێنایەوە کە بە تەنیا دەیخوێندنەوە، هەندیٚ فیلمی بازاڕیو ئەو ژنانەی وەبیر دێنایەوە کە خەڵکی دەیان بێزرێنن. هەوڵیدا لایەنە شەرماوەرییەکەی ئەو وشەیە فەرامۆش بکات. وشەکەی لە بن لێوانەوە دووبارە کردەوە. سەرگەردانو حایر بوو. ئەوجا رێوڕەسمی زەماوەندەکەی هێنایە بەرچاوی خۆی. بە خۆی گوت بێگومان رۆژمانەی "مانیسا پوست" پانتاییەکی زۆر بۆ هەواڵی ئەم زەماوەندە تەرخان دەکات. بیری کردەوە "چۆن باسی عومەر دەکەن؟" بێگومان دەنووسن: "ئەندازیاری گەنجی تەلارکار کە لە ئەوروپا خوێندنی تەواو کردووە..." شەرمی لەم بیرکردنەوەیەی خۆی کرد. بیری لە

راوبۆچوونی هاوپۆلەکانی خۆی کردەوە... بێگومان دەڵێن: "گەنجێکی باشە. ئەندازیارێکی قۆزە." جارێکی دیکەش لەبەر خۆیەوەو لە دڵی خۆیدا دووپاتی کردەوە کە ئەوانە هەموویان کەللە پوکن. لەبەر خۆوە گوتی: "ئیدی بۆ زانستگە ناڕۆم. لەم هەموو دەرسە بێهوودەیە بێزار بووم‌و حەزم لە جەوی زانستگە نەماوە. باشە ئێستا بۆچی ئەوم خۆش دەوێ؟" وەڵامی خۆی دایەوە: "حەزدەکەم هەمووان خۆش بەخت بن، باش بن، پێ بکەنن، ئاقڵ بن! من دڵنیام کە ئەو ژیانەم بۆ فەراهەم دەکات. کەواتە باش وایە تا زووە وەڵامی بدەمەوە". لەسەر تەختەکە هەستا. بیری لەوە کردەوە دەرگای کۆمەدییەکە بکاتەوەو لە ئاوێنەکەدا تەمەشای خۆی بکات، بەر لەوەی لە هۆی ئەم کارە تێبگات دەرکەی کۆمەدییەکەی کردەوەو سەیری کرد سیمای زۆر تەڕو بڕو پڕ ڕەونەقە. لە فکران ڕاچوو:

"چەند ئاسانە!".

## پێرستی ڕۆمانی تورکی

١٨٧٢-١٩٨٩

سەربارى ئەو بابەتانەى كە ڕۆمانى توركى لە ماوەى سەد و پەنجا ساڵى رابردوودا، بە دەم كاروانى پێشڤەچوونى خۆيەوە پێشكەشى كردوون، نووسەرانى ئەمڕۆى توركيا لە جاران زياتر هەست بە زەرووڕەتى دەركى قووڵى رياليزمى جڤاكى دەكەن.نووسەران پێيان وايە دەشێت لە ڕێگەى ڕۆمانەوە پەى بە زۆر حەقيقەتى ژيانى مرۆڤ ببرێت. تەنيا ئەو ڕۆمانانەى كە لە كلاوڕۆژنەى مێژوو و كۆمەڵگەوە دەڕوانتە مرۆڤ، دەتوانن بچنە بنج و بناوانى حەقيقەتەكان. لە سەرەتاى ئەم كتێبەدا باسى كاروانى ڕۆمانى توركيمان لە سەرەتاوە تا ئيستا (١٩٨٩)، لە ژێر سەرناڤێن مينا (ڕۆمانى توركى)و (ڕۆمانى مودێرنى توركى) كردووە.ئيستاش لێرەدا، پێرستێكى تێكڕاى ڕۆمانى توركى لەسەرەتاوە تا ئيستا (١٩٨٩) بە خوێنەرانى بەرێز پێشكەش دەكەين:

*******************

١٨٧٢، چيرۆكى ئەڤيندارى تەلعەت و فيتنە: شەمسەدين سامى

١٨٧٥، حەسەن مەلاح، حوسێن فەلاح: ئەحمەد مەدحەت

١٨٧٦، بێدارى: ناميق كەمال. ئەفلاتون بێگ و ڕاقم ئەفەندى: ئەحمەد مەدحەت.

١٨٧٨، سلێمان موسلاوى : ئەحمەد مەدحەت.

١٨٨٠، جەزمى: ناميق كەمال.

١٨٨١، هەڤدە ساڵانە: ئەحمەد مەدحەت.

١٨٨٢، دوڕدانە خانم: ئەحمەد مەدحەت.

١٨٨٨، مێژووى ئاشقێنى زەماوەندێك، دوا لاپەڕەكانى نووسينێك: خاليد زييا ئوشاكلى گيلى. شيك: حوسێن رەحمى گورپينار

١٨٨٩، سەرگورشتە: سامى پاشا زادە سزايى. لە دەفتەرى بيرەوەرى مردووويەكەوە: خاليد زييا ئوشاكلى گيل.

١٨٩٠، ديتن: ئەحمەد مەدحەت.

١٨٩١، نەديدە: حوسێن جاهيد ياڵچين. تورفاندا يا تورفا؟: محمد مراد

١٨٩٤، هەيهات، ئەمە بوو فەردىو شەريكەكانى؟: خاليد زييا ئوشاكلى گيل.

١٨٩٥، غوربەتى ئەشق: وەجيهى.

١٨٩٦، خۆبەخش: ئەحمەد مەدحەت. عيفەت: حوسێن رەحمى گورپينار. سەوداى ئوتومبيل: رەجايى زادە مەحموود ئەكرەم. زەهرا: نابى زادە نازم.

١٨٩٧، خانمى پەروەردەكار: حوسێن رەحمى گورپينار. شينو ڕەش :خاليد زييا ئوشاكلى گيل.

١٨٩٨، تەڵاقدراو: حوسێن رەحمى گورپينار. حيكمەت: وەجيهى

١٨٩٩، لە قووڵايى خەياڵدا: حوسێن جاهيد ياڵچين

١٩٠٠، ئەڤینی قەدەغە: خالید زیبا ئوشاکلی گیل. ئاشق، ماشوق، تامپۆن: حوسێن رەحمی گورپینار، ئەیلول: محەمەد رەوف. نەجدەتی بێچارە: سەففەت نەزیهی.
١٩٠١، موننەوەر: گوزیدە سەبری.
١٩٠٢، حەقناس: حوسێن رەحمی گورپینار.
١٩٠٥، ئەو بەڵگەنامانەی لە پاش ژنێکی مردوو بە جێما: گوزیدە سەبری.
١٩٠٩، خوازیاری بەرزێتی: خالیدە ئەدیب ئادی وار.
١٩١٠، پاشای بچکۆلە: ئەبوبەکر حەزیم تەپیران. جۆن تورك: ئەحمەد مەدحەت. چاوانی رەش: جەمیل سلێمان. سەوداگەر: حوسێن رەحمی گورپینار، لە گۆشەو کەناری سالۆناندا: سەففەتی زیبا، دایکی رایق: خالیدە ئەدیب ئادی وار.
١٩١٢، زەماوەندێك لە ژێر سێبەری ئەستێرەی کلکدارا، دێوی بیابانی، جادوو: حوسێن رەحمی گورپینار. دوا شوێنەوار، خانەدان: خالیدە ئەدیب ئادی وار.
١٩١٣، سبەینێی ئەشق، محەمەد رەوف.
١٩١٥، هەڤدژی: عیزەت مەلیح دوریم.
١٩١٨، حوکمی مەوعود: خالیدە ئەدەیب ئادی وار. سەمەرد: عیزەت مەلیح دوریم.
١٩١٩، پەنامان وەبەرهەق برد، چەند لاپەڕەیەك دەربارەی ژیانێکی قەڵەو: حوسێن رەحمی گورپینار.
١٩٢٠، سیمای ناوەوەی ئەستەمووڵ: رەفیق خالید کاری.
١٩٢٢، کراسێك لە ئاگر: خالیدە ئەدیب ئادی وار. نوربابا، ماڵ بۆ کرێ: یەعقوب قەدری کارا عوسمان ئوغلو. سینە سوور: رەشاد نوری گونتکین. دوا ئارەزوو، جەهەنمی: حوسین رەحمی گورپینار. نایابی: گوزیدە سەبری.
١٩٢٣، بۆ نموونە کیژان، هەورە تریشقەو چەخماخە: پەیام سەفا.
١٩٢٤، میهر: رەشاد نووی گونتکین. باوکی ئەفسوونکار: حوسێن رەحمی گورپینار. دەردە دڵ: خالیدە ئەدیب ئادی وار. ژیانی تیکشکاو: خالید زبیا ئوشاکلی گیل، مەحشەر، عەسرێ بوو: پەیام سەفا. مێخەك و یاسەمین: محەمەد رەوف.
١٩٢٥، ستارە شوان: مەحموود یەشاری. تاوانی دڵی کیژی گەنج، جانان: پەیام سەفا. دڵی کیژی گەنج: محەمەد رەوف. لە لێوەوە بۆ دڵ: رەشاد نوری گونتکین.
١٩٢٦، لە بێ حەیا بدەن: خالیدە ئەدیب ئادی وار. عەسرە هەتاو: رەشاد نوری گونتکین. گوڵی کێوی: گوزیدە سەبری. رێبوارانی دۆزەخ، سارا: سەلاحەدین ئەنیس. دڵی شووشەیی: حوسێن رەحمی گورپینار.
١٩٢٧، دەنووك درێژ، باجی پەروین: مەحموود یەشاری. دژمنی ژن: رەشاد نوری گونتکین. جەریحە، دوا ئەستێرە: محەمەد رەوف. شەوی حوکم: یەعقوب قەدری کارا عوسمان ئوغڵو.
١٩٢٨، عادو سەمود: یەعقوب قەدری کارا عوسمان ئوغڵو. کوڕی زینو: خالیدە ئەدیب ئادی وار. ئەستێرە دیکمەن، دەفتەرچەی نهێنی شوفێرێك: ئاکا گوندوز. کچێکی گەنجی پۆڕ سپی:

مەحموود یەساری. شەوی کەسك: رەشاد نوری گونتکین. تەلیسمی خۆشەویستی، مەکتەبی کوکوتان، ئایا من شێتم؟: حوسین رەحمی گورپینار. زیان: گوزیدە سەبری.

١٩٢٩، لە نێوان دوو سەرەنێزەدا: ئاکا گوندوز. رزگاری: محەمەد رەوف. شەقامانی شەو: مەحموود یەساری.

١٩٣٠، بەندی نۆیەمی خارجی: پەیام سەفا. پەرەسێلکەکان، عومەری دڵسوتاو: مەحموود یەساری. گەڵاریزان: رەشاد نوری گونتکین.

١٩٣١، دۆکانی خوری فرۆشی: یوسف زیا ئورتاچ. فاتیح، کۆلیجی ئەفسەری: پەیام سەفا. ژنێك قسە دەکات: یەشار نەبی نایر. وەستانی چەرخەکان: سەدری ئەرتم.

١٩٣٢، لە باخچەکەمدا گوڵێك پشکوت، بێشکەی شین، مونۆپۆلی ڤیان: مەحموود یەساری. بە ناوی یاسا: رەشاد ئەنیس. بیابان: یەعقوب قەدری کارا عوسمان ئوغڵو. ڕۆمان: فالح رەفقی ئاتای. ئادەمو حەوا: یەشار نەبی نایری.

١٩٣٣، کاری شەیتان: حوسێن رەحمی گورپینار. رەنگ لێی دا: رەشاد ئەنیس. چیرۆکی دوو دڵییەك: پەیام سەفا. چاوانی جەنازە: محمود یەساری. زڕدایك: ئاگا گوندوز. سەروان جەلال: بورهان جاهید مورکایا.

١٩٣٤، ئایاشلیو کرێچییەکانی: مەمدوح شەوکەت ئیسندال. چەخماخەیەك کە بەرماڵەکە کەوت: ناهید سری ئوریك. نهێنییەکانی شەو: گوزیدە سەبری. پیاوی بێ شەرم: حوسێن رەحمی گورپینار. ئەنکەرە: یەعقوب قەدری کارا عوسمان ئوغڵو. خانمی ئەشق، ژنێ تێپەڕی: مەحموود یەساری.

١٩٣٥، ئاشقان: سەدری ئارتم. شەو قسەکردن: رەشاد ئەنیس. رازی خوێنین: مەحموود یەساری. زام: محەمەد رەوف. لە شکەفتی رێگراندا: حوسێن رەحمی گورپینار. ئاسمان: رەشاد نوری گونتکین.

١٩٣٦، دوورخراوەیەك: یەعقوب قەدری کارا عوسمان ئوغڵو. موستیلەی یاقوت: مەحموود یەساری. یوسف کویوجاکلی: سەباحەدین عەلی. تاوانی یولپالاس: خالیدە ئەدیب ئادی وار. دەزگیرانەکان: بورهان جاهید مورکایا.

١٩٣٨، سێ ئەستەموولْ: مەدحەت جەماڵ کنتای. ئێمەی بەشەران: پەیام سەفا. سفرەی زەکەریا: ئاکا گوندوز. نەخۆشی بە درێژا: رەشاد نوری گونتکین.

١٩٣٩، چریك، کیژی یەزید: رەفیق خالید کارای. تەتەرجیك: خالیدە ئەدیب ئادی وار. ژنێك لە بخوردانی ئافرۆدێت دا: رەشاد ئەنیس. بای کوێستان: مەحموود یەساری. پردێك بەرەو ئاوان، رێبوارانی رێگەی ئاشقێنی: خالید فەهری ئوزان سوی. کێوەلییان: عوسمان جەماڵ کایگیلی.

١٩٤٠، شەیتانی ناخمان: سەباحەدین عەلی. کیژی مەزرا: ئاکا گوندوز.

١٩٤١، تاراوگە: رەفیق خالد کارای. کافەهیمو ئێمە: عەبدولحەق شناسی حەسار. نەجلا: گوزیدە سەبری.

١٩٤٢، شەبەیخون: رەشاد نوری گونتکین.

**١٩٤٣، مادۆنای مانتۆخوری: سەباحەدین عەلی. دەنگی دەریا: کەماڵ بیل باشار. کۆچ: یوسف زیا ئورتاج. هاودەرسان: جەودەت قودرەت. لە بەر ڕێژنەدا: مەحموود یەساری.**
**١٩٤٤، فاتمە دلاوەر: عوسمان جەماڵ کایگیلی. بۆنی خاك: ڕەشاد ئەنیس. ئاسیاو: ڕەشاد نوری گونتکین. برازایەکەمان لە چامیلجادا: عەبدولحەق شناسی حەسار، داینەمۆی مەعیشەت: سەعید فایەق عاباسی یانیك. گازیی رابردوو: گوزیدە سەبری.**
**١٩٤٥، هاوڕێیان: سەدری ئارتم.**
**١٩٤٦، خانەقای هەژاران: ڕەشاد نوری گونتکین. هەڕاجە بازاڕی بێ کۆتایی: خالیدە ئەدیب ئادی وار. ئێرەیی: ناهید سری ئوریك. ئاگانتا، بورینا، بوریناتا: ماهیگیر هالی کارناس.**
**١٩٤٧، لە پێناوی ناندا: ڕەشاد ئەنیس. کلیل: ڕەفیق خالیدکارای.**
**١٩٤٨، دوو دەروازەی شارێك: سەمیم کاراگز.**
**١٩٤٩، حوزور: ئەحمەد حەمدی تانپینار. دیواری گریان: ڕەشاد ئەنیس. موبێلەکەی مادموزیل نورالیا: پەیام سەفا. ماڵەباب: ئورهان کەمال.**
**١٩٥٠، نیلگون شازادەی تورك: ڕەفیق خالید کارای. شەقامی غەریبان: ئوکتای ئاکبال. ئەمە ژیانی مەیە: ڕەفیق خالید کارای. ساڵانی ئاوارەیی: ئورهان کەمال.**
**١٩٥١، جیهانی تاریکی: ئورهان خەنجەرلی ئوغڵو. تەنیاییم: پەمام سەفا.**
**١٩٥٢، موڕتەزا: ئورهان کەمال، ناپوختەکان: حیکمەت ئەرهان بنەر. کاروانسەری یۆلگچن: ڕەشاد ئەنیس، نیلگون مەلیکەماپا: ڕەفیق خالید کارای. جەمیلە: ئورهان کەمال. ماسییانی گەورە: ئورهان خەنجەرلی ئوغڵو. غەرب زەدەیی و پیریەتی، عەلی سوپایی بێگ: عەبدولحەق شناسی حەسار.**
**١٩٥٣، پیاوێك لە شەقاما: ئاتیلا ئیلهان. خانووی سێ نهوم: یوسف زییا ئورتاج. گەمە: ئۆرهان خەنجەرلی ئوغڵو. گەڕان بە دوای ونبوودا: سەعید فایەق عاباسی یانیك. چاوئەنداز (بەرگی یەکەم): یەعقوب قەدری کارا عوسمان ئوغڵو. ماجاڵجاڵۆکە، لە ژێر عەردیشا دنیا هەیە: ڕەفیق خالید کارای.**
**١٩٥٤،لە ولاّتی پڕ بەرەکەتا: ئورهان کەمال، وێستگە بچووکەکان: ئایهان هونالپ. چیرۆکی مار: سەمیم کوجاگز. کۆشك نشینی ئەمڕۆ: ڕەفیق خالید کارای. چیرۆکی کچێك: ئاکاگوندوز. زەوی بەیار: ئورهان خەنجەرلی ئوغڵو. ئاوێنەی خولاو: خالیدە ئەدیب ئادی وار.**
**١٩٥٥، حەمەدۆك: یەشار کەمال. دنیای دەنی: فایەق بایسال. شەوەی ڕەش: تاریق بوغرا.عەلی: ئورهان خەنجەرلی ئوغڵو. تەنەکە: یەشار کەمال. دادسێن یەشیل کایا: ئیلهان تاروس. دۆڵی گوێ نەبیس: کەمال تاهیر. خانەقای ژنان، ژنێك بە دوو جەستە: ڕەفیق خالید کارای.**
**١٩٥٦، خەڵکی شاری دەربەند: کەمال تاهیر. ساڵانی ترسناك: چەنگیز داغچی. هەمان گۆرانی: یەعقوب قەدری کارا عوسمان. فەرزەندی...: ماهیگیرهالی کارناس. ئاگری سەر لوتکەی بەفرگر: ڕەفیق خالید کارای. گوردیوم: حیکمەت ئەرهان بنەر. قوتوو لە ناو قوتوو: ئۆرهان خەنجەرلی ئوغڵو.**

١٩٥٧، هەبوون: ئیلهان تاروس. ئەو پیاوەی نیشتمانەکەی ون کرد: چەنگیز داغچی. گەڕانەوەی دە هەزارەکە: سەمیم کوجاگز. تاوانی ئێمە مرۆڤبوونە: ئوکتای ئاکبال. ستەمکار: رەشاد ئەنیس. ملیونێری شێت: ئۆرهان کەمال. کەوتنی سوڵتان حەمید: ناهید سری ئوریك. ماڵی ماڵباتی رەزا بێگ: تاریق دورسون کوردومان. رەحمەتی رێگەکانی گرت: کەمال تاهیر. تاوانبار: ئورهان کەمال. وێنجەی چوارپەڕ: رەفیق خالید کارای. رەشەکان چوون یەك نین: ئاتیلا ئیلهان. رۆژی حەوتەم: ئورهان خەنجەرلی ئوغڵو.

١٩٥٨، شەقامی ئاقڵەخانم: خالیدە ئەدیب ئادی وار. ئەوانیش بەشەر بوون: چەنگیز داغجی. تراکتۆری زەرد: تالیب ئاپایدن. شەقامێکی نسیٚ: شەهاب سدقی. پەرچەمی رەش: م. سونوڵلا ئاری سوی. بێگانان: کەمال بەکر. مەزرای حەوت چناران: کەمال تاهیر. درەختی.... محەمەد سەیدا . سایەقە: جەودەت قودرەت. باڵندەی بەختەوەری: ئۆرهان کەماڵ.

١٩٥٩، ئێمەی بەشەران: پەیام سەفا. گورگی مرۆڤ: تاریق دورسون. چەند بتوانی: محەمەد سەیدا. کیژەگاور، شتێك قەوماوە: ئۆرهان کەماڵ. زەمانی تووتن: نەجاتی جومالی. پیاوی ئاوارە: یوسف ئاتیلگان. یاربوکو: تاڵیپ ئاپایدین. تۆڵەی ماران: فەقیر بایکورت.

١٩٦٠، کاریتە: یەشارکەماڵ. ئاوێنەی تەڵخ: حیکمەت ئەرهان بنەر. بنبەستی ئاشخانە: تەحسین یوجل. لە ژووران دا: ئەردال ئوز. خانەی جیهان، چکۆڵ: ئۆرهان کەماڵ. زەبری دەریا لە کەناری کەشتیەکەمان: ئورهان خەنجەرلی ئوغلو. خاکی دەست بەسەراگیراو: چەنگیز تونجەر.

١٩٦١، دەزگای میقاتکردنی سەعات: ئەحمەد حەمەدی تانپینار. بنبەستی دزانی دەریایی: نەزیهە مەریچ. زەوییە حکومەتیەکانی ئیرازجا: فەفیر بایکورت. مەزرەعە خانم: ئورهان کەماڵ. دەریاچەی زولاڵ: ئیهان تاروس. سێگۆشەی چوارلایی: سەلاح بیرسل. شەوی مانگ گیران: کەماڵ بیل باشار. دەرگای ناوەراست:حیکمەت ئەرهان بنەر. قاچاغان: کەماڵ بەکر. پسمام: تاڵیب ئاپایدین. زیندانیی شاری دەربەند: کەماڵ تاهیر. چوار ناڵە: سەمیم کوجاگز. هەمیشە بۆ ئەم ولاتە: فیکرەت ئاریت.

١٩٦٢، قالپاقچییەکان: سەمیم کوجاگز. رۆژانی ترس و مەرگ: چەنگیز داغجی. درەختی دەریا: یامان کورای. رەیس ئولوچ: ماهیگیر هالی کارناس. شووتی پاپۆڕان: ئایهان هونالپ. باڵندانی غوربەت: ئۆرهان کەماڵ. مەمەد کەلە: کەماڵ تاهیر. ئیسکجی و کوڕەکانی: ئۆرهان کەماڵ. مەیدانی دەوڵەت: ئیلهان تاروس. فیداییانی بچووك: فیکرەت ئاریت.

١٩٦٣، سفرەی گورگان: ئاتیلا ئیلهان. سەرۆکی بچووك (بەرگی یەکەم): تاریق بوغرا. ئەگەر خاك سەر هەڵبڕێ: شەوکەت سورەیا ئای دمیر. زەوی ئاسن و ئاسمان مس: یەشار کەماڵ. خاك: شەهاب سدقی. خاکێن خوێناوی: ئۆرهان کەماڵ. چوار ناڵە: سەمیم کوجاگز. بەشەکانی ژیان: خالیدە ئەدیب ئادی وار. منداڵی شەقامان: ئۆرهان کەماڵ.سەنگی عەروس: یامان کورای.

١٩٦٤، سفرەی گورگان (بەرگی دووەەم): ئاتیلا ئیلهان. شەریکان: تاڵیب ئاپایدین. کالیمکیوسی دەم بە پێکەنین: کەماڵ کانداش. بستێك زەوی: سەمیم کوجاگز. سەرۆکی بچووك: تاریق بوغرا.

١٩٦٥، جەنگاوەری ماندوو: کەماڵ تاهیر. نەونەمامێ بوو: ئۆرهان کەماڵ. پەلکە ڕەنگینە: شەهاب سدقی. خۆین چ قسەیەك ناکات: نازم حیکمەت. نا ئومێدان: حەقی ئۆزکان. سەعات شەش وەرە: جەلالەدین چەتین. ئاوارەکان: مەلیح جەودەت ئاندای. کازم گوللوجلی: یوسف زیابهادنیلی.

١٩٦٦، سەرۆکی بچووك لە ئەنکەرە: تاریق بوغرا. یەکێك لە ماڵەکان، سەرباز... دنیای درۆ: ئۆرهان کەماڵ. جەمۆ: کەماڵ بیل باشار. تورکان لە ئەڵمانیا: بەکر یەڵدیز. رەییس تورگوت: ماهیگیر هالی کارناس. گەمەی جوان: محەمەد سەیدا. سەردەمی جەنگ سەردەمی ئومێد: ئویابایدار. عەلی دوڕ (مرواری): بەهزاد ئای. شۆڕشی پیرۆز: حەسەن عیزەدین دینامو.

١٩٦٧، کێسوان: فەقیر بایکورت. ڕیشۆڵەکان: یامان کورای. شێواندن: کەریم کورجان. ئەشقی نیشتمان: ئیلهان تاروس. ژیان شتێکی جوانە برا: نازم حیکمەت. نەواری ئەمریکایی: فەقیر بایکورت. رۆژ نەبێتەوە: تاریق دروسون. ئاسیاوی...: شەهاب سدقی. تۆوێك لە بیاباندا: کەماڵ تاهیر.

١٩٦٨،تەوتەم: یەشار کەماڵ. سالانی ئاگر: حەسەن عیزەدین دینامو. زامی چەقۆ لەسەر تەوێڵم: بورهان ئارپاد. گەڕانەوە: چەنگیز داغجی. شەڕو برسییان: حەسەن عیزدین دینامو. خوێنی دەریا: تاریق دورسون. فیکەی دۆستان: ئۆرهان کەماڵ. مەملی: کمال بیل باشار. حوریەی بێ حەیا، زندانیی لە ئەنکەرە. سوئاد دەرویش، کە خاك برسی دەبێت: ئارول توی. سەگی زەرد: رەشاد ئەنیس. کچێك لە شەقاماندا: ئۆرهان کەماڵ.

١٩٦٩، حەمەدۆك (بەرگی دووەم): یەشار کەماڵ. یاسای گورگ: کەماڵ تاهیر. گروپی بێ سەرو بەر: تاریق دورسون. مەملی (بەرگی دووەم): کەماڵ بیل باشار. لە کەناری دەریای ناڤیندا: رەفعەت ئیلگاز. ئەو لەگەڵ بەهارا دێ: ئەرهان بنەر. دۆشەکی سوڵتان، چەند سەعاتێکی پڕ هەراو هەنگامە: موزەفەر بویرو کچو. ڕێگەی خراپ، دەستبڕ: ئۆرهان کەمال.

١٩٧٠، نۆزاوانی هەڵواسراو بەلقێن دار چوالەوە: چەنگیز داغجی. قاچاخ: ئۆرهان کەماڵ. ئەفسانەی چیای ئاگری: یەشار کەماڵ. ئەسپی ییلکی: عەباس سایار. دەستاڕ: دەمیرتاش جەیحون. ڕێکردن: سوگی سویسال. کچە ناوەنجییەکەی سویدا خانم: محەمەد سەیدا. جووتێ گاجووت: سەمیم کوجاگز. هەڵوەستە: یامان کورای. دارایی زۆر: کەماڵ تاهیر. فرمانی نهێنی: مەلیح جەودەت ئاندای. داس: فەقیر بایکورت. خەونی ئیبیش: تاریق بوغرا. سایەی کەسك: کەماڵ بیل باش. بەردی گەرم(بەرگی دووەم): محەمەد سویدا.

١٩٧١، ئەفسانەی هەزار گا: یەشار کەماڵ. جیابوونەوەی ڕێگاکان: کەماڵ تاهیر. مردنی سەر شۆڕی: یلماز گونای. نا ئاوێزانەکان (دوو بەرگ): ئوغوز ئاتای. لە بیرەوەرییەکانی ژنێکی کاباندا: پەریدە جەلال. باز: چەنگیز تونجەر. گەنجێکی پیر: محەمەد سەلاح. کچی خانەدان: ئۆرهان کەماڵ. ئیعدامییان: کەریم کورجان. ئیلیاسە فەندی: موزەفەر ئیزگو.

١٩٧٢، تاقیبی گەورە: چەتین ئالتان. فەریبا: بورهان گونجەل. گەنج: تالیب ئاپایدین. زەماوەندی ئاغایان جۆرێکی دییە: کەماڵ بیل باشار. چلو: عەباس سەیار. تەڵەی ناشیانە:

تالّیب ئاپایدین. شەقامی لەرزۆك: چەنگیزداغجی. دوایەمین ڕۆژ لە درینا: فایەق بای سال. لافاو گوللوجەی گرت: یوسف زیا بەهادینلی. بارەنداز: ئومێد کاپتانجی ئوغلّو.

١٩٧٣، ئوتێلی ئانایورت: یوسف ئاتیلگان. دڵە بەجۆشەکان: سەلیم ئیلری. مەحموودو هازل: عومەر پولات. بارانو خاك: نەجاتی جومالی. لە تەمتوماندا: بەهزاد ئای. دنیای گوم بوو: محەمەد سەلاحەدین. کۆچەدەری گوند: فەقیر بایکورت. موسای بێکەس: حەسەن عیزەدین دینامو. سۆزانی: حەقی ئوزکان. لە ئەزمیردا: سەمیم کوجاگز. لە نووکی چەقۆدا: ئاتیلا ئیلهان. گەمە ترسناکەکان: ئوغۆز ئاتای. هاوعەزابان (دوو بەرگ): ئارول توی. نانو نمەك: عومەر فاروق توپراك. ئیمپراتۆر: ئارول توی. مەنگو عەگید: محەمەد سەیدا. دەرێی چاڵەکان: ئەحمەد حەمدی تانپینار. ئالۆ دایی: موزەفەر ئیزگو. نێوەڕۆیەك لەیەنی شار: سوگی سوی سالّ. ئامادەبوون بۆ مەرگ: عەدالەت ئاغا ئۆغلّو. تاوانی بازاڕی ئاسنگەران: یەشار کەمالّ.

١٩٧٤، ئاهەنگی گیان: عەباس سایار. خێگێ ئاسمان: چەتین ئالّتان. بەشی چەقەڵ: ئاتیلا ئیلهان. خەشخاش: لوتفی کالەلی. زندانی موسا: حەسەن عیزەدین دینامۆ. ژیانی ڕۆژانەی عیسا: مەلیح جەودەت ئاندای. زامی بوونی...: ئەردال ئوز. بەتولی قسە خۆش: عەزیز نەسین. گرێ کوێرە: ئارولّ توی. شەوانی ڕەش: ڕەفعەت ئالگاز. فەوجی دوورخراوەکان: محەمەد کەمالّ. لە نێو تەپوتۆزدا: تالّیب ئاپایدین. زەمانی ئومێد: بورهان گونجەل. تووتنی تالّ: نەجاتی جومالی. تفەنگداران: ئومێد کافتانجی ئوغلّو. غیرەتمەندان: کەمالّ تاهیر. ساراگولّ: عومەر پولات. قاوشی ژنان: کەمالّ تاهیر. چلو حەوتییەکان: فروزان.

١٩٧٥، ئامێری ماهور: ئەحمەد حەمەدی تانپینار. یوسف، یوسفە چکۆلەکەی من: یەشار کەمالّ. ئەشقیش دەسوڕێ: نەجاتی جومالی. ڕۆژێك بە تەنیایی: ویدات تورك عەلی. شەفەق: سوگی سوی سال. کەو: فەقیر بایکورت. ڕازییە: مەلیح جەودەت ئاندای. هەر مرۆڤێك جەنگەڵێکە بۆ خۆیی: ئوکتای ئاکبال. هاونیشتمان: تەحسین یوجەل. ویسکی:چەتین ئالتان. گورگانی دۆڵی خوێناوی: دورسون ئاکچام. خەستەی تووتن: تالّیب ئاپایدین. تاراوگە: بەهزاد ئای. پیاوی پەژمردە: سەلجوق باران.

١٩٧٦، گوتیان نیشتمان: تالّیب ئاپایدین. هەر شەوێ بێ...: سەلیم ئالری، سورنامە: عەزیز نەسین. وەرە سالّح تەمەشای ئەم چاوەی من بکە: یەشار کەمالّ. تەڵەکەبازی. ئارول توی. دیلان: عومەر پولات. گوڵی ناسکی بیرم: عەدالەت ئاغا ئوغلّو. کەسێك: فەرید ئادگو. خەڵکی شاری ئازاد (بەرگی دووەم): کەمالّ تاهیر. مێرولە دەناسن: جەودەت قودرەت. سبەی... سبەی: پینارکور. ئەگەر مارەکە بکوژن: یەشار کەمالّ. پاش مانگرتن: حەقی ئوزکان. تەختە نەردێنی بێ پارە: محەمەد کەمالّ. نووسینی زەرد: ڕەفعەت ئەلگاز. لە شارا ئینسانێك نەبوو: محەمەد سەلاحەدین. ئیمانی فیرعەون: تاریق بوغرا. بابا پەز: حەسەن عیزەدین دینامۆ. کینەی برایان: لوتفی کالەلی. بوومە لەرزە: زیال سەلیم ئوغلّو. پایزێکی دوورو درێژ: دەمیر ئوزلو. ئەو کە بە باران ڕۆیی: بورهان گونجەل. گەنگەشە: سەمیم کوجاگز.

١٩٧٧، نیگابانی سەربان: کەماڵ تاهیر. گڕەبا: محەمەد سەلاحەدین. ئەو: فەریدە ئادگو. گەرمای باران: دەمیرتاش جەیحون. لە پەنجەرەی ژنێکەوە: ئوکتای ڕەفعەت. ئەکتەری بچووک: پینارکور. داستانی قەرە ئەحمەد: فەقیر بایکورت. سوتاندنی پاپۆڕەکان: یوسف زیا بەهادینلی. دەشتی هەموار: عەباس سایار. یەشار نە زندووە نە مردووە: عەزیز نەسین. گوڵی خوێن: دورسون ئاکچام. هاوینەوار: فەقیر بایکورت. سێ بیست و چوار سەعات: پەریدە جەلال. پارووی تاڵ: فەخری ئاردینچ، قۆناغان: ڕەفعەت ئالگاز. پایە مەیدان: تاهیر کوتسی ماکال. کۆچی بچووک: جەلالەدین چەلیك. شتێکی خراپ: دینچەر سومەر. ئازار... ئازار...: نەجاتی توسونەر.

١٩٧٨، تۆرانی دەریا: یەشار کەماڵ. ڕاوە ماسی: گوون توران. باخچەی بچووك: چەتین ئالتان. بەور: پەریدە جەلال. مەمەد گیان مەمەد: محەمەد باشاران. سەردەمی کۆلەداری: کەماڵ بیل باشار. خوێ بە زامەوە کردن: ئاتیلا ئیلهان. تەنیا ڕێ: عەزیز نەسین. باڵندە تەوێڵ شینەکانت: ئایسل ئۆزکان. قەل و کەلاکان: ئارول توی. شمشێر لە خەودا دێتە خوارێ: عوسمان نەجمی گورمەن.

١٩٧٩، دەوران: سەید ئالپ. دەمی مەرگ: عیرفان یاڵچین. ئەی-ە: گونی دال. قەل و کەلاکان (بەرگی دووەم): ئارول توی. شەوێکی شایی: عەدالەت ئاغا ئوغلو. گەنجێتیم ئای وای: تاریق بوغرا. عەلی ناوێك: فەخری ئاردینچ. بن بەستی گەنجێتی: ناجی گیرگین. پەیوەندییێن مەرگ ئامێز: سەلیم ئایلەری. ڕەڤین: ئایلاکوتلو. ژنی ئیعدامی: پینارکور. ساڵانی گەنجیی وردە بۆ ڕژوایەك: دەمیر ئوزلو. دنیای میرۆلەیەکی لاق درێژ: گونول پوتلار. دەریاچەی ڕەش، مەرزییە: فاتمە عیرفان سەرهان.

١٩٨٠، کۆتایی هاوین: عەدالەت ئاغا ئوغلۆ. هیچکەس (بەرگی یەکەم): یەشار کەماڵ. شەوانی ساردی منداڵی: زەفەر ئوزلو. داستانی ئەلف: ئەرهان بنەر. کرمی ژێر عەرد: ئوکتای ڕەفعەت. دیمەنی ڕەنگا و ڕەنگی شەوێك: سەلیم ئایلەری. سیاسەتوانێکی چەکمە زەرد: ڕەجەب بیلگینەر. بدوش: کەماڵ بیل باشار. جێ گلۆپ: تاریق بوغرا. مەلیکەی دۆزەخ: سەلیم ئایلەری. حال بدلمان: ئاتیلا ئیلهان. ئەو کۆترەی کە نزم دەفڕی: تاریق دورسون. سەرهەڵدانی شارستانیەتی کایاباشی و داروخانی کوتوپڕی: تاریق دورسون. هەتاوی تەڕ: ئایلاکوتلو. کامیون: تاهیر کوتسی. کۆنە دۆستێك کە شەو هات: ئەفشار تموچین. کۆیلەی ئەڵقە لە گوێ: بەکر یەلدیز. دادگاییەك کە درەنگ بەرپابوو: سولحی دەلەك. درۆ لە ئاوێنەدا: نەجیب فازیل کیسا کورك.

١٩٨١، گۆڵەباخ: مستەفا بال ئال. سەربهوردی باوەڕ نەکردەنی گەشتیاری بە ناوبانگ ماجلوس داڤینشی: حیکمەت ئەرهان بنەر. دایە زارای من: کەماڵ بیل باشار. ڕۆژانی پاسیفیك: نازلی ئارئای. سەربازان: بورهان گونل. لە حاڵی مەرگ و ژیاندا: سەلیم ئایلەری. بانگێن بەیانی لە خانەی سەعادەتدا: ئاتیلا ئیلهان. مەرگ و کیژە گەنجەکە: ئایسل ئوزئاکین. ماڵی بێدەنگ: ئورهان پامۆك. مەرگی خانمێکی بەرێز: پەریدە جەلال. شتێکی خراپ: دینچەر سومەر. کوشتنی مشك: عیرفان یالچین.

١٩٨٢، ئێشکی شەو: فەقیر بایکورت. مێژوو: حیکمەت ئەرهان بنەر. غەزال (ئاسك): نەجاتی هاکسون. نیوەی شار: موزەفەر ئیزگۆ. مەمەدی بەویقار: ئوکتای رەفعەت. بابی پارە: نەجمی ئونور. جەودەت بێگ و کوڕەکانی: ئورهان پامۆك. گۆشەوکەنارەکانی عیشق: زیات سەلیم ئوغلۆ. لێبۆکی مەزن: عیرفان یاڵچین.
١٩٨٣، نانی خەون: ئوکتای ئاکبال. تەنورێن بەرز: فەقیر بایکورت. دەریای مردوو: حیکمەت ئەرهان بنەر. عوسمانە چکۆڵ: تاریق بوغرا. تۆفانی جادوو: دەمیرتاش جەیحون. کرێچی: سوڵحی دلك. ئورفە: نازلی ئارئای. گوللە بە تەقاندن تەواو دەبێ: تاریق دورسون. باغی منداڵان: فەیاز کاراجان. درەختی جادوو: ئایلاکوتلو. مەرگی عەزیزو بێ شەرم: لەتیفە تەکین. پایەداری کەنارەکان: ئەفشار تموچین. تاریکییە شینباوەکان: ویدات تورك عەلی.
١٩٨٤، سێ چوار نەفەر: عەدالەت ئاغا ئوغلۆ. پەنجەرەی...: مستەفا بال ئال. هاوینی بە تەم و مژ: حیکمەت ئەرهان بنەر. ڤایروسی سەردەمی یەخچاڵان: وسیعەتی ئو. بنەر. مرۆڤانی سەردەمی رۆشنگەریی: گوڵتن دایی ئوغلۆ. قوتابیانی مەلا نەسرەدین: رەفعەت ئالگاز. کازیوە: سەلیم ئایلەری. گورگی ئینسان: تاریق دورسون. ئامادەییەکەی ئێمە: حەسەن قیافەت. ئاغا: کەریم کورجان. درەختێکی شێت: پینارکور. لە بناری قەڵادا: محەمەد کەماڵ. حەمە دۆك (بەرگی سێیەم): یەشار کەماڵ.
١٩٨٥، شوێن پێی سەر ئاو: ئەحمەد ئاڵتان. رۆژی تاریکی: لەیلا ئەربیل. شەو: بیلگە کارامو. ئەو باڵندەیەکی کۆچەری بوو: ئایلا کوتلو. بابا دەوڵەت: نەجمی ئونور. قەڵای سپی: ئورهان پامۆك. سێ ژن: پەریدە جەلال. چیرۆکەکانی زبڵدانی بورجی کریستین: لەتیفە تەکین. شالتر: عەفیف یەساری.
١٩٨٦، ژنێکی بێ ناو: دویگو ئاسنا. نەخشی کۆن: بورهان گونل.
شەو بەخێر دنیا: تاریق دورسون. ژیان قەدەغەیە: حەسەن قیافەت. ئەشقی بێ کۆتایی: پینارکور. دنیای بەرەواژ: ئورهان کەمال. دەرسێن شەو: لەتیفە تەکین. زاڵم و ئیماندارو کەربەلا: بەکر یەلدیز. گوڵی بەهمەن: ئونر یاغچی.
١٩٨٧، نە: عەدالەت ئاغا ئوغلۆ. قەفەز: سەلیم ئایلەری. خودا حافیز ئومێد: ئایلا کوتلو. ژنێك لە مانگدا: ئەحمەد حەمدی تانپینار. حەمەدۆك (بەرگی چوارەم): یەشار کەمال.
١٩٨٨- ١٩٨٩، ئێمە لەو تاریکییەدا: ئاتیلا ئیلهان. سەندیکا: رەفعەت ئیلگاز. غوربەت: نیهاد بەهرام. ناوەڕاستەکان: حیکمەت ئورهان بنەر. گوڵی هەنارێن بەرلین: فروزان. پۆرترێتی نیمچە واقیعی فیمینیستێك: رەفعەت ئیلگاز. کلیلی بەردین: ئارول توی. قازی قوڵینگان: ئونەر یاغچی. قارەمانان دەبێ بمرن: ئەحمەد یورداکول. نامەێن ئاشقانە: لەیلا ئەربیل. ئەو پیاوەی ناوی خۆی لە بیرکرد: محەمەد ئارئوغلۆ. ئەودیوی کێوی قاف: ئامینە ئیشینسو. بیان بەخشە: تاریق دورسون. خاکی کۆن: سەمیم کاراگز. رۆمانی تاوانێك: پینارکور. روبەندی شین: ئایسل ئوزئاکین. شمشێرانی لە بەفر: لەتیفە تەکین.

***تێبینـــــــی:***

***شەوی ٢٠١٣/١/٢٣ لە سلێمانی/ رزگاری لە پاچڤەی ئەم کتێبە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:***

***نگاهی بە صد سال رومان نویسی در ترکیە***

***سید کمال کارا علی اوغلو***

***برگردان: داوود وفایی***

**چاپ نخست: پاییز ١٣٨٧ (٢٠٠٨) نشر میترا.**

# فەرهەنگۆك

## ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار

ئارایشتكار : ئارایشتگەر ، مكیاجكار

ئەوك : قوڕگ، ەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلاَ ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ رێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر

ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، كێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوكەر، چێشت لێنەر، چێشت چی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری كەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

**ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە**

**ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا**

**ئەسکەمیل: کورسی**

**ئاوەز: ئەقڵ**

**ئاخێز: نیوە هەستان**

**ئەوقات: پارێزەر**

**ئۆل: ئاین**

**ئاریشە: کێشە، گرفت**

**ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ**

**ب:**

**باوەژن: زڕدایك، هۆی دایك، باجی**

**باب: باوك**

**بالأنما: بالأنوێن، ئاوێنەی بالأڕوان**

**بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج**

**بلوور: شووشە**

**بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو**

**بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی**

**بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان**

**برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)**

**بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان**

**بەرۆك: یاخە، یەخە**

**بەکاوەخۆ: بە هێواشی**

**بەرسڤ: وەلأم**

**بەرك: گیرفان، باخەڵ**

**بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە**

**بوری: تێپەڕی**

**بیلبتون: بە تەواوەتی**

**بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە**

**باریە: لۆسە**

**بەستێن: رۆخ، کەنار، گوێ چەم، دەم چەم**

**بێشە: دارستان، لێر**

**بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە**

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بێ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەلانس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بەسوێ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەلان

بویەر: رووداو

باژێرۆك: شارۆچکە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

بە خورتی :بە تۆپزی

بالیف: سەرین، پشتی

بەگەنکردن: پەسندکردن

باندۆر: کاریگەریی

بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە

بەرخودان: مقاوەمەت

پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناكی

پێكڤە: پێكەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، كەوڵی تیسكن

پەژمردە: چەرمسی، ژاكاو

پایدۆس: دەست لە كار هەڵگرتن

پۆڵكە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەلأمەت

پیتاك: باربوو، كۆكردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێلاّو، كالّە.

پاتۆق: شوێنی كۆبووەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوكمی پێشوەختە

ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیركەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووكە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆلاّ: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلاّن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، كەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆك:توورەو دڵناسك

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵكوو ،هاتوو

تاقەتكردن: شاردنەوە، داكردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسك

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : رێگر ، چەتە

توولەك: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەركێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

ج:

جەگەن: گیایەكە لاسكی سێ سووچە لە زەڵكاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی كردنەوە، تەجرەبە كردن

جوڕنە: حەوزۆكەی گەرماو

جما: جولاّ، بزوا

جڤاكی: كۆمەلاّیەتی

چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەكو كاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، كوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چەنگ: ئامێرێكی موسیقایە، هارپ

چەكمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

**چقڵ: دڕک، دڕو، دڕی**

**چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش**

**چوغورد: چوغور، چغر، چڕ**

**چمک: سووچ، گۆشە**

**چوارنکال: هەرچوارلا**

**چێبوو: دروست بوو**

**چەمووش: سڵ، رەوەک، لەقەهاوێژو گازگر**

**چەرموو: سپی**

**ح:**

**حایرمان: سەرسام بوون**

**حەسار: حەوش**

**حەنەک: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ**

**حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش**

**حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم**

**حەجامات: خوێن بەردان**

**خ:**

**خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان**

**خشکۆک: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ**

**خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج**

**خا: خات، خاتوون، خانم ، یا**

**خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن**

**خاپینۆک: فریبۆک، فێڵباز**

**خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە**

**خودان: خێو، خاوەن، ساحێب**

**خوڵک: خولق**

**خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری**

**خشت: رێک، بێ کەم و زیاد**

**خوبزە: نۆکەر، خزمەتچی، خولام**

**خاکی: بێ هەوا، بێ فیز**

**خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس**

**خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت**

**خەبتین: خەبات کردن**

**خشکۆک: جوان، خشیک**

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاک، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

ژنەوتن: بیستن

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

هاژۆتن: لێخوڕین

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵات و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك كوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆکنووس: مێژوو نووس

دەڕەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: کاکە، براگەورە

ڕ:

**ڕەقسین: سەما، هەڵپەڕین**

**ڕنەك: قەشەو**

**ڕدێن: ریش**

**روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین**

**ڕۆحانی: پیاوی ئاینی**

**راز: نهێنی**

**رابوون: هەستان**

**ڕۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو**

**ڕند: جوان، خوشیك، خوشكۆك**

**رمووده: ئالووده، هۆگر**

**رادەست: خۆ بە دەستەوەدان**

**رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە**

**ڕەقیب: نەیار، خەنیم**

**ریسك: مغامەرە**

**ریوەڵە: بچكۆلەی لاواز، بێ نموود**

**ڕۆنیشت: دانیشت**

**رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی**

**رامووسان: ماچ**

**ڕەهەنە: ڕەهەندە، عەودالْ ئاوارە، چۆڵگەڕ**

**ڕەبەن: سەڵت، زوگورت**

**<u>ز:</u>**

**زڕكیژ: كچی مێرد بۆ باوەژن، یان كچی ژن بۆ باوەپیاڕە**

**زێدە: زیادە**

**زەلام: گەورە، ناقۆڵاو تەژە**

**زار: دەم، دەو**

**زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە**

**زێد: زاگە**

**زاگە: زێد، شوێنی لە دایكبوون، مەفتەن**

**زوخالْ: ڕەژوو، خەڵووز**

**زگڕەش: ڕكوونی، بوغزن، كینە لە دلْ**

**زەوجین: زەماوەند**

**زڤڕینەوە: گەڕانەوە**

**زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو**

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

ستێران: ئەستێران

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو

<u>ش:</u>

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگولێ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە: کارنامەی خوێندن

ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

غ:

غاڕ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

ف:

فەرمایشت: فەرمموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بیٚ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە

فەڕەنگی: ئەوروپایی

ق:

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: توورە، وەرەز، سڵ ، رەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەڵایی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن کە گیای لێ نەڕوێ

قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

ك:

کوت ومت: ەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسك

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توك

کولۆ: کوللە

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەك: سۆس

کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووك

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسک: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زلف

کلاوخود: کلاوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان، کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤر: بەرد

کەندەکار: کەسێک کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سڵ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن: گەوج

کاژستان: بێشەی دارکاژان

کرێت: ناشیرین، کاری خراپ

کەتواری: ریالیستی، واقیعی

گ:

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، کایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانکە

گازکردن: بانگکردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەڵۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵکە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : موخلووق

گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگکردن

گڕۆز: وڕکن

گڵکۆ: گۆڕ، ئارامگە

ل:

لە کەیفان: لە خۆشیان

لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەڵان

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو

لێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لەهەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەڵام

لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، ەلا

م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

مڵ وموش: مڵومۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاڵان

ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵان

نسیبەت: بەڵا

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : کن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

ناڤسالْ : میانە سالْ

و:

وەمێنیْ:بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

وێدەدەم: دەدەمیْ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جاریْ پتر کێڵاَن

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بڵاوەخانە، دارالنشر

وەشانکار: بڵاوکەرەوە، ناشر

وڕاوه: وڕێنه

ودم:مومبارەکی، پیرزی

وشکەبار:میوەی وشکەوەکراو

ه:

هانکه هانك: هەناسه برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوه بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشه

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت له شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوه

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکه: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوه

هەیڤ : مانگ

هەدا : سەبر ، حەوسەڵه

هەراوزەنا : هەراو هەنگامه

هەڕەمه : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشه :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ

هەڕوو : هەڕه ، بڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەله ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی له یەك ئاستی کۆمەڵایەتی

هاودەستی:هاوبەش له کەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیله، مانگی یەك شەوه

**هێورین: حەوانەوە**

**هاماج: ئۆتمۆسفیر**

**هەیڤە شەو: مانگەشەو**

**هەڵاوێردن: جیاکرنەوە**

**ی:**

**یالْ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم**

**یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان**

**یارۆ : فلاّن**

**یاتاخ : پێخەف ، نوێن**

**یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو**

**یونیفۆرم: جالکی فەرمی یەکچەشن**

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، ب
ە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێران.
١١- هاومالەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گولان
١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره ولات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گولان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەلە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جیێ پیێ (کۆمەلە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەلە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەلێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەق و رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەلەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦- به دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی مالْتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حالّی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو به چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بلاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

---

٤٣- مندالّه دارینه، چیرۆکی درێژ بۆ مندالان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەلّه چیرۆك بۆ مندالان، یەلماز گونای
٤٥- شوانه بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ مندالان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەنــد و زنــار (فەرهـــەنگی فارســـی – کـــوردی) حەمـــە کـــەریم عـــارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەلْماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدویٚ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەلاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گولان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەلّەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١
٧٥- دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات في رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من رۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، ڕۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالانی کورد

٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی

٩٧- کلوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالان

٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ

٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، ڕۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / ڕۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی

١٠٤-مێژووی ڕۆمانی تورکی

* لە ڕاپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بلاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بلاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...